

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کـورد و

دوانەی مێژوو و سیاسەت

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (١٢٦٠)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ کورد و دوانەی میژوو و سیاسەت
کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و دیمانەن

نووسینی: د. بورهان ا. یاسین

بابەت: لێکۆڵینەوەی میژوویی

دیزاینی ناوەوە: ئاریز حەمە

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٢٠٠٠ دینار

چاپی: یەکەم، چاپخانەی سەردەم ساڵی ٢٠٢٤ کوردستان- سلێمانی

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

د. بورهان أ. یاسین

کورد و دوانەی میژوو و سیاسەت

کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و دیمانەن

سلێمانی - ٢٠٢٤

پێڕست

پێشەکییەکی گشتی..... ١١
بابەتی یەکەم/ کورد و کیسنجەر، سەرهتایەکی کێشەدار و کۆتاییەکی کارەساتبار..... ٢١
١- پێشەکی..... ٢١
٢- کورد و کیسنجەر..... ٤٧
٢-١ سەرەتاکان..... ٤٨
٢-٢ شەڕی پێشوەخت: شەڕی ساردی نێوان دوو "هاوپەیمانی"..... ٧٢
٣- شەڕی سەرلەنوێ: بەرەو شکستی جوولانەوەی چەکداری..... ١٠٩
٤- شکستی جوولانەوەی چەکداری، یا کۆتایی شەڕی بەوەکالەت؟..... ١٤٩
٥- دەرەنجام..... ١٨٢
ژێدەرەکان..... ٢٠٤
پاشکۆکانی بابەت..... ٢١٢
یەکەم/ هێنری کیسنجەر..... ٢١٢
دووەم/ وەڵامی هێنری کیسنجەر بۆ نامەیەکی بارزانی..... ٢٢٥
سێیەم/ نامەی بارزانی بۆ شای ئێران ١٩٧٣/٧/١٤..... ٢٢٦
چوارەم/ وێناکردنی کیسنجەر لە وڵاتانی عەرەبی و هەموو جیهاندا..... ٢٢٩
پێنجەم/ نامەی بارزانی بۆ هێنری کیسنجەر، چوار ڕۆژ دوای شکستە
کارەساتبارەکە، ١٩٧٥/٣/١٠..... ٢٣٠
شەشەم/ بە هەڵە وێناکردنی هێنری کیسنجەر وەک "ئەندازیاری ڕێککەوتنامەی جەزائیر"..... ٢٣٢
بابەتی دووەم/ پەیماننامەی لۆزان: سەد سال دواتر..... ٢٣٤
بابەتی سێیەم/ لە پەراوێزی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا: ئێران وەک یوگسلافیای
ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست..... ٢٤٩
پێشەکی..... ٢٤٩
ئەم چرکەساتە..... ٢٥٣
ڕووداوەکانی ئێران..... ٢٦٠
ئێران وەک یوگسلافیای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست..... ٢٦٤
ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی ئێران و سیناریۆکانی بەردەم ڕۆژهەلاتی کوردستان. ٢٦٨
فیدرالی بۆ کوردستان، دیمۆکراسی بۆ ئێران: ئاستەنگ و ڕێگرییەکان..... ٢٧٦
دەرەنجام..... ٢٨٧

بابەتی چوارەم/ بەلوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان یا خەباتی چەکداریی پەکەکە لە
ڕۆخی ڕۆخەوە ٢٩٣
پێشەکی ٢٩٣
خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان لە ڕۆخی ڕۆخەوە ٣٠٦
پەکەکە و خەباتی چەکداری لە ڕۆخی ڕۆخەوە ٣١٢
گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام ٣٣١
بابەتی پێنجەم/ پێشهاتە هەرە مەترسیدارەکە لە پێشمانەوەیە!، لە پەراوێزی
بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عیراقدا ٣٤٣
پێشەکی ٣٤٣
بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی و کاردانەوەکان ٣٤٧
گەندەڵی، نەوت، دەسەلات ٣٥٩
دەرەنجام ٣٨٤
بابەتی شەشەم/ دەربارەی چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەلاتی
کوردستان و ئێرانەوە ٣٩١
بابەتی حەوتەم/ ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، یا هەولێر و ئەنقەرە؟ ٤٢٣
پێشەکی ٤٢٣
سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا و بەردەوامیی "کولتووری وابەستەیی" ٤٢٤
دەرەنجام ٤٣٠
بابەتی هەشتەم/ ڕێککەوتنی پارتی و گۆران لەژێر هەڕەشەی جددیدایە!، یەکڕیزیی
ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لە بەردەم ئاڵنگارییەکی گەورەدایە ٤٣٣
پێشەکی ٤٣٣
چرکەساتێکی هەستیار ٤٣٨
بەغدا و هەولێر: دڕبوون و دابڕان یان یەکانگیربوون ٤٤٩
دیالەکتیکی کێشەی کورد لە عیراق: دوو کێشە، نەک یەک دانە! ٤٥٧
دەرەنجام ٤٦٧
بابەتی نۆیەم/ باشووری کوردستان لە بەردەم دووڕێیاندا ٤٧٥
١- پێشەکییەکی گشتی ٤٧٥
٢- چەند خاڵێکی لێوەدەرچوون ٤٨٣
٣- کرۆکی باس ٤٨٦
٣-١ کاراکردنەوەی پەرلەمان ٤٨٧
٣-٢ کشانەوە لە حکومەت ٤٩٠
٣-٣ ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی ٤٩٤
٣-٤ بژاردەکانی دوای کشانەوە ٥٠٢
٣-٥ هاوسەنگیی هێز ٥٠٤
٣-٦ ڕاگەیەنراوەکەی مەسعوود بارزانی ٥١١

٤- دەرەنجام ٥١٣
پاشکۆکان ٥١٧
پاشکۆی یەکەم/ ڕاگەیەنراو: پشتگیریم لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس ٥١٧
پاشکۆی دووەم/ خەمێک لە زامەکانی نیشتمان: وێستگەیەکی دیکە لە هەولێ
ساڕێژکردنی زامەکان ٥٤١
پێشەکییەکی پێویست ٥٤١
پاشخانی میژوویی پرۆژەی ساڕێژکردنی زامەکان ٥٤٨
زیندووکردنەوەی ئەم جارەی پرۆژەکە ٥٥١
گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام ٥٦٨

پێشەکییەکی گشتی

ئەم کتێبەی بەردەست دوایین کۆبەرهەمە و نۆ دانە بابەت لە خۆ دەگرێ، هەمووشیان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠٢٤دا بڵاو بوونەتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە چوارەمین کۆبەرهەمی نووسەرە. پێشتر سێ کۆبەرهەمی دیکەم بڵاو بووەتەوە، بەم تەرتیبە: ١) ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە، سبەی مێژووە، ٢٠٠٢؛ ٢) عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان، ٢٠٠٨؛ ٣) لە قووڵایی سیاسەتدا، ٢٠١٦. لێرە و لەوێ لە پەراوێزی بابەتەکانی ئەم بەرهەمەی بەردەستدا ئاماژەیان بۆ کراوە، هەمووشیان لە ماڵپەڕی کەسیی نووسەردا بەردەستن.

بابەتەکانی کۆبەرهەمی بەردەست هەمەڕەنگییەکی زۆریان پێوە دیارە، بەڵام هەمووشیان لە نێوان مێژوو و سیاسەتدا، وەک دوو بابەتی زانستی و کایەی چالاکیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، خۆیان دەبینەوە. لە ڕاستیدا دەشێ بابەتێک، لە هەمان کاتدا، وەک دەقێکی مێژوویی یا سیاسی بخوێنرێتەوە. بابەتەکان، بە گشتی، بە تایبەتی هیی یەکەمیان، واتە "کورد و کیسنجەر..."، ڕەنگدانەوەی فرەتایبەتمەندی یا فرەپسپۆڕین[١]. لە ڕاستیدا دەشێ بابەتی

[١] فرەتایبەتمەندی یا فرەپسپۆڕی = multidisciplinary.

کورد و کیسنجەر لە هەمان کاتدا، لە ڕووی ئەو گۆشەنیگا تیۆری و چەمکە زانستییانەی بەکار هێناون، باسێک بێت لە زانستی مێژوو، زانستی سیاسەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی دیپلۆماسی.

بەهەرحاڵ، بابەتەکان بەیەکەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەڵگری چڕبوونەوە و تێکهەڵکێشی هەردوو بواری مێژوو و سیاسەتن. ئەم دوو بوارە، واتە مێژوو و سیاسەت، ئەوەندە لە یەکترەوە نزیکن، تەنانەت دەتوانین بڵێین وەک "خوێن و گۆشت" تێکەڵاوی یەکتر دەبن: مێژوو قوواڵیی سیاسەتە، بەو واتایەی کە "ئەوەی دوێنێ سیاسەت بوو، ئەمڕۆ بووە بە مێژوو، ئەوەشی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی دەبێ بە مێژوو."

زۆر جار لە **ململانێ سیاسییەکاندا**، بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە پەیوەندیدارەکان لە ڕووی ڕەوایەتی یا ماف یا "ئەحەقییەت"ەوە، پەنا بۆ **مێژوو** دەبرێ. لە زۆر حاڵەتدا چەمکی "مافی مێژوویی" بەکار دەهێنرێ، هەر وەک بۆ نموونە، لە دۆخی ململانێ لەسەر مافی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ئاوی ڕووبارێک کە سنووری دوو وڵات دەبڕێ، یا ئاوێکی ژێرزەوی کە لە ناوچەیەکی سنووریدا لە ژێر زەویدا کۆ بووەتەوە. ئەمە ڕێک حاڵەتی ململانێیە لەسەر ئاو لە نێوان عیراق و تورکیادا کە تێیدا زۆر جار عیراق بانگەشەی "مافی مێژوویی" لە بەکارهێنانی ئاوی دیجلە و فوراتدا دەکات و دەڵێ عیراق سەدان ساڵ، لە ڕاستیدا زیاتر لە دووهەزار ساڵ، بەر لە ئێستا سوودی لە ئاوی دیجلە و فورات وەرگرتووە لە بواری کشتوکاڵدا...

جگه لەوەش، زۆر جار لە ئێستای ململانێ سیاسییەکاندا کێشەکان دەبڕێن بۆ قوولایی مێژوو بۆ یەکلاکردنەوەیان، یا پێچەوانەکەی، واتە کێشە و ململانێکان لە قوولایی مێژووەوە دەهێنرێنە سەر پانتایی چالاکییە سیاسییە هەنووکەییەکان لەپێناو یەکلاکردنەوەکەیان: یا ئەوەتا ململانێیەکی پێشتر (لە قوولایی مێژوودا) بەبێ چارەسەر ماوەتەوە و دواتر سەرهەڵدەداتەوە، یا ململانێکە پێشتر چارەسەر بووە، بەڵام چارەسەرەکە بە زەروورەت بە دڵی هەموو لایەنەکانی ململانێ نەبووە و لە دۆخێکی تردا سەرهەڵدەداتەوە و پێویستی بە چارەسەرێکی دیکە هەیە.

بە هەمان لۆجیک، نووسینەوەی مێژووش **بواریکە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان** یا سەرخستنی بۆچوونێک بەرامبەر بە بۆچوونێکی دیکەی مێژوویی. بە واتایەکی دیکە، مەبەست لە زاڵکردنی بۆچوون و تێگەیشتنێک لە مێژوو، داگیرکردنی پانتایی ڕووداوەکانی ڕابوردووە، یا ئەوەی لە جێگەی دیکە پێمان گوتووە "**داگیرکردنی مێژوو**". دیارە مەبەستی سەرەکیی ئەو جۆرە لە نووسینەوەی مێژوو، بە مەبەستی داگیرکردنی مێژووە، "**داگیرکردنی هۆشیاری و ئاگایی**" خەڵکە، کە دواجار مەبەست لە داگیرکردنی هۆشیاری و ئاگاییش داگیرکردنی پانتایی سیاسی و دەستگرتنە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بە یارمەتیی "هێزی مێژوو"[1] یا هێزی "ڕەوایی مێژوویی". نەک هەر ئەوە، بەڵکو

---

[1] زۆر جار وەک دەربڕێک لە بەکارهێنانی "هێزی نەرم"، باس لە هەندێک جۆری هێز دەکەین کە ماددی نین، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەوتی ڕووداو و گۆڕینی دیاردە و پێدراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و

مەبەست و ئامانج رێک ئەوەیە کە لە رێگەی داگیرکردنی میژووەوە و لە ئاکامیشدا داگیرکردنی هۆشیاری و ئاگایی، زامنکردن و دەستگرتنە بەسەر داهاتووی سیاسییشدا. هەڵبەتە هاوتەریب ئامانج و دەرهاویشتەی داگیرکردنی میژوو، نەک هەر بێبەشکردنی ئەوانی دیکەیە لە شانازییە میژوویییەکان و دواجار جێگە و پێگەی شایستە لە میژوودا، بەڵکو بێبەشکردنیانە لە کاریگەری و دەسەڵات **لە ئێستای پانتایی سیاسیدا**، تەنانەت بێبەشکردنیانە لە پێگە و کاریگەریی **ڕوو لە داهاتووش**.

لێرەدا دەبێ بە گرنگییەوە بڵێین کە بابەتی **هەڵوێست لە میژوو** و گرنگییەکەی لە هەر سێ ڕەهەندی کاتەوە، واتە **ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو**، لەیەکچوونێکی زۆری لەگەڵ خەسڵەتێکی گرنگی ناسیۆنالیزمدا هەیە، بە واتای ئەوەی ناسیۆنالیزم (وەک ئایدیۆلۆجی، بزاڤی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی سیاسی)، بەردەوام سەرقاڵە بە هەر سێ ڕەهەندەکەی زەمەنەوە: واتە **ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو**. وەک چۆن گرنگیشە ئەوە جەخت بکەینەوە کە لە پەیوەندی و ململانێ سیاسییەکاندا میژوو **ڕابوردوویەکی مردوو نییە** کە کۆتایی هاتبێت، بەڵکو میژوو، وەک گوزارشتێکی نووسراو یا گوتراو دەربارەی ڕابوردوو، بە گرنگییەوە حزووری لە هەنووکەدا هەیە و بە شێوازی جۆراوجۆریش خۆی دەخزێنێتە ناو داهاتوو. بەم پێیەش، ململانێ لەسەر میژوو، بە شێواز و بەرگی جۆراوجۆرەوە، **بە هەنووکەدا**

مرۆییەکان و یەکلاکردنەوەی پرسی هاوسەنگیی هێز هەیە، لەمانەش، هەر بۆ نموونە، "هێزی ئایدیۆلۆجیا" و "هێزی مۆرال یا ئەخلاق".

گوزەر دەکات و بۆ ئەوەی دواجار لە داهاتووشدا حزووری گرنگی هەبێت.

گـرنگە ئەوەش جەخـت بکەیـنەوە کە نەتەوەیەکـی بێدەوڵەتی وەک گەلی کورد، لە بوونی ئێستایدا و ڕوو لە داهـاتووش، بە تـایبەتی لە خەباتیـدا بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـانی، لەگەڵ **دوو جـۆری کێشـەدار و پـڕ لە ئالنگـاری لە نووسـینەوەی مێـژوودا** بەرەو ڕووە، **یەکەمیان**، نووسینەوەی مێژووە لە **دەرەوەی خۆی**، ئەوی تریـان لە **نـاوەوەی خـۆی**: **یەکەمیـان**، ئەو مێـژووەیە کە داگیرکار لەبارەی کورد دەینووسێتەوە کە تێیدا مێژووی کـورد **دەشـێوێنرێ**، نکـۆڵیی لـێ دەکـرێ، **دەسـڕێتەوە** و **داگیـر دەکـرێ**. هەڵبەتە دەرفەتە، لەم بـارەیەوە، بڵێین کە خراپترین بەسەرهاتی کورد لەم ڕووەوە، لە سـەد سـاڵی ڕابـوردوودا، هەوڵی دڵڕەقانەی پەیڕەوانی کەمـالیزمە (لە ئاسـتی کەس و دامەزراوە، ڕەسـمی و نارەسـمیدا) لە مامەڵەیـان لەگەڵ مێـژووی کـوردا؛ **دووەمیـان**، ئەو مێژووەیە کە لە ناواخنی نەتەوە خۆیدا دەنووسرێتەوە کە تێیـدا هێزگەلێکـی سیاسـی، دەسـتەبژێرێکی سیاسـی یـا تەنـانەت دەسـتەبژێرێکی ئەکـادیمییش ئەم کـارە دەکـەن، هەر بە مەبەسـتی "داگیرکردنـی مێـژوو" لە بەرژەوەنـدیی هێزێکی سیاسـیی کوردسـتانیی دیـاریکراودا، بەم پێیەش، بێبەشکردنی هێزی سیاسیی دیکە لە شانازییەکانی مێژوو، تەنـانەت دەرهاویشـتن و سڕینەوەشـیان لە سـەرزەمینی مێـژوو. ئەم هێـزگەلە هەوڵـی جـددی دەدەن مێژوویـەک بنووسنەوە کە دواجار خزمەت بە بااڵدەستبوونی خۆیان

بکـات؛ نەک هەر بالادەسـتبوون لە **هۆشـیاری و ئاگـایی مێژووییـدا**، بەڵکـو لە **هەنـووکەی دەسـەڵاتی سیاسـی** و چارەنووسی کاری سیاسی **لە داهاتووشدا**. بەم واتایەش، نووسینەوەی مێژوو دەبێت بە ئامرازێک لە بەدەستهێنان و بەرجەستەکردنی **هەژموون** لە هەر سێ ڕەهەندی کاتدا، واتە **ڕابوردوو**، **هەنووکە** و **داهاتوو**!

لە بەرامـــبەردا، لە پرۆسـەی نەتەوەسـازی و نیشتمانسازیدا، زۆر پێویست و گرنگە کە هێزە سیاسییەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبێت کە لە هەردوو ڕەهەندی کات، واتە ڕابـوردوو و ئێسـتای پانتـایی سیاسـیدا، نەتەوە و سـەرزەمینەکەی **فرە ڕەنگە**، **نەک یەک ڕەنگ**. بە واتـایەکی دیکە، وەک چۆن هەموان جێگە و پێگەیان، بەپێی کاریگەری و قەوارەیـان، لەمەڕ بەشـداری لە پرۆسـەی مێژووییـدا لە ڕابـوردووودا دانپێدانراو و پێزانـراوە، بە هەمـان لۆجیکیش، بەپێـــی قەوارە و کاریگەرییـــان، ڕۆڵ و ئامـــادەیی و بەشـدارییان لە هەنـووکەی نوانـدنی سیاسـییشدا پێزانـراو و پارێزراوە.

دەرەنجام، ئەم دیالەکتیکی مێژوو و سیاسەتە و چۆنێتیی مـامەڵەکردن لەتەکیـدا، ڕۆڵێکـی یەکجـار گرنـگ دەبینـێ لە پرۆسـەی نەتەوەسـازی و نیشتمانسـازیدا: نزیکبـوونەوەیەکی **دیموکراسـییانە** لە هەردوو بـوار و کـایەی چـالاکیی مرۆیـی **مێژوو و سیاسـەت** خزمەتێکی تەندروست و ڕاستەوخۆ بە پرۆسەی **نەتەوەسـازی**، **نیشتمانسـازی** و **تاکسـازی** دەکات، بە پێچەوانەشـــەوە، نزیکبـــوونەوەیەکی تـــاکڕەوانە لەم دوو بـابەت و کـایەیە، دەبـێ بە کۆسـپ و هەڕەشـەیەکی گەورە لەسەر ڕێگە و پرۆسەی ئەم هەموو "**سازی**"یەدا.

بونیادنراو لەسەر هەموو ئەوەی لە سەرەوە دەربارەی پەیوەندیی تووندوتوڵی مێژوو و سیاسەت گوترا، "کورد و دوانەی مێژوو و سیاسەت" وەک گونجاوترین ناونیشان بۆ ئەم کۆبەرهەمە هەڵبژێررا.

* * *

بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم کۆبەرهەمە، گرنگە سەرنجی ئەم خاڵانە بدرێ:

١) زۆر گرنگ و پێویستە بەر لە خوێندنەوەی هەر بابەتێک، بە دیقەتەوە سەرنجی کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکە بدرێ، چونکە هەر بابەتێک لە چرکەساتێکی تایبەتیدا نووسراوە و ڕێک کاریگەریی ئاڕاستەکانی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی ئەو کاتەی، یا ئەو بەستێنەی، لەسەرە. دەبێ بە هەمان گرنگییەوە ئەوەش جەخت بکەینەوە کە لە کاتی نووسینی هەر بابەتێکدا تەنها ئەو زانیارییانە بەردەست بوونە کە نووسەر دەستی پێیان گەیشتووە، بەم واتایەش دەشێ زانیاریی نوێ، کە دوای بڵاوبوونەوەی بابەتەکە بەردەست دەبن، بۆی بە هۆی گۆڕانکاری لە دەرەنجامەکانی بابەتەکەدا.

٢) دەکرێ خوێنەر بپرسێ ئاخۆ بۆ بابەتێک جارێکی دیکە بڵاو بکرێتەوە لە کاتێکدا پێشتر بڵاو بووەتەوە؟ لە ڕاستیدا بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بۆ جاری دووەم و لە شێوەی ئەم کۆبەرهەمەدا، زیاتر لە گرنگییەک و مەبەستێکی هەیە: أ- بابەتەکان پێشتر بە شێوەیەکی زۆر سنووردار بڵاو بوونەتەوە و بە زۆری نەگەیشتوونەتە دەستی خوێنەران، بڵاوبوونەوەیان لە ئەم بەرهەمەی بەردەستدا

دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بابەتەکان هەم باشتر و بە شێوەیەکی فراوانتر بکەونە بەردەستی خوێنەر، هەم مانەوە و پاراستنی بابەتەکانیش بۆ داهاتوو مسۆگەرتر بێت؛ ب- خوێنەر دەتوانێ سەرنجی ئەو دەرەنجامانە بدات کە نووسەر کاتی خۆی لە بەرهەمەکانیدا پێیان گەیشتووە و بەراوردێک بکات لەگەڵ ئەو زانیاری و دیدگایانەی کە دواتر، واتە لە کات و زەمەنی خوێندنەوەیاندا، بەردەستن، بە تایبەتی گرنگیی ئەم بەراوردکردنە ڕوو لە داهاتوو و بۆ داهاتوو، زۆر بەسوودە.

٣) ئەگەرچی هەر یەکێک لە بابەتەکان لە کات و بەستێنێکی تایبەتیدا نووسراون، بەڵام خوێنەر لە خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکاندا دەتوانێ دەرەنجامێکی گرنگ هەڵێنجێ، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک شێوازی تێگەیشتن و نزیکبوونەوە (approach)ی میتۆدییانە و تیۆرییانە هەن، بەردەوام لێرە و لەوێ لە بابەتەکاندا دەردەکەونەوە، بۆ نموونە، هەر وەک بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی دۆخی **وابەستەیی** بە داگیرکارانی کوردستانەوە لە جوواڵانەوەی چەکداری و سیاسیی کوردستاندا، جا چ لە کات و بەستێنی "**خەباتی چەکداریی شاخ**"دا بووبێت، یا لە کات و بەستێنی پەیڕەوکردنی **دەسەاڵتی سیاسی و فەرمانڕەوایی لە شاردا** لە ١٩٩٢ەوە بووبێت. واتە لێرەوەیە پێویستە ئەوە جەخت بکەینەوە کە هەندێک جار جۆرێک لە زانیاری و دەرەنجام هەن لە زانیاری و دەرەنجامی ئاسایی سەردەکەون و دەچنە ئاستێکی دیکە و دەبن بە جۆرێک لە "**کۆد**"ی تیۆرییانەی تێگەیشتن لە زۆر حاڵەتی دیکە و توانای گشتاندنی

زانستییشیان دەبێت، هەر وەک لە نموونەی "وابەستەیی"دا دەردەکەوێ. کۆدێکی تیۆریی لەم جۆرە نەک هەر یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی ڕووداوگەلێکی مێژوویییدا، بەڵکو یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنێکی باشتر لە پرۆسە سیاسییەکانی هەنووکەشدا؛ لە ڕاستیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت یارمەتیدەر دەبێت بۆ گوتنی شتێک دەربارەی سیناریۆکان ڕوو لە داهاتووش!

هەڵبەتە بە ڕوونی دیارە کە لە بابەتی 'لە پەراوێزی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا: ئێران وەک یوگسلاڤیای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست' لە ئەم کۆبەرهەمەدا، هەوڵم داوە کە لە ڕووی میتۆدۆلۆجییەوە سوود لە "سیناریۆ" وەربگرم وەک ئامرازێک بۆ ڕاڤە و تێگەیشتن. ئاشکراشە، هەر وەک لە خوێندنەوەی بابەتەکەدا دەردەکەوێ، کە لە نزیکبوونەوەی تیۆرییانەی سیناریۆ ڕوو لە داهاتوو، سوود لە میتۆدی ئاوێتەکردنی ڕەگەزی "**زانیارییە مێژووییەکان**" لە لایەک و ڕەگەزی تێگەیشتن لە "**ڕەوت و ئاراستە سیاسییە هەنووکەییەکان**" لە لایەکی تردەوە، وەرگیراوە.

٤) بابەتەکان وەک خۆیان و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لەم کۆبەرهەمەدا بڵاو کراونەتەوە، جگە لە یەک گۆڕانکاریی زۆر بچووک. ئەو گۆڕانکارییەی کە کراوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە یەکخستنی هەندێ وشە، کە لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا بە شێوەی جیاجیا دەنووسرێن. هەر بۆ نموونە، نووسەر هەوڵی داوە وشەی 'بەغداد' لە هەموو بابەتەکاندا بکات بە 'بەغدا'، زۆر نموونەی دیکەی لەم شێوەیە. تەنها گۆڕانکارییەکی بچووک کە کرابێ، یەک

پەرەگرافە کە لە چەند ڕستەیەک پێک دێت، لە پاشکۆی دووەمی ئەم کۆبەرهەمەدا زیاد کراوە. هەڵبەتە لە جێگەی خۆیدا ئاماژە بۆ گۆڕانکارییەکە کراوە.

بورهان أ. یاسین
سوید، کۆتایی بەهاری ٢٠٢٤

بابەتی یەکەم

کورد و کیسنجەر[1]

سەرەتایەکی کێشەدار و کۆتاییەکی کارەساتبار

"تراجیدیای کورد سەپێنراوی مێژوو و جوگرافیایە"

هێنری کیسنجەر، سالانی نوێبوونەوە، لاپەڕە ٥٧٨

١- پێشەکی

هێنـــری کیســـنجەر[2] (لە بەردەوامیـــی ئەم باســـەدا، کیسنجەر)، یەکێک لە ناودارترین دیپلۆماتکارەکانی ئەمەریکا،

---

[1] ئەم بابەتە بۆ یەکەم جار لە مالپەڕی نووسەردا، لە ٢٠٢٤/٣/٦، واتە لە چل و نۆیەمین ساڵوەگەڕی ڕێککەوتنامەی جەزائیردا، بەڵام بووەتەوە. بڕوانە: www.burhanyassin.com

[2] دەکرێ ناونیشانی ئەم باسە هەندێک کێشەدار بێت، بەو واتایەی ئێمە چۆن دەکرێ باس لە پەیوەندییەکانی گەلێک و جوولانەوە چەکدارییەکەی لە لایەک و دیپلۆماتکارێک لە لایەکی ترەوە بکەین. لە ڕاستیدا هەر نەبێ، دوو هۆکار هەن بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە: **یەکەم**، ڕۆڵی کیسنجەر ئەوەندە گرنگ بووە لەو پەیوەندییانەدا، تەنانەت کاتێک نیکسۆن دەست لە کار

لە تەمەنی سەد ساڵیدا لە ٢٠٢٣/١١/٣٠ کۆچی دوایی کرد. کیسنجەر بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تا دواساتەکانی ژیانی بەردەوام بوو لەوەی حزوورێکی جددی و سەنگینی لە قسە و باسەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسیی ئەمەریکا و مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا هەبێت. تەنانەت، کاتێک لە تەمەنی سەد ساڵی نزیک دەبووەوە، لە بابەتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینادا قسەی خۆی هەبوو، لە چوارچێوەی واقیعبینیی سیاسی (realpolitik)دا گوتی "پێویستە ئۆکراینا سازشێک بکات بۆ ڕووسیا، ئەگەر بە ڕاستی ئەو وڵاتە خوازیاری ئەوەیە ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت." تەنانەت بە کاتێکی کورت بەر لە کۆچی دوایی، قسەی خۆی دەربارەی کێشەی فەلەستین کرد، ئەو کێشەیەی کە جارێکی دیکە بە هۆی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل سەری هەڵدایەوە. کیسنجەر لەم بارەیەوە گوتی ئیتر کاتی بیرۆکەی دوو دەوڵەت، واتە دەوڵەتێک بۆ

دەکێشێتەوە و جیرالد فۆرد دێتە جێگەی، کیسنجەر دەبێت بە بڕیاردەری سەرەکی لە دۆسیەی کوردا، واتە دۆسیەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جوولانەوەی چەکداریی کورد لە باشوور. چونکە لە لایەکەوە فۆرد زۆر ئاگاداری ئەو دۆسیەیە نەبووە، لە لایەکی تریشەوە لە هاوینی ١٩٧٤ەوە سی ئای ئەی لایەنگری ئەوە بووە ئیتر، هەر نەبێ، یارمەتییەکان بۆ کورد کەم بکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کیسنجەر بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی جوولانەوەکە؛ **دووەم**، حزووری بەهێزی کیسنجەر لە میژوو و یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردا و بەهەڵەتێگەیشتنێک لە نووسینەوەی ئەو میژووەدا، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەو بژاردەیە. کۆچی دوایی ئەو دیپلۆماتکارە لە تەمەنی سەد ساڵیدا و گرنگیدانی ناوەندە کوردییەکان بەم ڕووداوە، دیسان لەوێشدا بەهەڵەتێگەیشتن، پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی ناوی کیسنجەر بخرێتە چەقی گرنگییەوە.

جـوولەکە و دەولّەتێکـیش بـۆ فەلەسـتینییەکان، تەواو بـوو، پێویستە کەناری ڕۆژئاواش بخرێتە سەر شانشینی ئوردن.

نـاوی کیسـنجەر بە زۆرێـک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکـان بە مێژووی دیپلۆماسـیی ئەمـەریکاوە لکاوە، زۆر بە تـایبەتی لە سالانی نیـوەی یەکەمـی دەیەی ١٩٧٠کاندا. کیسـنجەر ئەو دیپلۆماتکـارەیە کە بە تونـدی جێگـەی خـۆی لە یـادەوەریی بەکـۆمەڵی خەڵکـی کورسـتاندا، بە تـایبەتی لە باشـووری کوردسـتان، کـردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشـی تـا ئێسـتا هـیچ دیپلۆماتکـارێکی **بێگـانە** لەو ئاسـتە لە گرنگـی و نـاوداری، بە ڕادەی کیسـنجەر، ئەو ئامـادەییەی لەو یـادەوەرییەدا نەبـووە. بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا لە نـاو کوردا **بەهەڵەتێگەیشـتنێکی** زۆر لە پێگە و ڕۆڵی کیسنجەر هەیە، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە نسـکۆ و شکسـتە مێـژوویییەکەی بزاڤـی چەکـداریی کوردسـتان، ناسـراو بە "شۆڕشـی ئەیلـوول"، لە بەهـاری ١٩٧٥دا.[١] لە ڕاستیدا ئەم بەهەڵەتێگەیشتنە لە ڕۆڵی کیسنجەر دەگـات بە ترۆپـک کاتێـک ئەو دیپلۆماتکـارە بە "ئەنـدازیاری ڕێککەوتنـــــی جەزائیـــــر" لە قەڵەم دەدرێ.[٢] هەر ئەو

---

[١] بە ئاگاییەوە چەمکی شـۆڕش بـۆ جـوولانەوەی چەکداریی ١٩٦١-١٩٧٥ بەکـار نـاهێنم، ئەمەش لەسـەر بنەمـای ئەوەی هەر لە فاکتەرەکـانی سـەرهەڵدانی ئەم جـوولانەوە چەکـداریە، ئاڕاسـتەی گەشـەکردنی جوولانەوەکە و بە تایبەتی ئەو پەیوەندییە ئیقلیمییانەی کە ئەم جوولانەوەیە تێیان کەوت، بە تـایبەتی **وابەسـتەیی بە داگیرکارێکی دیکە** و گـۆڕانی ئەم جوولانەوەیە، بە ئاگا یان بەبێ ئاگا، بۆ کرداری **شـەڕی بەوەکالەت** (proxy war)، سروشـت و گەوهەری ئەم چـالاکییە چەکـداریەی لە "شۆڕش"ـەوە دەگۆڕی بۆ **جوولانەوەی چەکداری**.

[٢] بـۆ بۆچـوونێکی لەو جـۆرەی کە کیسـنجەر دەکـات بە ئەنـدازیاری ڕێککەوتنی جەزائیر، بڕوانە پاشکۆی ژمارە شەش.

بەهەڵەتێگەیشتنەش یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی بڵێین هێشتان نووسینەوەی میژووی ئەو نسکۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەی زانستییانە، وردتر و فرەلایەنتر هەیە.

بەشێکی زۆر لەو بۆچوونەی کە تا ئێستا لە ناو کورددا باوە، ئەوەیە کە نسکۆی ١٩٧٥ بە هۆی "خیانەت"ی ئەمەریکاوە ڕووی دا.[١] ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەگەرچی بڵاوکراوەی زۆر، هەر لە نووسینی سیاسی تا ئەکادیمی، دەربارەی ئەم شکستە میژووییە بڵاو بوونەتەوە[٢]، بەڵام هێشتان ئەم ڕوداوە پێویستی بە لەسەروەستانی زیاتر و وردتر هەیە[٣]، لەبەر ئەوە، هەر نەبێ یەکێک لە مەبەستەکانی

---

[١] هەر لەبەر ئەوەش، هەر نەبێ لە بەشێک لە میدیای کوردیدا، هەواڵی کۆچی دوایی کیسنجەر بە سەردێڕی "ئەندازیاری ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد" بڵاو کرایەوە.

[٢] یەکێک لە باشترین لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەربارەی شکستی ١٩٧٥ و ڕۆڵی ئێران، ئەمەریکا و ئیسرائیل لەو بەستێنەدا، لێکۆڵینەوەکەی "برایان گیبسۆن"ە:

Bryan R. Gibson, SOLD OUT? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds and Cold War, New York: Palgrave Macmilan, 2015.

ئەم لێکۆڵینەوەیە شەفیقی حاجی خدر کردوویەتی بە کوردی.

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیەی برایان گیبسۆن زۆر گرنگە، بەڵام بە گشتی دوو کێشەی میتۆدیی هەیە: **یەکەمیان**، نووسەر ئاگاداری کۆمەڵێ سەرچاوەی گرنگ بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی نییە، **دووەمیشیان**، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە پڕ زانیارییە و زۆر سەرچاوەی دانسقەی تێدا بەکار هێناوە، بەڵام نووسەر کەمتر هەوڵی داوە ئەم هەموو زانیارییە دانسقەیە بکات بە شرۆڤەی پێویست بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕووداوەکان.

[٣] بەشێک لە لێکۆڵینەوەی بەردەست لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا یەک دەگرێتەوە کە نووسەر لە ئێستادا کاری لەسەر دەکات بە ناوی "باوک و کوڕ، دوو نامە، دوو شکست"، کە بە هیوام لە داهاتوودا بە ئەنجامی

ئەم وتـــــارە ئەوەیە قســـــەیەک دەربـــــارەی ئەم گەورە دیپلۆماتکـــارە، لە پەیوەنـــدی لەگەڵ دۆســـیەی کـــوردا لە باشـــووری کوردســـتان، زۆر بە تـــایبەتییش مـــاوەی بەهـــاری ۱۹۷۲ تـــا بەهـــاری ۱۹۷۵، بکـــات. بە دیـــوێکی تـــردا، ئەم دۆسـیەیە وەک دەربـڕی پەیوەنـدییەکانی ئەمـەریکا و کـورد لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، لە سەرەتا تا کۆتـایی، لە لایەن کیسنجەرەوە بە ڕێوە دەبرا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات چـوار پرسـیاری سـەرەکی وەڵام بداتەوە: **یەکەم**، ئاخۆ ئەو بەستێنە مێژوویـیە چـی بـوو

بگەیەنـم وڵ بـڵاوی بـکەمەوە. **مەبەسـت لە بـاوک و کـوڕ**، مەلا مسـتەفا و مەسعوودە؛ **مەبەست لە دوو نامەکەش**، یەکەمیان ئەو نامەیەیە کە سـەدام حوسەین، جێگری سـەرۆککۆماری ئەو کاتەی عێراق، لە سـاڵی ۱۹۷۳دا بۆ مەلا مسـتەفای نـاردووە و نـامەی دووەمیشـیان هیـی ڕێکـس تیلەرسـن، وەزیـری دەرەوەی پێشـووتری ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکایە، کە تەنهـا چەنـد ڕۆژێکـی کەم بەر لە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆمەکەی ۲۰۱۷ بـۆ مەسـعوود بـارزانیی نـاردبوو، هەردوو نـامەکەش دوو هۆشـداریدانی زۆر گرنـگ و چارەنووسسـاز بـوون، بەڵام لە دوو کـاتی جیـاوازدا؛ **مەبەسـت لە دوو شکسـتیش**، یەکەمیـان نسـکۆی ۱۹۷۵ و دووەمیشـیان شکسـتی ڕیفراندۆمەکەی ۲۰۱۷یە، وەک دوو ڕووداوی تراجیدی بۆ کورد. هەر ئێرە دەرفەتە بڵـێم کە مەسـعوود بـارزانی بە درێژایـی مـاوەی دوای نسـکۆی ۱۹۷۵، لە مامەڵەیدا لەگەڵ ئەمەریکییەکان، جا پۆل بریمەر، بریێت مەکگۆرک، ڕیکـس تیلەرسـن یـا هەر دیپلۆماتکـارێکی ئەمـەریکی بێـت، زۆر لەژێـر کـاریگەریی مێژووی ئەو شکسـتە و ڕۆڵـی **تەسـەورکراوی** کیسـنجەر لەو شکسـتەدا بـووە. ئەو تەسـەورە ئەوەنـدە نێگەتیـڤ بـووە، ئیتـر دواجـار کیسنجەر بۆ مەسـعوود بارزانی بووە بە "کۆدەردی کیسنجەر" (Kissinger syndrome). ئەم کـۆدەردە لە ئەنجـامی شکسـتی ڕیفرانـدۆمەکەی ۲۰۱۷ بەرجەسـتە و پشتڕاسـت بـووەوە؛ لە ڕاسـتیدا جێگیرتـر بـوو... هیـوادارم لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بگەڕێمەوە سەر ئەم باسە.

کە جوولانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان تێیدا، لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کاندا، گەشەی کرد و شکستی هێنا؟ **دووەم**، ئاخۆ چۆن دەتوانین لە سروشت و ماهییەتی جوولانەوە چەکدارییەکە تێ بگەین، بە لەبەرچاوگرتنی جۆری پەیوەندییەکانی جوولانەوەکە، لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا؟ **سێیەم**، چۆن دەکرێ لە رۆڵی ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە، بە تایبەتی هیی مەلا مستەفا بارزانی، تێ بگەین هەر لە توانستی خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەستێن و ڕووداوەکان تا دەگاتە بڕیاردان و دیاریکردنی ستراتیجی؟ **چوارەم**، ئاخۆ ئەو کێشە و ئاڵنگارییانە چی بوون کە بەرەو ڕووی ئێران و ئەمەریکا بوونەوە لە پرۆسەی پاڵپشتیکردنی کورد، ئاخۆ بە تایبەتی ئەمەریکا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆسیەیەدا کرد؟

وەک یەکێک لە لایەنە تیۆرییەکان، ئەم باسە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵسەنگاندنی بەهەڵەداچوو و **بەهەڵەتێگەیشتن** (misperception)[1]ی سەرکردایەتیی جوولانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان، خەسڵەتێکی سەرەکیی مامەڵەکردنی جوولانەوەکە بووە لەو سالانەدا و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر کۆی ڕووداو و

---

[1] کتێبی تێگەیشتن و بەهەڵەتێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لە نووسینی ڕۆبەرت جەرڤیس، جاری یەکەم لە ١٩٧٦دا بڵاو بووەوە و جاری دووەمیش لە ٢٠١٧دا، تا ئیستاش ئەم کتێبە نموونەیە لە بواری خۆیدا. ئەگەرچی لە سەرەتادا تێگەیشتن (perception) پرۆسەیەکی دەروونییە، بەڵام وەک چەمکێکیش لە دەروونناسیی سیاسیدا، بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەکار دەهێنرێت.
Robert Jervis, Perception and Misperception in International Politics, Princiton and Oxford: Princeton University Press, rev. ed. 2017.

پەیوەندییەکان هەبووە. بەهەرحاڵ، ئەم بۆچوونە لە ڕووی تیۆرییەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، زۆر جار کە هەوڵ دەدەین لە شێوازی تێگەیشتن و بڕیاری سیاسیی سەرکردەی وڵاتان یا جووڵانەوە و دامەزراوە سیاسییەکان تێ بگەین، توانستی ئەم سەرکردانە لەبەرچاو دەگرین کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک، **بە دروستی**، لە ئاڵۆزیی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان[1] و گۆتار و زمانی دیپلۆماسی تێ دەگەن و خوێندنەوە و **تێگەیشتن** بۆ پەیام و ئاماژەکان دەخەنە ڕوو، یان تەواو بە پێچەوانەوە، واتە **بە هەڵە** تێیان دەگەن؛ ئاخۆ دواتر، چۆن **تێگەیشتنی دروست یا بەهەڵەتێگەیشتن**، دەبێت بە بنەما بۆ **دانی بڕیار** (decision making)ی سیاسیی **دروست یا هەڵە**.

زۆر جار مێژوونووسان لە ئاستی هەرە فراوانی مێژووی جیهاندا، بڕیار و ئاڕاستەکانی کار و بیرکردنەوەی سەرکردەکانی ئەڵمانیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان لە لایەک و دواتریش شێوازی مامەڵەکردنی سەرکردەکانی

---

[1] لە باس و لێکۆڵینەوەکان لە زمانی کوردیدا، هەردوو چەمکی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی وەک دوو وشەی هاوتای یەکتر بەکار دەهێنرێن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها نێونەتەوەیی بەکار دەهێنرێ، چونکە هەر وەک لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە سیستەمی جیهانیدا چیتر **تەنها دەوڵەت** تاکە بکەر نییە لەو سیستەمەدا، بەڵکو **بکەری نادەوڵەتیش**، بە تایبەتی ئەو گرووپە ئیتنییانەی کە بە چالاکیی خۆیان، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر، کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیستەمی جیهانی دادەنێن، پێگە و کاریگەریی خۆیان هەیە. هۆکارێکی تریش بۆ بەکارهێنانی چەمکی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە لە نەریتی ئەنگلۆ - سەکسۆنیدا، وشەی 'nation'ی ئینگلیزی بە هەدوو واتای دەوڵەت و نەتەوە دێت، بەم واتایەش، بەکارهێنانی نێونەتەوەیی دروستە و کێشەی نییە.

جیهانی ڕۆژئاوا لەگەڵ هیتلەردا لە ١٩٣٠یەکاندا لە لایەکی تـرەوە، وەک دوو ئەزمـوون و نمـوونەی میژوویـی لە **بەهەڵەتێگەیشتن** باس دەکەن.[1] هەروەها نموونەیەکی تری بەرچاو لە بەهەڵەتێگەیشتن ئەوەیە کە زۆرێک لە بڕیارەکانی سـەدام حوسـەین نەک هەر بەهەڵەتێگەیشـتن و دوورکەوتنەوە لە عەقڵانییەت بوون، بەڵکو لە سـاڵانی دوایی فەرمـانڕەوایی خۆیـدا، جـگە لە بەهەڵەتێگەیشـتن، تەنـانەت تووشی جۆرێک لە "خەیاڵخاوی" (delusion) بووبوو.[2]

ئەگەرچـی لە سـەرەتادا هەردوو چەمکـی "**تێگەیشـتن**" و "**بەهەڵەتێگەیشتن**" لە بـواری دەروونناسیدا بەکار هێنراون، بەڵام دواتـر لە بوارەکـانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا، بە تایبەتی لە بابەتی دەروونناسیی سیاسیدا، بە تایبەتیتریش لە بـواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەکار هێنراون. ئەوە یەکلا بووەتەوە کە تێگەیشتن و بەهەڵەتێگەیشتن ڕاستەوخۆ پەیوەندیـدارن بە هەردوو حـاڵەت و چەمکـی **ژیرێتـی** (rationality) و **ناژیرێتییـەوە** (irrationality). بەم واتـایەش، بەهەڵەتێگەیشـتن پرۆسـە و حـاڵەتی **دوورکەوتـنەوەیە لە ژیرێتـی**، واتە دەچێـتە خـانەی **نـاژیرێتییەوە**.[3] دەکـرێ **بەهەڵەتێگەیشـتن** و دوورکەوتـنەوە لە حـاڵەتی ژیرێتـی، دەرهاویشـتەی ئاوێتەبوونی سێ پێکهاتە یا ڕەگەز بێت، کە لە کۆیانـدا دەربـڕی ئەو پرۆسـە مـرۆییەن کە لە کـاتی دانی

---

[1] Richard Ned Lebow, "Perception and Misperception in International Relations", in Naval War College Review, Vol. 30, No. 3, summer 1977, p. 146.

[2] Joshua S. Goldstein, & Jon C. Pevehouse, International Relations, New York...: Priscella McGreen, 7th ed. 2006, p. 144.

[3] Goldstein, & Jon C. Pevehouse, International Relations, 2006, p. 144.

بڕیاری سیاسیدا، لە کەسی بڕیاربەدەست یا بڕیاردەردا ڕوو دەدات: **یەکەم**، بڕیاربەدەست

لە کاتی کۆکردنەوەی **زانیاری**ی پێویستدا، بۆ ئەوەی دواجار زانیارییەکە ببێ بە بنەمای بڕیاری سیاسی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بژاردەیەی کە هەڵوێستێکی پێشوەختی بەرامبەر وەرگرتووە، بەم پێیەش، ئەو زانیارییە هەڵدەبژێرێت **کە خۆی حەزی لێیەتی**. واتە پێشخستنی ئەو جۆرە زانیارییە کە لەگەڵ بژاردەی **پێشوەختیدا** دەگونجێ، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا بڕیارەکە ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە زانیارییە بێت کە دڵخوازی بڕیاردەرە، لەبری زانیاریی ڕاست و دروست؛ **دووەم**، دەکرێ ژیرێتی بکەوێتە ژێر کاریگەریی **هەست و نەست**ی خاوەن بڕیاری سیاسی لە کاتی دانی بڕیاری سیاسیدا؛ **سێیەم**، خاوەن بڕیاری سیاسی لە بڕیارەکانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حاڵەتێک لە "**بیرکردنەوەی دڵخوازانە**" (wishful thinking). لەم حاڵەتەشدا وردیی هەڵسەنگاندن و خەملاندنی دروستی ڕووداوەکان **گرنگی و بەهای خۆیان لە دەست دەدەن**.[1] دەکرێ چەمکی بیرکردنەوەی دڵخوازانەش بەم شێوەیە پێناسە بکەین: جۆرێکە لە دیدگا و باوەڕ کە زیاتر لەسەر بنەمای **تەسەورێکی دڵخۆشکەر** بەرهەم هاتووە، نەک لەسەر بنەمای **بەڵگە، عەقڵانییەت** یا **واقیعبینی**. هەروەها بیرکردنەوەی دڵخوازانە ئامرازێکی تایبەتە بە پرۆسەی

---

[1] Goldstein, & Jon C. Pevehouse, International Relations, 2006, pp. 145-46. بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی **بیرکردنەوەی دڵخوازانە** و پرسە پەیوەندیدارەکان، بڕوانە: Jervis, *Perception and Misperception*, 2017, pp. 354-382.

فێربوون، کە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ لە نێوان **باوەڕ** لە لایەک و **حەز و خواست** لە لایەکی ترەوە پەنای بۆ دەبرێ؛ دەرەنجام، لەو پرۆسەیەدا **حەز و خواست** **براوەن**. بە شێوەیەکی گشتی، بیرکردنەوەی دڵخوازانە دەگەڕێتەوە بۆ **سەرنجدانی** لایەنگرانە، **لێکدانەوەی** لایەنگرانە و **کاردانەوەی** لایەنگرانە.[1]

کێشەیەکی تر، کە لە ڕووی میتۆدۆلۆجیی لێکۆڵینەوەوە لەبەرچاو بگیرێ، پرۆسەی بڕیار و **کارتێکردن** و **کارتێکراوە** لە دامەزراوە جیاوازەکانی ئەمەریکادا، بە تایبەتی ئەو دامەزراوانەی پەیوەندیدارن بەو دۆسیەیەی کە ئامانجی لێکۆڵینەوەی بەردەستە. ئەوەی کە یەکلا بووەتەوە دەربارەی ئەو ماوەیەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیخاتە بەر تیشکی شرۆڤەکردن، ئەوەیە کە کیسنجەر، لەسەر پێشنیازی نیکسۆن، توانیبووی لە ڕێگەی دروستکردنی ستافێکی کاریگەرەوە دەسەڵاتێکی زۆر لەژێر دەستی خۆی و دامەزراوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکادا کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی دواجار نیکسۆن، لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کۆنترۆڵی تەواوەتیی سیاسەتی دەرەوە بکات.[2] لەم حاڵەتەشدا، هەر وەک دواتر لەم باسەدا دەبینین، وەزارەتی دەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر، بە تایبەتییش لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا،

---

[1] https://en.wikipedia.org/wiki/Wishful_thinking retrived 14-2-2024; https://www.google.com/search?client=opera&q=theories+of+wishful+thinking&sourceid=opera&ie=UTF-8&oe=UTF-8. retrived 14-2-2024

[2] Barry Rubin, Secrets of State: The State Department and the Struggle Over U.S. Foreign Policy, New York, Oxford: Oxford University Press, 1987, p. 142-43.

پەراوێز خراوە و لە تاریکیدا هێڵراوەتەوە. لە ڕاستیدا بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، واتە پەراوێزخستنی وەزارەتی دەرەوە، تەنانەت هەندێک جار نیکسۆن و کیسنجەر هەندێ عورفی دیپلۆماسییشیان شکاندووە. بۆ نموونە، لە کاتی ئامادەکاریی نیکسۆن و کیسنجەر بۆ سەفەرە مێژوویییەکەیان بۆ مۆسکۆ لە کۆتایی ئایاری ١٩٧٢دا، پەنایان بۆ سەفیری یەکێتیی سۆڤییەت لە واشنتن، ئەناتۆلی دۆبرینین، بردووە، لەبری وەزارەتی دەرەوە یا سەفیری خۆیان لە مۆسکۆ، بە ئامانجی ڕێکخستنی کاروبارە پێویستەکان وەک ئامادەکاری بۆ سەفەرەکەیان بۆ یەکێتیی سۆڤییەت.[1] بەپێی بۆچوونی باری ڕۆبن، بە چڕبوونەوەی زیاتری دەسەڵات لە دامەزراوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، هەڵبەتە لەژێر فەرماندەیی کیسنجەردا، لە بەرامبەر وەزارەتی دەرەوە و هەندێک لەو دیپلۆماتکارانەی کە دەورەی سەرۆکیان داوە، تەنانەت سالانێکی زۆریش دوای ئەوەی کیسنجەر دەسەڵاتی لە کۆشکی سپی (ساڵی ١٩٧٧) جێ هێشت، بەردەوام ناهاوسەنگییەک لە پەیوەندی و هێز و دەسەڵاتی دامەزراوەکاندا بەدی دەکرا، زۆر بە تایبەتی لە نێوان ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزارەتی دەرەوەدا.[2] زانینی ئەم ڕاستییە زۆر گرنگە بۆ ئەو دەرەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا پێیان دەگەین، بە واتای جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵ و گرنگیی کیسنجەر لە

---

[1] تەنانەت کیسنجەر لەوە نیگەران بوو کە دواجار دەکرێ دۆبرینین باسی نهێنیی ئامادەکارییەکانی سەفەرەکە بۆ ولیەم ڕۆجەرز، وەزیری دەرەوە، بدرکێنێ!
Rubin, Secrets of State, 1987, p. 148.

[2] Rubin, *Secrets of State*, 1987, 1987, p. 140.

شێوازی ئیدارەدانی دۆسیەی کورددا، کاتێک باس دێتە سەر پەیوەندیی کورد و ئەمەریکا. جگە لەوەش، دەبێ زۆر بە ئاگاداریيەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوونی هەر دامەزراوەیەکدا بکەین، هەڵبەتە تا ئەو جێگەیەی کە لە ڕووی سەرچاوە بەردەستەکانەوە دەرفەت هەبێ ئەو جیاوازییە ببینین و دەستنیشانی بکەین. بەم واتایەش پێویستە، لە بابەتی ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەندیدارن بە گەلاڵەکردن و بەرهەمهێنانی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا، بە ئاگاداریيەوە مامەڵە بکەین. لێرەدا، بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوونتر بێت، پێویستە نموونەیەک لە فرەڕەنگیی بیرکردنەوە و هەڵوێست لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئەمەریکا بهێنینەوە. بەپێی نووسراوێکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، "ئاڵۆزی"یەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە جوولانەوەی چەکداریی کورد لە عیراق دەخرێتە ڕوو: **یەکەم**، بۆچوون و ڕوانگەی وەزارەتی دەرەوە بەرامبەر بە کورد، مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونی سەفارەتی ئەمەریکا لە ئێران و نووسینگەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە بەغدا **لەمەڕ هەمان مەسەلە**، کۆک و یەکانگیر بن؛ **دووەم**، مەرج نییە سیاسەتی ئەمەریکا لە لایەک و هیی ئێران لە لایەکی تر، ڕوو لە کورد و ڕژێمی عیراق، بە تەواوەتی یەکتر تەواو بکەن یان یەکانگیر بن.[1] هەموو ئەمەش وا دەکات

[1] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٣٠ی دیسامبەری ١٩٧٤، بابەت: سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد و کێشەی ئێران - عێراق. لە: وریا ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٩٧-٦٠٠.

که پێویست بکات لێکۆڵەر بە ئاگاداریی زۆرەوە لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بە تایبەت ڕوو لە کورد، ئێران و عیراق، نزیک ببێتەوە.

دیسان لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوەوە، پێویستە لە سەرەتادا ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئەو هەموو **وابەستەییە**، تا ڕادەی زۆریش **بەبارمتەگیراوییە**، لەمەڕ شێوازی پەیوەندییەکانی جووڵانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا، بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٥، سروشتی جووڵانەوە چەکداریەکەی لە "**شۆڕشی ئازادیخوازییەوە**" گۆڕی بۆ "**شەڕی بەوەکالەت**".[١] کەواتە ئەم

ئەم کتێبەی وریا ڕەحمانی گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە بەشی زۆری کتێبەکە بەڵگەنامە ئەمەریکییەکانی تایبەت بە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر جووڵانەوەی چەکداریی باشووری کوردستان لە خۆ دەگرێ. ئەگەرچی بەڵگەنامەی زۆر زیاتر هەن، بەڵام ئەم سەرچاوەیە دیسان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە.

[١] جەنگی سارد ژینگەی هەرە لەباری شەڕە بەوەکالەتەکان بوو، واتە لە ماوەی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانەوە تا کۆتایی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠ەکان. لەو ماوەیەدا، **بۆ ئەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و ئەمەریکا ڕاستەوخۆ بەڕەو ڕووی یەکتر نەبنەوە** و خۆیان و جیهانیش بەڕەو ڕووی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوەکی نەکەنەوە، ئەو دوو زلهێزە پەنایان بۆ شەڕی بەوەکالەت (proxy war) دەبرد. وەک بەشێکیش لەم شەڕی بەوەکالەتە، ئەم دوو زلهێزە لە ڕێگەی یارمەتیی ئابووری و پرچەککردنەوە پشتیوانییان لە لایەن و هێزگەلێک دەکرد کە **دەوڵەت بوون** یا بکەری **نادەوڵەتی بوون**:

Shedrack C. Igboke, et al "Proxy War and Global Security: A Critical Analysis", in Frican Journal of Politics and Administrative Studies, Vol. 16, No. 2, December, 2023, pp. 521-522.
file:///C:/Users/Kjs135/Downloads/ajol-file-journals_677_articles_260290_656795f3523fa.pdf. Retrived 9-1-2024; Betty S. Anderson, A History of the Middle East: Rulers, Rebels, and Rogues, (Stanford, California: Stanford University Press, 2016, pp. 323, 374.

شەڕە دوو ڕەهەندی سەرەکیی هەن: **یەکەمیان**، ئەو لایەنەی لە مەیدانـدا شـەڕەکە دەکـات و قوربـانی دەدات، کـوردە، بەڵام ئەم لایەنە **بڕیاری کۆتایی** و **یەکلاکەرەوەی** دەربارەی چارەنووسی شـەڕەکە لە دەسـتدا نیـیە. بەم واتـایەش، بڕیـار لەسـەر چارەنووسی شەڕەکە ئەو لایەنە نایدات **کە لە گۆڕەپانی شەڕدا قوربانی دەدات**. لەوەش ئەوڵاتر، لایەنی شـەڕکەر بەری خەباتی قوربانییەکـانی نـاچێتەوە، بەڵکـو ئەوەی بڕیـارە چارەنووسسـازەکە دەدات و بەری قوربـانییەکە دەچێتەوە، ئەو لایەنەیە کە لەژێـر پەردەی یارمەتیـدانی جـووڵانەوەکەدا "**شـەڕەکەی بۆ دەکرێ**"، واتە ئێران؛ **دووەمیان**، ئەو لایەنەی کە نـاچێتە شـەڕێکی ڕاسـتەوخۆوە، بەڵکـو لە ڕێگـەی شـەڕی بەوەکالەتـەوە شـەڕێکی "**ناڕاستەوخۆ**" لەگەڵ عیراقدا دەکات، بۆ ئەوەی بگات بە هەندێک ئامانجی سەربازی و سیاسی، دواجار هەر ئەوێـش دەگـات بە ئامـانج. بەڵام لایەنـی شـەڕکەر و قوربانیـدەر نەک هەر بە دەسـتی بەتـاڵ، بەڵکـو بە کارەسـاتێکی پشتشکێن لە شەڕەکە دەردەچێت.

***

لێرەدا پێویستە، لە ڕووی تیۆرییەوە تیشک بخەینە سەر چەمکـی "**شـەڕی بەوەکـالەت**" بـۆ ئەوەی دواتـر، وەک بنەمایەکی گرنگی تیۆری لێکۆڵینەوەکە، بەکاری بهێنین.

سـەرەتا گـرنگە ئەوە جەخـت بکەیـنەوە کە تـێکەڵاوی و تێکهەڵکێشییەک لە نێوان هەردوو چەمکی **هاوپەیمانی**[1] لە لایەک

[1] هاوپەیمانی، وەک شـێوازێک لە ڕێککەوتن، وا پێناسـە کراوە وەک ئەوەی "ڕێککەوتنێکی نووسـراو بێت لە لایەن نـوێنەری ڕەسـمی، هەر نەبـێ دوو

و شەڕی بەوەکالەتدا لە لایەکی ترەوە هەیە. تەنانەت هەندێک جار "**هاوپەیمانی بەوەکالەت**"یش، وەک چەمکێکی جێگرەوە بۆ هەردوو چەمکی شەڕی بەوەکالەت و هاوپەیمانی، بە تایبەتی بۆ گوزارشکردن لەو جۆرە پەیوەندییەی کە لە نێوان دەوڵەتان لە لایەک و بکەر (ئەکتەر)ە **نادەوڵەتییەکان** لە لایەکی ترەوە هەیە، بەکار دەهێنرێت.[1] واتە ئەو لایەنەی شەڕی بەوەکالەت دەکات، دەکەوێتە جۆرێک لە پەیوەندیی "هاوپەیمانی" لەگەڵ ئەو وڵاتەی یا ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانیی ئەو لایەنە شەڕکەرە دەکەن، بۆ بە مەبەستی "بەکارهێنانی" و بۆ سوودوەرگرتن لێی بۆ هەندێک ئامانجی سەربازی یا سیاسی. دەکرێ ئەم جۆرە پەیوەندییە لە چوارچێوەی شەڕی بەوەکالەت[2] یا هاوپەیمانیدا گوزارشی لێ بکرێت.[3] بە شێوەیەکی گشتی، ئەم پەیوەندییە سێ ڕەگەزی

دەوڵەتی خاوەن سەروەری، بە مەبەستی هاوکاریکردنی یەکتر لە حاڵەتی جەنگدا"، یا هەر شێوازێکی تری هاوئاهەنگی و پشتگیریکردنی یەکتر. بڕوانە:

Vladimir Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", in *Civil Wars,* Vol. 23, No. 1, 2021, p. 23.
https://centaur.reading.ac.uk/94927/1/Proxy%20Wars%20-%20A%20%20Reconceptualisation.%20Final.pdf Retrived 9-1-2024

[1] Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", 2021, pp. 8-9.

[2] شەڕی بەوەکالەت، وەک چەمک و تیۆرسازی، لە ساڵانی ١٩٩٠ەکانەوە گەشەسەندنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و زیاتر و زیاتر لە بواری توێژینەوەی زانستیدا بەکار هێنراوە. بابەتەکە زیاتر پەیوەندیدارە بە هەردوو بواری توێژینەوە لە **ئاسایشی جیهانی** و **لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکان**. لە لایەکی ترەوە، ئەم چەمکە دووریش نەبووە لە ڕەخنە، چونکە وەک چەمکێکی "پیس و چەپەڵ" (dirty) بینراوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا. بە تایبەتی بڕوانە:

Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", 2021, p. 4.

[3] Amos C. Fox, "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", in *Journal of Strategic Security,* Vol. 12, No. 1, 2021, p. 49.

سەرەکی لە خۆ دەگرێ: **یەکەم**، یارمەتیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئۆپەراسیۆنی نهێنی یا ئاشکرا، کە زیاتر سەربازییە؛ **دووەم**، بوونی ئامانجێکی هاوبەش بۆ هەردوو لای "شەڕکەر" لە لایەک و دەوڵەت یان دەوڵەتانی "پشتیوان" لە لایەکی تر؛ **سێیەم**، بوونی جۆرە پەیوەندییەک کە بۆ هەردوو لا سوودبەخشە.[1] هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە نێوان **لایەنی شەڕکەر** و **دەوڵەتی پشتیواندا**، ئەوەیە کە لایەنە پشتیوانەکە دەیەوێ بە "**شەڕێکی سنووردار**" و تێچوویەکی کەم، بەبێ بەکارهێنانی هێزی چەکداری لە شەڕێکی ڕاستەوخۆدا، هەندێ ئامانجی سیاسی یا سەربازی بە دەست بهێنێ. لەم شێوازە لە پەیوەندی و "هاوپەیمانی"دا، جۆرێک لە بەرژەوەندیی هاوبەش بەدی دەکرێ، بەڵام لەوڵاوە **ناهاوسەنگییش** لە نێوان لایەنی **پشتیوان** لە لایەکەوە، لە لایەکی تەرەوە، **شەڕکەردا** هەیە: **یەکەم**، بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتی پشتیوان و لایەنی شەڕکەردا هەیە؛ **دووەم**، لە هەمان کاتدا هەر لایەنێک، بە جیا، بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێ؛ **سێیەم**، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی هاوبەش کاڵ بووەوە و بەرژەوەندی تایبەت پێگەی بااڵدەستیی وەرگرت، یا ڕادەی مەترسییەکان بۆ هەر لایەنێک بەرز بووەوە، ئەوا پەیوەندییەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، تەنانەت هەڵدەوەشێتەوە. لە هەمان کاتدا

---

https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1701&context=jss Retrived 9-1-2024

[1] Rauta, "Proxy War", 2021, pp. 17-20.

دەشکرێ ئەم پەیوەندییەی نێوان لایەنی پشتیوان و بکەری شەڕکەر، لە چوارچێوەی شەڕی بەوەکالەتدا، وەک پەیوەندییەک دەربکەوێ کە بە پەیوەندیی نێوان پشتیوان لە لایەک و دەستوپەیوەند لە لایەکی تەرەوە (patron client) خۆی بنوێنێ، یا گوزارشی لێ بکرێ.

ڕەهەندێکی هەرە گرنگی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە هەرگیز دەوڵەتی پشتیوان ئامانجەکانی لایەنی شەڕکەر، **بە تەدەر ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی**، بە گرنگ نابینێ و وەک ئامانجی هەرە لەپێشینە مامەڵەی لەتەکدا ناکات: **دواجار لایەنی پشتیوان لەو جۆرە پەیوەندییانەدا بااڵدەستە.**[1] کەواتە، بەردەوام بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی پشتیوان **لە ناوەڕاستدایە** و هیچ ئەو لایەنەشی کە "شەڕی بەوەکالەت" دەکات، بەردەوام **لە پەراوێزدایە**. لە ڕاستیدا، زۆربەی کات شەڕی بەوەکالەت ململانێیەکی چەکداریی **کاتییە**، بەردەوامبوونیشی تەواو **وابەستەیە بە بڕیاری لایەنی پشتیوانەوە**، واتە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کە **لە ناوەندی هاوکێشەکەدان، کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنێت.**[2] بەم پێوەرەش، کاتێک دەوڵەتی پشتیوان ئامانجەکانی خۆی لە شەڕە سنووردارەکەدا بە دەست دەهێنێ، ئیتر بە ئاسانی دەست لە پشتیوانیکردنی لایەنی شەڕکەر هەڵدەگرێ. دەرەنجام، بە ئەگەری زۆرەوە، چیتر لایەنی شەڕکەر ناتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بەرگری لە پێگەی خۆی بکات. کەواتە دەکرێ پەیوەندی و "هاوپەیمانی"ی جوواڵنەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئەو سێ واڵتەدا، واتە ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکا، بەاڵم **زۆر بە تایبەتی لەگەڵ ئێراندا**، لە

---

[1] Fox, "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", 2021, pp. 55-57, 62.

[2] Catherin Latchford, "Proxy Wars & Soverereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", in Liberty University of Statemanship & public Policy, Vol. 3, Issue 1, September, 2002, online version. https://digitalcommons.liberty.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1163&context=jspp Retrived 9-1-2024

چوارچێوەی چەمکی **هاوپەیمانی** یا **شەڕی بەوەکالەتدا** تێگەیشتن و شرۆڤەی بۆ بکرێت.

لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا، هەردوو چەمکی هاوپەیمانی و شەڕی بەوەکالەت بەکار دەهێنرێن. پێویستە بە جەختکردنەوەشەوە ئەوە بڵێین کە لایەنی کوردی لەم هاوپەیمانییەدا **بکەرێکی نادەوڵەتییە و لایەنی هەرە لاوازە**، لەبەر ئەوە، بە هیچ شێوەیەک **ناکەوێتە پەیوەندییەکی هاوسەنگەوە** لەگەڵ سێ لایەنەکەی تری هاوپەیمانیدا. هەڵبەتە لێرەشدا سەرچاوەی هەرە گرنگی **هاوسەنگی** لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، پشت بە گەورەیی و بچووکیی دەوڵەت نابەستێ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەت **خاوەن سەروەریی نیشتمانییە**. لێرەدا گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، واتە بێبەشە لە سەروەریی نیشتمانی، ناهاوسەنگییەکی بونیادی دەبێت بە خەسڵەتی سەرەکی لە هاوپەیمانییەکاندا و دواجار ئەو ناهاوسەنگییەش لە زیانی کورد و لە قازانجی لایەنەکانی تری هاوپەیمانییە. لە ڕاستیدا سەروەریی نیشتمانی نەک هەر ڕۆڵی گرنگی لە **هاوسەنگیی هێزدا** هەیە، بەڵکو ڕەگەزی هەرە گرنگی **مانەوەی** دەوڵەتیشە، هەروەها سەرچاوەی هێز و پێگەیەتی لە سیستەمی جیهانیدا.[1] دەرەنجام، چەمکی شەڕی بەوەکالەت، بۆ هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی لایەنی کوردی و جۆری پەیوەندییەکانی، بە تایبەتی لەگەڵ ئێراندا، بە گونجاو دەزانین بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەردەست.

---

[1] Latchford, "Proxy Wars & Soverereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", 2002, online version.

پێویستە لێرەدا، هەر وەک بەشێک لە قسەکردن لە ڕووی میتۆدییەوە، ئاماژەیەک بۆ بەشێک لەو سەرچاوانە بکەین کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار هێنراون. لەم بارەیەوە، بیرەوەرییەکانی کیسنجەر، بەشی یەکەم، *سالانی کۆشکی سپی*، ۱۹۷۹[1] و بە تایبەتی بەشی سێیەم، *سالانی نوێبوونەوە*، ۲۰۱۲[2]، زۆر بەسوود بوون. بەڵام دەبێ بە جەختکردنەوە پەنجە لەسەر دوو تێبینی دابنێین، کە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم بیرەوەرییانەدا پێویستە ڕەچاو بکرێن: یەکەم، بیرەوەریی سیاسەتکار و دیپلۆماتکارەکان، بە گشتی، پێویستە بە ئاگادارییەوە وەک سەرچاوە بەکار بهێنرێن، بە تایبەتی ئەگەر نووسەری بیرەوەرییەکە ڕۆڵی سەرەکیی هەبووبێت لەو ڕووداوانەی کە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسیان دەکات، زۆر بە تایبەتییش کاتێک قسە دێتە سەر مژاری **بەرپرسیاری**، واتە پرسی ئەوەی ئاخۆ کێ **بەرپرسە** لە چ ڕووداو یا دەرهاویشتەیەک؛ **دووەم**، کیسنجەر، لە ساڵانی ۱۹۶۹ تا ۱۹۷۷، ڕۆڵی کلیلیی لە زۆربەی پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی نیشتمانی و ستراتیجیی سیاسی و سەربازیی ئەمەریکادا هەبووە. بە تایبەتی ڕۆڵی کیسنجەر گرنگ و ناوەندی بوو لە دۆسیەی کوردیدا لە ماوەی سێ ساڵدا، لە بەهاری ۱۹۷۲ تا بەهاری ۱۹۷۵، واتە ڕێک لەو کاتەی کە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا لە دۆخێکی هەرە هەستیار و یەکلاکەرەوەدا بوون. لێرەدا گرنگە سەرنج بدەین کە کیسنجەر لە هەردوو بەشی

---

[1] Henry Kissinger, The White House Years, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd, 1979.

[2] Henry Kissinger, The Years of Renewal, G. B.: Simon & Schuster, 2012.

یەکەم و سێیەمی بیرەوەرییەکاندا هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە شـێوەکان ڕادەیەک لە پاسـاو بـۆ شـێوازی مـامەڵەی ئەمـەریکا لەگەڵ دۆسـیەی کـوردا بهێنێتەوە، بە تـایبەتی لە چرکەسـاتی یەکلابـوونەوە و شکسـت و هەرەسـهێنانی جـووڵانەوە چەکـدارییەکەدا. کەواتە دەبـێ ئەوەمـان لە بیـر نەچێت کە دەکرێ کیسـنجەر "بەهـانە بـۆ بڕیـاری ئەمـەریکا سـەبارەت بە ڕاگرتنـی یـارمەتی بـۆ جـووڵانەوەی کـورد لە عیـراق بهێنێـتەوە و بەم شـێوەیەش ڕەوایـی بـدات بەم هەڵوێستەی ئەمـەریکا."[1] گـرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە، لە گەڵ کۆتاییهـاتنی جەنگـی سـارد و داگیرکردنـی کوەیـت لە لایەن عیـراقەوە، گۆڕانکـاری بەسـەر قسـەکانی کیسـنجەردا دەربـارەی نسـکۆی ۱۹۷۵ و چارەنووسـی کـورد هـاتووە. تەنـانەت کیسـنجەر لە سـاڵی ۱۹۹۱دا بە ڕوونـی گوتـوویەتی بڕیـارەکەی ۱۹۷۵ "ئـازاربەخش، تەنـانەت جەرگبڕ، بـوو."[2] لە ڕاسـتیدا ئەم بۆچـوونە، وەک ڕەنگـدانەوەی گۆڕانکـاری لە جیهانبینی و ڕادەیەک لە هاوسۆزی، لە تەواوی ئەو فەسڵەی کە لە بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەردا هـاتووە و ناونیشانی "تراجیدیای کورد"ی وەرگرتووە، دەردەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەشـدا، لە هەوڵـدان بـۆ بینینـی هەمـوو ڕەهەنـدەکانی جـووڵانەوە چەکـدارییەکە، دەکـرێ بە

---

[1] بورهـان أ. یاسـین، "چەنـد سـەرنجێک دەربـارەی خەبـاتی چەکـداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، گۆڤاری یەکگرتن، ژمـارە ۱۵، ۱۹۹۲، لاپەڕە ۵۲. ئەم وتـارە بـۆ جـاری دووەم لە کتێبـی *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی میژووە*، ۲۰۰۲، لاپەڕە، ۱۰۵-۱۳۸ بڵاو بووەتەوە.

[2] Walter Isaacson, Kissinger: A Biography, London: Faber & Faber, 1992, p. 564.

بەراوردکردنی دید و زانیارییەکانی کیسنجەر لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا، دەرەنجامێکی هاوسەنگ، یا هەر نەبێ تا بکرێ نزیک لە هاوسەنگمان، دەست بکەوێت. جگە لەوەش، کتێبەکەی وریا ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی نیشتمانیی ئەمەریکا، پەیوەندیدار بە جووڵانەوەی چەکداریی ١٩٦١-١٩٧٥ بڵاو کراونەتەوە، زۆر بەسوود بووە. دوو لێکۆڵینەوەی خۆم[1]، دەربارەی ئەو سەالانە و ئەو بابەتەی کە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستن، نەک هەر لە جێگەی گونجاودا وەک سەرچاوەی زانیاری بەکار هێنراون، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەسوود بوون لە فەراهەمکردنی هێڵ و چوارچێوە گشتییەکانی ئەم باسەمدا.

لە دوای شکستی جووڵانەوەی چەکداریی کورد، ژمارەیەک نامیلکەی هەڵسەنگاندنی جووڵانەوەکە بڵاو بوونەتەوە، بەڵام هەموویان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەژێر کاریگەریی دۆخی دەروونیی ململانێکاندا بڵاو بوونەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تایبەتی سوود لەو نامیلکەیە وەرگیراوە کە زۆر جار نووسەرەکەی وەک مەحموود عوسمان، یەکێک لە سەرکردە هەرە نزیکەکان لە مەلا مستەفا، دەناسرێت، ئەگەرچی نامیلکەکە ناوی ئەوی

---

[1] هەردوو لێکۆڵینەوەکە: بورهان أ. یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، گۆڤاری یەککرتن، ژمارە ١٥، ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٤-٥٨. هەروەها:

B. A. Yassin, "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1958-1991," i Sven Tägil (utg.), Kon-flikt och samarbete vid Persiska viken, Malmö: Lund University Press, 1992, sid. 127-173.

لەسەر نییە. ناونیشانی نامیلکەکە، *تقییم مسیرة الثورة وانهیارها والدروس المستخلصة منها*. لە نووسینی الحزب الدیمقراطي الکردستاني - اللجنة التحضیریة، ١٩٧٧. ئەگەر قسەکانی مەحمود عوسمان لەو هەموو سالانەدا، واتە ١٩٧٧ تا ئێستا، بکەین بە پێوەر، دەکرێ بڵێین زانیارییەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە "**تا ڕادەیەکی زۆر**" ڕەنگدانەوەی ڕاستییە میژوویییەکانن. هەر ئەوەشە وای کردووە کە تا ڕادەیەکی باش و بە ڕادەیەک لە دڵنیاییەوە، سوودی لێ وەرگیراوە. جگە لەوەی کە بواری بەراورد هەیە لە نێوان ئەم نامیلکەیە و سەرچاوەکانی دیکەی بەردەست، کە ئەمەش بۆ خۆی یارمەتیدەرە لە فەراهەمکردنی زانیاریی باوەڕپێکراو. ڕاپۆرتێک کە لە لایەن لیژنەیەکی کۆنگرێس، بە سەرۆکایەتیی کۆنگرێسمان ئۆتیس پایک، ئامادە کراوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕاپۆرتەکەی ئەم لیژنەیە ناوی "ڕاپۆرتی پایک"ی وەرگرتووە[1]، سەرچاوەیەکی گرنگە. ئەم

---

[1] ناوی تەواوی ئەو ڕاپۆرتەی کە بە ناوی "ڕاپۆرتی پایک" ناوی دەرکردووە، ئەمەیە:

The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read" in Village Voice, Feb. 1th, 1976, pp. 72-92.

ئەم ڕاپۆرتە دەرهاویشتەی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ و هەمەلایەنەی لیژنەیەکی کۆنگرێسە کە بە لیژنەی هەڵبژاردە (select committee)ی کۆنگرێس ناسراوە و کۆنگرێسمان ئۆتیس پایک سەرۆکایەتیی دەکرد. لیژنەکە لە سیانزە کۆنگرێسمان پێک دەهات، زۆرینەشیان لە حزبی دیمۆکرات بوون. ئۆتیس پایک وەک ڕەخنەگرێکی سەرسەختی سی ئای ئەی ناسرابوو. ئەو پێی وابوو ئەم دامەزراوەیە "فیلێکی فڵبازە" (a rogue clephant). ئامانجی سەرەکیی ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دەسەلاتی جێبەجێکار، سی ئای ئەی بە تایبەتی، لە لایەک و دەسەلاتی یاسادانان لە لایەکی ترەوە. لیژنەی پایک لە پێنج حاڵەتی

ڕاپۆرتە، لە بەردەوامیی ئەم باسەدا، وەک ڕاپۆرتی پایک ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەگەرچی ئەم ڕاپۆرتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا دزەی کردە ناو میدیاکان، بەڵام ئێستاش لە باسی ئەزموونی سێ ساڵەی پەیوەندیی کورد و ئەمەریکا، واتە ١٩٧٢ تا ١٩٧٥، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان و زۆرییش بەکار هێنراوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا دەبێ ئەم ڕاپۆرتە، وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و ڕادەی "متمانە" پێی، لە ڕۆشنایی ململانێی نێوان دامەزراوەکانی دەسەڵات لە ئەمەریکا، بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکار لە لایەک و دەسەڵاتی یاسادانان لە لایەکی تر، بخوێنرێتەوە و بەکار بهێنرێت. لەم بارەیەشەوە گرنگە بڵێین کە ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێیە بە ڕوونی لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێت.

لە ڕووی کات و مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، گرنگە ئەوە بڵێین کە کاتەکە بە تایبەتی ساڵانی نێوان بەهاری ١٩٧٢ و بەهاری ١٩٧٥ە، واتە کاتەکە بە دوو هاوپەیمانی دەسبت پێ

کۆڵییەوە کە تێیاندا چالاکییەکانی سی ئای ئەی لە هەموو جیهاندا کرابوون بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، لە هەمووشیاندا **سی ئای ئەی** شکستی هێنابوو. یەکێک لەو حاڵەتانە تێوەگلانی سی ئای ئەی بوو لە پشتیوانیکردنی جوولانەوەی چەکداریی کوردستان لە بەهاری ١٩٧٢ەوە تا بەهاری ١٩٧٥. لە ڕاستیدا ئەم ڕاپۆرتە گرنگ و هەستیارە دەبوایە لە پرۆسەیەکی دامەزراوەییدا ئاشکرا بکرێت، بەڵام هەر زوو، لە سەرەتای شوباتی ١٩٧٦دا، دزەی کردە ناو میدیاکان و لە بڵاوکراوەی "*Village Voice*"دا بڵاو بووەوە. بە تایبەتی ئەو بەشەی دەربارەی "تراجیدیا"ی کورد بوو، دەنگدانەوەی زۆری لە ئەمەریکادا هەبوو لە ئاستی فەرمی و نافەرمیدا.

Gerald K. Haines, "Looking for a rouge Elephant: The Pike Committee Investigation", in Studies in Intelligence Winter (1998-1999) https://www.cia.gov/static/CIA-Pike-Committee-Investigations.pdf. Retrived 9-1-2024

دەکـــات و بە ڕێککەوتنێکـــیش کۆتـــایی دێـــت: ئەو دوو هاوپەیمـانییەی کە ســـەرەتای مـاوەی لێکـۆڵینەوەکەی پێـوە دەست پێ دەکات، یەکێکیان هاوپەیمانیی "ستراتیجی"ی نێوان عیراق و یەکێتیی سۆڤییەتە، نیسانی ١٩٧٢، لە بەرامبەریشیدا هاوپەیمـانیی چـوار لایەن، واتە ئێـران، ئیسـرائیل، ئەمـەریکا و کـورد، کە لە حـوزەیران و تەممـووزی هەمـان سـاڵدا بەجـێ گەیشت. ئەم دوو هاوپەیمانییە، کە لە یەکێکیان کورد بەشداڕە و دژەکەشـــی کە ڕژێمـــی بەغـــدا تێیـــدا بەشـــداڕە، دەکەونە "**شەڕێکی سارد**" لە بەرامبەر یەکتردا، کەچی شـەڕی "گەرم" و بەرەیـــی ڕاســـتەقینە، واتە شـــەڕ بە واتـــا ســـەربازییەکەی، لە کۆتایی نیسـانی ١٩٧٤دا دەسـت پێ دەکات. ئەم شـەڕە لە واتا ســـەربازییەکەیدا دوو دانە شـــەڕە لە یەک پێکهـاتەی ئـاڵۆزدا: **شەڕێکی ناڕاستەوخۆی** دوو هاوپەیمانییە لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵام لەوڵاشەوە **شەڕێکی ڕاستەوخۆی** نێوان کورد و ڕژێمی عیراقە. ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە ماوەی لێکۆڵینەوەکەش هەر بە ڕێککەوتـن کۆتـایی دێت، ئەویش ڕێککەوتنـی جەزائیـرە لـە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا لە نێوان عیراق و ئێراندا.

بـۆ ئەوەی تـا دەکرێ، بەپێـی فەراهەمبوونی سـەرچاوەی پێویسـت، شـتەکان وەک هەیە و ڕوویـان داوە بخەینـە ڕوو، پێویستە باش لە دۆخی ئاڵۆزی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو کاتە لە ئاستی جیهـانی و ئیقلیمـی تـێ بگەین، لە دۆخـی ئەو کـاتەی ئێـران تـێ بگەیـن و لە پێشـینەی بڕیـاری ڕژێمـی عیـراقیش تـێ بگەیـن کە بـۆچی سـازش بـۆ ئێـران لەســەر نیوەی شەتولعەرەب دەکات، بۆ ئەوەی پشتی کورد بشکێنێ. هەڵبەتە لەوەش تێ بگەین کە لە ڕاستیدا ململانێی ئەو کاتە، کە لە کرۆکیدا کێشە و ململانێی کورد و ڕژێمی عیراق بوو،

زۆر ڕەهەندی هەبوو، لەمانەش، ڕەهەندێکی ئیقلیمیی زۆر فراوان. سەرقاڵیی عیراق بە جەنگەکەی بەرامبەر بە کورد زۆر ئەنجامی خوازراوی بۆ ژمارەیەک وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ کەوتەوە، بە تایبەتی دراوسێکانی. ئەم جەنگە بۆ سوریا واتای کەمبوونەوەی فشاری عیراق بوو لەسەری، بۆ کوەیت واتای وابوو کە عیراق لە دۆخێکی ئەوهادا بواری ئەوەی نابێت بیر لە داگیرکردنی بکاتەوە، تەنانەت هەر لاوازبوونێکی سەربازیی عیراقیش دیسان دەستکەوتە بۆ ئەو وڵاتە، بۆ ئیسرائیلیش واتای وابوو عیراق تواناکانی لە دەست دەدات لەوەی لە حاڵەتی پێکدادانی عەرەب و ئیسرائیلدا بتوانێ ڕۆڵێکی سەربازیی کاریگەر ببینێ.[1] ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ململانێکەوە تێوە گلان و لە هەمووشیان گرنگتر ئێران بوو. لەوڵاشەوە، گرنگە ئەوە بڵێین کە لەم هەموو فرەڕەهەندی، فرەبەرژەوەندی و بوونی ژمارەیەکی زۆری بکەری جیهانی و ئیقلیمی، بێگومان **بازنەی هەرە لاواز** جووڵانەوەی چەکداریی ئەو کاتەی باشووری کوردستان بوو.

واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان، بەم هەموو ئاڵۆزی و فرەئاستییە لە پانۆرامای هەرە فراوانداً، کە دواجار لە ناوەڕاستیدا بەسەرهاتی کورد لە باشووری کوردستان هەیە، زۆر بە تایبەتییش لە ماوەی سێ ساڵی یەکلاکەرەوەدا، واتە لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری

[1] Jon Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", in The New Republic, Vol. 172, No. 16, Issue 3145, April 19, 1975, pp. 20, 21.

١٩٧٥. دەبێ ئەوەش بڵێین ئەگەرچی کورد لەم گەمە فرەئاستەدا لە **ناوەڕاستدا بوو**، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی هەرە لاوازی گەمە و هاوکێشەکەش بوو، ڕێک هەر ئەمەش پارادۆکس (موفارەقە)کەیە: لە لایەکەوە ناوەندبوون بەو واتایەی کە کورد لە مەیدانی شەڕدا قوربانییە هەرە گەورەکە دەدات و شەڕەکە دەکات، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر بڕیاری چارەنووسساز دەربارەی دواڕۆژی جوواڵانەوەکە، ئەوا کورد لە پەراوێزدایە و **کاریگەرییشی لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکان زۆر سنووردارە**. بە واتایەکی تر، توانای جوواڵانەوەکە ئەوەندە بڕی کرد تا نیوەی شەتولعەرەب بۆ ئێران وەربگرێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٣٧ـەوە لە دەستی دابوو و شای ئێران بە بەردەوامی خەونی بە وەرگرتنەوەیەوە دەبینی. بەڵام لە بڕیاری چارەنووسساز بە دواڕۆژی جوواڵانەوەکە خۆی، نەک هەر پرس بە سەرکردەکانی ناکرێت، بەڵکو جوواڵانەوەکە بە تەواوەتی لە تاریکیدا هێڵراوەتەوە و توانای کاریگەرییشی لەسەر پرۆسەی ڕێککەوتنی نێوان عیراق و ئێران لە جەزائیر لە ئاستی "سفر"دا بووە؛ **ئەمەش ڕێک یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شەڕی بەوەکالەت**.

٢- کورد و کیسنجەر

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا تیشک دەخرێتە سەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد، بە تایبەتی لە ساڵانی نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کاندا، کە تێیاندا کیسنجەر ئەندازیار و جێبەجێکاری ئەو پەیوەندییانە بووە، بەبێ ئەوەی بە زەروورەت ئەوەمان گوتبێت کە کیسنجەر ئەندازیاری

ڕێککەوتنی جەزائیر بووە[1]، بەڵکو وەک دواتر ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت کیسنجەر ئاگاداری پلانی شای ئێران بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیریش نەبووە. دەرفەتە بڵێین کە ڕێککەوتنی جەزائیر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆتایی بە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا هێنا، یا هەر نەبێ، ئەو پەیوەندییانەی بردە دۆخی "سڕبوون"ەوە.[2] دەرەنجام، باسی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا لە بەشی یەکەمی ١٩٧٠کاندا دێتە گۆڕێ، ڕاستەوخۆ کیسنجەر لە خاڵی ناوەڕاستی باسەکەدا دەردەکەوێت.

---

[1] لە هەندێک لە ئامرازەکانی میدیا و سۆسیال-میدیادا بە ڕاشکاوی، بەڵام بە هەڵە، گوترا کە "کیسنجەر ئەندازیاری ڕێککەوتنی جەزائیر" بووە. بۆ نموونە ئەمە، لە ڕۆژی مردنی کیسنجەردا، لە مانشێتێکی تەلەڤیزیۆنیی "ڕووداو"دا هات. بڕوانە پاشکۆی ژمارە شەش.

[2] کیسنجەر سێ بەرگی لە "بیرەوەرییەکان"ی و ئەزموونی دەوڵەمەندی دیپلوماسیی خۆی بڵاو کردووەتەوە، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کتێب کە هەموویان گرنگن. ئەم "بیرەوەرییانە"، کە لە ڕاستیدا ناوی نەناون بیرەوەری و وەک یەک، دوو و سێش ژمارە نەکراون، بەڵام بە تەرتیبی سالەکانی بڵاوبوونەوەیان دەکرێ تەرتیبی یەک، دوو و سێیان پێ بدەین: **بەرگی یەکەم**، "سالانی کۆشکی سپی"، ١٩٧٩؛ لەم بەشەدا کیسنجەر تەنها بە یەک لاپەڕە باسی بەسەرهاتی کورد دەکات، بەڵام بە زانیارییەکی یەکجار گرنگ و هەستیارەوە. هەر لەم بەشەشدا پەیمان دەدات کە لە بەشی دووەمدا بە دوورودرێژی باسی ئەو بەسەرهاتەی کورد بکات، بەڵام لەو بەشی دووەمەدا بە یەک وشەش باسی کورد ناکات؛ **بەرگی دووەم**، "سالانی هەڵچوون"، ١٩٨٢؛ **بەرگی سێیەم**، "سالانی نوێبوونەوە"، ١٩٩٩. لەم بەرگەیدا، کیسنجەر بە بەشێکی تایبەتی بە ناوی "تراجیدیای کورد" بە ٢٣ لاپەڕە (٥٧٦ تا ٥٩٩) باسی زۆرێک لە وردەکارییەکانی بەسەرهاتی جوولانەوەی چەکداریی باشووری کوردستان و ڕۆڵی ئەمەریکا دەکات. لەم باسەی بەردەستدا سوود لە هەرسێکیان وەرگیراوە.

لە لایەکی تردوە، پێویستە هەر زوو ئەوەش بڵێین کە تا ئێستاش بەهەڵەتێگەیشتنێک هەیە، بە تایبەتی لە لایەنی کوردییەوە، لەمەڕ پەیوەندیی کورد و ئەمەریکا لەو ساڵانەدا، زۆر بە تایبەتییش ڕۆڵی ئەمەریکا (یا ڕاستتر بڵێین ڕۆڵی کیسنجەر) لە شکستە کارەساتبارەکەی ئاداری ١٩٧٥دا.[١]

٢-١ سەرەتاکان

خاڵی هەرە گرنگی لێوەدەرچوون، بۆ تێگەیشتن لە جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە جوواڵانەوەی چەکداری تێی کەوتبوو، جوگرافیای سیاسیی باشووری کوردستانە کە بەر لە هەر شتێک سنووری دەریایی بە هیچ ئاوێکی نێودەوڵەتی و ئازادەوە نییە. لە ڕاستیدا، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە تەنها ڕێگە و کەناڵ، بۆ دەستگەیشتنی جوواڵانەوەی چەکداریی کورد لە عیراق بە جیهانی دەرەوە و دەستگەیشتنی ئەو جیهانەش بەو جوواڵانەوەیە، لە ڕێگەی داگیرکارێکی تری کوردستانەوەیە، واتە لەم حاڵەتەدا ئێران. هەر ئەوەشە وا دەکات کیسنجەر بڵێت "تراجیدیای کورد سەپێنراوی مێژوو و جوگرافیایە."[٢] ئەگەرچی هەر زوو لە سەرەتاکانی ١٩٧٠کاندا دەرکەوت کە ئێران یارمەتیی جوواڵانەوەی چەکداریی کورد لە باشوور دەدات، بەڵام لە حاڵەتی **نەبوونی دڵنیایی** تەواودا کە ئەم یارمەتییە بەردەوام دەبێت

---

[١] دەکرێ، یا لە ڕاستییشدا پێویستە بڵێین، کە تا ئێستاش دیدی مەسعوود بارزانی بۆ ئەمەریکا و ئەمەریکییەکان هەر بەم جۆرەیە.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 578.

یان نا[1]، پێویستیی یارمەتی و پشتیوانیی "زلهێزێک" بۆ جوولانەوە چەکداریيەکە بە توندی دەرکەوت، بۆ ئەوەی ئەو زلهێزە "**ڕۆڵی زەمانەت**" لە نێوان کورد و ئێراندا ببینێت. واتە پێویستە هەر زوو کێشە سەرەکییەکە دەستنیشان بکەین، ئەویش ئەوەیە کە نەک هەر لە نیوەی یەکەمی ۱۹۷۰کاندا، بەڵکو هەر لە دوای دەستپێکردنی جوولانەوەی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان لە سێپتەمبەری ۱۹۶۱دا، پێداویستیی پشتگیریکردنی زلهێزێک لە جوولانەوە چەکداریيەکە خۆی سەپاند. لە سەرەتا هەرە زووەکانی دەسپێکردنی ئەم جوولانەوەیەدا، ڕابەری جوولانەوەکە، مەلا مستەفا بارزانی (لە بەردەوامیی ئەم باسەدا، مەلا مستەفا)، لە ساڵی ۱۹۶۲دا بە ڕوونی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی، دانا ئادەمز شمیتەوە پەیامێکی بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکادا دا کە تێیدا مەلا مستەفا دەڵێ "با ئەمەریکا یارمەتیی سەربازیمان بدات، بە ئاشکرا یا نهێنی، بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بە دەست بهێنین و ببین بە هاوبەشی وەفادار [بۆ ئەمەریکا] لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."[2] بەڵام تا بەشی یەکەم لە دەیەی ۱۹۷۰کاندا، هیڵی ڕەسمی و ڕاشکاوی ئەمەریکا ئەوە بوو کە **خۆی لە تێوەگلان لە "مەسەلەیەکی ناوخۆیی" وڵاتێکی تردا دوور بگرێ.**

***

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
Aron Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", in *New York*, Vol. 9, nr. 40 (October 4, 1976), pp. 50-68.

[2] Dana Adams Smidt, "The Kurdish Insurgency", in *Strategic Review*, 2 (Summer 1974): 54, through, Edmond Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, New York: Syracuse University Press, 1981, p. 44.

لە ساڵی ١٩٦٨دا دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ناوچەی کەنداو، دوو گۆڕانکاریی گرنگی بە خۆوە بینی کە هەردووکیان بەیەکەوە کاریگەرییان لەسەر ڕەهەندی جیۆ-سیاسی هەبوو، بە تایبەتی لەسەر هەڵوێست و بڕیاری ئێران لەمەڕ شێواز و ڕادەی هاوکاریکردنی جوولانەوەی چەکداریی کورد. هەڵبەتە لە بەرامبەریشدا، هەر ئەو دوو ڕووداوە، کاریگەرییان لەسەر شێوازی نزیکبوونەوەی ڕژێمی عیراق لە کێشەی کورد هەبوو: **ڕووداوی یەکەم**، بڕیاری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٨دا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە ناوچەی کەنداو بکشێتەوە، هەڵبەتە بە هەنگاوێکی ئەوهاش بۆشاییەکی ئاسایشی لەو ناوچەیەدا دروست دەبوو، کە دەرەنجام ئەم بۆشاییە پێویستی بە پڕکردنەوە دەبوو.[1] لە ڕاستیدا هەر زووتر، لە تشرینی دووەمی ساڵی پێشتردا، بەریتانییەکان لە تەهران لەگەڵ ئێرانییەکاندا گفتوگۆیان دەربارەی شێوازی "پڕکردنەوە"ی ئەو بۆشاییە کردبوو.[2] گرنگە ئەوەش بڵێین کە کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە تەنها سەربازی دەبوو، نەک دوورکەوتنەوەی تەواوەتی لە ڕووی حزووری سیاسییەوە[3]، هەروەها مانەوەی هەندێک ڕاوێژکاری بەریتانی لێرە و

---

[1] Shahram Chubin & Zabih Sepehr, The Foreign Relations of Iran: A Development State in a Zone of Great Powers Conflict, Berkley and Los Angeles, 1974, p. 183.

[2] Rouhollah K. Ramazani, Iran's Foereign Policy 1941-1973: A Study of Foreign Policy in Modernizing Nations, University Press of Virginia, Charlottesville, 1975, p. 408.

[3] علینقی عالیخانی، (ویراستار)، *یادداشت‌های علم*، (تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠)، جلد اول، صفحه ٢١٩.

Isaacson, Kissinger, 1992, p. 563.

لەوێ لە ناوچەی کەنداو، بە تایبەتی لە مەسقەت، پایتەختی سەڵتەنەتی عومان، دوای کشانەوەکە[1]؛ **ڕووداوی دووەم،** حزبی بەعس لە ڕێگەی کودەتایەکەوە لە ١٧ی تەممووزی هەمان ساڵدا دەسەڵاتی لە عیراق گرتە دەست. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی نیگەرانی لای کورد، ئێران و ڕژێمەکانی ناوچەی کەنداو. هەڵبەتە هۆکارەکانی نیگەرانیی ئێران و کورد، پرسگەلێکی هاوبەشیان تێدا بوو.[2] بە تایبەتی ئێران مەترسیی جددیی لە لێکەوتەکانی نزیکبوونەوەی ستراتیجییانەی ڕژێمی نوێی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت هەبوو[3]، هەروەها ئەگەری ئەوەی کە ڕژێمەکەی بەعس گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هەست و سۆزی عەرەب بەکار بهێنێت بۆ مۆبیلیزەکردنی وڵاتانی عەرەبی لەپێناو تەنگپێهەڵچنینی ئێران، ئەمەش ببێت بە هۆی کەنارگیریی ئێران لە ناوچەکەدا.

هەر زوو دەرکەوت کە ئەم دوو ڕووداوە بەیەکەوە، لە دوو ئاستەوە، بۆ سیاسەتی ئێران گرنگ بوون: **یەکەم،** لە ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران و عیراقدا، ئەم دوو ڕووداوە پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی ئێران بچێتە قۆناغێکی نوێ لە کار و کاردانەوەی چالاکانە ڕوو بە خواستی هەژموون لە ناوچەی کەنداو و بوارنەدان بە ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە،

---

[1] James Kinsman, "Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power", in New Middle East: Independent International Monthly, No. 22, July 1970, p. 10.

[2] M. Zahrai, The Origins and Causes of the Iranian-Iraqian War, (University of Idaho: University Microfilms International, 1985. Unpublished Ph.D. Disertation, p. 113; J. Gaspard, "Penetrating the Ba'th: An Ideology in Serach of Leadership", The New Middle East, No. 8 (May 1969), p. 31.

[3] M. Khadduri, The Gulf War: The Origins and Implecations of the Iraq-Iran Conflict, (Oxford: Oxford University Press, 1988, p. 49.

کە لە کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو دەکەوتەوە، پڕ بکاتەوە. لە بەرامبەریشدا عیراق، بە هەمان شێوە، خواستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و هەژموونی لە ناوچەی کەنداو هەبوو. دەرەنجام، لە ساڵی ١٩٦٩دا بارگرژی لەسەر پرسی سنوور و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی **سەروەریدا** لە شەتولعەرەب، ڕووی لە هەڵکشانێکی مەترسیدار کرد؛ **دووەم**، بۆ ڕژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە، تەنانەت بۆ تورکیا و پاکستانیش، پرسی دواڕۆژی ناوچەی کەنداو، لە دوای کشانەوەی سەربازیی بەریتانیا، بوو بە پرسی ڕۆژەڤ. بیرۆکەی جیاجیا دەرکەوتن و بوون بە بابەتی گفتوگۆ و دانوستاندن دەربارەی بژاردەی ستراتیجیی جیاجیا، لەوانەش، دروستکردنی ڕێکخراوەیەکی ئیقلیمی لە ناوچەی کەنداو.[1] بەهەرحاڵ، ئەم پرسانە گشتیان بۆ سیاسەتی ئەمەریکاش لە ناوچەکە واتادار و گرنگ بوون. دەشتوانین بە ئاسانی بڵێین کە دەرفەتەکانی ئێران، بە بەراورد لەگەڵ عیراق، زۆرتر و کراوەتر بوون، بۆ ئەوەی لە بەدەستهێنانی پێگەی بەهێز و هەژموون لە کەنداو سەرکەوتووتر بێت. هۆیەکی گرنگیش بۆ ئەم حاڵەتە ئەوە بوو کە جگە لەوەی ململانێی عیراق لەگەڵ ئێراندا تواناکانی عیراقی لە بەدەستهێنانی پێگەی بە هێز لە کەندا سنووردار کردبوو، بەڵکو لەوەش زیاتر، ئەو بارگرژییەی کە لە پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی کەناوداو، بە تایبەتی سعودییە، هەبوو، ڕێگر و لەمپەڕێکی تر بوو بۆ عیراق بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە

[1] Ramazani, Iran's Foereign Policy 1941-1973, 1975, pp. 409, 410, 417.

ناوچەکەدا.[1] نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە بەراورد بە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، ڕژێمی بەعس تازە هاتبووە سەر حوکم و هەر نەبێ، پێویستی بە چەند ساڵێک هەبوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی جێگیر بکات، ئینجا بە تەواوەتی بپەڕێتە سەر پرسە ئیقلیمییەکان.

لە ئاستی **کوردیدا**، ئەم دوو ڕووداوە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و بەغدا و کورد و ئێران هەبوو. جگە لەوەش، کورد لە پانتایی سیاسەتی جیهانیدا، بە تایبەتی لە بەستێنی جەنگی ساردا، زۆر بە تایبەتییش کاردانەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بەم دوو ڕووداوە، پەیوەندیدار و کارتێکراو بوو. بەم شێوەیە، لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٥ بە جوانی ئەم ئاستانە لە پەیوەندییە سیاسییەکان و کار و کاردانەوەکاندا، دەرکەوتن و تێیاندا مەسەلەی کورد لە عیراقدا جێگە و پێگەیەکی دیاری وەرگرت، هەڵبەتە بە باش و بە خراپ.

لە ڕاستیدا ئەم دوو ڕووداوەی ساڵی ١٩٦٨ لە کاتێکدا ڕوویان دا کە چەند ساڵێک بوو محەمەد ڕەزا شا (لەمەودوا، لەم بەرهەمەدا وەک شا، یا شای ئێران ناو دەبرێت) بیری لە **پەرینەوەی چالاکانە بۆ جیهانی عەرەبی** و زێدەکردنی ئامادەیی وڵاتی خۆی لەو جیهانە فراوانەدا کردبووەوە. شەهرام چووبین پێی وایە کە شای ئێران بۆ ئەوەی بگات بەم ئامانجەی خۆی، دوو بژاردە یا ڕێگەی لە بەردەمدا بوو: **یەکەم**، یا لە ڕێگەی بەکارهێنانی **هێزی سەربازییەوە** بەو ئامانجە بگات، یا **دووەم**، بە پێچەوانەکەی، واتە بە ڕێگە و

[1] J. B. Kelly, Arabia: The Gulf and the West, London: Weidenfeld and Nicolson, 1980, 288.

ئامرازی سیاسی و دیپلۆماسی.[1] بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگەی سێیەم هەبوو کە چووبین ئاماژەی بۆ ناکات، ئەویش **جەنگێکی ناڕاستەوخۆی سنووردار**، هاوتەریب و لە هەمان کاتدا، لەگەڵ **ئامرازی دیپلۆماسیدا**، بە تایبەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ عیراقدا، کە ئەمەش دواتر لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە جووڵانەوەی چەکداریی کورد و کۆتاییهێنان بەو جووڵانەوەیە لە ڕێگەی جووڵەی دیپلۆماسی و ڕێککەوتنێکی سیاسی، لە جەزائیر، بە ئامانج گەیشت.

لە کۆتایی ١٩٦٠ەکاندا بارگرژییەکان لە نێوان ئێران و عیراقدا پەرەیان سەند، بەڵام نەگەیشتنە ڕادەی شەڕێکی ڕاستەوخۆ. بەهەرحاڵ، ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا لە بەغدا، بژاردەی سوودوەرگرتنی شای ئێرانی لە جووڵانەوەی چەکداریی کورد، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ڕێگەی یەکانگیرکردنی ئامرازی **جەنگێکی سنووردار** لەگەڵ **ئامرازی دیپلۆماسیدا**، بۆ ماوەیەک دوا خست. هەر ئەوەش بوو وای کرد کە شای ئێران لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداردا نیگەرانیی "تونڊ" پیشان بدات[2]، چونکە ئەم ڕێککەوتنە بوو بە لەمپەرێک لە بەردەم هەوڵەکانی شادا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ئیقلیمییەکانی، هەروەها ئامانجە تایبەتییەکانی ڕوو بە عیراق. بەڵام کاتێک جەنگ لە نێوان کورد و بەغدا لە بەهاری ١٩٧٤دا دەست پێ دەکاتەوە، جارێکی دیکە دەرفەتی سوودوەرگرتن لە جووڵانەوەی چەکداریی کورد بۆ

---

[1] Shahram Chubin & M. Farid Saidi, Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options, (?? 1975), p. 78.

[2] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ١٢ی ئاداری ١٩٧٠. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢١٠-٢١١، ٢٤٦، ٢٤٧.

شـای ئێـران سـەرهەڵدەداتەوە، تەنهـا دوای سـاڵێکیش لە "**شـەڕێکی سـنووردار**"، لە نێـوان کـورد و عیراقـدا، لە ئاکـامی یەکـانگیربوونێکی پـڕ بە خواسـتی شـا، لە نێـوان شـەڕە سنووردارەکە و دیپلۆماسییەکی چالاکانەدا، ئامانجەکانی شای ئێران بە دەست هاتن.

لێرەدا پێویستە جەخت لەسـەر ئەوە بکەینەوە کە هەر لەو ڕۆژەی کە حزبی بەعس فەرمانڕەوایی لە عیراق لە تەممووزی ١٩٦٨[1]دا گـرتە دەسـت، هەر زوو ئەو ڕژێـمە بە دروسـتی لە **گرێکوێرەی** پەیوەندیی ئێران و ئەو بزاڤە چەکدارییەی کورد گەیشت: بەو واتـایەش عیـراق، لە هەمـان کاتدا، بەرەو ڕووی دوو کێشـە و ئاڵنگـاری بـووەوە، کە ئەوانـیش وەک خـوێن و گۆشـت تـێکەڵاوی یەکتـر بـوون. هەر وەک مەهـدی زەهرایـی دەڵێ، ڕژێـمە نـوێکەی عیراق، واتە ڕژێمـی بەعس، بە ئاسـانی پەیوەندیی ئۆرگانیکی و بەیەکەوەگرێدراویی لە نێوان ئەو دوو ئاڵنگـارییەدا بینـی، کە ئەوانـیش لە لایەک ململانـێ مێژوویـی و جیـۆ-سـتراتیجییەکەی عیـراق و ئێـران بـوو، لە لایەکـی تـرەوە کێشەی کورد بوو لە عیراق.[2] دەرەنجام، ڕژێمی بەعس لەگەڵ دوو بـژاردەدا بەرەوڕوو بـوو، یـان دەبـێ ئەو ڕژێـمە کێشـەی کـورد لە عیراقـدا چارەسـەر بکـات **بـۆ ئەوەی ئێـران لە بەکارهێنان و سوودمەندبوون لە کارتی بزاڤی چەکداریی کورد**

---

[1] پێویستە لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە لایەنی کوردی، ڕاستتر بڵێین، پارتی دیمـۆکراتی کوردسـتان و بزاڤـی چەکـداریی کـورد، بێئاگـا نەبـوون لە ئامادەکارییەکـانی حزبـی بەعـس بـۆ کودەتـاکردن بەسـەر ڕژێمـی عەبـدولڕەحمان عارفـدا، بەڵکـو پێشـوەخت دانوسـتاندن و تەنـانەت لەیەکگەیشـتنیش لە نێـوان هەردوو لادا هەبـوو بـۆ مسـۆگەرکردنی سەرکەوتنی کودەتاکە.

[2] Zahrai, The Origins of the Iranian-Iraqi War, 1983, p. 114.

بێبەش بکات، بەم شێوەیەش کاریگەری وْ فشاری ئێران لەسەر عیراق نەهێڵێت؛ یان دەبێ ئەو ڕژێمە پێچەوانەکەی بکات، واتە بگات بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا لەپێناو تەفروتوونـاکردنی بزاڤی چەکداریی کورددا، یا هەر نەبێ، کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی ئەو جوولانەوەیە. دواجار ڕژێم بڕیاردەی یەکەمیانی لە ١٩٧٠ لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە تاقی کردەوە، بەڵام دوای پێنج ساڵ، بڕیاردەی دووەمیانی لە ١٩٧٥دا، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥/٣/٦ەوە، تاقی کردەوە. بەم واتایەش، دوو ڕێککەوتنی جیاواز، تەنانەت لە ڕواڵەتدا تەواو دژ بە یەکتر، بەڵام بۆ **هەمان مەبەست**، ئەویش **بێبەشکردنی یەکێکیانە لە سوودمەندبوون لە ئەوی تر**، کران: لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادارداا ئێران لە سوودمەندبوون لە جوولانەوەی کورد بێبەش دەکات؛ بەڵام تەواو دژەکەی لە ڕێککەوتنی جەزائیردا ڕوو دەدات، واتە کورد لە سوودمەندبوون لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و وەرگرتنی پشتیوانی لەو وڵاتە بێبەش دەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ڕاستییەکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ڕژێمی بەعس لە تەواوی ماوەی فەرمانڕەواییدا، لە ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣، هیچ کات بڕیاردەی "سێیەم"ی، لە دەرەوەی ئەو دوو بڕیاردەیەی پێشتر، تاقی نەکردووەتەوە، واتە هەوڵی ئەوەی نەداوە کە **لە هەمان کاتدا** و لە پاکێجێکی فراوانتر و گشتگیردا هەردوو کێشەکە بەیەکەوە و بە یەکجاری چارەسەر بکات. واتە هەردوو کێشەکە لە یەک چوارچێوەدا ببینێ و لە هەمان پاکێجدا چارەسەر بۆ هەردووکیان بدۆزێتەوە، بە باوەڕی ئەوەی کە مانەوەی یەکێک لەو دوو کێشەیە بەبێ چارەسەرکراوی، گریمانە و ئەگەری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە

بتوانێ **چارەسەری** کێشەکەی تریش **تێک بدات**. ئەمەش لە ئاداری ١٩٧٤دا ڕووی دا کاتێک، بە تایبەتی بە ڕۆڵی چالاکانەی ئێران، کورد لە چارەسەر "**دوور خرایەوە**" یا "**دوور کەوتەوە**" و جارێکی دیکە مەسەلەی کورد **لە چارەسەرەوە بووەوە بە کێشە** بۆ عیراق، واتە جارێکی دیکە کورد بووەوە بەو کارتەی کە ڕژێمی عیراق لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە، **بۆ ماوەیەکی کاتی**، لە دەستی ئێرانی دەرهێنابوو!

بەهەرحاڵ، پێویستە بە جەختکردنەوە ئەوە بیر بهێنینەوە کە تەنها جارێک بیر لە میتۆدی چارەسەرکردنی هەردوو کێشەکە، واتە کێشەی کورد لە لایەک و کێشە پەیوەندیدارەکان بە سنووری نێوان عیراق و ئێران لە لایەکی ترەوە، لە یەک کات و لە یەک پاکێجدا کراوەتەوە. ئەمەش لە زەمانی سەرۆکوەزیران عەبدولڕەحمان ئەلبەزازدا بوو، واتە لە دەرەوەی فەرمانڕەوایی حزبی بەعس بوو. بەڵام ئەو جارەش ئەم میتۆدەی چارەسەر بۆ هەردوو کێشەکە لە یەک کاتدا، هەر لە ئاستی تیۆریدا مایەوە و دەرفەتی نەبوو بچێتە بواری کردارییەوە.[1]

***

[1] Gaspard, "Penetrating the Baath",1969, p. 24; Zahrai, The Origins of the Iranian-Iraqi War, 1983, p. 112.

ئەلبەزاز پێگەی جیاجیای لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی ١٩٦٠ـەکان لە حکومەتی عێراقدا هەبووە، گرنگترینیان پۆستی سەرۆکوەزیران بووە کە ماوەی نزیکەی ساڵێک، لە پاییزی ١٩٦٥ تا پاییزی ١٩٦٦ لەو پێگەیەدا بووە. ئەلبەزاز بەوە ناسرابوو کە خواستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەبوو، هەوڵی بەمەدەنیکردنی دەسەلات و کەمکردنەوەی ڕۆڵی هێزی سەربازیی لە سیاسەتدا هەبوو، هەروەها خواستی پەرەپێدانی سیستەمی فرەحزبی و دیمۆکراسیی هەبوو.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەر زوو دوای دەستپێکردنی جوولانەوەی چەکداریی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، گرنگیی ڕۆڵ و پشتگیریی زلهێزێکی جیهانی بۆ جوولانەوەکە خۆی سەپاند. لەم بارەیەشەوە، ئەگەرچی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ڕووی جوگرافییەوە، زۆر لە کوردستانەوە نزیک بوو، بەڵام هەر زوو لە ١٩٦٠ەکاندا سەرکردایەتیی ئەو جوولانەوەیە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، فۆکەسی کەوتە سەر ئەمەریکا. مەلا مستەفا پێی وابوو کە ئەو سالانێک لە یەکێتیی سۆڤییەت ژیاوە و باش دەزانێ مەسەلەی کورد و یارمەتیدانی جوولانەوەی چەکداریی کورد "لە ئەجێندای یەکێتیی سۆڤییەتدا نییە".[1] زانیارییە میژوویییەکان پێمان دەڵێن کە هەر زوو، هاوتەریب لەگەڵ یارمەتیی ئێراندا بۆ جوولانەوە چەکداریییەکە، بەردەوام مەلا مستەفا هەوڵی ڕازیکردنی ئەمەریکای دەدا، نەک تەنها لەپێناو دەستخستنی پشتیوانی لە ڕووی چەک و تەقەمەنی و یارمەتیی دارایییەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا زیاتر بۆ ئەوە بوو ئەمەریکییەکان ڕۆڵی **زەمانەتی "ئەخلاقی"** لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێراندا ببینن.[2] دواتر، بەپێی ڕاپۆرتی پایک، ئەوە پشتڕاست کرایەوە کە جار دوای جار مەلا مستەفا بێباوەڕی و بێمتمانەیی خۆی بە شای ئێران و لە بەرامبەریشدا گرنگیی

---

[1] David A. Korn, "The Last Years of Mustafa Barzani," in *Middle East Quarterly*, June, Online version: *Middle East Forum*, 1994, https://www.meforum.org/220/the-last-years-of-mustafa-barzani . retrived 30-10-2023

[2] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، دیمانەی ڕەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، لاپەڕە ٦٨-٦٩.

بوونی زەمانەتی ئەمەریکی دووپات کردووەتەوە.[1] جێگەی گرنگی و سەرنجە کە شای ئێرانیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەم "بێمتمانەییەی" کورد، بە تایبەتی مەلا مستەفا، ئاگادار بووە، چونکە شای ئێران دواتر، لە حزووری نیکسۆن، کیسنجەر و بەرپرسانێکی تری ئیدارەی نیکسۆندا، لە وتارێکی گرنگدا لە کۆتایی تەممووزی ١٩٧٣دا ددان بەو ڕاستییەدا دەنێ و دەڵێ: پشتیوانیی "ئەمەریکای مەزن" بۆ کورد زۆر یارمەتیدەرە، بە تایبەتی "**بەهایەکی سایکۆلۆجی**"ی هەیە[2]، بە واتای ئەوەی ئەو یارمەتییە بۆ **دڵنیایی** و هەستکردنی کورد بە بوونی "**زەمانەتێک**" دەبوو بۆ بەردەوامی و نەپچڕانی یارمەتییەکانی ئێران بۆ کورد.

بەهەرحاڵ، پەرۆشی و جەختکردنەوەی بەردەوام لە لایەن مەلا مستەفاوە حاشاهەڵنەگر بوو، بە واتای ئەوەی کە پشتیوانیی ئێران بە تەنها بەشی ئەوە ناکات، یا هەر نەبێ، ئەو دڵنیایی و پشتڕاستییە نابەخشێ بۆ ئەوەی، دوایی لە بەهاری ١٩٧٤دا، جارێکی تر کورد بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا. بە واتایەکی تر، مەلا مستەفا بەردەوام بەدوای ئەوەوە بوو کە پشتیوانیی ئەمەریکا وەک **دڵنیاییەک** بۆ جوواڵانەوەکەی دەستەبەر بکات، چونکە بە دیدی ئەو، تێکەڵاوبوونی ئەمەریکا ڕێک ئەو زەمانەت و دڵنیاییەی دەبەخشی کە ئەو سااڵنێک هەوڵی بۆ دەدا. بۆ نموونە، لە

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976.; Ismet Sharif Vanly, "Kurdistan in Iraq," in *Peoples withou a Country: the Kurds and Kurdistan,* Gerald Chaliand (ed.), London: Zed Books, 1980, pp. 58, 184.

[2] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 154.

نیسانی ١٩٦٥ شاندێکی کوردی (شەمسەدین موفتی و مەسعوود بارزانی) پەیامێکیان گەیاندووەتە سەفارەتی ئەمەریکا لە تەهران کە لە پەیامەکەدا مەلا مستەفا داوای یارمەتیی سەربازی و دارایی دەکات، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، تەنانەت سەرسووڕهێنەر، ئەوە بوو کە مەلا مستەفا لەو پەیامەدا داوای کردووە "ئەمەریکا [بێتە] ناوچەکەیان و وەک 'ویلایەتێکی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەیری ناوچەکەیان بکا."[١] بەپێی ڕاپۆرتی پایک، جارێکی تر لە سەرەتای ١٩٧٠کانیشدا، مەلا مستەفا ئەو داوایەی دووپات کردووەتەوە کە باشووری کوردستان "ببێ بە پەنجا و یەکەمین ویلایەت"ی ئەمەریکا.[٢] لە لایەکی ترەوە، ئەم دەربڕینەی مەلا مستەفا جێگەی هەڵوێستەیەکی جددییە: **یەکەم**، ئەم دەربڕینە زۆر سادە و ساکارە، تەنانەت بە وتەی دەیڤید مکداوڵ، جۆرێکە لە "ساویلکەیی" ('naivety')، کە پێشتریش مەلا مستەفا بەرامبەر بە بەریتانییەکان دەری بڕیوە.[٣] لە ڕاستیدا ئەستەمە ئەم جۆرە دەربڕینە لە هیچ گۆشەنیگایەکەوە جێگەی لە عەقڵانییەتی سیاسی و یاسا و ڕێساکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان یا لە ڕێسا دیپلۆماسییەکاندا ببێتەوە: لە کاتێکدا عیراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بوو، چۆن دەکرا بەم سادەیی و ئاسانییە زلهێزێکی وەک ئەمەریکا بێت و دەست بەسەر بەشە

---

[١] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە، ١٢ی نیسانی ١٩٦٤، لە: ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٩١.

[2] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

[3] McDowall, A Modern History of the Kurds, 1996, p. 331.

کـوردییەکەی ئەو ولاتەدا بگرێـت. ئـاخۆ چـۆن، لە گەرمەی جەنگی سـاردا و لە نـاوچەیەکی هەستیار و زۆر نزیکدا لە یەکێتیـی سـۆڤییەت، ئەمـەریکا بەو ئاسـانی و سـادەییە دەیتوانی ئەم کارە بکات! **دووەم**، ئاشکرابوونی دەربڕینێکی ئەوهـا لە لایەن مەلا مستەفاوە، ڕژێمـی حـوکمڕان لە عیـراق دەبـاتە **ئەوپەڕی بێـزاری و تـووڕەییەوە**. لە ئاسـاییترین بیرکـردنەوەدا ئەم داواکـارییەی مەلا مسـتەفا وا لە ڕژێـم دەکـات کە لە گۆشـەنیگای "**خیـانەتی نیشـتمانییەوە**" ڕاڤە و تێگەیشـتن بـۆ ئەو خواسـتەی مەلا مسـتەفا بکـات، بەمەش ڕژێـم دەچێتە ئەوپەڕ لە جـۆر و فۆرمەکانی کاردانەوەدا دژ بە کورد.[1] لە لایەکی ترەوە، لە وەڵامی ئەو پەیامەی پێشتری مەلا مسـتەفا (کە لە ڕێگـەی مەسـعوودی کـۆڕی و شەمسـەدین موفتییـەوە گەیـەنرابوو)، وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریکا، دوو ڕۆژ دواتر، سـەفارەتەکەی لە تەهـران ئاگـادار دەکـاتەوە کە "بە هـیچ شـێوەیەک لەگەڵ نوێنەرەکـانی مەلا مستەفادا وتووێژ نەکات و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە سیاسـەتی خۆتێوەگلاندنی ئەمـەریکا لە کێشـەی کـورد و

---

[1] دەکرێ بە ئاسـانی کاردانەوەی هەمـان ئەو ڕژێمەی بەعس لە بەرامبەر هێنانی هێزی پاسداران بۆ نـاو هەڵەبجە لە ١٩٨٨ و چـۆن ئەو ڕژێمە بەو شـێوازە دڵڕەقانەیـە کاردانەوەی پیشـان دا، بیر بێنینەوە و بە ئاسـانی تـێ بگەیـن کە ئەم ڕاگەیـەنراوەی مەلا مسـتەفا چەنـدە کێشـەدارە! لە سیاسـەتدا زۆر جـار گـرنگە خـۆت، لە "تەسـەوری خۆتـدا"، بخەیـتە جێگـە و پـێگەی دوژمنەکەت بۆ ئەوەی باشتر لە ئەگەرەکانی کار و کاردانەوەی ئەو دوژمنە بگەیت! کاتێکیش مەلا مستەفا داوای کردووە ئەمەریکا **وەک وێلایەتی یەنجا و یەکەمین** مـامەڵە لەگەڵدا باشـووری کوردسـتاندا بکـات، ئەوا لە کەمترین ڕادەیدا، لەو لۆجیکە نزیک نەبووەتەوە.

حکـومەتی عیـراق نەگـۆڕاوە.[1] واتە، سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکـانی لایەنـی کـوردی بـۆ ئەوەی ئەمـەریکا یـارمەتیی کـورد بـدات، بەڵام ئەمـەریکییەکان، هەر لە سـەرەتای ١٩٦٠ەکانەوە تا بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢، بەردەوام پێـداگرییان لەسـەر ئەوە دەکـردەوە کە پرسـی کـورد **مەسـەلەیەکی ناوخۆی دەوڵەتێکی خاوەن سـەروەرییە**، کە دەوڵەتـی عیـراقە. هەر لەبەر ئەوەش، دەستخسـتنەناو کاروبـاری ئەو دەوڵەتە ڕێگەپێدراو نییە. لە لایەکـی تـرەوە، ئەمەش دەبـێ بە جەختکـردنەوە بگـوترێ، کـاتێکیش ئەمەریکییەکان لە بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢دا بڕیاری ئەوەیـان دا کە یـارمەتیی کـورد بـدەن، بە هـیچ شـێوەیەک باسـی ئەوەیـان نەکـردووە کە ئەم یـارمەتییە بە واتـای ئەوە بێت کە ئەمەریکا ڕۆڵی **زامنکار** لە پەیوەندیی کورد و ئێراندا ببینێ. واتە لە باشترین حاڵەتدا بەهەڵەتێگەیشتن هەبوو، واتە لایەنـی کـوردی تـاکلایەنە وای لێـک دابـووەوە کە ڕۆڵـی زامنکـار بەشـێکە لەو یـارمەتییەی کە ئەمـەریکا بە کـوردی دەبەخشـێ. لە ڕاسـتیدا، هەر وەک کیسـنجەر دەڵێـت، "ئـێمە نـاتوانین بەردەوام **گەرەنتیـی** دواڕۆژی دۆسـتەکانمان بکەیـن."[2] لێـرەدایە کە دەکـرێ **بەهەڵەتێگەیشـتن**، هەر وەک زۆر جار لە میژوودا ڕووی داوە، پشتشکێن بێت بۆ جۆری پێشـوەچوون و دەرهاویشـتەی ڕووداوەکـان، کە ئەمەش دواتـر ڕووی دا کاتێـک جـوولانەوەی چەکـداریی کـورد لە

---

[1] ڕەحمانی، *شۆڕشـی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمـەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٩٢.

[2] Kissinger, *The White House Years*, 1979, p. 1265.
جەختکردنەوەی نووسەر.

ئـاداری ۱۹۷۵دا هەرەسـی کارەسـاتباری هێنـا، لەولاشـەوە **شتێک نەبوو بە ناوی گەرەنتی** بۆ ئەوەی کورد بپارێزێ لەو شکسـت و داڕمـانە مێـژوویيە! لە ڕاسـتیدا، بەپێـی ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی لە بەردەستدان، لە هیچ جێگەیەکدا ئەوە نەهاتووە کە ئەمەریکا لە یارمەتیدانی کورددا پێویستە ڕۆڵـی زامنکـار ببینێـت. لە باشـترین حاڵەتیشـدا ئەو ڕۆڵەی ئەمەریکا "گوایە ڕۆڵی زامنکاری بینیبێ"، تەنها بەرهەمی **بیر و ئەندێشەی سەرکردەکانی جوولانەوە چەکدارییەکە خۆی بـووە**، واتە **بەهەڵەتێگەیشـتنێک** بـووە و هیچـی تـر. تەنـانەت هەندێک لەوانەی ڕۆڵێکی گرنگیـان لە ڕەهەندی دیپلۆماسـیی جوولانەوەکەدا دەبینی و پێویست بوو باش لەوە ئاگادار بـن کە ئەمەریکا هیچ جۆرە گەرەنتییەکی نەداوە بە کورد، کەچی ئەوان پێیـان وایە کە ئەمـەریکا، یـا ڕاستتر بڵێین نیکسـۆن و کیسـنجەر، گەرەنتییـان بە کـورد دابـوو.[1] لە ڕاسـتیدا لە هەنـدێک لەو هەڵسـەنگاندنە ڕەخنەییـانە، کە دوای هەرەسـهێنان دەربـارەی ئەو جـوولانەوەیە نووسـراون، ئەوە پشتڕاسـت دەکەنەوە کە سـەرکردایەتیی ئەو کـاتەی جـوولانەوە چەکـدارییەکە "بەردەوام پشـتی بە پەیوەنـدی و یـارمەتییە دەرەکییەکـان دەبەسـت، لە کاتێکـدا ئەم سەرکردایەتییە دەیزانی کە ئەو پەیوەندی و یارمەتییانە **هیچ**

---

[1] بۆ بەهەڵەتێگەیشتنێکی ئەوها، بۆ نموونە بڕوانە:
Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 190.
پێویستە بە گرنگییەوە لەو بەهەڵەتێگەیشتنەی ڤانلی نزیک ببینەوە، چونکە ئەو جگە لە ڕۆڵـی دیپلۆماسـییش وەک نوێنەری مەلا مستەفا لە دەرەوەی ووڵات، ئەکادیمییش بوو.

جۆرە زەمانەتێکی سیاسییان لە خۆ نەدەگرت.[١٠] پێویستیشە بە جەختکردنەوە ئەوە بڵێین کە هەموو ئەو جارانەی لە ماوەی شەڕە یەکسالییەکەی ١٩٧٤-١٩٧٥دا، کە شاندی کوردی لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا دانیشتبن یا نامەیان گۆڕیبێتەوە، ئەوا زیاتر باسی پێداویستییە مادییەکان، واتە چەک و تەقەمەنی و یارمەتیی دارایی کراوە. تەنانەت لە دواین نامەی مەلا مستەفادا بۆ کیسنجەر چەند ڕۆژێک دوای هەرەسی ١٩٧٥، بە هیچ شێوەیەک، وەک بیرهێنانەوەیەکی گرنگ و کاریگەر، باس لە ڕۆڵی ئەمەریکا وەک "**زامنکار**" نەکراوە. لە ڕاستیدا، لەو دۆخە ناهەمواری نامەکەی تێدا نووسرا، باشترین و شیاوترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵی "زامنکارییەی ئەمەریکا" بیر بەڕپرسانی ئەو وڵاتە بهێنرێتەوە و بەم شێوەیەش بخرێنە بەردەم بەرپرسیاریی بەڵێنەکانیان، بەڵام کە ئەوە نەکراوە، دەری دەخات کە ئەمەریکا پێشتر بەڵێنێکی لەو جۆرەی بە کورد نەداوە بۆ ئەوەی دواجار داوای لێ بکرێ ڕۆڵی "زامنکار" ببینێ، بەڵام لە نامەکەدا باس لە بەرپرسیاریی "سیاسی و ئەخلاقی"ی ئەمەریکا کراوە، کە ئەمە شتێکی جیاوازە لە ڕۆڵی "زامنکار". (بۆ بینینی نامەکەی مەلا مستەفا بۆ کیسنجەر، بڕوانە پاشکۆی ژمارە پێنج).

***

---

[١] الحزب الديمقراطي الكردستاني - اللجنة التحضيرية، تقييم مسيره *الثورة وانهيارها والدروس المستخلصة منها*. (؟،؟، ١٩٧٧)، ص. ٤٢. هیمای **تۆخکردنەوە** هیی نووسەرە.

له ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، پارتی دیمۆکراتی کوردستان به سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا، رێککەوتنیان لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ "هەرێم"[1]ی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتەی بەعسدا مۆر کرد. دەبوایە ئەم رێککەوتنە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێ. حکومەتی بەغدا لەو رێککەوتنەدا کۆمەڵێک ئامانجی هەبوون[2]، لەوانەش، دوویان زۆر گرنگ بوون: **یەکەم**، ئەم چوار ساڵە دەرفەتێک بێت کە حکومەتی بەعس جێگە و پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا بەهێز بکات؛ **دووەم**، کورد لە باشووری کوردستان لە ئێران دابڕێت و چیتر شای ئەو وڵاتە "کارت"ی کوردی وەک هەڕەشە و فشار لەسەر عیراق بەکار نەهێنێ، **واتە ئەو کارتەی لێ بسەنێتەوە**. بە واتایەکی تر، پاڵنەرەکان زیاتر پەیوەندیدار بوون بە رۆڵی ئیقلیمیی عیراق و دۆخی ئابووری، سەربازی و سیاسی، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەعس لە بەغدا، لە رێگەی ئەو چارەسەرەوە، بنچینەکانی فەرمانڕەوایی خۆی بەهێز و جێگیر بکات.[3] لە ڕووی ئیقلیمییەوە، ئامانجێکی گرنگی ڕژێم

---

[1] ئەو کاتە ناکۆکی لە نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی بەغدا، دەربارەی ئەو چەمکەی بە کوردستانەوە دەلکێنرێ، هەبوو: بە دیدی کوردی، دەبوایە ئەو چەمکە هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام بە دیدی حکومەتی بەعس، دەبێ ناوچە (منطقة)ی کوردستان بێت.

[2] ئیدمۆند غەریب باس لە کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەر دەکات کە وایان کردووە ڕژێمی بەعس لە عێراق دەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ببات، لەمەدا غەریب بە تایبەتی پشت بە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبەستێت کە ئەویش گۆڤاری ناوخۆی حزبی بەعسە (*الثورة العربية*، عدد ٣، ١٩٧١). بڕوانە:
Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, 1981, pp. 81-83, 93.

[3] Jasim M. Abdulghani, Iraq and Iran: the Years of Crisis. John Hopkins University Press. Mariland, 1984, p. 133; Abbas Kelidar, "Iraq: The Search for Stability," in Conflict Studies, No. 59, July 1975, 10.

لە بڕیاری چارەسەری کێشەی کورد ئەوە بوو کە ئەو ڕژێمە دەرفەتی هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەرفەتە کاتییش بووبێت، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی هەژموونی ڕژێم لە کەنداو و حزووری چالاکانەی ئەو وڵاتە لە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، جێپێی خۆی جێگیر و بەهێز بکات.[1] لە ڕووی ئابووریيەوە ئەوە یەکلا بووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٩دا، کە تێیدا بۆ ماوەیەک بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازیی تونـد لە نێوان کورد و ڕژێمی بەعسدا هەبوو، تێچووی شەڕ لە کوردستان گەیشتە سەد ملیۆن دۆلار، واتە ٣٠٪ی تەواوی بودجەی عیراق.[2] لە لایەکی تـرەوە، ئەگەرچی بۆچوونی باڵادەست لە ناو شارەزایانی بوارەکانی عیراق، حزبی بەعس و مەسەلەی کـورددا ئەوەیە کە دەستبردنی ڕژێمی بەعس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراق کەمتر لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی بوو و زۆر جاریش جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە کۆی ئامانجی ڕژێم لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دەستەبەرکردنی "ئاسایشی ڕژێم" و خۆبەهێزکردن بوو بۆ ئەوەی دواتر کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بەسەر "هەموو" عیراقدا بسەپێنێ.

حزبی بەعس، لە ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە و ئەزموونـەوەرگرتن لە ڕابـوردوو، ئاگـاداری ئەوە بـوو کە بەردەوامیی شەڕ لە کوردستان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەو حـزبە لە کۆتـایی ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵات لە

---

[1] Kinsman, "Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power", 1970, p. 9.

[2] Kinsman, "Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power", 1970, p. 9.

دەست بدات و کۆتایی بە یەکەم ئەزموونی فەرمانڕەوایی بێت. جگە لەو هەموو جەختکردنەوەیە لەسەر ئامانجە نائایدیۆلۆجییەکانی بەعس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام، لە بەرامبەردا، بۆچوونێکیش هەیە کە پێی وایە ئەم هەنگاوەی حزبی بەعس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، بنەمایەکی ئایدیۆلۆجییشی هەبوو.[1] لە هەڵسەنگاندنێکی حزبی بەعس خۆیدا بۆ تەواوی کێشەی کورد و پاڵنەرەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەو حزبە دیدی خۆی بە شێوەیەکی فراوان خستووەتە ڕوو کە بریتییە لە ئاوێتەکردنی **لایەنە کردەییەکان** لە لایەک و **ئایدیۆلۆجییەکان** لە لایەکی ترەوە، لە یەک دیدگای یەکگرتوودا. لە لایەنی **کردەییدا**، بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە، ڕەهەندی سەربازی، ئابووری، دەسەلاتی سیاسی و ڕۆڵی عیراقی ئیقلیمی و عەرەبی بەرجەستەن، لە لایەنی **ئایدیۆلۆجییشەوە** ئەو حزبە بە ڕوونی پێی وایە کە "هەر گەلێک لە گەلانی جیهان خەسڵەت، ماف و خواستی نەتەوەیی" خۆی هەیە و "قەزیەی کورد قەزیەیەکی نەتەوەیی ڕەسەنە"، بەڵام "کۆڵۆنیالیستان و کۆنەپەرستان هەوڵی شێواندن و لاوازکردنیان داوە."[2] جگە لەوەش، میشێل عەفلەق، دامەزرێنەری حزبی بەعس، لە حوزەیرانی ١٩٦٩دا بە ڕوونی گوتوویەتی، حزبی بەعس

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, 1981, pp. 82-83.

[2] وزارة الأعلام - الثقافة الجماهيرية، حول المسألة الكردية و تنفيذ بيان ١١ اذار التأريخي، بحث مستل من الثورة العربية - جريدة الحزب الداخلية، العدد الثالث ١٩٧١، بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٧١، ص. ٩، ١٨-١٩.

"لاریی نییە لە مافەکانی کورد وەک شتێوازێک لە شێوازەکانی ئۆتۆنۆمی."[١٠]

لە لایەکی ترەوە، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە لە ناواخنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەدا کێشەیەکی بونیادی هەبوو، ئەویش مەسەلەی **هاوسەنگیی هێز** بوو لە نێوان کورد لە لایەک و ڕژێمی بەعسدا لە لایەکی ترەوە: بە واتای ئەوەی هەر کاتێک ڕژێمی بەعس دڵنیا بوو کە دەسەلاتەکەی جێگیر بووە و ئەوەندە هێز و توانای سەربازی و ئابووریی هەیە و لە ڕووی هاوپەیمانیی نێونەتەوەییشەوە وەک پێویست پێگەی خۆی بەهێز کردووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەوا بە باوەڕبەخۆبوونەوە ئەو کارە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی دەستکردنەوە بە شەڕ زۆر زیاترن و تابلۆکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی بتوانین بە یەک یا چەند هۆکارێکی کەم، تێگەیشتنێکی کامڵ و بڕاوبڕ بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤دا بە دەست بهێنین.[٢] هەر وەک دواتر بە شێوەیەکی فراوانتر گفتوگۆی دەربارە دەکەین، لە ڕەهەندی پەیوەندیی کورد و ئێراندا، هەر زوو دەرکەوت کە ئەو پەیوەندییانە نەپچڕاون و ئێرانیش، هەر زوو دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، بەردەوام چاوی لەوە بوو کە جارێکی تر کورد بەکار بێنێتەوە بۆ لێدانی عیراق و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستی

---

[1] McDowall, A Modern History of the Kurds, 1996, p. 326.

[٢] لەبارەی ئەم چوار ساڵە زۆر نووسراوە و هەردوو لایان (واتە حکومەتی عێراق و لایەنی کوردی) نووسراوێکی زۆریان بڵاو کردووەتەوە کە تێیاندا هەر لایەکیان ئەوەی دیکە بە شکاندنی پەیمانی ئاشتی گوناهبار دەکات. بۆ نموونە بڕوانە:

Yassin, Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1992, sid. 140-141.

بەوە بوو کە کار بۆ تێکدان و پچڕاندنی پەیوەندیی کورد و ڕژێمی بەغدا بکات. لە لایەکی تر‌ەوە، نەپچڕانی تەواوەتیی پەیوەندییەکانی کورد و ئێران و گوناهبارکردنی کورد لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە کە بەردەوام پەیوەندیی بە **ئێران و هەندێک هێزی بێگانەوە** هەبووە[1]، جێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەبوو لە تەواوی پرۆسەی گرژبوونەوەی پەیوەندییەکان، تا دواجار ئەم بارگرژییانە لە کەڵەکەبوونیاندا بە دەستپێکردنەوەی شەڕ تەواو بوون. لەم ڕووەوە، مکداوڵ پێی وایە لایەنی کوردی بە جددی و تەواوەتی لە هەڵوێستی ڕژێمی بەعس **دەربارەی ئەو پەیوەندییانەی کە کورد لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکادا هەیبوون، نەگەیشتبوو، چونکە ڕژێم، بە سادەیی**، ئەم جۆرە پەیوەندییانەی وەک "**خیانەت**" دەبینی.[2] لەوەش ئەولاتر، گوناهبارکردنی لایەنی کوردی، واتە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە لایەن ڕژێمی بەغداوە کە ئەو حزبە لەگەڵ هەندێ کەسایەتی و هێزی دژبەری ڕژێمدا پەیوەندیی بەستووە، لەوانەش، عەبدولڕەزاق ئەلنایف، حزبی شیوعی (سەرکردایەتیی ناوەندی - القیادة المرکزیة) و حزبی بەعسی سەر بە سوریا[3]، دیسان ڕۆڵێکی نەرێنیی لەو پێشوەچوونەدا بینی. واتە، کۆی ئەم پەیوەندییانە هۆکارگەلێکی گرنگ بوون بۆ پچڕانی پەتی متمانە و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و بەغدادا.

لە لایەکی ترەوە، لایەنی کوردییش بەردەوام فەرمانڕەوایانی بەغدایان بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی

---

[1] Abdulghani, Iraq and Iran, 1984, p. 137; The New Middle East, No. 52-53, Jan-Feb. 1973, pp. 48-49.

[2] McDowall, A Modern History of the Kurds, 1996, p. 323.

[3] The New Middle East, No. 52-53, Jan-Feb. 1973, pp. 48-49.

١١ی ئادار گوناهبار دەکرد و ئاماژەیان بۆ هەموو ئەو **کۆسپ و تەگەرانە** دەکرد کە ڕژێم بە کردار لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا دروستی دەکردن.[١] جگە لەوەش، لایەنی کوردی ڕژێمیان بەوە خەتابار دەکرد کە ڕژێم خۆی لە ئەنجامدانی سەرژمێری و چارەسەرکردنی کێشەی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" دەدزێتەوە.[٢] هەروەها، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١دا، لایەنی کوردی ڕژێمی بە ڕاگواستنی دانیشتوانی کوردان لە کەرکوک، بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، گوناهبار دەکرد.[٣] هەڵبەتە مەسەلەیەکی گرنگیش، کە جێگەی نیگەرانی و سەرنجی جددیی لایەنی کوردی بوو، پەیوەندیدار بوو بە بەشداریی ڕاستەقینەی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، لە هەمووشی گرنگتر، مەسەلەی حزووری کورد بوو لە "ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش"دا (مجلس قيادة الثورة)، کە باڵاترین و بەدەسەڵاتترین دامەزراوەی ڕژێمی بەعس بوو و کورد لە بەشداریکردن لەو دامەزراوە گرنگەدا بێبەش کرابوو.[٤] لە ڕاستیدا، تەنانەت هەندێک لە شارەزا و نووسەرە بیانییەکانیش پێیان وابووە ڕژێمی بەغدا هەوڵی جددیی نەدا بۆ جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار.[٥]

---

[١] بۆ نموونە بڕوانە، گۆڤاری *الکادر*، گۆڤاری تیۆریی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ژمارە ١٩، ئەیلوول ١٩٧٣، لاپەڕە ٢.

[2] The New Middle East, Jan-Feb. 1973, p. 49.

[3] Edith and E. Penrose, (1979) Iraq: International Relations and National Development, London: Westview Press, p. 369.

[٤] بۆ نموونە بڕوانە:

Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 171.

[5] Penrose, Iraq, 1979, p. 369.

بەڵام لە دیدێکی "هاوسەنگتر" و فراوانتردا، مارتن ڤان برونەسن پێی وایە کە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە بە ژمارەیەکی زۆر ڕووداو لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا، کە هەمووشیان پەیوەندیدارن بە عیراق و ئێرانەوە. ئەم ڕووداو و پێدراوانە بەیەکەوە، وایان کرد کە بەندەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار وەک خۆیان جێبەجێ نەکرێن.[1] نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە هەوڵەکانی "تێرۆرکردنی" ئیدریس بارزانی لە ئەیلوولی ١٩٧١دا و هیی مەلا مستەفا لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، ڕۆڵی گرنگیان لە بارگرژیی پەیوەندییەکانی کورد و ڕژێمی عیراقدا بینی.[2] بەڵام لە کۆی جیاوازییەکانی هەردوو لا، ئەوەش خوێنراوەتەوە کە ڕژێم لە لایەک و کورد لە لایەکی ترەوە، بەرەو کۆتایی چوار ساڵی ئاشتی، لەمەڕ **واتا و مەوداکانی مافەکانی کورد**، گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتنی هەردوو لادا هاتبوو. بۆ نموونە، پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێی وابوو ئۆتۆنۆمی بەشی مافی چارەی خۆنووسینی کورد ناکات، بەڵکو ئۆتۆنۆمی **تەنها بەردەبازێکە** بە ئاڕاستەی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین؛ لە کاتێکدا ڕژێمی عیراق پێی وابوو کە یەکپارچەیی خاکی عیراق دەبێ پارێزراو بێت، لایەنی کوردی شتێکی نوێی هێنابووە ناو باس و ململانێکانەوە، کە

بۆ باسێکی ورد و فراوانتر دەربارەی گۆڕینەوەی تۆمەت لە نێوان لایەنی کوردی لە لایەک و ڕژێمی بەعس لە لایەکی ترەوە، بڕوانە:
Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, 1981, pp. 105-107, 149-151.

[1] Marten Van Bruinessen, Agha, Shaikh ans State: on the Social-Political Organization of Kurdistan, Rijswijk: Entroprint, 1978, pp. 36-37.

[2] Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, 1981, p. 109.

ئەویش چەمکی "**یەکێتیی ئارەزوومەندانە**" بوو، ئەمەش وای کرد کە لە لای ڕژێمەوە دەنگی ئەوە ببیسترێ کە ئیتر کورد "**دەوڵەتێکی لە سەرەوەی دەوڵەت دەوێت**".[1]

٢-٢ شەڕی پێشوەخت: شەڕی ساردی نێوان دوو "هاوپەیمانی"

ئەوەی کە زانراوە، ئەوەیە لە بەهاری ١٩٧٤دا شەڕی بەرەیی، واتە شەڕ لە ڕووە سەربازییەکەیەوە، لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا دەستی پێ کرد. بەڵام، بە بۆچوونی خۆم، ئەم شەڕە زۆر پێشتر، لە بەهاری ١٩٧٢ەوە، بە جەنگێکی "ساردە"، لەپێناو ئامادەکاری بۆ شەڕی گەرم، لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماسیدا بە چڕی دەستی پێ کردبوو.

ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی وای کرد هەردوو لایەنی عیراق و کورد ڕۆژ دوای ڕۆژ لە یەکتر دوور بکەونەوە، ئەو گۆڕانکارییە بوو کە لە **هاوسەنگیی هێزدا** لە نێوان هەردوو لا ڕووی دا، بە شێوەیەک، کاتێک کە چوار ساڵی ئاشتەوایی لە کۆتایی نزیک بووەوە، هەردوو لا هەستیان دەکرد کە هەریەکەیان **بە ڕادەیەک پێگەکەی بەهێزە** کە دواجار، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە، دەتوانێ جارێکی دیکە بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا.[2] تا ئەو جێگەیەی ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندیی بە لایەنی کوردییەوە هەیە، سەرکردایەتیی جووڵانەوەی چەکداری گەیشتبووە باوەڕبەخۆبوونێکی لەڕادەبەدەر، بە تایبەتی ئەو بەشەی

---

[1] McDowall, A Modern History of the Kurds, 1996, pp. 331-333.
گوتە وەرگیراوەکە لە لاپەڕە ٣٣٣دایە.

[2] Yassin "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1992, sid. 141; Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 190.

سەرکردایەتی کە ئاگاداری ئەوە بوون کە ئەمەریکا بە نهێنی یارمەتیی جوولانەوەکە دەدا، لە سەرووی هەمووشیانەوە مەلا مستەفا.[1] هەر لەم ئاڕاستەیەدا، کاتێک کە دۆخەکە لە بەرەوڕووبوونەوەی کورد و بەغدا نزیک بووەوە، مەلا مستەفا بە باوەڕبەخۆبوونەوە بە "بەرپرسانی شۆڕشی دەگوت کە ئەو، واتە مەلا مستەفا، هەر بەو چەکەی کە ڕژێمی بەغدا شەڕی پێ دەکات، شەڕ لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا دەکات. ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە سازدانی کەشوهەوای شەڕدا."[2] لە ڕاستیدا، مەلا مستەفا لە کاتێکدا ئەوەی گوت کە "مەکتەبی عەسکەری" ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخەکە ئامادە کردبوو، کە زۆر بابەتی و واقیعی بوو، ڕاپۆرتەکە ئەوەندەش **خۆشبین نەبوو**، بەڵام مەلا مستەفا، لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی لیژنەی ناوەندیی پارتی و بەرپرسە سەربازییەکاندا، ڕێگەی نەدا گفتوگۆ دەربارەی ڕاپۆرتەکە بکرێ.[3] جگە لەمەش، لە کاتێکدا مەلا مستەفا ئەمەی دەگوت، کەچی لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە، لە بەردەوامیی شەڕیشدا لە بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، ئێرانییەکان و

---

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 190.

[2] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٢. هەر وەک چۆن چاوەڕوانییەکانی مەلا مستەفا لە ڕووی ئەو چەک و تفاقەی کە کورد دواتر شەڕی پێ دەکات ناواقیعییانە بوو، هەر ئەوەش چاوەڕوانییەکانی لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە ناواقیعییانە بوون، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەوا "**هەموو جیهانی ڕۆژئاوا یارمەتیی دەدەن.**" بڕوانە:
Stephen Pelletier, The Kurds: An Unstable Element in the Gulf, (Boulder & London: Westview Press), 1984, p. 174.

[3] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٣.

بە تـایبەتییش ئەمـەریکییەکان، **تەنهـا باسـیان لە چەکـی بەرگریکـردن** کردبـوو[1]، هەر وەک لە شـوێنی تـری ئەم لێکـۆڵینەوەیەدا ئامـاژەی بـۆ دەکەیـن. دواتـر بە کـردار دەرکەوت، وەک عیسمەت شەریف ڤانلی دەڵێت، بە درێژایی ئەو سـاڵەی کە تێیـدا شـەڕ بەردەوام بـوو، ئەو چەکەی کە ئەمـەریکا و ئێـران بە کوردیـان دەدا، بریتـی بـوو لە چەکـی سـووک، چەکـی مامناوەنـدی و هەنـدێ چەکـی دژەفـڕۆکەی بەسەرچوو و تۆپخانەی کورتمەودا.[2]

گۆڕانکـاریی بنەڕەتـی لە **هاوسـەنگیی هێـزدا** لە نێـوان ڕژێمـی عیـراق و لایەنـی کوردیـدا، لە بەهـاری ١٩٧٢دا بە شـێوەیەکی جـددی دەسـتی پـێ کـرد کاتێـک لە لایەنـی عیـراقییەوە حکـومەتی بەعـس ڕێککەوتنـی دۆسـتایەتی و هاوکـاریی، ناسـراو بە "ڕێککەوتنـی سـتراتیجی"، لەگەڵ یەکێتیـی سـۆڤییەتدا مـۆر کرد. بەپێـی ئەم ڕێککەوتنە، بڕیـار بـوو یەکێتیـی سـۆڤییەت چەک و تەقەمەنـی و شـارەزایی سـەربازیی بـۆ عیـراق فەراهەم بکـات، لە بەرامبەریشـدا یەکێتیی سـۆڤییەت بـۆی هەبـوو بەندەرەکانی ئەو وڵاتە، بـۆ مەبەسـتی سـەربازی، بەکـار بهێنێت.[3] جگە لەوەش، هەر ئەم

---

[1] لەو سەرچاوانەی کە بەردەستن، تەنها لە یەکێکیان باسی بەڵێنی ئێران بە دانـی چەکـی پێشـکەوتوو، لە جـۆری فـڕۆکەی جەنگـی و زرێپـۆش بە جـوولانەوەی چەکـداری کـردووە، بەڵام ئەم زانیاریـیانە لە هـیچ کـام لـە سەرچاوەکانی دیکەی بەردەسـتدا پشتڕاست نەکراونەتەوە. بڕوانە: الاتحاد الـديمقراطي الكردسـتاني - اللجنـة التاسيسـية، *الثـورة الكرديـة* - ١١ *ايلـول* ١٩٦١ - ١٦ *ازار ١٩٧٥: مشروع البرنامج الوطني*، ؟، ؟، اب ١٩٧٥، ص. ٣٣.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 185.

[3] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 183.

ڕێککەوتنە کاردانەوەی زۆری لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی عیراقدا هەبوو، چونکە ڕێککەوتنەکە ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی سۆڤییەت وا لە حزبی شیوعیی عیراق بکات لەگەڵ حزبی بەعسدا بچێتە بەرەی نیشتمانی و حکومەتەوە.[1] بەمەش ئەو حزبە، دواتر بە کردار، بوو بە بەشێک لە بەرەی شەڕی ڕژێم دژی کورد. ئەگەرچی خاڵی لێوەدەرچوونی سۆڤییەت ئەوە بوو کە ڕێککەوتنەکە دژی کورد نەبوو، بەڵام بە بۆچوونی ڤانلی، ئەم ڕێککەوتنەی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت و نزیکبوونەوەی ڕژێمی بەعس لە حزبی شیوعیی عیراق، تا تەنانەت دەگاتە ئاستی بەستنی بەرەی نیشتمانی لەگەڵیدا، دوو هەنگاوی زۆر گرنگ بوون کە وایان کرد ئیتر ڕژێمی عیراق لە بەهاری ١٩٧٤دا سەرلەنوێ بەرامبەر بە کورد بە "متمانەبەخۆبوونەوە" بچێتە شەڕێکی دیکەوە.[2] لە ڕاستیدا، جگە لەو ڕۆڵە گرنگەی کە یەکێتیی سۆڤییەت لەمەڕ نزیککردنەوەی حزبی شیوعیی عیراق و حزبی بەعس بینیی، دوو فاکتەری تریش ڕۆڵیان بینی لە نزیکبوونەوەی ئەم دوو حزبە لە یەکتر: **یەکەم**، دیدی ئایدیۆلۆجییانەی حزبی شیوعی، کە لە کۆنگرەی دووەمی حزبەکەدا لە ئەیلوولی ١٩٧٠دا گەڵاڵە بووبوو. ئەم حزبە پێی وابوو ئیتر عیراق کەوتووەتە قۆناغی **گەشەسەندنی ناسەرمایەداریی‌یەوە**[3]، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر بڕیاری حزبی شیوعی بۆ بەشداریکردن لە بەرەی نیشتمانیدا؛ **دووەم**، تێکچوونی

---

[1] Shahram Chubin, Soviet Policy Towards Iran and the Gulf, London: The International Institute for Strategic Studies, Adelphi Papers no. 157, 1980, p. 41.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 182-183.

[3] گەشەسەندنی ناسەرمایەداری یا بە عەرەبی (التطور اللارأسمالي).

پەیوەندیی نێوان کورد و حزبی بەعس، وای کرد کە حزبی شیوعی، بە ئاسانی، ببێ بە جێگرەوەی کورد لە کاری هاوبەش و هاوپەیمانیدا لەگەڵ حزبی بەعسدا.[1]

لە بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنەی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەتدا، لایەنی کوردیش، هەر لە ساڵی ١٩٧٢ەوە، توانیی پشتیوانیی ئێران و ئیسرائیل، بگرە پشتیوانیی ئەمەریکاش، بە دەست بهێنێ. ئا لێرەوە چیرۆکی ڕۆڵی کیسنجەر لەگەڵ کورددا دەست پێ دەکات. هەڵبەتە پێویستە هەر زوو ئەوە بڵێین کە بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەمەریکا یەکلاکەرەوە و گرنگ بوو بۆ بڕیاری دواتری کورد بۆ ئەوەی، لە بەهاری ١٩٧٤دا، جارێکی دیکە بە "باوەڕبەخۆبوونەوە" لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا بچێتە شەڕەوە. قانلی پێی وایە مەلا مستەفا هاوپەیمانیی لەگەڵ شای ئێراندا قبوول کرد کاتێک بینیی عیراق سەرکەوتوو بوو لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا.[2] بەڵام بە باوەڕی خۆم، ڕێککەوتنی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت دەکرێ **تەنها گرۆتینی زیاتری** بە نزیکبوونەوەی زیاتری مەلا مستەفا و شای ئێران لە یەکتر دابێت، ئەگەر نا، هەر لە سەرەتای ١٩٧٢ەوە، تەنانەت زووتریش، مەلا مستەفا، لە ڕێگەی نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئێران، ئامادەکاریی بۆ بەرەککەوتنێکی دیکەی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا

---

[1] Marion Farouk-Sluglett, Peter Sluglett, "From Gang to Elite: The Iraqi Ba'th's Consolidation of Power, 1968-1975," in L'Irak, Le p'trole et la Guerre," in Peuples Mediterraneens, No 40, Revue trimestrielle - Juli - Sept. 1987, pp. 102-103.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 183.

دەکـرد، چـونکه ئەو متمـانەی بەو ڕژێـمە بە تەواوەتـی لە دەست دابوو.[1]

بەم شێوەیەش، دوای ڕێککەوتنە ستراتیجییەکەی عیراق و یەکێتیـی سـۆڤییەت لە نیسـانی ۱۹۷۲دا لە لایەک و لە لایەکـی تـرەوە کـاملبوونی "هاوپەیمـانییە" چوارقـۆڵییەکەی ئێـران، ئەمەریکا، ئیسرائیل و کورد لە سەرەتای هاوینی هەمان ساڵدا، "شـەڕێکی سـارد"، واتە شـەڕی نێـوان **دوو "هاوپەیمـانی"[2] لە بەرامـبەر یەکتـردا** دەسـتی پێ کـرد. هەر زوو ڕژێمی بەعس پەنـجەی تـۆمەتی بـۆ ئەو چـوار لایەنە ڕاکێشـا و بە ئاشـکرا هەرسێ وڵاتی ئەمەریکا، ئیسرائیل و ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دژی ئەو ڕژێـــمە یـــارمەتیی کـــورد دەدەن.[3] لەم چوارچێوەیەشـــدا، تـــا دەهـــات ئەم "شـــەڕی ســـاردە"، لە پرۆسـەیەکی فرەڕەهەنـددا، بەرەو پێکدادانی گەرم و خوێنـاوی دەچوو.[4] بەم واتایەش، شەڕی ڕاستەقینە، واتە شەڕ بە شێوازە

---

[1] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.

[2] دەکـرێ وشـەی ڕێککەوتـن بـۆ هەردوو حـاڵەتەکە زۆر ورد نەبێـت. لە کاتێکـدا ڕێککەوتنـی بەغـدا و مۆسـکۆ لە نیسـانی ۱۹۷۲دا شـێوازی ڕێککەوتنێکی ڕەسمیی هەمەلایەن وەردەگرێ و بە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی بە ناوی "پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری" مۆر دەکرێت، بەڵام ڕێککەوتنی ئێـران و ئەمـەریکا لەسـەر سـوودوەرگرتن یـا تەنـانەت بەکارهێنـانی جـوواڵانەوەی چەکـداری لە باشـووری کوردسـتان، زیـاتر لە شـێوازی قبووڵکردنی ئەمەریکایە لە داواکارییەکی شای ئێران بۆ "یارمەتیدان"ی ئەو جوواڵانەوە چەکدارییە، کە ئەم قبووڵکردنەش لە مانگی حوزەیراندا لە لایەن ئیدارەی ڕیچارد نیکسۆنەوە بە ڕەسمی بە شای ئێران ڕاگەیەنرا.

[3] Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 137.

[4] نـاتوانین هەر وا بە ئاسـانی ئەوە دەستنیشـان بکەیـن ئـاخۆ ڕێککەوتنـی عێـراق و یەکێتیـی سـۆڤییەت کـاردانەوە بـوو بەرامـبەر بە هەڵکشـانی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا یان نا. لە بواری لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە

سەربازییەکەی، لە بەهاری ١٩٧٤دا دەستی پێ کرد[١]، ئەگەرچی دوو ساڵ بوو شەڕ لە شێوازی سیاسەت و دیپلۆماسیی هاوپەیمانیدا بە چڕی لەسەر پێ بوو.

لە ڕاستیدا، دەکرا زووتریش، هەر لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣وە، پێکدادانی سەربازی لە نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا دەست پێ بکات، ئەگەر لەو کاتەدا کورد هێرشیان بۆ سەر بیرە نەوتییەکانی کەرکوک بکردایە. ئامانجی سەرەکیی ئەم هێرشەش لە دەرەوەی بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی کوردان بوو، بەڵکو ڕێک لە خزمەتی داواکاری و خواستەکانی ئیسرائیلدا بوو، کە ئەویش کەمکردنەوەی

نێونەتەوەییەکاندا، هەردوو پرسی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە لایەک و ململانێی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەت لە چوارچێوەی جەنگی ساردا بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەکی تر، بە چڕی تێکەڵاوی یەکتر بوون. هەر لەبەر ئەوەش، ئاسان نییە باس لە سنووری دیاریکراو و جیاکەرەوە بکەین لە نێوان هەموو ئاستەکانی حاڵەت و پەرەسەندنە میژوونییەکەدا. بەهەرحاڵ، بۆچوونێک هەیە بە ئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "هاوپەیمانییەکەی" عێراق و یەکێتیی سۆڤییەت کاردانەوە بوو لە بەرامبەر هەڵکشانی پشتگیرییەکانی ئەمەریکا بۆ ئێران لە چوارچێوەی مەبدەئی (یا دۆکترینی) ڕیچارد نیکسۆن لە یارمەتیدانی هاوپەیمانانی ئەمەریکا. بە تایبەتی بڕوانە:

F. Gregory Gause, "The International Politics of the Gulf", In International Relations of the Middle East, Louice Fawcett, Oxford: Oxford University Press, 1st Edition, 2005, p.275.

[١] بە تایبەتی لە چوارچێوەی بۆچوونی جەنەڕاڵی پرووسی، کارل ڤۆن کلاوسوفیچ (١٧٨٠-١٨٣١)، کە لە کتێبە ناوداڕەکەیدا "دەربارەی جەنگ - von kriege"، دەڵێت "جەنگ بەردەوامیی سیاسەتە، بەڵام بە ئامرازی دیکە." دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە شەڕەکەی ١٩٧٤ لە ڕاستیدا لە **ئاستە سیاسییەکەیدا** لە بەهاری ١٩٧٢دا دەست پێ دەکات، کاتێک کە هەردوو لا (عێراق و کورد) تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیا بوون، بە هۆی بەدەستهێنانی هەردوو هاوپەیمانییەکە، کە ئیتر "ئامادەن" بچنە شەڕێکی تردەوە.

کاریگەری و قورسایی سەربازیی عیراق لەسەر ئیسرائیل بوو. بیرۆکەی هێرشێکی ئەوها، یەکسەر دوای دەستپێکردنی جەنگی عەرەب و ئیسرائیل، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا، لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ کورد پێشنیاز کرابوو. بەڵام لە لایەکەوە شای ئێران پێی وابوو کورد بۆ ئەو جۆرە هێرشە ئامادە نییە، هەر وەک لە لایەکی تریشەوە، کیسنجەریش بە ناوی سەرۆک نیکسۆنەوە، لە رێگەی سی ئای ئەیەوە، بە شێوەیەکی بڕاوبڕ و یەکلاکەرەوە سەرکردایەتیی کوردی ئاگادار کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک هێرشێکی ئەوها نەکەن.[1] بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا، واتە ئەوەی کورد ئەم هێرشە نەکەن، هۆکاری زۆر باس کراون. یەکێکیش لەو هۆکارانە ئەوە بوو کە ئیتر لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا بە پەرینەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە سویس بۆ دیوی ناوەوەی میسر، ئەو وڵاتە هاوسەنگیی جەنگەکەی بە لای خۆیدا گۆڕی و بەمەش پێویست نەبوو کورد هێرش بکەنە سەر بیرە نەوتییەکانی کەرکوک.[2] بە تایبەتی کیسنجەر لای خۆیەوە پێی وابوو کە هێرشێکی لەو جۆرە وا دەکات کە ئیسرائیل سەرکەوتنی **یەکلاکەرەوە** بە دەست بهێنێت و بەمەش بچێتە پێگەی **بااڵدەستییەکی بڕاوبڕ و یەکلاکەرەوە** لە بەرامبەر عەرەبدا، هەر وەک ئەو سەرکەوتنەی کە لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧دا بە دەستی هێنا[3]، چونکە

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87; William Safire, Safire's Washington, New York: Times Book, 1980, p. 333.

[2] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 61.

[3] Safire, Safire's Washington, 1976, p. 61.

ئیسرائیل، له حاڵەتی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی گەورەی لەم شێوەیەدا، ئامادە نەدەبوو گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا بکات، وەک چۆن دوای سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧دا ئامادە نەبوو گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا بکات.

***

لێرەدا پێویستە ئەوەی کە پێشتر دەربارەی سازدانی هاوپەیمانییەکان گوترا، بە وردەکارییەکی زێترەوە.ڕوون بکەینەوە.

لە شوباتی ١٩٧٢دا سەدام حوسەین، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکانی عیراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا بە ئامانجی، هەر وەک سەدام حوسەین دەڵێ، مۆرکردنی "هاوپەیمانییەکی ستراتیجیی پتەو"[1]، گەیشتە مۆسکۆ. ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی، لە ٩ی نیسانی هەمان ساڵدا، لە بەغدا ڕێککەوتنی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان هەردوو لا مۆر کرا، لە لایەنی سۆڤییەتییەوە سەرۆکوەزیران، ئەلێکسی کۆسیجن، ڕێککەوتنەکەی مۆر

شایەنی ئاماژەیە کە لە سێپتەمبەری ١٩٧٤یشدا جارێکی دیکە مەلا مستەفا پێشنیازی ئەوەی کرد کە هێزە کوردییەکان هێرش بکەنە سەر بیرە نەوتییەکان، بەڵام دیسان هەر وەک پێشوو، کیسنجەر، لە ڕێگەی وێستگەی سی ئای ئەیەوە لە تەهران، مەلا مستەفای ئاگادار کردووەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک نابێت کارێکی ئەوها بکات. هۆیەکی ئەم بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کیسنجەر پێی وابوو هێرشێکی ئەوها دەکرێ قەیرانی وزە لە جیهاندا قوولتر و فراوانتر بکاتەوە. بڕوانە:
Kissinger, The Years of Renewal, 2012, pp. 590.

[1] Kelidar, "Iraq: The Search for Stability", 1975, p. 16.

کرد. ئەم ڕێککەوتنە دەرگای ناردنی چەکی سۆڤییەتی بۆ عیراق والاتر کرد. لە بەرامبەریشدا، گرنگە ئەوە لە بیر نەکەین کە لە کاتێکدا سۆڤییەت کاری بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێککەوتنە و دواتریش بەرجەستەکردنی دەکرد، لە لایەکی تردوە هاوتەریب بەردەوامیش بوو لە هەوڵەکانی بۆ فەراهەمکردنی ئاشتییەکی جێگیر لە نێوان ڕژێمی عیراق و کورددا. تەنانەت مانگێک بەر لە مۆرکردنی ئەم هاوپەیمانییە، یەکێتیی سۆڤییەت هەوڵێکی زۆری لەگەڵ عیراقدا دا بۆ ئەوەی کورد، لە حاڵەتی مۆرکردنی ئەو هاوپەیمانییەدا، دوور نەکەونەوە لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک کە لە چوار دیپلۆماتکار پێک هاتبوون، چوونە لای مەلا مستەفا بۆ ڕازیکردنی، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا لە ئاستێکی باشدا بپارێزێت، بەڵام ئەم هەوڵەی سۆڤییەتییەکان سەرکەوتوو نەبوو.[1] دوای ڕێککەوتنەکەش، تەنانەت چەند هەفتەیەکیش بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤دا، یەکێتیی سۆڤییەت هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی، بە هیوای ئەوەی **ڕێگری لە دەستپێکردنەوەی شەڕ** لە نێوان کورد و ڕژێمی بەغدادا بکات. تەنانەت لە دواین خولەکەکانی ئەو کاتەی بە دەستەوە مابوو، بۆ دانی هەر هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە دەستپێکردنەوەی شەڕ، یەکێتیی سۆڤییەت

---

[1] لە هارۆلد سەندێرز، لە ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ جێگری یارمەتیدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، ژەنەرال هەیگ. هاوپێچی دووەم. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢٧٤-٢٧٥.

هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ ڕازیکردنی لایەنی کوردی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدادا ڕێک بکەوێ. لە ڕاستیدا، تەنانەت ئەو ماوەی چوار ساڵەشی کە بۆ ئاشتی لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا دیاری کرابوو، کۆتایی هاتبوو و عیراقیش یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاندبوو، بەڵام دیسان لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٤دا وەزیری بەرگریی یەکێتیی سۆڤییەت، ئەندرێی گرێچکۆ، هاتە عیراق بۆ ئەوەی دواپین هەوڵ بدات بە ئومێدی ئەوەی ڕێگری لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و عیراقدا بکات و هەردوو لا بگەن بە ڕێککەوتن.

ئەم هەوڵانەی یەکێتیی سۆڤییەت ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیاسەتی ئەو وڵاتەوە بەرامبەر بە عیراق و مەسەلەی کورد هەبوو. بەڵام لێرەدا پێویستە تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ ئەم ڕۆڵ و هەوڵانەی یەکێتیی سۆڤییەت بخەینە ڕوو؛ تێگەیشتنێک کە سنوورەکانی مەسەلەی کورد و عیراق تێ دەپەڕێنێ: هەر وەک فرێد هالیدەی دەڵێت، سیاسەتی سۆڤییەت لە جیهانی سێیەمدا بەردەوام هەوڵدان بوو بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ململانێکان بۆ ئاستی پێکدادانی چەکداری، ئامانجیش لەم سیاسەتە ڕێگریکردن بوو لە دەستتێکەڵاوکردنی ئەمەریکا لە ململانێکان. هالیدەی پێی وایە هەوڵەکانی سۆڤییەت بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ململانێی عیراق و کورد، ڕێک دەخزێتە ناو ئەم جۆرە لە ستراتیجی و بیرکردنەوەیە.[1] جگە لەوەش، سیاسەتی

[1]Fred Halliday, Soviet Policy in the Arc of Crisis, Amsterdam: Institue for Policy Studies, 1981, pp. 41-42.

یەکێتیی سۆڤییەت بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی جیهانی سێیەم، تا ڕادەیەکی زۆر، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە بوو لە شێوازی چارەسەری کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، واتە بە دانی ئۆتۆنۆمی پێیان. ڕێک لەم چوارچێوەیەدا، هەر وەک هاڵیدەی جەختی لێ دەکاتەوە، یەکێتیی سۆڤییەت، بە تایبەتی لە ١٩٧٢-١٩٧٥دا، پشتگیریی لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی بۆ پرسی کورد لە عیراقدا دەکرد.[1] لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە سیاسەتی سۆڤییەت لەو ساڵانەدا، لە باشترین حاڵەتدا، لە ناکۆکییەکدا دەژیا بە واتای ناکۆکی لە نێوان ئەو ڕەگەزانەی کە ئەو سیاسەتەیان پێک دەهێنا: لە لایەکەوە پشتیوانیکردن لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، کەچی لە لایەکی ترەوە، هاوپەیمانی لەگەڵ و پشتیوانی لە ڕژێمێک کە ڕۆژ دوای ڕۆژ پاشگەز دەبووەوە لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی و هەموو تواناکانیشی دەخستە گەڕ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکەی سەربازی لەگەڵ کورددا. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ سەرنەکەوتنی هەوڵەکان، لەوانەش هیچ یەکێتیی سۆڤییەت بۆ ڕێگریکردن لە شەڕێکی دیکە لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا، بە ئاسانی تەنها بەوە لێک بدەینەوە کە ئەوە تەنها پاشگەزبوونەوەی ڕژێمە کە ڕێگە بۆ شەڕێکی تر خۆش دەکات. لەم چوارچێوەیەشدا، پێویستە لە پرۆسەی ئەو بارگرژییە بەردەوامەی کە پەیوەندیی کورد و عیراق بە خۆیەوە بینیی، جەخت لەسەر پێشوەچوونەکان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی جووڵانەوەی چەکداریشدا

[1] Halliday, Soviet Policy in the Arc of Crisis, 1981, p. 114.

بکرێتەوە. بە واتای ئەوەی ئەم پەیوەندییانە رۆڵی گرنگیان لە زیندەبوونی مەودا لە نێوان کورد و رژێمی بەغدا و پەرەسەندنی بارگرژییەکان لە نێوانیاندا بینی. بە تایبەتی داواکاریی ئێران و ئەمەریکا لە مەلا مستەفا، بۆ ئەوەی لەگەڵ رژێمی عیراقدا رێک نەکەوێت، رۆڵێکی گرنگی بینی لەوەی کە دواجار مەلا مستەفا پەتی بکاتەوە رێککەوتنی هەمیشەیی لەگەڵ ئەو رژێمەدا بکات[1]، ئەگەرچی لە "رواڵەتدا" هۆکاری نەگەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، پازینەبوونی لایەنی کوردی بوو بە پرۆژە ئۆتۆنۆمییەکەی رژێمی بەغدا.

***

هەر وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، رێککەوتنی ستراتیجیی نێوان عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت، ڕووداوێکی گرنگ بوو، هەروەها زۆر لێکەوتەی گەورەیی هەبوو. رێککەوتنەکە وای کرد کە سێ وڵات، واتە ئەمەریکا، ئێران و ئیسرائیل، بە شێوەیەکی جددی لە هێز و تواناکانی عیراق و پەرەسەندنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی یەکێتیی سۆڤییەت، لە رێگەی زیندەبوونی هەژموونی ئەو زلهێزە لە ناوچەکەدا، نیگەران ببن.[2] دەرەنجام، دۆخەکە سەری دا لەوەی ئەو سێ وڵاتە بەیەکەوە، بە ئاراستەی کاردانەوە بەرامبەر بە نزیکبوونەوەی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت، بە تایبەتیتریش بەرامبەر بە عیراق، بجوڵێن. ئاشکراشە کە لەم

---

[1] William Blum, CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik, Översättning: Johnny Lindholm, (?: Lindholm Placebo Press, 1998, s. 317.

[2] James Bill, The Eagle and the Lion: The Tragedy of American-Iranian Relations. New haven and London: Yale University Press, 1988, p. 205.

کاردانەوەیەدا کوردی عیراق دەکەونە چەقی گرنگیپێدانەوە، وەک بژاردەی ستراتیجیی سێ وڵات، واتە ئیسرائیل، ئێران و ئەمەریکا. وەک کیسنجەر دەڵێت، هاوپەیمانیی ستراتیجیی نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و عیراق وای کرد ئەمەریکا بەرامبەر بە عیراق **بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە**، چونکە ڕەهەندێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە پڕچەککردنی عیراق بوو، کە ئەمەش ئاڵنگاریی جیۆپۆلیتیکیی بۆ ئەمەریکا لێ دەکەوتەوە.[1] لە ڕاستیدا هاوپەیمانیی عیراق و سۆڤییەت خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە بوو لە گۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد، بە واتای ئەوەی ئەم سیاسەتە دوای ماوەیەکی زۆر کەم لە هاوپەیمانیی سۆڤییەت و عیراق چووە **قۆناغێکی تەواو جیاواز و نوێوە**. بەڵام بەر لە "کاملبوونی" بڕیاری ئیدارەی نیکسۆن لە بابەتی شێوازی کاردانەوە بەرامبەر بە عیراق، دۆخەکە پێویستی بە هەندێک ڕوونکردنەوە و پێداچوونەوەی تر هەبوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا بە تەواوەتی لە پرسی پشتیوانێکردنی کورددا خۆی یەکلا بکاتەوە.[2] جگە لەوەش، بە تایبەتی ئێران بەرامبەر بە هاوپەیمانییەکەی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت زۆر نیگەران بوو، لە ڕاستیدا تەنانەت زیاتریش لە ئەمەریکا و ئیسرائیل، چونکە شای ئێران ڕێککەوتنی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەتی

---

[1] Kissinger, The Years of Renewal, 2012, p. 581.

[2] سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە هەر نەبێ، دوو جار پێش بەستنی هاوپەیمانیی عێراق و یەکێتیی سۆڤییەت، کورد بە ڕەسمی لە ئابی ١٩٧١ و ئاداری ١٩٧٢دا داوای یارمەتییان لە ئەمەریکا کردبوو، بەڵام ئەو داواکارییە بە تەواوەتی ڕەت کرابووەوە. بۆ نموونە بڕوانە:
Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, 1981, p.140.

وەک **هاوپەیمانییەکی سەربازی** دەبینی. دەشکرێ مرۆڤ بە ئاسانی لە نیگەرانییەکانی ئێران تێ بگات کاتێک لە ڕووی جیوپۆلیتیکییەوە ئێران سنووری هاوبەشی لەگەڵ هەردوو لایەنی هاوپەیمانییەکەدا هەیە و تەنانەت دەکرێ بڵێین ئێران دەکەوێتە نێوان "دوو بەرداش"ی هاوپەیمانییەکەوە. جگە لەوەش، خەونی کۆنی ڕووسیای قەیسەری و دواتریش یەکێتیی سۆڤییەت بۆ گەیشتن بە "ئاوە گەرمەکان"، کە کەنداویش یەکێکە لەو ئاوانە، بەردەوام لە حسێبە جیۆپۆلیتیکییەکانی ئێراندا حزووریان هەبوو.

لە ٣٠ و ٣١ی ئایاری ١٩٧٢دا، لە ڕێگەی گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ، نیکسۆن و کیسنجەر سەردانێکی مێژوویییان بۆ تەهران کرد.[١] لە ماوەی سەردانەکەدا نیکسۆن دوو شتی گرنگی بۆ شای ئێران جەخت کردەوە: **یەکەمیان**، ئێران و سعودییە جووت-کۆڵەکە (twin pillars)ی ئاسایشی هەرێمی پێک دەهێنن؛ **دووەمیان**، ئێران بۆی هەیە پێشکەوتووترین چەکی "نائەتۆمی" لە ئەمەریکا داوا بکات[٢]، یەکێک لەم

---

[١] بۆ وردەکاریی ئەم سەردانە بۆ ئێران، بڕوانە:
Kissinger, The White House Years, 1979, pp. 1258-1265.

[٢] لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕووی کردەییەوە بەدەستهێنانی پێشکەوتووترین چەکی ئەمەریکی لە لایەن ئێرانەوە، لە ڕووی ڕازیبوونی ئەو دامەزراوانەی کە پێویستە قسەیان هەبێ و لەو بارەیەوە ڕازی بن، شتێکی بێکێشە نەبوو. بڕوانە:
Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1264; Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 200; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58; Isaacson, *Kissinger,* 1992, p. 562-563.
ئەم بنەمای **جووت-ئەستوونییە** لە ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ناوچەی کەنداودا، بە هۆی دوو ڕووداو و پێشوەچوونەوە، گرنگیی زۆر زیاتری پەیدا کرد: **یەکەمیان**، بە هۆی هەردوو ڕووداوی جەنگی تشرینی

چەکـانەش F-14 بـوو، کە ئەو کـاتە پێشـکەوتووترین و پڕبەهـاترین فـڕۆکەی جەنگـی بـوو لە جیهانـدا، نـرخەکەی حەڤـدە ملیـۆن دۆلار بـوو.[1] لە ڕاسـتیدا ئەم هەمـوو دەستکراوەییەی نیکسۆن و کیسنجەر لەمەڕ فرۆشتنی نوێترین چەک بە ئێـران، ڕەزامەنـدیی هەردوو وەزارەتـی دەرەوە و بەرگریـی ئەمـەریکا (پـەنتاگۆن)ی لەسـەر نەبـوو، بەڵام دواجـار بڕیارەکەی سـەرۆک و کیسنجەر، بە کردەیی، سـەرکەوت.[2] لە ڕووی سیاسـی و سـتراتیجییەوە، بە تـایبەتی لە دیـدی کیسـنجەرەوە، بۆچـوونی ئێـران و ئەمـەریکا لەمەڕ مەسـەلە جیهانییەکـان زۆر لەیەک نزیـک بـوون، تەنـانەت بەردەوام

یەکەمـی ١٩٧٣ی نێـوان ئیسـرائیل و ژمـارەیەک لە وڵاتـانی عەرەبـی؛ دووەمیـان، پەرەسـەندنەکان لە دۆسـیەی نەوتـدا، کە دوای ئەو جەنـگە نرخەکەی زۆر چـووە سـەرەوە. بەمەش گرنگیی ستراتیجیی ئەم کاڵایە و لەگەڵیشیدا وڵاتانی کەنداو، بە تایبەتی ئێران و سعودییە، زیاتر بوو. بڕوانە:
Gause, "The International Politics of the Gulf", 2005, p.275.

[1] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 201; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.

جەیمـس بیـل دەڵـێ لە نێـوان ١٩٧٢ و ١٩٧٨دا، بەدەستخسـتنی چەکـی پێشکەوتووی ئەمـەریکی لە لایەن ئێرانەوە هەمـوو پێوانەیەکی تێ پەڕاند، تەنـانەت لە ئاسـتی جیهانیشـدا. تەنهـا لە ١٩٧٢ تـا ١٩٧٧، بـودجەی بەدەستخستنی چەکی ئەمەریکی لە لایەن ئێرانەوە گەیشتە زیاتر لە شانزە ملیار دۆلار. ئەم بودجەیە لە ١٩٧٢دا تەنها کەمێک زیاتر بوو لە یەک ملیار دۆلار، بەڵام لە ١٩٧٧دا ئەو بـودجەیە گەیشـتە نـزیکەی دە ملیـار دۆلار. هەڵبەتە دیـوی تـری چیـرۆکەکە ئەوەیە کە نرخـی نەوت لە دوای جەنگـی تشرینی یەکەمدا چوار ئەوەندە، یـا چوار قات، بەرز بووەوە، بە شێوەیەک کە لە پاییزی ١٩٧٣دا داهاتی نەوت لە چوار ملیارەوە بۆ بیست ملیار بەرز بـووەوە، بەمەش ئێـران دەرفەتـی هەبـوو بە دەسـتکراوەیی بـودجە بـۆ مەبەستە سەربازییەکان تەرخان بکات. بڕوانە:
Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 202.

[2] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 201.

بۆچوونی هەردوو لا یەکتریان جێگیرتر و بەهێزتر دەکرد. هەروەها کیسنجەر پێی وابوو ئێران هاوپەیمانێکی ئەوەندە گونجاوە کە دەکرێ وەک "هاوپەیمانێکی بێمەرج" لە قەڵەم بدرێ، وەک ئاماژەیەک بۆ ڕادەی بێسنووریی گوێڕایەڵیی ئێران لەمەڕ داخوازی و داواکارییەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە. لە بەرامبەریشدا، بە هەمان لۆجیک، ئەمەریکا "هاوپەیمانێکی بێمەرج" بوو بۆ ئێران[1]، واتە یەکانگیربوونی جیهانبینیی جیۆ-سیاسی و هەڵوێستی هەردوو لا لە ئاستێکی زۆر بااڵدا بوو، بە تایبەتی لە بابەتی فەراهەمکردنی ئاسایش لە ناوچەی کەنداودا.[2] وەک ئارۆن لاسام دەڵێ، ئیدارەی کۆشکی سپی بە ئاسانی نەیدەتوانی **بە شای ئێران بڵێ نا**[3]، بەاڵم لە بەرامبەردا، هەمان ئیدارە دەیتوانی بە زۆرێک لە سەرکردەکانی دەوڵەتانی دیکە بڵێت نا. ڕێک لە دۆخێکی ئەوهادا، دۆخێک کە بۆ ئێران زۆر گونجاو و لەبار بوو، شای ئێران بە پەرۆشی و جەختکردنەوەیەکی زۆرەوە داوای لە نیکسۆن و کیسنجەر کرد کە ئەمەریکا، شان بە شانی ئێران، بە ئامانجی سنووردارکردنی دەرفەتەکانی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا، یارمەتیی جووڵانەوەی چەکداریی کوردانی عیراق بدات. لەم کاتەدا نیکسۆن وەاڵمێکی بڕاوبڕی بۆ شای ئێران پێ نەبوو، بەاڵم **هێمای** ئەوەی دا کە دەکرێ هاوکاریی کورد بکرێ.[4] لە الیەکی تردوە، ئەوە یەکەم جار نەبوو کە داوا لە نیکسۆن بکرێ یارمەتیی کورد بدات، بەڵکو پێشتر شای ئێران

---

[1] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 203-204.
[2] Kelly, *Arabia*, 1980, p. 304.
[3] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.
[4] Kissinger, *The White House Years*, 1979, p. 1264; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.

له تشرینی دووەمی ۱۹۷۱ و له ئاداری ۱۹۷۲دا هەمان داوای له نیکسۆن کردبوو. تەنانەت حوسەین شای ئوردنیش هەر له ئاداری ۱۹۷۲دا داخوازییەکی مەلا مستەفای له هەمان ئاراستەدا به نیکسۆن گەیاندبوو.[1] بەڵام به پێچەوانەوە، له ساڵی ۱۹۷۱ەوە تا ئاداری ۱۹۷۲، سێ ئای ئەی له هەردوو ئاستی وێستگەی دەزگاکە له تەهران[2] و له ناوەندی دامەزراوەکە له واشنتن، بەردەوام به هۆکاری جیاجیا، دژایەتیی یارمەتیدانی جووڵانەوەی چەکداریی کوردیان دەکرد.[3] بەهەرحاڵ، دوای کۆتاییهاتنی سەردانی نیکسۆن و کیسنجەر بۆ ئێران، یەکسەر له رێکەوتی ۱ی حوزەیراندا، عیراق **به یارمەتیی یەکێتیی سۆڤییەت**، خۆماڵیکردنی نەوتی کۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC)ی راگەیاند، که ئەمەش ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی دیکەی رۆژئاوایی زۆر بێزار کرد، به تایبەتی بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا. به تایبەتی ئەمەریکا نیگەرانییەکەی گەیشتە ڕادەی بیرکردنەوە له کاردانەوە، چونکە ۲۳،۷۵٪ی پشکەکانی کۆمپانیا خۆماڵیکراوەکە هیی کۆمپانیا نەوتییە ئەمەریکییەکان بوون.[4] جگە لەوەش، ئەم

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 581; Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 144.

[2] جگە له وێستگەی سێ ئای ئەی له تەهران، ئەمەریکییەکان تیمێکی سەربازییشیان له ئورمیە هەبوو که شارەزای بواری سەربازی بوون و بەردەوام له پەیوەندیدا بوون لەگەل سەرکردایەتیی جووڵانەوەی چەکداری و سەردانی ناوچەی بارەگای سەرەکیی سەرکردایەتییان دەکرد و ڕاوێژی سەربازییان به لایەنی کورد دەربارەی چۆنێتیی ئیدارەدانی جەنگ دەدا. بڕوانە:

Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

[3] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

[4] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik*, 1998, s. 317.

خۆمالێکردنە ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی عیراق و سۆڤییەت زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە و ڕێککەوتنێکی بازرگانی و ئابووریی مۆر بکەن.[1] دەرەنجام، ئەم ڕێککەوتنە بازرگانییەش بوو بە فاکتەرێکی تری نیگەرانیی ئەمەریکا بەرامبەر بە عیراق. جگە لەوەش، هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەنگاوی خۆمالێکردن بە پشتگیریی یەکێتیی سۆڤییەت بوو، کە ئەم پشتگیرییەش شێوەی جیاجیای وەرگرت[2]، ئەمەش بۆ خۆی ڕەهەندێکی دیکەی بێزارکردنی ئەمەریکییەکان بوو. دواتر لە مانگی تەممووزی هەمان ساڵدا، لەژێر کاریگەریی ژمارەیەک پێدراودا بەیەکەوە، ئیدارەی نیکسۆن پشتیوانیی خۆی بۆ جوولانەوەی چەکداریی باشووری کوردستان بە شێوەیەکی بڕاوبڕ یەکلا کردەوە، لەم پێدراوانەش: **یەکەم**، ڕێککەوتنەکەی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەت؛ **دووەم**، داواکارییەکەی شای ئێران لە نیکسۆن بۆ یارمەتیدانی کورد؛ **سێیەم**، بڕیاری حکومەتی عیراق لە خۆمالێکردنی نەوت لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا.[3] جگە لەوەش، لە کاتی سەردانێکی شای ئێراندا بۆ واشنتن لە تەممووزی ١٩٧٣دا، شای ئێران و نیکسۆن جەختیان لە هەندێک پرس کردەوە: **یەکەم**، یەکێتیی سۆڤییەت فشارەکانی لەسەر مەلا مستەفا زێدەتر کردووە بۆ ئەوەی کورد، لەگەڵ حزبی بەعس و حزبی شیوعیدا، بەشداری لە بەرەی نیشتمانیدا بکات؛ **دووەم**، شای ئێران ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو باوەڕی بە مەلا مستەفا هێناوە کە کورد

[1] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik*, 1998, s. 317.
[2] Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf*, 1980, p. 7.
[3] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

نەچێتە ناو ئەو بەرەیەوە.[1] کیسنجەر دەربارەی گفتوگۆکان لەم دیدارەی نیکسۆن و شای ئێران و ئەو ئەنجامانەی هەردوو لا پێی گەیشتن، دەڵێ: **یەکەم**، نابێ بواری ئەوە بدرێت عیراق سەرکەوتوو بێت لە بەستنی **هاوپەیمانیی سێلایەنی** لە نێوان حزبی بەعس، شیوعییەکان و کورددا، چونکە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، عیراق دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی "**شیوعییەکان**"؛ **دووەم**، بەبێ یارمەتیی ئەمەریکا، ڕاپەڕینی کوردان ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. گرنگیی ئەو یارمەتییەی ئەمەریکاش لەوەدایە کە دەبێت بە هۆی دەستەبەرکردنی **گۆڕانکاری لە ئاڕاستەی سیاسیی ڕژێمی عیراقدا**، بۆ ئەوەی دواجار ئەو وڵاتە حسێب بۆ نیگەرانییەکانی دراوسێکانی بکات، بە تایبەتی ئێران و ئوردن.[2] بەهەرحاڵ، کاتێک ئیدارەی نیکسۆن یەکلا بووەوە کە یارمەتیی جووڵانەوەی چەکداریی کورد بدات، چیتر پرسیار ئەوە نەبوو ئاخۆ سی ئای ئەی پێی باش بوو ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانەکە **بکرێت یان نا**، بەڵکو پرسیار ئەوە بوو ئاخۆ، لە ڕووی کردارییەوە، ئۆپەراسیۆنەکە **چۆن جێبەجێ بکرێت**[3]: واتە یارمەتیدانی کوردان بڕیاری نیکسۆن و کیسنجەرە و **پێویستە جێبەجێ بکرێت**.

ئەگەرچی، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ، لەو کاتەدا لە ئاستی ستراتیجییەوە، لە چوارچێوەی **هێزربوونەوەدا**، ماوەیەکی زۆر کەم بەسەر لەیەکنزیکبوونەوەی سۆڤییەت و ئەمەریکادا تێ پەڕیبوو، بەڵام نیکسۆن بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی باشترین بژاردە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا لە ئاستی

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 155.
[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 582.
[3] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

ململانـێ نێونەتەوەییەکانـدا[1]، هەڵـبەتە یەکێـک لەو بـژاردانەش پشتیوانیکردنی جوولانەوەی چەکداریی کورد بوو. بە واتایەکی دیـکە، ئیـدارەی نیکسـۆن دژایەتییەکـی نەدەبینـی لە نێـوان ئاڕاستەی نزیکبوونەوە لە یەکێتیی سۆڤییەت و هێوربوونەوە لە بارگرژییەکـانی جەنگی سـارد لە لایەک و لە لایەکی تـرەوە یارمەتیدانی جـوولانەوەیەکی چەکداری لە نزیک سـنووورەکانی یەکێتیی سۆڤییەت، تەنانەت دژ بە هاوپەیمانێکی سۆڤییەت، واتە دژ بە عیراق.

***

دەربـارەی سروشـتی پشـتیوانییەکەی ئەمـەریکا بـۆ بزاڤـی چەکـداریی کـورد، زۆر گـرنگە ئەوە جەخـت بکەیـنەوە کە ئەم پشتیوانییە تەنها لە ئۆپەراسیۆنێکی نهێنیدا (covert operation)دا[2]

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 579.

[2] **ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان** لە ئەمەریکا سێ جۆریان هەبووە و سی ئای ئەی لە چوارچێوەی ئەم ئۆپەراسیۆنانەدا لە وڵاتانی تـر دەسـتی لە سـێ جـۆر گۆڕانکاری و پرۆسەدا تێکەڵاو کردووە: **یەکەم**، پشتگیریی نهێنی لە میدیا؛ **دووەم**، دەستخسـتنەناو پرۆسـەی هەڵـژاردنەوە؛ **سـێیەم**، پشـتگیریکردنی ڕاپەڕینی چەکداری یا چالاکییە چەکداریەکان. هەڵبەتە گرنگە ئەوەش بڵێین کە سـی ئـای ئەی هەر لە قۆناغی پلاندانان تـا جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکـان، لە ڕێگـەی ڕاوێژکـاری ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیـیەوە، پەیوەنـدیی بە کۆشـکی سـپیەوە هەبـووە، لەو ڕێگەیەشـەوە چـالاکییەکە دەگـاتە سـەرۆک، کە بەرزتـرین و بەهێزتـرین پـێگەیە لە دەسـەلاتی جێبەجێکـاردا. دەبـێ لێـرەدا ئەوە جەخـت بکەیـنەوە، هەر وەک لە ڕاپـۆرتی پایکیشدا دەردەکەوێ، ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەردەوام جێگەی ڕەخنە بـوون لە لایەن کـۆمەڵگەی سیاسـی، ئەکـادیمی، میـدیایی و دیپلۆماسـییەوە. تەنـانەت هەندێک جار **گومان و نیشانەی پرسیاریش** خراوەتە سەر یاساییبوونی ئەم جـۆرە ئۆپەراسـیۆنانە، بە تـایبەتییش پرسـی ئەوەی **ئـاخۆ ئەم جـۆرە**

جێبەجێ دەکرا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو سروشتی ئەو هاوکارییەی ئەمەریکا بۆ کورد، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ، تەنها "**ئۆپەراسیۆنێکی هەواڵگریی نهێنی** - covert intelligence operation"[1] بوو، کەواتە چالاکییەکی هەواڵگرییە و بەشێک نەبوو لە بواری سیاسەتی ڕەسمیی دەرەوەی ئەمەریکا. لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییە کێشەی تێدا بوو، چونکە ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە بەپێی هەندێک یاسا و ڕێکار ڕێک خرابوون. بەڵام زۆرێک لەو یاسا و ڕێکارانە، لە حاڵەتی یارمەتیدانی جووڵانەوەی چەکداریی کورددا، پەیڕەو نەکران، یان لە باشترین حاڵەتدا گومان لە ڕاستی و دروستیی پەیڕەوکردنیان هەبووە. گرنگترینی ئەو ڕێکارانە ئەوە بوو کە لیژنەیەک بە ناوی "کۆمیتەی چل" (Forty Committee)، کە ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە سەرپەرشتیی دەکات، دەبێ هەموو ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان پەسەند بکات، بەڵام لە حاڵەتی کوردیدا، ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە

ئۆپەراسیۆنانە یەکانگیر بوونە لەگەڵ بەها و پرۆسە دیمۆکراسییەکاندا یان نا. بڕوانە:

Haines, "Looking for a ruge Elephant", 1998-1999, pdf.

[1] Kissinger, *The White House Years*, 1979, p. 1265.

بەهەرحاڵ، کیسنجەر، دواتر لە بەشی سێیەمی یادەوەرییەکانیدا، دوو پاساو بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە نهێنییە دەهێنێتەوە و دەڵێ: **یەکەم**، لەبەر ئەوەی کورد دژی وڵاتێکی خاوەن سەروەری شەڕی دەکرد، ئیمە کەناڵی دیپلۆماسیی "ئاشکرا"مان بە دەستەوە نەبوو بۆ گەیاندنی یارمەتی بە کورد؛ **دووەم**، بەر لەوەی ئەمەریکا بڕیار لەسەر یارمەتیدانی کورد بدات، چەند وڵاتێکی دۆستی ئەمەریکا زووتر دەستیان.کردبوو بە یارمەتیدانی نهێنیی کورد، کەواتە بۆ ئەمەریکاش ئاسانتر بوو هەمان شێوازی یارمەتیدانی کوردان، واتە **شێوازی نهێنی**، بگرێتە بەر. بڕوانە:

Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 583.

لە پرۆسەیەکی **ناڕووندا** پەسەند کرابوو. بە تایبەتی، سەرۆکی کۆمیتەکە ڕۆڵی لە تێپەڕاندنێکی "ناڕوون و گومانـاوی"ی ئۆپەراسیۆنەکە و بەدەستهێنانی پەسەندکردنی ئەندامانی کۆمیتەکەدا بینیبوو. تەنانەت بەر لەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بە شێوەیەکی "گومانـاوی" پەسەندیش بکرێت، جۆن کۆنۆللی، وەزیری گەنجینەی پێشووی ئیدارەی نیکسۆن، وەک "نوێنەر"ی نیکسۆن پەیامی قبوولکردنی "ئۆپەراسیۆنی نهێنی"ی بۆ پشتیوانیکردنی جوولانەوەی چەکداریی کوردان گەیاندبووە شای ئێران.[1] هەر لە سەرەتاشدا، لە چوارچێوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییەدا، ئەمەریکا بە گوژمەی شانزە ملیۆن دۆلار یارمەتیی جوولانەوەی چەکداریی کوردی دابوو.[2] لە لایەکی تردوە، بەپێی هەندێک سەرچاوە، لە بنەڕەتدا نە ئەم "کۆمیتەی چل"ە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی ئیدارەی نیکسۆنی بۆ یارمەتیدانی کورد پەسەند کردبوو و نە سەفیری ئەمەریکاش لە تەهران ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو.[3] جگە

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87; Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 148.

[2] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 205.

لە ڕاستیدا شانزە ملیۆن دۆلار پارەیەکی زۆر نەبوو و شای ئێران بە ئاسانی دەیتوانی ئەو بڕە پارەیە بدات بە کورد، بەڵام کێشەکە زیاتر لەوەدا بوو کە سەرکردەکانی کورد، زۆر بە تایبەتی مەلا مستەفا، لایەنی مەعنەویی ئەو یارمەتییەی ئەمەریکای لا گرنگ بوو. واتە ئەو یارمەتییە، لە لایەن کورد خۆیەوە، زیاتر وەک جۆرە زەمانەتێک دەبینرا. بۆ نموونە بڕوانە:

Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 184.

[3] Isaacson, *Kissinger*, 1992, p. 564.

دەرفەتی ئاگاداربوونی سەفیری ئەمەریکا لە ئۆپەراسیۆنەکە هەندێک گۆڕانکاریی بەسەردا هات کاتێک ڕیچارد هێلمز، سەرۆکی پێشووی سی

لەوەش، جێگەی ئاماژە و گرنگپێدانە کە لە کاتی بڕیاری ئیدارەی نیکسۆندا لەسەر ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییە، هاوتەریب ئەم ئیدارەیە، لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە، خەریکی ناردنی دیپلۆماتکارەکانی بوو بۆ عیراق، بۆ کردنەوەی "بەشی بەرژەوەندییەکان"ی ئەمەریکا لە بەغدا. بەم واتایەش، لە ساڵی ١٩٧٢ەوە تا ١٩٧٥ لە **دوو هێڵی هاوتەریب، بە ڕواڵەت دژبەیەک**، بەڵام دواجار لە چوارچێوە هەرە گشتییەکەیدا **یەکانگیر**، ئیدارەی نیکسۆن دیپلۆماسیی "دوو هێڵی هاوتەریب"ی بەرامبەر بە عیراق و کورد پەیڕەو کرد. لە کاتێکدا نیکسۆن خەریک بوو ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانی کورد سەر پێ بخات، لەولاشەوە، لە هەمان کاتدا، وەزارەتی دەرەوە ئارسەر لاوریی دەنارد بۆ عیراق بۆ کردنەوەی بەشی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە بەغدا. لاوری، هەر یەکسەر دوای دەستبەکاربوونی، دەستی کرد بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا و بانکە ئەمەریکییەکاندا و تەنانەت دیپلۆماتکارانی هەندێک لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی بتوانێ **گونجاوترین گۆشەنیگا** بدۆزێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عیراقدا.[1]

حاڵەتی نهێنییوون و **نارووني** و بوونی "**پێچوپەنا**" لە ئۆپەراسیۆنی یارمەتییەکاندا بۆ کورد، بەردەوام **سنووری** بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دادەنا، تەنانەت **هەڕەشەش** بوو لەسەری.[2] بەپێی ڕاپۆرتی پایک، بە شێوەیەکی گشتی، نەک

ئای ئەی، لە نیسانی ١٩٧٣دا بوو بە سەفیری ئەمەریکا لە تەهران. ئەم مەسەلەیە لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا زیاتر ڕوون دەکرێتەوە.

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 144.

[2] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 71.

هەر لە حاڵەتی کوردیدا، کێشەی جددی لە سەروبەری ڕاستی و دروستیی تەواوی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکاندا هەبوو. هەر لە سەرەتاوە، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان، بە دیاریکراوی هەر لە ساڵی ١٩٤٧دا، کاتێک بەپێی "یاسای ئاسایشی نیشتمانی" ڕێگە بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە "ئۆپەراسیۆنە نهێنییانە" درا، بواریک هەبوو بۆ ئەوەی زۆرێک لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان لە "لێڵی" و ناڕوونیدا جێبەجێ بکرێن.[1]

پێویستە لێرەدا بپرسین ئاخۆ ئەمەریکا بۆچی، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنیدا، بڕیاری لەسەر یارمەتیدانی کورد دا و ئامانجیشی لەو یارمەتیدانە چی بوو، گۆڕینی ڕژێمەکە بوو یا تەنها گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسیی ڕژێمەکە؟ دیارە، لەم بارەیەوە، جگە لەوەی کە پێشتر باس کرا، ئەوە پشتڕاست بووەتەوە کە هۆی سەرەکیی ڕازیبوونی ئەمەریکا بە یارمەتیدانی جوولانەوەی چەکداریی کورد، وەک "**چاکە**"یەکی ئیدارەی نیکسۆن بوو بەرامبەر بە شای ئێران.[2] بەڵام ئەمەریکا لە پرۆگرامی یارمەتییەکەیدا بێ مەبەست و ئامانج نەبوو. هەر وەک جەیمس بیل جەخت دەکاتەوە، ئامانج لە یارمەتیدانی ئەو جوولانەوەیە ئەوە بوو کە عیراق، دوای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا، "**سەرقاڵ**" بکرێت و ئەو ولاتە لە حاڵەتی **بەرگریدا بهێڵرێتەوە**، واتە توانای **هێرشبردنی** نەبێت.[3] جگە لەوەش،

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 83, 84.
[2] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85.
[3] Bill. *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 205.

مەبەست ئەوە بوو کە: أ- تواناکانی کورد لە عیراق تا ئەو ڕادەیە بەهێز بکرێن کە ئەوان بتوانن ددانانی عیراق بە مافەکانیاندا مسۆگەر بکەن؛ ب- بەردەوام حکومەتی عیراق سەرقاڵ بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا عیراق دابەش نەکرێ، چونکە ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی، جیابووەوە لە عیراق، لە ڕۆشنایی دیدی کیسنجەرەوە، ناتوانێ لە ڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ.[1] بەهەرحاڵ، ئامانجە بنچینەییەکە سنووردار بوو بەوەی کە لە داهاتوودا **ئاڕاستەی سیاسیی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە عیراق بگۆڕێت**، چونکە عیراق لە زۆر ڕووەوە قورسایی و کاریگەرییەکی جیۆپۆلیتیکی و ستراتیجیی تایبەتی هەبوو. ئەم وڵاتە، دوای سعودییە، دووەم بوو لە یەدەکی نەوتدا، هەروەها لە ڕووی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداو، زۆر گرنگ بوو. جگە لەوەش، بوونی پانزە هەزار ئەفسەر و سەربازی سۆڤییەتی لە میسر ئەو ئەگەرەی، وەک مەترسی، بەهێز کردبوو کە ئیتر لە حاڵەتی بەردەوامیی هاوپەیمانیی عیراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا، ناوچەکە بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکێتیی سۆڤییەتەوە.[2]

کەواتە، لەبەر ئەم هۆیانە، گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسیی ڕژێمی عیراق، بە واتای دوورخستنەوەی ئەو وڵاتە لە هەژموون و کاریگەریی ستراتیجیی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا و نزیککردنەوەی ئەو وڵاتە لە جیهانی ڕۆژئاوا، مەسەلەیەکی

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, pp. 589.
[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, pp. 579-580.

یەکجار گرنگ بوو.[1] بەهەرحال، دواتر و بە تایبەتی دوای جەنگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، هەبوونی یەکێتیی سۆڤییەتیش لە میسر، لە چوارچێوەی دوو پرۆسەدا، بە خێرایی کەم کرایەوە: **یەکەم**، ئاراستە گشتگیرەکەی **کرانەوە** (ئینفیتاح)ی ئەنوەر ئەلسادات، بە تایبەتی کرانەوە بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا، بەمەش دوورکەوتنەوە لە یەکێتیی سۆڤییەت؛ **دووەم**، پرۆسەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا، کە دواجار ئەم پرۆسەیە بۆ ئەنوەر ئەلسادات تاکتیکێکی کاتی نەبوو، بەڵکو ستراتیجی بوو، بەمەش میسر لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەدا، وەک پێشوو، پێویستیی بە یەکێتیی سۆڤییەت نەدەما. بە واتایەکی تر، هەر لە دوای جەنگی تشرینی یەکەم، ئاراستە نوێیە ستراتیجییەکانی میسر دەرکەوتن، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە ڕووداندا هەندێک گۆڕانکاری لە دیدی ئەمەریکادا ڕوو بە ناوچەکە و عیراق.

هاوتەریب لەگەڵ شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا لە ١٩٧٤-١٩٧٥، هێماکانی نزیکبوونەوەی زیاتری عیراق لە جیهانی ڕۆژئاوا دەرکەوتن.[2] هەر بۆ نموونە، عیراق لە ئەیلوولی ١٩٧٣دا گرێبەستێکی گرنگی بە بەهای سەد و بیست و دوو ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای ˚براون و ڕووت˚ی ئەمەریکی، لە بواری پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوتدا، مۆر کرد.[3] تەنانەت هەندێک زانیاری باس لەوە دەکەن کە هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشوەچوونەدا،

[1] Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf*, 1980, p. 41.
[2] Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf*, 1980, p. 41.
[3] Gibson. *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 158.

پەیوەندییەکانی عیراق و یەکێتیی سۆڤییەتیش کەوتبوونە قۆناغی جۆرێک لە ساردی و پاشەکشە.[1] بەم واتایەش، هەر زوو لە کاتی شەڕدا، ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە گۆڕینی ئاڕاستە و هەڵسوکەوتی ڕژێمی عیراقدا دەرکەوتن، لە حاڵەتێکی ئەوهادا، گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمەریکاشدا بەرامبەر بە عیراق ئەگەرێکی بەهێزە، تەنانەت سروشتییشە! لە ڕاستیدا، هەر لە سەرەتای ١٩٧٥ەوە ڕژێمی عیراق ئاڕاستە نوێکەی، بە کرانەوە بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا، ئاشکراتر بوو، ئەویش بە جەختکردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی **ڕەهەندی ئایدیۆلۆجی** و **ڕەهەندی ئابووری و بازرگانی** لە یەکتر.[2] ئیتر ئەو ساڵە گرێبەستەکانی گەشەسەندن لە عیراق زۆریان دەدران بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان، لەوانەش، کۆمپانیا ئەمەریکییەکان. دوای چەند ساڵێکی کەم، ڕێک لە تەممووزی ١٩٧٨دا، عیراق هەر لە ئاڕاستەی زێتر نزیکبوونەوە لە جیهانی ڕۆژئاوا، ڕای گەیاند کە ئیتر ئەو وڵاتە ئامادەیە بۆ جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی پرچەککردنی هێزی سەربازی، چەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکڕێ. دیارە ئەم پێشوەچوونەش هاوتەریب بوو لەگەڵ بەردەوام خراپبوونی پەیوەندیی نێوان حزبی فەرمانڕەوا و شیوعییەکاندا لە عیراق. لەسێدارەدانی بیست و یەک لە ئەندامانی حزبی شیوعیی عیراقی لە ساڵی ١٩٧٨دا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، هێمایەکی ئاشکرای جووت-ڕەهەندی بوو، واتە لە لایەک تێکچوونی پەیوەندیی ئەم

---

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 149.

[2] Pelletiere, *The Kurds*, 1984, p. 172.

ڕژێمە لەگەڵ حزبی شیوعیی عیراقیدا لە ئاستی ناوخۆ، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا لە ئاستی دەرەوە.[1]

بەهەرحاڵ، لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا، لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانی کورد، مەبەستی ئیدارەی نیکسۆن و ئێران بەپێی ڕاپۆرتی پایک، ئەوە نەبوو کە جووڵانەوەی چەکداریی کورد بە تەواوەتی سەربکەوێ، بەڵکو ئامانج زیاتر بەردەوامیدان بوو بە چالاکییە دوژمنکارییەکان بەرامبەر بە عیراق، بۆ ئەوەی سامانی ئەو وڵاتە بنکەن یان وشک بکرێت و تا دەکرێت، ئەو وڵاتە بێهێز بکرێت. ئەمەش، هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، سیاسەتێکی "خۆپەرستانە"ی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بوو.[2] بەپێی هەمان ڕاپۆرت، هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی کە پشتیوانییان لە کورد دەکرد، مەبەستیان ئەوە نەبوو تا بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی پشتیوانییەکەیان بەردەوام بێت، بەڵکو ئامانجەکانیان، بە گشتی، کاتی و سنووردار بوون، جا هەر وڵاتێک بە شێوەی خۆی و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی.[3] ڕاپۆرتێکی سی ئای ئەی ئەو بۆچوونەی ڕاپۆرتی پایک پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک ئەوە جەخت دەکاتەوە کە مەبەستی ئەمەریکا و ئێران سەرکەوتنی تەواوەتیی جووڵانەوە چەکداریەکە نەبوو، بەڵکو گەیشتن بوو بە "حاڵەتی چەقین و گیرخواردن" (stalemate situation)، کە تێیدا عیراق لاواز ببێ و هیچ

---

[1] Pelletiere, *The Kurds*, 1984, p. 172.

[2] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 71.

[3] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

ڕێککەوتنێکیش لە نێوان کورد و عیراقدا فەراهەم نەبێت.[1] بەپێی دوو یادنامەی سی ئای ئەی، جوولانەوەی چەکداریی کوردان "کارتێک بوو" بۆ ئێران بۆ یاریکردنی سیاسی و دیپلۆماسی، بۆ ئەمەریکاش ئامرازێک بوو بۆ بێهێزکردنی عیراق.[2] هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان بە جددی هەوڵی ئەوەیان نەدەدا بە ڕادەیەک یارمەتیی سەربازیی کوردان بدەن تا ئەو جوولانەوەیە سەرکەوتنی گەورە و یەکجاری بە دەست بهێنێ.

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

بۆچوونەکانی کیسنجەر لەبارەی ئامانج لە پشتیوانیکردنی کوردانەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا هاتوون، لەگەڵ ئەم زانیارییانەی ڕاپۆرتی پایکدا بە تەواوەتی یەک ناگرنەوە. وەک پێشتر لەم باسەدا ئاماژەی بۆ کراوە، کیسنجەر دەڵێ، "تواناکانی کورد لە عیراق تا ئەو ڕادەیە بەهێز بکرێن کە ئەوان بتوانن ددانانی عیراق بە مافەکانیاندا مسۆگەر بکەن". بڕوانە:

Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 589.

دەکرێ ئەم جیاوازییە، لە دید و خستنەڕووی زانیاریدا، دوو تەفسیری هەبێ: **یەکەم**، ئەو ڕاستییەی کە ڕاپۆرتی پایک زۆر ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بە تەواوی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتیدانی کوردان، یا نووسەرانی ڕاپۆرتەکە تەنها پشتیان بە هەندێ زانیاریی هەڵبژێررراو (selective) بەستووە، بە تایبەتی سی ئای ئەی؛ **دووەم**، هەر وەک لە پێشەکیی ئەم باسەی بەردەستدا هاتووە، کیسنجەر لە بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا، لە هەندێک ڕەهەندەوە، جیاوازتر دەربارەی ئەزموونی پێشتری ئەمەریکا لەگەڵ کوردا دەنووسێ.

[2] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

هەروەها بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ئامانجەکانی شای ئێران لە پێکدادانی کورد و عیراق، بڕوانە:

Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.

هەر دەربارەی سروشت و شێوازی پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ کورد، لە تەممووزی ١٩٧٢دا شاندێکی باڵای پارتی دیمۆکراتی کوردستان، مەحموود عوسمان و ئیدریس بارزانی، سەردانی ئەمەریکایان کرد و لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا، لەوانەش بە تایبەتی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سی ئای ئەی و عەقید ڕیچارد کێنێدی، یاریدەدەری کیسنجەر لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، کۆ بوونەوە.[1] جێگەی سەرنج و گرنگییە کە یەکێک لەو شتانەی ئەمەریکییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر جەختیان لێ دەکردەوە، ئەوە بوو کە دەبێ یارمەتیی ئەمەریکا بۆ کورد **'بەوپەڕی نهێنییارێزی بێت**، بۆ ئەوەی [بە ئاسانی] لە کاتی پێویستدا **حاشای لێ بکرێت**'[2]، یا وەک ولیەم بلووم دەڵێ، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا '**حاشای باوەڕپێکراو**'ی لێ بکرێت.[3] لە ڕاستیدا هەر، وەک بلووم دەڵێ، ئەم جەختکردنەوە زۆرە لەسەر **نهێنیبوونی** یارمەتیدانی کورد، وای کرد کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا، لەبری

---

[1] Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 331.

[2] وەک لە دەقی بەڵگەنامەدا هاتووە: یاداشتنامەی دانیشتنەکانی کاربەدەستانی ئەمەریکا و نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ٥ی تەممووزی ١٩٧٢، نهێنی - هەستیار. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢١؛ هەروەها بڕوانە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، یاداشتنامە (نهێنی، هەستیار) بابەت: یارمەتیدانی ئەمەریکا بە ڕابەری کوردی عێراق، مەلا مستەفا، ١٨ی تەممووزی ١٩٧٢ لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٥٠-٣٥١. هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

[3] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik*, 1998, s. 316.
هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

چەکی ئەمەریکی، چەکی سۆفییەتی بدرێ بە کورد.[1] بۆ نموونە، ئەگەر ئەم چەکە سۆفییەتییانە، بە هەر هۆیەک بێت، بکەونە دەست ڕژێمی عیراق، ئەو کاتە بۆ ئێران و ئەمەریکا ئاسانترە بڵێن ئەوان سەرچاوەی ئەم چەکانە نین. بۆ بەدەستهێنانی چەکی سۆفییەتیش، لە ئیسرائیلەوە ئەو چەکانەی کە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیلدا دەستی بەسەردا گیرابوو[2] و لە ئەمەریکاشەوە ئەو چەکە سۆفییەتییانەی کە لە ڤیەتنام دەستیان بەسەردا گیرابوو، دران بە کورد، تەنانەت هەندێ چەک سەرچاوەکەیان ئوردن بوو. ئەم چەکانەش لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ فەلەستینییەکان لە ساڵی ١٩٧٠دا دەستیان بەسەردا گیرابوو.[3] جگە لەوە، هەندێک وردەکاریی دیکەی گرنگ دەربارەی ماهییەتی یارمەتیی ئەمەریکا بۆ کورد، لە لایەن مەحموود عوسمانەوە پشتڕاست کراونەتەوە. ئەو دەڵێت لە کۆبوونەوەی ئاماژەبۆکراودا، ئەمەریکییەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان "لەسەر داواکاریی شا یارمەتیی بزووتنەوەی کورد دەدەن و پێداگریی یەکجار زۆری ئەمەریکا لەسەر نهێنیپارێزیی مەسەلەکە نیشانی دەدا کە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە و هەموو ئانوساتێک ئەگەری ئەوە هەیە هەڵوەشێتەوە."[4] لە لایەکی ترەوە، وەک دیارە، ئەم قسانەی مەحموود عوسمان لە ساڵی ٢٠١٣دا

[1] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik*, 1998, s. 316.
[2] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 172.
[3] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 145.
[4] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، دیمانەی ڕەحمانی لەگەڵ مەحموود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، ٢٠١٣، لاپەڕە ٦٩.

کـــراون، بەڵام ئـــێمە هـــیچ ســـەرچاوەیەکمان نیـــیە ئەوە پشتڕاســـت بکـــاتەوە کە مەحمـــوود عوســـمان و ئیـــدریس بـــارزانی لە گەڕانەوەیـــان بـــۆ کوردســـتان ئەم ســـەرنجە گرنگەیان گەیاندبێت بە ڕابەرانی جووڵانەوەی چەکداری، بە تایبەتی مەلا مستەفا و ئاخۆ ئەگەر ئەمە کرابێ، کاردانەوەی مەلا مستەفا و ڕابەرانی تر چی بووە! بەهەرحاڵ، هۆکارێکی تـری ئەم ڕادەیە لە نهێنیبـوونی پشـتیوانییەکە و خۆپـارێزیی ئیدارەی نیکسـۆن، ئەوە بـوو کە ئێران پێی ناخۆش دەبـوو ئۆپەراسـیۆنەکە ئاشـکرا ببێت.[1] هەر ئەو پێـداگرییە لەســەر نهێنیبـوونی ئۆپەراسـیۆنەکە وای کـرد کە، هاوشـێوەی ڕووە

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85.

تەنانەت ئەوە پشتڕاست بووەتەوە کە هەوڵی جددی دراوە کە وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتی ئەمەریکاش لە ئێران لەو ئۆپەراسیۆنە ئاگادار نەبن، تەنانەت زانیاریی پشتڕاستکراوە لە دەستی کۆمیتەی پایکدا هەبووە کە ئەو گومانە پشتڕاست دەکاتەوە کە تەنانەت ولیەم ڕۆجەرس، وەزیری دەرەوە، بە تەواوەتی لە ئۆپەراسیۆنەکە ئاگادار نەکرابێتەوە.

The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

بەهەرحـاڵ، لەبەر گرنگیـی ئێـران بـۆ تەواوی ئۆپەراسـیۆنەکە، نیکسـۆن و کیسنجەر بە لایانەوە گرنگ بوو کە کەسێک بکەن بە سەفیر کە تەنها خۆی، نەک ئەندامانی تـری سـتافی سـەفارەت، ئاگـاداری ئۆپەراسـیۆنەکە بێت. بـۆ ئەو مەبەستەش، نیکسۆن لە نیسانی ١٩٧٣دا بڕیاری دا ڕیچارد هیڵمز بکات بە سەفیر لە تەهـران. هیڵمز پڕ بە پێستی ئەو کارە بـوو، چونکە پاشـخانی ئەو وەک سـەرۆکی دەزگـای سـی ئـای ئەی لە سـاڵی ١٩٦٦ تـا ١٩٧٣ و هەروەهـا نزیکییەکـی زۆری لە نیکسـۆن و کیسـنجەر، هیڵمـزی کـرد بە باشـترین بـژاردە بـۆ زامنکردنـی دوو شـت: **یەکەم**، نهێنیپـارێزی لە بـابەتی ئۆپەراسـیۆنی نهێنیـی یارمەتیـدانی کـورد؛ دووەم، زامنکردنـی ئەوەی کە **وەزارەتی دەرەوە لە دەرەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە بهێڵرێتەوە**. بڕوانە:

Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 143.

ئەمەریکییەکەی، تەنها ژمارەیەکی کەم لە سەرکردایەتیی کورد ئاگاداری یارمەتییەکانی ئەمەریکا بن.[1] دەرەنجام، ئەوەش وای کردووە کە دۆسیەیەکی هەرە هەستیار تەنها لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە ڕابەرانی جوولانەوەکەدا بێت، کە ئەمەش بۆ خۆی لێکەوتەی زۆری هەبووە!

کۆبوونەوەکان لە تەممووزی ١٩٧٢دا لە واشنتن، قۆناغی کۆتایی بوون لە بەرهەمهێنانی کارێکی هاوبەشی، یان با بڵێین "هاوپەیمانییەکی نهێنی"ی چوارقۆڵی کە لە چوارچێوەیدا ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکا[2] یارمەتیی کوردیان دەدا. لە لایەکی ترەوە، جگە لە نهێنیبوون وەک کێشە لە بونیادی ئەم "کاری هاوبەشەدا" بۆ یارمەتیدانی کورد، هەندێ کێشەی جددیی دیکە هەبوون. بۆ نموونە، کارە هاوبەشەکە بە هیچ جۆرێک لە فۆرمێکی ڕەسمیدا نەبوو، وەک ئەوەی لە نێوان دوو، یا زیاتر لە دوو، دەوڵەتی خاوەن سەروەریدا هەیە. بەڵکو لە ڕاستیدا لایەنی چوارەم لەم "هاوپەیمانییەدا" جوولانەوەی چەکداریی کورد بوو، کە بکەرێکی "**نادەوڵەتی**"[3] بوو. بەم واتایەش، بە پێچەوانەی

---

[1] Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 86.

[2] سالح یوسفی تاکە سەرکردە بووە، هەڵبەتە لە ئەو سەرکردانەی کە لەگەڵ مەلا مستەفادا مانەوە، کە دژی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ شای ئێران و ئەمەریکادا، بەڵام هەر دریژەشی بە مانەوە لەگەڵ ئەودت تا دواهەناسە، داوە.

Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 188, 190.

[3] باسکردن لە ڕۆڵی "ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان" (non-state actors) کێشەیەکی میتۆدی و تیۆرییە کە هەر نەبێ لە ٥٠ - ٦٠ ساڵی دواییدا باسوخواسێکی زۆری لەسەر کراوە. بەهەرحال، بەپێی بۆچوونێکی قبوولکراو، بکەرە نادەوڵەتییەکانیش **شان بە شانی دەوڵەتان** بەشێکی گرنگ لە سیستەمی

بکەرەکانی دیکە کە سێ دەوڵەتی خاوەن سەروەریی نیشتمانی بوون، کورد بێبەش بوو لەو سەروەرییە نیشتمانییە، کە گرنگترین ڕەگەز و فاکتەری هاوسەنگی و هاوتاییبوونە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. بەم واتایەش، لە ڕاستیدا، **بازنەی هەرە لاوازی هاوپەیمانییەکە** جوولانەوە چەکدارییەکە بوو، ئەگەرچی ئەم جوولانەوە چەکدارییە بە دیدی هەرسێ لایەنەکەی دیکە (ئەمەریکا، ئێران، ئیسرائیل) بەشی ئەوەی دەکرد بۆ بەرژەوەندیی خۆیان "وەبەرهێنان"ی تێدا بکەن، جا هەر یەکەیان بە شێوەیەک و بە ئامانجێکی تایبەت بە خۆی، پڕ بە پێستی پێگە و خواستە ستراتیجییەکانی هەر یەکێکیان، هەرسێکیشیان وەک یەک لە **شەڕی بەوەکالەت** و ناڕاستەوخۆدا لەگەڵ عیراقدا. بە تایبەتی بۆ ئێران، هەر وەک وەزیری دەرباری شای ئێران دەڵێت، ئەم هاوپەیمانییە و دەستپێکردنەوەی جەنگ لە ١٩٧٤دا، زۆر گرنگ بوو بۆ ئێران، چونکە لە حاڵەتی نەبوونی ئەو جەنگەدا، عیراق هەموو هێزەکانی لەسەر سنوور کۆ دەکردەوە، ئەمەش دەبوو بە هەڕەشەیەکی جددی و بەردەوام بۆ ئێران.[١] بەهەرحاڵ، لەبارەی ئەوەی کە کورد بازنە لاواز و "نەگونجاوەکەی" ئەو هاوپەیمانییە (ی سێ دەوڵەت و یەک

جیهانی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پێک دەهێنن، بەڵام سەرەڕای گرنگییشیان، بکەرە نادەوڵەتییەکان **ناتوانن هاوتای دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی نیشتمانی بن**. بۆ گفتوگۆیەکی بەسوود، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کە نامەی دکتۆرای نووسەری ئەم وتارەی بەردەستە:

B. Yassin, *Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947*, Lund: Lund University Press, 1995. PP. 20-23.

[١] عالیخانی، *یادداشتەای علم*، ١٣٨٠، جلد اول، صفحه ٣٧٦.

ناوی تەواوی علم، وەزیری دەرباری شای ئێران، "امیر اسدالله علم"ـە.

بـکەرێ **نـادەوڵەتی**) بـوو، تەنـانەت کیسـنجەریش لە بەشـی ســـــــێیەمی بیرەوەرییەکانیـــــــــدا، وەک ڕادەیەک لە "ڕەخنەلەخۆگرتن"، دەڵێ پێویست بوو ئێمە تێ بگەیشتینایە کە **ئاسـان نـیـە کـورد بتـوانێ بەشـێک بێـت لە سـتراتیجییەکی گشـتگیر**.[1] دەکـرێ زۆر جـۆری تێگەیشـتن بـۆ ئەم گـوتەیەی کیسـنجەر بخرێتـە ڕوو، بەڵام لێکـدانەوەی هەرە گرنـگ ئەو ڕاسـتییەیە کـە کـورد وەک **بـازنەیەکی لاواز** و بێـبەش لە ئامرازێکی هەرە کاریگەر و گرنگ لە گەمە نێونەتەوەییەکان و سیستەمی جیهانیدا، بچێتە نـاو یـارییەکی مەترسیدارەوە. هەر نەتەوەیەک، بـۆ خۆپـارێزی و خۆنواندنێکی گونجـاو و پـڕ بە پێست لە سیستەمێکی ئەوهـادا، بە ڕادەی یەکەم پێویسـتی بە سـەروەریی نیشـتمانییە. هەڵبەتە ئەمەش وای کرد کە لایەنـی کوردی، **واتە لایەنی نادەوڵەت لە هاوپەیمانییەکەدا**، لە ئاداری ١٩٧٥دا ببێـت بە لایەنـی دۆڕاو. لە لایەکـی تـرەوە، هەرسـێ لایەنەکەی دیکە، کەم یا زۆر، بە ڕادەی جیاجیا، ئامانجەکانیان لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانییەوە بە دەست هێنا.

لێـرەدا گـرنگە لێکـدانەوەیەکی دیـکەش بـۆ نهێنیبـوونی ئۆپەراسیۆنی **پشتیوانیی** کورد بکەین لە ڕێگەی **تێگەیشتن لە ڕەهەنـدی دامەزراوەیـی**، لە ڕووە ئەمـەریکییەکەیەوە. لەم ڕووەوە، گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە دۆسیەی یارمەتیی ئەمـەریکا بـۆ کـورد، تەنهـا **لە سـەر مێـزێکە** کە لەم دیـوەی کیسـنجەر و لە دیـوەکەی تریشـی سـەرۆکی ئەمـەریکا هەیە. بەم واتایەش ئەم دۆسیەیە، بۆ نموونە، نەگەیشتبووە لیژنەی سیاســـــەتی دەرەوەی کـــۆنگرێس، وەزارەتـــی دەرەوە و

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 585.

پەنتاگۆن و... ئەم حاڵەتی "بێئاگایی"ـەی کۆنگرێس لە ئۆپەراسیۆنەکە، زۆر بە جوانی لە ڕاپۆرتی پایکدا دەردەکەوێ.[1] دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کۆنگرێس نەک هەر لە حاڵەتی کوردیدا، بەڵکو بە گشتی، بەردەوام هێرشی دەکردە سەر چەمکی "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان" وەک شێوازێکی **تێکەڵاوبوونی** سێ ئای ئەی لە دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە **سیاستی دەرەوەی** ئەمەریکا، واتە **دەستخستنەناو** ئەو بوارەوە لە لایەن "سی ئای ئەی"ـەوە.[2] لە لایەکی ترەوە، هەر وەک کیسنجەر خۆی جەختدەکاتەوە، ئەمەریکا بواری ئەوەی نەبوو بە ئۆپەراسیۆنێکی ئاشکرا (overt operation) یارمەتیی کورد بدات، لەبەر **نالەباریی دۆخی لۆجیستی و دوورەدەستیی ناوچەی کوردان**. جگە لەوە، ئەستەمیش بوو پشتیوانیی ڕای گشتیی ئەمەریکی بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئاشکرا بە دەست بهێنرێ.[3] جگە لەوەش ئەمەریکییەکان، بە تایبەتی سی ئای ئەی، پێیان وابوو ئاشکرابوونی ئەو یارمەتییەی ئەمەریکا بۆ کورد، دەکرا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی هەبێت لەسەر هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤییەت، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە ئەمەریکا.[4]

---

[1] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn;t Want You to Read", 1976, 1976, pp. 72-92.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 576.

[3] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 591.

[4] ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکا (CIA) بۆ هیلمز، بااڵوێزی وێاڵیەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٤. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٤٩.

٣- شەڕی سەرلەنوێ: بەرەو شکستی جوولانەوەی چەکداری

بۆ ئەوەی باشتر لەو شکستە بگەین، پێویستە هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە و ڕاستەوخۆ لە ڕێکەوتی ٦ی ئادارای ١٩٧٥، واتە لەو ڕێکەوتەی کە عیراق و ئێران تێیدا لە جەزائیر دەگەن بە ڕێککەوتن، دەست پێ نەکەین. بەهەرحاڵ، هەر کە ڕێککەوتنەکە ڕاگەیەنرا، لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژ و هەفتەیەکدا، جوولانەوە چەکدارییە چواردە ساڵییەکەی کورد هەرەسی هێنا.

سەرەتا پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە لە ڕووی هاوسەنگیی هێزی سەربازییەوە لە نێوان عیراق لە لایەک و کورد لە لایەکی تردا، هێزی سەربازیی عیراق لە ڕووی چەک و توانای لۆجیستییەوە زۆر لە هێزی کورد پرتواناتر بوو. هەر زوو، دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، هێزە چەکدارەکانی عیراق لە بەهاری ١٩٧٤ەوە پێشڕەوییەکی زۆریان لە قوولایی کوردستاندا کرد. تەنانەت لە زستانیشدا، ئەو هێزانە لەو جێگەیانە نەدەکشانەوە کە دەستیان بەسەردا گرتبوون، بەڵکو تێیاندا جێگیر دەبوون.[1] لە بەرامبەردا کورد، بە شێوەیەکی گشتی، لە مەیدانی جەنگدا لە پاشەکشەی بەردەوامدا بوو: هەر زوو عیراق، لە قۆڵی بادینانەوە، ڕێگەی زاخۆی بۆ تورکیا کۆنترۆڵ کرد. لە قۆڵی هەولێرەشەوە بە ئاڕاستەی ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی، پێشڕەوییەکی زۆری کرد. لەو قۆڵەوە، هێرشی ڕژێم لە دەشتی هەولێرەوە دەستی پێ کرد، دوایی بۆ کۆڕێ و دواتریش بەرەو چیای کۆڕەک و لە کۆڕەکیشەوە، بە

[1] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63; Kelidar, "Iraq: The Search for Stability", 1975, p. 14.

ئامادەبوونی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسەین، زرێپۆش، بەدواشیاندا هێزەکانی پیادە، لە چیای کۆرەکەوە بەرەو ڕەواندز چوونە خوارەوە.[1] دواتریش، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرگرییەکی زۆری هێزی پێشمەرگە ببنەوە، بەردەوام بوون و چوونە دەشتی دیانا و کۆنترۆڵیان کرد.

لەم چرکەساتەدا، پێویست بوو هێزی پێشمەرگە لە بەرەیەکی فراوانتردا بەرەو ڕووی هێزەکانی عیراق بوەستێتەوە بۆ ئەوەی ئەم هێزانە دەرفەت نەهێنن هەموو توانای خۆیان بە ئاڕاستەی ناوچەیەکی دیاریکراودا بخەنە گەڕ. بەڵام ئەوەی ڕووی دا، هەر زوو شێخ محەمەد خالید، لە ناوچەی بارزان، لەگەڵ هێزەکانی عیراقدا ڕێک کەوت کە ناوچەکەی ئەو، واتە ناوچەی بارزان، بێلایەن بێت لە شەڕ و پێکدادانەکاندا. لە ڕۆشنایی ئەم خواستەدا، شێخ محەمەد خالید گەیشت بە "جۆرێک لە ڕێککەوتن" لەگەڵ ڕژێمدا کە تێیدا ناوچەی بارزان وەک ناوچەیەکی بێلایەن و "موالی"[2] ڕاگەیەنرا. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی هێزەکانی عیراق لە بەرەیەکی سنووردارداردا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنن، کاتێک هەر زوو لە دەشتی دیاناوە سەرکەوتن و لە ڕۆژهەڵات و باکووری ئەو دەشتەوە بەرەو لوتکەکانی

---

[1] گرنگیی کۆنترۆلکردنی ڕەواندز لە لایەن هێزی سەربازیی ڕژێمی بەغداوە، تەنانەت لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی نۆیەمی "قوتری"ی حزبی بەعسدا ڕەنگی داوەتەوە. بڕوانە: حزب البعث العربي الاشتراكي، *التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع، حوزيران ١٩٨٢*. بغداد، ١٩٨٣، ص. ٥٥.

[2] هەر لە ١٩٦٠ەکانەوە وشەی "موالی" بەکار هێنراوە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە تێیدا ناوچەی بارزان، بە لەیەکگەیشتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، وەک ناوچەیەکی بێلایەن لە شەڕی کورد و عێراقدا ڕاگەیەنراوە.

زۆزک، گەرووی ئۆمەراغـــا، حەســـەن بەگ و ســـەرتیز پێشـرەوییان کـرد. هەمـوو ئەم شـاخ و بەرزایـیە گرنـگ و ستراتیجییانە، لە پـاییزی ١٩٧٤دا، کەوتـنە ژێـر کـۆنترۆڵی هێزەکانی عیراق، بەمەش: **یەکەم**، هەڕەشە لە بارەگای مەلا مسـتەفا، لە نـاوچەی باڵەکـایەتی، نزیـک بـووەوە؛ **دووەم**، ڕێگەی نێوان سنوورەکانی ئێران و ناوچەی باڵەکایەتی لە لایەک و ناوچەی بادینان لە لایەکی تـرەوە پچڕا.[1] هەروەها هاوتەریب لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ڕەواندز و بەرزاییەکان لەو نـاوچەیە، هێزەکـانی عیـراق لە کۆتـایی ئـاب و سـەرەتای ئەیلوولی ١٩٧٤دا قەڵادزێیان کۆنترۆڵ کرد. ئیتر لە کۆتایی پـاییزی ١٩٧٤دا، هێزەکـانی عیـراق توانیبوویـان ئامێـدی، ئاکرێ، ڕەواندز، ڕانیە و قەڵادزێ کۆنترۆڵ بکەن. لە ڕاستیدا لەو کـاتەدا هێزەکـانی ڕژێـم زۆرتـرین خـاکی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردبوو بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ماوەی ١٩٦١ تا ١٩٧٤.[2] لێرەدا گرنگە بڵێین کە، بە شـێوەیەکی تـایبەتی، دوو ئامـانج بـۆ هێزەکـانی عیـراق سـتراتیجی و گرنـگ بـوون: **یەکەمیان**، نـاوچەی باڵەکـایەتی کە بارەگـای سـەرەکیی مەلا مسـتەفا و ڕێگـەی سـەرەکیی نێـوان نـاوچەی ئـازادکراو و ئێـران بـوو؛ **دووەمیـان**، دابڕینـی تەواوەتیـی نـاوچەی باڵەکـایەتی و بارەگـای مەلا مسـتەفا لە لایەک و نـاوچەی

---

[1] ئەم ڕێگەیە بە سێ قۆناغ بە تەواوەتی پچڕێنرا: **یەکەم جار** هێزەکانی عێراق ئەو ڕێگەیەیان کۆنترۆل کرد کە بە دەشتی دیانەدا تێ دەپەڕی بۆ بادینان، لە **دووەم قۆناغدا** جارێکی تر ئەو ڕێگەیەشیان کۆنترۆل کرد کە بە قەدپاڵی شاخی حەسەن بەگدا تێ دەپەڕی، **لە قۆناغی سێیەمدا** ئەو ڕێگەیەشیان کۆنترۆل کرد کە لە پشتی حەسەن بەگەوە تێ دەپەڕی بۆ بادینان.

[2] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 337.

بادینان لە لایەکی تـرەوە. ئەو کـاتە بۆچوونێـک هەبـوو کە مەلا مسـتەفا **لاریـی لەو پاشەکشـەیەی** پێشـمەرگە و پێشرەویی عیراق نەبوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەو پێی وابوو پاشەکشە لە بەرەی کورد وا دەکات ئەو لایەنانەی کە یارمەتیی کورد دەدەن، یارمەتییە سەربازییەکانیان بۆ کورد زیاتر بکەن، تەنانەت مەلا مستەفا پێی وابوو کە دەکرێ ئەو پاشەکشەیە ببێت بە هـۆی ئەوەی **ئێران ڕابکێشرێتە نـاو شـەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا**. بەهەرحـاڵ، بە پێش چـاوی ئێرانییەکـان، ئیسـرائیلییەکان و ئەمـەریکییەکانەوە، کورد خەریک بوو چۆک دابدات. لە دۆخێکی ئەوهادا، لەسەر داوایەکـی بەپەلە لە مەلا مسـتەفاوە، شـای ئێـران داوای یارمەتیی زیاتری لە ئەمەریکا کرد بۆ کورد. هەر لەگەڵ ئەم داواکارییەشـدا، شـای ئێـران ئەمـەریکا لە شکسـتی پـڕ لە مەترسـیی کـورد ئاگـادار دەکـاتەوە.[1] لە ڕاسـتیدا دۆخەکە ئەوەندە مەترسیدار بوو کە چیتر نەدەکرا، بە یارمەتییەکی کەمێـک زیـاتر و **سـنووردار**، هێرشـی ڕژێمـی عیـراق بوەستێنرێ.

مەلا مسـتەفا لە لای خـۆیەوە پێـی وابـوو کـورد، بـۆ ڕاگرتنـی پێشـرەوییەکانی ڕژێـم، پێویسـتی بە **تێـوەگلانی ئاشـکرا و ڕاسـتەخۆی ئێـران** لە شـەڕی کـورد و عیراقـدا هەبـوو، تێوەگلانێـک کە تەنـانەت پێویسـتی بە پشـتیوانیی ئەمـەریکییەکانیش هەبـوو.[2] بەڵام ئەوەی کە ڕووی دا، ئەوە بـوو کە ئێـران لەبـری ئەوەی یارمەتییەکـان بە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـاتر بکـات یـان لەگەڵ عیراقـدا بچێـتە **شـەڕێکی**

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 590.
[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 591.

ڕاستەوخۆوە، ڕێگەی سێیەمی هەڵبژارد، ئەویش ناردنی هەندێ تۆپی دوورهاوێژی ١٥٥ملم و دژەتانکی مۆدێرن بوو بۆ ناو باشووری کوردستان، **بەڵام بە هێزی ئێرانییەوە**[1]، واتە چەکەکان ڕادەستی کورد نەکران. ئەم هێزە ئێرانییانە بە ژمارە زۆر کەم و سنووردار بوون، جگە لەمەش، بە جلی کوردییەوە هاتنە ناو کوردستان، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن.[2] بەهەرحاڵ، ئەم یارمەتییە جیاوازەی ئێران تواناکانی بەرگریی هێزی پێشمەرگەی تا ڕادەیەک بەهێزتر کرد، بە تایبەتی پێشڕەویی هێزە چەکدارەکانی عیراقی تا ڕادەیەک وەستاند، بە تایبەتیتریش ناوچەی سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە و بارەگای مەلا مستەفایان بۆ پاراست، بەڵام لەوڵاشەوە لایەنێکی زۆر نەرێنی و نێگەتیڤی ئەم یارمەتییە سنووردار، **بەڵام چۆنایەتییە**، ئەوە بوو کە ڕادەی **وابەستەیی و پشتبەستنی** چارەنووسسازانەی جووڵانەوەی چەکداری، بە شێوەیەکی مەترسیدار، بە ئێرانەوە قوڵتر کردەوە. بەم واتایەش، مەترسیی شکست و داڕمانی تەواوەتیی جووڵانەوەکەی، لە ئەگەری پچڕاندنی کتوپڕی یارمەتییەکان لە لایەن ئێرانەوە، زیدەتر کرد و بردیە ئاستێکی زۆر مەترسیدارەوە بەراورد بە پێشوو.[3] جگە لەم

---

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 187.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 187; McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338;

یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشووڕ"، ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢.

[3] لە ڕاستیدا، هەر وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم، کەمتر لە دە کاتژمێر، بەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیردا تێ پەڕیبوو کاتێک تۆپخانە ١٥٥ ملیمییەکان و چەکی قورسی

مەترسییە جددییە، ئەو بەشداربیە سنووردارە بەلام پرمەغزایەی ئێران، دەرهاویشتەیەکی تریشی هەبوو، ئەویش زێدەبوونی **ترسی عیراق بوو** کە دواجار ئەم جوولانەیەی ئێران سەر بدات لە جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا، کە عیراق هەرگیز بۆ جەنگێکی لەو جۆرە لەگەڵ ئێراندا ئامادە نەبوو.[1] لە لایەکی ترەوە، شای ئێرانیش هەرگیز ئامادە نەبوو بچێتە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا[2]، کەواتە شای ئێرانیش لای خۆیەوە هەمان ترس و نیگەرانیی عیراقی هەبوو. ئەوەشی کە هەردوو ولات ئامادە نەبوون بچنە شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لە بەرامبەر یەکتر، باش ئەوە دەسەلمێنێت کە چاوەڕوانیی مەلا مستەفا کە ئەمە لە ئاکامی پاشەکشەی کورد ڕوو بدات، هەر وەک پێشتر باس کرا، تەنها خواستێک و بیرکردنەوەیەکی دڵخوازانە بوو، زیاتر لەوەی کە تێگەیشتنێکی عەقڵانی بێت و لەسەر بنچینەی خوێندنەوەی قوواڵی هەمەلایەنی دۆخەکە بونیاد نرابێ. بەهەرحاڵ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەلماندی کە سەرکردایەتیی جوولانەوە چەکداریەکە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، ئاگادارییەکی زۆر کەمی لەمەڕ دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەبوو؛ **تەنانەت ئاگاداری ئاڕاستە و**

تری ئێران دەستیان کرد بە کشانەوە لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ناوەوەی ئێران.

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 187.

یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، ۱۹۹۲، لاپەڕە ۵۲.

[2] لە جێگەیەکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە شێوەیەکی وردتر باس لەو هۆکارانە دەکەین کە ڕێگر بوون لەوەی ئێران بچێتە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا.

شێوازی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عیراق و ئێرانیش نەبوو[1]، بە تایبەتیتریش ڕوو لە پرسی بژاردەکانی **شەڕی ڕاستەوخۆ** لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، یا تەواو پێچەوانەکەی، واتە **ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا.**

***

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا، شای ئێران نیگەرانیی خۆی نەشاردەوە بەوەی عیراقییەکان شکستی گەورەیان بە کورد گەیاندبوو[2]، لەگەڵ ئەوەشی کە، وەک شا دەڵێ، ئێران مووشەکی دژەزرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژی بۆ کورد فەراهەم کردبوو، لە کاتێکدا ئێران چاوەڕوانیی هەبوو کە کورد بەم یارمەتییە پاشەکشە بە عیراقییەکان بکات.[3] لە هەمان ئاڕاستەی نیگەرانییەکانی شای ئێراندا، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا هەڵسەنگاندنی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سی ئای ئەی، ولیەم کۆڵبی، بۆ دۆخەکە بە جۆرێک بوو ئیتر کۆڵبی پێی وابوو کە جووڵانەوە چەکدارییەکە لە بارێکی ئەوەندە خراپدایە تەنانەت ڕێگەی دەستگەیشتن بە ئێران و بارەگای مەلا مستەفاش لەژێر هەڕەشەدان. لە دۆخێکی ئەوهاشدا، دەکرێ زیندەکردنی یارمەتییەکان بۆ کورد، کە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٣، ١٩٧٤ و ١٩٧٥ گەیشتبووە بیست ملیۆن دۆلار، ببێ بە مەترسی و

---

[1] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٣٦-٣٧.

[2] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 207.

[3] Alinaghi Alikhani, (ed.) *The Diaries of Asadolla Alam*, (Maryland: IBEX Publishers, ?)

لە ڕێگەی: ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ٤١.

هەڕەشە لەسەر تەواوی "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە". ئەوە لە کاتێکدا بوو کە، بە دیدی کۆڵبی، **نهێنییوونەکە خۆی لە خۆیدا** ئەوەندە گرنگ بوو، تەنانەت لە خودی یارمەتییەکەش گرنگتر بوو. واتە بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکە تەواو **وابەستە بوو** بە **مانەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بە نهێنی**[1]. لە ڕاستیدا ئەو بڕە یارمەتییە دارایییەی کە درابوو بە لایەنی کوردی و بڕیار وابوو تا شوباتی ١٩٧٥ بەش بکات، هەر زوو لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا **تەواو بووبوو**. بەم واتایەش، هاوتەریب لە پاڵ **پاشەکشەی سەربازیی** جوولانەوە چەکدارییەکە، **کێشە دارایییەکانیشی** بەردەوام لە قوولبوونەوە و حاڵەتی "تەنگەتاویدا" بوون.[2]

لە چرکەساتێکی ئەوهادا، سی ئای ئەی خەریک بوو، لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ دۆخەکە، لە بنهیوایی نزیک دەبووەوە، چونکە ئەم دامەزراوەیە پێی وابوو نابێت چیتر یارمەتیی کورد بدرێت. لەولاوە ئێرانیش بە تەنیا **توانای**، یا ڕاستتر بڵێین **خواستی**، ئەوەی نەبوو هەموو یارمەتییەکی پێویست پێشکەش بە کورد بکات. ئەگەر کیسنجەر ئەو کاتە بۆچوون و هەڵسەنگاندن و ڕاوێژی سی ئای ئەیی **وەکو خۆی پەسەند و پەیڕەو بکردایە**، واتە چیتر یارمەتیی زیاتر بە کورد **نەدرایە**، ئەوا "**بە دڵنیاییەوە دەبوایە کورد زووتر**

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 591.

[2] لە هێلمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران، بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هێنری کیسنجەر، بە تەواوی نهێنی، هەستیار، ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٨٧.

شکستی بهێنایه.[1] له ڕاستیدا، تەنانەت پێشتریش له ئابی ١٩٧٤دا، کیسنجەر له گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، فۆرد، باسی له ئەگەری شکستهێنانی کورد کردووه و سەرۆکی له پێشهاتێکی لەو جۆرە ئاگادار کردووەتەوە.[2] جگە لەوەش، هەر لەو کاتەدا، یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی، برێنت سکۆکرافت، دەڵێت "بەو [دەرەنجامە] گەیشتین کە هەوڵەکانمان گەیشتوونەتە قۆناخێک کە لەوە زیاتر ناتوانین یارمەتیی مەلا مستەفا بدەین."[3] جگە لەوە، لە ڕۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە کیسنجەر لە بەشیی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا کردوویەتی، مەترسی لەسەر جوولانەوە چەکدارییەکە ئەوەندە جددی بووە، ئیتر بۆ ئەوەی جوولانەوەکە بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، پێویست بوو ئەمەریکا بە سێسەد ملیۆن دۆلاری دیکە یارمەتیی ئەو جوولانەوەیە بدات، جگە لەو یارمەتییە زۆرە، پێویست بوو

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 591.

[2] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٠.

[3] لە برێنت سکۆکرافت، کۆشکی سپی، بۆ هێنری، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران (**تەنها هێنری ببینێت**)، ٢٢ی ئابی ١٩٧٤، بابەت: زیادکردنی یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ مەلا مستەفا مەترسیی لێ دەکەوێتەوە. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٥٠.

برێنت سکۆکرافت لە شوباتی ١٩٧٢ بووە بە یاریدەدەری سەربازیی سەرۆکی ئەمەریکا، دواتر لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣دا بوو بە یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی و لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا بوو بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، بەمەش جێگەی کیسنجەری گرتەوە.

ئێرانیش بە دوو لەشکر (فەیلەق)ی هێزی سەربازیی خۆی **بەشداریی پاستەوخۆ** لە شەڕی کورد و عیراقدا بکات.[1] بەپێی بۆچوونی کیسنجەر، وەک بەشێک لە هەوڵی ڕزگارکردنی کورد لە شکستێکی ڕەها و پشتشکێن، پێویست بوو حسێب بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوە، لە **ناوچەیەکی سەختی شاخاوی** و هەروەها **نزیکیش لە یەکێتیی سۆڤییەت**، بکرێتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی کارێکی ئەستەم بوو.[2] کیسنجەر دۆخە ناهەمواوەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ، کاتێک باس دێتە سەر یارمەتیدانی کورد، ئەمەریکا وەک وڵات دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە: بەرداشی **ئایدیۆلۆجیا** لە لایەک و بەرداشی **ستراتیجی** لە لایەکی تر؛ لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە، لە چوارچێوەی نەریتی ویلسۆنیدا[3]، پێویستە ئەمەریکا پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بکات، بەڵام لە ڕووی ستراتیجییەوە، پابەندییە مۆراڵییەکانی ئەمەریکا **سنووردارن**، چونکە کورد لە **ناوچەیەکی شاخاویی**

---

[1] Kissinger, *The White House Years*, 1979, p. 1265;
ئەم زانیارییانە دواتر وەک خۆیان لە بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەردا ئاماژەیان بۆ کراوە، بڕوانە:
Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 594.
بەپێی سەرچاوەیەکی تر، کورد پێویستی بە چوارسەد ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئەو بڕە پارەیە هەرگیز، دوای شکستهێنانی ئۆپەراسیۆنەکەی ڤیەتنام، لە لایەن کۆنگرێسەوە پەسەند نەدەکرا. بڕوانە:
Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 331.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 576.

[3] مەبەست ئەو نەریتەیە کە لەسەر بنەمای ئایدیالی سەرۆکی ئەمەریکا، ودرۆ ویلسۆن، لەمەڕ مافی چارەی خۆنووسین لە خاڵی دوانزەیەمدا، لە چواردە خاڵەکەی ویلسۆن لە ساڵی ١٩١٨دا هاتووە.

سەختدا دەژین و بە کۆمەڵێک ووڵات دەورە دراون کە کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا هەیە، بە تایبەتی ئێران و تورکیا کە بەردەوام جێگە و پێگەی گرنگیان لە ستراتیجیی گشتگیری ئەمەریکادا هەبووە.[1]

کیسنجەر پێی وابوو، جگە لە زۆر هۆکاری دیکە، هەنگاوێکی ئەوها، واتە پێشکەشکردنی ئەو یارمەتییە داراییە زۆرە، بە دڵنیاییەوە لە لایەن کۆنگرێسەوە ڕەت دەکرایەوە، واتە پشتیوانییەکی ئەوها فەراهەم نەدەبوو. ئەگەرچی شای ئێران، بەپێی هەندێک زانیاری، بە دوودڵییەوە بیری لەوە کردبووەوە کە بە ئاشکرا هێزەکانی خۆی لە شەڕەکەدا بەشداری پێ بکات، بەڵام کیسنجەر شای ئاگادار کردووەتەوە کە کارێکی ئەوها لێکەوتەی بێکۆتایی و مەترسیداری دەبێ، چونکە هەنگاوێکی ئەوها پێویستی بە جۆرە زەمانەتێک هەبوو بۆ ئەوەی، لە ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عیراقدا و پشتیوانیکردنی عیراق لە لایەن یەکێتیی سۆڤییەتەوە، ئەمەریکییەکان پشتیوانی لە وڵاتەکەی بکەن. لە بەرامبەردا، ئەمەریکا لەو کاتەدا هەرگیز ئامادە نەبوو زەمانەتی پشتیوانیکردنی ئێران بدات بە شای ئەو وڵاتە، لە کاتێکدا مەترسیی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و سۆڤییەت لە ئارادا بوو، بە هۆی بوونی سنوورێکی درێژ لە نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و ئێراندا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە کاتێکدا ململانێی ئێران لەگەڵ عیراقدا لە هەڵکشاندا بوو و ئەگەری چوونەناو پێکدادانێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 578.

هەبوو، ئەمەریکا بە لایەوە باشتر بوو کە ئێران خۆی لە هەر هەنگاو و هەڵوێستێک دوور بگرێ کە ببێت بە هۆی ئەوەی ئەمەریکییەکان ڕاستەوخۆ بەبن بە بەشێک لە پێکدادانی ئیقلیمی یا نێونەتەوەیی[1].

هەر لە ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستەدا، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لە سەرەتای ١٩٧٥دا ئێرانیان لە پەرەسەندنێکی مەترسیداری شەڕی نێوان کورد و عیراق و تێوەگلانی ڕاستەوخۆی وڵاتەکەیان ئاگادار کردووەتەوە و ئەو مەترسییەیان دەربڕیوە کە دەکرێ ئێران لە ئەگەری پێشوەچوونێکی ئەوهادا بە "لووتێکی خوێناوییەوە" لێی دەربچێ و ئەمەش زیان بە ناو و ناوبانگی ئێران و پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران بگەیەنێ.[2] ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەو ڕاستییەی کە توانا

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, pp. 591-292.
ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی بەردەستن، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دوای ئەوەی جیرالد فۆرد لە ئابی ١٩٧٤دا بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا، دوای ئەوەی نیکسۆن بە هۆی فەزیحەی وۆتەرگەیتەوە کورسیی سەرۆکایەتیی لە دەست دا، لە نێوان سی ئای ئەی و کیسنجەر و سەرۆکە نوێکەدا بەردەوامیدان بە یارمەتی بۆ کورد زیاتر خواست و بڕیاری کیسنجەر خۆی بوو تا هەر بەرپرسێکی تری ئەمەریکی. سی ئای ئەی بەش بە حاڵی خۆی، لە دۆخێکی ئەوهادا، پێی باش نەبوو چیتر یارمەتیی کورد زیاد بکرێ. سەرۆکە نوێکەش، واتە فۆرد، زۆر ئاگاداری دۆسیەی کورد نەبوو، لەبەر ئەوە، ئەم دۆسیەیەی زیاتر بۆ کیسنجەر جێ هێشتبوو، کە ئەو کاتە بەرپرسی دوو پێگەی هەر گرنگی پەیوەندیدار بوو: وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. جگە لەوەش، ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی دۆسیەکە بوو. بەم واتایەش، لەو کاتەدا **خواست و بڕیاری کیسنجەر**، لە بەردەوامیی یارمەتییەکان بۆ کورد، یەکلاکەرەوە بوو.

[2] Robert Graham, *Iran: The Illusion of Power*, London: Croom Helm, Revised Edition, 1987, p. 179.

سەربازییەکانی ئێران بەشی ئەوە ناکەن بۆ ئەوەی، لە تێوەگلان لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عیراقدا، بە سەرکەوتوویی لێی دەربچێت. لە ڕاستیدا شای ئێران خۆیشی لەوە دڵنیا نەبوو کە ئێران توانا سەربازییەکانی تەنانەت بەشی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عیراقیشدا دەکات، چ جای ئەوەی بەشی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا بکات، "چونکە [شا] بە تەواوی متمانەی بە توانای سوپای [وڵاتەکەی خۆی] نەبوو."[١٠] لەوە دەچێ ئەم دووددڵییەی شا، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، تا ڕادەیەکی زۆر هەر هەڵقوڵاوی ئەم هەڵسەنگاندنە بێت. جگە لەوە، شای ئێران خۆیشی پشتڕاست نەبوو لەوەی ئەگەر بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا، ئەوا ئەمەریکا، تا ڕادەی بەرگریکردنی سەربازی، پشتگیری لە وڵاتەکەی دەکات. شا بە باشی لەوە ئاگادار بوو کە ئەمەریکا لە ناوەڕاستی ١٩٧٠کانەدا پابەندییەکانی لە خواروو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەم دەکردەوە، بە تایبەتی لە بابەتی شەڕی ڤیەتنامدا.[٢] دەکرێ هەر ئەمەش هۆیەکی گرنگ بووبێت بۆ شای ئێران کە پێشوەخت بزانێ هەڵوێستی ئەمەریکا، لە حاڵەتی پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عیراقدا، چی دەبێت. دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مەبدەئی (دۆکترینی) نیکسۆن ئەوە بوو کە **ئەمەریکا ئامادە نەبوو** بچێتە بەریەککەوتنێکی سەربازییەوە

[١] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: کۆتاییهاتنی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر. لاپەڕە ٦٤٤.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 592.

لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا، تەنانەت بۆ بەرگریکردن لە نزیکترین هاوپەیمانەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئیسرائیل بوو.[1] ئەمەش بۆ خۆی ڕێگرییەکی دیکە بوو کە وای لە شای ئێران دەکرد خۆی لە هەر جۆرە سەرکێشییەک دوور بگرێت، کە دەبوو بە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو شەڕێکی بەرەیی فراوانەوە لەگەڵ عیراقدا. دەکرێ لە هەموو ئەوە گرنگتریش، ئەو ڕاستییە بێت کە لە سەردانێکی پێشتری شای ئێران بۆ یەکێتیی سۆڤییەت، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، ئەلێکسی کۆسیگن، شای ئێرانی بە ڕاشکاوی ئاگادار کردبووەوە کە "یەکێتیی سۆڤییەت پاڵپشتی عیراق دەبێت ئەگەر ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر."[2]

لە دۆخێکی ئەوهادا، لەگەڵ ئەوەی کە جوولانەوەی چەکداری لە پاشەکشەدا بوو و گریمانە و مەترسیی لەدەستدەرچوون و فراوانبوونی ململانێ پەیوەندیدارەکان تا ڕادەی شەڕی ئیقلیمیی نێوان عیراق و ئێران لە ئارادا بوو، بەڵام کیسنجەر هێشتان مکوور بوو لە پێداگرییەکەی کە جوولانەوەی چەکداریی کورد پێویست بوو هەر بەردەوام بێت. بەهەرحاڵ، دەبوایە یارمەتیی زیاتری بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ ماوەیەکی تری نادیار لەسەر پێی خۆی بوەستێ. هەر وەک لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەمەریکادا پشتڕاست کراوەتەوە، تەنانەت چەند ڕۆژێکیش بەر لە ڕێککەوتنی

[1] Ian Bickerton, *The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed,* New York: Continuum International Publishing Group, 2012 p. 194.
[2] Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", 1975, p. 21.

جەزائیر، ئەمەریکا پلانی هەبوو کە یارمەتی بۆ بزاڤی چەکداریی کوردان زیاتر بکات، تەنانەت "بە شوێن کەناڵێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی چەکوچۆڵی سەربازی لە ڕێگەی ئێرانەوە بگەیەنێتە دەستی کورد، بۆ ئەوەی دواجار کورد بتوانێ دژێڕە بە شەڕەکەی لەگەڵ عیراقدا بدات."[1] ئەوەش پستڕاست بووەتەوە کە قسەی کیسنجەر، لەمەڕ هەڵوێست لە جوولانەوەی چەکداریی کورد و پرسە پەیوەندیدارەکان، یەکلاکەرەوە بوون، زۆر بە تایبەتی دوای ئەوەی جیرالد فۆرد بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا.[2]

دەرەنجام، لە کاتی نزیکبوونەوە لە ڕووداوە گەورە و چارەنووسسازەکە، واتە ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ و شکستی تەواوەتیی جوولانەوەی چەکداری، ئەوە ڕوون بوو کە ئێران، هەروەها عیراقیش، خوازیاری ئەوە نەبوون بچنە شەڕێکی وێرانکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا.[3] ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی هەردوو لا، لەبری شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا، ڕێگەیەکی تەواو جیاوازتر بدۆزنەوە، کە ئەویش ڕێککەوتنی هەردوو لا بوو لە جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا. بەهەرحاڵ، هەر وەک شەهرام چووبین دەڵێ، ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە عیراق بە ڕێککەوتنی جەزائیر **شەڕی ڕاستەوخۆی** لە بەرامبەر

---

[1] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٧.

[2] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

[3] Amin Saikal, *The rise and Fall of the Shah*, New Jersey: Princiton University Press, 1980, p. 170; Khadduri, *The Gulf War*, 1988, p. 61; *The Observer*, May 4, 1975.

جوولانەوەی چەکداریی کورد **بردەوە**، بەڵام لە هەمان کاتدا **شەڕێکی ناڕاستەوخۆی** بەرامبەر بە ئێران **دۆڕاند**.[1]

***

زۆر جار کە باسی ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان عیراق و ئێران دەکرێ، وا پیشان دەدرێ وەک ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە تەواو چاوەڕاننەکراو، کتوپڕ و بێپێشینە بووبێت. بەهەرحاڵ، جوولانەوەی چەکداری لە کاتێکی زۆر کورتدا، لە ڕاستیدا لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژێکدا، بە هۆی ئەم ڕێککەوتنەوە بە تەواوەتی "ئیفلیج" بوو؛ لە دۆخێکی ئەوهاشدا دوابڕیار کۆتاییهێنانی تەواوەتی بە جوولانەوەکە بوو.

لە لایەکی تردەوە، هۆکاری ئەوەی کە هەرەسهێنانەکە بەو شێوە "**کتوپڕە**" دەردەکەوێ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: **یەکەم**، سەرکردەکانی ئەم جوولانەوەیە خۆیان و جوولانەوەکەیان بۆ سیناریۆیەکی لەم جۆرە ئامادە نەکردبوو. هەر وەک مەحموود عوسمان دەڵێ: کورد "خۆی بۆ ئەگەری ڕێککەوتنی ئێران و عیراق و پچڕانی یارمەتییەکانی ئەمەریکا و شا ئامادە نەکردبوو."[2] **دووەم**، بێئاگایی ئەو سەرکردایەتییە لەو هەموو جوولّە و پەیامە سیاسی و دیپلۆماسییانە کە هاوتەریب و بەردەوام، بە درێژایی ئەو ساڵەی شەڕەکە گەرم بوو، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو.

---

[1] Shahram Chubin & Charles Tripp, *Iran and Iraq at War*, London: I.B. Tauris & Co Ltd, 1988, p. 23; David McDowall *The Kurds*, (London: Minority Rights Group Report 23, 1985, pp. 22-23.

[2] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ۲۰۱۳، دیمانەی ڕەحمانی لەگەڵ مەحموود عوسمان، ۱ی تشرینی دووەمی ۲۰۱۳، هەولێر، لاپەڕە ٦٩.

ئاگاداربوون، هەر نەبێ لە هەندێکیان، بەڵام گوێنەدان پێیان، ئەگەرێکی تری بەهێزە.

بەڵام ئاخۆ بە ڕاستی ئەوەی ڕووی دا، **ئەوها کتوپڕ بوو**، یا ئەوە بێئاگایی و غافڵگیریی سەرکردەکانی جوولانەوە چەکدارییەکە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، بوو کە ڕووداوەکەی کرد بە ڕووداوێکی کتوپڕ؟ لەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

سەرەتا گرنگە ئەوە بڵێین کە ڕووداوەکە، واتە ڕێککەوتنی جەزائیر، پێشینەیەکی چەند ساڵەی لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە لە نێوان عیراق و ئێراندا هەبووە. لە ڕاستیدا، تەنها بە یەک جیاوازییەوە، ئەویش ئەوەیە کە شەڕە یەک ساڵییەکەی بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥ بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو هەوڵانە چڕ ببنەوە و دواتریش لە ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەدام حوسەیندا بە ئەنجامی کۆتایی بگەن.

هەر زوو دوای ئەوەی بەعس، لە تەممووزی ١٩٦٨دا، فەرمانڕەوایی لە عیراق گرتە دەست، **یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو ڕژێمە ڕێککەوتن بوو لەگەڵ ئێراندا** و لەم پێناوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەوڵی ناوبژیوانی، لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ئاداری ١٩٧٥، لە نێوان ئێران و عیراقدا دراون. تەنانەت ڕژێمی عیراق، بە تایبەتی سەدام حوسەین، هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتنی عیراق و ئێران، ڕابەرانی کوردی، **بە هێما بێت یا بە نامەی ڕاستەوخۆ، بە تایبەتی بۆ مەلا مستەفا**، لە ئەگەر و

ئاکامەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا ئاگادار کردووەتەوە. یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا و ڕابەرانی جووڵانەوە چەکدارییەکە ئەوە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا، واتە دوو ساڵ بەر لە نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، سەدام حوسەین، کە ئەو کاتە بە ئەندازیاری ڕێککەوتنی ١١ی ئادار ناسرابوو، بە پێداگرییەوە داوای لە مەلا مستەفا کردووە کە مەسعوودی کوڕی بنێرێت بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆی زیاتر. ئەم داوایە بە مەرجی فەراهەمکردنی زەمانەت بۆ ژیانی مەسعوود بارزانی کرابوو، بەڵام مەلا مستەفا ڕازی نەبووە بۆ ئەو مەبەستە مەسعوود بنێرێتە بەغدا. هەر بەم هۆیەوە، یاخود ڕاستتر بڵێین، دوای بێهیوابوون لە چوونی مەسعوود بارزانی بۆ بەغدا، سەدام حوسەین لە "نامەیەکی نهێنی و تایبەتدا"[١]، بە تایبەتی و بە جەختکردنەوە، مەلا مستەفای **لە ئاکامی کارەساتئامێزی ڕێکنەکەوتن** لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ئاگادار کردووەتەوە. سەدام حوسەین لەو نامەیەدا، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە، بە مەلا مستەفا دەڵێت "**نابێ هەڵوێستی کورد ناچارمان بکات کە لە شەتولعەرەب و هەندێ شوێنی دیکەی عیراق سازش بۆ ئێران بکەین، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ئێران کۆتایی بە یارمەتییەکانی بۆ کورد بهێنێ.**"[٢] بەڵام لە بەرامبەردا مەلا مستەفا بێباک بوو بەرامبەر بەو هۆشدارییە گرنگە، تەنانەت

---

[١] لە سەرچاوەکەدا بە ڕوونی دەرناکەوێ کە ئاخۆ نامەکە بە شێوازی "نووسراو" یا "زارەکی" بووە.

[٢] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤١-٤٢. هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

وەڵامی نامەکەشی نەداوەتەوە.[1] لەم بارەیەوە، لە یەکێک لە هەڵسەنگاندنە گرنگەکانی جووڵانەوەی چەکداریی سالانی ١٩٦١-١٩٧٥دا، بە تایبەتی شکستی جووڵانەوەکە، دوو شت جەخت دەکرێنەوە: **یەکەم**، مەلا مستەفا بە هۆی ئەو "غروورەی" تووشی بووبوو، ئەو ئاگادارییەی سەدام حوسەینی بە هەند وەرنەگرت؛ **دووەم**، دوای ئەوەی مەلا مستەفا ڕازی نەبوو مەسعوودی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر بنێرێت و بێباکانەش مامەڵەی لەگەڵ نامەی ئاگادارکردنەوەدا کرد، ئیتر "متمانە" لە نێوان ڕژێمی بەعس و کورددا بە تەواوەتی نەما، بە تایبەتی لە نێوان سەدام حوسەین لە لایەک و سەرکردایەتیی جووڵانەوەی چەکداری لە لایەکی تر.[2] لە ڕاستیدا، دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە نامەکە ڕێک ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا بووە لەوەی کە "ئاگادار بە"، **سیناریۆی ڕێککەوتنی عیراق و ئێران بە ڕێوەیە**. جێگەی هەڵوێستەکردنەکە دواتر، دوای دوو ساڵ، بە کردار ئەوە هاتە دی کە مەلا مستەفا لە نامەکەدا لێی ئاگادار کرابووەوە، کاتێک سەدام حوسەین لەگەڵ شای ئێراندا ڕێککەوتنی جەزائیریان مۆر کرد.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەوەشی نامەی ئاگادارکردنەوەکە زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوو، بەڵام مەلا مستەفا، دوای نامەکەش، جگە لەوەی کە گوێ بە ئەو نامەیەی سەدام حوسەین نادات، دیسان هەر ڕازی نابێت مەسعوودی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر بنێرێت

---

[1] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

[2] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٢؛ هەروەها بۆ باسێکی لەم جۆرە بڕوانە:
Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 147.

بۆ بەغدا؛ تەنانەت مەلا مستەفا سەرکردایەتیی جوولانەوەکەشی لە نامەی ناوبراو ئاگادار ناکاتەوە. جێگەی سەرنج و گرنگیە کە نامەکە وەک "**نهێنیەک**" لە نێوان "مەلا مستەفا" و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، کە نامەکەی بۆ مەلا مستەفا گواستبووەوە، دەمێنێتەوە، تا ماوەیەکیش دوای شکستی تەواوەتیی جوولانەوەکە. جگە لەوەش ئەم ڕووداوە، واتە گوێنەدانی مەلا مستەفا بە ناردنی مەسعوودی کوڕی بۆ گفتوگۆ و پشتگوێخستنی نامەکەی سەدام حوسەین، "**خاڵی وەرچەرخان**" بوو لە پەیوەندییەکانی کورد و بەغدا، چونکە ئەم بەسەرهاتە بوو بە هۆی ئەوەی ڕەشبینیی بارزانی بەسەر دەرفەتەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارا بکێشێت.[1]

***

دیوێکی دیکەی پێشوەچوونەکە ئەوە بوو کە هەر لە تەممووزی ١٩٧٣دا، لە نامەیەکدا بۆ شای ئێران، مەلا مستەفا دڵنیایە لەوەی کە تا ئاداری ١٩٧٤ عیراق پابەندییەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار جێبەجێ ناکات، جگە لەوەش، هەر لەو نامەیەدا پێشنیازی ڕۆڵی سەنتەربوونی کوردستان دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزانەی کە ئامادەن، بەیەکەوە لەگەڵ کورددا، ڕژێمی ئەو کاتەی عیراق بگۆڕن.[2] لە ڕاستیدا ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان پڕ لە

---

[1] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[2] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤دا، کە دەقەکەی لە پاشکۆی ژمارە سێی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: علینقی عالیخانی، (ویراستار)، *یادداشت‌های علم*، تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ٩٨-٩٩.

کێشەن و لە ڕووی هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە ناتوانن ورد و دروست بن، چونکە ناکرێ مرۆڤ بەر لە نزیکەی ساڵێک لە کۆتاییهاتنی مۆڵەتی چوار ساڵەکە، بە "دڵنیاییەوە" بڵێ عیراق پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە. جگە لەوەش، پێشنیازی ئەوەی کە کوردستان بکرێ بە **ناوەندی هەولەکان** بۆ پیلانگێڕی دژی ڕژێم بە ئامانجی گۆڕینی، واتە کوردستان بە "ئەرک و قورساییەک" بار بکرێت کە توانای هەڵگرتنی نییە. جگە لەوەش، دەکرێ کوردستان باجێکی قورس بدات لە بینینی ڕۆڵی "سەنتەربوون" لە هەوڵەکانی خستنی ڕژێمی بەغدا. مەلا مستەفا دەبوایە لە هەموو کەس باشتر بزانێت کاردانەوەکانی سەدام حوسەین بەرامبەر بەوانەی کە پیلانیان بۆ خستنی ڕژێمی بەعس گێڕاوە، تەنانەت تەنها بیریشیان لە شتێکی لەو جۆرە کردبێتەوە، چەندە خوێناوی و دڵڕەقانە بوون. جگە لەوەش، هەر لەو نامەیەدا مەلا مستەفا داوا لە شا دەکات کە "وەک **باوک** و پارێزەر یا پاسەوان" ئاستی توانا سەربازییەکانی جووڵانەوە چەکدارییەکەی سەربخات، لە **توانای بەرگرییەوە بۆ توانای هێرشبردن**[1]، کە دواتر ئەم مەسەلەیە، لە ماوەی شەڕی بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، جێگەی مشتومڕی بەردەوام بوو، بە تایبەتی لە نێوان لایەنی کوردی لە لایەک و ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە. بەهەرحاڵ، پێویستە لێرەدا

[1] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤دا، کە دەقەکەی لە پاشکۆی ژمارە سێی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: عالیخانی، *یادداشتەکانی عالم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ٩٩. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

ئەوە بڵێین کە لە پرسی فۆرم و ئاستی یارمەتییەکانی ئێران و ئەمەریکادا بۆ کورد، بواری **بەهەڵەتێگەیشتنی** لایەنی کوردی هەیە کاتێک کورد داوای چەکی هێرشبردن دەکات، چونکە لە مەبەستە گشتییەکەدا هەر لە سەرەتاوە ئەمەریکا و شای ئێران کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە **تەنها چەکی بەرگریکردن، نەک هیی هێرشبردن، بدرێ بە کورد.**[1]

لێرەدا گرنگە ئەوەش لە بیر نەکەین کە ئەم یارمەتییانەی ئێران بۆ کورد هەرگیز بێبەرامبەر نەبوون، چونکە لە هەمان نامەدا ڕوونە مەلا مستەفا بە شای ئێران دەڵێ "ئێمە ڕەزامەندین بەو **پابەندییانەی دەکەونە سەر شانمان.**"[2] لێرەدا گرنگە ئێستێک لەسەر مەسەلەی پابەندی بکەین و بشپرسین ئاخۆ مەبەست لەو پابەندییانە چییە. بەهەرحاڵ، دەکرێ یەکێک لەو پابەندییانە ئەوە بووبێت کە، تا بکرێ، مەلا مستەفا ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدادا جێبەجێ نەکات، هەر وەک شای ئێران خۆشی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مەلا مستەفا بەڵێنی پێ داوە ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ سەدامدا کردبووی، واتە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، "نەباتە سەر".[3] جێبەجێکردنی ئەم پابەندبوونەش بوو بە بەشێک لەو پەرەسەندنەی کە دواجار، لە بەهاری ١٩٧٤دا، بە

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 585.

هەروەها بڕوانە:

Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 153.

[2] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤، کە دەقەکەی لە پاشکۆی ژمارە سێی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: عالیخانی، *یادداشتهای علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ١٠٠.

هیمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

[3] ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ٩٦.

دەستپێکردنەوەی شەڕێکی خوێناوی و چارەنووسساز کۆتایی هات. شاراوەش نییە کە ناکرێ بە هیچ پێوەرێک پەیوەندییەکانی جوولانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا بە پەیوەندیی هاوسەنگ لە نێوان دوو وڵاتی خاوەن سەروەریدا بەراورد بکرێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندییە وا دەکات کە جوولانەوە چەکدارییەکە بکەوێتە **حاڵەتێکی وابەستەییەوە**، کە ڕەفیق سابیر پێی دەبێژێ "پاشکۆیەتی"[1]، یا عیسمەت شەریف ڤانلی پێی دەبێژێ "هاوپەیمانیی ناسروشتی"[2]، بەم واتایەش: جوولانەوەیەک لە **ماهییەت و پێشمەرجەکانی بوون و ژیانیدا ئازاد نییە**، بەڵام لەوڵاشەوە **بۆ ئازادی** و ڕزگاری خەبات دەکات! نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو پابەندییە وای کرد کە جوولانەوەی چەکداری لە باشوور ژمارەیەک خەباتکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە "مردوویی" یا زیندوویی، ڕادەستی ڕژێمی ئێران بکاتەوە. پابەندییەکە بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئەوەندە دوور چووە کە ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە، بۆ ڕازیکردنی شای ئێران، تەنانەت "**مەفرەزە**"ی چەکداریی خۆیشی ناردووە بۆ دیوی ڕۆژهەڵات **بۆ لێدانی ڕاپەڕیوە چەکدارەکانی** ئەو بەشەی کوردستان.[3] دەرەنجام، جوولانەوە چەکدارییەکە ئەوەندەی **وابەستە بوو**، ئەوەندە **ئازاد و سەربەخۆ نەبوو**، بە تایبەتی لە بڕیارە چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەکاندا.

---

[1] ڕەفیق سابیر، "کارەساتەکە و فیکری پەیرەو"، گۆڤاری *ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە ٢٢-٢٣، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ١٩٩٠، ل. ٥٤.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 183.

[3] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٥٠.

هەر لە چوارچێوەی ئەم **وابەستەییەدا**، لە کاتێکدا عیراق لە کۆتایی مۆڵەتە چوار ساڵییەکەدا یاسای ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاند، بەڵام لایەنی کوردی بێوەڵام مایەوە و نەیتوانی پرۆژەیەکی جێگرەوە، وەک "ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە"، بۆ یاسای ئۆتۆنۆمیی ڕژێمی عیراق، ڕابگەیەنێت. هۆی ڕانەگەیاندنی پرۆژە جێگرەوەکە ئەو **وابەستەییە بوو** کە هەر زوو جووڵانەوەکە، بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو لایەنە دەرەکییانەی کە یارمەتیی کوردیان دەدا، تێی کەوتبوو. جارِدانی پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمیی جێگرەوە و دداننانی ئەمەریکا بەو پرۆژە جێگرەوەیەدا، ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتیی ئەمەریکای بۆ کورد دەخستە مەترسییەکی جددییەوە. جگە لەوەش، بە دیدی ئەمەریکییەکان، ڕاگەیاندنێکی ئەوها دەکرا ڕقی ڕژێمی عیراق بەرامبەر بە کورد ئەستوورتر بکات و ئەوەش ببێت بە هۆی تۆڵەسەندنەوەیەکی لەڕادەبەدەر لە کورد.[1] بە گشتی، نەک هەر ئەمەریکا، بەڵکو ئێرانیش ڕازی نەبوو بەوەی ئەو پرۆژەیە ڕابگەیەنرێ، چونکە دەکرا هەنگاوێکی لەو جۆرەی "تاکلایەنە"ی کورد، جگە لەوەی گوترا، کۆمەڵێ مەترسیی لێ بکەوێتەوە. دواجار، مەلا مستەفا و ڕابەرانی جووڵانەوە چەکدارییەکە لە لای خۆیانەوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنە دەرەکییانە نەتۆرێنن و تووشی کاردانەوەی نەرێنییان نەکەن، دەستیان بۆ ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی جێگرەوە نەبرد. دیارە تێگەیشتنی ئەم حاڵەتەش لەوەوە پێ هەڵدەگرێ کە ڕابەری جووڵانەوەکە، مەلا مستەفا، باوەڕی وابوو کە

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, pp. 168-169.

جوولانەوە چەکداریيەکە تەنها بە توانستی خۆی، واتە بەبێ پشتگیری و پشتیوانیی لایەنە دەرەکییەکان، ناتوانێ هیچ شتێک بە دەست بهێنێ، یا تەنانەت لەسەر پێی خۆیشی بوەستێ، بەو واتایەش، جوولانەوەکە هیچ چارەی تری نەبوو جگە لەوەی کە بە وردی گوێڕایەڵی ئەوە بێت کە لایەنە "پاڵپشتەکان" لەسەر جوولانەوەکە دەیسەپێنن.

لە لایەکی ترەوە، ئەم حاڵەتی "**وابەستەبوونە**" نەدەگونجا لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جوولانەوەیە لە سروشت و ماهییەتی خۆیدا "شۆڕشی گەلێک" بێت.[1] ئەمە رێک کێشە و ناکۆکییە گەورەکەی ناخی جوولانەوەکە بوو، کە تێیدا دۆخ و سروشتی جوولانەوەکە، بە هۆی پێداویستی و پێشمەرجەکانی خەباتی چەکداری، لە جوولانەوەیەکی "سەربەخۆ" و خاوەن بڕیاری ئازادانەوە بووبوو بە جوولانەوەیەکی گرێدراو بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی لایەنە یارمەتیدەرەکان، تەنانەت بە تۆندی لە دەستی لایەنە پاڵپشتەکاندا، بە تایبەتی لە دەستی ئێراندا، **بە بارمتە گیرابوو**. بەم واتایەش، جوولانەوە چەکداریيەکە لەبری یەک ناسنامە، دەبێ بە خاوەنی دوو ناسنامەی دژ بە یەکتر: یەکێکیان **جوولانەوەی ئازادیخوازە**، بەڵام ئەوەی تریان **شەڕی بەوەکالەتە**. واتە، دۆخەکە جۆرێک لە هاوپەیمانیی **دوانەیی** و **دووسروشتی** بەسەر جوولانەوەکەدا سەپاندبوو کە بەم شێوەیە بوو: ئەگەرچی **هاوپەیمانییەکە** "هۆکار و مەرجی پێویست بوو بۆ ژیان و بەردەوامیی جوولانەوە چەکداریيەکە لە کاتی دیاریکراودا و بەپێی بارودۆخی

---

[1] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٥.

دیاریکراو"، بەڵام هەر **هەمان هاوپەیمانی** "هۆکاری هەرە گرنگیش بوو بۆ هەرەسهێنانی جوولانەوەکە".[1]

***

دیسانەوە، هەر بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتیی جوولانەوەی چەکداری، لەبەر ئەوەشی نیگەرانییەکی زۆر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا[2] هەبوو، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٧٣دا دوو دیپلۆماتکاری سۆڤییەتی سەردانی مەلا مستەفایان کردووە. لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی چڕ و گرنگدا لەگەڵ ئەو و بەرپرسانی پارتیدا، ئەو دیپلۆماتکارە سۆڤییەتییانە مەلا مستەفا و بەرپرسانی تریان لە گفتوگۆی "نهێنی"ی ئێران و عیراق لە جنێف دەربارەی شەتولعەرەب ئاگادار کردووەتەوە و ئەوەشیان گوتووە کە **ئەگەرێکی بەهێز هەیە ئەم دوو وڵاتە بگەن بە ڕێککەوتن**. لە وەڵامدا ڕابەرانی جوولانەوەی چەکداری، لەبری دەربڕینی **نیگەرانی و مەترسی**، ڕایان گەیاندووە کە "**ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە خودی ئەو دوو دەوڵەتەوە هەیە و پەیوەندیی بەوانەوە نییە.**"[3] بەڵام بەپێی سەرچاوەی تر، مەلا مستەفا، بونیادنراو لەسەر

---

[1] یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، ١٩٩٢، لاپەرە ٤٥.

[2] Kelly, *Arabia*, 1980, p. 248.

[3] بۆ هیلمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران، ١١ی حوزەیرانی ١٩٧٣، بابەت: ناوەڕۆکی دیداری کاربەدەستانی سۆڤییەت لەگەڵ مەلا مستەفا. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەرە ٣٨٧. هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

ئەم ئاگادارکردنەوەیە، نیگەرانییەکانی گەیاندبووە شای ئێران، بەڵام بۆ دڵنیاکردنەوەی مەلا مستەفا، شا دیدارەکانی عیراق و ئێرانی وەک شتێکی کەمبایەخ پیشان دابوو.[1]

لە لایەکی تـرەوە، هەر لە ئاڕاستەی دوورکەوتـنەوەی کـورد و ڕژێمـی بەغـدا لە یەکتـر و بێبـاکیی ڕابەرایەتیـی جوولانەوەی چەکداری لەوەی کە ڕوو دەدات، لە سـەرەتای مـانگی حـوزەیرانی ١٩٧٣دا، مەلا مسـتەفا لە دیمانەیەکـدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسـی ئەمـەریکیی نـاودار، جـیم هۆگلانـددا، هێرشـی تونـدی کـردووەتە سـەر دەسـەڵاتدارانی بەغـدا و داواشی لە ئەمەریکا کردووە کە دەست بگرن بەسەر نەوتی کەرکـوک و هێـزیش بنێـرن بـۆ پاراسـتنی کـوردان لە "گورگەکـان" (wolfs)، کە دیـارە مەبەسـتی لە گورگەکـان دەسەڵاتدارانی بەغدا بووە. جگە لەوەش، گوتوویەتی کە ئەو تـا ئـاداری ١٩٧٤ چـاوەڕێ دەکـات و ئەگەر تـا ئەو کـاتە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا ڕێککەوتنـی ئاداریـان بە تەواوەتـی جێبەجێ نەکرد، ئەوا ئەو "هێرش دەکات".[2] مکداوڵ پێی وایە ئەستەمە مرۆڤ تەسەوری هیچ لێدوانێک بکات کە بە ڕادەی ئەو دەربـڕینەی مەلا مسـتەفا توانـای هەبـووبێ، نەک هەر ڕژێمـی بەعس، بەڵکو هەمـوو جیهـانی عەرەبییش تـووڕە و بێـزار بکـات.[3] بە سـەرنجێکی بەپەلە لەوەی کە مەلا مسـتەفا لەم دیمـانەیەدا ڕای گەیانـدووە، دەکـرێ لە زۆر ڕووەوە سەرنجی ناکارامەیی و سـەرەڕۆیی ئەو سـەرکردەیە بدەین. دواجار ئەم سـەرەڕۆییە کۆمەڵێک کێشـەی لێ دەکەوێتەوە:

---

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 150.
[2] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 151.
[3] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

یەکەم، لە کاتێکدا هێشتان کورد لە قۆناغی ڕاگوزەری ئاشتی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارداید، مەلا مستەفا بە زمانێکی "نەشیاو" و "زبر" پێناسەی دەسەڵاتدارانی بەغدا دەکات؛ **دووەم**، مەلا مستەفا دەست بۆ کەرکوک و نەوتی کەرکوک دەبات و بە ئاشکرا و بەبێ پێچوپەنا ئەم نەوتە دەخاتە خزمەت ئەمەریکییەکانەوە، لە کاتێکدا ئاسانە مرۆڤ تێ بگات کە نەوتی کەرکوک بەردەوام هێڵی سوور بووە بۆ ڕژێم. جگە لەوە، هەر وەک پێشتریش پشتڕاست بووەوە، مەسەلەی خۆمالێکردن و دەرهێنانی نەوت لە چنگی وڵاتانی تر و کۆمپانیاکانیان پرسێکی یەکجار گرنگ بوو و ئەوەی مەلا مستەفاش گوتوویەتی، بە تەواوەتی دژ بە ئاراستەی ڕژێم بوو؛ تەنانەت، بە دیدی بەعس، دوورڕۆیشتن بوو تا ئاستی "خیانەتی نیشتمانی"؛ **سێیەم**، مەلا مستەفا بە ئاشکرا داوا لە ئەمەریکا دەکات **بە زەبری هێز کورد بپارێزێ**. ئەم بانگەشەیە، هەر نەبێ، دوو کێشەی زۆر جددیی لێ دەکەوێتەوە: **أ**- بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی تێ ناچێ ئەمەریکا هێز بنێرێتە ناو وڵاتێکەوە کە دواجار خاوەن سەروەریی خۆیەتی. کەسێک لە پێگەی بەرپرسیاریی مەلا مستەفادا، بە کەمترین شارەزایی لە یاسا و سیستەمی نێودەوڵەتی و ئاگادار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، پێویستە ئەوە بزانێ ئەم داواکارییە بەزاندنی کۆمەڵێک هێڵی سوورە و دەرەنجام، چاوەڕوان ناکرێت هیچ شتێکی ئەرێنی، جگە لە باجێکی گران و زیانێکی زۆر، لە داواکارییەکی ئەوها بکەوێتەوە؛ **ب**- هەر لە سەرەتاکانی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتیدانی کورد، لایەنی ئەمەریکی

زۆر بە ڕووڕوو، جار دوای جار، ئەوەیان بۆ لایەنی کوردی دووپات کردبووەوە کە نەیێنیبوونی ئۆپەراسیۆنەکە گەرەنتیی بەردەوامییەتی، لە لایەکی ترەوە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە دەکرێ ئاشکرابوون بە ئاسانی چارەنووسی ئۆپەراسیۆنەکە بخاتە مەترسییەوە. قسەکانی مەلا مستەفا بۆ جیم هۆگلاند زۆر ناکۆکە لەگەڵ داواکارییەکەی ئەمەریکا بۆ پاراستی نهێنیبوون بەوپەڕی ئاگادارییەوە!

زانیاریی زۆر هەن، هاوشێوەی ئاگادارکردنەوەکانی تر، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە لە هەفتەی کۆتایی نیسانی هەمان ساڵدا (١٩٧٣)، وەزیرانی دەرەوەی عیراق و ئێران کۆمەڵێک کۆبوونەوەیان لە جنێڤ دەربارەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە کردبوو و گفتوگۆیان بە تایبەتی دەربارەی *هێڵی تالڤیک*، واتە دەستنیشانکردنی سنوور لە قوواڵترین خاڵی ناوەڕاستی شەتولعەرەب، کردبوو. لەو گفتوگۆیانەدا، نوێنەری عیراق، جگە لە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەسەندکردنی ئەو هێڵە، تەنانەت ڕازیبوونی عیراقی بۆ هەندێک سازشی تریش بۆ ئێران دەربڕیبوو. هەڵبەتە ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەی کە ئێران ڕازی ببێت **کۆتایی بە یارمەتییەکانی بۆ کورد بهێنێ**. هەر لەو کۆبوونەوانەدا بڕیار دراوە کۆبوونەوەی تریش، لە هەمان ئاڕاستەدا، لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بکرێن.[1] هەر لە هەمان

---

[1] لە نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٨٠. جێگەی سەرنجە کە ئەم زانیارییانە لە لایەن سەفیری فەڕەنسی لە عێراق دراون بە نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

سال و ماوەیەکی کورت دوای گفتوگۆکانی پێشتر، تورکیا دەستپێشخەریی کردووە بۆ ئەوەی عیراق و ئێران جارێکی تر لە ڕێگەی وەزیرانی دەرەوەیان، هەر لە جنێف، کۆ ببنەوە. ئەمەش لە ئایاری ١٩٧٣دا ڕووی دا و دوو پرسیش بە گرنگییەوە باس کران، یارمەتیی ئێران بۆ کوردان و داوای ئێران لە عیراق کە ڕێککەوتنی ١٩٣٧ دەربارەی شەتولعەرەب هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان عیراق بەم داواکارییە ڕازی نەبوو.[1] لە لایەکی ترەوە، سەرۆکی ئێتلاعاتی ئێران، عەباس مەسعوودی، لە ئابی ١٩٧٣دا هەندێک هەواڵی لە ناو عیراقەوە بۆ شای ئێران پشتڕاست کردووەتەوە کە ڕژێمی عیراق ئامادەیە لەسەر پرسی سنوور لە شەتولعەرەب، بەپێی هێڵی تاڵفیک، گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات[2]، ئەمەش گۆڕانکارییەک بووە لە هەڵوێستی عیراقدا بە ئاڕاستەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا. لە بەرامبەردا، لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا، عیراق لە لایەن ئێرانەوە ئاگادار کرابووەوە کە ئەگەر هەردوو وڵات لەسەر هێڵی تاڵفیک ڕێک بکەون، ئەوا ئێران دەست لە یارمەتیدانی کوردان هەڵدەگرێ.[3]

هەر لە ئاڕاستەی ئەو ڕووداوانەی کە **دەبوایە ڕابەرانی کورد نیگەران و ئاگادار بکاتەوە** لە ئەگەر و گریمانەی ڕێککەوتنی عیراق و ئێران، گرنگیدانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بەم بابەتە و دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. لێرەدا

---

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 150.

[2] عالیخانی، *یادداشت‌های علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ١٠٦.

[3] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

پێویستە کەمێک زیاتر لەسەر ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوەستین.

لە مانگی شوباتی ١٩٧٤دا هەندێک بارگرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی سنووردار لە نێوان عیراق و ئێراندا ڕوویان دا. دواجار، دوای ماوەیەکی کەم، لە ٧ی ئادارادا هەردوو لا گەیشتنە ڕێککەوتنی ئاگربەست بۆ کۆتاییهێنان بە بەریەککەوتنە چەکدارییەکان. بەهەرحاڵ، گرنگتر لە ئاگربەست ئەوە بوو کە ئەم بەریەککەوتنە چەکدارییەی نێوان عیراق و ئێران بوو بە هۆی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گرنگییەوە بە بابەتەکەوە پەیوەندیدار ببێت. دەرەنجام، لە ٢٠ی ئایاری ١٩٧٤دا ڕاپۆرتێکی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان درا بە ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوەیە. دوای هەفتەیەک لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە، لە کۆبوونەوەی ٢٨ی ئایاردا ئەنجوومەنی ئاسایش، لە کۆبوونەوەی ژمارە ١٧٧٠دا، بە چواردە دەنگ و بەبێ دەنگی دژ، بڕیاری ژمارە ٣٤٨ی دەربارەی کێشەکانی نێوان عیراق و ئێران دا و بڕیارەکەش لە چوار خاڵی سەرەکی پێک هاتبوو. لە خاڵی **دووەمدا** پێشوازی لە "سوورىوونی لایەنی عیراق و ئێران بۆ کەمکردنەوەی بارگرژی و باشترکردنی پەیوەندییەکانیان" کرا و داواش کرا "هەردوو لا چاودێریی ئاگربەست بکەن"، هەروەها بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر دەربارەی هەموو مەسەلە دوولایەنییەکان، کار بکەن.[١]

[١] بۆ دەقی بڕیارەکە، بڕوانە: پێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: http://unscr.com/en/resolutions/348 retrived 8-2-2024

لە نیگایەکی بەپەلەدا لەم بڕیارە، چەند خاڵێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش ڕوون دەبنەوە: **یەکەم**، لەو باسانەی کە دەربارەی شکست و نسکۆی ١٩٧٥ نووسراون، چ سیاسی یا ئەکادیمی، زۆر کەم، لە ڕاستیدا نزیک لە هیچ، ئاماژەیەکی جددی نییە بۆ گرنگیی ئەم بڕیارە لە بەستێنی ململانێی کورد و ڕژێمی عیراقدا. لەو هەموو سەرچاوەیەی کە بەردەستن، تەنها برایان گیبسۆن ئاماژەیەکی زۆر کورت بۆ ئەو بڕیارە دەکات[1]، بەڵام بەبێ سەرنج و تێبینیی گرنگ دەربارەی دۆسیەی کورد و ئەمەریکا، هەروەها بۆ ئەگەری ئەوەی ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەکی چاوەڕوانکراوی لەسەر پەیوەندییەکانی عیراق و ئێران لە لایەک و چارەنووسی جوولانەوەی چەکداریی کورد دەبوو؛ **دووەم**، زۆر گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە لە ڕووی تیگەیشتنی چۆنایەتی و قورسایی دەنگدان، دوو شت ڕوون دەبنەوە، کە هەردووکیشیان بۆ ئەگەر و گریمانەی ڕێککەوتنی عیراق و ئێران گرنگن: أ- دەنگدانی بە بەڵێنی چواردە ئەندام لە کۆی پانزە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش، لەمانەش بە گرنگییەوە هەر پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنەکە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە خواستێکی بەهێزی نێودەوڵەتی، سەرەڕای بارگرژییەکانی جەنگی سارد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عیراق و ئێران هەبوو، چونکە، لە ڕاستیدا، لە زۆر حاڵەتدا، دۆخی ئەم جەنگە سارەدە دەبوو بە هۆی ئیفلیجبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاتێک گفتوگۆ و بڕیار دەهاتە سەر یەکلاکردنەوەی ململانێکان، بە تایبەتی ئەو

[1] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 172.

ململانێیانەی کە تێیاندا ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەت، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، گرێدراوی لایەنەکانی ململانێ بوون، جا گرێدراوییەکە لە ڕێگەی هاوپەیمانیی ڕەسمی بێت، یا هەر فۆرمێکی تر بێت لە پەیوەندی؛ ب- ئاساییتر بوو، بەڵکو زۆریش پێویست بوو، کۆکبوونی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەت لەمەڕ ئەم بڕیارە ببوایەتە هۆی نیگەرانییەکی زۆر لە لایەن ڕابەرایەتیی جوولانەوەی چەکداریی کورد و هانی ئەوانی بدایە کە دەستوبرد بکەن بۆ خوێندنەوەیەکی جددی بۆ بڕیارەکە، هەر لە واتاکانی، ئەگەر و گرێمانەکان، سیناریۆکان و لێکەوتەکان بۆ کورد، زۆر بە تایبەتییش لە بابەتی ڕێککەوتنی کۆتایی لە نێوان عیراق و ئێراندا. بەڵام ئاشکرایە کە خوێندنەوەیەکی ئەوها بۆ بڕیارەکە نەکراوە، تەنانەت گرنگییشی پێ نەدراوە. واتە بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست، بەڵام ترسناک و کارەساتئامێز، ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە کە سەرکردایەتیی جوولانەوە چەکداریی‌یەکە چەندە بێئاگا بوونە لە سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. دواجار، دەکرێ هۆکاری گرنگینەدان بەم جۆرە ڕووداوانە ئەوە بووبێ کە ئێتر ئەو ڕێبەرایەتییە ئەوەندە **کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو باوەڕەی کە ئەو بەڵێنانەی لە لایەن ئێران و ئەمەریکاوە پێیان دراون ئەوەندە تۆکمەن و جێگیرن**، ئێتر بەشی ئەوە دەکەن کە کورد بگەیەنن بە کەناری ئارامی. بەم لۆجیکەش، ئەو ڕووداو و جوولە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی ڕێککەوتنی عیراق و ئێران لەسەر پێ بوون جێگەی گرنگی و سەرنجی

ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە نەبوون، ئەگەرچی بە کردار کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی جوولانەوە چەکدارییەکە دەبوو. لە ڕاستیدا، ئەم ڕابەرایەتییە بە **کەمترین ڕادەی** شارەزایی و ئاگایی دەیتوانی لە مەترسی و ئەگەرەکانی جێبەجێکردن و بەئامانجگەیاندنی ئەم بڕیارە گرنگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بگات. لە ڕاستیدا، لە دۆخی ئاساییدا، تەنانەت ئاگایی ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا بەشی ئەوە دەکات خوێندنەوەیەکی پڕ بە پێست بۆ ئەگەر و لێکەوتەکانی بڕیارێکی لەم جۆرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات! دواجار، دوای نزیکەی دە مانگ لەم بڕیارە، ڕێککەوتنی جەزائیر مۆر کرا و "هەموو شتێک کۆتایی هات"، واتە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بەجێ گەیشت؛ **سێیەم**، جێگەی سەرنج و تێڕامانە کە ئەمەریکییەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و لەگەڵ ڕابەرانی جوولانەوەی چەکداری، دوور و نزیک، ئاماژەیان بۆ ئەو بڕیارە گرنگە نەکردووە. تەنانەت کیسنجەریش، کە دەتوانین بڵێین تەواوی دۆسیەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جوولانەوەکە و هەموو سەرەداوەکانی بڕیار لە پەیوەندیدا بە جوولانەوەکەوە لای ئەو بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش ناکات، چ جای ئەوەی سەرکردایەتیی جوولانەوەکە لە مەترسیی ئەو بڕیارە ئاگادار بکاتەوە.

گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەمەریکا لە کاتێکدا دەنگی بەو بڕیارە داوە کە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی پاڵپشتیکردنی

کورد به چڕی لەسەر پێ بووە، ئەشکرێ بڵێین لەو قۆناغەی کە ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی تێدا دەرچوو، ڕۆژانە شستێک لە دۆسیەی ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییەدا ڕووی دەدا! دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ئاستی نوێنەرایەتیی ئەمەریکا لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر نەبێ کێشەیەک هەیە کە وا دەکات نوێنەری ئەمەریکا حسێب بۆ دۆسیەی کورد لە عیراق نەکات، کاتێک کە باس لە ڕێککەوتنی ئێران و عیراق دەکرێ: نوێنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری دۆسیەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا و ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە نییە. ئەوەش وای کردووە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەو نوێنەرەدا جێگەی ئەو دۆسیەیە نەبێتەوە، بەم پێیەش، نە پێویست بوو نیگەران بێت لە بابەتی کاریگەریی بڕیارەکە لەسەر کورد و نە هەوڵی ئەوە بدات، **بە شێوەیەک لە شێوەکان**، حسێبێک بۆ چارەنووسی کورد لەو بڕیارەدا بکات!

***

هەر دەربارەی ئاگادارکردنەوەکان، لە بەرامبەریشدا کەمئاگایی ڕابەرانی کورد لەو کاتەدا لەوەی کە خوێندنەوەی دروست بۆ پەیام و جووڵە و پەیوەندییەکان بکەن، کەمێک بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ، سەدام حوسەین لە ٨ی ئاداری ١٩٧٤دا چاوی بە شاندێکی مەلا مستەفا کەوت، کە یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە ئیدریسی کوڕی دەبێت. سەدام بە تایبەتی بە ئیدریس بارزانی دەڵێ **"ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عیراقدا بێت، ئەوا بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتلعەرەب دەکەین، کە ئەمە برینێکی قوول دەکاتە دڵمان**

و ئێوە ئەنجامەکانی لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسیارەتیی لەسەر ئێوە دەبێ، لە کۆتاییشدا هەر ئێوە نرخێکی [باجێکی] گران دەدەن.[1] بەهەرحاڵ، لەوە دەچێ کاتێک مەلا مستەفا ئیدریسی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر ناردبێتە بەغدا، ئەمەی بە باوەڕەوە نەکردووە، بەڵکو لەسەر خواستی سەدام و لەژێر فشارەکانی لیژنەی مەرکەزیی پارتیدا ناردنی ئەو شاندەی پەسەند کردووە. لە ڕاستیدا، زۆر زووتر "دابڕان" لە نێوان لایەنی کوردی و ڕژێمی بەغدادا دەستی پێ کردبوو و گفتوگۆکانیش لەو کاتەدا بێسوود بوون.[2] هۆکارێکی گرنگیش بۆ ئەم دابڕانە، وەک مەلا مستەفا خۆی دەڵێت، ئەوە بوو کە "ئێمەی کورد لە لایەن دۆستانی ئێرانی، دۆستانی ئەمەریکی و دۆستانی ئیسرائیلی **هان دراین بۆ ئەوەی سازش نەکەین.**"[3] جگە لەوەش، لە زیاتر لە سەرچاوەیەکدا ئەوە جەخت کراوەتەوە کە لایەنی کوردی دەستی نەدەکردەوە بە شەڕ ئەگەر ئەمەریکا داواکەی شای ئێرانی بۆ یارمەتیدانی کوردان پەسەند نەکردایە، بەم واتایەش، دەکرا کورد بەوە ڕازی بوونایە کە ڕژێمی عیراق ئامادە بوو، لەو کاتەدا، بە کوردی بدات.[4]

---

[1] کاروان جوهر محمد، *ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧): ژیان و ڕۆلی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا*، تونێلێکی میژوویە، هەولێر، ٢٠١٩، لاپەڕە ١٨٣. هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

[2] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[3] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 68. هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

[4] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85; Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 207.

بەهەرحاڵ، ئاسان نییە قسەکانی مەلا مستەفا، کتومت وەک خۆیان و بەبێ کێشە و وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، پەسەند بکەین، چونکە ئەم قسانە لە دوای شکستی ئاداری ١٩٧٥ کراون، مەلا مستەفاش لەو کاتەدا زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو شکستەدا بوو. لە ڕاستیدا دوای شکستی جووڵانەوەکە، خواستی سەرەکیی مەلا مستەفا ئەوە بوو، تا بکرێ، هۆکار و بەرپرسیاریی شکستەکە بخاتە ئەستۆی ئەوانی تر، واتە **پشتیوانانی جووڵانەوەکە، زۆر تایبەتی و بە جەختکردنیشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**. لە لایەکی تریشەوە، ئەو تا بۆی کرابێ خۆی لە سەرکۆنەکردنی ئێران بە دوور گرتووە، لە کاتێکدا ئێران، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەندازیار و بڕیاردەری سەرەکی بووە، هەر **لە ڕازیکردنی ئەمەریکا** بۆ هاوکاریکردنی کورد تا دەگاتە وێستگەی کۆتایی کە ڕێککەوتن **لەگەڵ عیراق** و هەرەسهێنانی جووڵانەوەکەیە. بە سەرنجدان لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەر لە بەهاری ١٩٧٢ تا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤دا، دەتوانین زۆر بە ئاسانی بڵێین کە هەڵوێستی ئەم سێ وڵاتە، بە تایبەتی ئێران، ڕۆڵێکی گرنگی لە دووڕکەوتنەوەی لایەنی کوردی لە بژاردەی ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ بەغدادا بینی. لە ڕاستیدا نەک هەر دووڕکەوتنەوە لە بژاردەی ئاشتی و ڕێککەوتن، بەڵکو تەنانەت لایەنی کوردی لەم ماوەیەدا، **هەر بە هۆی ئەو پشتیوانییەوە**، ڕۆژ دوای ڕۆژ، لە بژاردەی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا، نزیکتر دەبووەوە.

لە ڕۆژ و هەفتەکانی بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا، جووڵانەوەی چەکداری بە تۆندی کەوتبووە نێوان دوو بەرداش و لەو دۆخەشدا پێویست بوو بە تەواوەتی خۆی یەکلا بکاتەوە، کە ئاخۆ بە تەواوەتی ئاشتی هەڵدەبژێرێ و بژاردەی شەڕ ڕەت دەکاتەوە، یا پێچەوانەکەی دەکات و جارێکی تر شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا دەست پێ دەکاتەوە. ئەگەرچی قانلی پێی وایە بۆ ڕابەرایەتیی جووڵانەوەی چەکداری، بۆ ئەوەی نەچنە شەڕەوە و ماوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا درێژ بکرێتەوە، هەزار "فێڵ" هەبوو[1]، بەڵام لە ڕاستیدا دۆخەکە بەو سادەییە نەبوو: کێشە گەورەکە ئەوە بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر بڕیاری کۆتایی دەربارەی شەڕ و ئاشتی لە دەست کورد دەرچووبوو. لە لایەکی ترەوە، هەندێک زانیاری هەن باس لەوە دەکەن کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە فەرمی داوای درێژکردنەوەی ماوەی "ڕاگوزەر"ی لە چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ لە ڕژێمی بەعس کردووە، تەنانەت لەم داواکارییەشدا حزبی شیوعیی عیراقی و هەندێک لایەنی تر ("دەکرێ لێرەدا مەبەست یەکێتیی سۆڤییەت بێت") پشتگیریی داواکارییەکەی پارتییان کردووە، بەڵام سەرکردایەتیی بەعس، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێکی سەدام حوسەین، ئەو داواکارییەی ڕەت کردووەتەوەط[2] لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ ناتوانێ پشتڕاست بێت لەوەی ئاخۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان چەند جددی بووە لەو

---

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 190.

[2] حزب البعث العربي الاشتراكي، *التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع*، حوزيران ١٩٨٢، ١٩٨٣، ص. ٥٦.

داواکارییه و ئاخۆ ئەم داواکاری و پێشنیازه دواجار تەنها جوولّەیەکی تاکتیکی نەبووە بۆ شانخالّیکردنەوەی خۆی و بۆ ئەوەشی ئەو حزبە دواجار تۆمەتبار نەکرێ کە ئەوە لایەنی کوردییە کە خوازیاری ئەوە نییە بچێتە ژێر باری رێککەوتنی هەمیشەیی ئاشتییەوە. ئەوە رێک ئەو چرکەساتە بوو کە تێیدا تاکتیک و ستراتیجی بە ئاسانی یەکانگیر نەدەبوون: دەکرێ ستراتیجییەکە دەستکردنەوە بووبێت بە شەڕ، بەڵام لەولاشەوە، لە ئاستی تاکتیکدا، دەست بۆ ئاشتی درێژ بکرێ و پەرۆشی بۆ رێککەوتن پیشان بدرێ! تەنانەت دەکرێ ئەو داواکارییەی پارتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ئاشتی بۆ پێنج ساڵ، ڕووی لە ناوەوەی حزبەکە بووبێت، مەبەستیش لێی دواجار پاراستنی یەکڕیزیی حزبەکە بووبێت.

لە ئاستی ئیقلیمیدا، هەر دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە لە کۆیاندا بە رێککەوتنی جەزائیر تەواو بوون و دەبوو ببن بە جێگەی بایەخ و گرنگیی ڕابەرانی جوولّانەوەکە، بەم واتایەش ببن بە هۆی نیگەرانی، ئەوە بوو کە تورکیا، جگە لە هەولّەکانی پێشتری، بەردەوام هەموو ئاسانکارییەکی دەکرد بۆ ئەوەی عیراق و ئێران بگەن بە رێککەوتن. هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕۆلّەی تورکیادا[1]، لە ئیستەنبوڵ شاندەکانی

[1] جگە لەم ڕۆلّەی تورکیا، عیراق هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی زیاتری لەو ولاتە هەبوو. هەر لە سەرەتای ئامادەکارییەکان بۆ شەڕ و پێکدادان، سەدام حوسەین لە ٨ی نیسانی ١٩٧٤دا دڵنیایی دا بە تورکیا کە بەرژەوەندییەکانی ئەو ولاتە، وەک دەوڵەتێک "لە گرووپی یەکەم"، حسێبیان بۆ دەکرێت، نەوتیشیان بە نرخێکی داشکێنراو بۆ فەراهەم دەکرێ و هەموو داواکارییەکانیان لەبەرچاو دەگیرێن.

عیراق و ئێران لە مانگی ئابی ١٩٧٤دا لە گفتوگۆدا بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.[1] بەڵام لەو کاتەدا سەدام حوسەین هێشتان بە تەواوەتی **ئامادە نەبوو**، یا ڕاستتر بڵێین، **لە دوودڵیدا بوو**، بۆ ئەوەی بەپێی مەرجەکانی ئێران سازش لەسەر شەتولعەرەب بکات، چونکە هاوتەریب لەگەڵ ئەم کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەی ئیستەنبوڵ، هێشتان سەدام حوسەین هیوای بە سەرکەوتنی ئەو هێرشە سەربازییەی عیراق هەبوو کە لەو کاتەدا لە پێشڕەویدا بوو.[2] بەڵام دواتر، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا، ڕوون بووەوە کە عیراق ئامادەیە سازش لەسەر نیوەی شەتولعەرەب بکات، بەڵام ئەم جارەیان شا زۆر خۆزیار نەبوو بچێتە ڕێککەوتنەوە لەگەڵ عیراقدا، چونکە ئەو لەو کاتەدا هیوا و باوەڕی بە ڕووخان و کۆتایی ڕژێمی بەعس لە عیراق هەبوو.[3] دەرەنجام، بە درێژایی ئەو ساڵەی کە شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا گەرم بوو، هاوتەریب و لە هەمان کاتدا عیراق و ئێران، بە شێوەی جیاجیا، بەردەوام بوون لە گۆڕینەوەی پەیام، جارێکیان ئەمەیان ڕازی دەبوو، جارێکی تریش ئەوی تریان، ئەمەش لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر لایەک لەم دوو لایەنە بۆ کۆی حاڵەت، ئامانج و چاوەڕوانییەکان.

Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 187.

[1] لە باڵوێزخانەی وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ١٩ی ئابی ١٩٧٤. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٤٨.

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 186-187.

[3] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338.

٤- شکستی جوولانەوەی چەکداری، یا کۆتایی شەڕی بەوەکالەت؟

کیسنجەر لە زیوریخ لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٥دا لەگەڵ شای ئێراندا کۆ بووەتەوە، واتە تەنها دوو هەفتە بەر لە سەفەری شا بۆ جەزائیر و ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسەیندا. لەو کۆبوونەوەیەدا شای ئێران، بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، بە کیسنجەری ڕاگەیاندووە کە ئەو دوای چەند ڕۆژێکی تر لە جەزائیر دەکەوێتە دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەدام حوسەیندا. لە لایەکی تر‌ەوە، شا هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەوە نەکردووە کە ڕێککەوتنێک لە نێوان عیراق و ئێراندا نزیکە، جگە لەوەش، شای ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا پرسیاری دەربارەی دیدی ئەمەریکا، لە بابەتی ڕێککەوتن لەگەڵ سەدام حوسەیندا، لە کیسنجەر نەکردووە. دیارە، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ، یەکێک لەو پاڵنەرانەی کە وای کرد شای ئێران ئەو هەنگاوە بنێت، مەترسیی شا بوو لەوەی ئێران بکەوێتە **شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا**، ئەمەش سەر بدات لەوەی کێشەکە بگاتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەمەش بۆ شای ئێران کارێکی نەخوازراو بوو.[1] کاردانەوەی کیسنجەر لە کۆبوونەوەکەی زیوریخ بەرامبەر بە بیرۆکەی دانوستاندنی شای ئێران لە جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسەیندا، ئەوە بووە کە ئەو بیری شای ئێرانی هێناوەتەوە کە شا خۆی بەردەوام ئاگاداریی بە حکومەتی ئەمەریکا داوە دەربارەی **لێکەوتە خراپەکانی شکستی کورد**.

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, pp. 592-593.

هەروەها بیری شای خستووەتەوە کە لە ئەگەری ئەو شکستەدا مەترسیی ئەوە هەیە کە یەکێتیی سۆڤییەت ئەو شکستەی کورد وەک هێمای **"بێهێزی"ی جیهانی ڕۆژئاوا** لێک بداتەوە و ئەمەش وا بکات کە خواستی سەرەڕۆیی و سەرکێشیی یەکێتیی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا پەرە بسەنێت.[1] لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای ئەم پەیامەی شا دەربارەی خواستی ئەو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەدام حوسەیندا، بەڵام کیسنجەر، هەر وەک پێشتر، هەر بەردەوام بووە لە پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفادا، تەنانەت هەردوو ڕۆژ دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ شای ئێراندا، کیسنجەر لە ٢٠ی شوباتدا[2] وەڵامێکی پڕ لە ڕێزی نامەیەکی پێشووتری مەلا مستەفای داوەتەوە و ئەوەشی لە وەڵامەکەدا پشتڕاست کردووەتەوە کە هەڵسەنگاندنەکانی مەلا مستەفا لەمەڕ دۆخی سەربازی و سیاسی کە لە نامەکەدا هاتبوون، گرنگییەکی زۆری **لە لایەن بەرزترین ئاستی** دەسەڵاتدارانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێ دەدرێ. هەروەها لە وەڵامەکەدا ئەوەش بە مەلا مستەفا دەڵێت کە ئەگەر خواست هەبێت بۆ ناردنی شاندێکی باڵای ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە بۆ واشنتن، بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بە ئیدارەی ئەمەریکی بدەن، ئەوا "ئێمە بە پێشوازیکردن لەو شاندە شەرەفمەند و خۆشحاڵ دەبین."[3] بەڵام جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانە، تەنانەت دەکرێ **جێگەی سەرسوڕمانیش بێت**، کە کیسنجەر

---

[1] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 593.

[2] تێبینیی ئەوە بکە کە نامەکە ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی لەسەرە. بۆ نامەکە تەماشای پاشکۆی ژمارە دووی ئەم وتارە بکە.

[3] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, pp. 593-594.

لەو نامەیەیدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ کۆبوونەوەکەی دوو ڕۆژ پێشتری خۆی لە زیوریخ لەگەڵ شای ئێرانـدا ناکات و مەلا مستەفاش، لە چوونی شا بۆ جەزائیر و "نیگەرانی" و گریمانەی ئەوەی کە شای ئێران دەکرێ لەگەڵ عیراقییەکانـدا ڕێک بکەوێت، ئاگاداری نەکردووەتەوە.[1] بەهەرحاڵ، کیسنجەر دەڵێ شای ئێران دوای دوو هەفتە "**ئیمەی تووشی سەرسووڕمان** کرد بەوەی کە ئەو گەیشتووە بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەدام حوسەیندا."[2] هەر وەک کیسنجەر دەڵێت، شای ئێران بڕیاری خۆی دابوو و ئەمەریکییەکانیش **ئەو پاساو و بژاردە ستراتیجییەیان نەبوو** بۆ ئەوەی شای ئێران لە هەنگاوی ڕێککەوتن لەگەڵ عیراقدا پاشگەز بکەنەوە. دەشڵێت، ئەگەرچی هەندێک لەوانەی ڕەخنەیان لە سیاسەتی ئەمەریکا هەبوو، بە تایبەتی ئەوانەی ڕووی ڕەخنەیان لە ئەو (واتە لە کیسنجەر) بوو، پێیان وابوو ئەمەریکا دەیتوانی هەڕەشەی بڕینی یارمەتی لە شای ئێران بکات، بەڵام کیسنجەر پێی وایە ئەو ڕەخنەگرانە بێئاگا بوون لەوەی کە شای ئێران ئەو هەنگاوەی لە دۆخێکدا نا کە کونگرێس دەستی لە هەندێک لە هاوپەیمانانی ئەمەریکا هەڵدەگرت کە تەنانەت هەڕەشەی "چەقۆ لەسەر قورگیان

---

[1] لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، نووسینگەی وەزیر، ٢٢ی شوباتی ١٩٧٥، بۆ ژەنەرال بارزانی، نهێنی و هەستیار، بابەت: نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ بارزانی، لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٦١٠-٦١١. دەقی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی لە پاشکۆی ژمارە دووی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 594.

هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

بـوو"[1]، دیـارە مەبەسـتیش لێـرەدا پرۆسـەی جێهێشـتنی قیەتنـامی خـواروو بـوو، چـونکە ئەوە زانـراوە کە شکسـتی ئەمەریکا لە قیەتنام ئەو وڵاتەی بردە دۆخی دڵەڕاوکێ لەمەڕ شـێوازی مـامەڵەکردن لەگەڵ و پابەنـدییەکانی بەرامـبەر بە هاوپەیمانەکـانی. کیسـنجەر پێـی وایە نەدەکـرا ئەمـەریکا هاوپەیمانێکی گرنگی وەک ئێران لە گرێژنە ببات، لە کاتێکدا یـارمەتی و پشـتگیریی ئەمـەریکا بـۆ ئەو هاوپەیمـانە "چاکەیەک" نەبوو کە لە بەرامبەر ئەو وڵاتەدا دەیکرد، بەڵکو ئەو پشـتیوانییە لە ئێـران بەشـێک بـوو لە "بەرژەوەنـدییە جیۆپۆلیتیکییەکـانی" ئەمـەریکا و هیچـی تـر.[2] نەک هەر بەرژەوەنـدییە جیۆپۆلیتیکییەکـان، بەڵکـو پەیوەنـدییە ئابووریـیەکـانیش لەگەڵ ئێرانـدا ئەوەنـدە گرنـگ بـوون کە ئەمەریکا نەدەکرا، بە هۆی بڕیاری شای ئێران بە وازهێنانی لە کـورد، دەسـتبەرداری ئەو هەمـوو بەرژەوەنـدی و پەیوەندییانە بێت، یان بیانخاتە مەترسییەوە.

لە ڕاستیدا، هەر بـۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچـوونەی کیسنجەر دەربارەی گرنگیی ئێران بۆ ئەمەریکا، ڕێک لە ٤ی ئـاداری ١٩٧٥دا، واتە تەنهـا دوو ڕۆژ بەر لە مـۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر، هۆشەنگ ئەنساری، وەزیری دارایی و ئـابووریی ئێـران و کیسـنجەر، وەک وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا، ڕێککەوتنێکی ئابووریـیان بە بەهـای پـانزە ملیـار دۆلار مۆر کردبوو.[3] جگە لەوەش، ئەم ڕێککەوتنە ئابووریـیە

---

[1] دیـارە لێـرەدا مەبەسـت بە تـایبەتی "دەسـتهەڵگرتن" بـوو لە قیەتنـامی خواروو.

[2] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 595.

[3] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 204.

تەنها بەشێک بوو لە پرۆگرامێکی بازرگانیی زەبەلاح لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، کە تەنها لە ساڵی ١٩٧٥دا گەیشتە بیست و دوو ملیار دۆلار[١] و بە گشتی، لە نێوان ١٩٧٥ و ١٩٨٠دا، گەیشتە پەنجا ملیار دۆلار.[٢] دەبێ، لە لایەکی ترەوە، ئەوەش بگوترێت کە کیسنجەر بە لایەوە گرنگ بوو، تەنانەت ساڵانێکیش دوای شکستی کورد، تا بکرێت ڕادەی بەرپرسیاریی ئەمەریکا، ڕوو لە شکستی کورد لە ئاداری ١٩٧٥دا، کەم بکاتەوە. هەر لەو ئاڕاستەیەدا، کیسنجەر جەختی لەوە کردووەتەوە کە لە پرۆژەی پشتیوانیکردنی جوولانەوەی چەکداریی کورددا، بە هیچ شێوەیەک ئیدارەی نیکسۆن و شوێنگرەوەکەی، جیرالد فۆرد، **دەستێوەردانی نەبوون**[٣]، بەڵکو لە ڕاستیدا **دەستێوەردانێکە ئێران بوو**؛ وەک چۆن لە شکستێهێنانی کوردانیشدا هەر ئێران دەستێوەردانەر بوو. جگە لەوەش، کیسنجەر پێی وایە ئەمەریکا لە توانایدا نەبوو، لەبەر ڕادەی کاریگەریی ئێران لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە لەو کاتەدا، ڕێگری لە ڕێککەوتنی ئێران و عیراق بکات[٤]، کەواتە دیسان گرنگیی ئێران بۆ ئەمەریکا بژاردەی پێشینە و هەرە گەورەری بوو.

---

[1] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 64.

[2] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 208.

دواتر لە مانگی ئابدا هەر ئەم دوو وەزیرە ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەمەریکا بە گوژمەی دە ملیار دۆلار چەک بە ئێران بفرۆشێت. لەو کاتەدا شای ئێران بە تایبەتی خواستی ئەوەی هەبوو F-16 و F-18 بۆ وڵاتەکەی بکڕێ. بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٠٨.

[3] Kissinger, *The Years of Renewal*, 2012, p. 579.

[4] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85.

بەهەرحـاڵ، جـگە لە بەرژەوەنـدییە جیۆسـتراتیجی و ئابووریـیەکانی ئەمـەریکا ڕوو لە ئێران، هەندێ پێدراو هەن دەیسـەلمێنن کە ئەسـتەم نەبـوو، بەڵکـو ئاسـانیش بـوو، کیسـنجەر بـاوەڕ بە سـەرۆک جیرالـد فـۆرد بهێنـێ کە ئیتـر دەسـتهەڵگرتن لە یارمەتیـدانی کـورد دەکـرێ خـزمەت بە هەندێک ئامانجی تریش بکات، کە بە گشتی پەیوەندیدارن بە بەرژەوەنـدییەکانی ئەمـەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، زۆر بە تـایبەتی ڕوو لە پرۆسـەی ئاشـتی لە نێـوان میسـر و ئیسـرائیلدا، کە تێیـدا کیسـنجەر ڕۆڵێکـی سـەرەکی و یەکـلاکەرەوەی دەبینـی. لەم بەسـتێنەدا، سـوریا ڕۆڵـی دژایەتیکردنـی ئەو پرۆسـەیەی دەبینـی، هەر لەبەر ئەوەش گرنگ بوو عیراق، لە ڕووی هاوسەنگیی هێزەوە، بچێتە دۆخ و پێگەیەکەوە کە تێیدا ئەو وڵاتە توانای ئەوەی هەبێ "فشار بخـاتە سـەر سـوریا"،[1] بـۆ ئەوەی دواجـار سـوریا زۆر دەرفەتـی نەبـێ فشـار بخـاتە سـەر میسـر بە ئامـانجی دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە بـۆی لە پرۆسـەی ئاشتیدا. دەکرێ لەم ڕووەوە بە ئاسانی بڵێین ڕێککەوتنی جەزائیر لە کاتێکی زۆر گونجاودا کرا، بە تایبەتی کاتێک باس دێتە سـەر ئەو ڕۆڵە دیپلۆماسـییەی کە کیسـنجەر، لە هەوڵەکانیـدا بـۆ فەراهەمکردنـی ئاشـتییەکی جێگیـر و درێژخـایەن لە نێـوان میسر و ئیسرائیلدا، دەیبینی. ئەمەش، هەر وەک ڤانلی دەڵێت، بە واتای کەنارخستن و گەمارۆدانی سوریا و کەمکردنەوەی کـاریگەریی نێگەتیڤـانەی ئەم وڵاتە بـوو لەسـەر پرۆسـەی ئاشـتیی نێـوان میسـر و ئیسـرائیل کە هەڵبەتە، وەک گـوترا،

[1] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

کیسنجەر ئەندازیار و هەڵسووڕێنەری پرۆسەکە بوو.[1] بەهەرحاڵ، ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی ڤانلی بە لۆجیکی دەردەکەوێ، بەڵام لە هیچ سەرچاوە یا بەڵگەنامەیەکدا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە کە کیسنجەر چالاکانە هەوڵی ڕێککەوتنی نێوان عیراق و ئێرانی دابێت بۆ ئەوەی عیراق بەهێز ببێتەوە، بۆ ئەوەی دەرەنجام ئەو وڵاتە باشتر بتوانێ فشار بخاتە سەر سوریا. بەڵام دەکرێ دواجار ڕێککەوتنی جەزائیر ئەو ئامانجەی پێکابێ، بەبێ ئەوەی بە زەروورەت کیسنجەر ڕۆڵێکی چالاکانەی ئەوتۆی لە کارئاسانیکردن بۆ بەئەنجامگەیاندنی ڕێککەوتنەکە هەبووبێ.

لە لایەکی تر ەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە میسرەوە هەیە، هەر پەیوەندیدار بە ئامانجی گەمارۆدان و کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی سوریا لەسەر پرۆسەی ئاشتی، میسر چالاکانە هەوڵەکانی خستبووە گەڕ، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەشرەف مەروانەوە، ڕاوێژکاری سەرۆکی میسر ئەنوەر ئەلسادات، بۆ نزیککردنەوەی عیراق و ئێران لە یەکتر. تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە سەفەری شای ئێران بۆ جەزائیر و مۆرکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ سەدام حوسەیندا، ئەشرەف مەروان سەرکەوتوو بوو لەوەی پەیامی بەغدا بە شای ئێران بگەیەنێ و لە بەرامبەریشدا پەیامی شای ئێران بە بەغدا بگەیەنێ. لەم دوو پەیامەدا هەر یەک لەو دوو لایەنە خواست و ئامادەیی ڕێککەوتنی لەگەڵ لایەنەکەی تردا بە ڕوونی لە ڕێگەی مەروانەوە بە لایەنەکەی تر

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 185.

گەیاندووە. میسر بە لایەوە گرنگ بوو کە بەغدا **لایەنی کەم** پشتگیری لە ڕژێمی سووریا نەکات لە بەرهەڵستیکردنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و میسر. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆر بوون ئەو وڵاتانەی، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر و بە ئامانجێک یا ئامانجێکی دیکە، هەوڵی نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی ئێران و عیراقیان دەدا، لەوانەش میسر، یوگسلافیا، تورکیا و شانشینی ئوردن.[1] جێگەی سەرنج و گرنگییە کە ئوردن پێشتر، هەر وەک لەم باسەدا بینیمان، لە ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢دا شان بە شانی ئێران، هەوڵی ڕازیکردنی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دەدا بۆ ئەوەی یارمەتیی بزاڤی چەکداریی کورد بدات، بەڵام دواتر ئەو وڵاتە گۆڕانکاریی لە بڕاردە سیاسییەکانی خۆیدا کردووە!

***

کاتێک شای ئێران، دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسەیندا لە جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ و دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی بۆ ئێران، بۆ کۆتا جار مەلا مستەفا و شاندی یاوەری لە تەهران دەبینێ، پێیان دەڵێ ئێوە ئەم دواییانە بووبوون بە بارگرانی بۆ من و هەرچی شەڕەکە تونتر دەبوو، ئێوە دەهاتنە دواوە و شەڕەکەتان لە سنووری ئێران نزیکتر دەکردەوە.[2] جگە لەوە، شای ئێران

[1] Marvin G. Weinbaum, "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East", in *Middle East Review*, Vol. XX, No. 1, Fall 1987, p. 36; Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 166.

[2] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، ٢٠١٣، دیمانەی ڕەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، لاپەڕە ٥١.

هەردوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەی لە جەزائیـــــر، واتە لە ٨ی ئاداردا، واتە بەر لە دیدار لەگەڵ مەلا مستەفا و هاوڕێیانیدا، چـاوی بە ســەفیری ئەمــەریکا لە تەهــران ڕیچــارد هێڵمــز کەوتبـوو. لە ســەرنجدان لەو بابەتـانەی لەو دیـدارەدا لەگەڵ هێڵمزدا باس کراون، بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە شـای ئێران بە لایەوە گرنـگ بـووە بـاوەڕ بە ئەمــەریکییەکان بهێنـێ کە دۆخەکە لە زۆر ڕووەوە ئەوەی دەخواســت ئێــران لەگەڵ عیراقـدا ڕێـک بکەوێـت. شـای ئێـران لەو دیـدارەدا جەختـی لەســەر دوو شـت کـردووەتەوە: **یەکەمیـان**، شـا بە هێڵمـزی گوتـووە کە بەر لە ســەفەری بـۆ جەزائیـر، نـامەیەکی لە مەلا مسـتەفاوە بە دەسـت گەیشـتبوو کە تێیـدا گوتبـووی "چیـدی مومکین نییە کورد بتوانن لەم بـارودۆخەدا لەگەڵ هێزەکـانی عیراقدا شــەڕ بکەن و ئەگەر شـتێک نەکرێـت، خەڵکـی کـورد کۆمەڵکــوژ دەبێـت"؛ **دووەمیــان**، تەنهــا ٣ - ٤ ڕۆژ بەر لە ســەفەری بـۆ جەزائیـر، شـای ئێـران دڵنیـایی پـێ درابـوو کە "ســەدام حوســەین گوتبــووی ئامــادەیە عیــراق لە بــازنەی سۆڤییەت بکشـێنێتەوە ئەگەر ئێران ئەو گوشـارە سـەربازییە لەســەر عیــراق لابـبـات کە عیراقــی ناچــار کــردووە لەگەڵ ســۆڤییەتدا ڕێـک بکەوێـت."[١] ئەگەرچـی ئەو نامەیەمــان لە بەردەسـتدا نییە کە مەلا مسـتەفا، بەپێـی قسـەی شـا، بـۆی نـــاردبێ و لەگەڵ ئەوەشـــدا کە نـــاکرێ بە ئاســـانی لە

---

[١] لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، واشنتن، بۆ کونسڵخانەی ئەمـەریکا لە ئورشەلیم، ١٤ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: دوایین پەیامی بارزانی بۆ شا و وردەکارییەکانی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لە جەزائیر. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشـی ئەیلـوول لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـانی ئەمـەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٦٢٤-٦٢٥.

ناوەڕۆکەکەی دڵنیا بین، بەڵام ڕاستییەک هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە زۆر پێش ئەو ڕێکەوتە، لە ئاڵوگۆڕی پەیامەکاندا لە نێوان جوولانەوەی چەکداریی کورد و ئەمەریکا، لە نێوان وێستگەی سی ئای ئەی لە تەهران و وێستگەی سەرەکیی دامەزراوەکە لە واشنتن، تەنانەت لە سەرچاوەی تریشدا، ئەوە پستڕاست بووەتەوە کە، بە تایبەتی لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزی ١٩٧٤دا، دۆخی جوولانەوە چەکداریەکە چووبووە حاڵەتێکەوە کە تێیدا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، نیگەرانیی قوولیان لە دۆخی مەیدانیی جوولانەوەکە دەردەبڕی. بە هەمان شێوە، هاوتەریب لەگەڵ دۆخی مەیدانیی شەڕەکە و نیگەرانییەکان لەو بارەیەوە، تا دەهات دیدار و ڕێککەوتنی شا و سەدام لە جەزائیر نزیک دەبووەوە، لەگەڵیشیدا هێما و پەیامەکان لە عیراقەوە ئەوەیان پشتڕاست دەکردەوە کە ئیتر ئەو وڵاتە ئامادەیە بۆ سازشکردنێکی مێژوویی بۆ ئێران لە پرسی شەتولعەرەب و بابەتی تری پەیوەندیداردا بە سنووری نێوان دوو وڵاتەکە؛ سازشکردنێک کە شای ئێران ساڵانێکی زۆر بوو چاوەڕێی دەکرد.

چەند ڕۆژێکی کەم دوای دیداری شا و مەلا مستەفا بۆ کۆتا جار، دیسان بۆ گەیاندنی پەیامی شای ئێران لەبارەی ڕێککەوتنی جەزائیر و شکستی کوردەوە بە سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران، وەزیری دەربار ئەسەدوڵڵا عەلەم لەگەڵ هێلمزدا کۆ بووەتەوە. هێلمز، جگە لەوەی کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ڕێککەوتنی جەزائیر سەرکەوتنە بۆ شای ئێران، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیویەتی ئاخۆ چارەنووسی کورد چیی

بەســـەر دێـــت؟ لە بەرامـــبەردا عەلەم هەر قســـەکەی شـــای دەربارەی شکستی کورد دووبارە کردووەتەوە و گوتوویەتی، کورد "شکستیان خواردبوو، لە ڕاستیدا سوپای ئێمە بوو کە شـــەڕی دەکـــرد. [...]. جـــگە لەوەش، کـــورد بەردەوام داوای یارمەتییان دەکرد و دەیانگوت خەریکە لەناو دەچین."[١٠]

لە وێنەیەکـــی فراوانتـــردا دەکـــرێ، وەک وەڵامـــی ئەو پرسیارەی ئاخۆ شای ئێران بۆ لەگەڵ عیراقدا ڕێک کەوت، ئامـــاژە بـــۆ ژمـــارەیەک فـــاکتەر و هۆکـــار بکەیـــن: **یەکەم**، قبووڵکردنی پرەنسیپی هێڵی تاڵفیک لە لایەن عیراقەوە، بۆ دیـــاریکردنی ســـنووری ئـــاوی لە شـــەتولعەرەب لە نێـــوان هەردوو وڵاتـــدا. ئەگەرچـــی ئەم سازشـــەی عیـــراق بـــۆ ئێـــران زووتـــریش، بە تـــایبەتی لە دیســـەمبەری ١٩٧٤دا یەکـــلا بووبووەوە، بەڵام شای ئێران تەنها ئەو کاتە ئەو سازشـــەی قبـــووڵ کـــرد **کە بینیـــی کـــورد لە پاشەکشـــەی ســـەربازیی بەردەوامـــدایە.**[٢] **دووەم**، ئەگەری شکســـتی تەواوەتیـــی جووڵانەوەی چەکدارییی کورد، بە تـــایبەتی لە کاتێکدا شـــای ئێران، **لە ترسی** هەڵکشانی ململانێی کورد و ڕژێمـــی عیراق **بۆ جەنگێکی ڕاستەوخۆی وڵاتەکەی لەگەڵ عیراقدا**، ئامـــادە نەبوو زیـــاتر بۆ جووڵانەوەکە بکات لەوەی کە تـــا ئەو کاتە کردبووی. ئەم بابەتە، بە تایبەتی، جێگەی گفتوگۆیەکی گەرم بـــوو لە نێـــوان ئێـــران و ئەمـــەریکادا. شـــای ئێـــران، چەنـــد

---

[١] کۆبوونەوەی نێوان سەفیری ئەمەریکا لە ئێران و وەزیری دەربار ئەســـەدوڵلا عەلەم لە ١٤ی ئـــاداری ١٩٧٥دا، هەر وەک هـــاتووە لە: ڕەحمـــانی، *شۆڕشـــی ئەیلـــوول لە بەڵگەنـــامە نهێنییەکـــانی ئەمـــەریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٢-٥٣.

[٢] Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 172.

هەفتەیەک دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە، پێی وابوو ئێران، بەر لە ڕێککەوتنی جەزائیر، بەرەوڕوو بوو لەگەڵ **دوو بژاردەی "دژوار"**دا: یا دەبێ بە دیار شکستی کوردەوە دەستەوەستان بێت، یا "خۆی لەگەڵ ئەو مەترسییەدا ڕووبەڕوو بکاتەوە کە تووشی شەڕێکی ئاشکرا [ببێت]لەگەڵ عیراقدا.[1] دیارە شا بژاردەیەکی جیاوازتر لە دەرەوەی ئەم دوو بژاردەیەی هەڵبژارد: واتە ڕێککەوتن لەگەڵ عیراقدا لەبری بەرەوڕووبوونەوە، بەر لە دارمان و هەرەسهێنانی تەواوەتیی جوولانەوە چەکدارییەکەی کورد؛ **سێیەم**، یەکێک لەو فاکتەر و هۆکارانەی کە وای لە ئێران کرد لەگەڵ عیراقدا ڕێک بکەوێت، ئەوە بوو کە شای ئێران مەبەستی بوو ڕۆڵێکی ناوەندی ببینێ لە بەهێزکردنی ئۆپێکدا (ڕێکخراوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت - opec). بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، شا پێویستی بە نەهێشتنی ململانێ بوو لەگەڵ عیراقدا، کە هەڵبەتە ئەم وڵاتەش وەک ئێران، ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. لە ڕاستیدا عیراقیش، هەر وەک ئێران، خوازیاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بوو لە بازاڕە جیهانییەکاندا[2]، واتە یەکانگیربوونێک لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا هەبوو. تەنانەت ئێران خوازیاری ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەی ئۆپێک بە دەست بهێنێ، کە ئەمەش ئامانجێکی گرنگ و

---

[1] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: کۆتاییهاتنی شەڕی کورد و دەولەتی عێراق لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی جەزائیر. لاپەڕە ٦٤٤.

[2] Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 333; Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik*, 1998, s. 317; Pelletiere, *The Kurds*, 1984, p. 176; Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 171.

بەهادار بوو بۆ شای ئێران. بەڵام بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بۆ ئێران، بەبێ پشتگیریی عیراق و وڵاتانی عەرەبی لە ڕێکخراوەکەدا، هەروا ئاسان نەبوو. بە واتایەکی تر، بارگرژی و ململانێی نێوان عیراق و ئێران کۆسپ بوو لە بەردەم ئێراندا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. لە ڕاستیدا ئاشتی لەگەڵ عیراقدا نەک هەر بۆ پێگە و ڕۆڵی ئێران لە ئۆپێکدا گرنگ بوو، بەڵکو بۆ تەواوی چارەنووسی ئەو ڕێکخراوەیە گرنگییەکی زۆری هەبوو، لەبەر ئەوەش، **بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەی ئۆپێک**، کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوان عیراق و ئێران خواستێکی لەپێشینە بوو.[1] **چوارەم**، کێشە ناوخۆییەکانی ئێران، کە لەو کاتەدا لە زیادبوونداا بوون، ئەمەش ئاشتیی لە نێوان ئێران و عیراقدا کردبوو بە زەروورەت، چونکە ئاشتییەکی ئەوها دەرفەتی زێتری دەدا بە شای ئێران بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی بەهێزترەوە بەرەو ڕووی کێشە ناوخۆییەکانی ببێتەوە. هەر بۆ نموونە، عیراق، تەنانەت بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕیش لە ١٩٧٤دا، هەوڵی دا دەست ببات بۆ کارتی هاندانی ئاژاوە لە ناو ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.[2] لە ئابی ١٩٧٣دا هەندێک ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە ناوچەی بەلووچستان ڕوویان دا. ئەم چالاکییانە جێگەی نیگەرانییەکی زۆری شای ئێران بوون، لەبەر ئەوەش، بڕیاری بڕاوبڕی شا ئەوە بوو کە بە "دەستێکی ئاسنین" مامەڵە لەگەڵ ئەم چالاکییانەدا بکات. ئەوەی زۆر گرنگ بوو، ئەوە بوو کە شای ئێران لەو

---

[1] Penrose, *Iraq*, 1979, p. 372.

[2] Chubin & Sepehr, *The Foreign Relations of Iran*, 1974, p. 188; Weinbaum, "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East", 1987, p. 38; Zahrai, *The Origins of the Iranian-Iraqi War*, 1983, p. 125.

باوەڕەدا بوو کە عیراق هانی بەلووچەکان دەدات.[1] جگە لەوەش، عیراق دنەی دانیشتوانی عەرەبی لە ناوچەی خۆزستان (ئەهواز) دەدا بۆ ئەوەی دژی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران ڕاپەڕن.[2] **پێنجەم**، ڕێککەوتن لەگەڵ عیراقدا ئامرازێکی یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی عیراق ئاڕاستەی سیاسیی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێ[3]، بۆ نموونە، کەمکردنەوەی پشتبەستن بە یەکێتیی سۆڤییەت. **شەشەم**، هەر وەک ڕۆحوڵڵا ڕەمەزانی دەڵێ، ڕێککەوتنی جەزائیر لە بابەتێکدا بوو بە سەرچاوەی دڵنیایی بۆ هەردوو لا، ئەویش بابەتی "ئاسایشی ڕژێم" بوو، واتە ئاسایشی ڕژێمی هەردوو وڵاتی عیراق و ئێران، چونکە ئەم دوو ڕژێمە لەو کاتەدا، هەر یەکێکیان بە جۆرێک بەرەوڕوو بوون لەگەڵ هەندێ ئاڵنگاریدا لە ڕووی ئاسایشی ناوخۆی ڕژێمەکانەوە. دەسەڵاتدارانی عیراق و ئێران پێویستیان بە دەستەبەرکردنێکی باشتری ئاسایشی ڕژێمەکانیان هەبوو، کە ڕێککەوتنەکە دەیتوانی ئەو گەرەنتی و دڵنیاییە پێویستە تا ڕادەیەک بۆ هەردووکیان فەراهەم بکات.[4] **حەوتەم**، ئاشتیی نێوان ئێران و عیراق، دەرفەتی زێتری بۆ ئێران کردەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەی کەنداودا بەهێزتر

---

[1] عالیخانی، *یادداشت‌های علم*، ۱۳۸۰، جلد سوم، صفحه ۱۱۳، ۱۱٦، ۱۳۷، ۱٤۸. هەروەها بڕوانە:

Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 146.

[2] Rouhollah K. Ramazani, *Revolutionary Iran: Challenge and Response in the Middle East*, London: John Hopkins University Press, 4th ed. 1988, pp. 60-61.

[3] لە باڵوێزخانەی وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ۲۵ی ئاداری ۱۹۷۵، بابەت: کۆتاییهاتنی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی جەزائیر. لاپەڕە ٦٤۲.

[4] Ramazani, *Revolutionary Iran*, 1988, p. 65.

بکات، ئەمەش لە رێگەی "دیپلۆماسیی ئاشتی"یەوە (peace diplomacy)، واتە بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی چەک کردبێ، بۆ نموونە، لە شێوەی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عیراقدا. هەڵبەتە بۆ سەرکەوتنی "دیپلۆماسیی ئاشتی"، پێویست بوو کۆتایی بە **شەڕە ناڕاستەوخۆکەی ئێران** لەگەڵ عیراقدا بێت؛ بەم واتایەش، کۆتایی بە **شەڕە ڕاستەوخۆکەی** کورد و عیراق بێت!

جگە لەو هۆکار و فاکتەرانە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئێران و عیراق، سەرەڕای بوونی بارگرژی و ململانێ لە نێوانیاندا، بەڵام هەردووکیشیان وەک دوو "هێزی ئیقلیمی" ئامانجی هاوبەش[1] و دوورمەودایان ئەوە بوو کە ناوچەی کەنداو خاڵی بێت لە هەژموونی زلهێزەکان، بە دیاریکراوییش هەژموونی یەکێتیی سۆڤییەت و ئەمەریکا. واتە یەکانگیربوونی هەڵوێستی هەردوو وڵات لەم بارەیەوە، یەکێکی تر بوو لەو فاکتەرانەی کە ئاسانکاریی بۆ نزیکبوونەوەی هەردووکیان لە یەکتر کرد. بە تایبەتی ئێران بە لایەوە گرنگ بوو کە ناوچەی کەنداو وەک ناوچەیەکی بێلایەن بمێنێتەوە لە ململانێی زلهێزەکاندا.[2] هەڵبەتە ئەم ئاڕاستەیەی ئێران زۆر جێگەی ڕەزامەندیی وڵاتانی

---

[1] بە تایبەتی خواستی هەردوو لا بوو ئارامی و ئاسایشی ناوچەی کەنداو پارێزراو بێت. ئەم ناوچەیە گرنگترین سەرچاوە و شوێن و ڕێگەی هەناردەکردنی نەوت بوو و بۆ بەرژەوەندییەکانی عێراق و ئێران، لەڕادەبەدەر گرنگ بوو.

Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, P. 172.

[2] Ramazani, *Iran's Foereign Policy 1941-1973*, 1975, p. 410.

کەنداویش بوو.[1] هەر ئەم ئاڕاستە هاوبەشە وای کرد کە بە هاوەیەکی زۆر کەم دوای ڕێککەوتنی جەزائیر، سەرۆکوەزیرانی ئێران ئەمیر-عەباس هوەیدا و سەدام حوسەین ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان لە بەغدا لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٥دا بڵاو کردەوە و تێیدا جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی "کاری هاوبەش لە هەموو بارەیەکەوە، کە بەرژەوەندیی هاوبەشی تێدایە، فراوان بکەن"، هەروەها ئەوەیان جەخت کردەوە کە "ناوچەکە لە هەموو جۆرە **دەستوەردانێکی بێگانە** دوور بخەنەوە."[2] لە ڕاستیدا، بە هەمان ئامانج، سعودییە و پاکستانیش هاتنە پاڵ ئەو دوو وڵاتە[3]، لە خواستیان بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکە لە هەژموون و باڵادەستیی زلهێزەکان. هەر ئەوەش بوو، بە ئەگەری زۆرەوە، وای کرد سۆڤییەتییەکان نیگەران ببن و دواجار، ڕوو بە ناوچەکە، "سیناریۆکانیان بگۆڕن". بۆ نموونە، تەنها دوو هەفتە دوای ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی عیراق و ئێران، دەسەڵاتدارانی یەکێتیی سۆڤییەت داوایان لە سەدام حوسەین کرد سەردانی مۆسکۆ بکات.[4] لە ڕاستیدا نەک هەر یەکێتیی سۆڤییەت، بەڵکو ئەمەریکاش بیری لەوە نەکردبووەوە ئێران و عیراق

---

[1] Chubin & Sepehr, *The Foreign Relations of Iran,* 1974, p. 189.

[2] Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", 1975, p. 21.

هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

هەروەها بۆ دیدی هاوبەشی شای ئێران و سەدام حوسەین دەربارەی "ئاشتیی ناوچەی کەنداو"، بڕوانە:

Ramazani, *Revolutionary Iran,* 1988, p. 58.

[3] Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", 1975, p. 21.

[4] Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", 1975, p. 21.

بەیەکەوە هەوڵ بـــدەن نـــاوچەیەکی دوور لە هەژمـــوونی زلهێزەکان لە دەڤەری کەنداو پێک بهێنن.

دەمێنێتەوە سـەرنجێکیش لە پرسـیارێکی گرنـگ بـدەین، ئەویش ئەوەیە ئـاخۆ بە ڕاست عیـراق لە بێهێزیدا، تەنـانەت نەمانی چەک و تەقەمەنی بۆ بەردەوامیدان بە شـەڕ، واتە لە بێچارەییدا ڕێککەوتنی جەزائیری مـۆر کرد؟ ئەگەرچی ئەم مەسـەلەیە تـا ئێسـتا بە تەواوەتـی یەکـلا نەبـووەتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە لە بـارودۆخێکی تەواو جیـاوازدا کە تێیـدا شۆڕشی "ئیسلامی" ڕووی دابوو و تەنها سێ ڕۆژیش بەر لە دەسـتپێکردنی شـەڕی هەشـت سـاڵەی نێـوان عیـراق و ئێران، سەدام حوسـێن وەک جۆرێک لە "شـانخاڵیکردنەوە" و **پاکانەکردن** بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر و هەوڵدان بۆ **ڕاسـتکردنەوەی ئاڕاسـتەی ڕابـوردوو لە سازشـکردن بـۆ ئێران لە جەزائیر**، لە بەرامبەر ئەنجوومەنی نیشتمانیدا باسی لە "ڕاستییەکی تاڵ" (الحقیقة المرة) کرد، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بـارودۆخەی کە ڕێککەوتنـی جەزائیـری تێـدا مـۆر کـرا. سـەدام حوسـەین لە قسـەکانیدا جەختی لەسـەر "بااڵدەسـتیی سەربازیی ئێران کردەوە، جگە لەوەش، ئەو پێی وابوو ئەو ڕێککەوتنە پێویست بوو بۆ فەراهەمکردنی یەکێتیی نـاوخۆ و پاراستنی توانستی سەربازیی عیراق.[١٠] سـەدام گوتی "ئێران مافی یاسایی لە دۆخێکی ناسروشتی و لەژێر بارودۆخێکدا بە دەسـت هێنـا کە ئـێمە نەمانـدەتوانی کـۆنترۆڵی بکەیـن."[٢٠] دواتـریش، لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٨٠دا، سـەدام حوسـەین جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە کە لێکەوتەی ڕێککەوتنی

[1] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.
[2] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.

جەزائیر ئەوە بوو کە "ئێرانییەکان هێزی سەربازییان لە بەرامبەر ئیمەدا بەکار هێنا"[1]، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئاخۆ مەبەست لە بەکارهێنانی هێز چی بوو، چونکە زانراوە کە هەرگیز ئێران نەچووە شەڕێکی گشتگیر و ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا. بەهەرحاڵ، هەروەها وەک بەهانەیەک بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ و هێرشکردنە سەر ئێران، سەدام حوسەین گوتوویەتی کە لە شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥دا "قوربانییەکانی هێزی سەربازیی عیراق شانزەهەزار چەکدار بوون و بە گشتی قوربانییە سەربازی و مەدەنییەکان لە هەردوو لای شەڕەکە شەستهەزار کەس بوون."[2]

ڕەهەندێکی تری شەڕەکەش، لە گۆشەبینینی عیراقەوە، ئەوە بوو هەر زوو کە شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤دا دەستی پێ کرد، ڕژێمی عیراق پێی وابوو کە هێزە چەکدارەکانی ئەو ڕژێمە تەنها شەڕیان بەرامبەر بە کورد نەدەکرد، بەڵکو زۆر زیاتر لەوە: ڕژێمی عیراق پێی وابوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمەریکا، ئێران و ئیسرائیل بەشێک بوون لەو شەڕە.[3] لە لایەکی ترەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو کە دەخوازێت بڵێت ئەوە پاشەکشەی عیراق بوو لە ڕووی سەربازییەوە کە ڕێککەوتنی جەزائیری فەراهەم کرد، هەندێک شارەزا لەو باوەڕەدان کە پێشڕەویی عیراق لە شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥دا وای کرد کە هەردوو دەوڵەت، واتە

[1] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.
[2] Ramazani, *Revolutionary Iran*, 1988, p. 63.
[3] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 22.

عیراق و ئێران، ڕێککەوتنەکە مۆر بکەن[1]. دواتریش لە ساڵی ١٩٨٢دا حزبی بەعس لە کۆنگرەی نۆیەمی "قوتری"ی خۆی، لەبـری ئەوەی لاوازییەکـانی لایەنـی سـەربازیی عیـراق لەو شەڕەدا دووپات بکاتەوە، کۆنگرەکە، بە پێچەوانەوە، جەختی لەسـەر بەهێزی و سـەرکەوتوویی هێزی سـەربازیی عیـراق لەو شـەڕەدا کـردەوە، بە تـایبەتی جەختکـردنەوە لەسـەر میتـۆدە مۆدێرنەکـانی لەشـکری عیـراق بەرامـبەر بە میتـۆدە نەریتییەکانی لایەنی کوردی لە شـەڕەکەدا.[2] دواجـار دەکرێ ئەو پرسـیارە بکەیـن کە ئـاخۆ ملـدانی عیـراق بـۆ داواکارییەکانی شای ئێران و مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر دەکرێ وەک لاوازیی سـەربازیی عیـراق بێتـە تێگەیشـتن، یـا ڕێگەی تر هەن بۆ گەیشتن بە وەلامێکی هاوسـەنگ؟ لێرەدا دەکـرێ، هەر نەبـێ، دوو خـاڵ جەخـت بکەیـنەوە؛ **یەکەم**، ململانێی کورد لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا، بە تـایبەتی لە بەهـاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، ململانێیەکی فرەئاستە، بەم پێیەش، نـاکرێ دەرهاویشـتە و لێکەوتەکـانی ململانـێکە، کە بە شکسـتێکی مێژوویـی بـۆ کـورد تەواو بـوو، تەنهـا لە یەک ئاسـت و بە تاکڕەهەنـدی، لە چوارچێـوەی یەک بابەتـدا ڕاڤە بکـرێ؛ **دووەم**، شـاراوە نیـیە کە هەر لە سـەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن حزبی بەعس لە تەممـووزی ١٩٦٨دا، ململانێیەکی توند لە نـاو ڕیزەکـانی دەسـەڵاتی ئەو حـزبەدا هەبـوو، مەبەسـتیش هێڵـی "مەدەنـی - سیاسـی"یە

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
Kelidar, "Iraq: The Search for Stability", 1975, pp. 14-15.

[2] حزب البعث العربي الاشتراكي، *التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع*، حوزیران ١٩٨٢، ١٩٨٣، ص. ٥٧.

بەرامبەر بە هێڵی "سەربازی"[1]، کە هەڵبەتە سەدام حوسەین بەشێک بوو لە یەکەمیان. لە ڕاستیدا ئەم جووت-خەندەقییە، واتە هێڵی "سەربازی" لە لایەک و هێڵی "مەدەنی - سیاسی" لە لایەکی تردە، ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر کۆنگرەی حەوتەمی "قوتری"ی حزبی بەعس هەبوو. ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی ١٩٦٩دا بەسترا و یەکێک لەو بابەتانەی کە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێکی تایبەت قسەی لەبارەوە کرا، مەسەلەی کورد و شێواز و میتۆدەکانی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا. لەم کۆنگرەیەدا سەدام حوسەین و لایەنگرانی، وەک لایەنی بەهێزی کۆنگرەکە دەرکەوتن. دواتر ململانێکە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا، لە بەرژەوەندیی هێڵی "مەدەنی - سیاسی" یەکلا بووەوە، ئەمەش پێشینە و پێشوەچوونێکی گرنگ بوو بۆ بەئەنجامگەیاندن و مۆرکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارى ١٩٧٠.[2] دەرەنجام، گرنگە لێرەدا ئەوە بیر بهێنینەوە کە لە ئەو دوو ڕووداوەی کە هێڵی "مەدەنی - سیاسی" تێیاندا بالادەستیی خۆی بەرجەستە کرد، مۆرکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار و دژەکەی، واتە ڕێککەوتنی جەزائیر، بوو. لە هەردووکیشیاندا سەدام حوسەین وەک "ئەندازیار"ی ڕێککەوتنەکان دەردەکەوێ.

***

شای ئێران دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی لە جەزائیر، لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا، سێ بژاردەی

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
Kelly, *Arabia*, 1980, p. 287; Penrose, *Iraq*, 1979, p. 369; McDowall, *A Modern History of the Kurds*. 1996, p. 327.

[2] Farouk-Sluglett, "From Gang to Elite", 1987, pp. 98, 100.

خستە بەردەم مەلا مستەفا و هاوڕێکانی: **یەکەم**، کوردەکان، بەر لە کۆتایی مانگی ئادار، واتە بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی لێخۆشبوونی گشتیی ڕژێم، خۆیان ڕادەستی ڕژێمی عیراق بکەن؛ **دووەم**، کوردەکان داوای پەنابەری لە ئێران بکەن؛ **سێیەم**، بەردەوامی بدەن بە جەنگ دژی عیراق، بەڵام بە سنووردێکی داخراو و لەژێر کۆنترۆڵی ئێران، عیراق و جەزائیردا.[1] لەسەر داوای مەلا مستەفا، کە هێشتان لە تەهران بوو، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆ بووەوە و بڕیاری دا کە بەردەوامی بە جوولانەوەی چەکداری بدات بە شێوازی شەڕی پارتیزانی. دوای گەڕانەوەشی لە تەهران لە ١١ی ئادارەدا، مەلا مستەفا سەرکردایەتیی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بەرپرسە باڵا سەربازی و سیاسییەکانی کرد و دیسان بڕیارەکە هەر **بەردەوامیدان بوو بە بەرهەڵستکاریی چەکداری**. لە ١٣ی مانگدا ئاگربەست لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عیراق دەستی پێ کرد و بڕیار بوو تا ١ی نیسان بەردەوام بێت.[2] ئەگەرچی ئەم ئاگربەستە کاتێکی کەمی بە ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە بەخشی بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا مەلا مستەفا، لە دۆخی دوودڵییەکی قوواڵدا، ڕۆژ و کاتژمێرەکانی لە چرکەساتێکی مێژوویی و ئەوپەڕی تاڵدا بەڕێ دەکرد: هیچ بژاردە و بڕیارێک ئاسان نەبوو، هەر بژاردەیەک لەوەی تریان قورستر و ئەستەمتر بوو. بەهەرحاڵ، دوای چەند ڕۆژێک و دوای ئەوەی لە ١٧ی ئادارەدا ئەحمەد حەسەن

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 187-188.
[2] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338.

ئەلبەکر بە تەواوەتی داوایەکی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ گفتوگۆ ڕەت کردەوە، مەلا مستەفا لە ١٨ی ئادارەدا بڕیاری کۆتایی خۆی دا، کە ئەویش **کۆتاییهێنان بە جووڵانەوەچەکدارییەکە** و کشانەوە بوو بۆ ئێران، بەمەش جووڵانەوەکە بە شکستی کۆتایی گەیشت.[1] ئەگەرچی ئەو کاتە هەندێ بۆچوون لە ناو سەرکردەکانی جووڵانەوەکەدا هەبوون، سەرەڕای بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ کۆتاییهێنان بە جووڵانەوەکە، کە لایەنگری بەردەوامیدان بوون بە بەرگریکردن، هەر نەبێ **لە فۆرمی شەڕی پاتیزانیدا**، بۆ ئەو بەردەواميیەش زۆر پاساو هێنراونەتەوە.[2] بەڵام کۆتاییەکەی هەر گەڕانەوە بوو بۆ بڕیارە یەکلاکەرەوەکەی مەلا مستەفا بە کۆتاییهێنان بە جووڵانەوەی چەکداری.

ئەم شکستە هەڵسەنگاندنی زۆری بۆ کراوە، بەشێکیش لەو هەڵسانگدنانە بە توندی ڕەخنە لە مەلا مستەفا دەگرن، بە تایبەتی لە شێوازی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ حزبدا وەک دامەزراوەیەکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی بڕیار، هەروەها لە شێوازی ڕابەرایەتیکردنی جووڵانەوەکە بە گشتی. بەهەرحاڵ، بەشی سەرەکیی ئەو هەڵسەنگاندنانە لەژێر کاریگەریی دۆخی دەروونیی ململانێ و کاردانەوەدا،

---

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 188.

[2] بە تایبەتی بڕوانە: الاتحاد الديمقراطي الكردستاني، *الثورة الكردية*، ١٩٧٥، ص. ٥٤؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني - اللجنة التحضيرية، *تقييم مسيرة الثورة وانهيارها والدروس المستخلصة منها*. (؟، ؟، ١٩٧٧). لە سەرچاوەی دووەمدا بە وردەکارییەکی زۆرەوە باس لە کەرەسەی شەڕ و توانا مرۆیی و ماددییەکان، بە تایبەتی چەک و تەقەمەنی، کە لە کاتی ڕاگەیاندنی شکست و کۆتایی جووڵانەوەکەدا لە بەردەستدا بوون، کراوە.

له نیـــوەی دووەمـــی ١٩٧٠کانـــدا، نووســـراون و بـــڵاو کـراونەتەوە. بەڵام هەنـدێک هەڵسـەنگاندنی تـر لە ئاسـتێکی ئەکادیمیدا کراون. بەشـێکیش لەو هەڵسـەنگاندنانەی کراون، تێکەڵییەکن لە هەڵوێستی سیاسی لە لایەک و هەڵسـەنگاندنی ئەکادیمی لە لایەکی ترەوە.

ڤـانلی، ئەکـادیمیی دیـار و نـوێنەری جـووڵانەوەکە، بە تـایبەتی نـوێنەری مەلا مسـتەفا لە دەرەوەی وڵات، پێی وایە هەمـوو سـەرکردەکانی جـووڵانەوەکە، لە ناویشـیاندا مەلا مســـتەفا و کوڕەکـــانی، تێکـــڕا ڕۆڵیـــان لە شکســـتی جـــووڵانەوەکەدا هەبـــوو. بەهەرحـــاڵ، بەرپرســـیاریی مەلا مســـتەفا وەک ڕابەری یەکەمـــی حزبـــی و ســـەربازی لە جووڵانەوەکەدا، زۆر زیـاتر بـوو لە ئەوانـی تـر. لە ڕاسـتیدا، ڤـانلی پێـی وایە مەلا مسـتەفا بەرپرسـی یەکەم و سـەرەکی بـــوو لە شکســـتە مێـــژوویییەکەی ١٩٧٥. هەروەهـــا، لە تێڕوانینێکـدا، کە زیـاتر سۆشـیال-ئەنترۆپۆلۆجییـانەیە بـۆ سیاســـەت، ڤـــانلی پێـــی وایە مەلا مســـتەفا ڕۆڵێکـــی "باوکسـالارانە"ی دەبینـی. ڤـانلی پێی وایە ڕۆڵ و کـاریگەریی ئەو ڕابەرە بێهاوتـــا و بێڕکـــابەر بـــوو لە نـــاو تەواوی جووڵانەوە چەکداریییەکەدا.[1] باوەڕبەخۆبوونی سەرکردەکانی جووڵانەوەی چەکداری، بە تـایبەتی هیی لەڕادەبەدەری مەلا مســـتەفا، لە ڕووی تـــۆکمەیی و دروســـتیی بـــڕاردە سـتراتیجییەکان، بە تـایبەتی لەمەڕ پشتبەسـتنی تەواوەتیـی جووڵانەوەکە بە **یارمەتی و پشتیوانیی دەرەوە**، یەکێک بوو لە هۆکـــارە ســـەرەکییەکانی ئەو کارەســـاتەی کە بەســـەر

[1] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 189-190.

جـووڵانەوەکەدا هـات. وەک مکـداوڵ دەڵـێ، یـارمەتیی سەربازیی ئەمەریکا، ئێران و ئیسرائیل، وای لە مەلا مستەفا کـرد بگـاتە ئەو بـاوەڕەی کە بڵێـت **"کوردستان بـووە بە فـاکتەرێکی گرنـگ لە هاوکێشـەی سـەربازی و سیاسـیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."**[1] هەڵبەتە دواتر ئەزموون سەلماندی کە ئەمە هەڵەخوێندنەوە و هەڵەتێگەیشتن بـوو لە توانسـتی سیاسـی و سـەربازیی کـوردد‌ا. جـووڵانەوەی چەکـداری بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا نەک هەر توانای ئەوەی نەبوو ببێ بە فاکتەرێکی گرنگ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو تەنـانەت بارتەقـای ئەوەشـی نەکـرد کە هاوسـەنگیی هێـز لە ئاسـتی نـاوخۆی عیراقیش لە بەرژەوەندیی کوردد‌ا بگـۆڕێ. قـانلی پێـی وایە، دوای بڕیـاری ئەمـەریکا بە یارمەتیـدانی کـورد، بەمەش کـاملبوونی بـازنەی هاوپەیمـانیی چوارقـۆڵیی ئێـران، ئیسـرائیل، ئەمـەریکا و کـورد، مەلا مسـتەفا بێباکـانە هەمـوو "بەلەمەکـانی نەجـات"ی جـووڵانەوە چەکـدارییەکەی سـووتاند، بەم واتـایەش، مەلا مسـتەفا چـووە نـاو دۆخـی **بێباکییەوە** بەرامبەر بە کاردانەوەکانی ڕژێمی عیراق، ڕوو لە کـورد.[2] جێگـەی سـەرنجە کە **زۆر جـار**، هەر وەک مـارڤین وێنبـاوم دەڵـێ، ئەم حـاڵەتی بـاوەڕبەخۆبوونە، **تـا ڕادەی**

---

[1] *New York Times,* 1 April 1974, as quoted in Ghareeb, *The Kurdish Question,* p. 161.

هیمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە

[2] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 182-192; Pelletiere, *The Kurds,* 1984, p. 173.

هەر دەربارەی ڕۆڵی ئەو باوەڕبەخۆبوونەی مەلا مستەفا، دوای بەڵێنەکانی ئەمەریکا بە یارمەتیدانی کورد و ڕۆڵی ئەوە لە پاڵدانی زیاتری کورد بەرەو پێکدادانی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا، بڕوانە:

McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

لەخۆبایبوون، بەسەر ئەو بکەرانەدا دێت کە **یارمەتیی دەرەکی وەردەگرن** و لە ڕێگەی ئەو یارمەتییەوە دەچنە دۆخی "**چاوەڕوانیی ناواقیعی**" و "**لووتبەرزی و نائامادەیی بۆ سازشکردن**".[1] ڕێک ئەمە ڕووی دا کاتێک ڕابەرایەتیی جوولانەوەی چەکداری، بە تایبەتی مەلا مستەفا، گەیشتە قۆناغی دانیایی لە یارمەتیی ئێران، زۆر بە تایبەتییش یارمەتیی ئەمەریکا بۆ جوولانەوەکەی، ئیتر ئەم ڕابەرایەتییە و مەلا مستەفا چوونە دۆخی **لەخۆبایبوون** ("غروور")ەوە.[2] دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەمە تەنها بەسەرهاتی کورد نییە، بەڵکو ئەم دۆخی لەخۆبایبوون و لووتبەرزییە زۆر جار لە جێگەی تری جیهانیش دووبارە بووەتەوە، بە تایبەتی لە ئاکامی **بەڵێنی هێزێک یا چەند هێزێکی دەرەکیدا** بۆ بکەرێکی "ئیتنی" ناوخۆیی، کە کێشەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هەیە.[3] هەر ئێرە دەرفەتە بڵێین کە لە دۆخێکی ئەوهادا، ئاوێتەبوون و

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
Weinbaum, "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East", 1987, p. 41.

[2] الحزب الديمقراطي الكردستاني، *تقييم مسيرة الثورة*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[3] بە گشتی، لێکۆڵینەوەکەی مارفین وێینباوم، بۆ تێگەیشتن لە شێوازەکانی دەستوەردانی هێزێکی دەرەکی لە دۆخی ناوخۆی وڵاتێکی دیکە، زۆر بەسوودە، بە تایبەتی لە ڕێگەی یارمەتیدانی گرووپێکی ئیتنی کە لە ململانێدایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئەو وڵاتەدا، بەمەش کێشە ئیتنییەکە دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی "**بەنێودەوڵەئیبوون**". بەپێی لێکۆڵینەوەکەی مارفین، بە گشتی پێنج شێوازی یارمەتیی دەرەکی بۆ گرووپە ئیتنیکییەکان هەن. بڕوانە:
Weinbaum, "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East", 1987, pp. 35-36.

تێکەڵاوبـــــوونێکی ئۆرگانیکییـــــانەی هەردوو ڕەگەزی **بەهەڵەتێگەیشتن** و **لەخۆبـاییبوون**، دەبـن بە بنەمـا بـۆ حـــــاڵەتی شکســـــت و نســـــکۆیەکی لەڕادەبەدەر. لە پەیوەندییەکی ئەوهـادا هەردوو ڕەگەزی بەهەڵەتێگەیشتن و لەخۆبـــاییبوون، هەر یەکێکیـــان ئەوەی تـــر **بەرهەم دەهێنێتەوە** یا **بەهێزی دەکات**. بەهەرحاڵ، دواتر دەرکەوت کە بنچیـــنە و ســـەرچاوەی بـــاوەڕبەخۆبوونەکەش هەر **بەهەڵەتێگەیشتن** بوو، نەک تێگەیشتنێک کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی ورد و واقیعبینانە بووبێت: واقیعبینانە بە واتای خوێندنەوەی دۆخ و پێداوەکان **وەک خۆیان**، نەک وەک ئـــەوەی **مرۆڤەکـــان حەز دەکەن**، واتە نەک وەک **بیرکردنەوەیەکی دڵخوازانە**.

لە لایەکـی تـرەوە، تێگەیشـتنی دروسـت بەردەوام وای پێویسـت کـردووە کە لە هەمـوو ئاسـتەکانی ململانـێ و سیاسـەتکردندا، بە تایبەتی لە ڕەهەندی ئیقلیمی و جیهانیدا، لە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەو ڕاسـتییە تـێ بگـەین کە دواجـار ئێـران، کە بەشـە هەرە گـرنگەکەی "هاوپەیمـانییە چوارقۆڵییەکە" بوو، داگیرکارێکی بەشێکی تری کوردستانە و لە بەرژەوەنـدیی سـتراتیجیی ئەو وڵاتەدا نیـیە کـورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان بگات بە تەواوی مافەکانی. جگە لەوەش، کێشـەی کـورد لە عیـراق بـۆ ئێـران **کـارتێکی یـــاریکردنی کـــاتی بـــوو** و دواجـــار بـــۆ مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێنـا. بەم واتایەش، شـای ئێران هەرگیز نەیدەخواست ئەو کارتەی لە دەست دەربچێ، بەبـێ ئەوەی ئامانجەکـانی لە بەکارهێنـانی ئەو کـارتە بە

دەست هێنابێت. هەر وەک ئێدیس ئێنرۆس دەڵێ، یارمەتیی لایەنێکی دەرەکی بەردەوام لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەکانی لایەنە دەرەکییەکەدا دەدرێ بەو لایەنەی کە یارمەتییەکە وەردەگرێ، بەبێ گوێدانە چارەنووسی ئەو لایەنەی کە یارمەتییەکە وەردەگرێ[1]، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا نموونەکە جووڵانەوەی چەکداریی کوردە کە یارمەتیی لە ئێران وەردەگرت.

بەهەرحاڵ، بە تێڕوانینێک لە قسەکانی مەلا مستەفا دوای شکستەکە، هەندێک سەرەداوی گرنگمان دەست دەکەوێت، بە تایبەتی لەمەڕ بەهەڵەتێگەیشتن لە بابەتی ڕۆڵ و بەرپرسیاریی خۆی وەک ڕابەری یەکەم، هەروەها خوێندنەوەشی بۆ هۆکار و سروشتی شکست و نسکۆکە. بە تایبەتی جێگەی ئاماژە و گرنگییە کە مەلا مستەفا، دوای چوونی بۆ ئەمەریکا لە پاییزی ١٩٧٥دا، زۆر هەوڵی دا کیسنجەر ببینێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. بەهەرحاڵ، لەبری کیسنجەر، چاوی بە جۆزیف سیسکۆ، یاریدەدەری کیسنجەر بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک کەوت. لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ سیسکۆ لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا، مەلا مستەفا نارەزایی توندی بەرامبەر ئەمەریکا پیشان داوە بە هۆی کشاندنەوەی پاڵپشتی بۆ کورد[2] و گوتوویەتی کە

---

[1] Penrose, *Iraq*, 1979, p. 371.

[2] جێگەی بیرهێنانەوەیە کە جگە لە دەیقید کۆرن، ئارۆن لاسامیش وتارێکی زۆر سەرنجڕاکێشی نووسیوە دەربارەی بەسەرهات و شکستی جووڵانەوە چەکدارییەکە، زۆر بە تایبەتییش دەربارەی مەلا مستەفا، دوای ئەوەی کە دەچێ بۆ ئێران و دواتر دەچێ بۆ ئەمەریکا و پەرۆشیی ئەو بۆ گەیاندنی نارەزایەتییەکانی بەرامبەر بەوەی کە ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد کردی،

هەرگیز لەگەل عیراقدا نەدەچووە شەڕەوە ئەگەر کەمترین ڕادەی گومانی لە "بەڵێن"ی ئەمەریکا هەبوایە، بەڵام سیسکۆ لە وەڵامدا گوتوویەتی: "دەوڵەتی ئەمەریکا **تەنها لە سەر داواکاریی شا یارمەتیی کوردی داوە و هەر لەسەر داواکاریی شای ئێرانیش کۆتایی بەو یارمەتییانە هێناوە.** سیسکۆ هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەمەریکا هیچ دەستی لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا نەبووە."[10] بەهەرحاڵ، مەلا مستەفا لە هەوڵەکانی بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت، کاتێکیش پرسیاری لێ دەکرێ ئاخۆ هەڵەی هەرە گەورەی ڕێڕەوی ژیانی ئەو چی بووە، لە وەڵامدا مەلا مستەفا دەڵێ

هەروەها جارێکی تر گەڕانەوەی بۆ ئێران و بۆ دوایین جاریش، بە یەکجاری، جێهێشتنی ئێران و چوونەوە بۆ ئەمەریکا و کۆچی دواییشی هەر لەوێ. بڕوانە:

Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, pp. 50-68.

[1] Korn, "The Last Years of Mustafa Barzani," 1994, online version.

جێگەی ئاماژە و بیرهێنانەوەیە کە، بەپێی بەڵگەنامەیەکی سەفارەتی ئەمەریکی لە بەغدا، یانزە ساڵ پێشتر، واتە لە ساڵی ١٩٦٤دا، ئەمەریکییەکان ئامۆژگاریی کوردیان کردووە کە "**نابێت وەک دارەدەستی کەسانی دیکە کار بکەن، یان خۆیان بکەن بە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە** و نابێت گوێ لەو کەسانە بگرن کە دەیانەوێت شەڕ دەست پێ بکاتەوە [...] بە بۆچوونی ئێمە، ئامانجی کورد لە عێراق بە تۆندی تووشی زیان دەبێت ئەگەر کورد وەک دارەدەستی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە کار بکەن." بڕوانە: لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە، ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤، لە: ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٨٨-١٨٩. تێبینی: لە هەندێک جێگەی نامەکەدا بە ناڕوونی باسی ئێران دەکرێ بە وشەی بۆ نموونە "کەسانی دیکە"، بەڵام لە دریژەی نامەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئێران کراوە.

هێمای تۆخکردنەوە هیی نووسەرە.

هەڵسەنگاندنی من بۆ حکومەتی ئەمەریکا، کە دواجار خیانەتی لێ کردین.[١٠] هەروەها دەڵێ، "ئێمە هەست بە تاڵی دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی ئێمە لە لایەن دوژمنەکانمانەوە، بەڵکو لە لایەن دۆستەکانمانەوە، تێک شکێنراوین."[٢٠] بەهەرحاڵ، پێویستە بە گرنگییەوە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە نێوان ئەم دوو دەربڕینەی مەلا مستەفادا جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێ: لە کاتێکدا بە ڕاشکاوی ناوی ئەمەریکا دەهێنێ، وەک ئەوەی ئەو وڵاتە بەرپرسی سەرەکی بووبێ لە شکستی کورد، بەڵام لە دەربڕینی دووەمیدا بە **کۆ گوزارش** لە "**دۆستەکان**" دەکات، واتە نەک هەر ئەمەریکا بە تەنیا، بەڵام دیسان بە ئاشکرا ناوی ئێران ناهێنێ. دەرەنجام، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، مەلا مستەفا تا بۆی کرابێ **خۆی بە دوور گرتووە** لە سەرکۆنەکردنی ئێران یا ناوهێنانی ئەو وڵاتە وەک **بەرپرسی سەرەکی** لە شکستی جوولانەوەکە! لە لایەکی ترەوە، مکداول لەو بڕوایەدایە کە **بەهەڵەتێگەیشتنە** هەرە گەورە و بنەڕەتییەکەی مەلا مستەفا ئەوە بوو کە ئەو باوەڕی بەوە هێنابوو ئێران و ئەمەریکا یارمەتیی دەدەن بۆ ئەوەی شکست بە عیراق بهێنێ، نەک بەکاری بهێنن لەپێناو ئامانجە تایبەتەکانی خۆیاندا. هەروەها دەڵێ، هەڵەی مەلا مستەفا لەوەدا بوو کە ئەو نەیتوانی هێزی سەربازیی عیراق بە باشی هەڵبسەنگێنێ، هێزێک کە ئێتر لە

---

[١] *Washington Star*, Apr. 18, 1978.

هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە

[2] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

توانایدا هەبوو جوولانەوە چەکداریەکەی مەلا مستەفا لە بەرەی جەنگدا تێک بشکێنێ.[1]

شکستی جوولانەوەی چەکداری دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ئەمەریکا هەبوو، چ لە ئاستی فەرمی و چ نافەرمی. لەوە دەچێ لەو کاتەدا ڕابەرایەتیی کوردیش، لە ناویاندا مەلا مستەفا، ئاگاداری ئەوە بووبن کە لە ئەمەریکا میدیاکان، وەک "**دەسەلاتی چوارەم**"، ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەریان هەیە و دەسەلاتدارانی ئەو وڵاتەش لە هەموو ئاستەکاندا بە وردی حسێب بۆ ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە دەکەن. لەم ڕووەشەوە، وەک دەربڕینی مەترسییەک لەوەی کە چیرۆکی بەسەرهاتی کورد دەکرێ ببێت بە **هەواڵێکی بێزارکەر بۆ دەسەلاتدارانی ئەمەریکا**، لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٥دا، سەرۆکی وێستگەی سی ئای ئەی لە تەهران، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی سی ئای ئەی، کۆلبی، دەڵێ ئەگەر بەرپرسە ئەمەریکییەکان، بۆ نموونە کیسنجەر، شتێک نەکەن بۆ یارمەتیدانی کورد کە لە مەترسیدارترین دۆخدان، ئەوا پشتڕاست بن لەوەی کورد قبوولی ناکەن "**بنێڕێن بەبێ ئەوەی چیرۆکی خۆیان بۆ جیهان گێڕابێتەوە.**"[2]

لە ڕاستیدا هەرەسهێنانی جوولانەوەی چەکداریی کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ئەمەریکا هەبوو، زۆر بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی پایک؛ بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو دەنگدانەوەیە هەرگیز بەبێ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە فەراهەم نەدەبوو. ئەم دەنگدانەوەیە ئەو سنوورەی تێ پەڕاند کە تەنها گێڕانەوەی چیرۆکی کارەساتباری

[1] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 323.
[2] Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 86.

کـوردان بێـت، بەڵکـو: **یەکەم**، کێشـەی ململانێـی نێـوان دامەزراوەکـانی یاسـادانان و جێبەجێکـار، بە تـایبەتی ڕۆڵ و دەسـەڵاتەکانی دامەزراوەی هەواڵگریـی سـی ئـای ئەی بە یەکجـاری واڵا کـرد؛ **دووەم**، ڕەنگدانەوەی ئاشکرای هەبـوو لەسـەر ڕادەیەک لە داکـۆکیکردن لە کـورد و هاوسـۆزی لەگەڵیانـدا. هەر بـۆ نمـوونە، ڕۆژنامەنووسـی نـاوداری نیـو یورک تایمز، ولیەم سـەفایەر[1]، لە دوو وتـاردا لە فێبریـوەریی ١٩٧٦دا زۆر بە تونـدی سـەرکۆنەی وڵاتەکەی خـۆی، واتە ئەمـەریکای، کرد و کۆتاییهێنان بە یارمەتییەکانی ئەمـەریکا و ئێرانی بۆ کورد وەک "فرۆشتنی بێویژدانانە"ی نەتەوەیەک لە قەڵەم دا.[2] سـەفایەر لە هەڵوێسـتەکانیدا تەنهـا بە سـەرکۆنەکردنی وڵاتی خـۆی ناوەستێت، بەڵکو لە وتارێکدا پێشـنیازی ئەوە دەکـات کە ئەمـەریکا بەردەوام بێـت لە یارمەتیـدانی کـوردان و بە هانایـانەوە بچـێ. سـەفایەر دەنووسـێت، "لەپێنـاو فەراهەمکردنـی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کـورد و سـەرپنەوەی پەڵەی خیـانەت"، پێویسـتە ئەمـەریکا، بە سیاسەتێکی دەرەوەی بونیادنراو لەسـەر بنچینەی مۆراڵ و ویـژدان: **یەکەم**، شەشسـەد پەنـابەری کـورد وەربگـرێ؛ **دووەم**، هەوڵ بـدات مەسـەلەی کـورد بکـات بە بەشـێک لە ئەجێنـدای پەیوەنـدییەکانی ئەمـەریکا و یەکێتیـی سـۆڤییەت؛ **سێیەم**، کاریگەری بخـاتە سـەر ئێران و میسـر بە ئاڕاسـتەی یارمەتیـدانی کـورد؛ **چـوارەم**، کێشـەی کـورد بخـاتە بەردەم

---

[1] جگە لەوەی ولیەم سەفایەر ڕۆژنامەنووسێکی ناودار بوو، لە هەمان کاتدا تا ساڵی ١٩٧٤ نووسەری وتارەکانی نیکسۆنیش بوو.

[2] Bill, *The Eagle and the Lion*, 1988, p. 207.

نەتەوە یەکگرتووەکان و لەپێناو یارمەتیدانی کورددا سوود لەو تیشکە وەربگیرێت کە لە ئێستادا خراوەتە سەر کێشەی کورد.[1] دەبێ ئەوەش بە بیر بهێنینەوە، سەفایەر تەنها نموونەیەکە لە ژمارەیەکی زۆر لە پۆژنامەنووس و دەزگا میدیاییەکان کە بە گرنگییەوە تیشکیان خستووەتە سەر بەسەرهات و چیرۆکی کوردان، لەوانەش، دەیڤید کۆرن و ئارۆن لاسام، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە نووسراوەکانیان وەرگیراوە.

[1] Safire, *Safire's Washington*, 1976, p. 88.

٥- دەرەنجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستی بوو تێگەیشتنێکی تر بخەملێنێ دەربارەی بەشێکی کورت، بەڵام زۆر گرنگ، لە مێژووی نوێی کوردستان، کە ئەویش بەشی یەکەمی دەیەی ١٩٧٠کانە. تیشکی لێکۆڵینەوەکە بە تایبەتی لەسەر پرۆسە و ڕووداوەکانی سێ ساڵی مێژووەکەیە، واتە لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥. تەنانەت لەم ماوە کورتەشدا، تیشکەکە زیاتر لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی جووڵانەوەی چەکداریی ئەو کاتەی باشووری کوردستانە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانی. هەڵبژاردنی ناوی کیسنجەریش، **وەک ئەوەی** لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکادا **ئەو نوێنەرایەتیی ئەمەریکا بکات**، نە کاردانەوەیەکی بەپەلەیە لەسەر کۆچی دوایی ئەم دیپلۆماتکارە و نە ئەوەشە کە بە زەروورەت بمانەوێ بڵێین ڕۆڵی ئەمەریکا یا کیسنجەر، لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە تیشکی لێکۆڵینەوەیان خراوەتە سەر، یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەتی لە پرسی چارەنووسی کارەساتباری جووڵانەوەکەدا. لە لایەکی ترەوە، هەر لە سەرەتای جێگیربوونی پەیوەندیی فەرمی لە نێوان کورد و ئەمەریکا، لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢دا تا شکستی کارەساتباری جووڵانەوە چەکداریەکە، کیسنجەر هەڵسووڕێنەری سەرەکی و کارای دۆسیەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا بوو. لە لایەکی ترەوە، تەنها تیشکخستنەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد لەو ماوەیەدا بەشی ئەوە ناکات بۆ ئەوەی بە باشی لە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە و کۆتایی جووڵانەوەکە بگەین. لەم

بارەیەشەوە، ڕۆڵی ئێران نەک هەر تەواوکاری پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکایە، بەڵکو **بە تەواوەتی ناوەندی و یەکلاکەرەوەیە**، لە ڕاستیدا ڕۆڵی ئەمەریکا زیاتر لە پەراوێزدایە تا ناوەند. بەڵام لە یەک ڕەهەندا دەکرێ ئەمەریکا ڕۆڵی ناوەندی ببینێ، ئەویش ئەوەیە کە لە دیدی ڕابەرانی جوولانەوە چەکدارییەکەوە، ئەم ڕۆڵە ناوەندی و یەکلاکەرەوەیە، چونکە "**گەرەنتی و زامنکارە**" لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێراندا، کە بەهەرحاڵ دواجار دەرکەوت کە ئەمە بەهەڵەتێگەیشتنێکی کارەساتباری ڕابەرایەتییەکە بوو!

لە چوارچێوەی تیۆرێدا، لێکۆڵینەوەکە بە گرنگییەوە هەوڵی داوە لە سروشتی ئەو پەیوەندییانە تێ بگات کە جوولانەوە چەکدارییەکە بووبوو بە بەشێک لێیان، بۆ ئەوەی دواجار تێگەیشتنێکی جیاوازتر دەربارەی سروشتی ئەو پەیوەندییانە بخەملێنێ. کاریگەریی ئەم پەیوەندییانەش لەسەر سروشت، ناسنامە و ماهییەتی جوولانەوەکە، ڕەهەندێکی گرنگ و گەوهەریی لێکۆڵینەوەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، هەندێک چەمکی تیۆری بەکار هێنراون، بە واتای ئەوەی ئەم چەمکە تیۆرییانە یارمەتیدەر بوون لە بەئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەمەش بە دوو شێوە: **یەکەمیان**، بۆ تێگەیشتنی پێدراو، پرۆسە و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان؛ **دووەمیان**، بۆ سوودوەرگرتن، بە شێوەیەکی زانستییانە، لەو سەرچاوانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکار هێنراون.

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا، زۆر بە کورتی، وەک پاشخان، تیشک خراوەتە سەر ساڵانی ١٩٦٠ەکانی جوولانەوە چەکدارییەکە، بە تایبەتی جۆری ئەو

پەیوەندییانەی کە جوولانەوەکە لەو سالانەدا بەرقەراری کردوون. ئەم پەیوەندییانە، بە شێوەیەکی چارەنووسساز، لە نێوان بەهاری ۱۹۷۲ تا بەهاری ۱۹۷۵ چڕ دەبنەوە، بە شێوەیەک کە قسەکردن لەسەر **پەیوەندییەکان**، چیتر تەنها باسی ڕووی دەرەوەی جوولانەوە چەکدارییەکە نییە، بەڵکو بە هەمان ڕادەی گرنگیی باسەکە، لە ڕۆشنایی سروشتی ئەو پەیوەندییە دەرەکییانەدا، دێتە سەر کاریگەریی ئەو پەیوەندییانە لەسەر کرۆک و ناوەڕۆکی جوولانەکەش، بەو واتایەی کە **سروشتی پەیوەندییەکان** کاریگەریی لەسەر **ناسنامە و سروشتی ناوەڕۆکی، هەرە ناوەوەی،** جوولانەوەکە هەبووە. کاریگەرییەکە بە شێوەیەکە ئیتر ئەم پەیوەندییانە وا دەکەن سروشتی جوولانەوەکە تووشی دوانەییەک ببێ، کە دواجار دەرکەوت ئەم دوانەییە **کوشندە بوو**: دەرەنجام، جوولانەوەکە لە ناخی خۆیدا پێویستە **بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی** بێت، کە هەڵبەتە هەر ئاوهاش بانگەشەی بۆ دەکرا، کەچی لە لایەکی ترەوە، ئەم پەیوەندییانە وا دەکەن سروشتی جوولانەوەکە لە ڕزگاریی **نیشتمانییەوە** بگۆڕێ بۆ **شەڕی بەوەکالەت**. لە ڕاستیدا هەر ئەم حاڵەتی دوانەییبوونە کرۆک و ناواخنی ئەو پرۆسەیە پێک دەهێنن کە تێیدا جوولانەوەکە بە چارەنووسێکی کارەساتبار دەگات.

بەم واتایەش دژایەتییەکی ڕوون، هەروەها کەمەرشکێن، لە نێوان ئەم دوو خەسڵەتەی جوولانەوەکەدا، بە تایبەتی دژاتییەکی قوول و توند لە کرۆکی **هێز و توانای** جوولانەوەکەدا دروست دەبێت: لە **ڕووی ناوەوەیدا** ئەم

جـووڵانەوەیە ڕەوایەتیـی بـوونی خـۆی لە دۆزی ڕەوای گەلێکی ژێردەستە و ستەملێکراو وەردەگرت، **توانستەکەشی** لە ئەوانە وەردەگرێـت کە گیـان لەسـەر دەسـت ئامـادەن بەبەهـاترین شت، واتە بە ژیانیـان، **قوربـانی بـۆ ئەم دۆزە بدەن:** ئەوانە وزە و توانای ڕاستەقینەی جووڵانەوەکە بوون. لە بەرامـبەردا، لە ڕووی **دەرەوەیـدا**، جـووڵانەوەکە تەواوی هێـز و تواناکـانی لە **هاوپەیمـانییەکی** "گومانـاوی و نـاپیرۆز"ەوە وەردەگـرت، کە لە **کرۆکـی پەیوەنـدییەکەدا وڵاتێکـی داگیرکـاری کوردسـتان**، واتە ئێـران، ئەنـدازیار و داینەمـۆ، هێـز و توانسـتی هاوپەیمـانییەکە بـوو. بە زمـانێکی ڕوونتـر بڵێـین، بەشـێک لە تراجیـدیاکە ئەوە بـووە کە جووڵانەوە چەکدارییەکەی کورد، لە هاوکێشە ئیقلیمییەکەدا، بە ئاگـا یـان بـەبێ ئاگـا، **شـەڕێکی بەوەکـالەتی** بـۆ هەنـدێ ئامـانجی سـنووردارای ئێـران دەکـرد.[1] دەرەنجـام، **ئەم سروشتە ناکۆک و پڕ لە دژایەتییەی جووڵانەوەکە**، بنەمـا و هۆکـاری هەرە گرنگ و سـەرەکی بـوو لە شکستی بەهـاری ١٩٧٥دا. لە کاتێکـدا لە ڕووی نـاوەوەی جـووڵانەوەکە،

---

[1] دواجـار، دەکـرا یەکێـک لە شـێوازەکانی نزیکبـوونەوە لە بـابەتی پەیوەنـدییەکان لە نێـوان ئەمـەریکا، ئێـران و کـوردا، لە چوارچێـوەی بۆچـوونێکی تیـۆریی جیـاوازتردا بـوایە، بەو واتـایەی دەکـرا خـاڵی لێوەدەرچوونی تیۆری بەم شێوەیە بێت: ئەوەی ڕووی دا، دوو دانە شـەڕی بەوەکـالەت بـوو، یەکێکیـان لە نـاواخنی ئەوی تـردا، کـورد لە شـەڕێکی ڕاستەوخۆی "کوردیدا" بەوەکالەت خزمەتی بە ستراتیجیی ئیران، ئیسرائیل و ئەمـەریکا کـرد، ئێـرانیش "لە شـەڕێکی ناڕاسـتەوخۆدا" خزمەتـی بە ستراتیجیی ئەمەریکا کرد! بەهەرحاڵ، دەکرێ ئەم شێوازە لە بیرکردنەوەی تیۆری ئامانجی لێکۆڵینەوەیەکی تر بێت.

تەنانەت لە چرکەساتی شکستەکەشدا، دۆزە رەواکە هەر زیندوو بوو و رۆحی قوربانیدانی دەیان هەزار پێشمەرگە و لە پشتیشیانەوە گەلێکی ئامادە بۆ قوربانیدانی زیاتر هەبوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووی دەرەوەی جووڵانەوەکە، **زەروورەتی هاوپەیمانییە گومانلێکراوەکە کۆتایی هاتبوو**، بە واتای ئەوەی **زەروورەتی بەردەوامیی شەڕی بەوەکالەت بە کۆتایی گەیشتبوو**، ئیتر دەرەنجام جووڵانەوەکەش، تا ئەو جێگەیەی خۆی وەک بزاڤێکی ڕزگاریخواز دەناساند، بە کۆتایی کارەساتباری خۆی گەیشت.

***

هەر زوو دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادارى ١٩٧٠، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ڕژێمی ئەو کاتەی عیراق کەوتنە حاڵەتێکی بەرزی و نزمییەوە، تەنانەت ڕادەی تەنگەژە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو، دەرەنجام: متمانەی نێوان هەردوو لا درزی تێ کەوت، لەگەڵ کاتدا نەک هەر ئەم دۆخە چارەسەر نەکرا، بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ بێمتمانەیی جێگەی بە متمانە لەق دەکرد. لە دۆخێکی ئەوهادا هەردوو لا، هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی بارگرژی و تەنگەژە، بە چڕی کەوتنە هەوڵی **بەهێزکردنی پێگەیان بەرامبەر بە یەکتر**. بە واتایەکی دیکە، لایەنی کوردی لە لایەک و ڕژێمی عیراق لە لایەکی ترەوە کەوتنە بەرامبەر دوو ئاڕاستە و بژاردەی تەواو دژ بە یەکتر، لە لایەکەوە هەوڵدانی هەر یەکەیان، تا ڕادەیەکیش بە ڕوالەت، بۆ پابەندبوون بە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار و جێبەجێکردنی، لە

لایەکی تـرەوە گەڕان بەدوای هەمـوو دەرفەتێکـدا بـۆ **بەهێزکردنـی پـێگەی خـۆ** بەرامـبەر بە لایەنەکەی تـر. لە ئاڕاستە و هێڵی تەریبی بەهێزکردنی پێگەکانیشیان، هەردوو لا هەوڵەکانیـان چـڕ کـردەوە بـۆ **بەدەسـتهێنانی یـارمەتیی دەرەکـی**، یـارمەتییەک کە بە ڕادەی یەکەم ببێـت بە هـۆی بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانیان.

عیـراق ئەم ئامـانجەی، تـا ڕادەیەکـی زۆر، لە نیسـانی ١٩٧٢دا پێکـا، لە ڕێگـەی "هاوپەیمـانیی سـتراتیجی" لەگەڵ یەکێتیـی سـۆڤییەتدا. ئەم دۆخە پـڕ لە دژایەتیـیە قـووڵتر بووەوە و چووە قۆناغێکی تـرەوە کاتێک، لە کۆتایی بەهـار و سـەرەتای هـاوینی ١٩٧٢دا، هەوڵەکـان بـۆ بەدیهێنـانی هاوپەیمانیی چوارقۆڵی (ئێران، ئیسرائیل، ئەمـەریکا و کـورد) گەیشـتنە خـاڵی **وەرچەرخـان**، کاتێـک ئێـران بەڵێنـی یەکـلاکەرەوەی ئەمـەریکای بـۆ پاڵپشـتیکردنی جـووڵانەوەی چەکداریی کورد، بە دەست هێنا. دەرەنجام، **هاوسەنگیی هێز** لە نێـوان کـورد و بەغـدا لە ڕەگوڕیشـەوە گـۆڕا، بەمەش سیاسـەتە کوردییەکـان و شـێوازی مـامەڵەی جـووڵانەوەی چەکداری لە بەرامبەر بەغدا گۆڕانکاریی بەسـەردا هـات. ئەم "**هاوپەیمانییە چوارقۆڵییە**" سروشتی پەیوەندییەکانی کورد و بەغدای گۆڕی و کوردی بەرامبەر بە بەغدا بـردە پێگەیەکی دیکەوە، **نزیکتر لە شـەڕ و پێکدادان**، تـا پێچەوانەکەی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو دەرەنجامەی، کە لە لێکۆڵینەوە لە ئەم پەیوەندییە پـڕ لە دژایەتیـیەدا پێی گەیشـتووین، ئەوەیە ئیتـر دوای ئەم دوو هاوپەیمـانییە دژبەیەکە، **هەر لایەک** بەرامـبەر بە لایەنەکەی دیکە چووە دۆخێک لە.**باوەڕبەخۆبوونەوە** کە

تێیدا، بەهەرحاڵ بە باوەڕی خۆی، دەتوانێ لە پێگەیەکی بەهێزترەوە بچێتە شەڕەوە بەرامبەر لایەنەکەی تر و لە شەڕەکەشدا براوە بێت.

بەم واتایەش، ئەگەرچی شەڕی بەرەیی و "گەرم" و خوێناوی لە بەهاری ١٩٧٤دا دەست پێ دەکات، بەڵام شەڕ لە ئاستە سیاسی و دیپلۆماسییەکەیدا، بە تایبەتی لە ڕووی **دیپلۆماسیی بونیادنانی هاوپەیمانییەوە**، هەر لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٢دا بە چڕی دەستی پێ کرد، چونکە لەو کاتەدا ڕازیبوونی ئەمەریکا بە داواکارییەکەی شای ئێران بۆ ئەوەی یارمەتیی کورد بدات، بە تەواوەتی بە دەست هات. بە ڕازیبوونی ئەمەریکا و بەئەنجامگەیشتنی هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی ئێران، ئەمەریکا، ئیسرائیل و کورد، **باوەڕبەخۆبوونی ڕابەرایەتیی جوولانەوە چەکدارییەکە**، لە پێش هەموشیانەوە مەلا مستەفا، لە ڕووی ئامادەییەوە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا، چووە قۆناغێکی ترەوە. لە لایەکی ترەوە، ڕووداوەکان دەریان خست کە بنەمای ئەم باوەڕبەخۆبوونە **پڕ بوو لە کێشە و ئاڵنگاری**. چوارچێوە هەرە فراوانەکەی کێشەکەش **بەهەڵەتێگەیشتنی** کۆی **پێکهاتە و ڕەگەزەکانی** ئەو هاوپەیمانییە بوو کە کورد لایەنێکی بوو، واتە **هەڵەتێگەیشتن** لە: **یەکەم، ئامانج** و **پاڵنەرە** ڕاستەقینەکانی سێ لایەنەکەی تری غەیرە کورد لە هاوپەیمانییەکەدا؛ **دووەم**، خەسڵەت و بنەماکانی پەیوەندییەکان؛ **سێیەم**، سروشتی ئۆپەراسیۆنی پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ کورد، کە لە پێش هەموو شتێکەوە **نەپێنیبوونی** ئەو ئۆپەراسیۆنە هەڕەشەی هەرە گەورە بوو لەسەر

تەواوی بەرنامەی پشتیوانییەکە؛ **چوارەم**، دوانەییبوونی ڕۆڵی کورد: لە لایەکەوە کورد لە ناوەڕاستی هاوپەیمانییەکەدا بوو لە **ڕووی قوربانیدان و شەڕە مەیدانییەکەوە**، بەڵام لە پەراوێزی هەرە پەراوێزدا بوو لە ڕووی ئەو بڕیارانەی کە بۆ چارەنووسی جووڵانەوە چەکدارییەکە و هاوپەیمانییەکە یەکلاکەرەوە بوون. بەهەرحاڵ، لە بەردەوامیی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا، ئەم خاڵانە بە وردەکاری زیاترەوە بەسەر دەکەینەوە.

***

کورد لە باشووری کوردستان و عیراق، لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کانەوە، وردتر بڵێین، لە کۆتایی بەهاری ١٩٧٢ەوە، بوو بە بەشێک لە ململانێیەکی ئاڵۆز کە تێیدا جووڵانەوەی چەکداریی کورد لە لایەن ئەوانی ترەوە بەکار هێنرا و سێ ئاستی ململانێش، لەو بەکارهێنانەدا، بە چڕی ئاوێتەی یەکتر بوون: **یەکەم**، ئاستی جەنگی سارد، کە لەوێدا ئەمەریکا سوودمەند دەبوو لە بەکارهێنانی توانا چەکدارییەکانی کورد بۆ **گۆڕینی هەڵسوکەوت و ئاراستەی سیاسیی ڕژێمی عیراق**. لەم بارەیەوە، سەرەکیترین ئامانج بۆ ئەمەریکا، دوورکەوتنەوەی ئەو ڕژێمە بوو لە یەکێتیی سۆڤییەت و نزیکبوونەوەی بوو لە جیهانی ڕۆژئاوا؛ **دووەم**، ئاستی ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلی، کە لەوێدا ئیسرائیل، لە لاوازکردن و سەرقاڵکردنی عیراقدا وەک وڵاتێکی بەهێزی "عەرەبی"، تا ڕادەیەک سوودمەند بوو[1]؛ **سێیەم**،

[1] لە کاتێکدا دەکرێ لە ڕووی ڕەسمییەوە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی "عەرەبی" بۆ دەوڵەتی عیراق دروست بێت، بە تایبەتی بەو پێیەی کە عیراق ئەندامێکی

ئاستی ململانێی عیراق و ئێران، لەم بارەیەوە هەر لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکانەوە شای ئێران گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە دەکرێ ئێران، لە کێشەکانی لەگەڵ عیراقدا، بە تایبەتی لە ململانێ لەسەر شەتولعەرب، لە "بەکارهێنانی" جوولانەوەی چەکداریی کورد لە عیراق سوودمەند بێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی حزبی بەعس دەسەڵاتی لە عیراق گرتە دەست و ئەو ڕژێمە لە یەکێتیی سۆڤییەت نزیک بووەوە، ئیتر شای ئێران پێی وابوو باشترین شت بۆ ئەوەی کاریگەریی عیراق و سۆڤییەت لەسەر ئێران بگەیەنێتە نزمترین ئاست، بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ڕۆڵی چالاکانەی ئەم جوولانەوەیە بوو؛ **چوارەم**، ئاستی ململانێ لە ناوچەی کەنداو، کە لەوێدا عیراق و ئێران وەک دوو "زلهێزی" ئیقلیمی بوون، هەوڵ و کۆششی هەر یەکێکیان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی بوو لەو ناوچەیەدا. ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەو شێوەیە بوو کە دواجار ئێران توانیی لە دوو هێڵی هاوتەریبدا بجوولێت، کە یەکێکیان شەڕێکی سنووردار بوو لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا[1] و ئەوەی تریشیان هەوڵ و جووڵەی دیپلۆماسیی چالاکانەی ئێران بوو بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ عیراقدا. لە وێستگەی کۆتایی ئەو دوو هێڵە هاوتەریبەدا، ڕووداو و

دامەزرێنەر و کارای کۆمکاری عەرەبییە، بەڵام لە ڕووی نەتەوەیی و ئیتنییەوە هەرگیز **ئەم وڵاتە عەرەبی نییە**. تەنانەت ئەگەر، هەر بۆ نموونە، بەڵگەنامەیەکی گرنگی وەک دەستووری عێراق دوای "شۆڕشی" تەممووزی ١٩٥٨ بکەین بە پێوەر، ئەوا عێراق بە "شێوەیەکی ڕەها دەوڵەتێکی عەرەبی نییە، بەڵکو کورد و "پێکهاتەکانی تر" هاوبەشن لەو وڵاتەدا.

[1] سنووردار بەو واتەیەی کە ئەو شەڕە هەرگیز نەگەیشتە ئاستی بەرەوڕووبوونەوەی دوو وڵاتەکە، واتە ئێران و عێراق.

پێدراوەکان گەیشتن بە دۆخێک کە تێیدا: لە **هێڵی یەکەمدا**، کە هیی شەڕی کورد و ڕژێمی عیراق بوو، جوولانەوەی چەکداریی کورد **گەیشت بە شکستێکی بێوێنە**، بەڵام لە هێڵی دووەمدا، هەوڵ و تەقەلا دیپلۆماسییەکانی ئێران **گەیشتن بە ئامانج**. ئەم ئەنجامەش لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە **یەکانگیربوون لە چرکەساتێکی میژووییدا** لە نێوان شەڕی نێوان کورد و عیراق لە لایەک، لە لایەکی تر‌ەوە هەوڵ و چالاکیيە دیپلۆماسییەکان، لەوانەش، ڕێککەوتن لەگەڵ عیراقدا بە دەست هات.

بە پێداچوونەوەی بەسەرهاتی جوولانەوەی چەکداری، زۆر بە تایبەتی لە ماوەی بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، ئەوە بە جوانی ڕوون بووەوە کە لە زۆر ڕووەوە **بێئاگایی، نەتوانست لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پێدراوەکان** و **بەهەڵەتێگەیشتن**، بە تونـدی لەسەر کۆی جوولە و بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی سەرکردایەتیی ئەو جوولانەوەیە ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی هیی ڕابەری جوولانەوەکە، مەلا مستەفا:

یەکەم، بوون بە بەشێک لە هاوپەیمانییەک کە پێک هاتووە لە سێ دەوڵەتی بەهێزی **خاوەن سەروەری** و لایەنی چـوارەم، کە **ئەویش کـوردە و بێبەشە لە سـەروەریی نیشتمانی، واتە بێبەشە لە پێگە و سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی هێز و توانست**. ئەم حاڵەتەش خۆی لە دوانەیەکدا بەرجەستە دەکات، کە دەرەنجام بە زیانی کورد تەواو دەبێت: کاتێک، **لە لایەکەوە**، باس دێتە سەر ڕادە و قەوارەی قوربانی و شەڕی ڕاستەقینە و مەسەلەی هاوسەنگیی هێز لە مەیدانـدا بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس، ئەوا کورد لە ناوەڕاستی هاوکێشەدایە، **لە لایەکی ترەوە**، لە ڕووی بڕیاری

چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەوە، بە تەواوەتی **لە ڕۆژ و پەراوێزدایە**. ئەوە بە تایبەتی ئێرانە کە **پێگەی ناوەندی هەیە** لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی جوولانەوەکە، هەر وەک ئەمە لە ڕێککەوتنی جەزائیردا بە ڕوونی بەرجەستە بوو. کێشە هەرە گەورەکە لەو "هاوپەیمانییەدا"، کە کورد بووبوو بە بەشێک لێی، ئەوە بوو کە لایەنی کوردی، لە دوای ڕازیبوونی ئەمەریکا بە یارمەتیدانی کورد و بەئەنجامگەیشتنی هاوپەیمانییەکە، ئیتر چووە دۆخی باوەڕبەخۆبوونێکی **زۆر زیاتر لەوەی کە پێویست بوو**، یا ڕاستتر بڵێین، زۆر زیاتر لەوەی کە **سروشتی هاوپەیمانییەکە ڕێگەی پێ دەدا**، کە دوایی دەرکەوت ئەم باوەڕبەخۆبوونە زۆر زیانبەخشیش بوو، بە تایبەتی پڕ بوو لە **بەهەڵەتێگەیشتن** و **بیرکردنەوەی دڵخوازانە**، کە ئەمەش چەند ئاکامێکی هەبوو: **أ**- بەهەندوەرنەگرتنی ئەو هەموو هۆشیارکردنەوانە کە بە ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە، بە تایبەتی بە مەلا مستەفا، دەدران، دەربارەی ئەگەری ئەوەی کە عیراق بۆ شکستهێنان بە جوولانەوەکە ئامادە بوو لەگەڵ ئێراندا ڕێک بکەوێت. گرنگترینی ئەو ئاگادارکردنەوانەش ئەوانە بوون کە **ڕاستەوخۆ لە سەدام حوسێنەوە دەدران بە کەسی یەکەم**، مەلا مستەفا؛ **ب**- دوای کاملبوونی هاوپەیمانییەکە لە سەرەتای هاوینی ۱۹۷۲دا، لایەنی کوردی هەندێ پەیام و سیگنالی دەدا بە ڕژێم کە زیاتر شیمانەی "غروور"ی لێ دەکرا و بەمەش ئەگەری ڕێککەوتنی کۆتایی کورد و ڕژێمی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوورتر دەخستەوە، لەبری پێچەوانەکەی.

دووەم، لەو چیرۆکەی کە تا ئێستا باڵادەستە، لە بابەتی شکستی کورد لە بەهاری ١٩٧٥دا، میژوویەکی نووسراوی سادە هەیە کە دەخوازێ پێمان بڵێ ڕێککەوتنی جەزائیر **لەپڕ**، بەبێ هیچ پێشەکییەک، ڕووی دا و لەبەر ئەوەش جووڵانەوەکە لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژێکدا بە تەواوەتی هەرەسی هێنا، لە ڕاستیدا لە ماوەی تەنها چەند کاتژمێرێکدا، کاتێک قسە دێتە سەر کشانەوەی تۆپە دوورهاوێژەکانی ئێران. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە ڕووی دا، پێچەوانەکەی بوو، واتە **بە هیچ پێوەرێک کتوپڕ نەبوو**: ئەو ساڵەی شەڕ تێیدا گەرم بوو، هاوتەریب لەگەڵ شەڕێکی خوێناویدا، بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی چڕ، لە ئاستی جیاجیای دیپلۆماسی، تەنانەت لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، هەوڵ هەبوون بۆ فەراهەمکردنی ئاشتی لە نێوان ئێران و عیراقدا، کە ئەم هەوڵانە دواجار بە ئامانج گەیشتن.

سێیەم، بە گشتی، شکستی کورد لە بەهاری ١٩٧٥دا وا وێنا کراوە وەک ئەوەی کورد "لە "دواوە خەنجەری لێ درابێ" و کورد **لە ڕووی سەربازییەوە شکستی نەهێنابێ**، بەڵکو لە ئاستی سیاسیدا **شکستی پێ هێنرابێ**. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی بە ڕوونی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە، بە تەواوەتی جیاوازە لەو بۆچوونە، چونکە: أ- لە بەهاری ١٩٧٤دا کە شەڕێکی خوێناوی دەست پێ دەکات تا سەرەتای پاییزی هەمان ساڵ، هێزە چەکدارەکانی ڕژێم لە ژمارەیەک بەرەوە، هەر لە زاخۆ تا سنوورەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و لە هەندێک قۆڵی ترەوە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، زۆر بە تایبەتی لە قۆڵی سەرەکیی هێرشی

ڕژێمدا، واتە لە قۆڵی ڕەواندز و نزیکبوونەوە لەو ناوچەیەی کە سەرکردایەتی و "بارەگای بارزانی"ی لێ بوو؛ ب- ئەم سەرکەوتنانەی ڕژێم بە تونـدی، ڕوو لە تواناکـانی جوولانەوەی چەکداری، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دیدی ئێرانییەکـان و ئەمـەریکییەکان دانـا و بەمەش هەردوو لا کەوتنە حاڵەتی گومان لە **دۆخی "مەیدانی"ی جوولانەکە** و توانا ڕاستەقینەکانی بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆی بوەستێ. ئەم حـاڵەتە دەرگـای بـۆ زۆر سـیناریۆ کـردەوە، کە **بەجێگەیاندنی هیچ کام لەو سیناریۆیانە، لە لایەن ئێرانییەکان و ئەمەریکییەکانەوە، ئاسان نەبوو**: **نە** شەڕێکی ڕاستەوخۆی ئێـران و عیـراق بژاردەیەکـی خـوازراو بـوو لە لایەن هـیچ یەکێک لە وڵاتانی ئێران، عیراق و ئەمـەریکا؛ **نە** زیندەکردن و بەهێزکردنـی تواناکـانی کـورد لە ڕووی دارایـی و چەک و تەقەمەنیـی پێویسـتەوە بژاردەیەکـی ئاسـان بـوو؛ **نە** دەستەوەسـتانییش بە دیـار پووکـانەوەی جـوولانەوە چەکـداریەکەوە بژاردەیەکـی دروسـت بـوو؛ ج- هەر لە سەرەتاوە، لە بابەتی ڕادەی خواست و ئامادەیی ئێرانییەکان و ئەمەریکییەکان بۆ یارمەتیدانی کورد، **بەهەڵەتێگەیشتنێکی کوشندە لای ڕابەرایەتیی جوولانەوەکە هەبوو**، بە تـایبەتی بەهەڵەتێگەیشتن لە **جۆری ئەو چەکانەی** کە ئەو دوو لایەنە ئامادە بوون بە کوردی بدەن، چونکە دەرکەوت ئەو چەکانە هەرگیـز نەدەگەیشـتنە ئەو ئاسـتەی کە ڕابەرایەتیـی جوولانەوەکە چاوەڕوانی بوو، واتە هاوتای ئەو چەکانە بن کە ڕژێمـی بەعـس دژی کـورد بەکـاری دەهێنـان، چـونکە هەردوو لا، ئێران و ئەمەریکا، کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە

تەنها **چەکی بەرگری، نەک چەکی هێرشبردن**، بدرێ بە کورد. لە ڕاستیدا لە چەکی بەرگرییشدا ئەو دەستکراوەییە پێویستە نەبوو، بەڵکو لەو ڕووەوە سنووردارکردنێکی ڕوون و ئاشکرا هەبوو.

چوارەم، هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەردەستن، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرکردایەتیی کورد لەو کێشە و خاڵە لاوازانە نەگەیشتبوون کە "**نهێنیبوونی ئۆپەراسیۆن**"ی پشتیوانییەکەی ئەمەریکا لە کورد لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتبوون و هەڕەشەی جددییش بوون **لەسەر تەواوی پشتگیرییەکە**. لە لایەکی ترەوە، ئەو بەڵگەنامە و سەرچاوانەی لە بەردەستدان، ئەوەمان پێ نااڵێن کە ڕابەرایەتیی کورد نیگەران بووبێت کاتێک ئەمەریکییەکان زیاتر لە جارێک ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە **نهێنیبوونی** ئۆپەراسیۆنەکە گەرەنتیی بەردەوامیی پشتگیرییەکەی ئەمەریکایە. لەوەش گرنگتر، مەبەستێکی گەوهەریی ئەمەریکییەکان لە نهێنیبوون، ئەوە بوو کە ئەوان، "**لە کاتی پێویستدا**"، بتوانن "**حاشا**" و نکۆڵی لە ئۆپەراسیۆنی پشتیوانیکردنی کوردان بکەن و بە ئاسانی **دەستی لێ هەڵبگرن**.

پێنجەم، تێوەگلانی ئێران لە ململانێی چەکداریی کورد و ڕژێمی عیراق، بە تایبەتی بە بەشداریپێکردنی هەندێ هێزی سنووریاری ئێرانی بە تۆپی دوورهاوێژ و بە جلی کوردییەوە، **دوانەیەکی پڕ بوو لە دژایەتییەکی مەترسیدار**: لە لایەکەوە یارمەتییەکەی ئێران زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی جوواڵانەوە چەکدارییەکە **بتوانێ کەمێک باشتر لەسەر پێی**

خۆی بوەستێ و پارێزراو بێت لە شکستێکی مەیدانیی یەکلاکەرەوە؛ بەڵام لە ئاڕاستەی پێچەوانەدا، ئەم تێوەگلانەی ئێران بوو بە بارگرانی بەسەر جووڵانەوەکەوە. دواجار، ئەم تێوەگلانەی ئێران، هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی پێکدادانەکان و چڕبوونەوەی شەڕدا، بوو بە هۆی زێدەبوونی **مەترسی** لە لایەن ئێران، عیراق و ئەمەریکا لە **شەڕێکی ڕاستەوخۆ** کە لە ڕاستیدا، هەر وەک گوترا، **هیچ کام لەم سێ وڵاتە خوازیاری ئەو شەڕە ڕاستەوخۆیە نەبوون**. لە ڕاستیدا تۆوی شکست و هەرەسهێنانی جووڵانەوەکە، هەر لە سەرەتاوە، **لە ناواخنی ئەو پشتگیرییەدا** چەکەرەی کرد کە ئێران لە جووڵانەوە چەکدارییەکەی دەکرد و بە تێوەگلانی زیاتری ئێران مەترسیی ئەو شکستە پەرەی سەند، چونکە بەم تێوەگلانە، ڕادەی **وابەستەیی** جووڵانەوەکە بە ئێرانەوە چووە ئاستێکی مەترسیدارترەوە، ئەوەشی دواجار لەم پاڵپشتی و تێوەگلانە بەرهەم هات، شکستێکی کەمەرشکێن و بێوێنە بوو.

شەشەم، لە لایەنی کوردییەوە **بەهەڵەتێگەیشتنێکی** کارەساتئامێز لە بابەتی ڕۆڵی ئەمەریکا و ئێراندا هەبوو: لە کاتێکدا قورسایی لایەنی کوردی، لە کۆی پێشوەچوونەکاندا، لەسەر ڕۆڵی ئەمەریکا بوو و متمانەی تەواویشی "**تەنها**" بەو وڵاتە هەبوو، کەچی لە ڕاستیدا **ئێران، نەک ئەمەریکا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی**، بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی ئاڕاستەکان بوو. بە تایبەتی ئەو **بەهەڵەتێگەیشتنە** کەمەرشکێن بوو کە گوایە ئەمەریکا ڕۆڵی "**زامنکار**" دەبینێ، چونکە بەڵێنێکی لەم جۆرە، واتە بینینی ڕۆڵی زامنکار، هەر لە سەرەتاوە لە لایەن

ئەمەریکاوە بە کورد نەدرابوو. بەم واتایەش، ئەم **ڕۆڵی زامنکارە** کە **کورد خۆی دابوویە پاڵ ئەمەریکا**، ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە ئەوە کورد خۆی بوو، تاکلایەنە و لە چوارچێوەی **بیرکردنەوەی دژخوازانە** و **بەهەڵەتێگەیشتندا**، ئەم ڕۆڵەی بە ئەمەریکا دابوو. لە لایەکی ترەوە ئێران، وەک ئەمری واقیع، ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە، هەر لە خەملاندن و فەراهەمکردنی هاوپەیمانییەکە تا دەگاتە بڕیاری کۆتاییهێنانی کارەساتبار بە جووڵانەوەکە. لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین کە بەهەڵەتێگەیشتن وەک **چالاکییەکی دەروونی و هزری**، هاوبەشییەکی بە هێزی لەگەڵ حاڵەتی "**بیرکردنەوەی دژخوازانە**"دا هەیە، کە دەرەنجام سەر دەدات لە خوێندنەوەیەکی نادروست و ناواقیعبینانە بۆ پێدراو و ڕووداوەکان. جگە لەمە، ئەگەرێکی بەهێزیش ئەوەیە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی بەهەڵەتێگەیشتنی ڕابەرایەتیی جووڵانەوەکە ئەو کولتوورە سیاسییە بووبێ کە بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە، کە بەردەوام ڕۆڵێکی زۆر زیاتر بە زلهێزەکان دەبەخشێ لەوەی کە لە واقیعدا هەیە: ئەم دیدە پێی وایە **لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زلهێزەکان بڕیار دەدەن، نەک هێزە لۆکاڵییەکان**. بەڵام، ئەوەی لە پێشوەچوونە پەیوەندیدارەکان بە دۆسیەی کوردەوە لە سێ ساڵی یەکلاکەرەوە، واتە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، ڕووی دا، تا ڕادەیەکی زۆر **پێچەوانەی ئەو جۆرە دیدگا باوە بوو**: ئێران لە سەرەتاوە تا کۆتایی بڕیاردەر بوو.

حەوتەم، جگە لە هەموو هۆکارەکانی تری شکست، ئەوەی کە ڕووی دا و جووڵانەوەی چەکداریی کوردی

گەیانـــد بە شکســـتە مێـــژوویيەکەی بەهـــاری ١٩٧٥، یەکـانگیربوونی دوو هۆکـاری سـەرەکی بـوون: **یەکەمیـان**، پاشەکشەی بەردەوامی جوولانەوە چەکداریيەکە لە مەیدانی شـەڕدا و **دووەمیـان**، بەئاکامگەیشـتنی هەمـوو ئەو هەوڵ و گۆڕاوە سیاسـی و دیپلۆماسـییانە بـوون کە لە ئاکامیانـدا لە ٦ی ئـاداری ١٩٧٥دا عیـراق و ئێـران گەیشـتن بە ڕێککەوتـن؛ لەوێـدا ئێـران دەگـات بە ئامانجەکـانی خـۆی، بەڵام لە بەرامبەردا دەستبەرداری جوولانەوە چەکداریيەکە دەبێت. زۆر گرنگە ئەوەش بڵێین کە ئەم دوو هۆکارە هەردووکیان، **تـا ڕادەیەکـی زۆر**، دەکەوتـنە دەرەوەی ئیـرادەی ئەمـەریکا وەک زلهێزێک.

لە ڕاســتیدا، عیــراق و ئێــران نەک هەر گەیشــتن بە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشە، بەڵکو هەر زوو دەرکەوت کە بۆچـوونی هەردووکیـان یەکـانگیرە لە ڕووی خواسـتی دوولایەنە لە سـنووردارکردنی هەژمـوونی **وڵاتە زلهێزەکـان لە نـاوچەکە** و پاراسـتنی کەنـداو و بـێلایەن ڕاگرتنـی، وەک نـاوچەیەکی هەستیار و ستراتیجی. گـرنگە ئەوەش لە بیر نەکەین کە هەندێ هۆکاری گرنگ هەبوون بۆ ئەوەی ئەمــەریکا بڕیــارەکەی ئێــران لە ڕێککەوتــن لەگەڵ عیراقدا، بەو واتایەش کۆتاییهێنان بە جوولانەوەی چەکداریی کـورد، بە ئاسـانی پەسـەند بکـات: **یەکەم**، هەر وەک پێشـتر گــوترا، دۆخــی پاشەکشــەی ســەربازی و "مەیــدانی" کە جوولانەوەکە لە کۆتایی هـاوین و سەرەتای پاییزی ١٩٧٤دا تێـی کەوتبـوو. ئەمە پاشەکشــەیەک بــوو کە ئێــران و ئەمــەریکای بەرەو ڕووی کۆمەڵێـک سـیناریۆی نەخـوازراو

کردبووەوە، کە بەجێگەیاندنی هەر یەکێکیان لە ئەوی تریان ئەستەمتر بوو؛ **دووەم**، گرنگیی ئێران و ئەستەمیی دەستهەڵگرتنی ئەمەریکا لە ئێران، ئەگەرچی ئەمەریکا سەرنجیشی هەبووبێت لەسەر ڕێککەوتنی جەزائیر؛ **سێیەم**، دەرکەوتنی هێماکانی گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ئاڕاستە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ڕژێمی بەعسدا لە بەغدا، هۆکارێکی تری گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ڕێککەوتنی جەزائیر و دەرەنجام کۆتایی جوولانەوەی چەکداریی کورددا نەبێت.

***

لە مەسەلەی بەرپرسیاری لە شکست و هەرەسهێنانی جوولانەوە چەکداریەکەدا، ئەوە دواجار سەرکردایەتیی جوولانەوەکەیە، بە ڕادەی یەکەمیش مەلا مستەفا خۆی، کە تەواوی بەرپرسیاریی شکستەکە هەڵدەگرن، چونکە ئەوە بە ڕادەی یەکەم ئەرکی ئەوان بوو کە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروستیان بۆ ڕووداو و پێدراوەکان هەبێت، بڕاردە هەرە باشەکان هەڵبسەنگێنن و بڕیاری کۆتاییش لەمەڕ شەڕ و ئاشتی هەر لە ڕۆشنایی خوێندنەوە و تێگەیشتن و.. بدەن. کاتێکیش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کۆی ڕووداو، پێدراو، پەیوەندییەکان، ئاڕاستە سیاسییەکان، دۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی **کورت دەهێنێ**، ئیتر لە بڕیاریشدا ئەگەری **هەڵەی کوشندە چاوەڕوانکراوە**. دەرەنجام، بەشێک لەم کورتهێنانەش، وەک دەرهاویشتەی **بەهەڵەتێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بەهەڵەداچوو**، ئەوە بوو کە هیچ حسێبێک بۆ

سیناریۆ و لێکەوتەی **کتوپڕ و لەناکاوی کۆتاییهێنان به پاڵپشتییەکان نەکرابوو**، بە تایبەتی پاڵپشتییەکانی ئێران. بەهەرحاڵ، سەرچاوەکان یارمەتیمان نادەن بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ لۆجیک، جگە لە دەرەنجامەکانی تر کە پێیان گەیشتووین، لە پشت ئەو بێباکییەوە چی بووە.

ئەوەی کە ڕووی دا، دەرهاویشتەیەکی سروشتیی کۆی دۆخەکە بوو: تەواوی جووڵانەوەکە، کە چوارده ساڵ بەردەوام بوو، تەنها لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی کارەساتبار و تراجیدی کۆتایی هات. ئەوەی کە دواتر لایەنی کوردی پێی وابوو کە ئەم کارەساتە چاوەڕواننەکراو بوو، لە باشترین حاڵەتدا، لە سەرەتادا بەهەڵەتێگەیشتن بووە و دوای شکستەکەش بەهەڵەنووسینەوەی مێژووە؛ ئەم جۆرەش لە نووسینەوەی مێژوو ناتوانێت ڕاستیی ناکارامەیی و نەتوانستیی ڕابەرایەتیی جووڵانەوە چەکدارییەکە بۆ خۆیندنەوە و تێگەیشتنی دروست لە پەیام، هێما، ڕووداو و پێدراوەکان دابپۆشێت کە هۆکاری زۆر گرنگ، تەنانەت یەکلاکەرەوەش بوون بۆ شکستە مێژوورییەکەی ئاداری ١٩٧٥. هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەر نەبێ دوو ساڵ بەر لە شکستەکە، ڕژێمی بەعس، بە تایبەتی سەدام حوسەین، بە ڕوون و بە ڕاشکاوی **لایەنی کوردی لە سیناریۆی ئەو کارەساتە ئاگادار کردبووەوە، کە لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی جەزائیردا کەوتەوە**. جگە لە هۆشدارییەکانیش، هاوتەریب بە دریژایی شەڕی یەک ساڵەی نێوان کورد و ڕژێم، ژمارەیەکی زۆر لە هەوڵ و جووڵەی دیپلۆماسی بۆ گەیشتنی عیراق و ئێران بە

ڕێککەوتن چڕ بووبوونەوە. لەم ڕووەشەوە بڕیاری ژمارە ٣٤٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر لە بەهاری ١٩٧٤دا، هێمایەکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی شەڕەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات و دواجار عیراق و ئێران ڕێک دەکەون. بەڵام لەوڵاشەوە، دیسان ئەم هێما گرنگەش، هەر وەک زۆرێک لە هێما و هۆشدارییەکانی تر، لە لایەن ڕابەرایەتیی جووڵانەوەکەوە بە هەند وەرنەگیراوە. دەرەنجام، نەتوانست لە خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا، بەهەڵەتێگەیشتن لە کۆی پەیوەندی و چالاکییەکان و نائاگایی لە پێدراو و ڕووداوە هەرە گرنگەکانی هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان، کە لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە خەسڵەتێکی بونیادیی جووڵانەوەکە بوون، هۆکارگەلی شکست و کارەساتن. لەم ڕووەشەوە، بەرپرسیاریی مەلا مستەفا وەک ڕابەری یەکەم و بێرکابەری جووڵانەوەکە، لە شکست و هەرەسهێنانی بێوێنەی جووڵانەوەی چەکداریدا، سەرەکی و بێهاوتایە. باسکردنیش لە "خیانەت"ی ئەمەریکا لە کورد، هەر وەک مەلا مستەفا جەختی لەو جۆرە لە گوناهبارکردن کردووەتەوە، یارمەتیدەر نییە لە تێگەیشتنی هاوکێشە و ڕووداوەکاندا، بەڵکو دەکرێ "گوناهبارکردنی ئەمەریکا بە خیانەتکردن" لە کورد، لە باشترین حاڵەتدا، **خۆدزینەوە بێت لە بەرپرسیاری و شێوازێکیش بێت لە ئەستۆپاکیی ڕابەرایەتیی جووڵانەوەکە، بە تایبەتییش مەلا مستەفا وەک کەسی یەکەمی ئەو ڕابەرایەتییە!** جگە لەوەش، بەردەوامبوون لە تۆمەتبارکردنی ئەمەریکا بە خیانەت، دوو لێکەوتەی نێگەتیڤی تری دەبێت: **یەکەم**، ئەم جۆرە لە

گوناهبارکردن دەبێت بە ڕێگر لە بەردەم لێکۆڵینەوەی باشتر و جیددیتر لە دۆخی ڕابوردوومان، بەمەش تێگەیشتنی دروست لە مێژوو کورت دەهێنێ؛ **دووەم**، ئەم جۆرە لە تۆمەتبارکردن دەبێت بە هۆی ئەوەی جۆرێک لە نووسینەوەی مێژوو بالادەست بێت کە بۆ نەوەکانی داهاتوو جۆرێک بەلاڕێدابردنی لێ دەکەوێتەوە.

دەرەنجام، دەکرێ بڵێین لە کۆتا مانگ و ڕۆژەکانی جوولانەوەی چەکداریدا **یەکانگیربوونێکی** یەکلاکەرەوە، لە کۆمەڵێک پرسدا، **لە نێوان** هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێراندا دروست بوو، ئەمەش وای کرد چرکەساتە مێژوویەکە، کە تێیدا شای ئێران و سەدام حوسەین بچنە جەزائیر و ڕێککەوتنی ئاشتی مۆر بکەن، بێتە پێشەوە و کارەسات و شکستی کوردیش ببێ بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر: کۆتاییهاتنی مێژوویەکی چواردە ساڵەی پڕ لە قوربانیدان، کە دواجار ئەوە قوربانییەکان نەبوون کە بەری ئەو هەموو مێژووە پڕ لە قوربانییەیان چنییەوە، بەڵکو بە ڕادەی یەکەم داگیرکارێکی تری کوردستان بوو کە ئەو بەرەی چنییەوە، گەیشت بە ئامانج و خەونێکی دێرینی خۆی بە دەست هێنا.

ژێدەرەکان

-١-

Abdulghani, Jasim M. (1984) Iraq and Iran: the Years of Crisis. John Hopkins University Press. Mariland.

Alroy, Gil Carl (1975), The Kissinger Experience: American Policy in the Middle East, New York: Horizon Press.

Anderson, Betty S. (2016), A History of the Middle East: Rulers, Rebels, and Rogues, Stanford, California: Stanford University Press.

Bickerton, Ian (2012), The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed, New York: Continuum International Publishing Group.

Bill, James, (1988), The Eagle and the Lion: The Tragedy of American-Iranian Relations, New haven and London: Yale University Press.

Blum, William (1998), CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik, Översättning: Johnny Lindholm, ?: Lindholm Placebo Press.

Bruinessen, Marten Van (1978) Agha, Shaikh ans State: on the Social-Political Organization of Kurdistan, Rijswijk: Entroprint.

Chubin, Shahram (1980), Soviet Policy Towards Iran and the Gulf, London: The International Institute for Strategic Studies, Adelphi Papers no. 157.

Chubin, Shahram & Charles Tripp, (1985), Iran and Iraq at War, London: I.B. Tauris & Co Ltd, 1988, p. 23;

Chubin, Shahram & M. Farid Saidi, (1975), Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options, (?, ?).

Chubin, Sahram & Zabih Sepehr, (1974) The Foreign Relations of Iran: A Development State in a Zone of Great Powers Conflict, Berkley and Los Angeles.

Farouk-Sluglett, Marion & Peter Sluglett, (1987) "From Gang to Elite: The Iraqi Ba'th's Consolidation of Power, 1968-1975," in L'Irak, Le p'trole et la Guerre," in Peuples Mediterraneens, No 40, Revue trimestrielle - Juli - Sept.

Fox, Amos C. (2021), "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", in Journal of Strategic Security, Vol. 12, No. 1, pp. 4-71.
https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1701&context=jss Retrived 9-1-2024

Gaspard, I. (1969), "Penetrating the Baath: an ideology in search of leadership", in The New Middle East, No. 81, May.

Gause, F. Gregory (2005), The International Politics of the Gulf," In International Relations of the Middle East, Louice Fawcett, Oxford: Oxford University Press, 1st Edition.

Ghareeb, Edmond (1981) The Kurdish Question in Iraq, New York: Syracuse University Press.

Gibson, Bryan R. (2015), SOLD OUT? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds and Cold War, New York: Palgrave Macmilan.

Goldstein, Joshua S., & Jon C. Pevehouse, (2006), International Relations, New York...: Priscella McGreen, 7th ed.

Graham, Robert (1978) Iran: The Illusion of Power, London: Croom Helm, Revised Edition.

Haines, Gerald K. 1998-1999), "Looking for a ruge Elephant: The Pike Committee Investigation", in Studies in Intelligence Winter. https://www.cia.gov/static/CIA-Pike-Committee-Investigations.pdf. Retrived 9-1-2024

Halliday, Fred (1981) Soviet Policy in the Arc of Crisis, Amsterdam: Institue for Policy Studies.

Igboke, Shedrack C. et al (2023), "Proxy War and Global Security: A Critical Analysis", in Frican Journal of Politics and Administrative Studies, Vol. 16, No. 2, December, pp. 520-545. file:///C:/Users/Kjs135/Downloads/ajol-file-journals_677_articles_260290_656795f3523fa.pdf. Retrived 9-1-2024

Isaacson, Walter (1992), Kissinger: A Biography, London: Faber & Faber.

Jervis, Robert (2017), Perception and Misperception in International Politics, Princiton and Oxford: Princeton University Press, rev. ed.

Kelidar, Abbas (1975), "Iraq: The Search for Stability," in Conflict Studies, No. 59, July.

Kelly, J. B. (1980) Arabia: The Gulf and the West, London: Weidenfeld and Nicolson.

Khadduri, M. (1988), The Gulf War: The Origins and Implecations of the Iraq-Iran Conflict, Oxford: Oxford University Press.

Kimshe, Jon (1975), "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", in The New Republic, Vol. 172, No. 16, Issue 3145, April 19.

Kinsman, James (1970), "Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power", in New Middle East: Independent International Monthly, No. 22, July.

Kissinger, Henry (1979), The White House Years, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd.

Kissinger, Henry (1982), The Years of Upheaval, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd.

Kissinger, Henry (2012), The Years of Renewal, G. B.: Simon & Schuster.

Korn, David A. (1994) "The Last Years of Mustafa Barzani," in Middle East Quarterly, June, Online version: Middle East Forum https://www.meforum.org/220/the-last-years-of-mustafa-barzani. retrived 30-10-2023.

Latchford, Catherin (2002), "Proxy Wars & Soverereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", in Liberty University of Statemanship & public Policy, Vol. 3, Issue 1, September, online version. https://digitalcommons.liberty.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1163&context=jspp Retrived 9-1-2024

Latham, Aron (1976), "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", in New York, Vol. 9, nr. 40, October 4.

Lebow, Richard Ned "Perception and Misperception in International Relations", in Naval War College Review, Vol. 30, No. 3, summer 1977, pp. 146-147.

McDowall, David (1985), The Kurds, (London: Minority Rights Group Report 23.

McDowall, David (1996), A Modern History of the Kurds, London, New York: I.B.Tauris.

Pappe, Ilan (2006), A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples, (Cambridge: Cambridge University Press, 2nd ed.

Pelletier, Stephen (1984), The Kurds: An Unstable Element in the Gulf, (Boulder & London: Westview Press).

Penrose, Edith and E. Penrose, (1979) Iraq: International Relations and National Development, London: Westview Press.

Rauta, Vladimir (2021) "'Proxy War': a reconceptualisation", in Civil Wars, Vol. 23, No. 1, pp. 1-24. https://centaur.reading.ac.uk/94927/1/Proxy%20Wars%20-%20A%20%20Reconceptualisation.%20Final.pdf. Retrived 9-1-2024

Ramazani, Rouhollah K. (1975) Iran's Foereign Policy 1941-1973: A Study of Foreign Policy in Modernizing Nations, University Press of Virginia, Charlottesville.

Ramazani, Rouhollah K. (1988) Revolutionary Iran: Challenge and Response in the Middle East, London: John Hopkins University Press, 4th ed.

Rubin, Barry Secrets of State: The State Department and the Struggle Over U.S. Foreign Policy, (1987), New York, Oxford: Oxford University Press, 1987.

Safire, William (1980), Safire's Washington, New York: Times Book.

Saikal, Amin (1980), The rise and Fall of the Shah, New Jersey: Princiton University Press, 1980.

Dana Adams Smidt, "The Kurdish Insurgency", in Strategic Review, 2 (Summer 1974)

Smith, Charles D. (2010), Palestine and the Arab-Israeli Conflict, Boston: Bedford-st. Martin's.

Suri, Jeremi (2007), Henry Kissinger and the American Century, Cambridge & Massachusetts: The Belknap Press.

The House Select Committee, (1976), "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read" in Village Voice, Feb. 1th.

The New Middle East, (1973), No. 52-53, Jan-Feb.

Vanly, Ismet Sharif (1980) "Kurdistan in Iraq," in Peoples withou a Country: the Kurds and Kurdistan, Gerald Chaliand (ed.), London: Zed Books.. 58; Ismet Sheriff Vanly, "Kurdistan in Iraq", in People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, A. R. Ghassemlou,... (eds), London: Zed books.

Weinbaum, Marvin G. (1987) "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East," in Middle East Review, Vol. XX, No. 1, Fall 1987, pp. 31-42.

Yassin, B. A. (1992), "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1958-1991," i Sven Tägil (utg.), Kon-flikt och samarbete vid Persiska viken, Malmö: Lund University Press.

Yassin, B. (1995), Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947, Lund: Lund University Press.

Zahrai, M. (1985), The Origins and Causes of the Iranian-Iraqian War, University of Idaho: University Microfilms International, 1985. Unpublished Ph.D. Disertation.

الاتحاد الديمقراطي الكردستاني - اللجنه التاسيسية، (١٩٧٥)، *الثورة الكردية - ١١ ايلول ١٩٦١ - ١٦ اذار ١٩٧٥: مشروع البرنامج الوطني*، (؟، ؟).

الحزب الديمقراطي الكردستاني - اللجنة التحضيرية، (١٩٧٧)، *تقييم مسيرة الثورة وانهيارها والدروس المستخلصة منها*. (؟،؟).

حزب البعث العربي الاشتراكي (١٩٨٣)، *التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع، حوزيران ١٩٨٢*. بغداد.

ڕەحمانی، وریا (٢٠١٣)، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا*، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

سابیر، ڕەفیق (١٩٩٠)، "کارەساتەکە و فیکری پەیڕەو"، گۆڤاری *ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە ٢٢-٢٣، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ١٩٩٠.

عالیخانی، علینقی (ویراستار)، *یادداشت‌های علم*، (تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠)، جلد اول.

محمد، کاروان جوهر (٢٠١٩)، *ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧): ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە*

بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـوردا، تـوێژینەوەیەکی مێژووییە، (هەولێر، ؟).

وزارة الأعلام - الثقافة الجماهيرية، حول المسألة الكردية و تنفيذ بيان ١١ اذار التأريخي، بحث مستل من الثورة العربية - جريدة الحزب الداخلية، العدد الثالث ١٩٧١، بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٧١.

ياسين، بورهان أ. (١٩٩٢)، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، *گۆڤاری یەککرتن*، ژمارە ١٥.

پاشکۆکانی بابەت

یەکەم

هێنری کیسنجەر

هێنری کیسنجەر کێیە؟[1]

کیسنجەر بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی جووڵەکەی ئەڵمانییە، لەدایکبووی ١٩٢٣یە. ساڵی ١٩٣٨ لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ئەڵمانیایان بە یەکجاری جێ هێشت و هەر ئەو ساڵەش لە ئەمەریکا گیرسانەوە. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا لە ڕیزەکانی لەشکری ئەمەریکیدا لە ئەڵمانیا، وەک شارەزایەک لە چەند بواردا، بە تایبەتی وەک ڕاوێژکارێکی کولتوور و شارستانییەتی ئەڵمانیا، خزمەتی سەربازیی کردووە. هەر لەو کاتەدا دەوروبەرەکەی هەستیان بە توانا لەڕادەبەدەرەکانی کیسنجەر کردووە.

کیسنجەر ساڵی ١٩٥١ پلەی ماستەر و ساڵی ١٩٥٤ پلەی دکتۆرای لە زانکۆی هارڤەرد بە دەست هێناوە. بە درێژایی

---

[1] لەسەر ژیان و کار و چالاکییەکانی کیسنجەر، زۆر کتێب و وتار نووسراون. لەم باسەدا بە تایبەتی سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Walter Isaacson, *Kissinger: A Biography,* London: Faber & Faber, 1992; Jeremi Suri, *Henry Kissinger and the American Century,* Cambridge & Massachusetts: The Belknap Press, 2007.

ماوەی خوێندنی لەو زانکۆیە، وەک خوێندکارێک بە پلەی نایاب خوێندنی بە ئەنجام گەیاندووە و بەردەوامیش جێگەی سەرسووڕمانی مامۆستاکانی بووە. جێگەی گرنگی و ئاماژەیە کە کیسنجەر لە سەرەتادا، لە ئاستی خوێندنی زانکۆدا، زانستی سیاسیی خوێندووە، بەڵام دواتر، لە خوێندنی بااڵدا، لە دەرگای بابەتی مێژووەوە چووەتە ناو جیهانی لێکۆڵینەوەوە، بە تایبەتی بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە باڵاکان و نامەی دکتۆراکەی دەربارەی ئەو سیستەمە جیهانییە بوو کە لە کۆنفرانسی ڤیەننا، لە ساڵی ١٨١٥، چوارچێوەکەی داڕێژرا و سیستەمەکەش بە ناوی کلێمێنس ڤۆن میتەرنیخەوە (وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی نەمسا)، وەک **سیستەمی میتەرنیخ** ناوی دەرکردووە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا نامەکە لێکۆڵینەوەیە لە دوو کەسایەتی، ئەوانیش میتەرنیخ و لۆرد کاستێلێرێغ، کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیای مەزن بوو لە ١٨١٢ تا ١٨٢١. هەندێک جاریش ئەو سیستەمە وەک "**سیستەمی کۆنفرانسەکان**" ناوی دەهێنرێت، چونکە لەو کۆنفرانسەدا ئامادەبوان بڕیاریان دا کە لە کاتی هەر قەیران و تەنگەژەیەکدا **بەڕپرسانی ئەوروپا لە کۆنفرانسێکدا کۆ ببنەوە** بۆ گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ ئەوەی قەیران سەر نەکێشێ بۆ ململانێی خوێناوی. یەکێکیش لەو جۆرە کۆنفرانسانە، لە ساڵی ١٨٧٨دا لە بەرلین بەسترا، هەر لەبەر ئەوەش ناوی ئەو کۆنفرانسە وەک "کۆنفرانسی بەرلین" چووەتە مێژووەوە. لە مێژووی ئەوروپادا کۆنفرانسی ڤیەننا و ئەو

سیستەمەی کە لێی کەوتەوە، واتە سیستەمی میتەرنیخ، وەک سەرکەوتنی ئاڕاستەی موحافیزکار (کۆنسەرڤەتیف)ی ئەو کاتە بوو لە ئەورووپا، واتە سیستەمێک کە دژی شۆڕش و گۆڕانکارییە ڕیشەییە شۆڕشگێڕییەکان دەوەستایەوە. تەنانەت گوتراوە کە بەسەرهاتی ئەم کۆنفرانس و سیستەمە و تێگەیشتنی قوۆڵ لێی، کاریگەریی زۆری لەسەر کیسنجەر داناوە بۆ ئەوەی دواجار خۆیشی ببێ بە دیپلۆماتکار و سیاسەتزانێکی ناوداری **کۆنسەرڤەتیف** و دژ بە دیاردەی **شۆڕش** لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت.[1] لە ڕاستیدا بابەتی نامەی دکتۆراکەی کیسنجەر قسەیەکە دەربارەی مێژووی دیپلۆماسی یا مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، واتە ئەو لە دەرگای مێژووی "هێز"، یا ڕاستتر بڵێین، "**سروشتی هێز**"ەوە، بە واتا سیاسییەکەی، چووەتە ناو بابەتەکانی ترەوە.

کیسنجەر وەک دیپلۆماتکار

کیسنجەر لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە دەستپێکی سەرۆکایەتی و ئیدارەی ڕیچارد نیکسۆن و دوای ئەویش لە کاتی سەرۆکایەتیی جیرالد فۆرددا، تا ساڵی ١٩٧٧ دوو ڕۆڵی زۆر گرنگی لە دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکیدا بینی، یەکەم جار وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (تا ئابی ١٩٧٤) و لەو کاتەوە تا تشرینی دووەمی ١٩٧٥ بەرپرسیاریی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و

[1] Isaacson, *Kissinger*, 1992, p. 31.

وەزیری دەرەوەی بە دەستەوە بوو، دوای ئەم ڕێکەوتەش، وەک وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بەردەوام بوو تا ١٩٧٧.

کیسنجەر، لە کاری دیپلۆماسیدا پشتی بە زۆرێک لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی سیاسەتکردن دەبەست کە بۆ ئەو ڕێنیشاندەر بوون. لەمانە، هەر بۆ نموونە، ئەو دەیگوت "ئێمە **نە دەتوانین لەو ڕاستییە دەربازمان ببێ کە ئێمەی ئەمەریکی بەشێکین لە جیهان، نە دەشتوانین ئەو جیهانە کۆنترۆڵ بکەین.**"[١٠] هەروەها کیسنجەر باوەڕی وابوو کە، بۆ ئەوەی لە کاری سیاسیدا سەرکەوتوو بیت، دەبێ مۆراڵ و سیاسەت لە یەکتر جیا بکەیتەوە. جگە لەوەش، ئەو پێی وابوو پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتاندا، سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی ئەو وڵاتانە **لە یەکتر جیا بکەینەوە.** بەم واتایەش ئەگەر ڕژێمێک لە سیاسەتی ناوخۆیدا بەرامبەر گەلەکەی ستەمکار بێت، بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەیدا هاوکاری ئەمەریکا بێت و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا یەکانگیر بن، ئەوا هەرگیز کێشە نییە ئەمەریکا پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەبێت. وەک باری ڕۆبن دەڵێ، کیسنجەر پێی وابوو پێویست ناکات ئەمەریکا دڵنیایی بدات بە ڕکابەر و دژبەرەکانی کە ئەمەریکا نیازی ئەوەی نییە زیانیان پێ بگەیەنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستە ئەو پەیامە بە ڕوونی بە دژبەرەکان بگات کە ئەمەریکا **توانای ئەزیەتدانی ئەوانی هەیە.** هەر لەبەر ئەوەش، کیسنجەر لەو باوەڕەدا بوو کە **ڕادەیەک لە بارگرژی و ملمانێ**، نەک پێچەوانەکەی، باشترین ژینگەیە

[1] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 142.

بـۆ کردنـی کـاری بەبەرهەم و داهێـنەری سیاسـی و دیپلۆماسـی.[1] هەر ئەوەش بـوو، بـۆ نمـوونە، کە ئاڕاستە و تێڕوانینی کیسنجەر و ولیەم ڕۆجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکای بە توندی لە یەکتر جیـا دەکردەوە. هەر وەک ئەندامی ئەنجوومەنی پیران، ستیوارد سیمینگسـۆن دەڵێ، ولـیەم ڕۆجەرز **تەنهـا بە نـاو وەزیـری دەرەوە بـوو**، لە ڕاسـتیدا کیسـنجەر، ئەگەرچـی ڕاوێژکـاری ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیـی بـوو، ڕۆڵـی ڕاسـتەقینەی وەزیـری دەرەوەی دەبینـی.[2] دواجـار نیکسـۆن لە ئـابی ١٩٧٣دا ڕای گەیانـد کە ئەو خەریکە بڕیـاری ئەوە بـدات کە کیسـنجەر، وەک وەزیری دەرەوە، جێگەی ڕۆجەرز بگرێتەوە، کەمێک دواتـر لەو ڕاگەیانـدنە هەر وای لـێ هـات. بەمەش بـۆ مـاوەیەک کیسـنجەر هەردوو پـێگە گـرنگەکەی وەزیـری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە دەستەوە بوو.[3]

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی سـەرەکی باسـە لە پەیوەنـدییەکانی ئەمـەریکا و کـورد، هەڵـبەتە لە "دەلاقە"ی کیسنجەرەوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر کورت بۆ کـارە هەرە گرنگەکـانی ئەو بکەیـن، کە کـاریگەریی زۆریـان لەسەر ڕۆڵی خۆی، ڕۆڵی ئەمـەریکا لە جیهـان و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبووە.

یەکەم، **"ئاسـاییکردنەوە"ی پەیوەنـدییەکانی ئەمـەریکا و چـین**: یەکێک لە کـارە هەرە گرنگەکـانی کیسنجەر ئەوە بـوو

[1] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 142.
[2] Rubin, *Secrets of State.* 1987, 1987, p. 143.
[3] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 156.

کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمەریکا. ئەگەرچی ناکۆکی لە بۆچوونەکاندا هەیە کە ئاخۆ ئەم ئاساییکردنەوەیە بە دیزاین و نەخشەکێشانی نیکسۆن دەست پێ دەکات یا بە ڕاستی بیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە هیی کیسنجەر بووە. هەرچۆنێک بێت، پرۆسەکە لە دوو سەردانی کیسنجەرەوە بۆ چین (لە ساڵی ١٩٧١دا) دەست پێ دەکات، یەکەمیان زۆر نهێنی بوو و پاکستان لە ڕێکخستن و جێبەجێکردنیدا ڕۆڵی هەبوو، دووەمیان سەردانێکی ئاشکرا بوو. بەهەرحاڵ ساڵی دواتر، ١٩٧٢، سەردانێکی دووقۆڵیی نیکسۆن و کیسنجەر بۆ پەکین یەکلاکەرەوە بوو، نەک هەر لە ڕادەیەکی زۆری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکاندا، بەڵکو دوورخستنەوەی چین لە سۆڤییەت و بە پێچەوانەشەوە، نزیککردنەوەی چین و ئەمەریکا لە یەکتر، دوای بیست و سێ ساڵ لە دابڕانی چین و ئەمەریکا لە یەکتر (١٩٤٩-١٩٧٢). وەک چۆن لە ئێستادا دۆسیەی تایوان سەرەکی و گرنگە، ئەو کاتەش ئەم دۆسیەیە لە تەواوی پرۆسەی دابڕان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکاندا زۆر گرنگ و ناوەندی بوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم ئاساییکردنەوەیە، لە قۆناغی هەرە پێشکەوتوویدا، گەیشت بە دواین قۆناغی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەو دوو وڵاتە بە کردنەوەی سەفارەتی چین لە واشنتۆن و هیی ئەمەریکا لە پەکین.

دووەم، **کیسنجەر و ڤیەتنام**:[1] جێگەی سەرنجە کە ئەگەرچی کیسنجەر بە ڕەسمی لە ساڵی ١٩٦٩دا پۆستی

[1] ئەم بەشە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەم سەرچاوەیە بەستووە:

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئیدارەی نیکسۆندا وەرگرت، بەڵام ئەو پێش ئەوە دوو جار، لە ١٩٦٥ و ١٩٦٦دا، سەفەری ڤیەتنامی کردبوو و لەم دوو سەفەرەیدا گەیشتبووە دەرەنجامی زۆر گرنگ کە دواتر هەمان دەرەنجام بوو بە ڕێنیشاندەر لە سیاسەتی کیسنجەردا لەمەڕ کێشە و شەڕی ڤیەتنام. ئەو پێی وابوو "ئەمەریکا نازانێ **چۆن شەڕی ڤیەتنام** بباتەوە و ناشزانێ **چۆن کۆتایی بە تێوەگلانی خۆی** لەو شەڕە بهێنێت." دواتر هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کیسنجەر جەختی لەسەر کۆتاییهێنانی دیپلۆماسییانەی جەنگی ڤیەتنام کردووە بە هەردوو ڕەهەندی: **یەکەم**، کشانەوەی ئەمەریکا لە ڤیەتنامی خواروو؛ **دووەم**، ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان ڤیەتکۆنگ و ڤیەتنامی خواروودا. بەهەرحاڵ، بە دیپلۆماسیی دوو هێڵی هاوتەریب، واتە لە لایەک **دیپلۆماسیی نهێنی** و لە لایەکی تریشەوە **دیپلۆماسیی ئاشکرا**، لە سەرەتای ١٩٧٣دا هەوڵەکان **بە ڕێککەوتن** لەسەر کشانەوەی ئەمەریکا لە خواروی ڤیەتنام کۆتاییان هات.[1]

Kissinger, *The White House Years*, 1979, pp. 1301-1471;

بە تایبەتی دەربارەی کۆتایی سالانی هێنریبوونەوە و خاوبوونەوە بڕوانە:
Henry Kissinger, *The Years of Upheaval*, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd, 1982, pp. 979-1032.

[1] کیسنجەر خەلاتی نۆبڵی سالی ١٩٧٣ی پێ بەخشرا بە هۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە لە کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤیەتنام بە شێوەی ئاشتییانە بینی، هەڵبەتە دوای شەڕێکی چەند ساڵەی زۆر خوێناوی. جێگەی بایەخە بڵێین یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەمی کیسنجەر لەم کارەدا، ڕازیکردنی سەرۆک نیکسۆن بوو بە کۆتاییهێنان بەو ململانێ خوێناوییە بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

سێیەم، کیسنجەر و وێستگەیەکی گرنگ لە جەنگی ساردا:[1] بە گشتی، ساڵی ١٩٧٢ بۆ ئیدارەی نیکسۆن، بە تایبەتی بۆ کیسنجەر، ساڵێکی پڕ لە چالاکی بوو. لەو ساڵەدا، جگە لەو دەستکەوتە دیپلۆماسییەی کە لە پەیوەندییەکان لەگەڵ چیندا بە دەست هات، لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەتیشدا، لە چوارچێوەی پێدراو و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە جەنگی سارد، ئەم پەیوەندییانە لە ئاڕاستەی **هێوربوونەوە** و **خاوبوونەوە**دا پێشوەچوونی ئەرێنییان بە خۆوە بینی. خاڵی لێوەدەرچوونی نیکسۆن و کیسنجەر، لە بابەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا، ئەوە بوو کە: **یەکەم**، پێویستە ئەمەریکا و سۆڤییەت کۆک بن لەسەر ئەوەی کە **سەقامگیری باشترە لە گۆڕانکارییە لەناکاو و ڕیشەییەکان** لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا؛ **دووەم**، سامان و هێزی ئەمەریکا سنووردارە بۆ بەردەوامیدان بە ململانێکان، هەرچەندە ئەو سامان و هێزە زۆرییش بێت. لەبەر ئەوەش، گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا پێویستە؛ **سێیەم، هاوسەنگیی هێز** بە شێوەیەکی باشتر دەپارێزرێ لە سیستەمێکی فرەجەمسەریدا تا لە سیستەمێکی تاکجەمسەریدا. بونیادنراو لەسەر ئەم سێ خاڵە کە کۆکراوەی بڕوای نیکسۆن و کیسنجەر بوو، ساڵی ١٩٧٢ هەردووکیان سەردانی مۆسکۆیان کرد لەپێناو گەیشتن بە چوارچێوەیەکی لەیەکگەیشتن، بۆ ئەوەی دواجار دۆخی گشتیی جەنگی سارد، بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان هەردوو

[1] Kissinger, *The White House Years*, 1979, pp. 1202-1258;

ولات، بچێته حاڵەتێک له **خاوبوونەوه** [1] و **هێوربوونەوەوه**. به گشتی، لەم چوارچێوەیەدا دۆخێک له هێوربوونەوه (ناسراو به détente) بەرهەم هات، ئەنجامیشی هەندێک ڕێککەوتن و لەیەکگەیشتن بوو له نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و ئەمەریکادا. ئەم هێوربوونەوه و خاوبوونەوەیه تا دەستپێکردنی قۆناغی دووەم له جەنگی سارد، که به داگیرکردنی ئەفغانستان له لایەن سۆڤییەتەوه له ساڵی ١٩٧٩دا دەست پێ دەکات، بەردەوام بوو.

چوارەم، **کیسنجەر و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل**[2]: له شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا لایەنی عەرەبی له دوو ڕۆژی سەرەتای شەڕەکەدا سەرکەوتنی بەرچاوی به دەست هێنا. له لایەکی تر، بۆ ئەوەی ئیسرائیل بتوانێ هێرشەکەی میسر و سوریا تێک بشکێنێ و باشتر بەرگری له خۆی بکات، ئەمەریکا "پردێکی ئاسمانی"ی بۆ ناردنی

---

[1] وشەی détente زۆر واتای هەن و دەکرێ له بابەتێکی ئەوهادا هەر یەکێکیان بەکار بهێنرێ بۆ ئەوەی، هەر نەبێ، بە ڕێژەیەک واتای تەواو ببەخشێت، وەک کەمبوونەوەی یا کەمکردنەوەی ئالۆزی، هێوربوونەوه و خاوبوونەوه له دۆخی گشتیی بارگرژییەکان له چوارچێوەی جەنگی ساردا.

[2] لەم بەشەدا به تایبەتی سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

Kissinger, *The Years of Upheaval,* 1982, pp. 450-545; Ian Bickerton, *The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed,* New York: Continuum International Publishing Group, 2012 p. 194, 269; Charles D. Smith, *Palestine and the Arab-Israeli Conflict,* Boston: Bedford-st. Martin's, pp. 316-330.

به گشتی، ئەم سەرچاوەیە زۆر بەسوودە بۆ زانینی ڕۆڵی کیسنجەر له پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، زۆر بە تایبەتییش له نێوان میسر و ئیسرائیلدا:

Gil Carl Alroy, *The Kissinger Experience: American Policy in the Middle East,* New York: Horizon Press, 1975.

یارمەتیی خێرا بۆ ئیسرائیل کردەوە. بەڵام کیسنجەر پێی وابوو کە **ئەم یارمەتییە دەبێ سنووردار بێت**، بۆ ئەوەی ئیسرائیل سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە، وەک ئەوەی حوزەیرانی ١٩٦٧، بەرامبەر بە عەرەب بە دەست نەهێنێت، چونکە سەرکەوتنێکی ئەوها وای لە ئیسرائیل دەکرد کە بە هیچ شێوەیەک نەچێتە ژێر باری گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ عەرەبدا.[١] کیسنجەر، کە ماوەیەکی کەم بوو بووبوو بە وەزیری دەرەوە[٢] و لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لە پێگەکەی وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، هەر زوو وەک ناوبژیوانێکی کارا و چالاک توانیی، هەر نەبێ لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا، بنچینەی ئاشتییەکی سەقامگیر و درێژخایەن دابڕێژێ، کە دواتر بە ڕێککەوتنی ئاشتیی کامپ دەیفید لە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ١٩٧٩دا تەواو بوو. ئەم ڕۆڵەی کیسنجەر لە بەرهەمهێنانی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی ئەو دیدگایە بوو کە کیسنجەر هەڵگری بوو لە کۆی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمەریکا، پەیوەندیدار بە

---

[١] ئیلان پاپێ پێی وایە ئەگەر دوودڵیی ئەنوەر ئەلسادات و حافز ئەلئەسەد لە ڕووی ڕەسمییەوە لە بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا نەبوایە و هەروەها ئەو یارمەتییە خێرایەی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل نەبوایە، ئەوا دەکرا لایەنی عەرەبی لەو جەنگەدا دەستکەوتی زیاتر بە دەست بهێنێ.

Ilan Pappe, *A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples*, Cambridge: Cambridge University Press, 2006, 2nd ed, P. 207.

[٢] کیسنجەر لە ئەیلوولی ١٩٧٣دا بوو بە وەزیری دەرەوە، بەمەش دوو پۆستی گرنگی کەوتە دەست، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی نیشتمانی و وەزیری دەرەوە، تا چەند مانگێکیش لە ساڵی ١٩٧٥دا بەم شێوەیە، بە هەردوو پۆستەکەوە، بەردەوام بوو. بڕوانە:

Rubin, *Secrets of State*, 1987, p. 163.

جێگە و پێگەی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو پێی وابوو لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێی دەگوترێت نەموزەجی تورکی - یۆنانی، دەکرێ دوو لایەن لە ململانێدا بن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام هەردووکیشیان بە جیا پەیوەندییان لەگەڵ ئەمەریکادا باش بێت، یا تەنانەت هەردووکیشیان هاوپەیمانی ئەمەریکا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر بەپێی دیدگای کیسنجەر، باشترین بژاردە ئەوەیە ئەو ململانێیە بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی دواجار، لە سێگۆشەیەکی تۆکمە لە پەیوەندییەکان، بە باشترین شێوە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا پارێزراو بن.[1] لە ڕاستیدا هەر دوای جەنگی ١٩٦٧، باوەڕێک لای ئەمەریکییەکان دروست بووبوو کە یارمەتیی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل ڕۆڵی هەبووە لە **کەنارگیریی ئەمەریکا لە جیهانی عەرەبیدا** و لە هەمان کاتدا ئەم حاڵەتە دەرفەتی دابوو بە یەکێتیی سۆڤییەت بۆ ئەوەی جێپێی خۆی لە ناوچەکەدا بکاتەوە و وڵاتانی عەرەبییش بەرەو ڕادیکاڵیزمی زێتر ببات.[2] هەڵبەتە هۆیەکی گرنگی ئەو ڕادیکاڵیزمەش ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلی و یارمەتییەکانی ئەمەریکا بوو بۆ ئیسرائیل. دەرەنجام،

---

[1] دەکرێ بەکارهێنانی ئەم نموونەی تورکی - یۆنانییە، وەک خاڵێکی لێوەدەرچوونی تیۆری، بەسوود بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشتی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی ئەمەریکا لەو پەیوەندییانەدا و کاریگەریی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. تەنانەت ئەم گۆشەبینینە تیۆرییە دەکرێ بۆ شێوازی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستانیش بەسوود بێت، کە، بەهەرحاڵ، سروشتی ئەو پەیوەندییانە لە هیچ تورکیا لەگەڵ باشووری کوردستاندا زۆر جیاوازن.

[2] Rubin, *Secrets of State*, 1987, p. 163-164.

دۆخەکە پێویستی بە ڕۆڵێکی چالاکانەی ئەمەریکا هەبوو، هەر نەبێ، بۆ بەدەستهێنانی ئاست و ڕادەیەک لە ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، کە دواجار ئەو هەوڵەی ئەمەریکا، بەڵام بە ڕادەی یەکەمیش هەوڵی کیسنجەر، لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا سەرکەوتوو بوو. بەهەرحاڵ، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ڕۆڵەی کیسنجەر، لەبەر پێشینەی جوولەکەبوونی، ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو بە تواناکانی خۆی ئەوەی پیشان دا کە ئەم پێشینەیەی کێشە و ڕێگر نەبوو بۆ ئەو ڕۆڵەی کە بینی.[1]

پێنجەم، **دەستێکەڵاوکردن لە ئەمەریکای لاتینی**: یەکێ لەو ڕووداوانەی کە بووە هۆی ئەوەی کیسنجەر بەردەوام ناوی بلکێ بە ڕۆڵی نەرێنی (نێگەتیڤ)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە ئەمەریکای لاتینی، دەستێکەڵاوکردنی ئەو وڵاتە بوو لە شیلی. لەم بارەیەوە، بە تایبەتی ڕۆڵی کیسنجەر لە کودەتای ١٩٧٣ی شیلی و کوژرانی سەرۆکی ئەو وڵاتە، سیلڤادۆر ئەلێندی، بەردەوام وەک ڕۆڵێکی پشتڕاستکراوە باس کراوە.

سیلڤادۆر ئەلێندی کاندیدی حزبی سۆسیالیست بوو و لە هەڵبژاردنەکاندا لە ساڵی ١٩٧٠دا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بوو بە سەرۆکی شیلی. ئاڕاستەی سۆسیالیستی و نزیکیی ئەلێندی لە کوبا، ئەمەریکای زۆر نیگەران کرد و هەر ئەو ساڵە هەوڵێکی سی ئای ئەی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەلێندی شکستی هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان، لە چوارچێوەی **ئۆپەراسیۆنی نهێنیدا**، هەر بەردەوام بوون.

[1] Suri, *Henry Kissinger and the American Century*, 2007, p. 252.

ئەگەرچی سی ئای ئەی بە چەک و تەقەمەنی یارمەتیی بەرهەڵستکارانی ئەڵبانیان نەدا، بەڵام ئەم دامەزراوەیە بەردەوام هەوڵی پیلانگێڕیی دەدا بۆ سەرخستنی کودەتایەکی سەربازی. سی ئای ئەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاو کردەوە کە تێیدا بە ڕوونی هاتووە کە ئەم دامەزراوەیە یارمەتیدەر بووە لە سەرخستنی کودەتاکەی ١٩٧٣دا دژی ئەڵیندی، کە هەڵبەتە، هەر وەک گوترا، بە ژیانی ئەویش تەواو بوو.[1] لەبارەی ڕووداوەکانی شیلییەوە، کیسنجەر باسی ناکارامەیی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئەمەریکا دەکات کە نەیانتوانیوە بەر لە ڕووداوەکان، زانیاری و شرۆڤەی دروست بخەنە بەردەستی ناوەندەکانی بڕیار بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری ڕاست و پێویست بدەن.[2]

[1] https://en.wikipedia.org/wiki/Henry_Kissinger Retrived 29-12-2023
[2] Rubin, *Secrets of State,* 1987, p. 161.

دووەم

وەڵامی هێنری کیسنجەر بۆ نامەیەکی بارزانی[1]

February 22, 1975

My Dear General:

I was most pleased to receive your message of January 22, 1975. I want you to know of our admiration for you and your people and for the valiant effort you are making. The difficulties you have faced are formidable. I very much appreciated reading your assessment of the military and political situation. You can be assured that your messages receive the most serious attention at the highest level of the United States Government because of the importance we attach to them.

If you would like to send a trusted emissary to Washington to give the U.S. Government further information about the situation, we would be honored and pleased to receive him. I am convinced that secrecy has been of paramount importance in maintaining our ability to do what we have done; it is only for this reason - plus our concern for your personal safety - that I hesitate to suggest a personal meeting here with you. I look forward to hearing from you.

Please accept my sincerest good wishes and high esteem.

---

[1] ئەم نامەیەی کیسنجەر وەلامی نامەیەکی مەلا مستەفایە کە پێشتر لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بۆ کیسنجەری ناردبوو. دەیڤید کۆرن ئەم وەلامەی کیسنجەری لە لای محەمەد دۆسکی، کۆنە دیپلۆماتکارێکی عێراق و دواتر هاوکاری مەلا مستەفا، دۆزیوەتەوە. ناوی کیسنجەر لەسەر نامەکە نەبووە، تەنها پیتەکانی یەکەم لە ناوی ئەو نەبێت. بەڵام دواتر بەپێی بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەر، پشتڕاست بووەتەوە کە ئەم نامەیە هیی کیسنجەر خۆیەتی و ناردوویەتی بۆ مەلا مستەفا. بڕوانە:

Korn, "The Last Years of Mustafa Barzani", 1994, online version.

سێیەم

نامەی بارزانی بۆ شای ئێران ۱۹۷۳/۷/۱۴[1]

To His Imperial Majesty the Shahinshah Aryamihr

We are utmost honoured to have this audience from You and are very grateful for it.

Your Imperial Majesty has been always concerned about Kurds who have been suffering for the last 12years from the oppression and the racial war waged by successiv Iraki governments and Iran under Your esteemed leadership has done its best to help us survive and be protected fro the aggressive policy practiced by Baghdad towards us. I express here in the name of Kurds in Iraq our gratefulnes and thanks to Your Imperial Majesty and the policy pursue towards us.

Events show that Baghdad regime will not implement the clauses of the March agreement by 11 march 1974, the dead-line set for that. as a consequence the resumption o their large scale hostil-ities against our people is the possibility one for-sees. We expect that then all measure including non-conventional ones like poisonous gases will be used against our population, and we think that Kurdish people in Iraq has to become stronger in order not only t face events but to take initiatives against the aggresso

Iraqi political formula shows clearly that Kurdish e ment in Iraq is a strong and stable one and has the great influence on events in this country, Furthermore we think that this importance has now increased because Baath regi did bring in foreign powers and tries to create troubles i the Persian Gulf and in the area as a whole including th Indian Ocean and Pakistan in cooperation with the others.

---

[1] عالیخانی، *یادداشت‌های علم*، جلد سوم، صفحه ۹۸-۱۰۰.

The Kurdish movement in Iraq, being the only uncontrolled opposition, could through Your Majesty's support and under Your advices play a bigger role in the region's affairs and that role could well be backed by the big majority of Iraqi people who are against the regime. Taking into consideration the fact that the regime in Baghdad is not stable and internal differences are creating a process of gradual elimination of its members(well witnessed by latest events in Baghdad) and the fact that its hated by the big majority of Iraqi people; the role that we can play could go even up to the point of trying through cooperation with decent Arab elements and the way You think is feasible to change the present regime.

To try to take initiatives from our side and play that role our movement's capability level must be raised from a defensive to an offensive one and our financial problems need to be solved besides the utmost sponsoring possible by your Imperial Majesty's country for the whole thing .

At this very point we believe that full American understanding and backing for the big role Iran plays in the struggle for stability and freedom in the area,and for our cause and that of all the Iraqi people at this critical period is necessary specially when we see that the other front has USSR clearly and as deep as possible behind it and efforts are going on to strengthen Soviet influence and communism in the area .

Our people look at Your Imperial Majesty as a father and protector and is certain that any other door open to us had Your efforts behind it. Consequently and taking into consideration the fact that you have on many occasions said that

Iran cannot stay indifferent when genocide goes on against Kurds in Iraq and that relations between Iran and Iraqi Kurds should be deeper than what exist between Turkey and Cyprus Turks, we turn towards You to protect us from Baath threats backed by the Russians and to try to increase support to our movement from Iran and outside the way You think is feasible and through Iran, and we have no doubt that Your Imperial Majesty will not endeavour any efforts for that and on any occasion You have including Your coming visit to the United States of America . We have no doubt that any strength added to our movement will be an active participation in the struggle for stability , freedom and getting rid of foreign inflence in the region that struggle which Iran under Your esteemed leaderahip courageously leads, and concerns all states who like that struggle to succesd .

We would like to make it clear here that Your Imperial Majesty could talk in United States or any other place you find it necessary for us and we are ready to accept the committments needed from us when we are helped and the way Your Majesty thinks those committ-ments should be made .

We again present our gratefullness to Your Imperial Majesty for every thing and are sure that you do what is best for us. We express here also our gratitude for our friend general Nasiri who has always applied what you have ordered for our cause with the best of good - will

Mustafa Barzani

چوارەم

وێناکردنی کیسنجەر لە وڵاتانی عەرەبی و هەموو جیهاندا، بەپێی گۆڤاری تایم (Time)

نیسانی ١٩٧٤[1]

لەم وێنەیەدا کیسنجەر، وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ کار و چالاکیە دیپلۆماسییەکانی لە دۆسیەی ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلیدا، وەک "**جادووگەرێک**" دەردەکەوێ کە دەتوانێ هەندێ کاری **سەروو توانا مرۆییەکان** بکات؛ هەموان، تەنانەت کەسایەتییە سیاسییە گەورە و ناودارەکانی ئەو کاتەش، سەرسامن بە کیسنجەر.



[1] Suri, *Henry Kissinger*, 2007, p. 233.

پێنجەم

نامەی بارزانی بۆ هێنری کیسنجەر، چوار ڕۆژ دوای شکستە کارەساتبارەکە، ١٠/٣/١٩٧٥

His Excellency Dr. Henry Kissinger
Secretary of State
Washington, D.C.
March 10, 1975
Your Excellency:

Having always believed in the peaceful solution of disputes including those between Iran and Iraq, we are pleased to see that these two countries have come to some agreement in Algeria. However, our hearts bleed to see that an immediate by-product of this agreement is the destruction of our defenseless people in an unprecedented manner as Iran closed its border and stopped help to us completely and while the Iraqis began the biggest offensive they have ever launched and which is now being continued. Our movement and people are being destroyed in an unbelievable way with silence from everyone. We feel Your Excellency that the United States has a moral and political responsibility towards our people who have committed themselves to your country's policy. In consideration of this situation we beg Your Excellency to take action as immediate as possible on the following two issues.

[1] https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1969-76v27/d278. Retrived 24-2-2024

1. Stopping the Iraqi offensive and opening the way for talks between us and Iraq to arrive at a solution for our people which will at least be face-saving.

2. Using whatever influence you have with the Iranian friends to help our people in these historically tragic and sad moments and at least in such a way that our people and Peshmergas could maintain some livelihood and perform at least partisan activities in Iraqi Kurdistan until our problem is also solved within the framework of the over-all Iranian-Iraqi agreement.

Mr. Secretary, we are anxiously awaiting your quick response and action and we are certain that the United States will not remain indifferent during these critical and trying times.

We have also written in detail on these issues a memorandum to His Imperial Majesty.

Please Mr. Secretary, accept our highest expressions of appreciation and good wishes.

Mustafa Barzani

شەشەم

بە هەڵە وێناکردنی هێنری کیسنجەر وەک "ئەندازیاری ڕێککەوتننامەی جەزائیر"!

تەلەڤزیۆنی ڕووداو بە نموونە

بابەتی دووەم

پەیماننامەی لۆزان: سەد ساڵ دواتر

هەڤپەیڤینی هەفتەنامەی *هاولاتی*
لە لایەن ڕۆژنامەنووس سیروان حەمەڕەشیدەوە ساز کراوە
***هاولاتی*، ژمارە ٢٠٢٧، چوارشەممە، ٢٠٢٣/٧/٢٦**

پرسیاری یەکەم

با سەرەتا لەسەر ڕێککەوتنامەی سیڤەر پرسیار بکەین، لە سیڤەردا ڕێککەوتن هەبوو کە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابمەزرێنرێ، بۆچی ئەو قەوارە کوردییە دروست نەبوو و پاڵنەر و فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ڕێککەوتنامەی لۆزان چی بوون؟

وەلام

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە لە کاتێکدا لەم ڕۆژانەدا سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی لۆزاندا تێ دەپەڕێت، ئێوە

پرسیاری یەکەمتان دەربارەی پەیماننامەی سیڤەرە[1]، بەمەش دەتانەوێ لە هەمان دەرفەت و گفتوگۆدا بەیەکەوە باس لە هەردوو پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان بکەین. لە ڕووی میتۆدییەوە ئەم بەیەکەوەگرێدانە نەک هەر گرنگە، بەڵکو زۆریش پێویستە: ١) سااڵنی دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٨ تا ١٩٢٣) یەکێکە لە چرکەساتە هەرە دینامیکی و یەکلاکەرەوەکان لە مێژووی مۆدێرنی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا: ئەمە چرکەساتی **لەقاڵبدانەوە و لەفۆرمدانی ئەو ناوچەیە بوو**. کورد لەم چرکەساتەدا "بەجێ ماْ و نەبوو بە **سەرنشینی شەمەندەفەری بەدەوڵەتبوون**! ئەمڕۆش دوای سەد ساڵ کورد لە هەمان ئەو قاڵب و فۆرمەدا لە الیەن ژمارەیەک دەوڵەتەوە و بە گشتی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە لە ناوچەکەدا "**دەستبەسەرە و بە بارمتە گیراوە**"؛ ٢) هەردوو پەیماننامەکە بەشێکن لەوەی کە لە ڕووی میژووییەوە پێی دەگوترێ "تەرتیباتی ئاشتی" (peace settlements)ی دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە لە ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست لە ساڵی ١٩١٨دا دەست پێ دەکات، بە کۆنفرانسی پاریس و سیڤەر و سان ڕیمۆدا تێ دەپەڕێت و بە **لۆزان** کۆتایی دێت؛ ٣) بۆ هەردوو پەیماننامەکە، ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ (١٩١٦) وەک "منداڵدان" وایە. بەم واتایەش، گرنگیی سایکس-پیکۆ لەوەدایە کە سایکس-پیکۆ ڕێککەوتنێکی سادە نییە، بەڵکو لەوە زۆر زیاتر: ئەم ڕێککەوتنە جیهانبینی، نەخشەڕێگە و فەلسەفەی

[1] بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی سیڤەر، بڕوانە: بورهان أ. یاسین "پەیماننامەی سیڤەر: سەد ساڵ دواتر، ٢٠٢١".

سیاسیی هێزە کۆڵۆنیالیستەکانە، بۆ شێوازی ئیدارەدانی دونیای دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بە دیاریکراوییش دونیای دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەوە زۆر گرنگ نییە کە نەخشەی سایکس-پیکۆ کتومت، وەک خۆی، جێبەجێ نەکرێ، بەڵکو گرنگ ئەو نەخشەڕێگە و جیهانبینییەی پشتی ڕێککەوتنەکەیە، کە وەک خۆی دەمێنێتەوە و لە کۆمەڵێک وێستگەدا ئەزموون دەکرێ و لە دواوێستگەشیدا، کە لۆزانە، کۆتایی بە دەوڵەتی عوسمانی دێت و سنوورەکانیش دیاری دەکرێن؛ ٤) کەم جار لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا ڕوو دەدات کە، **کەم یا زۆر**، هەمان وەڵاممان بۆ دوو پرسیار هەبێت. دوو پرسیارمان هەن کە ئەوانیش هۆکارەکانی شکستی پەیماننامەی سیڤەر لە لایەک و ئەو پێدراو و فاکتەرانەن کە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرکەوتنی لۆزان لە لایەکی تریەوە، یا ڕاستتر بڵێین، سەرکەوتنی تورکە ناسیۆنالیستەکان بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە [پەیماننامەی] لۆزانەدا (لە ڕاستیدا، جوولانەوەی ناسیۆنالیستە تورکەکان، کە ساڵی ١٩١٩ لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ سەری هەڵدا و هەر زووش ئەنقەرەی وەک پایتەختی جێگرەوە دەستنیشان کرد، هەر زوو دژایەتیی خۆی بۆ پەیماننامەی سیڤەر ڕاگەیاند و پووچەڵکردنەوەی ئەم پەیماننامەیەی کرد بە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی خۆی). بە واتایەکی تر، ئەم دوو پرسیارە وەک دوو دیوی هەمان دراو وان، لە دیوێکەوە **شکستی سیڤەر** نووسراوە، بەڵام لە دیوەکەی تریان **سەرکەوتنی لۆزان**. دەکرێ وەڵامی هەردوو

پرسیارەکە لە یەک وەڵامدا کۆ بکرێتەوە، کە ئەویش تێگەیشتنێکی ورد و هەمەلایەن و فرەڕەهەندە بۆ کۆی ڕووداوەکانی دوای ڕاگەیاندنی سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/١٠دا، تا دەگاتە ڕۆژی ڕاگەیاندنی لۆزان، واتە ١٩٢٣/٧/٢٤. ٥) ئەگەر سیڤەر وەک ترۆپکێک و دەستکەوتێکی گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت (هەڵبەتە دوور لە هەموو ئەو سەرنجانەی کە لەسەر پەیماننامەی سیڤەر هەمانە)، ئەوا بێگومان لۆزان کتومت دژەکەیەتی: لۆزان سەرکەوتنی ناسیۆنالیستە تورکەکانە، نەک هەر لە کۆتاییهێنان بە سیڤەر، بەڵکو لە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەک (واتە تورکیا) کە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا دڵڕەقترین پرۆژەی تواندنەوەی نەتەوەیی دژ بە کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا جێبەجێ کردووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتە یەکێک بووە لە گەورەترین ڕێگرەکانی گەیشتنی کورد بە مافەکانی، تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستانیش، بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لە پرسیارەکەتاندا دەڵێن "لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابمەزرێنرێ". لە ڕاستیدا، بەپێی ئەو نەخشەیەی کە لە کۆنفرانسی سیڤەردا بۆ ئەو "قەوارە"یە دیاری کرابوو، ئەو قەوارەیە تەنها لەسەر بەشێک لەو خاکە پێک دەهات کە ئێستا پێی دەگوترێ باکووری کوردستان. لەوەش ئەوڵاتر، گرنگە ئەوەش بزانرێ کە تەنانەت، بەپێی پەیماننامەی سیڤەر، بەشێک لەو خاکەی کە باکووری کوردستان بوو، وەبەر ئەو دەوڵەتە دەکەوت کە بڕیار بوو بۆ ئەرمەنەکانی ئەنادۆل دابمەزرێنرێ. بەم

واتایەش پەیماننامەی سیڤەر، یا ڕاستتر بڵێین بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ لە بەشی سێیەمی ئەو پەیماننامەیە، کە بۆ کوردستان تەرخان کرابوو، کۆمەڵێک ئەگەر و گرێکوێرەی لە خۆ گرتبوو کە هەموویان دەهاتنە سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو بەشەی پەیماننامە کە تایبەت بوو بە کوردستان: لە قۆناغی یەکەمدا، لە ماوەی ساڵێکدا، قەوارەکە ئۆتۆنۆمی دەبێت، دواتر، دوای زۆر ئەگەر و پێچوپەنا، دەکرا ئەو ئۆتۆنۆمییە ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی نیشتمانیی خۆی... سەرەڕای ئەم سەرنجانە لەسەر سیڤەر، گرنگیی ئەو پەیماننامەیە لەوەدایە کە یەکەم و دواین بەڵگەنامە و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتییە کە ددان بە قەوارەیەکی کوردیدا دەنێت و ڕەوایەتیی پێ دەدات لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە. هەر لەبەر ئەوەش، زۆربەی نووسەرانی بواری لێکۆڵینەوەی کوردۆلۆژی کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیڤەر "خاڵێکی بۆگەڕانەوە" (point of reference)یێکی یەکجار گرنگە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی. لە بەرامبەردا، زۆر کەم شت هەیە، ئەگەر ئەسڵەن شتێک هەبێ، **بە ڕادەی پەیماننامەی سیڤەر**، کە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا بەو ڕادەیە حزووری هەبووبێ لە ڕۆح و حاڵەتی دەروونیی ناسیۆنالیزمی تورکیدا. ئەم حزووره بووە بە "کۆدەرد" (syndrome) و گرێ لە قووڵایی دەروونی ناسیۆنالیزمی تورکیدا. **لە لۆجیکی ئەم کۆدەرد و گرێیەدا**، لە هەر کات و جێگەیەک باسی دۆزی کورد کرا یا ناوی کورد یا کوردستان هێنرا، بە تایبەتی لە لایەن دەوڵەت و دامەزراوە ڕۆژئاواییەکانەوە، *ئەوا سیڤەر بە تۆندی ئامادە*

دەبێ و دەبێت بە هۆی شڵەژانی دەروونیی ناسیۆنالیستە تورکەکان، لە ئاستی فەرمی و نافەرمیدا.

بەڵام بۆ وەڵامی ئەوەی کە "ئاخۆ بۆ کوردستانی سەربەخۆ" دروست نەبوو، بە واتایەکی دیکە، ئەو گۆڕاو و پێدراوانە چی بوون وایان کرد کە **پەیماننامەی سیڤەر شکست بهێنێ و لە بەرامبەریشدا لۆزان سەربکەوێ،** پێویستمان بەوەیە لە هەموو ئاستەکانی سیاسەت و ئەو هاوکێشە ستراتیجی و ئیقلیمی و جیهانییەی کە لە ماوەی سێ ساڵی نێوان سیڤەر و لۆزاندا هاتنە کایەوە، بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە:

١) ڕۆڵی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستە تورکەکان بە سەرکردایەتیی ئەتاتورک لە شکستپێهێنانی سیڤەردا:

هەر وەک گوترا، ئەم جووڵانەوەیە هەر لە سەرەتادا، کە پەیماننامەی سیڤەر ڕاگەیەنرا، سەرسەختانە دوژمنایەتیی خۆی بۆ ڕاگەیاند... بە تایبەتی پێنج پێدراو و گۆڕاو پێگەی ئەم جووڵانەوەیەیان بەهێزتر کرد، تا ڕادەی ئەوەی ئەم جووڵانەوەیە توانیی ئاڕاستەی سیاسی و ستراتیجیی هێزە کۆلۆنیالیستەکان بگۆڕێ، بەرهەمی ئەم گۆڕانکارییەش لە کۆنفرانسی لۆزاندا بە لوتکە گەیشت و کۆتایی بە سیڤەر هات: أ- سەرکەوتنەکانی ئەم جووڵانەوەیە دژی ئەرمێنیا (دواتر ئەرمێنیای سۆڤیاتی) و مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئەلێکساندرۆپۆل لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠دا لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە، ئەرمێنیا دەستبەرداری بیرۆکەی ئەرمێنیای گەورە بوو، واتە بە یەکجاری دەستی لە "یەکگرتنەوە" لەگەڵ "ئەرمێنیای

ئەنـادۆڵ"دا هەڵگـرت؛ ب- سـەرکەوتنی جـووڵانەوەکە بەسـەر یۆنانییەکانـدا لە پـاییزی ۱۹۲۲دا. ئەم سـەرکەوتنە لە زۆر ڕووەوە یەکلاکەرەوە بوو؛ ج- ڕێککەوتنی جووڵانەوەکە لەگەڵ حکومەتی بەلشـەفی لە بەهـاری ۱۹۲۱دا. ئەم ڕێککەوتنە بوو بە هۆکـاریکی گرنـگ لە بەهێزکردنـی پـێگەی دیپلۆماسـیی جووڵانەوەکە و دواجار گۆڕینی هەڵوێستی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتالیا بەرامبەر کۆی مەسـەلە پەیوەندیدارەکان بە دواڕۆژی ئەنـادۆڵ؛ د- ناسیۆنالیسـتە تورکەکـان توانییـان لە کۆنفرانسـی لەنـدەن (لە شـوباتی ۱۹۲۱دا) خۆیـان وەک نـوێنەری "تورکیـا" بسـەپێنن، لە بەرامـبەردا نـوێنەری دەوڵەتـی عوسـمانی کۆنفرانسـەکەی جـێ هێشت، بەمەش ناسیۆنالیسـتە تورکەکـان پـێگەی خۆیـان جێگیـر کـرد وەک **جێگـرەوەی حکـومەتی عوسمانی** لە ئیستانبوڵ؛ ت- پرۆژەی ئەتاتۆرک لە دامەزراندنی دەوڵەتێـک *تەنها لەسـەر خـاکی ئەنـادۆل* و دەسـتهەڵگرتن لە هەمـوو ئەو ناوچـانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە پێشتر لەژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانیدا بـوون (جگە لە ویلایەتـی موسڵ)، **یەکـانگیر بـوو لەگەڵ دیـزاین و سـتراتیجیی هێـزە کۆلۆنیالیسـتەکان**، چـونکە **دەوڵەتێکـی ئەوهـا زەمـانەتێکی یەکـلاکەرەوە بـوو بـۆ خواسـتی ئەو هێـزانە بـۆ لەگۆڕنـانی یەکجارەکیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. هەروەهـا ئەم دەوڵەتە (واتە تورکیـا) جێگرەوەیەکـی بـاش دەبـوو وەک بەربەسـت لە نێـوان سـۆڤییەت لە لایەک و نـاوچەی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزە کۆلۆنیالیستانە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.**

٢) دووەڵـی و نـاکۆکی لە نێـوان هێـزە سـەرەکییەکاندا (بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتالیا) لە مەسـەلە پەیوەندیدارەکاندا بە

چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی. لە ڕاستیدا، هەر لە کاتی گفتوگۆکانی کۆنفرانسی لەندەن (شوباتی ١٩٢١)، فەڕەنسا و ئیتالیا ئامادە بوون: أ- دەستبەرداری سیڤەر ببن؛ ب- دەستبەرداری "پشکەکانی خۆیان لە خاکی ئەنادۆل" ببن و **لەگەڵ دەسەڵاتەکەی تورکە ناسیۆنالیستەکاندا ڕێک بکەون.**

٣) ڕاستییە میژوویەکە ئەوەیە کە ئەو دیزاینەی لە ناو پەیماننامەی سیڤەردا بۆ کوردستان کێشرابوو، زیاتر دەربڕی ئەو **یەکانگیربیە بوو کە لەو چرکەساتەدا لە نێوان خەونی بەدەوڵەتبوونی کورد لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ئەو کاتەدا، بە کۆمەڵێک هۆکار، فەراهەم بوو...** بەهەرحاڵ، تەمەنی ئەم **یەکانگیربوونە** لە نێوان خەونی کوردان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەرژەوەندییەکانی زلهێزە براوەکانی ئەو کاتەدا یەکجار کورت بوو، تەنانەت ئەو یەکانگیربوونە بەشی ئەوەی نەکرد هەنگاوێکیش لە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر بنرێت... دواجار لە لۆزاندا نەک هەر ئەم یەکانگیربوونە نەما، بەڵکو جێگرەوەکەی، یا ڕاستتر بڵێین، دژەکەی، **یەکانگیربوون بوو لە نێوان بەرژەوەندیی وڵاتە کۆنەیالیستەکان لە لایەک و خواست و بەرژەوەندییەکانی ناسیۆنالیستە تورکەکان لە لایەکی دیکەوە،** ئەم یەکانگیربوونەش بوو بە ئەمری واقیع!

٤) سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد **پڕ بوو لە دژایەتی و ناجێگیری:** دواجار دەبوایە بەریتانیا لە نێوان پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی سیڤەر لە لایەک و بەدەستهێنانی ویلایەتی موسڵ لە لایەکی دیکەوە یەکێکیان

هەڵبژێرێ: **بەریتانیا ویلایەتی موسڵی هەڵبژارد!** کاتێک کە هەمـــوو قســـە و باســـەکانی نـــاو کۆنفرانســـی لـــۆزان دەخـوێنینەوە، دەبینـین بەدەسـتهێنانی ویلایەتـی موسـڵ بـۆ بەریتانیـــا چەنـــدە گرنـــگ بـــوو. بەم واتـــایەش، لەو باسوخواسانەدا بە وردی دەردەکەوێ کە چۆن چارەنووسی کـوردانی ئەنـادۆڵ دەبێـت بە شـتێکی فەرامۆشـکراو بـۆ بەریتانییەکان، لە بەرامبەریشدا چۆن چارەنووسـی کوردانی ویلایەتی موسڵ دەبێت بە چەقی باس و پێداگری، نەک بەو واتایەی داوای بەدەوڵەتبوون بۆ کوردانی ویـلایەتەکە بکـات، بەڵکو ئەو پێداگرییە تەنها بەشی ئەوە بکـات کە سـۆزی ئەو کوردانە بۆ لای بەریتانییەکان ڕابکێشـێ بـۆ ئەوەی ئەگەر لە داهـاتوودا چارەنووسـی ویـلایەتەکە بە "ڕیفرانـدۆم" یەکـلا کـرایەوە، ئەوا لایەنگیریـی کوردەکـانی ویـلایەتەکە مسـۆگەر بکـرێ بـۆ بـوون بە بەشـێک لە دەوڵەتە تـازە دامەزراوەکەی عیراق، کە هەڵبەتە ئەو کاتە مونتەدەبەیەکی بەریتانی بوو.

پرسیاری دووەم

بەڕێزتـــان دەزانـــن لەم ڕۆژانەدا یـــادی ســـەد ســـاڵەی ڕێککەوتننـامەی لـۆزان دەکـرێتەوە، ئەو ڕێککەوتـنە چیـیە و پاڵنەر و هۆکاری ڕێککەوتنەکە چی بوون؟

وەڵام

ئەمســـاڵ، ڕێـــک لە ٢٠٢٣/٧/٢٤دا، ســـەد ســـاڵ بەســـەر ڕاگەیاندنی پەیماننـامەی مێژوویی لۆزانـدا تـێ دەپەڕێت. ئەم پەیماننامەیە بەرهەمی یەکێک لە دڕێژترین کۆنفرانسـەکان لە

مێژووی مۆدێرندا بووە: ئەم کۆنفرانسە لە پاییزی ١٩٢٢ دەستی بە کارەکانی کرد، بەڵام لە هاوینی ١٩٢٣دا کۆتایی هات، هەڵبەتە بە ناوبڕێکەوە (لە زستانی ١٩٢٢-١٩٢٣). کۆنفرانسی لۆزان لە نێوان براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان (**بە تایبەتی** بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا و یۆنان) لە لایەک و نوێنەری دەسەڵاتی تورکە ناسیۆنالیستەکاندا بوو لە لایەکی تر‌ەوە. هەر لە سەرەتادا کۆنفرانسەکە بە جۆرێک لە هاوسەنگی، لە نێوان لایەنەکانی براوەی جەنگ لە لایەک و تورکە ناسیۆنالیستەکاندا لە لایەکی ترەوە، دەستی پێ کرد، چونکە کۆنفرانسەکە لەسەر خاکی هیچ یەکێک لە دەوڵەتە براوەکانی جەنگ نەبەسترا، بەڵکو لە لۆزان، لەسەر خاکی وڵاتێکی بێلایەن، واتە سویسرا (تەنانەت ناسیۆنالیستە تورکەکان لە سەرەتادا خوازیاری ئەوە بوون کە کۆنفرانسەکە لەسەر خاکی ئەنادۆڵ ببەسترێ). ئەمەش بۆ خۆی هێمایەکی گرنگ بوو کە چیتر دەوڵەتە براوەکانی جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی (دۆڕاوی جەنگی یەکەمی جیهان)دا دانانیشن، بەڵکو لەگەڵ لایەنێکدا دادەنیشن کە بڕاوەی شەڕە لە بەرامبەر یۆنانییەکان و ئەرمەنەکان و هەروەها ئەم لایەنە کۆمەڵێک دەستکەوتی دیپلۆماسیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی بە دەست هێناوە و هەوڵیش دەدات "**وەک براوە**" لە کۆنفرانسەکەدا مامەڵە بکات.

دەرەنجام: دەسەڵاتی تورکە ناسیۆنالیستەکان، بە سەرۆکایەتیی ئەتاتورک، براوەی بێ سێ و دووی کۆنفرانسی لۆزان بوون، چونکە توانییان "**شکستی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕن بە سەرکەوتن و سەرکەوتنی کوردیش لە**

سیڤەردا بکەن بە شکست، ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامێکی یەکجار سەرنجڕاکێش و گرنگە.

پرسیاری سێیەم

ئاخۆ ڕێککەوتنامە چووە بواری پراکتیکەوە، دەرهاویشتەکانی بۆ کورد و تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی بوون، ئاخۆ ئەوە ڕاستە کە ئەم ڕێککەوتنە دوای سەد ساڵ هەڵدەوەشێتەوە؟

وەڵام

لە هەرسێ گۆشەبینینی کوردستانی، تورکی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پەیماننامەی لۆزان ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویی:

یەکەم، لە دیدی کوردستانییەوە: ١) ئەم ڕووداوە بە واتای یەکلابوونەوەی دابەشبوونی کوردستان، ناسراو بە کوردستانی عوسمانی، بۆ سێ بەش (باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا) بوو، ئەگەرچی مەسەلەی ویلایەتی موسڵی عوسمانی لەو کۆنفرانسەدا یەکلا نەکرایەوە، بەمەش دیاریکردنی سنووورەکانی نێوان عیراق و تورکیا بۆ ١٩٢٥-١٩٢٦ دوا خرا. بەڵام ئەم ویلایەتە، وەک ئەمری واقع، هەر زوو لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهاندا و دواتر لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە، کەوتبووە ژێر ڕکێفی عیراق وەک مونتەدەبەی بەریتانی؛ ٢) لۆزان کۆتاییهاتنی پەیماننامەی سیڤەر بوو، ئەو پەیماننامەیەی کە بڕیار بوو خەونی کورد لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی، **بەڵام**

سـنوورداردا، بەرجەسـتە بکـات. ئەم ڕووداوە بـوو بە سەرەتایەک بۆ ڕەوتی میژوویی کوردایەتی لە سەد ساڵی ڕابـوردوودا، بە تـایبەتی لە شـێوازی ململانـێ لە نێـوان دوو ئاڕاستە، ڕەوتی سەربەخۆیی لە لایەک و ڕەوتی "ئۆتۆنـۆمی و فەرمـانڕەوایی خۆمـاڵی" لە لایەکـی دیـکەوە. ڕەوتـی دووەمیان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە بە ڕوونی بوو بە ڕەوتێکـی باڵادەسـت؛ ٣) سـەرکەوتنی ناسیۆنالیسـتە تورکەکـان لە کۆنفرانسـی لۆزانـدا و دامەزرانـدنی دەوڵەتـی تورکیـا، بـوو بە سـەرەتای ڕاسـتییەکی تـاڵ لە مێـژووی کـوردا: هەر لە سـەرەتای هاتنەکـایەی ئەم دەوڵەتەوە دوو ڕاسـتیی تـاڵ و گرنـگ دەرکەوتـن: أ- ئەم دەوڵەتە لەسـەر پرەنسـیپی یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت، یەک سـەرووەریی دابەشـنەکراو، یەک کولتـوور و یەک زمـانی ڕەسـمی (واتە تـورکی)، دڵڕەقتـرین و مەترسـیدارترین بەرنـامە و پـرۆژەی تواندنەوە و ئینکاری نەتەوەیی بەرامبەر بە کورد ڕاگەیاند؛ ب- ئەم دەوڵەتە هەر لە سـەرەتاوە دوژمنـایەتیی خـۆی بـۆ هەر ماف و پێشوەچوونێکی سیاسییانەی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیـا ڕاگەیاند، لە سـەد سـاڵی ڕابوردووشدا تا توانیویەتی، ئەم مەبەسـتەی خـۆی بە کردار سـەلماندووە؛ ج- بوونی گەورەترین بەشـی کوردسـتان (لە ڕووی خـاک و دانیشـتوانەوە) لە نـاو سـنوورەکانی تورکیـادا کـاریگەریی فرەلایەنـی لەسـەر تەواوی دۆزی کـورد جـێ هێشـتووە، لە ئێستاشدا هەر وەهایە.

دووەم، لە دیدی دەوڵەتی تورکیاوە، ئەم پەیماننـامەیە: ١) بوو بە سەرەتای دەوڵەتێکی نوێ، واتە کۆمـاری تورکیـا، کە

هەر زوو وەک دەوڵەتێکی "زلهێزی ئیقلیمی" دەرکەوت و بوو بەشێک لە هاوکێشەیەکی ئیقلیمیی فراوان و دواتر جیهانییش؛ ٢) بە دیـــدی دامەزرێـــنەری ئەم دەوڵەتە (واتە ئەتـــاتورک)، پەیماننامەی لۆزان "**ئەو بەڵگەنامەیە کە دەری دەخات هەموو ئەو هەوڵانەی سەدان ساڵە دەدرێن و دەخوازرا لە رێگەی سیڤەرەوە بگەن بە ئامانجی وردوخاشکردنی نەتەوەی تورک، بێواتا کۆتاییان هات. ئەمە سەرکەوتنێکی دیپلۆماسیی بێوێنە بوو لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا.**"[1] ٣) پەیماننامەی لۆزان فاکتەرێکی زۆر گرنگ بوو لە کۆتاییهێنان بە ئیمپراتۆرییەتی چەند سەد ساڵەی عوسمانی و لەگەڵیشیدا کۆتاییهێنان بە ئەوەی لە مێـــژوودا بە "مەســـەلەی ڕۆژهەڵات" (eastern question) ناســـراوە. مەســـەلەی ڕۆژهەڵاتـــیش کـــۆی ئەو نـــاجێگیرییە دیپلۆماســـی و ئـــابووریە بـــوو کە دەوڵەتـــی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە تا کۆتایی تەمەنی تێیدا دەژیـــا. ئەم نـــاجێگرییە بووبـــوو بە هـــۆی کـــاردانەوە و دەســـتوەردانی جۆراوجـــۆری ئەو کـــاتەی زلهێزەکـــان لەو دەوڵەتە؛ ٤) لە پەیماننـــامەی لۆزانـــدا شـــتێک ڕووی دا کە کەم

---

[1] ئەتاتورک ئەم قسەیەی لە دریژترین وتاردا (ناسراو بە **نوتک**) لە مێژووی مۆدێرنـدا کـرد کە بە ٣٦ کـاتژمێر لە کـۆنگرەی حزبەکەیـدا (حزبـی گەلـی کۆمـــاری) لە ١٩٢٧دا خوێنـــدیەوە. هەر لەم وتـــارەدا ئـــەو پرەنســـیپە ســـەرەکییەی کە لە کۆیانـدا بە کەمـالیزم ناسـراون، خـرانە ڕوو. وەک دەزانرێ، لە ١٩٣٠یەکاندا ئەم پرەنسیپانە بە دامەزراوەیی کران، بە واتای ئەوەی بوون بە بەشێک لە دەستووری کۆماری تورکیا، هەر لەبەر ئەوەیە دوای ســەد ســاڵیش گـــۆڕینی ئەم پرەنســیپانە ئەســتەمە. بـــڕوانە مـــاڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا:

https://www.mfa.gov.tr/lausanne-peace-treaty.en.mfa

دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٧/١٩

جار لە میژوودا ڕووی داوە: دەوڵەتی عوسمانی یەکێک بوو لە دۆڕاوە سەرەکییەکانی جەنگی یەکەمی جیهان، بەڵام لە ڕێگەی پەیماننامەی لۆزانەوە دۆڕاوی جەنگ گۆڕا بە براوە. ئەگەر سیڤەر سیمبۆل و هێمای دۆڕاویی دەوڵەتی عوسمانی بووبێت، ئەوا بێگومان لۆزان وەک هێما و جەختکەرەوەی سەرکەوتن دەردەکەوێ.

سێیەم، لە گۆشەبینینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە: ١) لۆزان بوو بە وێستگەیەکی یەکجار گرنگ لە سەرهەڵدان و بەرجەستەبوونی سیستەمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم ناوچەیە چیتر لە سیستەمی "ئیمپراتۆری"ی کۆندا نەمایەوە، بەڵکو پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە سیستەمی سیاسی، واتە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە، **دەوڵەتی مۆدێرن**؛ ٢) ئەم پەیماننامەیە، لە ئاستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بوو بە دەربڕی ئەو ڕاستییەی کە سیستەمی نوێی جیهانی تەنها بەرهەمی سیاسەت و جیهانبینیی هێزە کۆڵۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان نییە، بەڵکو ناسیۆنالیزمی لۆکاڵییش دەورێکی گرنگ، تەنانەت یەکلاکەرەوەش، دەبینێ، هەڵبەتە مەبەستیش بە ڕادەی یەکەم ناسیۆنالیزمی تورکییە، کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی، بە تایبەتی لە ڕێگەی لۆزانەوە، لە کۆتاییهێنان بە سیستەمی ئیمپراتۆری و بەرجەستەکردنی سەرەتاکانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ ٣) پەیماننامەی لۆزان هێڵی یەکلاکەرەوەیە لە نێوان دوو جۆر لە میژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی ئەو ناوچەیە لە هاوکێشەی جیهانیدا: پێشتر جیهانی ڕۆژئاوا **زیاتر** لە ڕێگەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا دەکرد، بەڵام دوای لۆزان ئیتر لە ڕێگەی دەوڵەت-نەتەوەوە، بە تایبەتییش لە حاڵەتی ناوچەی کرۆکی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ڕێگەی تورکیاوە ئەو مامەڵەیە کرا.

ئەوەی کە لە ساڵانی دواییدا دەسەڵاتدارانی تورکیا، زۆر بە تایبەتی سەرۆکی ئەو وڵاتە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، جار دوای جار دووپاتیان کردووەتەوە کە ئیتر "دوای سەد ساڵ لۆزان کۆتایی دێت" و ویلایەتی موسڵیش "دەگەڕێنینەوە" بۆ وڵاتی دایک، واتە تورکیا، جێگەی سەرنج و تێڕامانە.

هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی لۆزان، هەڵبەتە بە دیدی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیا، بە واتای هەڵوەشانەوەی بنەماکانی ئەو واقیعە دێت کە لەو پەیماننامەیە کەوتەوە. ئەگەرچی دەکرێت بەشێک لەو بانگەشەیە وەک بەکاربردن (ئیستهلاک)ی سیاسیی ناوخۆیی تورکیا تەماشا بکرێت، بۆ نموونە، پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵام دەشکرێت وەک خەونێکی ئیمپراتۆری و خواستی فراوانخوازییش تەماشا بکرێت. ئەوەش گرنگە بڵێین ئەم خەونی ئیمپراتۆرییە لە کاتێکدا دێت کە دوو زلهێزی ئیقلیمی و جیهانیی دیکە (ڕووسیا و ئێران) بە کاریگەریی هەمان "خەونی ئیمپراتۆری، چاویان لە فراوانخوازییە"!

لە لایەکی تر‌ەوە ئەگەرچی ستەمی هەرە گەورە لە دەرەنجامی لۆزان، لە ئاستی باکووری کوردستان و کوردستانی گەورە، بەر کوردِ کەوتووە، بەڵام بە هەمان ڕادە لایەنە کوردییەکان گوزارشیان لە گۆشەبینینی کوردستانییانە نەکردووە ڕوو لە پەیماننامەی لۆزان و سەد

ساڵەی ئەو پەیماننامەیە و چارەنووسی. بە تایبەتی جێگەی سەرنجە کە هێزە سیاسییەکان و دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان، لە بەرامبەر ئەو هەموو بانگەشە و ئاماژانەی تورکیا لەمەڕ **"گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا"**، بێدەنگییەکی سەرسووڕهێنەریان هەڵبژاردووە: ئەم بێدەنگییە جێگەی نیشانەی گومان و نیشانەی پرسیاری جددین! ئەم بێدەنگییە لە کاتێکدایە کە هەر باسکردنێک لە چارەنووسی ئەو ناوچەیەی کە پێشتر ویلایەتی موسڵی عوسمانی بوو، ڕێک باسکردنە لە چارەنووسی باشووری کوردستان.

ئەوەی ڕاستی بێت، لە هیچ جێگەیەکی هەر ١٤٣ بەندەکانی پەیماننامەی لۆزاندا، لە پڕۆتۆکۆڵە لکێنراوەکان بە پەیماننامەکەوە، تەنانەت لە ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و عیراق (ناسراو بە ڕێککەوتنی ئەنقەرە، بۆ دیارکردنی سنوور، لە ساڵی ١٩٢٦دا) باسی کۆتاییهاتنی لۆزان یا "گەڕانەوەی" ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا نەکراوە.

سوپاستان دەکەم، سوپاس بۆ ئەم دەرفەت و بەسەرکردنەوەیە؛ سەرکەوتوو بن.

بابەتی سێیەم

لە پەراوێزی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانداا:
ئێران وەک یوگسلاڤیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[1]

٢٠٢٢/١٠/٧

پێشەکی

ئەم بابەتە بە زەروورەت کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە بەرامبەر هەندێک ڕووداوی هەنووکەیی، یا هەندێک ڕووداو کە لە ماوەی دوایی‌دا ڕوویان داوە، وەک بۆ نموونە، خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یەی ئێران و ماوەیەکیش پێش ئێستا کوژاندنەوەی کامێراکانی چاودێریی دامەزراوە ناوەکییەکان لە پەیوەندیدا لەگەڵ چەقبەستوویی گفتوگۆکان

---

[1] بەشی هەرە زۆری ئەم باسە بە ئامانجی ئەوە ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی لە کۆڕێکی کلەب هاوسدا، کە لە لایەن گرووپی 'ڕادیۆ کوردستان' لە ٢٠٢٢/٦/٩ ڕێک خرابوو، پێشکەش بکرێ، کەچی نەکرا. بەڵام دواجار بابەتەکە بە میوانداریی هەمان گرووپ لە ٢٠٢٢/١٠/٥ هەر لە کلەب هاوس پێشکەش کرا. بابەتەکە یەکەم جار لە ماڵپەڕی کەسیی نووسەردا لە ٢٠٢٢/١٠/٧دا بڵاو بووەتەوە: www.burhanyassin.com.

دەربارەی رێککەوتنی ئەتۆمی و... ئەگەرچی ئەم ڕووداوانە بەیەکەوە دەتوانن تابلۆیەکمان دەربارەی هەندێک کێشەی بنەڕەتیی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتیی ئێران پیشان بدەن.

ئەم بابەتە دەخوازێ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە پەیوەندییەکی **شاقوولی** (عەمودی)یەوە لەگەڵ هەندێک ڕووداو، بەسەرهات و ئەزموونی پێشوودا و هەروەها پەیوەندییەکی **ئاسۆیی** لەگەڵ ئەو ڕووداو و ئەزموونانەی کە لە ئێستادا لە ڕووداندن و "ئافراندن" (in making)دان، یا ڕووداوگەلێک کە لە ڕابوردوویەکی زۆر نزیکدا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان داوە، **بە ڕادەیەک نزیک کە دەکرێ وەکو بەشێک لە هەنووکە** تەماشا بکرێن. لەو ئەزموونانەشی کە یارمەتیدەرمان دەبن لەم بابەتەدا، بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتنێک و هەندێک سیناریۆ[1]، پێش هەر شتێک ئەزموونەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و یۆگسلاڤیان. ئەزموونی عیراق و باشووری کوردستان لە دوای

---

[1] جگە لەو واتایەی کە لەم باسەی بەردەستدا بە دەستەواژەی "سیناریۆ" دراوە، ئەم وشەیە زۆر جار لە گفتوگۆکان، لە فەزای گشتیدا، بە واتایەکی تەواو جیاواز بەکار دەهێنرێ. وشەی سیناریۆ لەم **واتا گشتییەدا** واتای "ڕووداوی دەستکرد یا دروستکراو" دەبەخشی. هەر بۆ نموونە، ئێران پێویستی بە بەهانەیەکە بۆ ئەوەی بە تۆندی هێرشێکی کەمەرشکێن بکاتە سەر هەولێر، لەم حاڵەتەدا سەرەتا هەر ئێران خۆی هێرشێکی "دروستکراو، بەم واتایەش وەک سیناریۆ" دەکاتە سەر کونسوڵخانەکەی خۆی لە هەولێر، بەم ڕووداوەش بە ئاسانی "بەهانە و ڕەوایی" هێرشەکەی سەر هەولێر فەراهەم دەکات. ئەم واتایەش تەواو لەو واتایە جیاوازە کە لەم باسەی بەردەستدا بۆ سیناریۆ "وەک میتۆدی لێکۆڵینەوە" بەکار هێنراوە.

کۆتاییهاتنی ڕژێمی بەعس لە عیراق دیسان یارمەتیدەر دەبێت لە ڕەخساندنی هەندێک سیناریۆی پەیوەندیدار بە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕوو لە داهاتوو.

سەرەتا دەبێ بپرسین ئاخۆ ئەوە چییە وا دەکات کە ئەم لەیەکچوونەی ئێران و یۆگسلاڤیا بکەین بە چوارچێوە و بنەمای گفتوگۆ دەربارەی ئێران؟ لەوەش گرنگتر: ئاخۆ دەکرێ ئەم لەیەکچواندنە ئەوەندە گرنگ و گەوهەری بێت کە دواجار وامان لێ بکات کە نەک هەر بۆ چرکەساتی ئێستامان، بەڵکو بۆ داهاتووش یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی شێوازی هەرە لەبار بۆ تێگەیشتن لە ئێرانی دوای ڕژێمی ئایەتوڵلاکان و مامەڵەکردن لەتەکیدا؟

لە ڕووی میتۆدییەوە، ئەم باسە زیاتر پشت بە سیناریۆ دەبەستی وەک میتۆد. ئەم میتۆدە لە بواری جیاجیادا بەکار دەهێنرێ، لەوانەش، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستی سیاسی بە گشتی. لە ڕووی زانستییەوە، میتۆدی سیناریۆ زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە بەکەڵکە کاتێک پرسیارەکان بە وشەی "ئەگەر هاتوو" (what if) یا ڕاستتر بڵێین "چی دەبێت ئەگەر هاتوو" دەست پێ دەکەن. بە گشتی، یەکێک لە بەهانەکانی بەکارهێنانی میتۆدی سیناریۆ، لە تیشکخستنەسەر پرسە جیاوازەکان، ئەوەیە کە سەرکردە و بڕیاربەدەستان، لە بواری جیاجیادا، هان بدات بۆ ئەوەی بوێرییی ئەوەیان هەبێت ئەو پرسیارانە بکەن کە بە **ئەگەر** دەست پێ دەکەن.

بۆ خەملاندنی سیناریۆ بە ڕووی داهاتوودا، پێویستە دوو شت ئاوێتە و تێکهەلکێشی یەکتر بکەین: یەکەمیان

ڕابـوردوو، واتە ئەوەی لە مێـژوو فێـری بـووین، دووەمیـان **ئاڕاستە** (trend)ی گۆڕانکارییەکان لە ئێستادا. ئەگەرچی لە ناو بیرمەند و کەسە شارەزاکانی بواری مێژوو و فەلسەفەدا بۆچوونی جیاجیا هەن دەربـارەی سـوودی وانەکانی مێژوو و شـێوازی نزیکبوونەوەمـان لێیـان، بە مەبەسـتی ئەوەی بتوانین دەربارەی داهاتوو و ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکان تێبدا هەندێک سیناریۆ[1] بخەینە ڕوو. بۆ نموونە، هیگڵ و زۆرێک لە شـارەزایانی بـواری فەلسـەفەی مێـژوو دژ بە بیـرۆکەی **دووبـارەبوونەوەی مێژوو** دەوەسـتنەوە. هەروەهـا بیرمەنـد کارل پۆپەر پێی وایە بەکارهێنانی مێژوو بۆ پێشبینیکردنی داهـاتوو، واتە ئەوەی پـۆپەر پێـی دەبێـژێ مێژووگەرایـی (historicism)، لە ڕووی زانسـتییەوە کـارێکی نـابەجێیە.[2] بەهەرحـاڵ ئەوەی زۆر گـرنگە جەخـت بکرێتەوە، ئەوەیە کە میتۆدی سیناریۆ **نە دووبارەبوونەوەی مێژووەکەی هیگڵ و**

---

[1] لێرەدا دەڵێم سیناریۆ و نـاڵێم "پێشبینی" و بە ئاگـادارییەوە جیـاوازی لە نێوانیانـدا دەکەم، ئەگەرچـی لە گفتوگـۆ گشـتییەکاندا زۆر جـار ئەم دوو وشـەیە وەک هاوتـای یەکتـر بەکـار دەهێنـرێن. واتە بە واتـا زانسـتییەکەی، پێویستە جیاکارییەکی ڕوون لە نێوان **پێشبینی** و **سیناریۆ**دا بکەین.

[2] مێژووگەرایی لە نووسـراوەکانی پـۆپەر خۆیـدا وەک historismus بە ئەڵمـانی و وەک historism یـا historicism بە ئینگلیـزی هـاتووە. بە هەمـان شـێوە، ئەوەی شـارەزایان بەو دوو زمـانە دەربـارەی بیـر و فەلسـەفەی پـۆپەر نووسـیویانە، هەمان چەمکیان بەکار هێناوە. دەربارەی ئەم بابەتە بە تایبەتی بڕوانە:

Alan Donagan, (1974), "Popper's examination of historicism" in *The Philosophy of Karl Popper*, Paul Arther Schillp, (ed.), Illinois: The Library of Living Philosophers, Vol. II, pp. 905-932.

بە گشتی بڕوانە:

Karl Popper, (1957), *The Poverty of Historicism*, London and New York: Cox & Wyman Lt.

نه بەکارهێنـــانی کتـــومتی میـــژووە، بە واتـــای ئەو میژووگەراییەی کە پۆپەر دەخوازێ گوزارشتی لێ بکات.

پێویســـتە ئەوەش بڵێـــین کە ســـیناریۆ، وەک میتـــۆدی لێکۆڵینەوە، لە زۆر بواردا بۆ کاری زانستی بەکار دەهێنرێ، وەک بـواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانسـتی سیاسـی، ئـابووری و بە تـایبەتییش هەواڵگیـری. بەهەرحـاڵ، لە دوو بـواری پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و زانسـتی سیاسـەتدا هێشـتان میتـۆدی سـیناریۆ پێویسـتی بە جێگیربـوون و دڵنیایانی زانستییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میتۆدە لە ئێستادا لە گەشەسەندن و جێگیربوونی بەردەوامدایە.

ئەم چرکەساتە

لە ئێستادا لە جیهانی ئێمەدا کۆمەڵێک ڕووداو لەسەر پێن کە هەر یەکێکیان بە جۆرێک پەیوەندیدارە بە کرۆکی بابەتی بەردەســـتەوە، هەنـــدێک لەو ڕووداوانە ڕاســـتەوخۆ پەیوەندیدارن، بەڵام هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆ:

١) لەســەر ئاســتی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و ئێـران: گیانلەدەستدانی کـچە کـوردی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ژینـا (مەهسا) ئەمینی لەژێر ئەشکەنجەدا نزیکەی سێ هەفتە بەر لە ئێستا، لە پەیوەندیـدا لەگەڵ دەسـتگیرکردنی لە تەهرانـی پـایتەختی ئێـران، بـوو بە ئەو پریشـکەی کە ڕاپەڕینـی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و ئێرانـــی دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تەقاندەوە.

ئەگەرچی ئێمە لە ئێستادا نازانین ئاخۆ ئەم ڕاپەڕینە دەبێت بە هۆی کەوتن و کۆتایی یەکجارەکیی ڕژێمی ئێران، بەڵام ئەوەی هەر ئێستا گرنگە پەنجەی بخرێتە سەر، ئەوەیە کە "ڕۆخ"ی کوردی بوو بە **ناوەندی** هەڵگیرسانی بزاوتێکی نارەزایی سەرتاسەری لە گشت ئێراندا. جگە لەوەش، لە ماوەی چل و سێ ساڵی فەرمانڕەوایی ڕژێمی ئێراندا ئەمە یەکەم جارە نارەزایەتییەکان ئەو قەوارەیە لە ڕووی بەشداریی شار و شارۆچکەکان و ناوچەکانی ئێران بە خۆوە ببینێ و یەکەم جاریشە نارەزایەتییەکان بەم ڕادەیە لە جددییەت لە سەرکەوتنی کۆتایی نزیک ببنەوە. ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم ڕووداوانە لە داهاتوودا بە کەوتنی ڕژێم تەواو ببن، ئەوا دەکرێ کوردستان لە ڕۆخێکی ستەملێکراوەوە ببێت بە ناوەندێکی گرنگ کە لەوێوە گۆڕانی میژووی ئێران دەست پێ بکات؛ یا هەر نەبێ ئەم ڕووداوانە هەر زوو بوونەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی تازە بکەوێتە سەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی ئێران؛ تەنانەت دەشکرێ ئەم ڕووداوە ببێت بە هۆی ئەوەی کە لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ پێگە و جێگەی کورد لە ئێراندا بکرێ، وەک چۆن پێشتر بە هۆی چەند ڕووداو و پێدراوێکەوە گۆڕانکاری لە جێگە و پێگەی نێودەوڵەتیی کوردانی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستاندا ڕووی داوە، کە هەڵبەتە گرنگترینیان شەڕی داعشە!

٢) لەســـەر ئاســـتی جیهـــانی: ئەم چرکەســـاتە کـــاتێکی گەوهەری و گرنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دەکرێ بۆ ئەم چرکەســـاتە زۆر ڕووداو بکەیـــن بە ناوەڕاســـت و چەقـــی ڕەوتـــی مێژوویـــی، بەڵام بە بۆچـــوونی مـــن، شـــەڕ لەســـەر چارەنووسی ئۆکراینا ڕووداوی هەرە چارەنووسسازە:

أ) ئەم شەڕە تەنها لەسەر چارەنووسی ئۆکراینا نییە، بەڵکو شەڕ و ململانێیە لەسەر شێوازی لەقاڵبدانی، یا ڕاستتر بڵێین **لەقاڵبدانەوەی**، سیستەمی (نەزمی) نوێی جیهانی.

هەر زوو لەگەڵ شەڕی کوەیتدا، ڕێک لە ١٣ی ئەیلوولی ١٩٩٠دا، جۆرج بووشی باوک باسی ئەوەی کرد کە جیهان بووە بە خاوەنی سیستەمێکی نوێی جیهانی. ئەو کاتە جۆرج بووشی باوک، زۆرێکیش لە ئەمـەریکییەکان لەگەڵ بووشدا، خۆشـــبین بـــوون بەوەی کە ئەمـــەریکا جـــڵەوی **ســەرکردایەتیکردنی** سیستەمە جیهانییەکەی لە دەستدایە و هەر خۆیشی **ئەندازیاری** سیستەمەکەیە. لە بەرامبەردا، بۆ نموونە، بۆچوونی هێنری کیسنجەر ئەو کاتە ئەوە بوو کە باشـــتر وایە ئەمـــەریکا **هەوڵ نەدات سیســـتەمێکی تـــاک-جەمســـەری دابمەزرێنێت**، بەڵکو باشترە هەر لە ئێستاوە **خـۆی بـۆ سیسـتەمێکی فرەجەمسـەر ئامـادە بکـات**. ساڵی ١٩٩٢، لە باسێکمدا بە ناوی **کوردستان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا**، بۆچوونێکم پیادە کرد ئەویش ئەوە بوو کە زۆر زووە باس لە سیستەمێکی نوێی جیهانیی دامەزراو و جێگیر بکەین، بەڵکو ڕاستتر وایە باس لە ماوەیەکی دوورودرێژ بکەین تا دەگەینە سیستەمێکی جێگیر و دامەزراو...

ئەمڕۆ، دوای سی و دوو ساڵ لە ڕاگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهانی لە لایەن بووشی باوکەوە، ئەوا جارێکی تر دەبینین کە لە دوو ئاڕاستەدا ململانێ لەسەر سیستەمی نوێی جیهانی گەرمە، یەکێکیان ململانێی چین و ئەمەریکایە، ئەوەی دیکەشیان ململانێی جیهانی ڕۆژئاوا و ڕووسیایە (لەسەر بە ڕوالەت چارەنووسی ئۆکراینا)، بەڵام لە ڕاستیدا ململانێ ڕاستەقینەکە لەسەر **لەقاڵبدانەوەی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندییە گەوهەرییەکانە** لە ئاستێکی هەرە باڵا و جیهانیی فراواندا. لەو لەقاڵبدانەدا کۆی چەمکی سیستەمی نوێی جیهانی چەمکی ناوەندی و گەوهەرییە. بە تایبەتی پۆتین ئەوەی نەشاردووەتەوە کە ئامانجێکی گرنگی ڕووسیا **زامنکردنی جێگە و پێگەی شایستەیە بۆ ڕووسیا لە سیستەمی نوێی جیهانیدا.**

لەم بارەیەوە دەبێ بە جەختکردنەوە بڵێین کە چۆن لە دوای جەنگی کوێتەوە باشووری کوردستان بە شێوەیەک لە شێوەکان وەبەر لەقاڵبدانەوەی سیستەمی جیهانی کەوت، ئەم جارەش کورد بە گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو لەقاڵبدانەوەیەی سیستەمی جیهانی کە لە ئێستادا لەسەر پێیە، بەڵام ئێمە لە ئیستاوە، بە دڵنیاییەکی بڕاوبڕەوە، نازانین ئەم کاریگەرییانە چەند و چۆن دەبن. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە بە ئەگەری زۆرەوە، ئێران لە زیاتر لە ئاست و ڕەهەندێکەوە، لەو ڕێگەیەشەوە ڕۆژهەاڵتی کوردستان، ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی **ئەم لەقاڵبدانەوەیە**، کە هەڵبەتە لە ئێستادا لەسەر پێیە، بەڵام هێشتان کۆتاییەکەیمان نەبینیوە.

ب) ئەوانەی هەر لە سەرەتای ١٩٩٠ەکانەوە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکـرد کە ئیتـر ڕۆڵـی ناسـیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە کۆتایی هاتووە، زۆر هەڵە بوون: شەڕی ئۆکراینا بە شێوەیەکی جـددی ڕۆحێکـی نـوێی کـردووەتەوە بەر ناسـیۆنالیزم و پاتریۆتیزم و لەگەڵیشیاندا دەوڵەتی تێریتۆریاڵ. ئەمە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە لەْ جیهـانی ڕۆژئاواشـدا تەوژمێکی پۆپیولیسـتی، بە ئاڕاستە ڕاستڕەو و بە جەختکردنەوەش ناسیۆنالیست، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشەسەندنایە.

بەڵام لەوڵاشـەوە ئەم بۆچـوون یـا ئەرگیـومێنتە، **واتە بەهێزبـوونەوەی ناسـیۆنالیزم و بەرگـری لە سـەروەریی نیشتمانی و دەوڵەتی تێریتۆریاڵ**، نابێ تەنها ببێت بە جێگەی خۆشحاڵیی نەتەوەخوازانی نەتەوە ژێردەستەکان، بەڵکو ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە شەڕی ئۆکراینادا خـۆی دەنوێنێ، دوو جۆرە، یەکێکیان هێرشبەر و داگیرکارە (واتە ناسیۆنالیزمی ڕووسییە) و ئەوی دیکەشیان خۆپارێز و بەرگریکارە (واتە ناسیۆنالیزمی ئۆکراینییە)... ئەوەی زۆر گرنگە بیڵێین، ئەوەیە ئەم حـاڵەتی دوانەیـی و دوالیـزمە لە بەهێزبـوونەوەی ناسـیۆنالیزمدا، لە جوگرافیـای ململانێـی ئۆکراینـادا کۆتـایی نایەت، بەڵکو ئەم دیاردەیە دەبێت بە دیاردەیەکی جیهـانی و بە ئەگەری زۆرەوە لە داهاتووشـدا دەبێـت بە خەسـڵەتی هەندێک ململانێی ناوچەیی و جیهانیی تریش.

ج) هەر زوو دوای کۆتاییهـاتنی جەنگـی سـارد، دەنگێکی گرنگ بەرز بووەوە کە بە خۆشبینییەکی زۆرەوە پێی وابوو

ئیتر لیبرالیزم سەرکەوت. ئەمە بە تایبەتی دەنگی بیرمەندی ئەمەریکیی بە ڕەچەڵەک ژاپۆنی، فرانسیس فۆکۆیاما بوو لە کتێبی "کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ"دا (١٩٩٢)... هەڵبەتە دواتر ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما گۆڕانکاریی بەسەردا هات، تا ڕادەی پەشیمانبوونەوە. ئەوەتا هەر خۆی لە ژمارەی نیسانی ئەمسااڵی گۆڤاری Foreign Affairsدا داوا لە دەسەاڵتدارانی جیهانی ڕۆژئاوا دەکات کە بگەڕێنەوە سەر جەختکردنەوە لە دەوڵەت-نەتەوە و پاتریۆتیزم.

د) لە گفتوگۆ گشتییەکاندا، هەر لە پەیوەندیدا لەگەڵ خەسڵەتە گەوهەرییەکانی ململانێی ئۆکراینادا، گەڕانەوەی "**جیۆپۆلۆتیک**"، وەک پێوەر و بەهای هەرە گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، باس دەکرێ. گەڕانەوەی جیۆپۆلیتیک بە واتای باڵادەستبوونەوەی **دیدگای ڕیالیستی** لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە واتای باڵادەستیی بەرژەوەندی و هێز و قودرەتی دەوڵەتان لە زامنکردنی ئاسایشی نیشتمانیی خۆیاندا. هەروەها ئەم گەڕانەوەی جیۆپۆلیتیکە بە واتای **جێگەلەقکردن بە دیدگا و بیردۆزی لیبرالیزم** لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش بە واتای کزبوونی ڕۆڵی بەها و نۆرمە گەردوونی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێت. زاڵبوونی جیۆپۆلیتیک لە چرکەساتی ئێمەدا هەستی پێ دەکرێ، بەاڵم ئەم "گەڕانەوەیە" هەر لە ئێستادا کۆتایی نایەت، بەڵکو بە ئەگەری زۆرەوە ئەم گەڕانەوەیە هاتووە تا بۆ ماوەیەکی باش لە پێشمانەوە بمێنێتەوە.

رووداوەکانی ئێران

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم بە چەند خاڵێک بە گشتی تیشک بخەمە سەر رووداوەکانی هەرە دوایی ئێران، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەم بچمە ناو وردەکارییەکانیانەوە:

١- فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان هێشتان، بەهەرحاڵ لە ئێستادا، نەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە ڕاستەوخۆ ببن بە مەترسیی یەکلاکەرەوە لەسەر ئاسایشی ڕژێم. ڕاستییەکی گرنگ ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە تەهران لە ڕۆخەکانەوە ناڕووخێ؛ کەواتە تا خۆپیشاندانی بەرفراوان لە تەهرانی پایتەخت ڕوو نەدات، ئەستەمە بتوانین باس، هەڵبەتە لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە، لە یەکلابوونەوەی چارەنووسی ڕژێم بکەین.

٢- ڕەهەندێکی گرنگی ئەم ڕووداوانە ئەوەیە کە فرەچەشنی و فرەڕەنگیی **ئیتنی و نەتەوەیی** تا ڕادەیەک لە ڕووداوەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام هێشتان زووە باس لەوە بکەین کە زۆرینەی ئەم ئیتن و نەتەوانە لە خەباتێکی مەدەنییانەی ئاڕاستەکراودا و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. لەم بارەیەوە هەڵوێستی ئازەرییەکان دەکرێ یەکلاکەرەوە بێت، چونکە ئازەرییەکان، جیا لە کورد، عەرەب و بەلووچ، بەشێکی زۆر گرنگ لە دەسەڵات و قودرەتی ئابووری، لەشکری و بیرۆکراسیی ڕژێم پێک دەهێنن. دەکرێ ئەم جیاوازییە بۆ چرکەساتی یەکلاکەرەوەش زۆر گرنگ بێت.

٣- ئەگەرچی ئەستەمە کەس بە شێوەیەکی بڕاوبڕ بتوانێ پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتوو بکا، بە تایبەتی چارەنووسی

ڕژێـــم، بەڵام ئـــێمە هەر نەبـــێ، دەتـــوانین بـــاس لە ئەگەر و سیناریۆکان بکەین.

بۆ باسکردنیش لە ئەگەر و سیناریۆکان دەکرێ، یا ڕاستتر بڵێین پێویستە، ئاگاداریمان لە میژووی سەد ساڵی دوایی (واتە لە ســـەرەتای بیســـتەکانی ســـەدەی ڕابـــوردووەوە تـــا ئێســـتا) یارمەتیدەرمان بێت... هەروەهـا ڕووداوەکـانی جیهـان لە سـی و دوو ساڵی ڕابوردوودا، هەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و یۆگسلاڤیای پێشوو تا دەگاتە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئەزموونی عیراق لە فیدراڵیزم، دیسان یارمەتیدەرن.

لەم ڕووەوە، دەکرێ هەر زوو بڵێین لە دۆخی ئێستای ئێراندا دەشـێ لەیەکچوونێـک (هەڵـبەتە لە هەنـدێک ڕووەوە) ببینـرێ لە نێوان دۆخی سۆڤییەت لە دوایین ساڵ و ڕۆژەکانیدا و ئێران لە ســاڵانی دوایـی و ئێســتادا. لەم بەراوردەدا ســێ خـاڵ گرنـگ و گەوهەرین:

١) ئەفغانستان وەک کێشە: دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتیی سۆڤییەتەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئەم داگیرکارییە بوو بە بـارگرانییەکی زۆر بـۆ ئەو وڵاتە، بە ڕادەیەک، کە زۆرێـک لە شـارەزایان پێیـان وایە کە یەکێتیـی سـۆڤییەت لەڕێـر ئەم بـارە گرانەدا داتەپی. لە لایەکی ترەوە، ئەمڕۆ ئێران لەبری یەک دانە ئەفغانستان، چوار یا پێنج دانە ئەفغانستانی[١] هەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ناوچەیی

[١] لێرەدا دەستەواژەی چوار یا پێنج ئەفگانستان لە حاڵەتی ئێراندا وەک میتافۆر بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئێران، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی دیکە، حزووریکـی بەهێـزی تێانـدا هەیە، وەک لوبنـان، سـووریا، یەمەن، عێـراق و تـا ڕادەیەکیش فەلەستین (هەڵبەتە لە ڕێگەی یارمەتیدانی حەماسەوە).

ئێران ئەوەیە کە تێچووی ئابووری و ئەو باجە سیاسی و دیپلۆماسییەی کە ئێران تا ئێستا بۆ پاراستنی ئەو چوار یا پێنج ئەفغانستانە داویەتی، یەکجار زۆر بووە. زۆر بە کورتی و بە چڕی، ئەم ڕۆڵە ناوچەییەی ئێران وای کردووە کە دژایەتییەکی زۆر گەورەری لەو ڕۆڵەی ئێراندا دەربکەوێ: لە لایەکەوە ئێران دەوڵەتێکی مۆدێرنە بە **خاک** و **سەروەری** و **دانیشتوانی** دیاریکراوەوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە ئەو وڵاتە وەک ئیمپراتۆرییەت[1] هەڵسوکەوت دەکات. ئەوەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەیکات، جێبەجێکردنی خەونێکی ئیمپراتۆرییە، نەک جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتێکی مۆدێرن ڕوو لە سەروەری و خاک و دانیشتوانە دیاریکراوەکەی. بە باوەڕی من لە داهاتوودا، زوو یا درەنگ، ئێران دەبێت بە قوربانیی ئەم هەموو حەزی فراوانخوازی و هەژموونخوازییە: ئێران بووەتە ئەسیری حاڵەتی زەینییەت و وەهمی ئیمپراتۆرییوون، هەر ئەو ئەسیربوونەشە **ناوەوە** و **دەرەوەی** پڕ لە کێشە و قەیرانی ئێران بەیەکەوە دەبستێتەوە: ئاخر گرنگە ئێمە تێبینیی ئەوە بکەین کە لە خۆپیشاندانەکانی پێشتردا (کەم یا زۆر بەر لە دوو ساڵ) دەنگی ناڕەزایی خۆپیشاندەران ئەو گوزارشە بوو کە دەیگوت: ئێمە ئێرانییەکان لە "ناوەوە" برسین، بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدار لە سوریا و لوبنان ملیاران خەرج دەکەن بۆ پشتگیریکردنی ئەسەد و حزبوڵڵا...! پێشتر ڕۆڵی ئێران وەک فراوانخواز و هەژموونگەرا وەک نیشانەی هێز و قودرەتی ئەو وڵاتە دەردەکەوت، بەڵام

---

[1] مەبەست لە ئیمپراتۆرییەت **زیاتر** ئەو یەکە سیاسییەیە کە لە ناوچە و میللەتی جیاجیا پێک دێت و لە ئاکامی فراوانخوازی و داگیرکاری، لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ناوچە ڕۆخەکان لە لایەن ناوەندێکی بەهێزەوە، دێتە کایەوە. https://en.wikipedia.org/wiki/Empire

دواجار هەر ئەم فراوانخوازییە بوو بە هۆی کەڵەکەبوونی کێشەی جیاجیـا بەرەو ڕووی ئێـران.[1] دواجـار دەرکەوت، هەر وەک میژوونووسـی بـواری دەوڵەتـی عوسـمانی و تورکیـا ئێریـک زەرشـەر دەڵێ، فراوانبـوون و فراوانخـوازیی ئیمپراتـۆرییەت، لە سـەرەتادا، وەک هێمـای سـەرکەوتن و هێـز دەردەکەوێ، بەڵام دواتـر هەر هەمـان ئەو فراوانبـوونە دەبێـت بە "کارخـانەی بەرهەمهێنانی شکست، پاشەکشێ و لەناوچوون."[2]

٢) گرفتە ئابووریـیەکان: گرفتە ئابووریـیەکانی سـۆڤییەت لە ١٩٨٠کـانی سـەدەی پێشـوودا بە پـلەی یەکەم بە هـۆی دابەزینی نرخی نەوتـەوە بوون، بەڵام ئابووریی پڕ قەیرانی ئێستای ئێران بە هۆی گەمارۆ ئابووریـیەکانـەوەیە، لەوانەش، دروستکردنی کۆسپ بۆ هەناردەی نەوتەکەی بۆ بازارەکانی جیهان بەو شێوەیەی کە دەخوازێ.

٣) بەرنـامەی ئەتـۆمیی ئێران: بەرنـامەی ڕۆنـاڵد ڕیگـن، هیی بە ناو **جەنگی ئەستێرەکان** لە ١٩٨٠کاندا، بوو بە هـۆی دروستبوونی بارگرانی لەسەر ئابووریی یەکێتیی سۆڤییەت.[3] سـۆڤییەت لەو "جەنـگەدا" کەوتە بەردەم دوو ڕێگـە، هەر

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/١٠/٣.

[1] بۆ وردەکاریی زیاتر، بڕوانە: د. بورهان یاسین، "پێویستە کورد خواستی زیندووکردنەوەی هەردوو ئیمپراتـۆرییەتی شیعیزمی ئێرانـی و عوسمانیی نوێ بە هەند وەربگرێ"، دیمانە، ٢٠٢١/١/١٨)، لە پێگەی *ئاوێنە*:
https://www.awene.com/detail?article=41590
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/١٠/٧.

[2] Erik Zürcher, *Turkey: a Modern History*, 2004, p. 15.

[3] یەکێک لە تیۆرەکان دەربارەی داڕمانی یەکێتیی سۆڤییەت، جەخت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە بەرنـامەی "جەنگـی ئەسـتێرەکان" هـۆی سـەرەکیی داڕمانەکە بوو.

یەکەیان لەوەی دیکە پڕ لە کێشەتر بوو: یا ئەوەتا ڕازی بێت ئابووریی وڵات بخاتە ژێر قورسایی بەرنامەی پڕچەککردنی زیاتر و پێشخستنی سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوو، یا ئەوەتا ددان بەوەدا بنێ کە ئێتر یەکێتیی سۆڤییەت تا ئێرە و بەس، کەواتە چیتر سۆڤییەت توانای ڕکابەریی ئەمەریکای لە بواری پرۆگرامی جەنگی ئەستێرەکاندا نییە: لە توانای ئابووریی ئەو وڵاتەدا نییە خۆی بخاتە ناو هاوکێشەی جەنگی ئەستێرەکانەوە بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە بەرامبەر ئەمەریکا و ناتۆدا. بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا، پرۆگرامی ناوەکی و هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی (هەستەیی)، بووە بە بارگرانییەکی زۆر گەورە بۆ ئێران، بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسییشەوە ئەم وڵاتە تووشی گرفتی گەورە بووە، بە تایبەتی گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان.

جگە لەوەش، ئەم بەرنامەیە ئێرانی خستووەتە **حاڵەتی ململانێی سەربازی و هەواڵگرییەوە لەگەڵ یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتانی ناوچەدا**، واتە ئیسرائیل. هەڵبەتە ڕەهەندێکی گرنگی کێشەکە ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیلە کە لە یەک دوو ساڵی دواییدا، بە تایبەتیتر لە ماوەی کۆرتی دواییدا، ئەو وڵاتە بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە چیتر چاوەڕانی ئێران ناکات بۆ ئەوەی، لە دوورەوە بە وەکالەت و بە هەڕەشەی چەکی دوورمەودا و کۆمەڵکوژ، هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، بەڵکو ئیسرائیل -بە قسەی ئیسرائیلییەکان- ئێتر جەنگ دەباتە ناو ئێران. ئەم "جەنگە" تا ئێستا لە ئاستی گەمە و ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکاندا بووە، بەڵام دەکرێ لە

داهاتوویەکی نزیک یا مامناوەندیدا ئەم شەڕە "لە ناو مالّی ئێرانییەکاندا" شکڵ و قەبارەی جیاوازتر وەرگرێ! بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەم پێشوەچوونە بەردەوامیی هەبێت و ئێران مل نەدات بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا، ئەوا شەڕێکی ئەوها دەکرێ ببێت بە پاڵنەر بۆ زۆر پێشوەچوونی دیکە، کە هەرگیز لە بەرژەوەندیی ئێراندا نابن.

ئەوەی کە پێویستە جەخت بکرێتەوە لە بەراوردکردنی ئێران بە یەکێتیی سۆڤییەت، ئەوەیە کە جگە لەوەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بارگرانیی خستووەتە سەر ئابووریی ئێران، بەڵام لەوڵاشەوە بووە بە هۆی تەنگپێهەڵچنین (containment) لە لایەن جیهانی ڕۆژئاواوە، زۆر بە تایبەتی لە لایەن ئەمەریکاوە، دژ بە ئێران.

ئێران وەک یوگسلاڤیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەرەتا دەکرێ **لە ڕووی میژوورییەوە** ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەین کە تێیاندا لە پرۆسە میژوورییەکاندا، بە تایبەتی لە سەد ساڵی دواییدا، لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان ڕەوتی میژوویی ئێران و یوگسلاڤیادا هەیە. ئەم دوو وڵاتە هەردووکیان دوو دەوڵەتی "مۆدێرنن" کە تەمەنیان، کەم یا زۆر، لە سەد ساڵ تێ ناپەڕێت، هەردووکیشیان لە وەرچەرخانی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانەوە دەست بە پرۆسەی بوون بە دەوڵەتی مۆدێرن دەکەن. سەرەتا یوگسلاڤیا وەک مەملەکەتی سیرب، کروات و سلۆڤێنییەکان، لە ١٩١٨دا هاتە بوونەوە، دواتر ئەم مەملەکەتە لە ساڵی ١٩٤٦دا بوو بە **کۆماری یوگسلاڤیای فیدراڵی گەلان**. لە

بەرامبەردا ئێران وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن و شانشینی خانەوادەی پەهلەوییەکان و ڕەزا شا وەک شای ئەو دەوڵەتە، لە ساڵی ١٩٢٥دا هاتە بوونەوە. ئەم وڵاتە لە سەرەتای ١٩٣٠یەکاندا بە شێوەیەکی ڕەسمی ناوی ئێرانی لێ نرا.

لە ڕووی فرەنەتەوەبوونەوە، کە ئەمەش گرنگترین خاڵی بەراوردکارییەکەیە، یوگسلاڤیا تا سەرەتای ١٩٩٠ەکان وەک فرەنەتەوەترین وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوت. ئەوەی گرنگە بیزانین، ئەوەیە کە یوگسلاڤیا لە ساڵی ١٩٤٦ەوە دوانەی **فیدراڵیزم و کۆمیونیزمی** تاقی کردەوە (یەکەمیان وەک چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و دووەمیشیان وەک تەرتیباتێکی ئیداری و سیاسی)، بۆ ئەوەی وەک وڵاتێکی یەکبوو و یەکگرتوو بمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی بلۆک و سیستەمی سۆسیالیستی، ئیتر یۆگسلاڤیاش چووە دۆخی ناجێگیری و دواتریش دووچاری هەڵوەشانەوەی تەواوەتی بوو. ئەگەرچی ئەم هەڵوەشانەوەیە بە ڕەزامەندیی وڵاتانی ڕۆژئاوا؛ بە تایبەتی ئەمەریکا، **نەبوو**، بەڵام دواجار دینامیزم و پاڵنەرە ناوخۆییەکان هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتەیان کرد بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر. هەڵبەتە دەبێ بگوترێ کە گرنگترینی ئەم دینامیزم و پاڵنەرانەش بوونی حاڵەتی فرەنەتەوەبوون و خواستی بەهێزی نەتەوە جیاجیاکان بوو بۆ ڕزگاربوون لە باڵادەستی و هەژموونی سیربەکان، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە هەر نەتەوەیەک.

لە بەرامبەردا ئێران، بە درێژایی سەد ساڵی ڕابوردوو، فرەنەتەوەترین وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەوەی کە فرەنەتەوەبوونی ئەو وڵاتە دەکات بە پێدراوێکی زۆر گرنگ، بە تایبەتی لە ئەگەری کەوتنی ڕژێم و هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزیدا، هەر وەک لە عیراق لە ٢٠٠٣دا ڕووی دا، ئەوەیە کە:

١- هەر نەبێ، چوار دانە لە میللەتانی ئێران قووڵایی ئیتنییان لەگەڵ دەرەوەی ئێران هەیە: ئەهواز (خۆزستان) لەگەڵ جیهانی عەرەبی؛ بەلووچستان لەگەڵ پارچەکانی تری بەلووچستان؛ کورد لەگەڵ کوردستانی گەورە، بە تایبەتی و ڕاستەوخۆ لە ڕووی جوگرافی و سیاسییەوە لەگەڵ باشوور و باکووری کوردستان؛ ئازەرییەکان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان (پێشتر ئازەربایجانی سۆڤییەتی). لە هەر چوار حاڵەتیشدا خواست و خەونی یەکگرتنەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆیان، هەڵبەتە بە ڕادەی جیاجیا، بوونی هەیە.

٢- میژووی ئێران ئەوەمان پێ دەڵێ کە بەردەوام یەکێک لە کێشەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندی، لە پەیوەندیدا لەگەڵ هەرێمەکاندا، واتە لەگەڵ ناوچە ڕۆخییەکاندا (لە چوارچێوەی تیۆری ناوەند و ڕۆخدا)، هەر لە زەمانی سەفەوییەکان و دەسەڵاتی قاجارییەکانەوە سیفەتێکی سەرەکیی سیستەمی سیاسی بووە لە ئێران. ڕەزا شا هەوڵی زۆری دا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمە ڕۆخییەکاندا، بە تایبەتی لە ڕێگەی هێڵی ستراتیجیی شەمەندەفەر لە کەنداوی فارسەوە بۆ سنووری یەکێتیی سۆڤییەت و بەستنەوەی ڕۆخەکان بە تەهرانەوە. بە

گشتییش، له ڕێگەی پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی ئێرانەوە، ڕەزا شا هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی تۆکمە (ئێرانی) لەو هەموو نەتەوانەی ئێران پێک بهێنێ. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە شای ئێران پەنای بۆ تێزی **ئاریانیزم** برد و لەم چوارچێوەیەشدا ناوی وڵاتەکەی لە فارسەوە گۆڕی بۆ ئێران. بەڵام هەوڵەکانی ڕەزا شا دیسان بە شێوەیەکی بڕاوبڕ سەرکەوتوو نەبوون، چونکە وەک زانراوە، کێشەی هەژموونی ناوەند بەسەر ڕۆخەکاندا (یا با بڵێین بەسەر هەرێمەکاندا) یەکسەر دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان و سەرهەڵدانی سەرەتا هەرە زووەکانی جەنگی سارد بە جوانی دەرکەوت، کاتێک هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان یەک لە دوای یەک دامەزران.

٣- لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، لە سەد ساڵی ڕابوردوودا ئێران دوو جۆرە شوناس و چوارچێوەی هزریی بۆ لەقاڵبدان، یا ئەوەی پێی دەگوترێ **ڕێکخستنی فەزای کۆمەڵایەتی**، بۆ بەرهەمهێنانی "نەتەوە"ی ئێران تاقی کردووەتەوە، یەکەمیان **ئاریانیزم** و دووەمیان **شیعیزم**. هەڵبەتە ئەوەی دووەمیان تەنها ئاڕاستەیەکی ئایدیۆلۆژیی دینی نییە، بەڵکو زیاتر دەربڕی **ناسیۆنالیزمێکی دینییە**، کە هێشتان فارس کرۆک و هەڵگری ئەم ناسیۆنالیزمەیە. بەڵام دیسارە هەردوو ئاڕاستە ئایدیۆلۆژییەکە سەرکەوتوو نەبوون، هیی یەکەمیان بە کۆتایی فەرمانڕەوایی ڕژێمی ماڵباتی پەهلەوییەکان کۆتایی هات، دووەمیشیان بەردەوام لە قەیران و کێشەی بونیادیی جددیدا بووە. لە ئیستادا شیعیزم وەک ئامرازی ڕێکخستنی فەزای دەوڵەت لە قەیرانێکی قوول و لەژێر تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەدایە.

٤- دەکرا ئەو دەستوورەی (یا ڕاستتر بڵێین، قانوونە ئەساسییەی) کە لە کاتی شۆڕشی دەستووری (مەشروتە ١٩٠٦-١٩١١)دا نووسرایەوە، بکرێ بە بنەما بۆ ڕێکخستنی ئێران لەسەر شێوازێک لە سیستەمی "فیدراڵی"، ئەوەش بەپێی پەنابردن بۆ ئەو بەندەی دەستوور کە باسی لە **ئەنجوومەنی هەڵبژێرراوی هەرێمەکان** (ئوستانەکان) دەکرد. لە ڕاستیدا، لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، لێرە و لەوێ، پەنا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەبرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و هەرێمەکان بە گشتی، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ئەم هەوڵانە هیچیان لێ شین نەبوو.

ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی ئێران و سیناریۆکانی بەردەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرەتا دەبێ بە جەختکردنەوە ئەوە بڵێین کە لە چل و سێ ساڵی ڕابوردوودا، کە تێیدا ئاخوندەکان فەرمانڕەوایی ئێرانیان کردووە، هیچ جار بە قەد ئێستا هەست بە نزیکبوونەوەی ئەگەری ڕووخانی ڕژێم نەکراوە. لە ئەمڕۆدا جگە لەوەی کە یەکەم جارە ناڕەزاییەتییەکان ئەوەندە ماوەیە بەردەوامن و بەو فراوانییە و بەم فرەنەتەوەبوونە دەربڕاون. لە ئێستادا یەکێک لە گریمانە و سیناریۆکان ئەوەیە کە دەوڵەتی هاوتەریب (parallel state)[1] خەریکە

[1] بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەربارەی ئێرانی ئیسلامی **وەک دەوڵەتی هاوتەریب**، بڕوانە:

Arang Keshavarzian, (2005) "Contestation Without Democracy: Elite Fragmentation in Iran," in Marsha Pripstein Posusney & Michele Penner Angrist (eds.): "*Authoritarianism in the Middle East - Regimes and Resistance*". (London, Lynne Rienner Publishers).

تووشی پەرتبوون و لێکترازان دەبێت. دیارە مەبەستیش لە دەوڵەت و سیستەمی هاوتەریبی ئێران ئەوەیە کە دوو "دەوڵەت" و دوو دەسەڵات و ئاڕاستە لە یەک دەوڵەتدا کۆ بوونەتەوە، دەوڵەتێکیان پێی دەگوترێ دەوڵەتی تەقلیدی، واتە دەوڵەتی دامەزراوە نەریتی (تەقلیدی)یەکان و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ، واتە دەوڵەتی دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکانە: گرنگترین دامەزراوەی دەوڵەتی یەکەمیان دامەزراوەی هێزی سوپایە، بەڵام هیی دووەمیان هیی دامەزراوەی پاسدارانە، کە ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتیی ڕێبەری ڕۆحیدایە، کە ئێستا عەلی خامنەئییە. لێکترازانەکەش دەکرێ بەو شێوەیە بێت کە سوپا، یا هەر نەبێ بەشێک لە سوپا، وەک دامەزراوەیەکی دەوڵەتی تەقلیدی لە قۆناغی داهاتوودا بێلایەنیی خۆی ڕابگەیەنێ، یا تەنانەت لە قۆناغێکدا لایەنگریی خۆی بۆ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕابگەیەنێ.

بەهەرحاڵ، داڕمانی گریمانەیی دەوڵەتی ئێران دەکرێ بخرێتە قاڵبی میژوویەکەوە کە لە ئێستادا لە ئافراندن و دروستکردندایە، بەم شێوەیەش، تێگەیشتنێکی فرەڕەهەندی بۆ بخرێتە ڕوو. تێگەیشتنێکی ئەوەش دەکرێ بە چەند خاڵێک، وەک تێگەیشتن بە میتۆدی سیناریۆ، باس بکەین:

١) **لە ڕووی سیستەمی جیهانییەوە:** زۆر گرنگە بە جەختکردنەوە ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ لە ڕووی سیستەمی جیهانی و ژینگە و دۆخی باڵادەست لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەم ڕووخان و داڕمانە لە چ دۆخێکدا ڕوو دەدات؟ لەم ڕووەوە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەم ڕووداوە **لە دۆخێکی زۆر ناجێگیری نێودەوڵەتیدا ڕوو**

دەدات، دۆخێک کە تێیدا کۆمەڵێک کێشە وڵاتانی جیهانیان بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، لە پێش هەموشیانەوە جەنگی ئۆکراینا و ململانێ لەسەر سیستەمی نوێی جیهانی. لەم بارەیەوە دەکرێ گریمانەی ئەوە بهێنینە پێشەوە کە هەر داڕووخان و داڕمانێکی ڕژێم لە ئێران دەکرێ هەر زوو ببێت بە بەشێک لەو حاڵەتی فەوزا و ناڕوونی و ناجێگیرییەی کە لە سیستەمی جیهانیدا بەدی دەکرێ. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ئەم چرکەساتەش ئەوەیە کە ئەم داڕمانە، بە پێچەوانەی حاڵەتی عیراق و یوگسلاڤیاوەیە، کە لە حاڵەتی هەردوو ئەزموونەکەدا جۆرێک لە سیستەم لە ئارادا بوو کە تێیدا ئەمەریکا، لەگەڵیشیدا ناتۆ، باڵادەست بوون. بەڵام لە ئێستادا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەمەریکا چیتر **ئەو زلهێزە باڵادەست و بێرکابەرە نییە.**[1] هەروەها ئەم داڕمانە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە چیتر

---

[1] دەکرێ گوتنی نا بۆ بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١١دا بۆ بەکارهێنانی هێز لە سوریا، هاوشێوەی بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ کە پێشتر، هەر ئەو ساڵە، بۆ "پاراستنی مەدەنییەکان" لە لیبیا درابوو، خاڵێکی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە بێت لە کۆتاییهێنان بە ڕۆڵی پێشەنگی و سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ سیستەمی جیهانی، کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ساردا دەستی پێ کرد. ئەمەریکا زۆر مەبەستی بوو بڕیارێک، لە جۆری ئەو بڕیارەی کە بۆ لیبیا درابوو، بۆ سوریاش دەربچێت، بەڵام چین و ڕووسیا بە پێداگیرییەوە دژی ئەم خواستەی ئەمەریکا وەستانەوە، بەمەش بە ئەمەریکا گوترا "ئیتر تۆ تاکە سەرکردەی سیستەمی جیهانی نیت." بۆ بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی ئاداری ٢٠١١ دەربارەی لیبیا، بڕوانە:

https://www.unocha.org/story/libya-security-council-adopts-resolution-1973-2011

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/١٠/٦.

ڕووسیا، بەرامبەر ڕووداوە جیهانییەکان و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێلایەن و دەستەوەستان نیە. ئەزموونە میژوویییەکانی سەد ساڵی ڕابوردوو پێمان دەڵێن کە لە هەردوو حاڵەتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا ڕووسیا، تەنانەت بە هێزی لەشکریشەوە، هاتە ناو ئێرانەوە و بەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی خستە سەر چارەنووسی ئەو وڵاتە.

گرنگیی باسکردنی ئەم خاڵە بە تایبەتی لەوەدایە کە بە ئەگەری زۆرەوە ئەمەریکا وەک حاڵەتی عیراقی دوای سەدام بە تۆندی و بە هێزی سەربازی و توانایەکی ئابووریی یەکلاکەرەوەوە بەرپرسیارێتیی پاراستنی ئێران و بەشداربوونی چالاکانە لە دامەزراندنەوەی ئێراندا ناکات. ئەمەریکا لە عیراقدا، جگە لە ئامادەیی سەربازی، چەند تریلیۆن دۆلارێکی سەرف کرد لە پڕۆژەی دامەزراندنەوەی عیراقدا. جا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ، لە حاڵەتی داڕمانی ئێراندا، ئەگەر ئەمەریکا ئەرکی دەستگرتن بەو وڵاتەوە، بە مەبەستی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات (هەر وەک لە دوای جەنگی دووەمی جیهاندا کردی)، **نەخاتە** سەر شانی خۆی، ئاخۆ کام زلهێزی جیهانی ئامادەیە ئەو کارە بکات؟ بەهەرحاڵ، ئەوە باسێکی ترە کە ئەمەریکا، وەک کاردانەوە و بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هاتنەناوەوەی ڕووسیا لە ئێران و لە ترسی هەژموونی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تۆندی بێتە ناو ئێرانەوە.[1]

---

[1] ئەزموونی سالانی جەنگی دووەمی جیهان ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر لە ساڵی ١٩٤٢ (واتە کەم یا زۆر ساڵێک دوای ئەوەی کە ئێران لە لایەن بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤییەتەوە داگیر کرا) ئەمەریکاش، بە بەهانەی

٢) لە ڕووی ئەو کێشانەی کە دەکرێ لە ئێرانێکی ڕووخاودا بەرەو ڕووی کورد ببنەوە، ئەوەیە کە جگە لە ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەی دەسەلاتی مەرکەزی لە تەهران، بەرەوڕووبوونەوەیەکی دیکەش بەرۆکی کورد بگرێ، کە ئەویش ململانێیە لە نێوان کورد و ئازەرییەکاندا و دەکرێ لەم ململانێیەدا فاکتەری تورکیا بێتە ناوەوە، وەک پشتگیرێک بۆ داواکاری و هەڵوێستی ئازەرییەکان. لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم پشتگیرییەی تورکیا زۆر زیاتر بێ لەوەی کە تا ئێستا لە تورکمانەکانی عیراق و کوردستانی کردووە. دەکرێ تورکیا ئەم دەستوەردانە بە بەهانەی پاراستنی ئازەرییەکان بکات، تەنانەت ئەگەر ئەم دەستوەردانە لەسەر داوای ئازەرییەکانیش نەبێت.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین کە شێوەیەکی تر لە دەستتێکەڵاوکردنی تورکیا لە پێشوەچوونەکانی ئێران، لە حاڵەتی داڕمانی ئەو وڵاتەدا، بە ئەگەری زۆرەوە بە بەهانەی لێدانی پەکەکە و هێزە لایەنگرەکانی بێت، کە لەم حاڵەتەدا پژاکە، وەک چۆن هەڵوێستێکی ئەوها دوژمنکارانەشی هەبووە ڕوو لە ڕۆژئاوای کوردستان.

٣) دەربارەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و سیناریۆکانی بەردەمیان: جاری سەرەتا، بە بەراورد

پاراستنی هێڵی شەمەندەفەر لە ئێران، هێزەکانی خۆی (سی تا سی و پێنج هەزار سەرباز) لە ئێران جێگیر کرد. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا زیاتر مەبەستێکی درێژخایەنی لە پشت بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمەریکا دەیخواست بەو ئامادەییە سەربازییەی ئەو پشتڕاستییە بە دەست بهێنێت کە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییەت دوای تەواوبوونی جەنگ لە ئێران نامێننەوە و ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن.

لەگەڵ باشووری کوردستاندا دوای قەیرانی کوەیت و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەو دەرفەتەی بۆ پارتی و یەکێتی هەڵکەوت بۆ ئەوەی بە زووبی و بە توندی هەژموونی خۆیان لە باشوور بسەپێنن، بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات دۆخەکە بە هەمان شێوە لە ئارادا نابێت، واتە ئەو ئاسانە نییە، ئەگەرچی وێنەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کەمێک گۆڕانکاریی پۆزەتیڤی بەسەردا هاتووە لەگەڵ **یەکگرتنەوەی دیمۆکراتەکان**. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر پێشبینیی جۆرێک لە پاشاگەردانی یا لە باشترین حاڵەتدا **فرەمیحوەرییەکی** پڕ لە ململانێ دەکەم لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی تەهراندا، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەم خاڵانە: أ) ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەرەوەی هەژموونی هێزە سیاسییە تەقلیدی (سوننەتی)یەکان، کۆمەڵگەیەکی گەوهەری هەیە کە بە ئاسانی بە دەسەڵاتی ئەم حزبانە ڕازی نابێت. لە ڕاستیدا هەندێک جار تەنانەت باس لەوەش دەکرێ کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و تاکی کورد لەو بەشەی کوردستان لە حزبە تەقلیدییەکان تێ پەڕیون، یا بە واتایەکی تر، لە ڕووی باوەڕ و ئاگایی سیاسییەوە، کۆمەڵگە و تاکەکان حزبە تەقلیدییەکانیان جێ هێشتووە؛ ب) ئەگەری ئەوە بەهێزە کە هەر لە سەرەتاوە پەکەکە بە هەموو توانایەوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی پژاکەوە، ببێ بە ئەکتەر و فاکتەرێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەوەش هەر نەبێ دوو لێکەوتەی زۆر جددیی، تەنانەت مەترسیداریشی، لێ دەکەوێتەوە: **یەکەم**، ئەم تێکەڵاوبوونەی پەکەکە یەکسەر تورکیا بە

شـــــێوەیەکی زۆر نێگەتیڤـــــانە بە پێشـــــوەچوونەکانی ڕۆژهەڵاتەوە پەیوەندیـــدار دەکـــات. ئەمەش وا دەکـــات، بە پـــێچەوانەی حـــاڵەتی باشـــووری کوردســـتانەوە، هەر لە سـەرەتاوە تورکیـا ببێت بە فاکتەرێکی سـەرەکی لە گۆڕینی ئاڕاســتەی ڕووداوەکانــدا لە زیــانی کــورد و دۆزەکەی لە ڕۆژهەڵات و ئێـران. پێویسـتە ئەوەش بیـر بهێـنمەوە کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا تورکیا زۆر نیگەران بوو بە بـــوونی لەشـــکری ســـووری ســـۆڤییەتی لە بەشـــێک لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و نیگەرانیـی ئەو وڵاتە کە دواجـار کـــورد لەو بەشـــەی کوردســـتان، بە یـــارمەتیی یەکێتیـــی ســـۆڤییەت، دەبـــن بە دەوڵەت. ئەم نیگەرانیـــیەی تورکیـــا لە ساڵی ١٩٤٣دا گەیشتە ڕادەیەک کە دواجار تورکیا هەردوو زلهێـــز (بەریتانیـــا و ئەمـــەریکا) ئاگـادار بکـاتەوە کە ئەگەر سۆڤییەت دەست لە یارمەتیدانی کورد لە ئێران هەڵنەگرێ، ئەوا تورکیا ناچار دەبێت ببێت بە بەشێک لە جەنگ و بچێتە پـاڵ ئەڵمانیـا و ئیتالیـا و ژاپـۆن دژ بە هاوپەیمانـان؛ **دووەم،** ئەگەر لە ڕووی ئایـدیۆلۆژییەوە، هەر لە ســەرەتاوە، پەکەکە هەوڵـــی ئەوە بـــدات کە ئاڕاســـتەی ئەوەی پێـــی دەگـــوترێ "برایەتیـــی گەلان" و "کۆنفیـــدراڵیزمی دیمۆکراتیـــک" ببـــێ بە ئاڕاســـتەی باڵادەســـت لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا، ئەوا بە ئاســـانی جۆرێـــک لە فرەئاڕاســـتەیی و فرەمیحـــوەریی ئایدیۆلۆژی لەو بەشەی کوردستان دێتە گۆڕێ کە دواجار، جـگە لە پەرتەوازەیـی لە گوتـاری سیاسـیدا ڕوو لە دەرەوە، ئەم فرەئاڕاســتەییە دەبێـت بە هـۆی ململانێیەکـی قـووڵ و جددی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پەرتەوازە دەکات.

ئەوەی لە سـبەینێی ڕۆژهەڵات، دوای بـارودۆخی گرینانەکراوی ڕووخانی ڕژێم، پێشبینی دەکرێ، ئەوەیە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، هەر نەبێ سێ ئاڕاستەی سەرەکی، دێنە گۆڕێ: یەکەم، ئاڕاستەی فیدراڵیزم؛ دووەم، ئاڕاستەی سەربەخۆیی کە بە ئەگەری زۆرەوە ڕیفراندۆم وەک ئامراز دەهێنێتە پێشەوە؛ سێیەم، ئاڕاستەی برایەتیی گەلان و کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک. بە دووریش نازانرێت، جگە لەم سێ ئاڕاستە ئایدیۆلۆژییە، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێ بە فاکتەرێکی گرنگ و هەندێک لە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببن بە بنەمای ڕاگەیاندنی حزب و ڕەوتی نوێی سیاسیی جیاوازتر، کە دەکرێ بە زەروورەت بە ئاسانی نەچنە ژێر بار و سێبەری هیچ کام لەم سێ ئاڕاستە سەرەکییەوە.

٤) لە ئاستی جیۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: سەڵانێکە ئێران بووە بە داینەمۆ و ناوەندی ئەوەی پێی دەگوترێ هیلاڵی شیعی، یا بە دەستەواژەیەکی تر، میحوەری مقاوەمە. ئەم هیلاڵ و میحوەرە لە ئێرانەوە دەست پێ دەکات و لە ڕێگەی حزبوڵڵای لوبنانییەوە لەسەر سنووری ئیسرائیل کۆتایی دێت. لەم گۆشەنیگایەوە، ڕووداوێکی ئەوها، واتە داڕمانی ئێران، دەبێت بە گەورەترین زەمینەرزە و هەڵتەکێنەری جیۆپۆلیتیکی لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بێگومان ئەم زەمینەرزەیە ڕەهەندی نێودەوڵەتییشی دەبێت، وەک چۆن کاتی خۆی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە زەمینەرزەیەکی جیۆپۆلیتیکی ناوچەیی و جیهانی. لە سۆنگە و دیدێکی کوردستانییەوە، دەکرێ

ڕووداوێکی ئەوها ببێ بە گەورەترین زەمینەرزە لە سەد ساڵی دواییدا، تەنانەت گەورەتر لەو زەمینەرزە جیۆپۆلیتیکییەی کە کاتی خۆی لە قەیرانی کوەیت کەوتەوە، چونکە یەکێک کە ئەگەرەکان ئەوەیە کە کەوتنی ئێران ڕاستەوخۆ ببێت بە هۆی کەوتنی شیعە لە عیراقیش، یا هەر نەبێ، ببێت بە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە هاوسەنگیی هێز لە عیراقدا لە نێوان بەرەی سەر بە ئێران لە لایەک و بەرەی دژ بە ئێران لە لایەکی دیکەوە لە قازانجی بەرەی دژ بە ئێران، ئەمەش بۆ خۆی لێکەوتەیەکی زۆری بۆ کورد دەبێت لەسەر گۆڕەپانی عیراق.

فیدرالی بۆ کوردستان، دیمۆکراسی بۆ ئێران: ئاستەنگ و ڕێگریەکان

لەبەر ئەوەی، هەر نەبێ لە ئێستادا، ئاڕاستەی فیدرالیزم ڕەوتی هەرە باڵادەستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەوڵ دەدەم لەم باشەی باسەکەدا تیشکێکی زیاتر بخەمە سەر ئەم مەسەلەیە.

سەرەتا دەبێ بڵێم کە لە گفتوگۆکاندا، لە فەزای گشتیدا، دروشمی فیدرالی بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران بە جۆرێک بانگەشەی بۆ دەکرێ وەک ئەوەی بە شێوەیەکی **بەڵگەنەویست** بەدەستهێنانی ئەم بژاردەیە ئاسان بێت، یا بێ کۆسپ و تەگەرە بێت، بە تایبەتی کاتێک ئەم بژاردەیە **لەگەڵ بژاردەی سەربەخۆییدا بەراورد دەکرێت.**

لە بەرامبەردا هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ڕوانینەوە لە هەندێ گۆشە و ڕەهەندی جیاوازتری دروشمی **فیدرالیزم بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران**، ئەم **بەڵگەنەویستە**

بـخەمە ژێـر نیشـانەی پرسـیارەوە، لە هەمـان کاتـدا ئەوەش جەخـت بـکەمەوە کە، هەر لە سـەرەتاوە، ڕەتکـردنەوەی تەواوەتیـی بـژاردەی سـەربەخۆیی و داخسـتنی دەرگـا بە ڕووی ئەم بژاردەیەدا دەکرێ زیـانی زۆری بۆ دۆزی کـورد لە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان هەبـێ. پـێش هەر شـتێک، ئەم ڕەتکـردنەوەیەی ئاڕاسـتەی سـەربەخۆیی بە شـێوەیەکی بڕاوبڕ، هەڵوێستێکی نادیمۆکراتییانەیە و دەشکرێت لە جێگە و مەقتەعێکی زەمەنیدا بە شـێوەیەکی زیـانبەخش کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بکـات بە دوو جەمسـەری دژبەیەک. جـگە لەوەش، ئەسـڵەن گەیانـدنی ئاڕاسـتەی فیـدراڵیزم بە کەناری ئـارامی، ئەو کـارە ئاسـانە نییە و ئەگەر فیدراڵی بە دەستیش هات، ڕاگرتن و پاراستنی، لە ڕووی پراکتیکییەوە، ئەو ئاسـان و بەڵگەنەویسـتە نیـیە! هەڵـبەتە دەبـێ ئەوەش بڵێین، هەر وەک پێشـتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە دۆخەکە لە جـــووت-جەمســـەریی فیـــدراڵی و سـەربەخۆیی دەربچـێ و ببـێ بە سـێ-جەمسـەری. بەم سـێ جەمســـەرییەش، کە هەڵـــبەتە ســـێیەمەکەیان ئاڕاســـتەی جیهـانبینیی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژیی پەکەکەیە، ململانـێ بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی خەڵکـی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان و ڕەوایی سیاسی، دۆخی ململانێ خەستتر و توندتر دەکات.

ئاخۆ بۆ بژاردەی فیدراڵی ئاسان نییە، بەڵکو تەنانەت پڕ لە کێشەشە؟

١) تـا ئەو جێگەیەی مـن ئاگـادارم بـم، تـا ئێستا هێزەکـانی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێـران بە شـێوەی بڕاوبـڕ فیـدراڵییان قبـووڵ نەکـردووە. لە باشـترین حاڵەتـدا قسـە و بڕیـاری هێـزە

ئێرانییەکان بۆ ئەو کاتە هەڵگیراوە کە دەسەڵات دەگرنە دەست و لە دەسەڵاتی خۆیان پشتڕاست دەبن، ئەو کاتە گەوهەری بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا دەکەن. بە ئەگەری زۆریش ئەو کاتە زۆر درەنگە بۆ کورد. ئەزموونی پێشتری شۆڕشی ئێرانی/ئیسلامی[1] و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت ئەزموونی عیراق و باشووریش دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام تا ڕادەیەکی زۆر، ئەم حاڵەتە پشتڕاست دەکاتەوە.

٢) دروشمی دیمۆکراسی بۆ ئێران ئەوها مامەڵەی لەگەڵدا کراوە وەک ئەوەی دیمۆکراسی بۆ ئێران بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست کارێکی زۆر ئاسان بێت و لە کاتی بەدەستهاتنی سیستەمێکی لەو جۆرەشدا لە ئێران، مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زامن کرابێ!

---

[1] بە دەستەواژەی **شۆڕشی ئێرانی/ئیسلامی**، مەبەستمە بڵێم کە شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩ لە ئێران شۆڕشی هەموو ئاڕاستە سیاسییەکان، زۆربەی هەرە زۆری تویژە کۆمەڵایەتییەکان، نەتەوەکانی ئێران، عەلمانی و دینی و... بوو. بەڵام هەر زوو شۆڕشی ئێرانی "دزرا" و ئەم دزینە بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕی. ساڵی ١٩٨٢ ئەم پڕۆسەی دزینە بە تڕۆپک و ئامانج گەیشت، کاتێک حزبی تودە لە دەسەڵاتی نوێی ئێران دوور خرایەوە. کورد، هەر زوو لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا، نەک هەر دوور خرایەوە بەڵکو خرایە خەندەقی پیلانگێڕان و دوژمنکارانەوە، بەمەش بوو بە ئامانجی هێرشێکی دڕندانە. هەڵبەتە جێگەی سەرنج و بایەخە کە شۆڕشی ئێران تەنها شۆڕش نییە کە "دزرابێ"، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی میژوویی بەربڵاوە لە بەسەرهاتی زۆرێک لە شۆڕشەکان لە میژووی مرۆڤایەتیدا و دیاردەکە بە "**دزینی شۆڕشەکان**" و هەندێک جاریش بە "**شۆڕشە دزراوەکان**" ناسراوە.

أ- بەدەستهاتنی دیمۆکراسی لە ئێران کارێکی ئەوها ئاسان نیە. جگە لەوەی کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشتر هیچ ئەزموونێکی ئەوتۆی لە بواری سیستەمی لیبراڵ-دیمۆکراسیدا نەبووە، تا ڕادەیەکی زۆریش کولتووری سیاسی لەو وڵاتەدا زۆر ئاشنا نیە بە سیستەمی لیبراڵ-دیمۆکراسی. لەوەش گرنگتر ئەزموونەکانی ئەڵمانیا و ژاپۆن دوای جەنگی دووەمی جیهان، تا ڕادەیەکیش ئەزموونی عیراق دوای ٢٠٠٣، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەمەریکا، بە گرنگی و باوەڕێکی زۆرەوە، بەشێکی زۆری لە ئەرکی ڕاگواستن لە ڕژێمی عەسکەرتاری و دیکتاتۆری بۆ سیستەمی پەرلەمانی و فرەحزبی لەو سێ وڵاتە گرتە ئەستۆ، بۆ ئەوەش ملیاران دۆلار، توانایەکی دیپلۆماسیی بێهاوتا و هێزی سەربازی و... هتدی خستە گەڕ. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و کۆششِ و بەخششەشدا، ئەمەریکا لە ئەزموونی عیراقدا سەرکەوتوو نەبوو. جگە لە ئەمەریکاش، لە عیراق نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارییەکی گەوهەریی لەسەر شان بوو و بەشداریپەکی کارای لەو پرۆسە ڕاگوزەرەدا کرد. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەشدا، تا ئێستاش ئەزموونی عیراق دەکرێ لە هەر کاتێکدا داڕمان و شەڕی ناوخۆ و لێکترازانی خوێناوی بە خۆیەوە ببینێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەزموونانە، بە سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووەوە، دەکرێ بپرسین ئاخۆ، لە حاڵەتی داڕمانی ئێراندا، **هیچ زلهێزێکی** جیهانی هەیە کە بە هەموو هێز و توانای خۆی یارمەتیدەر بێت لە ڕاگواستنی ئێران بۆ

سیستەمی پەرلەمانی و فرەحزبی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا دەڵێم نەخێر، یا هەر نەبێ گومانم هەیە؟

ب- لەوەش گرنگتر، تەنانەت سبەینێ لە ئەگەری کەوتنی ڕژێم و هاتنەکایەی سیستەمێکی پەرلەمانی و فرەحزبیدا لە ئێران، دەکرێ بە ئەگەری زۆرەوە نەتەوەی کورد وەک کەمینە (هەڵبەتە لە ڕووی ژمارەوە) بە ئاسانی ڕووبەڕووی **زۆرینەی دیکتاتۆری** ببێتەوە. لە کۆتایی ١٩٩٠ەکاندا و یەکسەر دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس لە عیراق، لە چەند نووسینێکمدا باسم لە مەترسیی **دیکتاتۆریی زۆرینە** لە عیراقدا کردووە... ئەمڕۆ ئەمە لە عیراقدا نەک هەر مەترسییە، بەڵکو لە ١٩ ساڵی ڕابوردووی بە ناو "عیراقی نوێدا" چەند جارێک ئەم دیکتاتۆریی زۆرینەی عەرەبییە لە ناو پەرلەمانی عیراقدا بەرامبەر بە کورد خۆی نواندووە و لە هەندێک لەو حاڵەتانەشدا لایەنی کوردی لە پەرلەمانی عیراقدا پەنای بۆ **بایکۆت** بردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرینەی عەرەبی لە دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام، لە ناو خۆیدا، هەر لە سەرەتاوە، دووچاری ململانێی نێوانی شیعە و سوننە بووەتەوە. جا لێرەدا دەکرێ مرۆڤ بپرسێ ئاخۆ ئەگەر زۆرینەی عەرەبی لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ململانێیەش لە ناو خۆیدا توانیبێتی بەو ڕادەیە کۆک بێت دژی کورد و **زۆرینەی دیکتاتۆری** دروست بکات، ئەی ئەگەر ئەم زۆرینەیە بەردەوام لە ناو خۆیدا کۆک و ڕوو لە دەرەوە دژی داواکارییەکانی کورد بوایە، ئاخۆ ئەو کاتە وێنە سیاسییەکە چۆن دەبوو؟

هەر ئێرەش دەرفەتە جارێکی دیکە ئەوە بیر بهێنینەوە کە دەیان و بگرە سەدان جار بەرپرسانی کورد لە باشووری کوردستان باسی **دیمۆکراسیی تەوافوقییان** کردووە، گوایە کورد بە مەرجی تەوافوق (سازان) ئەوەی قبووڵ کردووە کە ببێت بە بەشێک لە عیراقی دوای سەدام و دەستووری عیراقیش دەستوورێکی تەوافوقییە. بەڵام ئەمە **ناڕاستگۆییەکی گەورەیە**... ئەگەر تا ئێستا هیچ بڕیارێک بە تەوافوق درابێ لە عیراقدا، ئەوا ئەو تەوافوقە هیچ ئەمری واقیع بووە تا دەربڕی بەرجەستەبوونێکی دەستووری. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئەو جێگەیەی من گوێم لە قسە و باسی هەندێک لە بەرپرسانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات بووبێت، ئەوان وا تێ گەیشتوون کە گوایە سیستەمی سیاسی لە عیراق تەوافوقییە. ئەمە **هەڵەخوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەزموونێکی گرنگە**، کە ئەزموونی کوردانی باشووری کوردستانە.

٣) فرەنەتەوەبوون لە ئێران: وەک پێشتر باس کرا، ئێران فرەنەتەوەترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، ئاخۆ بە چ پرۆسەیەک و بە یارمەتیی چ زلهێزێکی دەرەکی ئەم هەموو نەتەوانە بە ئاسانی **پارادایمی فیدرالی و دیمۆکراسی** قبووڵ دەکەن. جگە لەوەش، کێ دەڵێ هەر لە سەرەتایەکی زۆر زووەوە هەندێک لە نەتەوەکانی ئێران ڕێگەی خۆیان جیا ناکەنەوە و لەبری فیدرالی، هێڵ و بڕاردەی سەربەخۆیی ناگرنە بەر؟ ئەی ئەگەر ئەمە ڕووی دا، ئەو کاتە بڕاردەی کورد، بە تایبەتی فیدرالیخوازان، چی دەبێت؟ لەوەش گرنگتر، کێ دەڵێ هەندێک هێزی سەرەکی و بە ژمارە زۆر، وەک پێکهاتەی **فارس**، هەر زوو **مەسەلەی دیمۆکراسی بە بارمتە**

ناگرن و نایکەن بە چەکی دەستی خۆیان بۆ ڕێگریکردن لە جێگیربوونی سیستەمێکی لیبراڵ-دیمۆکراسیی ڕاستەقینە، سیستەمێک کە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و ماف و ئازادییەکانی تاکەکان بە مەسەلەی هەرە گەوهەری و بنچینەیی دەبینێ؟ ئەمە و پرسیاری دیکە زۆرن کە دەکرێ لە نێو دێڕەکانی لێکۆڵینەوەکاندا لە بواری دیمۆکراسی و ئەزموونەکانی پێشوو بە دەستیان بهێنین!

٤) **فیدرالی و سەربەخۆیی**: فیدرالیخوازان هەڵەیەکی گەورە دەکەن ئەگەر هەر لە ئێستاوە بڕیاردەی سەربەخۆیی ڕەت بکەنەوە، چونکە دەکرێ ئەم هەڵەیە، لە ئاستی **تاکتیکی** یا تەنانەت **ستراتیجییشدا**، گران لەسەر کورد بکەوێ. هەر لە ئێستاوە باشتر وایە هێزە فیدرالیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەربەخۆیی وەک بەشێک لە **کۆ-ئەجێندایەکی**[1] **فرەڕەهەند و فرەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی** ببینن، دەکرێ هەر بۆ خۆشیان باشتر بێت:

---

[1] لێرەدا بە پێویستی دەزانم جیاوازی لە نێوان سێ جۆر لە ئەجێندادا بکەم و ئەم جیاوازییەش ڕوون بکەمەوە: ١) **ئەجێندای حزبی**: دەکرێ لە ئەجێندای هەر حزبێکدا باس لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکرێ، بەڵام ئەم حزبە و ئەجێنداکەی بەشێک نەبن لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یا نیشتمانی لە شێوەی، بۆ نموونە، **بەرەیەکی نیشتمانی** یا **کۆنگرەیەکی نیشتمانی** (هەڵبەتە لە هەردوو حاڵەتدا کوردستانی)ی تۆکمەدا، ئەوا ئەجێنداکە **هەر بە حزبی دەمێنێتەوە**، ئەگەرچی ئەجێنداکە باسیش لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکات؛ ٢) **کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی**: دەکرێ ئەمە لە ڕووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە هەنگاوێک چوونەپێشەوە بێت، بە واتای ئەوەی ژمارەیەک هێز و حزب ڕازین لە فۆرمێکی نیشتمانی و نەتەوەییدا ئەجێنداکانیان لە **هاوئاهەنگییەکی نیشتمانیدا کۆ بکەنەوە**. لەم حاڵەتەشدا پێزانین، ڕێزدانان و قبوولکردن لە نێوان ئەجێنداکاندا هەیە و

أ- له کاتێکدا هێزه سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێداگرییەکی زۆر لەسەر دیمۆکراسی[1] لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا (یا تۆ بڵێ داگیرکاری ئەمڕۆ) دەکەن، بەڵام چۆن دەکرێ ئەوەندە **نادیمۆکرات** بن کە چیتر تەنانەت خواستی تۆڕێکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەربەخۆییە، لەبەرچاو نەگرن.

ب- دید و ڕامان لە سەربەخۆیی وەک بەشێک لە **کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی**، هەر لە ئێستاوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ **ئاشتبوونەوەی فیدراڵیخوازان لە لایەک و سەربەخۆییخوازان** لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش باشترین شێوازی "خۆئامادەکردنە" بەرەو سیناریۆکانی داهاتوو. دیوێکی دیکەی قسەکە ئەوەیە کە زۆر نادیمۆکراتییانە و بگرە لە ڕووی سیاسەتی کرداریشەوە ناکارامەیی و نالۆجیکییە کە خۆت بە حزبێکی **نەتەوەیی** و **کوردستانی** بزانیت، بەڵام نەتوانی یا نەخوازی **کۆ-ئەجێندای** نەتەوەکەت ببینیت، بەڵکو لەوەش خراپتر، هەوڵی ئەوە بدەیت کە بە

ئەمەش جۆرە **کۆیەک** دروست دەکات کە **نەتەوەیی و نیشتمانییە**؛ ۳) **ئەجێندای نەتەوەیی**: ئەمە هەنگاوی هەرە پێشکەوتووە لە کاری هاوبەشی نەتەوەیی و نیشتمانیدا. لەم فۆرمەدا حزب و هێزە سیاسییەکان، ژمارەیان هەرچەند دەبێت با ببێت، هەموویان لەسەر یەک ئەجێندا و ستراتیجیی نەتەوەیی پێک هاتوون کە تێیدا تەنها **یەک دەقی نووسراو و گوتاری هاوبەش** بۆچوون و هەڵوێستی هەموویان کۆ دەکاتەوە و دەردەبڕێ.

[1] لە ڕێنووسی کوردیدا زۆر جار کێشە دەردەکەوێت کاتێک وشەکانی دیمۆکراتی یا دیمۆکراسی وەک **ناو** یا **ئاوەڵناو** لەجیاتیی یەکتر بەکار دەهێنرێن. لەم نووسراوەدا وشەی دیمۆکراسی وەک **ناو** و دیمۆکراتی وەک **ئاوەڵناو** بەکار دەهێنین.

زەروورەت ئەوانی دیکە وەک حزبەکەت بیر بکەنەوە و **دژ بە خواستی خۆیان** دروشمی حزبەکەی تۆ بەرز بکەنەوە.

ج- زۆر گرنگ و گەوهەرییە، هەر لە ئێستاوە، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەو ئەگەرە لەبەرچاو بگیرێ کە لە حاڵەتی داڕمانی سیستەمی سیاسی لە ئێران و **بە ئەگەری زۆرەوە لەگەڵیشیدا داڕمانی تەواوەتیی دەوڵەتی ئێران**، میللەتانی دیکەی ئێران، یا هەر نەبێ هەندێک لەو میللەتانە، هەر زوو باسی ئەجێندای سەربەخۆیی خۆیان بکەن و تەنانەت قبووڵی ئەوەیان نەبێت کە بێنە ژێر باری داخوازیی فیدراڵیزم و گفتوگۆ لەسەری، تەنانەت بە ئاشکراش ئەم بژاردەیە ڕەت بکەنەوە و دژایەتیی بکەن.

د- باسکردن لە سەربەخۆیی پێگەی فیدراڵیخوازان بەهێز دەکات، نەک لاواز: ئەوە ڕێک نەسیحەتی دیپلۆماتی ناوداری ئەمەریکی، پیتەر گالبرێت[1] بوو بۆ "هەندێک" لە سەرکردە کوردەکانی باشوور لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عیراقدا. فۆرمووڵەی گالبێرت ڕێک ئەمە بوو: دەبێ کوردەکان مردن بە لایەنی عەرەبی پیشان بدەن بۆ ئەوەی لایەنی عەرەبی بە "تا" ڕازی ببێت.

---

[1] پیتەر گالبرێت پێشتر (لە کاتی قەیرانەکانی یوگسلاڤیادا) سەفیری ئەمەریکا بوو لە بەلقان و ئەندازیاری ڕێککەوتنی دایتۆنە، کە کۆتایی بە، هەر نەبێ زۆرێک، لە کێشەکانی بەلقان هێنا. گالبرێت پشتگیری بیرۆکەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بووە و خاوەنی کتێبی '**کۆتایی عێراق**'ە:
Peter W Galbraith, *The End of Iraq: How American Incompetence Created a War Without End*, Simon & Schuster, 2007.

ت- مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی سەربەخۆییدا وەک بەشێک لە کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی[1]، دەکرێ لە ڕووی زەینی و پراکتیکییەوە گۆڕانکاری لە داخوازیی فیدرالییەوە بۆ بژاردە و داخوازیی سەربەخۆیی ئاسانتر بکات. گرنگە هێزە سیاسییە فیدرالیخوازەکانی ڕۆژهەلات ئەو مەترسییە بە جددی وەرگرن کە دەکرێ ئەوان لە قۆناغێکدا بە هەڵە دۆخی گشتی و پێدراوە جیۆپۆلیتیکییەکان بخوێننەوە و لێی تێ بگەن، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش **ئەسیربوونیانە بۆ حاڵەتێکی فیکری کە کاتی بەسەردا چووە**[2]، هەر وەک

---

[1] خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە حزبێک یا چەند حزبێک بە یەکەوە ئەجێندا حزبییەکەیان بەسەر کۆی جوگرافیاکەدا بسەپێنن، بە بەهانەی ئەوەی کە ئەوان نوێنەرایەتیی تەواوی خەڵکەکە دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم حزبە، یا چەند حزبە، ناتوانن بە زەروورەت نوێنەرایەتیی تەواوی پانتایی نەتەوە و بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانییەکانی بکەن، ئەگەرچی ئەو حزب یا حزبانە لە ڕووی "ژمارەشەوە" بتوانن زۆرینەیەکی سادە یا تەنانەت ڕەهاش پێک بهێنن. جا لێرەدایە کە ئەگەری بەریەککەوتنی مەترسیدار لە نێوان ئەجێندا حزبییەکاندا گریمانەییەکی کراوە و بەهێزە، ئەگەر کۆی حزب و ڕەوتە سیاسییەکان توانای ئەوەیان نەبێت هەر زوو جۆرێک لە هارمۆنی و هاوئاهەنگی لە شێوازی، هەر نەبێ، کۆ-ئەجێندای نەتەوەدا بهێننە دی. لەم حاڵەتەشدا **کۆد و پێوەری** هەرە گرنگ و یەکلاکەرەوە لە هێنانەکایەی تەبایی و هاوئاهەنگی لە کۆ-ئەجێندای نەتەوەییدا، یەکێتیی نەتەوە و نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانییەکانە. لەم بارەشەوە دەتوانین بە زمانێکی تر بڵێین کە دوو کۆدی هەرە گرنگ **دیمۆکراتیبوون** و **کوردستانیبوون**، بەڵام بە شێوەیەکی بڕاوبڕ و ڕاستەقینە، نەک هەر بە دروشم!

[2] دیاردەی "**ئەسیربوون**" بۆ دید، بۆچوونێک یا تێزێکی فیکری، حاڵەتێکی مرۆییە و لە بواری "سۆسیۆلۆژیای فیکر"دا بە مەسەلەیەکی گرنگ دادەنرێ. ئەم دیاردەیە تەنها لە جیهانی سیاسەت و سیاسەتکردندا دەرناکەوێ، بەڵکو تەنانەت لە زانستیشدا ئەم حاڵەتی **ئەسیربوونە** بۆ بۆچوونێکی تیۆری، گۆشەبینینێکی میتۆدی

ڕێک ئەم حاڵەتە لای سەرانی کورد ڕووی دا **کاتێک چوونە بەغدا و سەرلەنوێ دەوڵەتی عیراقیان دامەزراندنەوە، "ئەوجا داوای مافی خۆیان لەو دەوڵەتە کرد"**. بە سادەیی، دەتوانین بڵێین سەرکردە کوردەکان ئەوها مامەڵەیان لەگەڵ مردوودا (واتە عیراقی کۆتاییهاتوو) کرد **وەک ئەوەی ئەو مردووە هێشتان زیندوو بێت!**

دەرەنجام

ئەم بابەتە هەوڵی داوە تێگەیشتنێک دەربارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بڕەخسێنێ لە ڕێگەی تیشکخستنەسەر هەندێ ڕووداو و پرۆسەی میژوویی و سیاسییەوە، لە چوارچێوەی پەیوەستێکی جووت-ڕەهەندی (شاقوولّی و ئاسۆیی)یەوە. بە تایبەتی بابەتەکە، بە یارمەتیی **میتۆدی سیناریۆ**، هەوڵی داوە تێگەیشتنێک بۆ ئەو ئەگەرانە فەراهەم بکات کە لە پێشەوەمانن. هەرچەندە لەم باسەدا سێ ئەزموون (واتە دارمانی یەکێتیی سۆڤییەت و هەڵوەشانەوەی سیستەمی وڵاتانی سۆسیالیستی، پارچەپارچەبوونی یوگسلاڤیا و ئەزموونی دارمانی عیراق لە ٢٠٠٣ و لێکەوتەکانی بۆ باشووری کوردستان) یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و خەملاندنی هەندێک **سیناریۆ**. بەهەرحاڵ، فۆکەسێکی زیاتر لەسەر بەراوردە لە نێوان حاڵەتی ئێران و یوگسلاڤیادا.

یا تێزێک هەیە، ئەگەرچی ئەم بۆچوونە یا... هتد کاتیشیان بەسەردا چووبێ و جێگرەوەی باشتریشیان هەبێ.

فرەنەتەوەبوونی ئێران یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ئێرانی لە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە (یا لە دەوڵەت-نەتەوەوە) کردووە بە **یەکەیەکی سیاسی** کە زیاتر لە ئیمپراتۆرییەت بچێت تا دەوڵەت-نەتەوە، چونکە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستەمی ئیمپراتۆری، **فرەنەتەوەبوون** و **فرەناوچەبوونە**.[1] بەم واتایەش، ئەوە بەس نییە کە ژمارەیەک نەتەوە لە ئێراندا هەبن بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بکەن بە ئیمپراتۆرییەت، بەڵکو گرنگیی ئەم بوونە بۆ یەکلاکردنەوەی دواڕۆژی ئەو وڵاتە لەوەدایە کە زۆرێک لەو نەتەوانە خاوەنی خاک (ناوچە - territory)ی خۆیانن. بە تایبەتییش ئەم فاکتەرە بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت کاتێک، لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا، ناوچە ڕۆخی یا دەوروبەرییەکان (peripheral territories) خۆیان وەک **داگیرکراو** دەبینن و دەسەڵاتی ناوەندیش وەک داگیرکار. فرەنەتەوەبوون یەکێکە لە پێدراوە گرنگەکان کە دەتوانێ، زوو یا درەنگ، دواڕۆژی ئێران دیاری بکات، وەک چۆن فرەنەتەوەبوونی یوگسلاڤیا، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و داڕمانی سیستەم و بلۆکی سۆسیالیستی، لە پێش هەموشیانەوە داڕمانی یەکێتیی سۆڤییەت، کۆتایی بە بوونی ئەو وڵاتە هێنا. دواجار ئەم وڵاتە بوو بە هەشت پارچەوە.

---

[1] لێرەدا چەمکی "ناوچە" بەکار دەهێنین بۆ واتای ئەوەی کە ئێران لە چەند ناوچە، یا بە واتا ئیتنیکییەکەی، "**وڵات**"ی جیاجیا پێک دێت، وەک کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان و... نەک ناوچە بە واتا **ئیدارییەکەی**، کە لە حاڵەتی ئێراندا دەکاتە ئوستان.

جگە لە فرەنەتەوەبوون و فرەناوچەبوون وەک خەسڵەتی سیستەمی ئیمپراتۆری، ئێران بەردەوام کاری بۆ فراوانخوازی کردووە. ئەمەش وای کردووە ئێمە بگەین بەو دەرەنجامەی کە ئەگەر یەکێتیی سۆڤییەت لە دە ساڵی کۆتایی تەمەنی خۆیدا یەک دانە ئەفغانستانی لێ بووبێ بە بارگرانی، بە تایبەتی لە ڕووی ئابووریيەوە، ئەوا ئێران ساڵانێکە، لە چوارچێوەی پاوانخوازی و هەژموونخوازیی ئیمپراتۆریدا، ژمارەیەک 'ئەفغانستان'ی لێ بووە بە بارگرانی. لە ڕاستیدا نەک هەر لە ڕووی ئابووریيەوە، بەڵکو لە ڕووی سیاسی، دیپلۆماسی و ئاسایشی نشتمانییشەوە، ئەم فراوانخوازییە بۆی بووە بە کێشە و بارگرانی. ئەم حاڵەتە وای کردووە کە لە **بوونی** ئێراندا **دژایەتییەک** بە تۆندی کاریگەری بخاتە سەر ستراتیجیی ڕێکخستنی فەزای کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەم وڵاتە: لە لایەکەوە ئێران وەک 'دەوڵەت-نەتەوە' لەسەر نەخشەی سیاسی و لە هەناوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونی هەبووە، کەچی لە لایەکی ترەوە، نەک هەر زۆرێک لە خەسڵەتەکانی ئیمپراتۆرییەتی تێدا هەبووە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و هەژموونخوازییەوە وەک ئیمپراتۆرییەتیش دەرکەوتووە: ئەم حاڵەتە لە دژایەتی، دەکرێ لە دوورمەودادا ئەم وڵاتە کڵۆڵ بکات و بیخاتە بەردەم حاڵەتی داڕمان و دووچاری هەڵوەشانەوە ببێ.

ئەگەرچی پێشوەچوونەکانی ئێران، یا با بڵێین ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە نزیکەی سێ هەفتەی ڕابوردوودا بەردەوام بووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوون بە ترۆپک (واتە ڕووخانی

ڕژێم). بەهەرحاڵ، گومانی تێدا نییە کە ئەم ڕووداوانە بەشی ئەوە دەکەن کە لە ڕووی ئەکادیمییەوە بیانخەینە ژێر ڕۆشنایی باس و لێکۆڵینەوەوە، لە ڕووی سیاسییشەوە بە جددی لە پرسیارگەلێک نزیک ببینەوە کە نەک هەر پەیوەندیدارن بە دواڕۆژی ڕژێمەوە، بەڵکو تەنانەت بە دارمانی دەوڵەتەوە بە تەواوەتی کە دەکرێ لە سێ دانە دارمان بچێت: یۆگسلاڤیا و یەکێتیی سۆڤییەت و تا ڕادەیەکیش عیراق!

تا ئەو جێگەیەی کە پەیوەندیی بە سیناریۆکانی دوای دارمانی گریمانەکراوی ئێرانەوە (وەک وڵات) هەیە، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە لە هەردوو حاڵەتی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی، زیاتر ئەگەری حاڵەتێکی "فەوزا"[1] هەیە لەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا ئێران ببێتەوە بە خاوەنی دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە مافەکانی خۆی بگات. لە ئێرانێکی داڕووخاودا فرە-ئەجێندایی لە ئاستی هەموو ئێراندا نەک هەر ئەگەرێکی زۆر بەهێزە، بەڵکو بە ئەگەری زۆرەوە ئەم

[1] هەڵبەتە مەرج نییە بە زەروورەت مرۆڤ لە بەکارهێنانی وشەی "فەوزا" (chaos)دا، مەبەستێکی نێگەتیڤی هەبێت، بەڵکو لەم حاڵەتەدا زیاتر مەبەست لە "فەوزا"، نا-سیستەمە (disorder) تا هەر شتێکی تر. حاڵەتی "فەوزا" دەشێ زۆریش پۆزەتیڤ بێت بۆ ئەو هێز و لایەنانەی کە مەبەستیانە فەوزا وەک دەرەنجامی داڕووخانی سیستەمی داپڵۆسین و ستەمکاری ببینن و چاویان لەوە بێت لە شوێنی ئەم سیستەمە ستەمکارە، دۆخێکی پێچەوانە بنافرێنن، کە تێیدا خەڵک و گەلانی ئێران بە مافەکانیان دەگەن. بەم واتایەش، دەکرێ حاڵەتی فەوزا نەک هەر پۆزەتیڤ بێت، بەڵکو تەنانەت ئەو دەرفەتە مێژوویییەش بێت کە مرۆڤ تێیدا بتوانێ ئەجێنداکانی جێبەجێ بکات، بەم واتایەش دەتوانین باس لە "فەوزای داهێنەر" (creative chaos) بکەین!

حاڵەتی فرە-ئەجێندایيە بەرۆکی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێ! لە ڕووی ژینگەی نێودەوڵەتییشەوە، ئێستای جیهان زیاتر لە خەسڵەتی ناسیستەم (disorder) و ناسەقامگیریی جیهانییەوە نزیکە تا سیستەمێکی جێگیر. ئەمەش خاڵێکی یەکجار گرنگە و بەم واتایەش، لە ئەگەری داڕووخانی ئێرانداء ئەو وڵاتە نەک هەر لە ناو خۆیدا ڕووبەڕووی فەوزا دەبێتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی نێونەتەوەییشدا ئەم داڕمانە لە حاڵەتێکی "فەوزای جیهانییشدا" ڕوو دەدات!

لە دۆخی ئێستادا نە گەلانی ئێران بەیەکەوە توانیویانە لەسەر ڕوئیا (ڤیژن)ێک بۆ داهاتووی ئێران ڕێک بکەون[1]، نە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش توانیویانە لەسەر ئەجێندایەکی نەتەوەیی، یا تەنانەت کۆ-ئەجێندایەکیش ڕێک بکەون... بە ئاڕاستەی کارێکی ئەوها، ئەزموونی

---

[1] ئەگەر، بۆ نموونە، ئەم چرکەساتەی ئێستای ئێران بە مانگ و ڕۆژەکانی پێش کەوتنی ڕژیمی عێراق بەراورد بکەین، دەبینین لە حاڵەتی عێراقدا، هەر نەبێ، سێ گردبوونەوە و کونفرانسی گرنگی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لە پێش هەموشیانەوە هێزە سیاسییە کوردییەکان، لە لەندەن (دیسەمبەری ۲۰۰۲) و لە مەسیف سەلاحەدین و دواتریش لە ئەمەریکا ڕێک خران. لەم گردبوونەوانەدا، کە زیاتر بە سپۆنسەر و پشتگیریی، تەنانەت حزووری، ئەمەریکییەکان بوون، هێڵە گشتییەکانی عێراقی دوای سەدام دیاری کران، لەمانەش مەسەلەی سیستەمی فیدراڵی. تەنانەت لە کۆنفرانسی لەندەندا هێڵی گشتیی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕینراوە کوردستانییەکانیش دیاری کرا... بەڵام لە حاڵەتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هیچ پێشوەچوونێکی لەم جۆرە بەدی ناکرێ؛ ئەمەش هێما و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ماهییەتی ڕووداوەکانی ئێستا و دەرفەتی خەملاندنی دیدێکی ڕاشکاو و جێگیر ڕوو لە داهاتوو!

داڕووخـانی دەوڵەتـی عیـراق لـە ٢٠٠٣ و دامەزرانـدنەوەی دەوڵەتـــی عیـــراق و وردەکارییەکـــانی ئەجێنـــدای هێـــزە سیاسـییەکانی باشـوور، بە تـایبەتی پـارتی و یەکێتی، پـڕە لە وانە و ئەزمـــوون، کە لە حـــاڵەتی لێوردبوونەوەیانـــدا "بە ڕاسـتگۆیی و ئەمـانەتەوە"، دەرەنجـامی زۆر بەسـوودیان بـۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێ هەڵدەهێنجرێ.

بابەتی چوارەم

بەلوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان
یا خەباتی چەکداریی پەکەکە لە ڕۆخی ڕۆخەوە[1]

بەراوردکارییەک لە نێوان بوونی چەکدارانی فەلەستینی لە لوبنان و چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان
٢٠٢٢/٨/٢٠

پێشەکی

لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان لە ساڵانی دواییدا، زیاتر لە بۆچوونێک هەڵدەگرێ. لە لایەکی تر‌ەوە، پێویستە ئەم پەرەسەندنە لە سۆنگەیەکی جیاوازەوە بێتە تێگەیشتن، بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێک دەرەنجام، دوور لە گۆشەبینینی تەسکی ئایدیۆلۆژی و حزبیی سنووردار، هەڵچوون و کاردانەوە لەسەر بنەمای هەست و نەست.

---

[1] ئەم بابەتە یەکەم جار لە ماڵپەڕیی کەسیی نووسەردا، لە ٢٠٢٢/٨/٢٠، بڵاو بووەتەوە. بڕوانە: www.burhanyassin.com.

ئاڕاستەیەکی گشتیی ناتەندروست، بەڵام باڵادەست، لە گفتوگۆ میدیایی و سیاسییەکاندا لە فەزای گشتیی کوردستانیدا هەیە کە جۆرێک لە دووجەمسەریی سادە، بەڵام زۆر مەترسیداری دروست کردووە، کە دەخوازێ کێشەی لەشکرکێشی و حەزی داگیرکاریی تورکیا لە دوو چەمکدا سنووردار بکات، واتە "بە زەروورەت" **لەگەڵ** یا **دژ**. بە واتایەکی دیکە، تۆ دەبێ یا لەگەڵ بۆچوونی پەکەکە یا لە دژی بیت، لە لایەکی دیکەوە، یا دەبێ لەگەڵ بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کۆک بیت یا دژی بیت! بە واتایەکی دیکە، تەنانەت کاتێک ڕەخنەیەکی زۆر سنووردارت لە پەکەکە دەگیرێ، یەکسەر خاوەن ڕەخنەکە دەخرێتە خانە و بەرەی داگیرکارەوە، کە تورکیایە، یا دژەکەی، واتە دەخرێتە خانەی بەرگری لەو هەڵوێستە شەرمنانە (تەنانەت پڕ لە کێشەیەی) دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەمەڕ ئەو هێرشە دوژمنکارییەی تورکیا؛ تەنانەت لەوەش خراپتر، دەخرێتە بەرەی پارتییەوە. بەهەرحاڵ، شاراوە نییە کە هەڵوێستی پارتی لە هەڵوێستی تورکیاوە زۆر نزیکە، **ئەگەر نەڵێین یاریدەدەریشیەتی**! لە بەرامبەردا، کۆی پێشوەچوونەکان لەوە زۆر ئاڵۆزترن کە هەر وا بە ئاسانی بە دوو "حوکمی" سادەی دژبەیەک، واتە "**لەگەڵ**" یا "**دژ**" تێگەیشتن لێیان بخرێتە ڕوو.

ئەگەر خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی هێزە سیاسییەکان و دەستەبژێری ڕۆشنبیری و ئەکادیمی، بیەوێ بگا بە خوێندنەوەیەکی بەکەڵک لەمەڕ ئەو ڕووداوانە و لەم جەمسەرگیریی "ڕەش یا سپی"یە زیانبەخشە ڕزگاری ببێت

و بگـات بە تێگەیشـتنێکی بەکەڵـک و هەر نەبـێ نزیـک لە ڕاسـتییەوە، ئەوا بێگومـان لە سـەرەتادا پێویسـتە خـۆی لەم حاڵەتی **لەگەڵ یا دژە** ڕزگار بکات. بە واتـایەکی دیکە، دەبـێ هەوڵ بـدات لە کـاتی شـرۆڤە و پرۆسـەی نووسـیندا ئەوە قبووڵ نەکات کە بارمتە بێت لە دەستی **هاوکێشەی لەگەڵ یا دژ / ڕەش یا سپی**دا.

خـاڵێکی لێوەدەرچـوونی ئەم باسـەی بەردەسـت ئەوەیە کە دۆخەکە تـا بڵێـی مەترسـیدارە، نەک هەر بـۆ پەکەکە و خەباتە دوورودرێـژەکەی، بەڵکـو بە ڕادەی زێتـر مەترسـیدارە بـۆ چارەنووسـی هەرێمـی کوردسـتان.[1] تەنـانەت ئەمـڕۆ ئەم مەترسییە لەسـەر هەرێـم خەریکە لە خـاڵی یەکلاکەرەوە نزیک دەبێتەوە، ئەو خـاڵە چارەنووسسـازەی کە تێیـدا تورکیـا بتـوانێ لە هەمـان کاتـدا چـۆک بە پەکەکە دابـدات و باشـووری کوردسـتانیش شکسـتێکی کەمەرشـکێنی بەر بـکەوێ! هەر بـۆ نموونە، دەکرێ لە ڕێککەوتنێکی گشتگیردا لە نێوان ئەنقەرە و بەغـدا لە هەمـان کاتـدا، بە شـێوەیەکی کەمەرشـکێن، پەکەکە و

---

[1] پێویسـتە لێـرەدا ئەوە بە ڕوونـی یەکـلا بکەیـنەوە کە لە دوو خـاڵی لێوەدەرچـوون و دوو ئاڕاسـتەی زۆر جیـاوازەوە، تەنـانەت دوو ئاڕاستەی دژبەیەکەوە، باس لە مەترسـی و هەڕەشـەکانی سـەر هەرێمـی کوردسـتان و چارەنووسـە سیاسـی و دەسـتوورییەکەی دەکرێـت: یەکێکیـان دەسـەلات خـۆیەتی، کە مەبەسـتی دەسـەلات تێیـدا دەسـتەمۆکردن و بەبـارمتەگرتنی دەنـگە نـاڕازی و دڵسـۆزەکانە، بە لـۆجیکی ئەوەی مەترسـییەکە لەسـەر هەموانە؛ لە بەرامبەردا ئاڕاستەی دووەم لە دەنگە دڵسـۆز و ناڕازییەکان و خەڵکانی ئەکـادیمی پێک دێـت، کە مەبەسـتیانە دڵسـۆزانە هەمـوو لایەک لە مەترسـییەکانی سـەر هەرێـم ئاگـادار بـکەنەوە. بە بۆچـوونی ئەم دەنـگە جیاوازانە، دەسەلات خۆی یەکێکە لە هەڕەشە سەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی.

دەسەڵاتی باشووری کوردستان لە ڕێککەوتنێکی ئەوهادا بە ئامانج بگیرێن! ئەوەی لە ئێستادا سیناریۆیەکی ئەوها دوا دەخات، ئەو دۆخی پاشاگەردانییەیە کە عیراقی تێدایە، چونکە ئەگەر عیراق بیەوێت دەرفەتی ڕێککەوتنێکی گشتگیری لەگەڵ تورکیادا هەبێ، ئەوا دەبێ توانای بڕیاری گەورە و یەکلاکەرەوەی هەبێت، کە هەڵبەتە لە ئێستادا نییەتی.

هەڵبەتە دیوێکی گرنگی ئەم مەترسییەش ئەوەیە کە هێزە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لە بەرامبەر ئەو سیناریۆ مەترسیدارانەدا نەک هەر یەکقسە و یەکدەست نین، بەڵکو تەنانەت جیاوازییەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە لایەنێک (ڕاشکاوتر بڵێین، پارتی دیمۆکراتی کوردستان)، کەم یا زۆر، بە هاوکاریی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی تورکیا تۆمەتبار بکرێت! بەهەرحاڵ لەم ڕووەوە دەتوانین هەر نەبێ بە ئاسانی بڵێین کە لاوازکردن و تەنگپێهەڵچنینی پەکەکە (لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان) ئامانجێکە کە لەوێدا خواست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا و پارتی دیمۆکراتی کوردستان "**یەکانگیرن**".[1] هەموو ئەمەش لە کاتێکدایە کە ململانێی بەغدا و هەولێر گەیشتووەتە خاڵی هەرە هەستیار، تەنانەت یەکلاکەرەوەش، کە تێیدا هەرێمی کوردستان زیاتر وەک **بێچارە و بێدەرەتان** دەردەکەوێ. ئەمەش ڕێک هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە

---

[1] یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٢١) "پێویستە کورد خواستی زیندووکردنەوەی هەردوو ئیمپراتۆریی شیعیزمی ئێرانی و عوسمانیی نوێ بە هەند وەربگرێ"، دیمانە لە پێگەی *ئاوێنە*، https://www.awene.com/detail?article=41590
دەستگەیشتن: ٢٠٢١/١/١٩.

پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، لە رێککەوتنەکەی ١٩٩٨ەوە تا ئێستا، ئەم ڕادەیەی خراپییان بە خۆوە نەبینیوە. هەر ئەمەشە کە هەستکردن بە مەترسی و نیگەرانییەکانی دەربارەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان گەیاندووەتە ئاستێکی زۆر جددیتر. تا ئەو جێگەیەی کە پەیوەندیی بە هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە هەیە، وەک بەشداربوویەکی دەسەڵات، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی باس لە دەنگی "کز و بێکاریگەر"ی ئەم بزووتنەوەیە بکەین ڕوو لە پرسی کاریگەریی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر سیاسەت و ئاڕاستە ستراتیجییەکانی دەسەڵات.

ئەم ڕەهەندانە هەموویان بەیەکەوە، کورد بە گشتی و پەکەکە بە تایبەتی و ئەزموونی باشووری کوردستان لە خاڵێ یەکلابووونەوەیەکی مەترسیدار نزیک دەکاتەوە: لە لایەکەوە تا بڵێی دۆخی هەرێمی کوردستان هەستیارە، لەولاشەوە بە هەموو پێوەرێک خەباتی چەکداریی پەکەکە، هەر نەبێ لە باکووری کوردستان، لە باشترین حاڵەتدا، گەیشتووەتە ڕادەیەک لە بنبەست و بێکاریگەر کراوە، ئەوەی ماوەتەوە، شەڕی "خۆپارێزییە" لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان. کات نە لە بەرژەوەندیی پەکەکەدایە و نە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانیش!

لەم باسەی بەردەستدا تەنها لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژانی هەرە دوایی، یا تەنانەت سااڵنی هەرە دوایی ئەم ململانێ مەترسیدارە ناوەستم، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەم ڕووداوانە وەک دەروازە و کەوانەیەکی میژوویی لە پرۆسە و سیاقێکی میژوویی دوورودرێژتر و فراوانتردا بەکار بهێنم.

ئەوەی بە دیاریکراوی مەبەستە، ئەوەیە بە بەراوردێک لە نێوان حاڵەتی لوبنان و لەگەڵیشیدا بووونی چالاکییەکانی ڕێکخراوەی ڕزگاریی فەلەستینی لەو وڵاتە (١٩٧٠-١٩٨٢) لە لایەک و هەرێمی کوردستان و بووونی چالاکییەکانی پەکەکە لەوێ بۆ ساڵانێکی زۆر لە لایەکی ترەوە، پرۆسەکان شرۆڤە بکەم، بە مەبەستی فەراهەمکردنی تێگەیشتنێکی جیاوازتر. ئەو چەمکەشی کە دەبێت بە یەکێک لە ئامرازە تیۆرییە سەرەکییەکانی ئەم شرۆڤەکردنە، **بەلوبنانیکردنە**. لەم نزیکبوونەوەیەشدا میتۆدی بەراوردکاری، واتە بەراورد لە نێوان بزاڤی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لوبنان لە لایەک و پەکەکە لە هەرێمی کوردستان لە لایەکی ترەوە، نزیکبوونەوە و میتۆدی بااڵدەستە.

واتە، لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەیەکی بەراوردکاریدا باسەکە بەجێ بگەیەنم. جگە لەمەش، لەبری ئەوەی تەنها لە جێدا گفتوگۆ لەسەر هەر ڕووداو، فاکت و پێدراوێک بکەم، گفتوگۆکە زیاتر بۆ بەشی کۆتایی هەڵدەگرم. لەوێدا بە وردی گفتوگۆی بەراوردەکە، لە نێوان حاڵەتی فەلەستینی لە لوبنان و حاڵەتی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، دەکەم و دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش دەناسێنم.

ئەم بەراوردە بە زەروورەت نامانگەیەنێت بە **ڕاستییەکی ڕەها** لەمەڕ بابەتی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی ململانێی تورکیا و کورد، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێ تیشکێک بخاتە سەر ڕووداوەکان و دەللاقەیەکی دیکەش بکاتەوە بە ڕووی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا دەربارەی هێرشەکانی تورکیا

دەکـرێن. بە زمـانێکی سـادەتر: ئەم وتـارە هەوڵـێکە بـۆ دەرهێنـانی کێشـەی تورکیـا و پەکەکە لە هاوکێشـەیەکی زیانبەخش، کە تێیدا زەینییەتی "ڕەش یا سپی" یان حوکمی "لەگەڵ یا دژ"، لە چوارچێوەیەکی سنووردارای ئایدیۆلۆژی و حزبیدا بالادەستە.

پرسـیاری سـەرەکیی ئەم وتـارە ئەمەیە: ئـاخۆ هەرێمـی کوردسـتان چـۆن "بە لوبنـانی" کـراوە و چ ئاکامێـک لەو حاڵەتی بەلوبنانیکردنە[1] چاوەڕوان دەکرێ؟

بەشـێکی چوارچێـوەی تیـۆریی ئەم بـابەتە خـۆی لەو بۆچـوونەدا دەبێنێـتەوە کە هەردوو **خەبـاتی چەکـداریی فەلەستینییەکان و پەکەکە** هیچ جارێک لە ناوەندەوە نەبووە[2]،

---

[1] نـاکرێ لە پرۆسـەی بەلوبنـانیکردنی هەرێمـی کوردستاندا تەنهـا جەخـت بکرێتە سـەر ڕۆڵـی پەکەکە. لە ڕاسـتیدا ئەم مەسـەلەی بەلوبنـانیکردنە زۆر کـۆنە، تەنـانەت لە مێژووی سـەرهەڵدانی پەکەکەش کـۆنترە... لە سـەرەتادا تێکەڵاوبـوونی ئێـران لە ململانێـی کـورد و دەوڵەتـی عێـراق، واتە هەر لە سـەرەتای ١٩٦٠ـەکـانەوە، قۆنـاغی یەکەمـی بەلوبنـانیکردنی هەرێمـی کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد. بە واتـایەکی دیـکە، ململانێیەکـی نـاوخۆیی (عێـراق) تـێکەڵاو بە ململانێـی هەرێمـی (نێـوان عێـراق و ئێـران) کـرا؛ بەم شێوەیەش شەڕی بزاڤێکی چەکداری کە وڕێنەی "ئازادیخوازی"ی دەکرد، لە "شەڕێکی ئازادیخوازی"یەوە ڕێک گۆڕا بۆ شەڕی بەوەکالەت (proxy war).

[2] ئەگەرچـی زۆر جـار، بە تـایبەتی لە کـاتی تونـدبوونەوەی ململانـێ چەکداریـیەکانـدا، پەکەکە شـیمانەی ئەوەی کـردووە کە ئێتـر ئەوان شـەڕ دەبەنە نـاو شـارەکانی تورکیـا. بەڵام جـگە لە هەنـدێک کـردەی سـەربازیی سنووردار، پەکەکە نەیتوانیـوە خەباتی چەکداریی خـۆی ببـاتە نـاو قوواڵایی بەشی تورکی لە تورکیـا، بە تـایبەتی ڕۆژئـاوای تورکیـا، ناوەندی ئابووری، دیپلۆماسـی و سیاسـیی ئەو وڵاتە. بەمەش، جـگە لەوەی ئەم خەبـاتە بـۆ مـاوەیەکی درێـژ لە ڕۆخـی کـوردیی تورکیـاوە، واتە لە بـاکووری کوردستانەوە، دەکرا، بەڵام دواتر بە تایبەتی لە سـاڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧وە ئەم

بەڵکو بەردەوام لە "**ڕۆخەوە بووە**"[1]، بەمەش ئەم شێوازە لە خەبات (**لە ڕۆخەوە**) کۆمەڵێک ئاکامی زیانبەخشی بۆ هەردوو **جووڵانەوە چەکدارییەکە** و **ڕۆخە جوگرافییەکانیش**، وەک ژینگەی ئەم جووڵانەوە چەکداریانە، هەبووە، ئەو

جووڵانەوە چەکداریە تەنانەت باکووری کوردستانیشی جێ هێشت و چووە ڕۆخێکی تر کە دەکەوێتە دەرەوەی نەخشەی ڕەسمیی تورکیا. واتە پەکەکە نەک هەر خەباتە چەکداریەکەی نەگواستەوە بۆ شارە تورکییەکان، بەڵکو جووڵانەوە چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەکەی لەگەڵ تورکیادا گواستەوە هەرێمی کوردستان.

[1] تیۆری "ڕۆخ و ناوەند" (periphery and center) تیۆرێکی فراوانە و زیاتریش ئامرازی تیۆرییانەی خوێندنەوەیەکی نیۆ-مارکسیستانەیە لەمەڕ کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم. ئەم تیۆرە سووبەخشیشە بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی (internal colonialism). دەربارەی تیۆری ناوەند و ڕۆخ وەک تیۆری تێگەیشتنێکی سترەکتورالیستانە لە دیاردەی ئیمپریالیزم، بڕوانە:

1 April 1972, Galtung, Johan (1972) "A Structural Theory of Imperialism," https://hdl.handle.net/10520/AJA00020117_8

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٨/١١.

بەڵام تیۆری ناوەند و ڕۆخ لە گۆشەبینینی دیکەشدا، بۆ نموونە وەک چەمکێک لە بابەتی **جوگرافیای سیاسیدا**، بەکار دەهێنرێت، بەبێ ئەوەی بە زەروورەت سەرچاوەی ئیلهامی ئەم بەکارهێنانە نیۆ-مارکسیزم بێت. من پێشتر لە بابەتێکمدا سوودم لەم بۆچوونە تیۆرییە، واتە ناوەند و ڕۆخ وەک دوو چەمکی جوگرافی، وەرگرتووە بۆ تێشکخستنەسەر جووڵانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان لە سالی ١٩٦١ـەوە تا سالانی کۆتایی هەشتاکان، بە سوودوەرگرتن لە تیۆری ناوەند و ڕۆخ بە واتا جوگرافییەکەی. بڕوانە: بورهان أ. یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، لە گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٥، سالی ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٤-٥٨. ئەم بابەتە بۆ جاری دووەم لە کتێبی نووسەر "ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی میژووە" ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٠٦-١٣٩دا بڵاو بووەتەوە. لەم پەیوەندییەشدا بابەتەکە بەرچاو دەکەوێ:

https://www.burhanyassin.com/Ewey%20ewro...babetckan+5.pdf

ڕۆخە جوگرافییە سەرەتا بۆ فەلەستینییەکان کەرتی غەزە و بۆ پەکەکەش باکووری کوردستان بوو. لەوەش زیاتر، ئەو جوولانەوە چەکداریانە زیانبەخش بوونە بۆ ئەو ولاتانەی، کە وەک **ڕۆخی ڕۆخ**[1]، واتە پێگەی جوولانەوە چەکداریەکە، ڕۆڵییان بینیوە: هەڵبەتە لە حاڵەتی فەلەستینییەکاندا ئەو ولاتە ئوردن و دواتر لوبنانە و لە حاڵەتی پەکەکەشدا هەرێمی کوردستانە. لە هەردوو حاڵەتیشدا ڕەهەندێکی هاوبەش ئەو ڕاستییەیە کە "ئەگەر خەباتی چەکداری، یا بە واتایەکی تر، نەبەردی سەربازی لە خودی ناوەنددا نەکرێ، ئەوا خەباتە چەکداریەکە دوور دەمێنێتەوە لە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بریار و هەڵوێستەکانی ڕژێم یا دەسەڵاتدارانی 'ناوەند'".[2]

بەراوردکردنی جوولانەوەی چەکداریی فەلەستینییەکان و پەکەکە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشمان پێ دەڵێت: جوولانەوەی فەلەستینییەکان لە سەر خاکی غەزە، وەک ڕۆخ، لە ١٩٥٠کانەوە دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر، لە ١٩٦٧ەوە، دەکەوێتە دەرەوەی خاکی فەلەستین؛ لە بەرامبەردا، جوولانەوەی چەکداریی پەکەکە لەسەر خاکی باکووری کوردستان، وەک ڕۆخ، دەست پێ دەکات، بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە چەند قۆناغێک دەکەوێتە دەرەوەی خاکی باکووری کوردستان، بۆ ئەوەی دواجار،

---

[1] دواتر لەم باسەدا چەمکی ڕۆخی ڕۆخ ڕوون دەکرێتەوە.

[2] یاسین، بورهان أ.، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، لە گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٥١.

کەم یـا زۆر، ئەم خەبـاتە بە تەواوەتـی بچێـتە هەرێمـی کوردستان. ئەوەشـی دەبـێ لەم بەراوردکـارییەدا ئاگـاداری بـین، ئەوەیە کە لە بەکارهێنـانی وشـەی ڕۆخـدا دەبـێ لە هەردوو حاڵەتـدا جیاکـارییش بکەیـن لە نێـوان ئەوەی کە لە سەرەتادا لە ڕۆخی ئەو وڵاتەدا شەڕ دەکرێت کە داگیرکارە، کە دەکـرێ پێـی بڵێـین "**ڕۆخـی نـاوەوە**"، بەڵام لە قۆنـاغی دواتردا هەردوو بزاڤە چەکدارییەکە دەچنە ڕۆخی دووەم یـا **ڕۆخی ڕۆخ**[1]، کە هەڵبەتە ئەم چەمکەیـان، بـۆ مەبەسـتی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست بەکار دەهێنین.

ئەم بەراوردکـارییە لە نێـوان حـاڵەتی خەبـاتی چەکـداریی فەلەستینییەکان، لە ڕۆخی ڕۆخەوە، واتە لە لوبنـانەوە، دژ بە ئیسـرائیل (١٩٧٠-١٩٨٢) و هێرشـی بەرفـراوان و یەکـلاکەرەوەی ئیسـرائیل بـۆ سـەر لوبنـان لە ١٩٨٢دا لە لایەک، خەباتی چەکداریی پەکەکە لە ڕۆخی ڕۆخەوە، واتە لە

---

[1] ئەوەی جێگەی سەرنج و گرنگپێدانە، ئەوەیە کە یۆهان گاڵتونگ پێی وایە کە دەبـێ تیـۆری "ناوەنـد و ڕۆخ" لەو سـادەییە دەربکـرێ وەک ئەوەی کە ناوەند یەکگرتوو و یەکە بەرامبەر بە ڕۆخێکی یەکگرتوو. گاڵتونگ پێی وایە نە ناوەند بە تەواوەتی یەکگرتووە و نە ڕۆخیش بە تەواوەتی یەکگرتووە. ناوەنـد ڕۆخـی خـۆی هەیە و ناوەنـدی خۆشـی هەیە، واتە شـتێک هەیە بە ناوی ناوەندی ناوەند. لە بەرامبەردا ڕۆخیش ناوەندی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕۆخێکیشـی هەیە، واتە ڕۆخـی ڕۆخ. ئەم وێـنە تیـۆرییە چەنـدە ئـاڵۆزە، ئەوەندەش بەسوودە وەک ئامرازێکی میتۆدۆلۆجی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی. بەهەرحـاڵ، بەو شـێوەیەی مـن لە باسـەکەمدا چەمکی "ڕۆخـی ڕۆخ" بەکـار دەهێنم، هەندێک جیاوازیی هەیە لە شێوازی بەکارهێنـانی چەمکەکە لە لایەن یۆهان گاڵتونگەوە.

دەربارەی پەرەپێدانی تیـۆری ناوەند و ڕۆخ لە لایەن یۆهـان گـاڵتونگەوە، بە گشتی بڕوانە:

Galtung, Johan (1972)

خاکی هەرێمی کوردستانەوە، دژ بە تورکیا و هێنانی هێرش و شەڕ لە لایەن تورکیاوە بۆ ناو قووڵایی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی زانستییشەوە سوودبەخشە. بەراوردەکە و فێربوونی وانە لە ئەزموونی فەلەستینییەکانەوە لە کەوتنی بەیروت لە ١٩٨٢دا و لەگەڵیشیدا شکستی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان بە تەواوەتی، وا دەکات کە بەراوردەکە، بە تایبەتی، ببێ بە لێکۆڵینەوەیەکی پێویست لە بواری میژووی کوردا بە گشتی، بەڵام بە تایبەتی لە بابەتی خەباتی چەکداریدا.

چەمکی بەلوبنانیکردن لەم باسەدا ڕۆڵی زیاتر لە چەمکێکی سادە دەبینێت و دەبێ بە بەشێکی گرنگی چوارچێوەی تیۆریی باسەکە، لەبەر ئەوە، چەمکەکە پێویستی بە پێناسە و ڕوونکردنەوە هەیە. چەمکی **بەلوبنانیکردن**، بە سادەیی، بە واتای شەڕی ناوخۆ بە قووڵاییەکی تائیفی و ئایدیۆلۆژی و ڕەهەندێکی هەرێمییەوە دێت. ئەم چەمکە زۆر جار لەگەڵ چەمکی "بەبەلقانیکردن"دا بەراورد دەکرێ، بە واتای ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆی یۆگسلاڤیا. هەندێک جار ئەم دوو چەمکە تەنانەت لە واتادا وەک هاوتاش دەردەکەون[١]، بەڵام هەڵبەتە لە دوو ژینگەی جوگرافی، میژوویی و کۆمەڵایەتیی جیاوازدا.

جێگەی سەرنجە کە چەمکی بەلوبنانیکردن، لە دۆخی ململانێ و ڕوانگە سیاسییەکاندا، زیاتر واتای نەرێنی

---

[١] بۆ نموونە بڕوانە:

Ibrahim, Ali "Balkanization or Lebananization,"
https://www.arabstoday.net/en/w-352/balkanization-or-lebanization
دەستگەیشتن: ٢٠٢٠/٦/٢٦.

دەبەخشێت، چ لە سروشتی ململانێ **"ناوخۆییەکاندا"** یا لە ڕووی تێوەگلانی هێزی دەرەکیی هەرێمی لەو ململانێ ناوخۆییانەدا.

بەهەرحاڵ، چەمکی بەلوبنانیکردن، بۆ مەبەستی ئەم وتارەی بەردەست، پێویستی بە هەندێک **فراوانکردن** هەیە. لەم فراوانکردنەشدا جەخت لەسەر ڕۆڵ و بوونی ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لوبنان دەکرێتەوە، بە تایبەتی لە ١٩٧٠وە، بە تایبەتیش ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوەیە لە ورووژاندنی ئیسرائیل بۆ ئەوەی دوو جار (لە ١٩٧٦ و ١٩٨٢دا) هێرشی بەرفراوان بکاتە سەر ئەو وڵاتە و تەنانەت لە جاری دووەمدا، واتە لە ١٩٨٢دا، هێزەکانی ئیسرائیل بێنە ناو بەیروتیشەوە. هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم ڕێکخراوەیە لە پەرەسەندنەکانی دۆخی سیاسیی ناوخۆی لوبنان و ململانێ و میحوەربەندییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە، بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی لوبنانـدا (١٩٧٥-١٩٨٩)، گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێت. ئەگەرچی لە ئەدەبیاتی شەڕی ناوخۆی لوبناندا زیاتر جەخت لەسەر شەڕی تایفی (ناوخۆ)ی لوبنان کراوەتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ هێرشی لەشکری ئیسرائیل بۆ ناو قووڵایی لوبنان و تەنانەت لە ١٩٨٢دا تا ناو قووڵایی بەیروتیش، بە مەبەستی لێدان و بنبڕکردنی چەکدارە فەلەستینییەکان و هەڕەشەکانیان بوو بۆ سەر ئیسرائیل. دواجار لەمەشدا ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو.

لەم باسەمدا هەوڵ نادەم بچمە ناو هەندێک باسی پەیوەندیدار لەمەڕ هۆکار و فاکتەرەکانی بوونی هێزی

سەربازیی تورکیا لە باشووری کوردستان، وەک، بۆ نموونە، تەماحی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە "ویلایەتی موسڵی عوسمانی". زۆر جار، بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا، جووڵەی سەربازیی تورکیا لە باشوور وەک هەوڵێکی ئەو وڵاتە بۆ داگیرکردن و "قووتدان"ی ویلایەتی موسڵی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوتووە، یا باسی لێوە کراوە.

بابەتی ویلایەتی موسڵ تا بڵێی گرنگە و لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە بڵاو دەکەمەوە؛ چوارچێوە گشتییەکەی باسەکەش ئەمە دەبێ: کێشەی موسڵی عوسمانی، تا ڕادەیەکی زۆر، یەکسانە بە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی لە ١٩٢٠ەکاندا، یا تەنانەت **هاوتایەتی**. واتە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە کێشەی ویلایەتی موسڵ ناوێکی دیکەیە بۆ کێشەی کورد، بە تایبەتی لە عیراق. لە لایەکی تریشەوە، کێشەی موسڵ لە زیاتر لە ڕەهەندێکەوە دیسان بە تۆندی پەیوەندیدار دەبێت بە باکووری کوردستان و کێشەی کورد لە تورکیا.[1] بەهەرحاڵ، ئەوەی جێگەی سەرنج و گرنگییە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە "لکاندن"ی ویلایەتی موسڵ بەو وڵاتەوە دەکەن، بەڵام لە بەرامبەردا بێدەنگی و بێهەڵوێستیی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی لەم بارەیەوە جێگەی

[1] هەر لە سەرەتادا چارەنووسی ولایەتی موسڵ پەیوەندیدار کرا بە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە ڕێگەی ماددەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەرەوە. بۆ دەقی ماددە پەیوەندیدارەکان بە کورد لە پەیمانی سیڤەردا، بۆ نموونە بڕوانە: https://ekurd.net/mismas/articles/misc2007/6/turkeykurdistan1221.htm
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٨/١١.

تێبینییە: لە ڕاستیدا ئەم بێدەنگی و بێهەڵوێستییە لایەنی کەم جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانە...

هەروەها ماوەتەوە بڵێم کە ڕۆڵ و کاریگەریی پەکەکە، پەیوەست بە ڕۆژئاوای کوردستان، دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە.

خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان لە ڕۆخی ڕۆژهەو

بووونی فەلەستینییەکان، بە ژمارەیەکی زۆر، لە لوبنان، کۆنە و هەر نەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨، کاتێک فەلەستینییەکان ڕوویان کردە لوبنان و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و لەوێ بوون بە پەنابەر.[1] بەڵام بووونی فەلەستینییەکان لە لوبنان تا ساڵی ١٩٧٠ کێشەیەکی زۆر گەورە نەبوو بۆ ئەو وڵاتە. بەهەرحاڵ، دوای سێپتەمبەری ١٩٧٠، واتە دوای شەڕی ناوخۆی ئوردن لە نێوان دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە لایەک و ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی (PLO) لە لایەکی تریشەوە[2]، چەکدارانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ئوردن کرانە دەرەوە، بەم پێیەش، ئەم چەکدارانە ڕوویان لە لوبنان کرد.

---

[1] یەکێک لە ڕووداوە تراژیدییەکانی مێژووی هاوچەرخی فەلەستینییەکان، ئەو کۆچڕەوە گەورەیە بوو کە لە ئاکامی جەنگی ١٩٤٨-١٩٤٩ ڕووی دا و تێیدا، کەم یا زۆر، حەوتسەد هەزار فەلەستینی شار و لادێکانیان جێ هێشت و دواتر، لە لایەن ئیسرائیلەوە، لە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بێبەش کران، ئەگەرچی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش (ژمارە ١٩٤) لە بارەی مافی گەڕانەوەیان دەرچووبوو.

[2] لەبەر ئەوەشە سێپتەمبەری ١٩٧٠ بە "ئەیلوولی ڕەش" ناوزەد کراوە. دواتریش هەر بە ناوی ئەیلوولی ڕەش ڕێکخراوەیەکی ڕادیکاڵی فەلەستینی دامەزرێنرا.

بـۆ ئەوەی بە خێرایـی تیشـک بخەیـنە سـەر خەبـاتی چەکداریی فەلەستینییەکان، پێویستە هەنگاوێک بچینە دواوە. فەلەستینییەکان لە ناوەڕاستی ١٩٥٠کـانەوە دژی ئیسـرائیل دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد. مەبەستی سـەرەکیی ئەم خەبـاتە چەکـداریـیەش گـۆڕینی هاوسـەنگیی هێـز بـوو لە بەرژەوەنـدیی فەلەسـتینییەکاندا لە هاوکێشـەی ململانێـی فەلەسـتینی - ئیسـرائیلیدا، بەڵام یەکێکـیش لە ئامـانجە گرنگەکـانی ئەم خەبـاتە ئەوە بـوو کە کێشـەی فەلەسـتین لە دەسـت ڕژێـمە عەرەبییەکـان دەربهێنـرێ و بکەوێـتە دەسـت فەلەسـتینییەکان خۆیـان، ئەم ئاڕاسـتەیەش بە "بەفەلەسـتینیکردن" (palestinization)ی دۆزی فەلەسـتین ناسـراوە.[1] تـا سـاڵی ١٩٦٧، واتە تـا شـەڕی حـوزەیرانی ئەو سـاڵە، کـردەوە چەکـداریـیەکانی فەلەسـتینییەکان (ناسـراو بە فـدائیون) لە غەزەوە دژ بە ئیسـرائیل دەکـران.[2] کـردەوە

---

[1] Pappe, Ilan (2006) *A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples*, (Cambridge: Cambridge University Press), 2nd. ed. P. 143.

لە ڕاستیدا ململانێی نێوان فەلەستینییەکان و وڵاتانی عەرەبی دەربارەی ئەوەی کـێ و کـام لایەن نـوێنەرایەتیی فەلەسـتینییەکان دەکـات، بەردەوام کێشـەیەکی ئامـادە بـوو لە پەیوەنـدییەکانی دەوڵەتـانی عەرەبـی بە فەلەسـتینییەکانەوە. ئەم کێشـەیە تـا ڕادەیەک لە تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٤دا یەکـلا بـووەوە، کاتێـک بـۆ یەکەم جـار کۆمکـاری عەرەبـی دانیـان بە ڕێکخـراوەی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتینیدا نـا وەک تـاکە نـوێنەری شـەرعیی فەلەسـتینییەکان. ئەگەرچـی ئەمە پێشـوەچوونێکی گەورە بـوو لە "بەفەلەستینیکردن"ی کێشەی فەلەستین، بەڵام ئەم هەنگاوە هەرگیز کۆتایی تەواوەتیی بە دەستوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری فەلەستینییەکان نەهێنا.

[2] وەک زانراوە، لە دوای شەڕی ١٩٤٨ی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل تا شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، غەزە لە لایەن میسرەوە و کەناری ڕۆژئاواش لە لایەن ئوردنەوە، ئیدارە دەدران.

چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان لە غەزەوە، دژ بە ئیسرائیل، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئیسرائیل دوو جار بچێتە شەڕەوە بەرامبەر بە میسر (١٩٥٦ و ١٩٦٧). ئەگەرچی ناشتوانین بڵێین کە ئەم چالاکییە چەکدارییانە تەنها هۆکار بوون، بەڵام بێگومان هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ ئەو دوو شەڕە دژ بە میسر: لە هەردوو حاڵەتیشدا ئیسرائیل دەیخواست چالاکییە فەلەستینییەکان لە غەزە بنبڕ بکات. جگە لەم دوو شەڕەش، پێشتر لە ساڵی ١٩٥٥دا، کاتێک دەیڤد بن گوریۆن وەزیری بەرگری ئیسرائیل بوو، هێزەکانی ئەو وڵاتە بە توندی هێرشیان کردە سەر غەزە بە ئامانجی تێکشکاندنی ژێرخانی ئۆپەراسیۆنە چەکدارییەکانیان دژ بە ئیسرائیل، چونکە غەزە وەک پێگەی هێرشبردن یا پێگەی لێوەدەرچوون (launching pad)ی ئۆپەراسیۆنەکان، یا پێگەی هەڵدانی مووشەک و تۆپی دوورهاوێژ دژ بە ئیسرائیل، بەکار دەهێنرا.

لە شەڕی ١٩٦٧دا، ناسراو بە شەڕی حوزەیران، ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی غەزە و زۆر ناوچەی تر، بەم واتایەش، توانرا کۆتایی بە چالاکییە چەکدارییە فەلەستینییەکان لە غەزە بهێنرێ.

لە قۆناغی دووەمی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکاندا پێگەی هێرشبردن، دژ بە ئیسرائیل، لە غەزەوە گواستراوە ئوردن. واتە لەم قۆناغەدا (١٩٦٧-١٩٧٠)، ئوردن بوو پێگەی سەرەکی بۆ ئەوەی لەو وڵاتەوە چەکدارە فەلەستینییەکان بەردەوامی بە هێرشەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل بدەن. لە ساڵی ١٩٦٧دا چەکدارە فەلەستینییەکان سەد ئۆپەراسیۆنیان

دژی ئیسرائیل بە ڕێوە برد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠دا ژمارەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە گەیشتنە دووهەزار. ئەم زێدەبوونە مەزنەی ژمارەی ئۆپەراسیۆنەکان، دەربڕی سیاسەتی ڕەسمیی ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بوو، کە بەپێی ئەم سیاسەتە، مەبەست ئەوە بوو ئوردن بکرێت بە قیەتنام بۆ ئیسرائیل.[1] بەهەرحاڵ، ئەم ئۆپەراسیۆنانە دوو ئاکامی زۆر گرنگیان بۆ ئوردن لێ کەوتەوە: ١) چالاکییە سەربازییە فەلەستینییەکان بە ڕادەیەک ئیسرائیلیان هەراسان کرد کە ئیتر ئەو وڵاتە بە ڕاشکاوی پەیامی بە دەسەڵاتدارانی ئوردن دا کە ئەگەر چالاکییە فەلەستینییەکان لەو وڵاتەوە بەردەوام بن، ئەوا چارە نیە ئیسرائیل، بە ئامانجی بنبڕکردنی چالاکییە چەکدارییە فەلەستینییەکان کە سەرچاوەکەیان ئوردن بوو، جەنگێکی گشتگیر بەرامبەر ئەو وڵاتە ڕادەگەیەنێ؛ ٢) فەلەستینییەکان بە چەکەکانیانەوە بوون بە فاکتەرێکی گرنگ لە **سیاسەتی ناوخۆی** ئوردندا[2] و زێدەبوونی گرژی و ململانێ لە نێوان حکومەتی ئوردن و فەلەستینییەکاندا.[3] هێز و دەسەڵاتی فەلەستینییەکان لە ئوردن بە شێوەیەک زیدە بوو تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە

---

[1] Pappe, Ilan (2006), P. 191.

[2] لە ڕاستیدا هەستکردنی ئوردنییەکان بە هەڕەشە لە لایەن فەلەستینییەکانەوە بۆ سەر وڵاتەکەیان، تەنها بۆ چەند و چۆنی چەکدارانی فەلەستینی نەدەگەڕایەوە، بەڵکو هەندێک هۆکاری دیکەی گرنگ هەبوون بۆ ئەو هەستکردنە بە مەترسی، لەوانەش: ژمارەی دانیشتوانی فەلەستینی لە ئوردن، کەم یا زۆر، نیوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوون، دووەمیشیان ئەو پەیوەندییە میژوویی، کۆمەڵاتی و جوگرافییەی کە لە نێوان ئوردن و فەلەستیندا، بە تایبەتی ئوردن و کەناری ڕۆژئاوا، هەبوو.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ساڵی ١٩٧٠دا ڕاپۆرتە هەواڵگیرییەکانی ئوردن باس لە مەترسیی ئەوە بکەن کە ئیتر فەلەستینییەکان دەخوازن بە تەواوەتی دەست بەسەر فەرمانڕەوایی ئوردندا بگرن و کۆتایی بە دەسەڵاتی پادشای ئەو وڵاتە بهێنن. بەمەش ترس و نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی ئوردن گەیشتە لوتکە و دواجار لە ئەیلوولی ١٩٧٠دا شەڕی ناوخۆیی لە ئوردن، لە نێوان فەلەستینییەکان و هێزە چەکدارەکانی ئوردندا هەڵگیرسا.[1] لە ماوەیەکی کەمدا، لە کۆتایی ئەیلوولدا، بە ناوبژیوانیی جەمال عەبدولناسر، کۆتایی بە شەڕەکە هێنرا و بەپێی ڕێککەوتنی ئاگربەستیش، چەکدارە فەلەستینییەکان بە یەکجاری ئوردنیان بەرەو لوبنان جێ هێشت.[2]

لە قۆناغی سێیەمدا (١٩٧٠-١٩٨٢) لوبنان بوو بە پێگەی چەکدارە فەلەستینییەکان بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. بەهەرحاڵ، ئەم قۆناغەش دیسان بە دەرکردنی هێزە چەکدارەکانی ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لوبنان، لە ئاکامی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٨٢دا، کۆتایی هات. بەم شێوەیەش، شکستی فەلەستینییەکان لە لوبنان بوو بە سەرەتای پڕۆسەی، یا هەر نەبێ، سەرەتای بە جددی بیرکردنەوە لە وازهێنانی یەکجاریی ئەو ڕێکخراوەیە لە خەباتی چەکداری.

دوای ئەوەی چەکدارە فەلەستینییەکان لوبنانیان کرد بە پێگەی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، ئەم پێشوەچوونە، ڕێک

---

[1] Pappe, Ilan (2006), P. 193

[2] تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دوای ئەم ڕێککەوتنە، جەمال عەبدولناسر کۆچی دوایی کرد.

هەر وەک حاڵەتی پێشتر لە ئوردن، دوو لێکەوتەی سەرەکیی هەبوو: ١) فەلەستینییەکان، پشتئەستوور بە هێزی چەک، بوون بە فاکتەرێکی گرنگی ژیانی سیاسی و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی لوبنان؛ واتە، لەتەک ئەکتەرە سەرەکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕەپانی لوبناندا، فەلەستینییەکان بوون بە ژمارەیەکی گرنگ. بەمەش بوون بە فاکتەرێکی گرنگ لە تێکچوونی هاوسەنگییە سیاسییەکانی نێوان پێکهاتەکانی لوبنان، هەروەها بوون بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە وێرانکارەی کە لە لوبنان لە ١٩٧٥دا هەڵگیرسا و دوای چواردە ساڵ بە ڕێککەوتنی تایف لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا کۆتایی هات؛ ٢) لە ڕەهەندی هەرێمیدا، فەلەستینییەکان بوون بە فاکتەرێکی گرنگ و نوێ لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و لوبناندا و دەرەنجام ئەم وڵاتە کەوتە ژێر هەڕەشە بەردەوامەکانی ئیسرائیلەوە. لە ڕاستیدا هەر لە کاتی گواستنەوەی چالاکییە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان بۆ لوبنان لە ساڵی ١٩٧٠دا، ئیتر ئەو وڵاتە بەردەوام لەژێر هەڕەشە و هێرشی زەمینی و ئاسمانیی ئیسرائیلدا بوو. گرنگترینی هێرشە زەمینییەکان هیی ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٢ بوون، کە تێیاندا هێزی زەمینی بەکار هێنرا بۆ چوونەناو قووڵایی لوبنانەوە. چارەنووسسازترین هێرشیش ئەوە بوو کە ئیسرائیل لە قووڵایی لوبنانەدا لە ساڵی ١٩٨٢ کردی، بە مەبەستی بنبڕکردنی چالاکییە سەربازییەکانی فەلەستینییەکان. هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئیسرائیل لەم هێرشەدا توانیی بگاتە بەیروت، ئەمەش بە دەرەنجامێکی یەکلاکەرەوە تەواو

بـوو: چەکـدارانی ڕێکخـراوەی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتینی، لەژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئیسرائیلدا، بۆ هەمیشـە ملیان دا و بەیروتیان جێ هێشت. لەژێر چاودێریی ئەمـەریکا و بە یـــارمەتیی لۆجیســـتیی ئەو وڵاتە و زەمـــانەتکردنی ســـەلامەتییان، هەر لە لایەن ئەمـــەریکییەکانەوە، هەزاران لە چەکدارە فەلەستینییەکان بە سەرکردایەتیی یاسر عەرەفات بـــۆ هەمیشـــە لوبنانیـــان جـــێ هێشـــت. ســـەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە و هەزاران لەو چەکدارانە لە تونس گیرسانەوە و هەر ئەو وڵاتەش بـوو بە بـنکەی سـەرەکیی ڕێکخـراوەی ڕزگـاریخوازی فەلەســتینی، تـا ســاتی گەڕانەوەی یاســر عەرەفات و سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە لە ساڵی ١٩٩٦دا بۆ کەناری خۆرئاوا.

پەکەکە و خەباتی چەکداری لە ڕۆخی ڕۆخەوە

دامرکاندنـــەوەی "ڕاپەڕیـــن"ی دەرســـیمی (١٩٣٧-١٩٣٨) دڵڕەقانە و بە زەبری ئاگر و ئاسن، تەنانەت لە گۆشـەبینینی ئەکادیمییشـــەوە، وەک کۆمەڵکـوژی (جینۆســاید) بینـراوە.[1] بەهەرحاڵ، دوای مـاوەیەکی دوورودرێـژ، ڕاپەڕینێکـی تـری چەکداری بە پێشڕەویی پەکەکە لە ١٩٨٤دا دەستی پێ کرد. ئەمە، لە سەد ساڵی ڕابوردووداً، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی و گەوهەری بوو لە ململانێی کوردی - تورکیدا.

---

[1] Bruinessen, Martin van (1994) "Genocide in Kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey (1937-38) and the chemical war against the Iraqi Kurds (1988)", in: George J. Andreopoulos (ed), Conceptual and historical dimensions of genocide. University of Pennsylvania Press, pp. 141-170.

دەکرێ خەباتی چەکداریی پەکەکە، بە شێوازی جیاجیا، بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکرێ، بەڵام دەبێ هەر زوو ئەوە جەخت بکەینەوە کە **تەنها یەک جۆر قۆناغبەندی نییە**، بەڵکو چەند جۆرێکە و هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە دەبێت بە چەند قۆناغێکەوە: ١) پێدراوی یەکەمیان **جوگرافیا** و **قووڵایی ستراتیجیی** خەباتە چەکداریەکەیە. لە قۆناغی یەکەمدا سوریا لە ساڵی ١٩٨٤ تا دەرکردنی ئۆجەلان لەو وڵاتە لە پاییزی ١٩٩٨دا، قووڵایی ستراتیجیی ئەو خەباتە چەکداریە بوو. لە قۆناغی دووەمدا هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە قەندیل وەک پێگەیەکی سەرەکی، بوو بە تەواوکاری سوریا وەک قووڵایی ستراتیجی. بەڵام لە ساڵانی دواییدا، کە دەکرێ لە ڕووی جوگرافیای خەباتی چەکداریەوە وەک قۆناغی سێیەم تەماشا بکرێ، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەرێمی کوردستان لە قووڵایی ستراتیجییەوە گۆڕا بۆ **گۆڕەپانی ڕاستەقینەی بەرەوڕووبوونەوەی نێوان تورکیا و چەکدارانی پەکەکە**، بەم واتایەش، ئەم بەشەی کوردستان بووە بە "لوبنانی پەکەکە". لە ئێستادا هەرێمی کوردستان گۆڕەپانی سەرەکی، یا تەنانەت دەکرێ بڵێین تاکە گۆڕەپانی بەرەوڕووبوونەوەی چەکداریە لە نێوان تورکیا و پەکەکەدا؛ ٢) پێدراوی دووەم بۆ قۆناغبەندی، **دەستگیرکردنی ئۆجەلانە**، کەواتە دەکرێ ئەو خەباتە چەکداریە بکرێ بە دوو ماوە یا قۆناغی سەرەکیی جیاوە، یەکەمیان ماوەی پێش و دووەمیان ماوەی پاش دەستگیرکردنی سەرۆکی پەکەکە؛ ٣) پێدراوی سێیەمی قۆناغبەندییەکە ئەو شێوازی **قۆناغبەندییە کە پەکەکە** خۆی لە سەرەتای خەباتی چەکداریەوە، وەک ڕێڕەوێکی

ستراتیجی، بۆ ئەو جۆرە لە خەبات دیاریی کردبوو. بەپێی ئەو قۆناغبەندییە، لە سەرەتای ئەو خەباتەوە دەست پێ دەکات تا دواین قۆناغ، واتە تا قۆناغی گەیشتن بە سەرکەوتن: أ) قۆناغی هەڵسانەوە و بەهێزکردنی ناسنامەی کوردان لە باکوور[1]، ب) قۆناغی ڕزگارکردنی پارچەیەک خاک لە باکوور[2]، ج) قۆناغی ڕاگەیاندنی "دەوڵەتێکی سەربەخۆ" لەسەر ئەو پارچە خاکە ڕزگارکراوە. لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا باس لە ناوچەی **بۆتان** دەکرا وەک ناوچەیەکی گونجاو بۆ ڕزگارکردن بۆ ئەوەی دواتر، واتە لە قۆناغی سێیەم و دواین قۆناغدا، دەوڵەت لەو ناوچە ئازادکراوەدا ڕابگەیەنرێ؛ **٤)** پێدراوی چوارەم، بۆ جۆرێکی تر لە قۆناغبەندیی خەباتەکە، لەسەر بنەمای **تاکتیکی شەڕ** و تەنانەت پێشکەوتن لە ڕووی شێوازی جووڵە و چەکە بەکارهێنراوەکان لە هەردوو دیوی ململانێدا، واتە پەکەکە لە لایەک و تورکیا لە لایەکی ترەوە. لەم بارەیەوە دەکرێ

---

[1] لەم بارەیەوە لەیەکچوونێکی زۆر لەگەڵ حاڵەتی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان، کە ئامانجێکی ئەو خەباتە هێشتنەوە و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی فەلەستینییەکان بوو، هەیە. بۆ نموونە بڕوانە:
Pappe, Ilan (2006), P. 190.
بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەربارەی ڕۆڵی خەباتی چەکداری لە شوناسی نەتەوەیی فەلەستینییەکاندا، بە تایبەتی بڕوانە:
Khalidi, Rashid (2009), *Palestinian Identity: The Construction of Modern National Consciousness*, (Columbia University Press).

[2] لەیەکچوونێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان خەباتی چەکداریی پەکەکە لە لایەک و هیی فەلەستینییەکان لە لایەکی ترەوە، ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتدا نەتوانرا پارچەیەک خاک ڕزگار بکەن بۆ ئەوەی دوایی یەکەیەکی سیاسی (کەم یا زۆر دەوڵەتی سەربەخۆ، یا فەرمانڕەوایی خۆیی) لەسەر ئەو خاکە ڕابگەیەنرێ. دەربارەی حاڵەتی فەلەستینی، بە تایبەتی بڕوانە:
Pappe, Ilan (2006), P. 190.

قۆناغی هەرە دوایی هیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (ناسراو بە درۆن) بێت، کە لە ڕێگەیەوە تورکیا توانیویەتی پەکەکە هەراسان بکات، بە تایبەتی لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی سەرکردە و چالاکوانە دیارەکانی پەکەکە لە ڕێگەی ئەم جۆرە فڕۆکانەوە لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان؛ ٥) پێدراوی پێنجەم، وەک بنەما بۆ قۆناغبەندی، ئەو شێوە **پەیوەندی و دینامیزمەیە** کە لە نێوان خەباتی چەکداری لە لایەک و هاوتەریبەکەی، واتە خەباتی مەدەنی و سیاسی، هاتووەتە گۆڕێ، بە تایبەتی ئەو چالاکییە مەدەنی و سیاسی و پەرلەمانییە کوردییانەی کە لەژێر چەتری یاسا لە تورکیادا دەکرێن، گرنگن، بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٩١ەوە. پرسیارێکی گرنگیش کە پێویستە لەم بارەیەوە بکرێ، ئەوەیە ئاخۆ ئەم دوو شێوازە لە خەبات (خەباتی چەکداری لە لایەک و خەباتی مەدەنی لە لایەکی دیکەوە) بەبێ کێشە **هاوتەریب و هاوئاهەنگ بوون** یان بە شێوەیەکی **ئاڵۆز و پڕ لە کێشە** ئاوێتەی یەکتر بوون؟ لەم بارەیەوە دەتوانم بڵێم خەباتی مەدەنی لە باکووری کوردستان تەنها کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەدا نەبووە، بەڵکو تەنانەت بە هەمان ڕادە، کێشەی لەگەڵ "قەندیل"یشدا هەبووە، چونکە سەرکردەکانی قەندیل بەردەوام ترسی "**لەدەستدەرچوون**"ی خەباتی سیاسی و مەدەنییان هەبووە، لەبەر ئەوەش، پەیوەندییەکە لە هاوتەریب و هاوئاهەنگبوونێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و بەرهەمدارەوە دەگۆڕرێ بۆ **پەیوەندییەکی کێشەدار**. دواجار، بە کورتی و بە چڕی، خەباتی مەدەنی و سیاسی لە باکوور بەردەوام کەوتووەتە نێوان دوو

بەرداشەوە (ئەنقەرە لە لایەک و قەندیل لە لایەکی دیکەوە): هەرگیز قەندیل ڕێگە بە خەباتێکی مەدەنی نادات ئەگەر لەژێر چنگ، سێبەری قورس و کۆنترۆڵی خۆیدا نەبێت؛ ئەمەش ڕۆحی کێشەکەیە! دەکرێ هەر ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بێت وا بکات کە چالاکانی بواری خەباتی سیاسی و مەدەنی خوازیاری ئەوە بن کە خەباتەکەیان "ڕزگار ببێت" لە سێبەری قورسی قەندیل و خەباتە چەکدارییەکەی، کاتێک ئەوان، یا هەر نەبێ بەشێک لەوان، بە ڕاشکاوی داوا دەکەن پەکەکە چەک دابنێ. هەر بۆ نموونە، ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا سەلاحەدین دەمیرتاش لە گرتووخانەوە داوای کرد پەکەکە، لەپێناو بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، "**چەک دابنێ**". ئەم داوایەش یەکسەر ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیر، نووسەر و هونەرمەند لە تورکیا پشتگیرییان لێ کرد.[1]

بەهەرحاڵ، بۆ مەبەستی ئەم باسەی بەردەست، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر پێداوی یەکەم کە هیی **جوگرافیا و قووڵایی ستراتیجیی** خەباتی چەکداریی پەکەکەیە، دەوەستم، چونکە هەر ئەم شێوازەی قۆناغبەندییەیە کە هیی بەراوردکارییە لەگەڵ خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکاندا، کە ئامرازە میتۆدییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. دەکرێ پێداوەکانی تر، بەپێی پێویست و لە

[1] "داواکارییەکی دەمیرتاش لە پەکەکە کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە" لە پێگەی *شارپرێس*،
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=207170
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٧/٢٩.

جێگەی گونجاو لە باسەکەدا، گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، یا ئاماژەیان بۆ بکرێ.

لە ڕەهەندی هەرێمییەوە و گرێدراو بە ناهەمواریی جوگرافیای سیاسیی کوردستان، بە تایبەتی داخراوی، هەر زوو لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان، ئەو خەباتە ڕێک کەوتە سەر ڕێچکەی خەباتە چەکداریی کلاسیکییەکەی باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥ و دواتر لە ١٩٧٦ تا ١٩٨٩). بەم واتایەش، ئەم داخراوییە وای کرد کە **ڕەهەندی جوگرافی و قووڵایی ستراتیجی** ئاوێتەی یەکتر ببن، واتە **هەر یەکێکیان ئەوەی تریان پێویست بکات**.

لە باشووری کوردستان هەر زوو، واتە لە سەرەتای ١٩٦٠ەکانەوە، **بژاردەی ستراتیجی** کەوتە سەر هاوپەیمانی لەگەڵ شای ئێراندا، واتە ئێران بوو بە **قووڵایی ستراتیجیی** بزاڤە چەکدارییەکە. لەم قۆناغەدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی پێشڕەویی ئەم بزاڤە و ئاڕاستە ستراتیجییەکەیان دەکرد. بەهەرحاڵ، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێرانیش، هەمان بژاردەی ستراتیجی جارێکی تر بووەوە بە بنچینە و بنەمای پەیوەندیی دوو هێزە سەرەکییەکەی گۆڕەپانی بزاڤی چەکداری، واتە یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان (پێشتر ناسراو بە سەرکردایەتیی کاتی) لەگەڵ ڕژێمی ئایەتوڵڵاکانی ئێران.

لە حاڵەتی خەباتی چەکداریی پەکەکەشدا، ئەم نموونە مێژوورییە کتومت خۆی دووبارە کردەوە، ئەویش لە شێوەی

هاوپەیمانیی پەکەکە لەگەڵ ڕژێمی حافز ئەسەددا. ئەمە ڕێک ئاکام و چارەنووسی خەباتی چەکداریيە، کاتێک جوگرافیاکە **هەمان جوگرافیای سیاسیی داخراوە**. لە ڕاستیدا نەک هەر داخراوە، بەڵکو مەرجەکانی بوون و مانەوەی خەباتی چەکداری لەو جوگرافیا داخراوەدا **قووڵایی ستراتیجی و شێوازی هاوپەیمانی** دیاری دەکات، کە ئەویش وڵاتی **دوژمن** یا **داگیرکاری** ژمارە دووە، ئێران، سوریا... واتە ئەم ڕێسایەی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ داگیرکاری دووەم لەپێناو جەنگان بەرامبەر بە داگیرکاری یەکەم و خۆڕزگارکردن لێی، لە هەردوو حاڵەتدا (واتە حاڵەتی خەباتی چەکداری لە باشوور و باکوور) بوو بە هۆی بەرهەمهاتنی جۆرێک لە **کولتووری سیاسی** کە دواجار، کەم یا زۆر، بوو بە ڕێسایەکی سەرەکی لە تەواوی بزاڤە چەکداریيەکان لە کوردستانی مەزندا، بەڵام زۆز بە تایبەتی لە باشوور و باکووری کوردستان. ئەم کولتووره سیاسییە هیی ئاوێتەبوونی دوو شتی زۆر دژبەیەکە لە "**هاوپەیمانییەکدا**"، کە من لە جێگەی تردا پێم گوتووە "هاوپەیمانیی ناموقەدەس": لە لایەکەوە ڕژێمێک هەیە کە بەشێکی تری کوردستان داگیر دەکات و هەموو جۆرێک لە ستەمی نەتەوەیی بەرامبەر کوردانی ئەو بەشەی کوردستان پەیڕەو دەکات، لە لایەکی دیکەوە بزاڤێکی چەکداریی کوردستانی هەیە کە ناوی خۆی ناوە **بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان**، بەڵام تا سەر ئێسقان هاوپەیمان و وابەستەی ئەو ڕژێمە ستەمکار و داگیرکارەیە.

سوریا و تورکیا لە ساڵی ١٩٩٨دا گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سوریا کۆتایی بە بوونی ئۆجەلان لە سوریا و یارمەتییەکانی ئەو وڵاتە بۆ پەکەکە بهێنێت.[١] دواتر

---

[١] لە ڕاستیدا دوو ڕێککەوتن لە نێوان سوریا و تورکیادا کراون، هەردووکیان بە ناوی ڕێککەوتنی ئەدەنە: یەکەمیان لە ١٩٨٧ کە دوو خاڵی سەرەکیی لە خۆ دەگرت: کۆتاییهێنانی یارمەتیی سوریا بۆ پەکەکە، بەرامبەر بە "ئاوی ڕووباری فورات" لە تورکیاوە بۆ سوریا بە بڕی پێنجسەد مەتر سێجا لە چرکەیەکدا.
ڕێککەوتنی دووەمیان، هەر بە ناوی ڕێککەوتنی ئەدەنەوەیە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا سوریا و تورکیا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی گشتگیر. لە گۆشەبینیی دەوڵەتی تورکیاوە مەبەستی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنە کۆتاییهێنان بوو بە یارمەتییەکانی سوریا بۆ پەکەکە، تەنانەت یارمەتیدانی سوریاش لە دەستگیرکردنی سەرۆکی ئەو حزبە، عەبدوللا ئۆجەلان. خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە: ١) نابێت سوریا ڕێگە بدات بە هیچ چالاکییەک کە ئاسایش و سەقامگیریی تورکیا بخاتە مەترسییەوە؛ ٢) سوریا ڕێگە بە پەکەکە نەدات کە هیچ بنکەیەکی نوێ لەو وڵاتە دابمەزرێنێ؛ ٣) سوریا پەکەکە وەک "ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستی" بناسێنێ؛ ٤) سوریا ڕێگە نەدات بە ئەندامانی پەکەکە کە لە ڕێگەی ئەو وڵاتە (سوریا)وە بچن بۆ وڵاتی سێیەم؛ ٥) ئۆجەلان لە سوریا نییە، ڕێگەشی پێ نادرێت کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سوریا؛ ٦) ئەگەر سوریا ئەم خاڵانەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا تورکیا بۆی هەیە بە قوواڵیی پێنج کیلۆمەتر لە ناو خاکی سوریادا ئۆپەڕاسیۆن دژ بە لایەنگرانی پەکەکە بە ڕێوە ببات.
جگە لەم خاڵانە، بە پێداگریی تورکیا دوو خاڵی دیکەش، وەک هاوپێچ (annex)، بە ڕێککەوتنەکەوە لکێنراون: ١) دەبێ سوریا کۆتایی بە سیاسەتی "دنەدان"ی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لە کۆمکاری عەرەبیدا دژ بە تورکیا بهێنێ؛ ٢) پێویستە سوریا یارمەتیدەر بێ لە دەستگیرکردنی عەبدوللا ئۆجەلان. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێککەوتنی یەکەم، بۆ نموونە بڕوانە:
Maden, Tugba Evrin (2012) "The Water Issue From Past To Present In Turkey-Syria Relations," https://www.riob.org/fr/file/272226/download?token=1302-GS9

پرۆسەکە بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان کۆتایی هات. ئەم ڕووداوە (واتە کۆتاییهێنان بە بوونی ئۆجەلان لە سوریا) لە ساڵەرەتا و لە بەردەواماییشدا لە لایەن پەکەکەوە ئەو تەفسیرەی بۆ کرا وەک ئەوەی ئەم ڕووداوە دەربڕی "**کۆمپلۆ**" یا پیلانێکی نێونەتەوەیی بێت. بەڵام هەر ئەو کاتە و لە بەردەواماییشدا من بۆچوونێکی زۆر جیاوازترم لەمەڕ ئەو ڕووداوە خستووەتە ڕوو: ئەم ڕووداوە وەک نسکۆکەی خەباتی چەکداری بوو لە باشووری کوردستان لە ئاداری ١٩٧٥دا. واتە ڕووداوەکە زیاتر دەربڕی هەڵوەشانەوە، شکست و کۆتایی ئەو "**هاوپەیمانییە**" بوو کە هەر لە سەرەتای ١٩٨٠کانەوە بووبووە فۆرمی پەیوەندییەکانی نێوان پەکەکە و ڕژێمی ئەسەد. بەڵام ڕووداوی دەرکردنی ئۆجەلان و ئەو شکستەی بەر پەکەکە کەوت، چەند جیاوازییەکی لەگەڵ نسکۆکەی ١٩٧٥دا هەبوو، بەم چەند جیاوازییەش پەکەکە توانیی بمێنێتەوە و دواتر بەردەوامی بە خەباتە چەکدارییەکەی خۆی بدات، واتە بەبێ بوونی ئەم جیاوازییانە، بە ئەگەری زۆرەوە چارەنووسی بزاڤی چەکداریی پەکەکەش هەر وەک ئەوەی باشوور "ئاشبەتاڵ" دەبوو: ١) بوونی "بۆشاییەکی ئاسایشی" لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیکتر لە

دەستگەیشتن: ٢٠٢٠/٧/٨.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێککەوتنی دووەم بڕوانە:

Republic of Turkey, Ministry of Foreign Affairs, http://www.mfa.gov.tr/_p_statement-made-by-ismail-cem_-foreign-minister_-on-the-special-security-meeting-held-between-turkey-and-syria_br_october-20_-1998_br__unofficial-translation___p_.en.mfa

دەستگەیشتن: ٢٠٢٠/٧/٨.

سـنووری ئێـران، کە هێزەکـانی پەکەکە توانییـان ڕووی تـێ بـکەن و هەر لەوێـش خۆیـان ڕێـک بـخەنەوە؛ ٢) بـوونی میدیایەکی بەهێز، بە تـایبەتی مـێد تیڤی، کە تـوانیی ببێت بە یاریـدەدەرێکی گرنـگ بـۆ پاراسـتنی پەکەکە لە شکسـتێکی بڕاوبـڕ؛ ٣) بـوونی توانـایەکی مرۆیـی گەورە و کـاریگەری پاڵپشـتی پەکەکە لە تـاراوگە، بە تـایبەتی لە ئەوروپـای ڕۆژئـاوا و ئامـادەییەکی بێـوێنەی ئەم توانـا مـرۆییە بـۆ یارمەتیـدانی پەکەکە؛ ٤) پێویسـتیی تورکیـا بەوەی وێـنەی خـۆی لە ئەوروپـا "جـوان" پیشـان بـدات، بە هیـوای ئەوەی دەرگای ئەندامێتیی بـۆ بکرێتەوە. دەسـتگیرکردنی ئـۆجەلان نەبـوو بە کۆتـایی ئەم سـەرکردەیە، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە، پەراوێزێکی گەورەی مـانۆوەر بـۆ ئەو سـەرکردەیە ڕەخسـا، کە دواجار ئەم پەراوێزی مانۆوەرە **بووە فاکتەرێکی گرنگ بـۆ دوو دانە مـانەوە**: **أ-** مـانەوەی ئـۆجەلان لە لایەک، **ب-** مـانەوەی پەکەکە لە لایەکـی دیـکەوە؛ ٥) پەکەکە خـاوەنی سـەرمایە و نەختینەیەکی زۆر بـوو، کە بەشـی زۆرتـری ئەم سـەرمایەیەش لە جیهـانی ڕۆژئـاوا کـۆ کرابـووەوە. جـگە لەوەش، بەشـێکی باشـی ئەم سـەرمایەیە خرابـووە بـواری جیاجیای وەبەرهێنانی ئابوورییەوە.

بەهەرحـاڵ، ئەوەی پێویسـتە جەختـی لەسـەر بکرێتەوە، ئەو ڕاسـتییەیە کە قۆنـاغی دوای دەسـتگیرکردنی ئـۆجەلان قۆنـاغی چڕبـوونەوەی بەلوبنـانیکردنی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، چـونکە دواجـار لە سـاڵانی دواییـدا شـەڕی تورکیـا و پەکەکە، کەم یا زۆر، تەنها لەسـەر خاکی هەرێمی کوردستان بە ڕێـوە چـووە. هـاوتەریبیش لەگەڵ ئەو پێشـوەچوونە، ڕۆژ

دوای ڕۆژ بـــارگرژی و تەنـــانەت تـــرس لە بەریەککەوتنـــی خوێناویی هێزەکانی پەکەکە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام زۆر بە تـایبەتی هێزەکـانی سـەر بە پـارتی دیمۆکراتی کوردستان، زیاتر بووە. جگە لەوەی بزاڤی چەکداریی پەکەکە لە هەرێمـــــی کوردســـــتان و چڕبـــــوونەوەی ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ هێزەکـانی تورکیـا، وای لە زۆرێـک لە لادێنشـینانی نـاوچە سـنووربیەکان کـردووە ناوچەکانیـان جـێ بهـێڵن و زیـانی زۆریـان بەربکەوێـت. ئەم چڕبوونەوەیـەی بەریەککەوتن و پێکدادانی نێوان پەکەکە و تورکیـا، سـاڵانی نێوان ١٩٧٦-١٩٨٢ی بەریەککەوتنـی فەلەسـتینییەکان و ئیسـرائیلمان لەسەر خاکی لوبنان بیر دەخاتەوە.

***

ئێستا دەبێ، لە گۆشەبینینی بەراوردکاریەوە، بپرسین ئـاخۆ لە دوانەی تیـۆری و واقیعـدا دەتـوانین چـی بڵێـین دەربـارەی چالاکییە سەربازییەکانی ڕابووردووی فەلەستینییەکان لە لوبنان لە لایەک و چـــالاکییە ســـەربازییەکانی پەکەکە لە هەرێمـــی کوردستان لە لایەکی ترەوە؟

لە **ڕووی مـۆرالی و تیـۆرییەوە**، ئەوەی پەیوەندیدارە بە بانگەشـــەی ناســـیۆنالیزمی عەرەبـــی و ناســـیۆنالیزمی فەلەسـتینییەوە، ئەو بانگەشـە سـادەیە بـووە کە کێشـەی فەلەسـتین **کێشـەی هەمـوو نەتەوەی عەرەبە**، بەم پێـیەش، دەبـێ هەمـوو وڵاتـانی عەرەبـی ئامـادە بـن بـۆ یارمەتیـدانی فەلەســـتینییەکان و دەرگاشـــیان بـــۆ وەرگـــرتن و لەباوەشـگرتنیان کـراوە بێـت. بەڵام کە تەماشـای واقیعـی

فەلەستینییەکان دەکەین، لە پەیوەندیدا لەگەڵ ولاتانی عەرەبی، دەبین هەمەڕەنگییەکی زۆر هەیە لە پەیوەندییەکاندا، هەر لە پشتگیری تا ئەوپەڕی بەریەککەوتن، خوێنڕێژی و دوژمنایەتی لە نێوان فەلەستینییەکان لە لایەک و ولاتانی عەرەبی لە لایەکی ترەوە. بەسەرهاتی چالاکییە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان لە هەرسێ قۆناغە جوگرافییەکەیدا (غەزە، ئوردن، لوبنان) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە خاڵی لاوازی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان ئەوە بووە کە ئەو خەباتە **نەک** هەر لە **ڕۆخەوە** دژی ئیسرائیل پەیڕەو کراوە، بەڵکو تەنانەت لە دوو قۆناغی دواییدا ئەو خەباتە بە تەواوەتی بڕاوەتە دەرەوەی خاکی فەلەستین (دەرەوەی ڕۆخ)، واتە بڕاوەتە **ڕۆخی ڕۆخ**. دەرەنجام، ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە سەرەڕای بوونی هەندێ بنەمای مۆرالی - ئایدیۆلۆژی کە جەخت لە هاوئاهەنگیی نێوان فەلەستینییەکان و ولاتانی عەرەبی دەکەنەوە، بەڵام لە پراستیدا چەکدارە فەلەستینییەکان بوونەتە بەشێک لە کێشەکانی ڕۆخی ڕۆخ، هەندێک جار دووچاری یەکلاکردنەوەی خوێناوییش بوونەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارە عەرەبییەکانی ڕۆخی ڕۆخدا.

لە بەرامبەر ئەم حاڵەتە عەرەبی - فەلەستینییەدا، دیسان لە ڕووی مۆرالی و ئایدیۆلۆژییەوە، تێگەیشتنێکی کوردانە هەبووە بۆ بانگەشەی پەکەکە کە **کوردستانی مەزن هیچ هەموو کوردانە** و بوونی چەکدارانی ئەو حزبەش لە هەرێمی کوردستان، لەم چوارچێوە تیۆرییەدا، شتێکی ئاسایی و سروشتییە. لە بەرامبەر ئەمەدا، لە هەرێمی

کوردستان بۆچوونێک هەبووە، زۆر بە تایبەتی پارتی هەڵگری ئەم بۆچوونە بووە، کە **گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتی پەکەکە** باکووری کوردستانە. هەر بەپێی ئەم بۆچوونەش، پەکەکە بۆی نیە لە هەرێمەوە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی تورکیا ئاڕاستە بکات و دەستیش لە **کاروباری ناوخۆی هەرێم** وەربدات. بەڵام پارتی لە هەڵسوکەوت و کردارەکانیدا دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی خۆیدا: ئەوەی جێگەی سەرنج بووە، چ لە ڕابوردوو و چ لە ئێستادا، پارتی بە هەموو شێوەیەک، تا ڕادەی حزوور و هەڕەشەی چەکداری، هەوڵی داوە هەژموونی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستان بسەپێنێ. ئەم ڕاستییە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات پەنا بۆ مێژوویەکی زووتر ببەین، لە سالانی دواییدا بە ڕوونی پشتڕاست بووەوە، کاتێک دوای سەرهەڵدانی ئیدارەی خۆجێیی لە ڕۆژئاوای کوردستان، پارتی بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە حزووری لەو بەشەی کوردستان هەبێت. سەرنەکەوتوویی پارتی لەم هەوڵەیدا، واتە هەوڵی حزوورێکی کاریگەر لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ فەرمانڕەوایی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی و لەگەڵ پەکەکەشدا بە گشتی، بە نەرێنی (نێگەتیڤ) شکاوەتەوە. ئەم سیاسەتەی پارتی تەنانەت خۆی لە گەمارۆیەکی دڵڕەقانەشدا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕیوە. ئەمە لە کاتێکدا دۆخی خەڵک لەوپەڕی ناهەمواریدا بووە، جگە لە سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورکیاش لە تەنگپێهەڵچنینی ئەو

بەشەی کوردستان و تەنانەت هێرشی سەربازیی بەردەوام لەسەر ئەو بەشەی کوردستان.

ئەو ناکۆکییەی کە لە هەناوی سیاسەتی پارتیدا هەیە، لە مەسەلەی مافی کوردانی بەشەکانی تری کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە مافی **بوونی خۆی** (واتە پارت) لە بەشەکانی تری کوردستان، تەنانەت بە چەکیشەوە، هەموو بەهانەکانی ئەو حزبە بەرامبەر بە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بێبنەما دەردەخات. مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بپرسێ ئاخۆ پارتی، کەم یا زۆر، بۆچی هێزێکی حەوتەهزار کەسیی بە ناوی "هێزی ڕۆژ" لە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان پێک هێناوە و تێچووی ئەم هێزەش کراوەتە بارگرانییەکی ئابووریی زۆر بەسەر هەرێمەوە، کە تێچووەکەش مانگانە بە دووسەد و پەنجا ملیار دینار مەزەندە کراوە[1]، ئەگەر مەبەست بەکارهێنانی ئەو هێزە نەبێت **دژ بە، یا لە ناو**، ڕۆژئاوای کوردستان و بەرامبەر بە پەکەکە؟ کەواتە، ئەوەی پارتی بەرامبەر بە چالاکییەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان دەیڵێت، تەنها "دووفاقی" و پڕ لە ناکۆکییە و ناسازییەکی ئاشکرایە لە نێوان بانگەشە لە لایەک و کردار لە لایەکی ترەوە. بەهەرحاڵ، هەڵوێستی ئەو حزبە ناتوانێ "بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە" دەربڕی هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانە و

---

[1] بڕوانە: "هێزەکانی ڕۆژ کێن و مووچەی مانگانەی چەندە لە بودجەی هەرێم"، لە پێگەی *ستاندارد*، نیسانی ۲۰۲۰. http://skurd.net/2020/04/14/هێزەکانی-پێشمەرگەی-ڕۆژ-کێن-و-مووچەی-ما/
دەستگەیشتن: ۲۰۲۲/۸/۱۳.

بابەتییانە بێت. ئەگەرچی بەرپرسەکانی پارتی بەردەوام ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە "گرژییەکان لە نێوان پەکەکە و پارتیدا نییە، بەڵکو لە نێوان پەکەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە."[١٠]

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە نیشانەی پرسیار بخرێتە سەر حیکمەت و سیاسەتی پەکەکەش، نەک هەر سەر سیاسەتی پارتی. بەڵام گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە، کە سروشتی ئەو نیشانە پرسیارەی سەر سیاسەتی پەکەکە، بە زەروورەت، پێ لە ڕاستی و دروستی، یا چەوتیی سیاسەتی پارتی هەڵناگرێ... ڕەواییبوون یا نەبوونی هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا، تەنها ڕەهەندی مۆرالّی و ئایدیۆلۆژیی نییە. لە ڕاستیدا ئەوەی پێویستە، هەڵسەنگاندنی پێداوە واقیعییەکانە، واتە دوور لە کاریگەرییە مۆرالّی و ئایدیۆلۆژییەکان. گرنگە بە تایبەتی، لە هەڵسەنگاندنێکی ئەوهادا، جەخت لەسەر **ژینگەی جوگرافیای سیاسیی خەباتی چەکداری** بکەینەوە، لە چوارچێوەی سیاسەتی واقیعیدا (realpolitik)، دوور لە وروژاندنی هەست و نەست، پڕۆپاگەندە و بانگەشە مۆرالّی و ئایدیۆلۆژییەکان.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە بانگەشەکەی پەکەکەدا بە شێوەیەکی کارەساتئامێز کورتی هێناوە، ئەم پرسیارە گەوهەرییەیە: ئاخۆ لە کاتێکدا خەباتی چەکداریی ئەو حزبە لە ڕۆخەوە، واتە لە باکووری کوردستان، بە قەدەر ئەوە

---

[١] بۆ نموونە بڕوانە:
https://nrttv.com/News.aspx?id=45414&MapID=1
دەستگەیشتن: ٢٠٢١/٦/٢٣.

کاریگەریی نەبووە کە وا بکات دەوڵەتی تورکیا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی خۆیدا بەرامبەر دۆزی کورد بکات، ئەوە چییە وا دەکات کە هەمان ئەو خەباتە چەکدارییە لە **دەرەوەی ڕۆژ**، یا **لە ڕۆژی ڕۆژهەوە** (واتە لە هەرێمی کوردستانەوە)، بتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە؟ جگە لەوەش، دوای ئەو هەموو وێرانکارییەی کە لە باکوور لەو شێوازە لە خەبات کەوتووەتەوە، ئەوەتا هەرێمی کوردستانیش، لە ئاکامی گواستنەوەی ئەو خەباتی چەکدارییە بۆ ڕۆژهی ڕۆژ، دووچاری چارەنووسێکی هاوشێوە بووەتەوە، واتە وێرانکاری و زیانی مرۆیی لەو ناوچانەی کە شەڕی نێوان لەشکری تورکیا و پەکەکە تێیاندا ڕوو دەدات. هەڵبەتە بە بەراورد بەو وێرانکارییەی کە زووتر بەر باکووری کوردستان کەوتووە، ئەوەی باشووری کوردستان، هەر نەبێ تا ئێستا، زۆر سنووردار بووە. بەهەرحاڵ، "ڕاگواستنی ملیۆنان کورد و وێرانکردنی زیاتر لە سێهەزار لادێ لە باکووری کوردستان تەنها بە سیاسەتی شۆفینیزمی تورکیا تەفسیر ناکرێ، بەڵکو ئەم ڕاگواستنە بەشێکە لە کاردانەوەکانی ڕژێم بەرامبەر خەباتی چەکداری. لە ئاکامی لیکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە ژمارەی ئەو لادێیانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٩ وێران کراون، زیاترن لە ژمارەی ئەو لادێیانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٦دا وێران کراون."[١٠]

---

[١٠] یاسین، د. بورهان أ. (٢٠٠٠)، "شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست به 'سەرکەوتن'"، ڕۆژنامەی پەیام، ژمارە ٢١، فێبریوەریی ٢٠٠٠، لاپەڕە ٩؛

له کاتێکدا ئەم هەموو کاولکارییە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە بە خەباتی چەکدارییەوە، لە بەرامبەریشدا دەبێ بپرسین ئەو زیانە مرۆیی و ماددییانە چین کە لەم شەڕەدا بەر دەوڵەتی داگیرکار، واتە تورکیا، کەوتوون؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر ئەو زیانە ئەوەندە گەورە نەبێت کە وا لە تورکیا بکات سیاسەتی لەمەڕ کێشەی کورد بگۆڕێ، ئەوا واتای وایە کە هەرگیز ئەو خەباتە چەکدارییە نەیتوانیوە ئامانج بپێکێ. لە ڕاستیدا، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کۆتایی ١٩٩٠ەکاندا کراوە، ئەم زیانە مرۆییانە خەملێنراون کە لە شەڕی نێوان دەوڵەت و پەکەکەدا بەر تورکیا کەوتوون و دەرکەوتووە کە ژمارەی قوربانیانی ئەو شەڕە کەمترن لە قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ئەوەشی کە گرنگترە، ئەوەیە کە **زۆربەی** قوربانییەکانی ئەو شەڕە (لە نێوان ١٩٨٤ و ٢٠٠٥) کە بە سیهەزار کەس مەزەندە کراون، مەدەنی بوونە.[1] جگە لەوەش، زۆر گرنگە ئەوە بزانرێ کە ئەم مەدەنییانە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن، بە تایبەتی خەڵکی لادێنشینانی کوردستان بوونە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی بووبوونە گۆڕەپانی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی دەوڵەت و پەکەکە. زیانە ئابوورییەکان، وەک تێچووی جەنگ، سالانە بە هەشت ملیار دۆلار خەملێنراون، ئەمەش هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەو ڕاستییەی کە سالانە ناهاوسەنگی کەوتووەتە ناو بودجەی تورکیاوە، بە واتای

هەروەها هەمان بابەت لە: یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٢) *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی میژووە*، لاپەڕە ١٥١.

[1] Vick, Karl (2005), "In Turkey, new fears that peace has passed," in *The Washington Post*, 10/05/2005.

کورتهێنـان لە بـودجەدا.[1] جـگە لەوە، لە سـاڵی ٢٠١٢دا، لە ئاماژەیەکدا بۆ زیانەکانی جەنگ، ئەردۆغان گوتی "تا ئەمڕۆ دەوڵەت سێسـەد و پـەنجا ملیـار دۆلاری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا خەرج کردووە."[2] پەکەکە، لە لای خۆیەوە، بە خۆشحاڵییەوە باس لەم زیانە گەورەیە دەکات کە بەر دەوڵەتـی تورکیـا دەکەوێ و وەک "سـەرکەوتنێکی" خەباتی چەکداری باسی لێوە کـردووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە زیـانە بـۆ ئـابووریی تورکیـا، دەسـتکەوتێکی گەورەیە بـۆ هێـزە چەکـدارەکانی تورکیـا و پیشەسـازیی سـەربازی، پیشەسـازییەک کە لە پەیوەنـدیی تووندوتوڵـدایە لەگەڵ هێزی سەربازیی وڵاتدا. جگە لەوەش، شـەڕی تورکیا

---

[1] Beriker-Atiyas, Nimet (1997), "The Kurdish Conflict in Turkey: Issues, Parties and Prospects", in *Security Dialogue*, Vol. 28, No. 4. pp. 439, 441; Biegala, Eric (1998), "Mixed blessings from GAP project for Turkey's South-East," in *Turkey Update*, 30 Dec. 1998.

[2] http://rudaw.net/kurdish/index.php/kurdistani/13668-PKK-350.html

دەستگەیشتن: ٢٠١٢/٥/١١.

بەرامـبەر ئەم هەمـوو تێچـووەی جەنـگ کە تەنهـا بە کاولکـاریی بـاکووری کوردستان تەواو بـووە، تورکیـا تـا ئێستا، لە مـاوەی سـەد سـاڵی ڕابـوردوودا، یەکەم جـارە پرۆژەیەکی گەورەی پەرەپێدانی ئابووری - کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردنشـینەکان جێبـەجێ دەکـات. ئەم پـرۆژەیە (گـاپ - *Güneydoğu Anadolu Projesi*) ڕاستەوخۆ نۆ لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان پەیوەندیـدار دەکـات و تێچـووەکەی بیسـت و سـێ ملیـارە. گـاپ لە کۆتـایی ١٩٧٠کاندا، یەکەم جار بە ناوی پرۆژەی باکووری فورات، دەستی پێ کرد و مەبەست لێی بونیادنانی بیست و یەک بەنداو بوو، کە گەورەترینیان بەنداوی ئەتاتورکە و دەکەوێتە ناوچەی ڕەحا (شـەنلی ئورفە یا ئورفە). تەنها تێچووی ئەم بەنداوە زیاتر لە سێ ملیار دۆلارە. شایەنی گرنگپێدانە کە تورکیا بەشێک لە تێچووی ئەم پرۆژە ستراتیجییەی قەرز کردووە.

ئەم زانیارییانە لە ڕەشنووسی کتێبێکی نووسـەر وەرگیراون کە هێشتان بە چاپ نەگەیشتووە.

و پەکەکە کاریگەرترین ئامرازە بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەهێزتر بکات و تەنانەت دەوڵەتیش بە بارمتە بگرێت: ئەم شەڕە ساڵانێکە بووە بە کارخانەی بەرهەمهێنانی دەستکەوتی **ئابووری، سەربازی و سیاسی** بۆ هێزی سەربازیی تورکیا، بەڵام لەوڵاشەوە بووە بە هۆی کاولکاری و تراژیدیای مرۆیی بۆ ناوچە کوردنشینەکان!

لە ڕاستیدا ئەو زیانە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە بە هۆی خەباتی چەکدارییەوە لە دۆزی کورد لە باکووری کوردستان کەوتوون، کەمتر نین لەو کاولکارییە ماددی و زیانە مرۆییەی کە پێشتر باس کرا. پێشتر لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئەوە خەجت کراوەتەوە کە ئەم جۆرە لە خەبات تورکیا:

بە جوانی لەوەدا سەرکەوت کە هەر نەبێ، پشتگیریی جیهانی ڕۆژئاوا مسۆگەر بکا بۆ دژایەتیکردن و گەمارۆدانی دیپلۆماسییانەی ڕاپەڕینی چەکداریی پەکەکە، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەوەوە کە سیفەتی تیرۆریزم بخاتە پاڵ ئەو جوولانەوەیە. [...] هەڵبەتە پەیوەندی و هاوکاریی سیاسی و ستراتیجیی پەکەکە لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و ئایدیۆلۆژیی خەباتیدا، بە هەندێ وڵات و هێزەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە [بە] بەرەی پشتگیریی تیرۆریزم یان بە تیرۆریست ناسرابوون، ڕۆڵی نیگەتیڤی هەبووە لەم بوارەدا.[1]

---

[1] بورهان أ. یاسین، ۲۰۰۰، لاپەڕە ۱۱؛ هەروەها هەمان بابەت لە: بورهان أ. یاسین، ۲۰۰۲، لاپەڕە ۱۵۷.

بە واتایەکی تر، پەکەکە بە دانانی چەک لە ئەمڕۆدا، هەر وەک حاڵەتی دانانی چەک لە لایەن ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، دەتوانێ کۆمەڵێ ئامانج بپێکێت کە گرنگترینیان **بێکاریگەرکردنی ماکینەی وێرانکاریی شەڕ**، ڕقی تۆڵەسەندنەوەی هێزە شۆڤینیستەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا و داموددەزگا جۆراوجۆرەکانی زەبروزەنگی ئەو وڵاتەیە. جگە لەوەش، هەنگاوێکی ئەوها کاریگەرترین ئامرازەکانی گەمارۆ و دۆرپێچکردنی سیاسی و دیپلۆماسیی دەوڵەتی تورکیا لەسەر کورد، کە بە هۆی دانی مۆری "تیرۆریزم" لە پەکەکە دەستی کەوتووە، تێک دەشکێنێ و بێکاریگەری دەکات. بەم شێوەیەش، هەر وەک لە حاڵەتی فەلەستینییەکاندا، لە ماوەیەکی کەمدا توانا مرۆیی و سیاسییەکانی گەلی کورد لە تورکیا ڕزگار دەبن لەو سێبەرە قورسە، دوای ماوەیەکی کەمیش کورد لە تورکیا لە پێگەی "تیرۆریست"ەوە دەچێتە پێگەی ئاشتیخواز و قوربانی. ئەمە ڕێک بەسەرهاتی فەلەستینییەکان بوو!

گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨دا لە جەزائیر، لە لایەن یاسر عەرەفاتەوە، بە شێوەیەکی ڕەسمی و یەکلاکەرەوە دەستبەرداربوونی یەکجارەکیی ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە خەباتی چەکداری ڕاگەیەنرا. لە هەمان کاتدا، ئەوەش ڕاگەیەنرا کە لەمەودوا فەلەستینییەکان **تەنها ئامرازە سیاسی و دیپلۆماسییەکان** بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. یەکێک لە کاردانەوە هەرە گرنگەکان، تەنها دوو هەفتە دوای ڕاگەیەنراوەکەی عەرەفات، دداننانی بێنیچوپەنای ئەمەریکا بوو بە ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیدا[1] و کردنەوەی دەرگای دایەلۆگ بوو لەگەڵیدا. جگە لەوەش، لە کاتێکدا بە دریژایی سالانێکی زۆر خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان توانا و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو کە تەنانەت بەشێکی کەمیش لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلی وا لێ بکات کە باوەڕ بە دایەلۆگ و چارەسەری کێشەی فەلەستینی بێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا، ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری، وای کرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، هەر نەبێ تا ڕادەی نیوەی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی، ببێ بە لایەنگری گفتوگۆ لەگەڵ PLOدا. جگە لەوەش، ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان: ١) بوو بە ئامرازێکی هەرە کاریگەر بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی سیاسی و دیپلۆماسیی سەر فەلەستینییەکان؛ ٢) بوو بە "باشترین شێوازی

[1] Ilan Pappe, (2006), P. 234.

بێکاریگەرکردنی ماکینەی جەنگیی ئیسرائیلییەکان: هەروەها ٣) بوو بە "رێخۆشکەرێک بۆ کۆنفرانسی ئاشتیی مەدرید لە پاییزی ١٩٩١دا، کۆنفرانسێک کە کەم یا زۆر، هەموو جیهان تێیدا بەشدار بوو."[١٠] هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو فاکتەرانەی کە رێخۆشکەر بوون بۆ کۆنفرانسی مەدرید، زۆرن و تەنها بڕیاری چەکدارانی فەلەستینییەکان نییە.[٢]

بە چڕکردنەوەی بەراوردکاریی نێوان خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان لە لایەک و هیی پەکەکە لە لایەکی ترەوە، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئەم بەراوردە بخەینە ڕوو. ئاشکراشە کە مەسەلەی وازهێنانی یەکجارەکیی فەلەستینییەکان لە خەباتی چەکداری، گرنگییەکی تایبەتیی وەردەگرێت لە چڕکردنەوەی بەراوردکارییەکەدا:

یەکەم: خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان لە ١٩٥٠کانداً لەسەر خاکی فەلەستین، لە غەزە، لە لایەن رێکخراوەی فەتحەوە[٣] دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەمدا، دوای شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، ئەم خەباتە بنکەی

---

[١] یاسین، بورهان أ. (٢٠٢٢)، "کورد له پەیوەندییه نێودەوڵەتییەکاندا: ڕێککەوتنی سوید، فینلاند و تورکیا به نموونه"، ٢٠٢٢/٨/٤، لاپەڕە ١٧-١٩، له: https://burhanyassin.com/Swid%20u%20Nato%2022.pdf
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٨/١٥.

[٢] بورهان أ. یاسین، (٢٠٢٢)، لاپەڕە ١٨، پەراوێزی ژمارە ٣٠.

[٣] غەزە لە ١٩٤٩وە، واتە لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتی تازەلەدایکبوو (ئیسرائیل) لە لایەک و دەوڵەتانی عەرەبی لە لایەکی ترەوە، لە لایەن میسرەوە، وەک بەشێک لە خاکی فەلەستین، ئیدارە دەدرا تا هەڵگیرسانی شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧. لەم شەڕەدا ئیسرائیل غەزە، کەناری ڕۆژئاوا، بەرزاییەکانی جۆلان و نیوەدوورگەی سینای داگیر کرد.

لێوەدەرچوونی ئۆپەراسیۆنەکانی بگوازێتەوە ئوردن و دوای ئەیلوولی ١٩٧٠ش لە ئوردنەوە بگوازێتەوە لوبنان. لە ساڵی ١٩٨٢دا، لەگەڵ هێرشی ئیسرائیلدا بۆ سەر لوبنان و و داگیرکردنی بەیروت، ئیتر یاسر عەرەفات و چەکدارانی فەلەستینی لوبنانیان بەجێ هێشت، ئەم ڕووداوەش بووە بە کۆتایی کرداری و ڕاستەقینەی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان، بەڵام ئەم کۆتاییە بە ڕەسمی، دوای ئینتیفازەکەی ١٩٨٧[1]، لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕاگەیەنرا.

لە بەرامبەردا، ئەگەرچی چەند جارێک پەکەکە، هەر لەو کاتەی کە ئۆجەلان لە ئیتالیا بوو و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی دەکرد، ڕای گەیاندووە کە ئیتر ئامادەیە واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت، بەڵام هەموو جارێکیش ئەم هەوڵانە بە پاشگەزبوونەوە/پاشگەزکردنەوە کۆتاییان هاتووە. لە دیمەنێکی گشتیدا، هەموو بڕیارەکانی وازهێنان لە خەباتی چەکداری لە لایەن پەکەکەوە، خۆیان لە قاڵبێکی **تاکتیکیدا** دەبینییەوە. ئەمە بە پێچەوانەی حاڵەتی فەلەستینی، کە دواجار دەرکەوت بڕیاری فەلەستینییەکان بۆ دانانی چەک، بەبێ دوودڵی و لە ئاستێکی "ستراتیجی"ی جێگیردا بوو. لە باسێکمدا لە ڕۆژنامەی *پەیام*، ساڵی ٢٠٠٠، چەند هۆکارێکم بۆ ناسەرکەوتوویی بڕیارەکانی وازهێنان لە چەک لە لایەن پەکەکەوە و گەڕانەوە بۆ خەباتی چەکداری

---

[1] ئینتیفازەی فەلەستینییەکان لەژێر فەرمانڕەوایی داگیرکاریی ئیسرائیلی و بەشە داگیرکراوەکەی فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٧، وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو لە میژووی ململانێی فەلەستینی - ئیسرائیلیدا. هەروەها ئەم ڕووداوە کاریگەریی هەبوو لەسەر بڕیاری کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری لە لایەن فەلەستینییەکانەوە.

خستووەتە ڕوو. ئەمڕۆ بیست و دوو ساڵ دوای ئەم باسە، هەمان ئەم هۆکارانە (ڕێک وەک خۆیان و بەبێ دەستکاری) دەخەمە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا، دوای ئەو هەموو ساڵە، پرسیار دەکەم: ئاخۆ بۆ بە لای پەکەکەوە دانانی چەک، وەک ستراتیجی، بڕیارێکی ئەستەم بووە و ئێستاش هەر ئەستەمە؟:

١) دانانی چەک خۆئامادەکردنێکی دەروونی - سیاسیی پێویستە و پڕۆسەی پەروەردەکردنی کادر و چەکەلگرەکان دەخوازێ، وەک ئامادەکارییەک بۆ دانانی چەک. چەک بۆ زۆر کەس فەلسەفە و قەناعەت و ناسنامەیە، هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە [...] مەسەلەیەکی قورسە و کاتی دەوێ.

٢) ژەنەرالەکان و هێزە شەڕخوازەکان دەخوازن شەڕ بەردەوام بێ. بۆ فاشیزم شەڕێکی سنووردار زەروورەتە.

٣) هێزە ئیقلیمییەکان، بە تایبەت ئێران، ڕۆڵیکی خراپیان دەبێ و حەز دەکەن شەڕ و سەرئێشەیەک هەبێ بۆ تورکیا. ئەم ئەگەرە، لە حاڵەتی ئێراندا، لەگەڵ بەهێزبوونی توندڕەوەکان لە بازنەی دەسەڵاتی ئێراندا، بەهێزتر دەبێ.

٤) نەفەسکورتیی پەکەکە و بە تایبەت هیی سەرۆکەکەی، کە دەخوازن دەمودەست بەرهەمی دانانی چەک ببینن.

٥) لەوانەیە ترسی پەکەکە، لەوەی کە گرووپێکی لێ جیا ببێتەوە و [هەر ئەو گرووپەش] بگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، وا بکات کە ئیتر تەواوی پەکەکە لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە، چونکە هەر گرووپێکی تر لە پەکەکە جیا ببێتەوە و بەردەوامی بە خەباتی چەکداری بدات و پشتگیریی جەماوەریش بە دەست بهێنێ، ئەوا پەکەکە

ڕەوایـــی سیاســـی لە دەســـت دەدا. دیـــارە پەکەکە لەبەر سروشـــتە ئایـــدیۆلۆژییەکەی و کولتـــوورە سیاســـی و ڕێکخراوەییەکەی، ڕێگە بە پێشووەچوونێکی ئاوها نادا[1]!

نووسەری ئەم وتارە، هەر زوو لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا، پێـی وابـوو کە کـاتی هـاتووە پەکەکە ستراتیجیی چەکـدانانی فەلەستینییەکان بگرێتە بەر. ئەم بۆچوونەشـم، وەک پێشـنیاز، لە ١٩٩٣دا بە شێوەیەکی ڕەسمی و ڕاستەوخۆ گەیشت بە پەکەکە. مـن پـێم وابـوو بە دانـانی چەک، هەر وەک لە باسـێکمدا بەر لە بیســـت و دوو ســـاڵ هـــاتووە: ١) پەکەکە خـــۆی لە شـــێوە "هاوپەیمانییەک" ڕزگار دەکات کە هیی **وابەستەییە** بە ڕژێمێکی داگیرکـارەوە، واتە سـوریا؛ ٢) "دانـانی چەک دانـانی سـنووردێک دەبـوو بـۆ پرۆسـەی مـاڵوێرانی ڕاگواسـتن و..." ٣) "بە دانـانی چەک، ژەنەراڵەکـان چەک دەکـران و هەمـوو هێـزی سـەربازیی تورکیـا بێواتـا دەکـرا و کـارتی تیرۆریـزمیش لە دەســت شۆڤێنیسـتەکانی تورکیـا دەردەهێنـرا، بەم شـێوەیەش، خەبـاتی کورد لە 'سیفەتی' تیرۆریزم ڕزگار دەکرا." ٤) "ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان و سـەرەتای نەوەدەکاندا

---

[1] یاسین، د. بورهـان أ.، (٢٠٠٠)، لاپەڕە ١٠-١١؛ هەروەهـا هەمـان بابەت لە: یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٢)، لاپەڕە ١٦٠-١٦١.
دەربـارەی خـالی پێـنجەم، لەمەڕ ئەسـتەمبوونی دانـانی چەک لە لایەن پەکەکەوە، پێویستە ئاماژە بۆ ڕاستییەکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە حـاڵەتی فەلەسـتینیدا ڕێـک ئەم شـتە ڕووی دا، واتە هاوتەریـب لەگەڵ وازهێنـانی ڕێکخـراوەی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتینی لە خەبـاتی چەکـداری، بزووتنەوەی (حماس - حركة المقاومة الأسلامية) بە جەختکردنەوە خەباتی چەکـداری، هەڵـبەتە بە شـێوازی خـۆی، کـرد بە سـتراتیجی و ڕەگەزی سەرەکیی ناسنامەی خۆی.

بـوونەتە ڕاسـتییەکی سـەر مەیـدانی سیاسـەت و پەیوەنـدییە نێونەتەوەییەکـان، ئیتـر مەودای بە شـێوە خەبـاتی چەکـداری تەسکتر و تەسکتر کردووەتەوە و ڕێگەی خۆشتر کردووە بۆ خەباتی سیاسی، بە تایبەتی لە تورکیا.[1]

دووەم: خەبـاتی چەکـداریی فەلەسـتینییەکان تەنهـا چەنـد ساڵێک (تا نسکۆی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧دا) لە سـەر خـاکی فەلەسـتین (لە غەزەوە، واتە لە ڕۆخەوە) دەکـرا، بە دوو تێبینییەوە: **أ-** ئەم خەباتە لە ڕۆخێکی پڕ لـە کێشـە و لاوازی فەلەسـتینییەوە دەکـرا، واتە دواجـار فەلەسـتینییەکان شـەڕەکەیان لە نـاو مـاڵی خۆیـانەوە[2] دەکـرد، نەک لە نـاو

---

[1] بۆ وردەکاریی زیاتر و دەقی ئیقتیباسەکان، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١؛ لاپەڕە ١٥٩.

جێگەی خۆشییەتی بڵێم کە لە کۆتایی هەشتاکان و لە سەرەتای نەوەدەکاندا مەترسییەک لە قـوواڵیی باوەڕمـدا جێگیـر بووبـوو، ئەویـش ئەوە بـوو کە ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە کە ڕووداوی وازهێنانی شـای ئێران لە جووڵانەوە چەکداریـیەکەی بارزانی لە سـاڵی ١٩٧٥، زوو یـا درەنـگ، لە نێوان سـوریا و پەکەکەدا، وەک سیناریۆیەک، دووبارە بێتەوە!

[2] چەمکـی "لە مـاڵی خۆیـانەوە"، وەک میتافۆرێـک بـۆ خەبـاتی چەکـداری لە ڕۆخەوە بەکـار هێنـراوە و لەمەشـدا سـوود لە بۆچـوونێکی سەرنجڕاکێشی نەوشیروان مستەفا وەرگیراوە کە سـاڵی ١٩٨٩، دوای شکست و هەرەسـی خەبـاتی چەکـداریی کـورد لە باشـووری کوردسـتان بـۆ دووەم جـار، لە دیمانەیەکـدا لەگەڵ گۆڤـاری بەربانگـدا بـاس لەوە دەکـات کە دەبـێ کـورد لەمەودوا خەبـاتی چەکـداری لە **مـاڵی خۆیـدا** نەکـات، بەڵکـو ئەم خەبـاتە بگوازێتەوە **ناو مـاڵی دوژمن**. بڕوانە: بورهـان أ. یاسـین، "چەند سـەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی نەتەوەیـی کورد لە کوردسـتانی باشـوور"، لە گۆڤاری بەکگرتن، ژمارە ١٥، سـاڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢.

جێگـەی گـرنگییە بڵێـین کە دەکـرێ چەمکـی "مـاڵ"، کە نەوشـیروان مسـتەفا بەکـاری هێنـاوە، بخـرێتە قـاڵبێکی تیـۆرییەوە، بەمەش دەتـوانین بڵێین "مـاڵی

قـوولایی ئیسـرائیلدا (واته له نـاو مـالّی دوژمنـدا)، بەمەش مالّوێرانیی زیاتریان بۆ غەزە هێنا؛ ب- ئەگەرچی بە دیدی فەلەسـتینییەکان بزاڤـی چەکـداری دژی ئیسـرائیل جـوولانەوەیەکی ڕزگـاریخوازی بـوو، بەلام ئەم بانگەشـەیە نەیتـوانی ڕێگـە لەوە بگـرێ کە نەک هەر ئیسـرائیل، بەڵکـو وڵاتە لایەنگرەکـانی ئیسـرائیلیش، ئەم جـۆرە لە خەبـات بە "تیرۆریـزم" لە قەڵەم بـدەن. ئەمەش یەکێـک بـوو لە سـەرکەوتنەکانی ئیسـرائیل بـۆ **بێکـاریگەرکردنی خەبـاتی چەکـداریی فەلەسـتینییەکان** و **سـەپاندنی گەمـارۆیەکی دیپلۆماسـی و سیاسـیی کاریگەر** بەسـەریاندا. گەمارۆکە بە تایبەتی لە جیهانی ڕۆژئاواوە کاریگەر، تەنانەت کوشندەش، بوو لەسەر خەباتی فەلەستینییەکان.

هاوشـێوەی حـاڵەتی فەلەسـتینی، خەبـاتی پەکەکە لە قۆنـاغی یەکەمـدا لە ڕۆخەوە (واتە لە بـاکووری کوردسـتانەوە) بە ڕێـوە دەچـوو. هەر وەک پێشـتر گـوترا، ئەگەرچـی ئەم خەبـاتی چەکـداریە، هەر وەک خەبـاتی چەکـداریی فەلەسـتینییەکان، تـوانیی لە ئامـانجی هۆشـیارکردنەوە و بەهێزکردنـی ڕۆحـی بەرەنگاریـدا لە نـاو

خۆمان" هاوتای "ڕۆخ"ـە و "مالّی دوژمنیش" هاوتای ناوەندە. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەیـن کە یەکەم جـار، تـا ئەو جێگـەیەی مـن ئاگـادارم، باسـی گواستنەوەی خەباتی چەکداری بـۆ "مەرکەز" لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی د. عیسـمەت شـەریف وانلیـدا بانگەشـەی بـۆ کـراوە دەربـارەی جـوولانەوەی چەکداری لە باشـووری کوردسـتان وْ شکسـتی ئەو جـوولانەوەیە، بـڕوانە: وانلی، د. عصمت شریف (١٩٨٥)، "حول الاستراتیجیة السیاسیة والعسکریة للحرکة الوطنیة الکردیة"، *الدراسات الکردیة*، العدد ١-٢، السنة الثانیة، کانون الثاني ١٩٨٥، ص ٣٧-٣٨.

کوردانی باکووردا سەرکەوتوو بێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی قۆناغی دووەم (ڕزگارکردنی پارچەیەک خاک) و سێیەم (ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە سەر ئەو پارچە خاکە) بە دەست بهێنێ.[1] لە ڕاستیدا تا کۆتایی هەشتاکان، هاوکات کۆتایی جەنگی سارد، قۆناغی یەکەمی ئەو خەباتە، واتە هۆشیارکردنەوە و جۆشوخرۆشدان، کەم یا زۆر بە ئامانج گەیشتبوو. واتە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئەم خەباتە، کەم یا زۆر، نەک هەر لە جێگەی خۆی وەستاوە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی دواتر، هەر وەک هیی فەلەستینییەکان، ئەم خەباتە لە ڕۆخەوە گوازرایەوە بۆ **ڕۆخی ڕۆخ**، واتە بۆ **هەرێمی کوردستان** (لوبنانی پەکەکە). گواستنەوەی خەبات لە ڕۆخەوە بۆ ڕۆخی ڕۆخ لە حاڵەتی فەلەستینییەکاندا کتوپڕ ڕووی دا، واتە وەک ئاکامی جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧دا، کە جەنگێکی زۆر کورت بوو، بەڵام هیی پەکەکە قۆناغ بە قۆناغ، یا ڕاستتر بڵێین، لەسەرخۆ ڕووی دا. هاوتەریب لەگەڵ ئەم خەباتە دوورودرێژەی پەکەکەدا، گەمارۆیەکی دیپلۆماسی و سیاسیی نێودەوڵەتی، هاوشێوەی گەمارۆکەی سەر فەلەستینییەکان، لەسەر پێ بووە. کرۆکی گەمارۆکەش دانەپاڵی سیفەتی "تیرۆریست"

---

[1] دەکرێ دروستکردنی "هەرێمی قەندیل و زاپ" و دەستگرتن بە ئیدارەی "خۆسەری"ی ڕۆژئاوای کوردستان، جۆرێک بێت لە **قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە**. بە واتایەکی تر، لەبەر ئەوەی پەکەکە سەرکەوتوو نەبوو لە ڕاگەیاندنی فەرمانڕەوایی خۆی لەسەر پارچەیەک لە خاکی باکووری کوردستان، ئەوا بیگومان ئەو حزبە پێویستی بە پارچە خاکی تر دەبێت بۆ ئەوەی "نەموزەج"ی خۆی لە ئیدارە و حوکمڕانی پیشانی لایەنگرانی خۆی و خەڵک بدات و بڵێت ئەمەیە دەستکەوتی خەباتی چەکداریمان!

بـووه، زۆر به تـایبەتی له جیهـانی ڕۆژئـاواوه، به پەکەکە. پەکەکە له سـالانی دواییـدا به هۆکـار و یـارمەتیی ١) بەدامەزراوەکردنی خەباتی خۆی له جیهانی ڕۆژئاوا و ٢) ئەو فۆکەسـەی له سـالانی دواییـدا، به شـێوەیەکی ئەرێنـی، کەوتە سـەر ئەزمـوونی ڕۆژئاوای کوردسـتان و پەکەکە، به تـایبەتی له ڕووبەڕووبـوونەوەی داعشـدا، خەریـک بـوو تـا ڕادەیەک سـەرکەوتوو بێـت له لابردنـی مـۆری تیرۆریـزم لەسـەر خۆی. بەڵام دەرەنجام، پەکەکە سـەرکەوتوو نەبـووە له ڕزگاربوون له "مۆری به تیرۆریست زانین". لەوە دەچـێ، ئیتر لە ئیستادا، هەوڵی پەکەکە بۆ ڕزگاربوون لەو "مـۆرە" کەوتبێتە حـاڵەتی پاشەکشـە. ئەم حـاڵەتەی پاشەکشـەش به ئەگەری زۆرەوە، به هـۆی گۆڕانکـارییە نێودەوڵەتییەکانـەوە، بۆ داهاتووش درێژ دەبێتەوە!

سێیەم: له قۆناغی سـێیەم و کۆتـایی خەبـاتی چەکداریی فەلەسـتینییەکاندا، واتە قۆنـاغی لوبنـان لـە سـالانی ١٩٧٠-١٩٨٢دا، فەلەسـتینییەکان بـوون به کێشـەیەکی گەورە بـۆ ئاسایشـی نیشـتمانیی لوبنـان، کێشـەیەک که دواجـار به هێرشـی ئیسـرائیل له ١٩٨٢دا تەواو بـوو، که تێیـدا بەیـروت گیـرا و کۆمەڵکـوژیی سـەبرا و شـاتیلا ڕوویـان دا، فەلەسـتینییەکانیش دوایـین پـێگەی خـاڵی لێوەدەرچـوونی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانیان له لوبنـان به تەواوەتـی له دەسـت دا. پێویستیشـە ئەوە بڵێـین که له قۆنـاغی لوبنانـدا چەکدارانی فەلەستینی نەک هەر بوون به کێشە بۆ ئاسایشی نیشـتمانیی لوبنـان، بەڵکـو ئەم چەکدارانە و به گشـتی PLO، بـوون به بەشـێک له ململانـێ ناوخۆییەکـانی لوبنـانیش، به

شێوەیەک کە دواجار ئەم حاڵەتە نەک هەر بۆ لوبنانییەکان، بەڵکو بۆ فەلەستینییەکانیش، باجی گەورەی لێ کەوتەوە. جگە لەوەش، فەلەستینییەکانی لوبنان بووبوون بە هێزێکی ئەوتۆ کە وەک **دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا** هەڵسوکەوتیان دەکرد، رێک وەک چۆن سااڵنێک دواتر حزبوڵاڵای لوبنانی بووون بە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا، بەمەش، وەک "سەرئێشەیەک" بۆ لوبنان، جێگەی PLOیان گرتەوە!

لە بەرامبەردا، ئەو قۆناغەی ئێستای خەباتی چەکداریی پەکەکە، لە ڕووی پێگە و جێگەی **جوگرافیای سیاسییەوە**، زۆر لە حاڵەتی قۆناغی سێیەمی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان دەچێت (واتە قۆناغی لوبنان)، کۆتا قۆناغی خەباتی چەکداریان. لە الیەکی تر ەوە لە ڕووی ئەو قۆناغبەندییەی خەباتی چەکداری و **ئامانجەکانی** ئەو خەباتە، خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان هەر وەک هیی پەکەکە لە قۆناغی یەکەمدا، واتە قۆناغی **هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی** ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە، تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەاڵم هەر لەو قۆناغەشدا **قەتیس بوو**. هەڵبەتە، بە یەک جیاوازیی گەورەوە: فەلەستینییەکان بە دانانی چەک بە یەکجارەکی کۆتاییان بە قۆناغەکە هێنا، بەاڵم پەکەکە ئەوەتا لە (لوبنانی خۆیدا، واتە هەرێمی کوردستان) خەریکی "خۆپارێزییە" و هەتا ئێستاش لە قۆناغی یەکەمەوە نەپەڕیوەتەوە، بەڵکو قەتیس بووە تێیدا!

دەرەنجام، کۆی پەرەسەندنەکان وامان لێ دەکەن بڵێین کە لە دۆخێکی ئەوهادا، دەکرێ باشترین بژاردە ئەوە بێت کە ئێتر پەکەکە بە جددی بیر لە بژاردەی فەلەستینییەکان

(واته **دانانی چەک**) بکاتەوە، بە ئاڕاستەی دەربازبوونی پەکەکە و دۆزی کورد لە تورکیا لەم دۆخە نەڕێنی و وێرانکارییەی کە تێی کەوتوون!

بابەتی پێنجەم

پێشهاتە هەرە مەترسیدارەکە لە پێشمانەوەیە!
لە پەراوێزی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عیراقدا[1]
٢٠٢٢/٢/٢٤

پێشەکی

دادگای باڵای فیدراڵیی عیراق، کە بەرزترین دەسەڵاتی یاساییە و بەپێی ماددەی ٩٤ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەن و "دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەند بن"[2]، لەبارەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە، بڕیارێکی کۆتایی دەرکرد.

لایەنە هەرە گرنگەکانی بڕیارەکە بریتین لە: ١) پێداگری لەسەر نادەستووریبوونی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی

---

[1] ئەم بابەتە یەکەم جار لە ماڵپەڕی کەسیمدا، لە ٢٠٢٢/٢/٢٤دا بڵاو بووەتەوە. بڕوانە:
www.burhanyassin.com

[2] ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فەرمانگەی ڕاگەیاندن، *دەستووری کۆماری عێراق*، ؟ ؟.

نەوت و گاز کە پێشتر لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە؛ ٢) پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە ڕادەستکردنی تەواوی بەرهەمی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تر، کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم نەوتیان لێ دەردەهێنێت و ڕادەستکردنی بە حکومەتی فیدراڵی.[١٠]

ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی لە کاتێکدا دێت کە دۆزی کورد لە باشووری کوردستان و دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە تۆندی کەوتوونەتە ژێر هەژموون و کاریگەریی ژمارەیەکی زۆر پێدراو و گۆڕانکاری لە هەر چوار ئاستی سیاسەت و سیستەمدا: ١- ئاستی ناوخۆی هەرێم؛ ٢- ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا؛ ٣- ئاستی ئیقلیمی؛ ٤- ئاستی نێودەوڵەتی.[٢] لەم تێکهەڵچێشییە لە نێوان ئەم چوار ئاستەدا، شتگەلێکی زۆر لۆکاڵی هەن، هەر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و باری ئابووریان، تێپەڕین بە بارودۆخی ئیقلیمیدا تا دەگاتە ئاستە هەرە ستراتیجییەکەی سیستەمی جیهانی، واتە بارگرژییە جیهانییەکان لە ململانێی ڕووسیا و ئۆکراینا و ڕەنگدانەوەی لەسەر پرسی گاز لە جیهاندا و کاریگەریی ئەمەش لەسەر هەرێم. ئەوەتا، لەم ئاستەدا، هەر ئێستا باسی ئەگەری ئەوە

---

[١] بۆ نموونە، بڕوانە پێگەی *دڕەومیدیا*: "دادگای فیدراڵی: هەرێم دەبێت نەوتەکەی ڕادەست بکات"، لە:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9692
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.

[٢] دواتر لە بەشێکی تری ئەم وتارەدا ئەم چوار ئاستە بە وردەکاریی تر باس دەکەین.

دەکرێ کە دەشێ "بۆریی گواستنەوەی نەوتی هەرێم بەر سزاکانی ئەمەریکا بکەوێت، کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسی خاوەنی ٦٠٪ی بۆریی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە، ئەم کۆمپانیایە ئامانجی سزاکانی ئەمەریکایە لە پاکێجی سزا ئابووریەکانی سەر ڕووسیا."[١٠]

پێویستە هەر لێرەوە ئەوە بڵێین کە هەر نزیکبوونەوەیەکی سیاسی یا ئەکادیمی لە بابەتی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی، ئەوە دەخوازێت کە بە تێگەیشتن و ئاگاییەکی فراوانەوە ئەو کارە بکرێ، دوور لە هەست و نەست، وروژاندن یا بچووکردنەوەی کێشە و مەترسییەکان لە ئاستێکی تەسکی کەسی، حزبی یا ململانێیەکی لۆکاڵیی سنووردارداا.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات، بە ڕادەی جیاجیا، لە هەر چوار ئاستی کێشەکە، کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بکۆڵێتەوە، لە ڕێگەی بەیەکەوەگرێدانی ئەم چوار ئاستە لە ڕێگەی بابەتی گەندەڵی لە لایەک و دۆسیەی نەوت و گاز لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر بابەتی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و گرێدانیان بە تایبەتی بە ئاستە ئیقلیمیەکەوە. لە ئاستی ئیقلیمیدا، وتارەکە هەوڵ دەدات پشت بە بەراوردکارییەک ببەستێ لە شێوازی هاوپەیمانییە ئیقلیمییەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاری بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، چ

---

[١] بڕوانە "بۆریی گواستنەوەی نەوتی هەرێم بەر سزاکانی ئەمەریکا دەکەوێت"، لە:

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55631

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢٢.

له سالانی خەباتی شاخ و چ له سی سالی دواییدا، به جەختکردنەوە لەوەی کە لە ناواخن و بنەماکانی ئەو هاوپەیمانییانەدا بەردەوام کۆمەلێک ناسازی و ناکۆکیی ئەوەندە جددی هەبوونە کە دواجار ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە بە زیانی گەورە و پشتشکانی لایەنی کوردی کۆتاییان هاتووە. هەروەها ئەم وتارە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە بە درێژایی سالانی دوای کۆتایی ڕژێمی سەدام حوسەین، لە ئیدارەدانی هەرێم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، دژایەتی و ناکۆکییەک هەبووە لە نێوان دوو هێڵی هاوتەریبدا، ئەویش لە نێوان، لە لایەکەوە، ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا هاتووە لەمەڕ ماف و دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان و هەرێم پەیڕەویان دەکات، لە لایەکی ترەوە **دەسەلاتی ئەمری واقع** کە لە زۆر ڕووەوە لە دەرەوەی ئەو دەسەلاتانەیە کە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا هاتوون، یا تەنانەت دەکەونە دژایەتی لەگەڵ ئەو دەستوورەدا. دەشکرێ ئەم دژایەتییە لە نێوان ئەم دوو هێڵە هاوتەریبەدا وەک **بنەما و سەرچاوەی هەرە سەرەکیی** کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ببینین و لێیان تێ بگەین.

لە ڕووی سەرچاوەکانی وتاری بەردەستەوە، ئەم نووسینە بە شێوەی سەرەکی پشت بە ڕۆژنامە کوردییەکان دەبەستێت، کە زۆربەیان لە شێوەی پێگەی ئەلیکترۆنیدا بڵاو دەبنەوە. جگە لەوەش، سوود لە هەندێک نووسراوی خۆم وەردەگرم کە پێشتر بڵاو کراونەتەوە، یا ئەوانەی تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە، جگە لە هەندێ سەرچاوەی تر.

گریمـانەیەکی ئەم وتـارە ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکـان لە کوردستان هەر چەند جار دەکرێن، با بکرێن، بەڵام دواجار **ئەوەی کۆد و داهـاتی نەوت و گـازی بە دەسـتەوەیە، هەر ئەویش لە بەردەوامیدا خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەبێت!** بە واتـایەکی دیـکە، جـگە لە چەک، وەک ئـامرازی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و مانەوە تێیدا، لە ئێستادا نەوت و گـاز و سـەرچاوەی تـری داهـات کـاریگەرترین ئامرازن بۆ پاراستنی دەسـەڵات و مانەوە تێیدا. دیوی تری ئەم گریمـانەیە ئەوەیە کە هەر کاتێـک دەسـەڵاتدار کـۆدی نەوتـی لە دەسـت دا، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە سـەرەکیترین سەرچاوەی هێز و ئامرازی مانەوە لە دەسـەڵاتدا لە دەست دەدات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو پشتگیریی جەماوەر و تەنانەت لایەنگرانیشی لە دەست دەدات!

بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی و کاردانەوەکان

بڕیـارەکەی دادگـای بـاڵای فیـدراڵی، لە مـاوەیەکی زۆر کەمـدا، بـوو بە هـۆی کـاردانەوەی جیاجیـا، بە تـایبەتی لە دامەزراوە و حـزب و ناوەنـدە جیاجیاکـانی هەرێمـی کوردسـتان و عیراقـدا. هەنـدێک لە ڕاگەیـەنراوەکان زیـاتر وروژانـدنی هەست و نەستی خەڵکی کوردستانیان پێوە دیار بووە تـا عەقڵانییەت و وەڵامدانەوە بە زمـانی یاسـا و دەسـتوور. لە ڕاسـتیدا زۆرێـک لە ڕاگەیـەنراوەکان پـڕن لە دژایەتی. بۆ نمـوونە، لە ڕاگەیـەنراوەکەی مەسـعوود بـارزانی (ی سـەرۆکی پـارتی دیمـۆکراتی کوردسـتان)دا بە ڕوونـی هاتووە کە "بڕیـاری دادگەی بـاڵای فیـدراڵیی عیـراق لەبـارەی

نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی تەواو سیاسییە و پێچەوانەی دەستووری عیراقی فیدراڵە، ئامانج لێی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانە و دژی سیستەمی فیدراڵیی عیراقە." جگە لەمە، بارزانی دەشڵێت "بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەکەین کە هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەکیەوە بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆی دەکات."[1] جگە لەوەی بارزانی بە شێوەیەکی "بڕاوە" و یەکلاکەرەوە، لەژێر هەژموونی کولتووری بە ڕەش یا سپی بینینی دیاردەکان، بڕیارەکە بە "تەواو سیاسی" لە قەڵەم دەدات، بەڵام ڕاگەیەنراوەکەی بارزانی لە دژایەتییەکی ئاشکرادایە لەگەڵ هەڵوێستەکەی موقتەدا سەدردا، "هاوپەیمانەکەی" بارزانی. سەدر لە تویتێکدا دەنووسێ "ڕێز لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تایبەت بە دۆسیەی نەوت و گازی هەرێم دەگرین و بڕیارەکان ئیلزامین و ناچارمان دەکەن بە ڕێزگرتن لە بڕیارەکان."[2] ئەم نایەکانگیری، یا تەنانەت دژایەتییەش لە هەڵوێستدا، لە نێوان دوو هاوپەیماندا، واتە لە لایەک بارزانی و لە لایەکی تر‌ەوە سەدر، ئەوەمان پێ دەڵێ کە بۆ هەنووکە، بە تایبەتی لە ڕووی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی حکومەتی داهاتووی عیراق، بە تایبەتیریش یەکلاکردنەوەی پرسی پۆستی سەرۆککۆمار، دەکرێ ئەم ناکۆکییە لە هەڵوێستی بارزانی و

---

[1] بۆ دەقی ڕاگەیەنراوەکە بڕوانە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55432
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.

[2] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201295
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.

سەدردا بە قەد خودی بڕیارەکەی دادگای بالای فیدراڵیی عیراق گرنگ و یەکلاکەرەوە بێت. بەبێ ئەوەی زیاترمان گوتبێت دەربارەی ئەم ناکۆکی و دژایەتییە لە هەڵوێستەکانی بارزانی و سەدردا، پێویستە بپرسین ئاخۆ ئەگەر هەڵوێستی موقتەدا سەدر و ڕەوتەکەی ئەوەندە ناکۆک بێت لەگەڵ هەڵوێستەکەی بارزانی و پارتیدا، کەواتە ئەوە چییە کە بەهەرحاڵ وا دەکات کە ئەم هاوپەیمانییە[1] لەسەر پێ بوەستێ و توانای مانەوە و بەردەوامیی هەبێت، ئاخۆ بە ڕاست شەڕی پارتی لەسەر کورسییەکەی سەرۆککۆمار، گرنگتر لە دۆسیەی نەوت و گاز؟ ئاخۆ مکوورپبوونی بارزانی بە بەردەوامبوون لە هەردوو هەڵوێستەکانیدا، واتە لە دۆسیەی نەوت و گاز لە لایەک و شەڕ لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری، بارزانی و پارتی بەرەو ڕووی ئەگەری شکستێکی پشتشکێن ناکاتەوە؟ بە بۆچوونی خۆم، جیاوازییەکە ئەوەندە گەورە و جددییە لە نێوان دوو هاوپەیمانەکەدا کە دەکرێ دواجار ئەم جیاوازییە ببێت بە هۆی هەڵوەشانەوەی تەواوەتیی هاوپەیمانییەکەی نێوان بارزانی لەگەڵ سەدر و حەلبوسی - خەنجەردا!

---

[1] لە کاتێکدا ئەوەی لە نێوان سێ لایەنی کوردی، سوننی و سەدردا مۆر کراوە وەک هاوپەیمانی ناوی هێنراوە، بەڵام دواجار بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (هۆشیار سیوەیلی) دەڵێ ئەوەی لە نێوان پارتی و سەدر و حەلبووسیدا هەیە، ڕێککەوتن نییە، بەڵکو یاداشتی لێکتێگەیشتنە. بڕوانە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55592
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢١.

هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، نزیکترە لە ئەگەری **خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە** لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە تا هەر شتێکی دیکە. سەرۆکی هەرێم بە ڕوونی گوزارش لە خواست و ئاراستەی خۆدزینەوە دەکات کاتێک دەڵێ بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی "لەسەر ئەرزی واقعیش قابیلی جێبەجێکردن نابێت."[1] چوار ڕۆژ دواتر، نێچیرڤان ڕای گەیاند "بڕیارەکەی دادگا بەرانبەر دۆسیەی نەوتی هەرێم زاڵمانە بوو، ئەگەر دادگا مەبەستیەتی خەڵکی کوردستان سزا بدات، ئەوا ئەم بڕیارە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت."[2] دیارە هەر زوو، چەند ڕۆژێک دواتر، مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەت، ئەوەی دووپات کردەوە کە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی "لای هەرێمی کوردستان قبوولکراو نییە و هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی دەکات."[3] لە هەمان ئاراستەدا سەرۆکی فەرمانگەی یاسایی پارتی دەڵێت "ئەم بڕیارە قابیلی قبوول و جێبەجێکردن نییە و ناشبێت کاری پێ بکرێت."[4] کەواتە دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە هەر لە سەرەتادا ستراتیجیی

---

[1] بۆ بینینی دەقی ڕاگەیەنراوەکە، بۆ نموونە بڕوانە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55437
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.

[2] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201423
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩ .

[3] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201417
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩

[4] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201405
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩

پارتی ئەوەیە کە بە دەنگ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە نەچێ و جارێکی دیکە دەست بکاتەوە بە زیندووکردنەوەی "گەمە" کۆنەکە لەگەڵ بەغدادا، کە ئەویش گفتوگۆی تاقەتپڕووکێن و بێکۆتاییە لە ڕێگەی هاتوچۆیەکی بێهەژمار و دوورودرێژ لە نێوان هەولێر و بەغدادا. دەکرێ بە ئاسانی ئەم ستراتیجییە لە ڕاگەیەنراوەکەی نێچیرڤانەدا (لە ٢٠٢٢/٢/١٩دا) بخوێنینەوە کە دەڵێت "ئەگەر بەغدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، ئەوا دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن و گفتوگۆی جدی لە نێوان هەردوو لادا دەست پێ بکات."[١٠] هەر لە هەمان ئاڕاستەدا قسەکەر بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێ "ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ."[٢٠] لە ڕاستیدا هەر کەسێک بگەڕێتەوە ئەرشیڤی ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێم، هەر نەبێ لە پانزە ساڵی دواییدا، بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێت کە سەدان جار، ئەگەر نەڵێین هەزاران جار، بەرپرسانی حکومەت هەمان ئەم پەیامەیان داوە، بەبێ ئەوەی لە ڕووی کردارییەوە هەولێر و بەغدا بگەن بە هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی و جێگیر. جگە لەم شێوە ڕاگەیاندنانە، بەرپرسانی حکومەت، بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی پارتی، هەر زوو دەکەونە هەوڵ و کۆششی **دەرەوەی دامەزراوە ڕەسمییەکان و پەیوەندیی ژێر بە ژێر**، بە ئومێدی بێکاریگەرکردن و بێئەسەرکردنی بڕیارەکەی دادگاکە، تا

---

[١] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201423
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩

[٢] بڕوانە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201487
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢١

ڕادەی لەبیرکردن، سڕبوون و لەبیرچوونەوەی بڕیارەکە. بەڵام هەر زوو پێویستە ئەوە بڵێین کە دەکرێ ئەم جۆرە گەمەیە (گەمەی خۆدزینەوە و گواستنەوەی چارەسەر بۆ دەرەوەی دامەزراوە ڕەسمییەکان) پڕ لە ڕیسک و مەترسی بێت، بۆ نموونە، وەک دەستبردنی بەغدا بۆ ئاستی ئیقلیمی و ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیادا، کە ئەمەیان دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان پشتشکێن بێت.

لە لایەکی تر، هاوتەریب لەگەڵ ئەم شێوازە لە یاریکردن (واتە خۆدزینەوە و جێگۆڕکێ بە پانتایی گەمە سیاسییەکان)، هەر زوو دەرکەوت کە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (تۆ بڵێ نوێنەرانی پارتی، کە لە کۆنفرانسی ئاسایش لە میونشن ئامادە بوون) هەوڵی بەنێونەتەوەییکردن (تدویل)ی کێشەی نێوان بەغدا و هەرێمیان تایبەت بە دۆسیەی نەوت و گاز و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەربارەی ئەم دۆسیەیە دا. لەم بارەیەوە مەسروور بارزانی، بە ئاماژە بۆ گفتوگۆی خۆی لەگەڵ "شاندێکی" ئەمەریکیدا لە میونشن، دەڵێ "باسمان لە بڕیاری ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵی دەربارەی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کرد کە خزمەتی سەقامگیریی دۆخی عیراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ناکات."[1] هەڵبەتە ئاشکرایە

[1] پێگەی زەمەن، "شاندی هەرێم بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییان گەیاندە لای ئەمەریکییەکان."
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55531
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩.

پارتی ئەوەیە کە بە دەنگ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە نەچێ و جارێکی دیکە دەست بکاتەوە بە زیندووکردنەوەی "گەمە" کۆنەکە لەگەڵ بەغدادا، کە ئەویش گفتوگۆی تاقەتپڕووکێن و بێکۆتاییە لە ڕێگەی هاتوچۆیەکی بێهەژمار و دوورودرێژ لە نێوان هەولێر و بەغدادا. دەکرێ بە ئاسانی ئەم ستراتیجییە لە ڕاگەیەنراوەکەی نێچیرڤانەدا (لە ٢٠٢٢/٢/١٩دا) بخوێنینەوە کە دەڵێت "ئەگەر بەغدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، ئەوا دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن و گفتوگۆی جدی لە نێوان هەردوو لادا دەست پێ بکات."[١] هەر لە هەمان ئاڕاستەدا قسەکەر بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێ "ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ."[٢] لە ڕاستیدا هەر کەسێک بگەڕێتەوە ئەرشیڤی ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێم، هەر نەبێ لە پانزە ساڵی دواییدا، بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێت کە سەدان جار، ئەگەر نەڵێین هەزاران جار، بەرپرسانی حکومەت هەمان ئەم پەیامەیان داوە، بەبێ ئەوەی لە ڕووی کردارییەوە هەولێر و بەغدا بگەن بە هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی و جێگیر. جگە لەم شێوە ڕاگەیاندنانە، بەرپرسانی حکومەت، بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی پارتی، هەر زوو دەکەونە هەوڵ و کۆششی **دەرەوەی دامەزراوە ڕەسمییەکان و پەیوەندیی ژێر بە ژێر**، بە ئومێدی بێکاریگەرکردن و بێئەسەرکردنی بڕیارەکەی دادگاکە، تا

---

[١] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201423
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩

[٢] بڕوانە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201487
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢١

ڕادەی لەبیرکردن، سڕبوون و لەبیرچوونەوەی بڕیارەکە. بەڵام هەر زوو پێویستە ئەوە بڵێین کە دەکرێ ئەم جۆرە گەمەیە (گەمەی خۆدزینەوە و گواستنەوەی چارەسەر بۆ دەرەوەی دامەزراوە ڕەسمییەکان) پڕ لە ڕیسک و مەترسی بێت، بۆ نموونە، وەک دەستبردنی بەغدا بۆ ئاستی ئیقلیمی و ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیادا، کە ئەمەیان دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان پشتشکێن بێت.

لە لایەکی تر‌ەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەم شێوازە لە یاریکردن (واتە خۆدزینەوە و جێگۆڕکێ بە پانتایی گەمە سیاسییەکان)، هەر زوو دەرکەوت کە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (تۆ بڵێ نوێنەرانی پارتی، کە لە کۆنفرانسی ئاسایش لە میونشن ئامادە بوون) هەوڵی بەنێونەتەوەییکردن (تدویل)ی کێشەی نێوان بەغدا و هەرێمیان تایبەت بە دۆسیەی نەوت و گاز و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەربارەی ئەم دۆسیەیە دا. لەم بارەیەوە مەسروور بارزانی، بە ئاماژە بۆ گفتوگۆی خۆی لەگەڵ "شاندێکی" ئەمەریکیدا لە میونشن، دەڵێ "باسمان لە بڕیاری ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵی دەربارەی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کرد کە خزمەتی سەقامگیریی دۆخی عیراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ناکات."[1] هەڵبەتە ئاشکرایە

---

[1] پێگەی زەمەن، "شاندی هەرێم بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییان گەیاندە لای ئەمەریکییەکان."

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55531

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩.

کە مەبەستی ئەم بەرپرسانەی هەرێم لەم هەوڵە، ئەوەیە کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان پشتگیریی لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بکەن، بێئاگا لەوەی کە بە پێچەوانەوە، دەکرێ لایەنە نێودەوڵەتییەکان لایەنگیری لە بەغدا هەڵبژێرن تا پشتگیری لە هەرێم! لە ڕاستیدا جێگەی سەرسووڕمانە حکومەتی هەرێم باوەڕی وابێ کە حکومەتی ئەمەریکا "بەو سادەییە" لایەنگیریی هەرێم دەکات، کاتێک پێشتر هەر لە دادگایەکی ئەمەریکیدا، لە بابەتی سکاڵایەکی عیراق لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەمەڕ فرۆشتنی نەوت بە ئیسرائیل، هەرێم کەیسەکەی دۆڕاندووە. لە ڕاستیدا دادگای فیدراڵی لە بڕیاری دووەمیدا لە دۆسیەی نەوت و گازدا، بە تایبەتی ئاماژە بە پشتبەستن بە بڕیاری دادگا ئەمەریکییەکە دەکات. دادگای فیدراڵی دەڵێت "پێشتریش بە هەمان ناوەڕۆکەوە یەکێک دادگاکانی ئەمەریکا لەم کەیسەدا لە بەرژەوەندیی وەزارەتی نەوتی عیراق و دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بڕیاری داوە."[10] دەشکرێ بڕیاری دووەمی دادگای فیدراڵی پەیامێک بێت بۆ

جێگەی سەرنجە کە سەردێڕی ئەم هەواڵە وا نووسراوە وەک ئەوەی لە عێراق و کوردستان ئەمەریکییەکان بوونیان نەبێت، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە ئەم هەواڵەیان پێ بگەیەنرێ. بەڵام ئاسان نییە بزانین ئاخۆ ئەم سەردێڕە بۆ ئاردەی زەمەن خۆیەتی یا هەر لە سەرەتادا لە دەزگایەکی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمەوە سەردێڕەکە بەم شێوەیە نووسراوە و بۆ زەمەن نێررراوە!

[10] پێگەی *شارپرێس*، دووەم ڕاگەیەنراوی دادگای فیدراڵی لەسەر نەوتی هەرێم، ٢٠٢٢/٢/١٧.

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201347

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩.

دەسەلاتدارانی هەرێم: "بوەستن و هەوڵی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکە مەدەن، ئەمە یارمەتیتان نادات." جێگەی سەرنج و گرنگییە کە تا ئێستا هیچ هێزێکی سیاسیی عیراق، هێزێکی ئیقلیمی یا نێودەوڵەتی، نە دوور و نە نزیک پشتگیرییان بۆ دەسەلاتی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستەکانی دەرنەبڕیوە. دەکرێ بە ئاسانی دوو دەرەنجام لەم ڕاستییە هەڵێنجین: ١) تەدویلکردنی دۆسیەی نەوت و گاز، بە ئەگەری زۆرەوە، یارمەتیی ئەم دەسەلاتە نادات بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری لەو ناهاوسەنگییەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەیە؛ ٢) دەکرێ بەردەوامبوون لە سیاسەتی هیواهەڵچنین لەسەر هێزە دەرەکییەکان، بۆ ئەوەی یارمەتیی هەرێم بدەن و پشتگیری بن بەرامبەر بەغدا، کارەساتی لێ بکەوێتەوە، چونکە، بەهەرحاڵ، ئەو ئەگەرەی کە بەهێزە، ئەوەیە کە، هەر وەک لە حاڵەتی ڕیفراندۆمدا ڕووی دا، هەرێمی کوردستان بە تەنیا بەجێ بمێنێ!

جێگەی سەرنجە کە هەرچەندە سااڵنێکە یەکێتیی نیشتمانی، وەک حزبێکی هاوبەش لە دەسەاڵتدا، بەشێک لە "خێروبێری" نەوت و گازی "لە تاریکیدا" دەست کەوتووە، بەاڵم لە دواکەوتنی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی فەرمیی خۆی و لە زمانی بەکارهێنراو لە ڕاگەیەنراوەکەدا، جیاوازییەکی ڕوون لەگەڵ هەڵوێستی پارتیدا، بە تایبەتی هەڵوێستی مەسعوود بارزانیدا، بەدی دەکرێ.[١] تەنانەت، دواتر، یەکێک

[١] جێگەی سەرنجە کە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی، بۆ نموونە لە ئاستی مەکتەبی سیاسی، نەبوو، بەڵکو تەنها ڕاگەیاندنێکی زارەکی بوو لە زاری قسەکەری ڕەسمیی

لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەم حزبە (بڵێسە جەبار فەرمان) دوورتر دەچێ و دەڵێ "بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەستوورییە و لە دەستووردا نووسراوە کە سامانە سروشتییەکان موڵکی تەواوی عیراقییەکانن و دەرهێنانی نەوت لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدایە."[1] ئەم هەڵوێستەی بڵێسە جەبار فەرمان زۆر نزیکە، تەنانەت یەکانگیریشە، لەگەڵ بۆچوونی خودی دادگای باڵای فیدراڵیدا!

هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان، کە بازنەی هەرە لاوازی حکومەتەکەی ئێستایە، زۆر جیاوازە لە ڕاگەیەنراوەکانی بەرپرسانی پارتی، تەنانەت لە هەڵوێستی ڕەسمیی یەکێتییش. بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی سیاسی و جەماوەریی لاواز و پڕ لە کێشەی ئێستای گۆڕان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حزبە ڕاشکاوانە لە ڕاگەیەنراوێکدا پەنجە دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە تا ئێستا دۆسیەی نەوت و گاز لە کوردستان لە نارووندی و تاریکیدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لە ڕاگەیەنراوی گۆڕاندا جەخت کراوەتەوە کە "بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم لەم لایەنەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بەهێز بێ، دەبێ پشتئەستوور بێ بە پشتیوانیی خەڵک، بۆ ئەوەی پشتیوانیی خەڵک بە دەست بهێنێ، دەبێ لە هەموو هەنگاوەکانیدا لە ڕۆشناییدا و بە ئاشکرا کار بکات."[2] کەواتە

ئەو حزبەوە. بڕوانە: "یەکێتی هەڵوێستی خۆی لەبارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە ڕاگەیاند."
https://nrttv.com/detail/7989
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.

[1] https://nrttv.com/detail/8143
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢١.

[2] https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55451

جـــگه لەوەی که گـــۆڕان له ڕاگەیەنراوەکەیـــدا بـــاس له "سیاســـیبوون" و "نادەســـتووریبوون"ی بڕیـــاری دادگـــای فیدراڵی **ناکات**، ئەم حزبه به **ناڕاستەوخۆ** پەنجەش دەخاتە سەر "ناشەفافبوون"ی دۆسیەی نەوت و گاز له کوردستاندا. له لایەکـی تـرەوە، هەرگیـز ئەم ڕاگەیـەنراوەی گـۆڕان بەس نییە بۆ ئەوەی گۆڕان شانی خاڵی بکاتەوە له بەرپرسیارێتی، جا له دۆسیەی نەوت و گـازدا بێت یـا له هەر دۆسیەیەکی دیکە، کە ئاشکرایە پارتی له بڕیاردان تێیاندا **بااڵدەستی ڕەها و بێڕکابەرە!** ئاخر بزووتنەوەی گۆڕان و هەمـوو لایەنەکانی دیـکەش (جـگه له پـارتی) دەبـێ دوای بڕیـارەکەی دادگـای فیـدراڵی ئەگەری ڕوودانـی خراپتـرین سـیناریۆ لەبەرچـاو بگرن، جا چ سیناریۆی دووبـارەبوونەوەی بەکارهێنانی هێز له لایەن بەغـداوە بێـت، هەر وەک ئەوەی دوای ڕیفرانـدۆم ڕووی دا، یا سیناریۆی ڕێککەوتنێکی ئیقلیمیی پشتشکێن له جـۆری ڕێککەوتنـی پشتشـکێنی جەزائیـر (له ١٩٧٥/٣/٦دا)، بەاڵم ئەم جارەیان له نێوان عیراق و تورکیـادا! جـا ئـاخۆ له ئەگەری سـیناریۆگەلێکی ئەوهـادا گـۆڕان و حزبەکـانی دیکە چییـان دەبێت بیاڵێن: بەرپرسیارێتیی ئێستایان چییە و هیی ئەو کاتەش چی دەبێت و...؟

جێگەی ئاماژەیە کە یەکێک له هەاڵوێستەکان، کە پێویسـتە ئامـــاژەی بـــۆ بکـــرێ، هەاڵوێســـتەکەی بەرهەم ســـاڵح، سـەرۆککۆماری عیـراق بـووە. جـگه لەوەی کە ڕاگەیـەنراوی بەرهەم سـاڵح دەداننـانه بەوەی کە مەسـەلەی نەوت و گـاز کێشـــەیەکی چارەســـەرنەکراوە و داوای دایەلـــۆگ بـــۆ

دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٩.

چارەسەری کێشەکە دەکات، بەڵام لەوڵاشەوە دداننانێکی "ناڕاستەوخۆ"ی تێدایە کە ئەم دۆسیەیە گەندەڵیی تێدایە و ڕێک ئەم دداننانەی دوایی وا دەکات کە بەرهەم سالّح خۆی لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی هەرێم جیا بکاتەوە و هەنگاوێکیش لە ڕای گشتیی "هەرێمی کوردستان" نزیک ببێتەوە، ڕای گشتییەک کە بێگومان پێی وایە ئەم دۆسیەیە لەبەر گەندەڵبوونی، "ڕەوایەتیی خۆی لە دەست داوە"، هەر لەبەر ئەوەشە کە "بەشێکی زۆر" لە ڕای گشتی بە جۆرێک لە ئەرێنییەوە تەماشای بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەکات. بەرهەم سالّح دەڵێت: "دەبێت میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزرێتەوە، هەروەها داوا دەکات داهاتەکان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و **دوور لە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن بەکار بهێنرێن.**"[١٠]

دواجار هەڵوێستێکی کۆکەرەوە کە دەکرێ هەڵوێستی ڕەسمیی هەموو هێزە بەشداربووەکانی حکومەت بێت، ئەو هەڵوێستەیە کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (کە لە ٢٠٢٢/٢/٢٣ بەسترا) ڕاگەیەنرا. ئەم هەڵوێستە، جگە لەوەی جەخت لەسەر "لایەنداریّتی"ی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەکاتەوە، بەڵام لەوڵاشەوە باس لە مەترسییەکی گەورە دەکات کە ئەویش جووڵاندنی هێزە دژی هەرێمی کوردستان. لەم بارەیەوە قسەکەر بە ناوی حکومەتەوە دەڵێ "ئەم بڕیارە

---

[١] بۆ بینینی دەقی ڕاگەیەنراوی سەرۆککۆمار، بۆ نموونە بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201336
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/١٧.
تۆخکردنەوەکە هیی نووسەرە.

شتی دیکەی بەدوادا دێت و دوور نییە بڕیاری لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێم و داگیرکردنی خاڵە سنووریيەکان و داخستنی فڕۆکەخانەکانی بەدوادا بێت.[١٠] جێگەی سەرنج و گرنگییە کە یەکەم جارە لە ڕووی ڕەسمییەوە، لە ڕێگەی ڕاگەیەنراوێکی فەرمییەوە، باس لە **ئەگەری جوولاندنی هێز** دەکرێت. ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوەی فەرمی لە کێشەکە، دوو ئەگەری لێ دەخوێنرێتەوە: ١) دەسەلاتدارانی هەرێم خەریکە ئێستا، دوای هەشت ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکە، لە جددییەتی کێشەکە دەگەن؛ ٢) بەڵام ئەگەری دیکە ئەوەیە ئەم ئاماژەکردنە بۆ ئەگەری جوولاندنی هێز، تەنها شتێکی تاکتیکی بێت و مەبەست لێی ترساندنی هاوواڵتیانی هەرێم بێت بۆ ئەوەی دواجار خەڵک لە ڕێگەی ئەم ختووکەدانەی ترس و هەستکردن بە مەترسییەوە، جۆشوخرۆش بدرێن بۆ ئەوەی دواجار لە دەوری دەسەلاتدارانی هەرێم کۆ ببنەوە و پشتگیری و بەرگری شێلگیرانە لە هەڵوێستی ئەم دەسەلاتدارانە بکەن. لە کاتێکدا ئێمە بە پشتڕاستی نازانین مەبەستی حکومەت لە ئەم جۆرە پەیامدانە چییە، بەڵام دەتوانین بڵێین **ئەگەر مەبەستەکە تاکتیکی** بێت، نەک تێگەیشتنێکی جددی لە کێشەکە، ئەوا هەر لە ئێستاوە ئاڕاستەکە نەک هەر هەڵەیە، بەڵکو وەک چۆن لە حاڵەتی ڕیفراندۆمدا ختووکەدانی هەست و نەست کارەساتئامێز

---

[١٠] بڕوانە پێگەی زەمەن، "جووتیار عادل: بڕیارەکەی دادگا مەترسیی داگیرکردنی کوردستان بەدوای خۆیدا دەهێنێت."
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55661&fbclid=IwAR001F XcPhijWo9uko0Sj3PENFvo84ENERDjt_NzglU9p-jmJI1dkzfll_k
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/٢/٢٣.

بـوو، دەکـرێ ئەم جارەشـیان بەکارهێنـانی هەمـان ئـامراز دیسـان کارەسـاتئامێز بێـت. دواجـار مـن لە جێگـەی تـر گوتوومە: ئەوەی لە سیاسەتدا بە هەست و نەست هەستێتە سـەر پـێ، ئەوا دواجـار بە خەسـارەت دادەنیشـێتەوە. ڕێـک ئەمە لە ڕیفرانـــــــدۆمەکەی ٢٠١٧دا ڕووی دا. ئەگەر ئەم جارەیـان دەسـەڵاتداران بە حـیکمەت، واقیعبینـی و وریـایی زۆرەوە مامەڵـە لەگەڵ بڕیـارەکەی دادگـای بـاڵای فیدراڵیـدا نەکەن و وا بـزانن کە دەکـرێ بە ختـووکەدانی هەسـت و نەستی خەڵک سیاسـەتێکی سـەرکەوتوانە بەرامبەر بە بەغدا دەکرێـت، ئەوا کـارێکی ئەوهـا بەهەڵەداچـوونێکی کوشـندە دەبێت و دەرەنجامەکەشـی بە ئەگەری زۆرەوە باشـتر نـابێ لەوەی کە لە ڕیفراندۆم کەوتەوە!

گەندەڵی، نەوت، دەسەڵات

یەکێک لەو چەمکانەی کە سـاڵانێکە لە بـواری ڕەخنەگرتن لە دەسـەڵاتدا بەکارهێنانێکی یەکجار فراوانی هەیە، چەمکی **گەندەڵیە**. کەرتـی نەوت و گـاز یەکـێکە لەو چـالاکیە ئابووریـیانەی کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم چەمکەوە قسـەی زۆری لەسـەر کراوە. بەشـێکی هەرە گرنـگ لە تێبینیـی زۆرێـک لە لایەنە سیاسـییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکوانانی سیاسی و کۆمەڵگەی سیاسی بە گشـتی، ئەوە بـووە کە یەکێـک لە کێشـە هەرە جـددییەکانی ئەم کەرتە ئەوە بـووە کە ئەم کەرتە گەنـدەڵ و ناشـەفافە. بەڵام پـێم وایە تـا ئێسـتاش ئەم چەمـکە تێگەیشـتنێکی دروسـت و هەرە فراوانـی بـۆ نەخراوەتـە ڕوو، بەو واتـایەی کە ئـاخۆ ئـێمە کاتێـک دەڵێین **گەندەڵی**، مەبەستمان چییە و ئاخۆ دەکرێ مەترسـییەکانی

ئەم دیاردەیە ببەینە **ئاستی هەرە ستراتیجییەوە**، کە دواجار لە ئاستی جیاجیادا گەندەڵی وەک هەڕەشەیەکی هەرە جددی لە "ئاسایشی نەتەوەیی" هەرێمی کوردستان و "ئەزموون"ی ئەو بەشەی کوردستان دەربکەوێ؟

لێرەدا، بە جەختکردنەوە، دەمەوێ بڵێم لە گوتاری ڕەخنەدا لە دەسەڵات، نەتوانراوە ڕەهەند و ئاستە هەرە مەترسیدارەکانی دیاردەی گەندەڵی خوێندنەوەی هەرە فراوان و دروستی بۆ بکرێ و دواجار ئەم خوێندنەوەیە بکرێ بە بنەمای ستراتیجی و نەخشەڕێگەی سیاسی بۆ بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا.

لە ڕاستیدا زۆر دەمێکە، لە سێبەری حکومڕانیی سی ساڵەی هەرێمی کوردستاندا، **مەترسییەکانی گەندەڵی** بە کردار سنوورە خۆجێیی (لۆکاڵی)یەکانی تێ پەڕاندووە و چووەتە ئاستی هەرە مەترسیداری هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی باشووری کوردستانەوە. هەر لەبەر ئەمەش، زۆر دەمێکە پێویست بوو خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دیاردەی گەندەڵی بکرێ و بەپێی ئەو خوێندنەوەیەش گەندەڵی لە پێکهاتە و کاری ڕۆژانە و ڕەهەندە کارگێڕییەکانی دەزگاکانی دەوڵەتدا قەتیس نەکرێ، بەڵکو ئەم دیاردە کوشندەیە لە **ئاستێکی ستراتیجیی هەرە مەترسیداردا پێناسە و تێگەیشتنی بۆ بخرێتە ڕوو**.

دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا (لە ٢٠٠٩دا) لە بابەتێکمدا[1] دیاردەی گەندەڵیم لەم چوار ڕەهەندە یا ئاستدا (کە لە

---

[1] بڕوانە: بورهان أ. یاسین، "**باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەڵی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا**"، لە مالپەڕی نووسەر لە ٢٠٠٩/١٠/١٥دا بڵاو بووەتەوە:
www.burhanyassin.com

سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە) پێناسە کردووە، کە ئەم چوار ئاستەش لە کۆیاندا ئەوەمان پێ دەڵێن کە گەندەڵی بە شێوەیەکی پشتشکێن و لە ئاستێکی هەرە ستراتیجیدا ڕەگی داکوتیوە و بووە بەو "کرمەی" کە دۆزی کوردی لە باشووری کوردستان لە هەموو ئاستەکانی دۆزەکەدا کاڵۆڵ و کرمێ کردووە. بە واتایەکی دیکە، ئەو هەڵەیەی کە تا ئێستا کراوە لەمەڕ تێگەیشتن لە **دیاردەی گەندەڵی** و داڕشتنی گوتاری سیاسی لەسەر ئەو بنچینەیە، ئەوە بووە کە **ئەم دیاردەیە تەنها لە ئاستی ناوخۆی هەرێم (واتە ئاستە خۆجێییەکەدا) بینراوە**، بۆ نموونە، وەک مەسەلەی بندیوار، مەحسوبییەت، چاوپۆشی لە دیاردە دزێوەکانی کارگێڕی و...

لە وتاری ناوبراومدا، بە جەختکردنەوە، گوتوومە کە ئێمە دەبێ گەندەڵی لە چوار ئاستدا ببینین و چارەسەرەکانیش هەر لەم چوار ئاستەدا فۆرمووڵە بکەین بەپێی ئەوەی کە کۆڵەکە و "موقەوەمات"ی بوون و هێزی دەسەڵاتیش هەر لەو چوار ئاستەدان، واتە هەر وەک لە سەرەوە گوترا: ١) ئاستی ناوخۆی هەرێم؛ ٢) ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا؛ ٣) ئاستی ئیقلیمی؛ ٤) ئاستی نێودەوڵەتی. (دواتر دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەم ئاستانەی گەندەڵی).

***

یەکێک لە دەرهاویشتەکانی گەندەڵی ئەوە بووە کە دوو **دەسەڵاتی هاوتەریب** سەریان هەڵداوە: لە لایەکەوە دەسەڵاتی ڕەسمی (واتە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو دامەزراوە ڕەسمییەکانی تر)، کەچی لە لایەکی

تـرەوە دەسـەلاتی شـاراوە (یـا تـۆ بڵـێ قـووڵ)[1]ی دوو حـزبە خاوەن "میلیشیاکە"، واتە دەسـەلاتی قـووڵی **ئـابووریی ڕەش،** کۆمپانیا وەهمییەکان، قاچـاغچێتی بە نەوت و سـەرچاوەکانی تری سامانی نیشتمانی، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دوو حـزبەکە و بە تـایبەتییش کەسـە بەهێزەکـانی دوو بنەمـاڵەی دوو حزبەکە. ئەمە ڕێک خەسڵەتی پێکهاتەی دوانەیی دەسەلاتە لە "دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا"، واتە **دەسـەلاتی ڕەسـمی لە لایەک، کە لاوازە** و هـاوتەریبەکەی، کە دەسـەلاتی **قـووڵ یـا شاراوەیە و دەسەلات و قودرەتی ڕاستەقینەی لە دەستدایە،** لە لایەکـی تـرەوە. ئەم **دەسـەلاتە قـووڵە دەسـەلاتە ڕەسـمییەکەی لە نـاو چنگیـدا تونـد بە بـارمتە گرتـووە، ئاڕاسـتەی دەکـات و بازرگـانیی پێـوە دەکـات!** ڕێـک ئەم شێوازەیە لە بونیادی دەسەلات کە گەورەترین یارمەتیدەری دیـاردەی گەنـدەڵییە، بە ئاکـامی هەرە مەترسـیدارەوە بـۆ تەواوی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

یەکێک لە ئاکـامە هەرە مەترسـیدار و کەمەرشـکێنەکانی دیـاردەی گەنـدەڵی، بەپێـی ئەم جـۆرە لە خوێنـدنەوە، ئەوە بـووە کە گەنـدەڵی لە دوورمەودادا توانیـویەتی دۆزی کـورد بکـات بە دۆزێکـی دووڵەت: یەکێکیـان دۆزی ڕەوای خەڵکـی کوردسـتانە، بەڵام ئەوەی دیکەیـان دۆز و قەزیەی تـوێژێکی تەماحکار و چـاوچنۆکە کە وەک "مـشەخۆر" **لەسـەر حساب**

---

[1] لە بـواری لێکـۆڵینەوە لە گۆشـەنیگای زانسـتی سیاسـییەوە، دەمـێکە چەمکـی دەوڵەتـی قووڵ (the deep state) بۆ گوزارشت لە بوونی دوو دەسـەلاتی هاوتەریب بەکار دەهێنرێت، یەکێکیان دەسـەلاتە "بینراوە" ڕەسـمییەکەیە، بەڵام ئەوەی تریان دەسـەلاتی قـووڵ و شـاراوەیە. یەکێـک لەو وڵاتـانەی کە ئەم حـاڵەتی دوانەیـی و هاوتەریبوونەی دوو دەسەلاتی تێدا بەرجەستەیە، تورکیایە.

و جەستەی دۆزە رەواکە دەژی. لە ڕاستیدا ئەمە ڕێک دۆخی دۆز و ئەزموونی کورد بووە لە باشووری کوردستان لە سی ساڵی ڕابوردوودا. نموونەیەکی زیندوو و هەستپێکراو بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتی "دووڵەتییە" لە ئێستادا، ئەوەیە کە لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەمەڕ دۆسیەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، جووت-جەمسەرییەکی ئاشکرا دروست بووە لە هەڵوێستەکاندا: تۆڕی دەسەڵاتداری مشەخۆر تا بڵێی بەم بڕیارە نیگەرانە، بەڵام لە بەرامبەردا خەڵکێکی زۆر، کە پێی وایە نەوت و گاز نەبووە بە سەرچاوەی خێر و حەسانەوەی زۆرینەی خەڵک، بەڵکو بووە بە سەرچاوەی خۆدەوڵەمەندکردنێکی بێسنووری تۆڕێکی دەسەڵاتداری مشەخۆر و چاوبرسی، بڕیارەکەی بە لاوە پەسەندە، چونکە، بە سادەیی، وا دەزانێ دواجار بڕیارەکە دەبێت بە هۆی زیانگەیشتن بەو تۆڕە تەماحکار و چاوچنۆکەی دەسەڵات. ئەوەشی لەم بارەیەوە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە دەسەڵاتدارە مشەخۆر و 'موستەفیدەکان' بەردەوام دەخوازن نیگەرانییە ڕاستەقینەکەیان بە پەردەی ڕەوایەتیی دۆزی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەم خەڵکە پەردەپۆش بکەن، لە ڕاستیدا لە گوتارەکانیاندا وا خۆیان دەردەخەن کە ئەوان بەرگریکاری ژمارە یەک و ڕاستەقینەن لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان!

ئەمڕۆ گومان نییە لەوەی کە **کێشەی ڕەوای گەلێک** بوونی هەیە، کە لە ڕاستیدا بەردەوامیی میژوویەکی دوورودرێژە، بەڵام **لە پشت هێڵی ئەم دۆزە ڕەوایەوە،**

بەردەوام تـوێژێکی خۆپەرست و تەماحکـار و چـاوچنۆک خـۆی حەشـار داوە و بەرژەوەنـدییەکانی خـۆی پاراسـتووە. **ئەم توێژە نەک هەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر حسێبی ئەو دۆزە ڕەوایە دەپارێزێ، بەڵکـو ئامادەشـە ئەم مەسـەلە ڕەوایە بکـات بە قوربـانیی بەرژەوەنـدییە تـایبەتی و تەسکەکانی خۆی...**

لە ڕاسـتیدا ئەمـڕۆ بەشـێکی گرنـگ لە ململانـێ و کێشمەکێشـی هەولێـر و بەغـدا، **کێشـەکانی دەسـەلاتی شاراوەن**، بەڵام لەوڵاشەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی **دەسەلاتە ڕەسمییەکەی هەرێمی کوردستانەوە، کێشەکان** وەک کێشەی ڕەوا و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان وێنا دەکرێن و دەناسێنرێن و بەرەو ڕووی بەغدا دەکرێنەوە. بەم واتـایەش، دۆزە ڕەواکە و خەڵکی کوردستان باجی ململانێیەک دەدەن کە نە هیـی خۆیـانە و نە هیـی بەرژەوەنـدی و ئاسایشـی نەتەوەییشـیانە، بەڵکـو کێشـەی چاوبرسـی و چـاوچنۆک و گەندەڵکارانی دەسـەڵاتی شـاراوەی "کـوردییە". هەڵبەتە هەر ئەم حـاڵەتەیە وای کـردووە بەردەوام دەبینـین کەسـانێک بە هەڵە و بە نـاڕەوا هێـرش دەکەنە سـەر "کـوردایەتی"، وەک ئەوەی "کوردایەتی" بەرپرس بێت لە حاڵەتی بوونی توێژێکی دەسـەڵاتداری مشـەخۆر، کە لە ڕاسـتیدا وەک شـێرپەنجە کەوتـووەتە گیـانی دۆزی ڕەوای کـورد و کـوردایەتی، بەم واتـایەش، "کـوردایەتی"یە ڕاسـتەقینەکە بـووە بە قوربـانیی ژمارە یەک.

بە واتـایەکی دیـکە، کێشـەی نەوت لەگەڵ بەغـدادا دوو ڕووی هەیە، لە لایەک مەسـەلەیەکی نەتەوەیی/نیشـتمانییە،

بەڵام لە لایەکی تـرەوە مەسـەلەی دەسـەڵاتی کۆمپانیـا نایاسـاییەکانی پـارتی و یەکێتـی و کۆمپانیـا وەهمییەکـانی قاچاغیکردنـە بە کـاڵایەکی سـتراتیجی و هەرە هەسـتیار لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. لە ڕاستیدا هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا دەمێکە چالاکی و هەژمـوونی "دەسـەڵاتی شـاراوە" لە ئاسـتی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییشـدا بـووەتە بـارگرانییەک بەسـەر کێشـەی ڕەوای کـوردەوە و ڕێگـــرێکیش لە بەردەم کارســـــاز و وەبەرهێـــــنەر و سـەرمایەداری بیـانی کە خوازیـارن، دوور لە گەنـدەڵی و پـارێزراو لە دەسـەڵاتدارانی گەنـدەڵکار، وەبەرهێنـان لە کوردسـتاندا بـکەن. ڕووداوەکـانی ڕابوردوویـەکی نزیـک لە تێوەگلانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە هەندێک سـەودا لەگەڵ 'د ن ۆ'ی نەرویـژی و 'گیـنەل ئەنەرژی'ی تـورکی (دواتریش ڕۆزنەفتی ڕووسی) و زۆر کۆمپانیـای دیکە، ئەوە دەردەخەن کە تـا چ ڕادەیەکـی ترسـناک دەسـەڵاتی شـاراوە بـووە بە جێگەی مەترسـی بەسـەر دەسـەڵاتە ڕەسـمییەکەی باشـووری کوردسـتانەوە. **بە شـاراوەیی و لە تاریکیـدا** هێشـتنەوەی ڕێککەوتـنە پەنجـا سـاڵییەکەی نێـوان نێچیرڤـان بـارزانی و ڕەجەب تەیـب ئەردۆغـان، ڕێککەوتنێـک کە بـۆ خۆی بـووەتە ناونیشـان و پێناسـەی ئەم حـاڵەتی دوانەییەی دەســەڵات، دەربڕێکـــی هەرە بەرجەسـتەیە لە مـــاهییەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان!

لە ڕاسـتیدا هەر یەکێـک لـە پـارتی و یەکێتـی بە جیـا خاوەنی دوو جۆر لە دەسەڵاتن: لە لایەک دەسەڵاتی ڕەسمی و لە لایەکی تریشـەوە دەسـەڵاتی شـاراوە. ئەم حـاڵەتە دوو

ئاکامی زۆر گرنگی هەبووە: ١) زۆر ئەستەمە، تەنانەت ناومکینیشە، چارەنووسی ئەم دوو حزبە، سەرەڕای هەموو جیاوازی و ململانێکانیان، لە یەکتر جیا بکرێتەوە؛ ٢) مانەوەی هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی دیکەیان بووە بە پێشمەرج و زامنکار: ئەم دوو حزبە لە لایەکەوە لە ڕێگەی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا ڕەسمییەکانی دەسەڵاتەوە، واتە **دەسەڵاتی ڕەسمی** و لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی کۆمپانیا حزبییەکانیان و چالاکییە ئابووریيە نایاسایيەکانیان و کۆمپانیا وەهمییەکانیانەوە، واتە چالاکییە ئابووریيە ڕەشەکانیانەوە، هەردوو دەسەڵاتی شاراوە و ڕەسمییان کۆنترۆڵ کردووە. ئەوەی جێگەی گرنگییە، ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو دوو جەمسەرە (واتە دەسەڵاتی ڕەسمی لە لایەک و دەسەڵاتی شاراوە لە لایەکی ترەوە) لە ڕێگەی "هاوپەیمانیی ستراتیجی"ی ئەو دوو حزبەوە بەیەکەوەگرێدراو و پارێزراو بوونە.

بەهەرحاڵ لە دوای کۆچی دوایی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی (جەلال تاڵەبانی) و ئەو دۆخە ناهەمواوەی ئەو حزبە دووچاری بووەتەوە، چیتر پەیوەندیی ئەم حزبە و پارتی لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی هاوسەنگ نییە، بەڵکو دەتوانین زیاتر باس لە حاڵەتی بەبارمتەگیراویی یەکێتی لە دەستی پارتیدا بکەین و ئامرازی ئەم حاڵەتی بەبارمتەگیراوییەش توێژێکی مشەخۆر و بەرژەوەندیخوازی "دەسەڵاتی شاراوە"ی ناو یەکێتییە. ئەگەرچی لە دوای کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانییەوە هەست بە خواست و هەوڵێک لە لایەن یەکێتییەوە کرا بۆ ڕزگاربوون

لەم حاڵەتی بەبارمتەگیراوییە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەم هەوڵانەدا هەبووە، شتێکی زیاتر نییە لە هەنگاوێک بۆ پێشەوە، بەڵام لەوڵاشەوە دوو هەنگاو بۆ دواوە!

***

لە مەسەلەی خاوەنێتیی خەڵکی کوردستان لەو نەوت و گازەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە هەر لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا لایەنی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست، واتە زۆرینەی عەرەبی، سەرکەوتوو بوو لەوەی داخوازییەکانی لایەنی کوردی لەم بارەیەوە قبووڵ نەکات. لەبری چارەسەرکردنی ئەم بابەتە لە دەستووردا بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بەبێ پێچوپەنا، ئەم مەسەلە هەستیارە سپێررایە **شێوەیەک لە ناڕوونی لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا**. بەهەرحاڵ ئەوەی زۆر ڕوونە و ئەمەشم لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دەربارەی دەستووری هەمیشەیی عیراق کە لە ٢٠٠٥دا بڵاو کردووەتەوە، جەخت کردووەتەوە.[1] لە ماددەی ١١١ی دەستووردا هاتووە کە "نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عیراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا."[2] هەرچەندە لە

---

[1] بورهان أ. یاسین، "گەمەی دەستوور و چارەنووسی باشووری کوردستان"، سوید، ٢٠٠٥/١٠/١، (لە هەندێک ماڵپەڕی کوردیدا بڵاو بووەتەوە). دواتر ئەم بابەتە لەم کتێبەدا بڵاو بووەتەوە: بورهان أ. یاسین، *عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، دهۆک: مەتین، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٥٣-١٨٣.

[2] ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فەرمانگەی ڕاگەیاندن، *دەستووری کۆماری عیراق*، ؟ ؟.

ماددەی تری دەستووردا شتی تریش هاتوون دەربارەی نەوت و گاز، وەک بۆ نموونە، ئیدارەی هاوبەش لە کێڵگەکانی نەوت و گاز کە دەڵێت "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکاندا نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بە ڕێوە دەبات."[1] بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شتەی یەکلاکەرەوە و هەرە گرنگە، ماددەی ١١١یە، کە زۆر تەفسیر هەڵناگرێ و بەبێ **پێچوپەنا**، ماف بە هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نادات کە داهاتی نەوت و گاز بۆ خۆیان گل بدەنەوە! ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتادا، لە پرۆسەی کارکردن بۆ نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، لایەنی کوردی بانگەشەی بۆ هەندێک هێڵی سوور دەکرد، کە بۆ نموونە هێڵێک لەو هێڵە سوورانە بریتی بوو لەوەی کە داهاتی ئەو نەوت و گازەی لە هەرێمی کوردستان دەردەهێنرێت، بە ڕێژەی ٦٥٪ بۆ هەرێم بێت و ٣٥٪ بۆ دەسەلاتی ئیتحادی بێت و ٥٪ بۆ ئەو شارە بێت کە ئەو نەوت یا گازەی لێ دەردەهێنرێت. بەڵام ئاشکرایە کە بە هیچ شێوەیەک لە ناو ڕەشنووسی ئەم دەستوورەدا ئەم داخوازییە، یا هێڵە سوورە کوردستانییە، جێگەی نەکراوەتەوە.[2] ئەوە لە کاتێکدایە، یەکسەر دوای تەواوبوونی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور، لە لایەنی کوردییەوە ئەوە ڕاگەیەنرا کە کەم یا زۆر، ١٠٠٪ی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ماددەی ١١٢، یەکەم.

[2] بورهان أ. یاسین، "کەمەی دەستوور و چارەنووسی باشووری کوردستان" لە، *عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، دهۆک: مەتین، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٦٩.

داخوازییەکانی کورد لە دەستووردا جێگەیان کراوەتەوە. بۆ نموونە، دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور، د. سەعدی بەرزنجی، ئەندامی لیژنەی دەستووری، ئەوەی ڕاگەیاند کە "خواستەکانی گەلی کورد کە وەک هێڵی سوور وابوون، هەمووی دەقنووس کراون."[1] ئەم بۆچوونە زۆر نزیکە لەوەی ئازاد بەرواری (ئەندامی بیرۆی سیاسیی پدک) کە دوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆ لەسەر ڕەشنووسی دەستوور، ڕای گەیاند کە ٩٨٪ لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەو ڕەشنووسەدا هاتوونەتە دی.[2] لە ڕاستیدا ئەوەی کە دەربارەی **خاوەنێتی لە نەوت و گاز و داهاتەکانیان** لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا هاتووە، دوور لە هەموو **وردەکارییەکی ئیداری و تەکنیکی**، زۆر لەوە زیاتر نییە کە دەربارەی هەمان بابەت لە "ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان"ی ڕژێمی بەعس لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هاتبوو، بە واتای جەختکردنەوە لەوەی نەوت و گاز مولکی هەموو گەلی عیراقە!

لایەنێکی زۆر گرنگی کێشەی "دەسەڵاتەکان" لە نێوان هەرێم و بەغدادا، بە تایبەتی لە بابەتی نەوت و گاز و زۆر بابەتی دیکەشدا، ئەوەیە کە زۆرێک لەو دەسەڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان لە دوای کۆتایی ڕژێمی سەدام حوسەین

---

[1] ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٠٥/٩/٢١، لاپەڕە ٣.

[2] ڕاگەیاندنی ئازاد بەرواری دەربارەی کۆتاییهاتنی گفتوگۆکانی دەستوور. کەچی لە لایەکی تردەوە فەلەکەدین کاکەیی، وەک هێما بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی ئازاد بەرواری، دەڵێ "بڕوا ناکەم ئەو دەستوورە ٩٨٪ی داخوازییەکانی کوردی تێدا بێ، بەڵام ٧٥٪ی ئەوەی ویستمان، تێیدا هاتە دی." بڕوانە میدیا، ٢٠٠٥/٩/٦، لاپەڕە ٦.

له هەرێم پەیڕەوی کردوون، زیاتر هیی 'ئەمری واقیع' (de facto)ن تا هیی **بڕیار و دانپێدانانی یاسا** (de jure) و دەستوور بن. یا دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، لە ٢٠٠٥ەوە دوو جۆری دەسەڵاتی هاوتەریب، بەڵام بە شێوەیەکی ئاڵۆز تێهەڵکێش لە یەکتردا، لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کراون، یەکێکیان ئەو دەسەڵاتانەن کە پشتئەستوورن بە دەستووری هەمیشەیی عیراق، بەڵام لەوڵاشەوە دەسەڵاتە هاوتەریبەکەیان هەیە، واتە ئەو دەسەڵاتانەی کە زیاتر هیی **'ئەمری واقیع'**ن. بەم واتایەش، ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەیە، نەک هەر هیی جیاوازی و ناکۆکییەکانە لە تەفسیرکردنی جیاوازی ماددەکانی دەستووردا، بەڵکو ڕێک ململانێیە لە نێوان دەسەڵاتی ئەمری واقیع لە لایەک و دەسەڵاتی دانپێدانراو و قبووڵکراو لە لایەن دەستووری عیراقەوە لە لایەکی ترەوە، کە لە باشترین حاڵەتدا، بە بەهانەی **جیاوازی لە تەفسیری دەستووردا** پەیڕەو دەکرێن. گرنگیشە ئەوە بڵێین کە دەسەڵاتەکانی ئەمری واقیع لە هەرێمی کوردستان هیی کۆمەڵێک پێدراو و ڕووداوی یەک لە دوای یەکن کە لە ١٩٩١ەوە دەست پێ دەکەن تا کەوتنی ڕژێمی سەدام و لە کەڵەکەبوونیاندا دەرفەتی زێڕینیان بە هەرێمی کوردستان بەخشی کە دەسەڵاتێک دابمەزرێنێ کە دواجار دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هیچ لایەنێک نەتوانێ ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعە بە نادیدە بگرێ، یا نکۆڵیی لێ بکات. گرنگترین ئەو پێدراو و ڕووداوانەش ئەمانە بوون: بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ١٩٩١دا، هێڵی دژەفڕینی

٣٦، کشانەوەی هێز و ئیدارەی رژێم لەو ناوچانەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، مامەڵەی بەشێک لە وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعەی هەرێم. ئەم پێشوەچوونە لە هەرێم لە نێوان ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا بەشی ئەوەیان کرد کە هەرێم بەر لە کەوتنی رژێمی سەدام حوسەین دەسەڵاتێکی "نیمچەسەربەخۆ"ی هەبێت. بەڵام ئەوە شتێکی تر بوو کاتێک سەرانی کورد ئەوەیان قبووڵ کرد کە بەم "نیمچەسەربەخۆییەوە" بچنە بەغدا و ببن بە بەشێک لە پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، بەڵام لەوسەرەوە، واتە لە بەغداوە، بە دەستوورێکەوە بگەڕێنەوە کە ئەم "نیمچەسەربەخۆییە" لە قاڵب دەدات بە کۆمەڵێک سنووردارکردنی جددی لە دەسەڵاتەکاندا، دەستوورێک کە دواجار تەنانەت، کەم یا زۆر، ٧٥٪ی خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگی بە دەستوورەکە دا... جگە لەمەش، هەندێک لە پێدراو و ڕووداوە یارمەتیدەرەکان بۆ پەڕەوکردنی دەسەڵاتی ئەمری واقیع، هیی دوای کەوتنی رژێمن، لەوانەش، بەرهەڵستکاری دژی ئەمریکا، تێرۆری ئەلقاعیدە، حاڵەتی فەوزای گشتی لە عیراقی عەرەبیدا (واتە بەشی عەرەبی لە عیراق) و بە تایبەتی شەڕی داعش، هەموویان یارمەتیدەر بوون لە بەهێزکردنی ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعەدا.

***

شتێکی هەرە سەرەکی لە تێگەیشتنی دۆسیە هەرە هەستیارەکەی نەوت و گازدا، ئەوەیە کە چیتر گرنگیی مەسەلەی نەوت و گاز **لە ژمارەکاندا نییە** (وەک بۆ نموونە چەند بەرمیل یا

چەند مەتر سێجا، یا بە چەند دۆلار و...)، بەڵکو مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە کێ و کام لایەن تەحەکوم بە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و گەیاندنیان بە بازاڕ دەکات و **کێ و کام لایەنی دەسەلات بەرژەوەندیی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو وڵاتانەی کە خۆیان لە پشت ئەم کۆمپانیانە حەشار داوە، زامن دەکات و دەپارێزێ.**

ئەوەی کە پێویستە هەر زوو جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەوەیە کە کۆدەکانی هەموو ڕەهەند و ئاستە ئابووری و سیاسییە گرنگەکانی بواری نەوت و گاز، بە تەواوەتی لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستاندان. (هەڵبەتە ئەم کۆدانە لە ناو پارتییشدا بە دەست بنەماڵەیەک و لەو بنەماڵەیەشدا زیاتر لە دەست نێچیرڤان بارزانیدان). بەم واتایەش، هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ دەسەلات بە تەواوەتی بە دەست بهێنێ، بە واتای ئەوەی ببێ بە هێزی سەرەکی و خۆی حکومەت پێک بهێنێ، یا تەنانەت ببێ بە **هاوبەش (شریک)ێکی ڕاستەقینە** لە حکومەتدا، ناتوانێ لە هەردوو حاڵەتدا ئەوە بکات **ئەگەر کۆدی نەوتی لە دەستدا نەبێت**، یا هەر نەبێ، بە "هاوبەشی" **تەحەکومی ڕاستەقینە بە کۆدەکانی ئەم دۆسیەیەوە نەکات!**

بەم واتایەش هەر هێزێکی سیاسی بەر لەوەی، یا هەر نەبێ هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی، باسی هەڵبژاردن بکات وەک ئامرازی گەیشتن بە دەسەلات، ئەوا دەبێ زووتر بیر لە دۆسیەی نەوت و گاز بکاتەوە و **مشووری ئەوە بخوات کە ئاخۆ چۆن لە داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەیەدا دەکرێ و کۆدەکانی ئەم دۆسیەیە لە دەستی کێ و کام هێزدا دەبن.** بەبێ ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوە، **دەبێ هەر زوو بڵێین کە "دەرهاویشتەی**

هەڵبژاردن هەرچی دەبێت با ببێ، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە لە داهاتووشدا کلیلی حکومەت و دەسەڵات هەر لە دەستی ئەوانەدا یا ئەو حزبەدا دەبێت کە کۆدی نەوت و گازی لە دەستدایە.

لە ئێستادا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە پارتی خاوەنی کلیلی ئەو سندووقەیە کە کۆدی دۆسیەی نەوت و گازی تێدایە، ئەوانەی ئەم کلیلەشیان لە دەستدا بێت، ئەوا کلیلی چوار دۆسیەی هەرە گرنگی پەیوەندیدار بە نەوت و گازیان بە دەستەوە دەبێت: **یەکەم**، دۆسیەی ئابووریی هەرێم، گوزەرانی خەڵک، گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پرۆژەی زەبەلاحی وەبەرهێنان و... بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە بودجەیەکی زەبەلاح و بێهەڕماری "لە تاریکیدا" لە دەستدا دەبێت بۆ کڕینی دەنگ، دامەزراندنی بندیوار، ئیدارەدانی ئیمپراتۆرییەکی زەبەلاحی میدیایی، لەشکرێک لە میدیاکار. **دووەم**، دۆسیەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا؛ **سێیەم**، دۆسیەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان؛ **چوارەم**، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (دواتر بە وردەکاریی زیاترەوە دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەم چوار ئاستە).

میژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە نموونەی ئەو ئەزموونە سیاسییانەی کە نەوت تێیاندا کرۆکی بوون و گەشەکردنیان بووە، یا بە پێچەوانەوە، واتە پووکانەوە و ڕووخانیان بووە. زۆر بە تایبەتی گۆڕینی ڕژێم، کودەتا، هەوڵەکانی خۆماڵیکردن (بە هەردوو جۆرەکەی، واتە خۆماڵیکردنی سەرکەوتوو یا شکستخواردوو) و... چیرۆکی دوانەی دەسەڵاتی سیاسی و نەوت بووە لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا. ئەزموونەکەی د. محەمەد موسەدەق زۆر ڕاستیمان

لەبارەی ئەم جۆرە ئەزموونانەوە پێ دەڵێ. گرنگترین شتگەلێک کە لە چیرۆک و بەسەرهاتی موسەدەقدا تێبینی دەکرێن، ئەمانەن: ١- چۆن و کەی دەسەڵاتدارێک دەست بۆ ئەم دۆسیە هەستیارە دەبات؟ ٢- ئەم دەستبردنە چ ڕۆڵێکی هەیە لە مانەوە لە دەسەڵاتدا یا لەدەستدانی؛ ٣- ئەوانەی "بوێری" دەکەن و دەست بۆ دۆسیە هەستیارەکەی نەوت دەبەن، بۆ نموونە، ئەم سامانە سروشتییە خۆماڵی دەکەن، دەبێ چاوەڕوانی چی بکەن و چی دەکەن بۆ ئەوەی لەم دەستبردنەدا سەرکەوتوو بن؟ ٤- پشتگیریی خەڵک بۆ دەسەڵاتدارێک و خۆشەویستیی خەڵک بۆ ئەم دەسەڵاتدارە، چەند دەبێت با ببێ، بەڵام دیسان ئەم خۆشەویستی و پشتگیرییە بەشی ئەوە ناکات کە ئەم دەسەڵاتدارە سەرکەوتوو بێت و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە **ئەگەر دەستی بۆ دۆسیەی هەستیاری نەوت برد، بە تایبەتی خۆماڵیکردنی.** ئەم چوار خاڵە بە یەکەوە و لە یەک کات و چیرۆکدا ئەو تابلۆ میژووییەمان بۆ دەکێشن کە تێیدا د. موسەدەق دەگات بە لوتکە لە پشتگیریی بێهاوتا و لوتکەی دەسەڵاتدا لە ئێران، بەڵام دواتر ئەم خۆماڵیکردنە دەبێتەوە بە هۆی نسکۆ و لەدەستدانی دەسەڵات![1]

---

[1] بۆ یەکێک لە باشترین سەرچاوەکان کە باس لە نەوت و گاز دەکات لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئابووری و دەسەڵاتدا، بڕوانە:
Daniel Yergin, *The Prize: The Quest for Oil, Mony & Power,* (London...: Simon & Schuster, 2008).
بە تایبەتی بەسەرهاتی د محەمەد موسەدەق زۆر سەرنجڕاکێشە لە دوانەی نەوت و دەسەڵاتدا. ئەمە یەکێکە لە بەسەرهاتە هەرە سەرنجڕاکێشەکان لەبارەی خۆماڵیکردنی نەوتەوە، وەک ئامرازێکی هەرە کاریگەر لە بەدەستهێنانی پشتگیرییەکی جەماوەریی، تا ڕادەیەک، بێهاوتا لە میژووی

هەڵبەتە بابەتی نەوت و گاز زۆری لەسەر گوتراوە و ڕۆژانە زۆری تریشی لەسەر دەگوترێ، کە بەشی زۆری دووبارەیە و زۆر یارمەتیدەر نییە بۆ تێگەیشتن لە هەستیاریی و گرنگیی دۆسیەکە.

جارێ زۆر گرنگە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە دۆسیەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر، **لە دەرەوەی پرۆسەی پەرلەمانیدایە**. هەر پەیوەندیدار بەم ڕەهەندەوە، دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن چی دەبن با ببن، بەڵام دیسان ئەم دۆسیەیە تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە **دەرەوەی کاریگەریی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە**، چونکە دۆسیەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی پرۆسەی پەرلەمانیدا مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت! بەم واتایەش، ئەوانەی ئەم دۆسیەیان لە دەستدایە، هەر ئەوانەن کە لە بەردەواميیشدا دەسەڵات لە دەستیاندا دەمێنێتەوە. من پێم وایە پارتی، خانەوادەی بارزانی و زۆر بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، بەو شێوازەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا کردووە، ئەم ئاکامانەی خوارەوەی لێ کەوتووەتەوە، تەنانەت لە داهاتووشدا هەر وا دەمێنێتەوە، ئەگەر هاوسەنگیی هێز لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا نەیەت و دۆسیەی نەوت و گاز لە

مۆدێرنی ئێراندا، بەڵام هەر هەمان خۆماڵیکردنیش هەر زوو بووەتەوە بە هۆی لەدەستدانی دەسەلات. کەواتە "چەکی نەوت" وەک شیرێکی دوو سەرە، دەکرێ بتگەیەنێ بە دەسەلات و دەسەلاتەکەت بۆ ماوەیەک جێگیر و بەهێز بکات، بەڵام لەوڵاشەوە دەکرێ هەر نەوت بێی بە هۆی لەدەستدانی هەمان دەسەلات. بۆ بەسەرهاتی موسەدەق بە تایبەتی بڕوانە
Yergin, *The Prize...*, 2008, pp. 438-444

تاریکییەوە نەیەتە ڕووناکییەوە و نەبێت بە پرۆسەیەکی تەواو پەرلەمانی و شەفاف.

کەواتە دەبێ بپرسین ئاخۆ ئەو ئاکامانە چین کە لە بەبارمتەگرتنی کۆدەکانی نەوتدا لە لایەن پارتی و بنەماڵەی بارزانییەوە دەکەونەوە؟ لەم بەشەی نووسراوی بەردەستدا هەوڵ دەدەم، لە ڕۆشنایی چوار خاڵی پێشتردا دەربارەی ئاستەکانی گەندەڵی، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، واتە گرێدانی دوو شتی گەوهەری بە یەکترەوە، واتە گەندەڵی لە لایەک، لە چوار ئاستدا و دۆسیەی نەوت و گاز لە لایەکی ترەوە، لەوێشەوە گەندەڵبوونی ئەوەی پێی دەگوترێ ئەزموونی باشووری کوردستان و تەنانەت تەواوی ڕەوتی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستاندا:

١) لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمدا:

أ- گوزەرانی خەڵک و چالاکییە ئابوورییەکان بە تەواوەتی وابەستەی کەرتی نەوت و گاز کراون، کۆدەکانی کەرتەکەش لە ناو "سندووقێک"دا لە تاریکیدا حەشار دراون؛

ب- نەوت بووەتە سەرچاوە و ئامرازی بالادەستیی دوو هێزی سیاسی (پارتی و یەکێتی)، زۆر بە تایبەتی بالادەستیی ڕەهای پارتی. هەروەها بووەتە سەرچاوەی هێز و مانەوەی تۆڕێکی چاوبرسی و چاوچنۆکی دەسەڵاتدار، کە هەر ئەم تۆڕە چاوبرسی و تەماحکارەش، خۆی لە خۆیدا، دەمێکە بووەتە مەترسیی هەرە گەورە لەسەر هەنووکە و داڕۆژی هەرێمی کوردستان؛

ج- دەسەڵات، دوور لە ڕۆڵی دامەزراوە شەرعییەکان، نەک هەر لە

ڕابـوردوو و لە ئێستادا وابەستەی ئەم دۆسیەیە کـراوە، بەڵکو بۆ داهـاتووش ئەم دۆسیەیە، تەنـانەت چارەنووسـی دەسـەڵاتی داهـاتووی هەرێمـی کوردسـتان دیـاری دەکـات، ئەگەر گۆڕانکـاریی ڕیشـەیی بەسـەر ئیدارەدانی دۆسـیەکەدا نەیەت؛ **د- هەر نەوت و گـاز**، لە پاڵیشـیاندا سـەرچاوەکانی تری دەرامەت، بە تایبەتی دەروازە گومرگییەکان، دەرفەتیان بە دوو حزبـــی دەســـەڵات داوە، بە تـــایبەتی پـــارتی، کە لەشـکرێک لە میـدیاکار و بێهەژمـار ئـامرازی میـدیایی و ڕێکخراوەی سیخوڕی و هەواڵگیری و میلیشیای تایبەت بە حـــزب و لەشـــکرێک بنـــدیوار و... بژێنـــێ، کە ئەمـــانەش هەموویـــان کۆمەڵێـــک ڕەگەز و بنەمـــای گرنگـــی ڕاگرتنـــی دەسەڵاتن. ئەوەتا لە ٢٠٢١/١١/١٥دا ڕێواز فایەق (سـەرۆکی پەرلەمـان) دەڵـێ داهـاتی نەوت نۆسـەد ملیـۆن دۆلارە، بەڵام ئەوەی "دەچێـتە خەزێـنەی وەزارەتـی دارایی"ـــەوە، تەنهـا سێسـەد و پـەنجا ملیـۆن دۆلارە. هەروەهـا دەشـڵێت کە پێنجسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ حکومەت نـاگەڕێتەوە.[1] هەر ئەم ڕاگەیاندنەی سـەرۆکی پەرلەمـان ئەو ڕاسـتییە پشتڕاسـت دەکـاتەوە کە تـا چ ڕادەیەک دۆسـیەی نەوت و گـاز، دوور لە کـۆنترۆڵ و دەســـەڵاتی پەرلەمـــان، دادوەری و میکانیزمەکانی چاودێری دارایی، ئیدارە دەدرێ. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە دەکرێ ڕۆژنامەنووسێکیش پەردە لەسـەر ئەم ژمـارانە لابـدا کە سـەرۆکی پەرلەمـان باسـیان دەکات، بەڵام ئاخۆ لەیەکچوون لە نێوان سـەرۆکی پەرلەمـان

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
https://nrttv.com/detail/4794
دەستگەیشتن: ٢٠٢١/١١/١٥.

و ئەو ڕۆژنامەنووسەدا چیە کە باس لە هەمان ڕاستی دەکەن؟ وەڵامەکەی ئاسانە: هەردووکیان **بێبەشن لە دەسەڵاتی ڕاستەقینە** لە دۆسیەی نەوت و گازدا، هەردووکیان وەک یەکن، هەر ئەمەشە ڕۆحی کێشەکە!

٢) لە ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا:

لە ساڵانی ڕابوردوودا، بە تایبەتی لە مانگ و هەفتەکانی دوای ڕیفراندۆمەکەی ئەیلوولی ٢٠١٧ و هەرەسی ١٦ی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵە، بە ڕوونی دەرکەوت کە زۆربەی دۆسیەکانی تر لەگەڵ بەغدادا دەکرێ "پشتگوێ بخرێن" تەنها ئەو دۆسیانە نەبێت کە بۆ دەسەڵاتداران سەرچاوەی داهاتن، واتە نەوت و گاز و خاڵە سنووریەکان و فڕۆکەخانەکان. ئەوەی لەم نێوەندەدا دەبێت بە قوربانی، هەندێ مەسەلەی "هەڵپسێڕراو و جێی ناکۆکین" لەگەڵ بەغدادا، کە بەهەرحاڵ مەسەلەی هەرە ستراتیجین، **بە تایبەتی مەسەلەی خاک!** بە واتایەکی دیکە، هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا نابینرێ، چونکە ڕەهەندە نایاسایی و ناڕوون و شاراوەکانی دۆسیەکانی نەوت و گاز، گومرگ و فڕۆکەخانەکان "بەو شێوەیەی کە لە دیوی هەرێمەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ"، لەگەڵ ڕۆحی دەستووری عیراقدا یەکانگیر نین. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی: ناکرێ و نەگونجاوە کە لە کاتێکدا لایەنی کوردی داوای جێبەجێکردنی دەستوور بکات، کەچی لە لایەکی تر‌ەوە، دۆسیەی نەوت و گاز و هەندێ دۆسیەی تر بەو ناشەفافییە بمێننەوە: لە لایەکەوە بەغدا مووچەی

مووچەخۆران بنێرێ، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم بەردەوام بن لە سیاسەتی هێشتنەوەی ئەم دۆسیە هەستیارانە **لە تاریکیدا و هیچ بڕە نەوتێک و داهاتەکانی ناوخۆ ڕادەستی بەغدا نەکەنەوە. دەرەنجام: لە ئیستادا کلیلەکانی چارەسەری هەموو کێشەکانی دیکە لەگەڵ بەغدا، بارمتەی دەستی دۆسیە ناڕوون و ناشەفافەکەی نەوت و گازن.** بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە دەکرێ سەرکێشییەکی ئەوتۆ مەترسیدار بێت (لە جۆری سەرکێشییەکەی ڕیفراندۆم) کە دواجار وجودی تەواوی ئەوەی پێی دەگوترێ "قەوارە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان"، بخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشەی یەکلاکەرەوە و چارەنووسسازەوە!

دەمێکە، بە تایبەتی لە دوای ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ و کارەساتەکەی ١٦ی ئۆکتوبەری ٢٠١٧وە، مەسەلەی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا بە توندی بووە بە زەروورەتێکی هەنووکەیی. بەڵام هەر وەک لە نووسراوێکی پێشترمدا ئەوەم جەخت کردووەتەوە، ئەم حکومەتەی کە ئێستا لە هەرێم فەرمانڕەوایی بە دەستەوەیە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لەسەر بنچینەی دەستووری عیراق و شەفافییەت لە هەموو دۆسیەکاندا، بە تایبەتی دۆسیەی نەوت و گاز، لەگەڵ بەغدادا ڕێک بکەوێ.[1] ئەمەش زۆر بە تایبەتی لەبەر هۆیەکی سادە: لە ساڵانی ڕابووردوودا هەرێمی کوردستان بە توندی خراوەتە حاڵەتی **وابەستەییەکی ئابووریی مەترسیدار لەگەڵ**

[1] بڕوانە "کاتێک سیاسەتی فرتوفێڵ کاریسە قوولتر و هەڵدێریش مەترسیدارتر دەکات"، ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧،
http://burhanyassin.com/Siyaseti%20Firtufell%2011.2017.pdf

تورکیا و کۆمپانیا نەوتییەکاندا، کە هەرگیز **ئەم وابەستەییە ڕێگە بەم حکومەتە نادات کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، کراوە و لەسەر ڕێچکەی کۆمەڵێک یاسا و دەستوور و شەفافبوون لەگەڵ بەغدادا ڕێک بکەوێت**. لە ڕاستیدا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەم وابەستەییە بە تورکیا و کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانەوە ئەوەندە مەترسیدارە، ئیتر گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کە گرێبەستە نەوتییەکان، بەڵام زۆر بە تایبەتییش ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێچیرڤان - ئەردۆغان، هەرێمی کوردستانیان کردووە بە "**نیمچەکۆلۆنییەک**" بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو وڵاتانەی لە پشت ئەو کۆمپانیانەوەن، **زۆر بە تایبەتی تورکیا!**

٣) لە ئاستی ئیقلیمیدا:

ئەم ئاستەی کێشەکە زۆر پەیوەندیدارە بە ئاستی پێشتر‌ەوە (خاڵی دووەم، سەرەوە)، چونکە ئەم ئاستە ئیقلیمیە گرێدراوی هەندێک ڕەهەندە کە تێکهەڵکێشن لە نێوان ئاستی ئیقلیمیی کێشەکە و ئاستە "عیراقییەکە"، واتە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا.

دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێم چارەنووسی هەرێم و دەسەڵاتی داهاتووی ئەم هەرێمەیان، لە ئاستی ئیقلیمیدا، بە کۆمەڵێک مامەڵە -لەسەر نەوت و گاز- بە هێزێکی ئیقلیمییەوە (بە دیاریکراوی تورکیا) گرێ داوە و وابەستە کردووە. ئەم گرێدانە هەر نەبێ سێ ڕەهەندی گرنگی هەن: **أ**- ئەم گرێدان و وابەستەییە، هەر وەک لە سەرەوە گوترا، بووەتە کۆسپ و ڕێگرێکی هەرە گەورە لەمەڕ چارەسەرێکی

دەستوورییانەی دۆسیەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و بەغدادا؛ ب- ئەم گرێدان و وابەستەکردنە بە تورکیاوە بە تۆندی و بە شێوەیەکی نەرێنی بەرژەوەندییەکانی ئێران پەیوەندیدار دەکات. ئەمەش وا دەکات کە ئێران بە ئامراز و رێگەی تر، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەوڵی ئەوە بدات تۆڵە لە هەرێمی کوردستان بسەنێتەوە؛ ج- تورکیا لە مەسەلەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە دەسەلاتی هەرێمدا بێلایەن و بێکاردانەوە ناوەستێ، بەڵکو هەر لە ئێستاوە دەخوازێ بزانێ دەسەلاتی هەرێم چ گۆڕانکارییەکی سیاسیی بەسەردا دێت و ئاخۆ ئەم گۆڕانکارییانە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا یەکانگیر دەبن. شاراوە نییە کە ئەم بەرژەوەندییانە، لەسەر دەستی پارتی، تا ئێستا بە باشترین شێوە پارێزراون. تورکیا زۆر مەبەستیەتی و بۆشی گرنگە کە لە هەر پێشوەچوونێکی سیاسیدا لە هەرێم، بەرژەوەندییەکانی لە دۆسیەی نەوت و گازدا **پارێزراو بن، نەک پێچەوانەکەی!** کێشەکەش ئەوەیە کە ئەوەی پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی پارتی، ئامادەن بۆ هێزە ئیقلیمییەکان قبووڵیان بێت، مەرج نییە هێزە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان هەمان شت قبووڵ بکەن، هەڵبەتە لەبەر زۆر ئیعتیبار؛ د- دەکرێ لە ئێستادا و ڕوو لە داهاتوویەکی نزیک یا مامناوەندیدا، مەترسییەکی گەورە بخەینە ڕوو، ئەویش **سیناریۆی ڕێککەوتنی بەغدا و ئەنقەرەیە.** هەرچەندە ڕاستە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ تورکیادا تەنها لەسەر دۆسیەی نەوت و گاز نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی زۆر فرەڕەهەند و فراوانتر و باڵ دەکێشێ بۆ دیدی هاوبەش لەسەر

ڕۆژئاوای کوردستان، بوونی پەکەکە لە باشوور و هەندێ بابەتی تر، بەڵام ئەگەر تورکیا لە لایەن بەغداوە بە جددی بەرەو ڕووی دوو بژاردە کرایەوە: یەکەم، بەردەوامبوون بە مامەڵەی "نادەستووریانە بە نەوت و گازی هەرێمەوە" یا ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا و کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ هەرێمدا هەیەتی (یا ڕاستتر بڵێین، لەگەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانیدا)؛ یا دووەم بژاردە و ئەگەر، کە ئەویش دۆڕاندنی ئەو کەیسەیە لە بەردەم دادگای هۆبەی بازرگانیدا لە پاریس، کە ژیاندنەوەشی لە ماوەی داهاتوودا ئەگەرێکی کراوە و بەهێزە، یا ڕیسککردن و بەردەوامبوون لەسەر ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکە. جا لێرەدا دەکرێ مەترسیی هەرە گەورەی داهاتوو ئەوە بێت کە دواجار تورکیا لە نێوان ئەگەر و ڕیسکەکاندا بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە کۆدەکانی نەوت و گازی هەرێم ڕادەستی بەغدا بکات، وەک چۆن چل و حەوت ساڵ بەر لە ئێستا بەپێی ڕێککەوتنی جەزائیر شای ئێران کۆدەکانی جوولانەوەی چەکداریی باشووری کوردستانی ڕادەستی سەدام حوسەین کرد، کە دەمێک بوو سەرکردەی جوولانەوەکە، مەلا مستەفا بارزانی، ئەو کۆدانەی ڕادەستی شای ئێران کردبوو، بەم پێیەش، ماهییەتی "شۆڕش"ی گەلێکی ستەملێکراوی گۆڕیبوو بۆ "شەڕی بەوەکالەت" (proxy war)![1]

---

[1] لەسەر بابەتی هەرەسی جوولانەوەی چەکداریی باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥) زۆر نووسراوە. بە تایبەتی لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، کە نامەی دکتۆرایە، لە لایەن برایان ڕ. گیبسۆنەوە نووسراوە و شەفیقی حاجی خدر وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

٤) لە ئاستی نێودەوڵەتیدا:

هەڵبەتە ئەم بەشەیان ئاڵۆزە: أ- ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندیی نەوتی و گازییان لە هەرێم هەیە و بەرژەوەندییان لەم دۆسیەیەدا هەیە، لەم ئاستەدا پەیوەندیدار دەبن. ئەوەی لێرەدا گرنگە، تێگەیشتنی ئەم وڵاتانەیە لە شێوازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوە لە دۆسیەی نەوت و گازی هەرێمدا. دەکرێ یەکێکیش لەم شێوازانەی پاراستنی بەرژەوەندی، پشتگیریکردن بێت، بە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بۆ مانەوەی دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێم لە دەسەڵاتدا، بە تایبەتی پارتی؛ ب- کۆمپانیا نەوتییەکان، کە هەندێکیان هەر وەک دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم دەربڕی دوو بنەمان، یەکێکیان ڕەسمی و ئەوەی تریشیان "شاراوە". زۆرێک لە کۆمپانیا ڕووسییەکان (بە تایبەتی ڕۆزنەفت) ئەم سیفەتەیان هەیە، کە تێیدا دەوڵەت لە لایەک و **ئۆلیگارکەکانی ڕووسیا** لە لایەکی تردە سوودمەندن، ڕێک وەک ئەو حاڵەتەی کە لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هەیە: ئۆلیگارکەکانی دەسەڵاتی کوردی بەشی شێریان لە خێروبێری نەوت دەست دەکەوێ؛ ج- عەرابەکانی نەوت. ئەمە ئەو کەسە بیانییانە دەگرێتەوە کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا

Bryan R. Gibson, *Sold Out? US Foerign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War,* (New York: Palgrave, 2015).

بۆ لێکۆڵینەوەیەک بە کوردی هەر دەربارەی ئەم جوولانەوە چەکداریە، بە تایبەتی شکستەکەی، بڕوانە: بورهان یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، لە *گۆڤاری یەکگرتن*، ژمارە ١٥، لاپەڕە ١٠٥-١٣٨. ئەم وتارە دواتر لە کتێبی نووسەردا، *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی میژووە*، ٢٠٠٢، بڵاو بووەتەوە.

سوودمەند و خاوەن کاریگەرین، کە بێگومان لێرەشدا گەندەڵی ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە شێوازی کار و چالاکیی ئەم "عەرابانەدا".

دەرەنجام

نووسین دەربارەی پێشوەچوونەکان، کە لە کاتی ڕووداودان و هێشتان هەموو ئەگەرێک بە ڕووی پێشوەچوونەکاندا کراوەیە، لە ڕووی زانستییەوە کارێکی ئاسان نیە، تەنانەت ئەستەمیشە. ڕووداوەکان نەک هەر ماوەی ڕۆژێک بۆ ڕۆژێکی تر، بەڵکو بە کاتژمێر دەگۆڕێن. لە داهاتوویەکی نزیکدا زۆر شت ڕوون دەبنەوە و ئاڕاستەی ڕووداوەکان ڕوونتر دەبێتەوە، کاتێک سەرۆککۆمار هەڵدەبژێررێ و حکومەتی نوێ دادەمەزرێ. گریمانەی ئەوەی، بە هۆیەک یا هۆیەکی دیکە، بڕیاری دادگای فیدراڵی جێبەجێ نەکرێ، ئەگەرێکی کراوەیە. بەڵام ئەم وتارە زیاتر ئەگەری جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کردووە بە گریمانە، هەر ئەمەشە تەواوی لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە دەکات.

ئەو کاردانەوانەی تا ئێستا، بە تایبەتی ئەوانەی بە ناوی حکومەت و بە ناوی پارتییەوە، بیستراون، هەندێک ئاماژەیان تێدایە کە گرنگترینیان ئەمانەن: أ- هەوڵدان بۆ ئەوەی کێشەکە بکرێ بە کێشەی خەڵک؛ ب- هەوڵی **تاکتیکی** بۆ سەرپێخستنی گفتوگۆی بێکۆتایی و بێئەنجام لەگەڵ بەغدادا بە مەبەستی سڕکردن یا "لەبیربردنەوە"ی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی؛ ج- خۆدزینەوە لە بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی کێشەکە؛ د-

بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەکە، بێئاگا لەوەی کە دەکرێ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی نەوت و گاز بە زیان و شکست بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم و سیاسەتی نەوتییان بشکێتەوە؛ ت- ختووکەدانی هەست و نەستی خەڵکی کوردستان، کە دەکرێ زۆر ئامانجی هەبێ.

مانەوەی دۆسیەی نەوت و گاز بەبێ چارەسەر، بە واتای ئەوە دێت کە دەرگای هەرێم بە کراوەیی دەمێنێتەوە، ڕوو بە هەر جۆرە سەرکێشی و کێشە و هەڕەشەیەک، وەک چۆن لە ڕابووردوودا بینیومانە، کە دواهەمیشیان موغامەرە و سەرکێشییەکەی ڕیفراندۆم بوو.

هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە پارتی، ئەوەیە کە ئامادەن کێشەکە بەو "ڕەش یا سپییە" نەبینن وەک ئەوەی پارتی دەیکات. دەکرێ هۆیەکیش بۆ ئەم جۆرە لە هەڵوێست، ئەوە بێت کە هەموو هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی یا ئەوەتا "موستەفید" نین، یا ئەوەتا زۆر کەمتریان دەست دەکەوێت لە داهاتی نەوت و گاز، بەراورد بە پارتی کە بەشی شێری بەردەکەوێت، ئەوە جگە لە هەژموونی نزیک لە ڕەهای پارتی لەسەر دۆسیەی نەوت و گاز. لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە تا ئێستا دەربڕاون، یا دووڕوویی سیاسییان تێدایە یا ڕاگەیەنراوی "بێڕۆح و بێکاریگەرین". بەهەرحاڵ، هەڵوێستی حزبەکانی دەرەوەی پارتی هەرگیز بەشی ئەوە ناکات کە ڕێگە لە سیناریۆی کارەساتئامێز بگرێ، لە جۆری، بۆ نموونە، لەیەکگەیشتنێکی پشتشکێنی ئەنقەرە و بەغدا، لە جۆری ڕێککەوتنی جەزائیری ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە نێوان

عیراق و ئێران، یا جوولاندنی هێز دژ به هەرێم له حاڵەتی پابەندنەبوونی هەرێمی کوردستان به بڕیاری دادگای فیدراڵییەوە!

***

بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی له هەرێمی کوردستان، به شێوەیەک که چیتر پارتی و یەکێتی باڵادەست و بڕیاردەری سەرەکی نەبن، زۆر شتی تر پێویستە لەوەی که تەنها ئەمە به **هەڵبژاردنی گشتی** بەرهەم بێت. بەم واتایەش، بردنەوەی هەڵبژاردن (وەک پێدراوێکی ژمارەیی) زامنی ئەوە ناکات که به ئاسانی، واتە تەنها بیناکراو لەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردن له بەرژەوەندیی هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی، زامنی ئەوە بکات که بنەماکانی دەسەڵاتی ئێستا بگۆڕێن. سااڵنێکە حاڵەتی نوێ هاتووەتە کایەوە له ماهییەتی دەسەڵاتی خۆماڵی له هەرێمی کوردستان: تا چەند ساڵێک پێش ئێستا بوونی چەک به دەستی دوو هێزی سەرەکییەوە، زامنی مانەوەی ئەم دوو هێزە بوو، جا "دەرەنجامی هەڵبژاردن چی دەبێ یا ببێ"، بەاڵم سااڵنێکە فاکتەرێکی دیکە هاتووەتە ناو هاوکێشەکەوە، وەک کارتی بەهێزی ئەو دوو هێزە دەسەڵاتدارە، به تایبەتی پارتی، که ئەویش کارت یا تۆ بڵێ چەکی "نەوت و گازە". پێشتر هەڵبژاردنەکان، کەم یا زۆر لەژێر "رەحمەت"ی لوولەی تفەنگەکانی "میلیشیا"ی حزبدا کراون، بەاڵم له ئێستادا هەڵبژاردنەکان، جگە له لوولەی تفەنگ، کەوتوونەتە ژێر "رەحمەت"ی دۆاڵرەکانی نەوت و گازیش. ئەگەر دۆسیەی نەوت و گاز گۆڕانکارییەکی

ڕیشەیی بەسەردا نەیەت، بەو واتایەی چیتر کۆدەکانی ئەم دۆسیە مەترسیدارە لە دەستی حزبدا نەمێننەوە، دەکرێ هەڵبژاردنەکان لەژێر کاریگەریی نێگەتیڤانە و سێبەری قورسی نەوت و گاز دەربچن، ئەگەر نا، لە داهاتوودا بە ئاستەم هیچ هێزێک بتوانێ، تەنها پشتئەستوور بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، حکومەت دروست بکات.

ئەمڕۆ پارتی، بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەتوانێ بە ئاسانی، بەڵام بە ئامانج، لایەنە پەیوەندیدارەکان (هێزی ئیقلیمی، کۆمپانیا نەوتییەکان و هێزە جیهانییە پەیوەندیدارەکان بە دۆسیەی نەوت و گازەوە) بترسێنێ بەوەی **ئەگەر پارتی و بە تایبەتی شەخسی خۆی** دەسەڵات لە دەست بدەن، ئەوا تەواوی بەرژەوەندییە نەوتی و گازییەکانی ئەم کۆمپانیا و وڵاتانە دەکەونە ژێر مەترسیی جددییەوە. لە هەمان ئاڕاستەشدا دەتوانن ئەو پەیامە بە کۆمپانیا نەوتییەکان بدەن کە **هیچ زەمانەتێک نیە**، لە حاڵەتی دۆڕاندنی پارتی لە هەڵبژاردنەکان و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا، ئەم بەرژەوەندییانەتان زامنکراو و **پارێزراو بن**. پارتی دەمێکە ئەم قسەیەی ڕوو بە تورکیا کردووە، ئێستاش هەر ئەم قسەیە دەکات! هەڵبەتە پرسیاریش ئەوەیە ئاخۆ ئەوانی تر (واتە هێزە سیاسییەکانی تر) لەم ڕووەوە چی دەڵێن و دەتوانن چی بکەن، چی لەم واقیعە تاڵە بگۆڕن؟

ئەو شتانەی تا ئێستا گورزی کوشندەیان لە ئاکامی گەندەڵبوونی دۆسیەی نەوت و گاز بەرکەوتووە، هەڵبەتە جگە لە خراپیی کارەساتئامێزی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک، ئەزموونی باشووری کوردستانە، دۆزی کوردە لە

ئاستی عیراق و ئیقلیمی و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا، هەروەها ڕەوتی کوردایەتییە بە گشتی. زۆرن ئەوانەی لە نووسین و گوفتاریاندا هێرشی "بێویژدانانە" دەکەنە سەر تەواوی ڕەوتی کوردایەتی (کە لە گەوهەر و ماهییەتیدا گوتار و چیرۆکی نەتەوەیەکی ستەملێکراوە، هیی وڵاتێکی داگیرکراوە و هیی خەونبینینە بە سەربەخۆیی و ئازادییەوە)، ئەمەش هەمووی لە ئاکامی تێگەیشتنێکەوە دێت کە دەخوازێ بڵێ "ئەم هەموو گەندەڵی و خراپەکارییە دەرەنجامی بێ سێ و دوو، کوردایەتییە"! ئەمە نەک هەر بۆ هەنووکە کارەساتێکی ڕاستەقینەیە، بەڵکو لە درێژبوونەوەیدا، ڕوو بە داهاتوو و نەوەکانی داهاتوو، زیانی هەرە گەورە و کوشندە بەر داهاتووی ئەم ڕەوتە کوردایەتییە دەکەوێت! ئەمە لە کاتێکدایە، کە هاوکات لە گۆشە و ئاڕاستەی تریشەوە، کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی ڕووبەڕوون لەگەڵ کۆمەڵێک هەڕەشە و تەوژمی ئایدیۆلۆژیدا دژ بە کوردایەتی. جێگەی خۆشیەتی کە ئەم مەترسییە زۆر بە جددیتر وەربگیرێ.

***

پێشمەرجێکی هەرە گرنگ و چارەنووسساز، بۆ ئەوەی هەوڵێر بگات بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا، ڕزگاربوونی هەرێمە لەو حاڵەتی **وابەستەییەی** کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا تێی کەوتووە، **زۆر بە تایبەتی لەگەڵ تورکیادا**، بە هۆی ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەوە، ڕێککەوتنێک کە بە باوەڕی خۆم زۆر زیاترە لە هەندێک ژمارە و مەسەلەی

تەکنیکی و لۆجیستیی گواستنەوەی نەوت! زۆر بە سادەیی: هەرێمی کوردستان **دوو دانە پابەندبوون و وابەستەیی تەواو دژبەیەکی هەن**، کە تا ئەو دژایەتییە بە شێوەی ڕیشەیی چارەسەر نەکرێ، ئەوا ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ئەستەمە: یەکەم، وابەستەیی بە دەرەوە، بە تایبەتی بە تورکیاوە، لە ڕێگەی بەرژەوەندییە "گومانلێکراوەکان"ەوە، دووەم، پابەندبوونێکی ناکۆکیش لەگەڵ ئەو وابەستەییە کە هیی پابەندبوونە بە دەستووری عیراقەوە! لە ڕووی میژووییەوە، ئەمە ڕێک لە حاڵەتێکی میژوویی دەچێ کە هیی ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ە کە تێیدا پارتی و بارزانی لە سەرێکەوە پابەندییان بە بەغداوە هەبوو لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی ئاشتیی چوار ساڵییەوە، بەڵام لەوڵاشەوە لە حاڵەتێکی وابەستەیی بەردەوامدا بوون بە تەهرانەوە. ئەم وابەستەییە لە ١٩٧٢دا قاڵبی ڕێککەوتنێکی فرەڕەهەندی وەرگرت کاتێک ئیدارەی نیکسۆن لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بە فۆرمەلەی شای ئێران ڕازی بوو کە ئێران، ئیسرائیل و وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یارمەتیی بارزانی بدەن دژ بە ڕژێمی ئەو کاتەی بەغدا. دەرەنجامی ئەم وابەستەییە، شەڕێکی هەرە خوێناوی بوو لەگەڵ بەغدادا، لە ئاداری ١٩٧٤ تا ئاداری ١٩٧٥، کە دواجار ئەم شەڕە خوێناوییە بە ڕێککەوتنی شای ئێران و سەدام حوسەین لە جەزائیر تەواو بوو، بەمەش جوڵانەوەی چەکداری تووشی نسکۆیەکی میژوویی بوو!

حاڵەتی دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی هەرگیز هیی ئەوە نییە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بتوانێ بە

میتۆدی ختووکەدانی هەست و نەستی خەڵک چارەسەری کێشەکە بکات. ئەم دەسەڵاتە نابێ ئەوە لە بیر بکات کە هەمان ئەم خەڵکە بە ڕێژەی کەم یا زۆر ٧٥٪ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی عیراقی کرد و دەبێ دەسەڵات ئەم بایکۆتە بە جددی و بە وردی دیراسە بکات، باشتریشە هەر زوو بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم بایکۆتە لە ئاکامی ئەوەوە هاتووە کە دەسەڵات باوەڕ و متمانەی خەڵکی، نزیک لە ڕادەی ڕەها، لە دەست داوە. ختووکەدان ئەم حاڵەتە چارەسەر ناکات، بەڵکو دەکرێ بە کارەساتێک "بۆ هەموان" تەواو ببێ. لەم ڕووەوە، حزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەرپرسیارییەکی تایبەتیان دەکەوێتە سەر شان لە دەستنیشانکردنی هەڵەکان و هێنانەدەنگی سیناریۆ کارەساتئامێزەکان، لەم ڕۆشناییەشدا زۆر ڕاشکاوانە بە پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی بە پارتی، بگوترێ کە مانەوەی دۆسیەی نەوت و گاز بەم شێوەیەی کە هەیە، دەکرێ سەر بدات لە کارەسات و نسکۆیەکی مێژوویی لە جۆری نسکۆکەی ئاداری ١٩٧٥![1]

[1] جێگەی ئاماژەیە کە نووسەری ئەم وتارە سالانێک پێش ئێستا، لە جێگەیەکی تردا، باسی لەم مەترسییە کردووە، لەوێشدا بە جەختکردنەوە بەراوردی حاڵەتی ئێستای وابەستەبێم لە نێوان پارتی و تورکیا لەگەڵ حاڵەتی میژوویی وابەستەیی پارتی و مەلا مستەفا بارزانی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئێران کردووە. بۆ نموونە، بڕوانە بابەتی شەشەم لەم کۆبەرهەمەدا.

بابەتی شەشەم

دەربارەی چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە

دیمانە[1]

٢٠٢١/١/١٤

پرسیاری یەکەم

سەرەتا دەپرسم، ئاخۆ کە ئێران لەژێر گەمارۆدایە و بارودۆخی خەڵک خراپە و... چۆن دەکرێ لەو حاڵەتە بگەین؟

وەڵام

جارێ سەرەتا، من پێم وایە کێشەی سەرەکیی ئێران **گەمارۆ نییە**، تەنانەت دەکرێ گەمارۆ دەرەنجام (یا وەک

---

[1] ئەم گفتوگۆیە لە لایەن بەڕێزێکەوە ساز کراوە کە دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەبەر ئاسایشی کەسیی خۆی ناوی نابرێ. گفتوگۆکە یەکەم جار لە پێگەی میدیایی ئاوینەدا بڵاو بووەتەوە. هەروەها لە ماڵپەڕی کەسیی نووسەردا، لە ٢٠٢١/١/١٤، بڵاو بووەتەوە، بڕوانە:
www.burhanyassin.com
ئەمە تەنها وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانیەتی.

عەرەب دەڵێ تەحسیل حاسڵ) بێت. بە لای منەوە، بۆ خوێندنەوەیەکی دروستی کێشەکانی ئێران، پێویستە ئەو شتە بە جددی وەربگرین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین کە گەمارۆ دەرەنجامی **خەون و وەهم و 'زەینییەتی' ئیمپراتۆریی دەسەڵاتدارانی ئێرانە**. لە ئێستادا دەستەبژێری فەرمانڕەوای ئێران ئاخوندەکانن و ئامرازی ئایدیۆلۆژییش لەم خەون و زەینییەتی ئیمپراتۆرییەی ئەم دەستەبژێرەدا 'شیعیزمە'.

تەنانەت ئەگەر پانتایی قسەکردنمان فراوانتر بکەین، ئەوا دەکرێ بە ئاسانی ئەوە بڵێین کە یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوین، گەرانەوە و سەرهەڵدانەوەی سیستەمی ئیمپراتۆرییە: کەواتە قسەکە چەندە بۆ ئێران ڕاستە، بۆ تورکیاش دەکرێ ئەوەندە ڕاست بێت. بە واتایەکی دیکە، ئەمڕۆ دوو هێزی داگیرکاری کوردستان (ئێران و تورکیا)، لەژێر کاریگەریی وەهمی 'ژیاندنەوە'ی ئیمپراتۆری و بەرپاکردنی سیستەمێکی لەو جۆرەدا سیاسەت دەکەن: پەلوپۆ دەهاوێژن، فراوانخوازی دەکەن و ململانێ لەپێناو هەژموونیدا دەکەن و... ئەوەشی کە پێویستە، ئەوەیە کە کورد دەبێ بە گرنگییەوە لە دۆخێکی ئەوها بڕوانێ و لە بەرامبەریشیدا بۆچوونی کوردستانییانەی خۆی هەبێت. گەرانەوەی هەردوو وڵاتی 'ئێران و تورکیا' بۆ 'نەزم' یا سیستەمی ئیمپراتۆری، چەندە کێشە بۆ سەروەریی وڵاتانی دەوروبەری ئەو دوو وڵاتە دروست دەکات، بە هەمان ڕادەش کێشە بۆ سەروەریی خودی خۆیان و شوناسی خۆیان (وەک دەوڵەتی مۆدێرن و نەتەوەی مۆدێرن) دروست دەکات. هەڵبەتە جێگەی ئاماژەیە

کە ئەم بۆچوونەم هەر نەبێ لە ٧ - ٨ ساڵی دواییدا هێناوەتە دەنگ. تێبینی بکە تەنها نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا دوو ڕاگەیەنراو بڵاو کرانەوە، یەکێکیان هیی قسەکەر بە ناوی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا و ئەوەی دیکەیان هیی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن کە هەردووکیان پێیان وایە ئەوەی تورکیا دەیکات، "زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆرییە"، کە ئەمەش جێگەی قبووڵکردن نییە (واتە بۆ یەکێتیی ئەورووپا و فەڕەنسا جێگەی قبووڵکردن نییە).

با بگەڕێینەوە سەر بابەتی ئێران. لە خەونی ئیمپراتۆریی ئێراندا: ١) ئێران ئابووریی خۆی **بە بارێکی قورس بار کردووە**. دە یا پانزە ساڵێک بەر لە ئێستا، زۆر کەس، تەنانەت هەندێک شارەزاش، پێیان وابوو ئێران سەرکەوتوو بوو لە سەپاندنی هەژموونی خۆی و ئیتر ئەو وڵاتە چۆک بە هەموان دادەدات لە ئاڕاستەی بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆیدا و جیهانی ڕۆژئاواش زوو یا درەنگ ئەو ڕاستییە قبووڵ دەکات. بەڵام دواییی دەرکەوت کە ئەمە بۆچوونێکی دروست نەبوو: ئەمڕۆ ئێران وەک "دەوڵەت-نەتەوە" چیتر ناتوانێ باری قورس و پڕ لە کێشەی "بەئیمپراتۆرییبوون" بە ئاسانی هەڵگرێ.

لە میژوودا خەسڵەتی هەرە بەرچاو و گەوهەریی ئیمپراتۆرییەکان ئەوە بووە کە ماوەیەک بەهێز دەرکەوتوون، وەک ئەوەی توانیبێتیان چۆک بە هەموان دابدەن، بەڵام دواتر، وەک میژوونووسی بواری دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا، ئێریک زەرشەر دەڵێ: فراوانبوون و

فراوانخوازیی ئیمپراتۆری، له سەرەتادا وەک هێمای هێز دەردەکەوێ، بەڵام دواتر هەر هەمان ئەو فراوانبوونە دەبێت بە "کارخانەی بەرهەمهێنانی شکست، پاشەکشێ و لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەکە خۆی..." بە باوەڕی من لە داهاتوودا، زوو یا درەنگ، بە ئەگەری زۆرەوە ئێران دەبێت بە قوربانیی ئەم هەمووە لە حەزی فراوانخوازی و هەژموونخوازی: ئێران بووەتە **ئەسیری حاڵەتی زەینییەت و وەهمی ئیمپراتۆری**، هەر ئەو حاڵەتی ئەسیربوونەشە کە **ناوەوە** و **دەرەوەی** پڕ لە کێشە و قەیراناویی ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە: ئاخر گرنگە ئێمە تێبینیی ئەوە بکەین کە لە خۆپێشاندانەکانی پێشتردا (کەم یا زۆر بەر لە دوو ساڵێک) دەنگی ناڕەزایی خۆپێشاندەران ئەو گوزارشە بوو کە دەیگوت: ئێمە ئێرانییەکان لە "**ناوەوە**" برسین، بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدار لە "**دەرەوە**" (بە تایبەتی لە سوریا و لوبنان) ملیاران دۆلار خەرج دەکەن بۆ پشتگیریکردنی ئەسەد و حزبوڵڵا...!

لای من هیچ گومانێک نییە کە ژیاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکان (ئیمپراتۆریی شیعیزمی ئێرانی و ئیمپراتۆری عوسمانیی نوێ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت بە ئەو ڕەگەز و فاکتەرە "ئایدیۆلۆژی - سیاسی کۆمەڵایەتییە" کە دواجار، زوو یا درەنگ، بنەماکانی دەوڵەت-نەتەوە لە ناوچە هەڵدەتەکێنێ و ناوچە دەگەڕێنێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا (تۆ بڵێ بۆ دۆخی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان): ئەو کاتەی هێشتان سیستەمی ئیمپراتۆری باڵادەست بوو.

جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، دەبێ کورد ئەم تەوژم و ئاڕاستەیەی خواستی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆری بە هەند وەربگرێ، بە باشی لێی تێ بگا و تەنانەت کاری زیاتری "مەعریفی - سیاسی - ئایدیۆلۆژی"یشی لەسەر بکا... ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەر لە سەد ساڵ بە کۆست و ئێش و ژانی لەدایکبوونی دەوڵەت-نەتەوە دەستی پێ کرد، ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ، ئەم دەوڵەت-نەتەوەیە لە قەیرانێکی قووڵی "ئایدیۆلۆژی - سیاسی - کۆمەڵاتی"دایە: جێگەی بایەخ و سەرنجە کە سەد ساڵ بەر لە ئێستا ناوچەکە **بە پەڕینەوە لە ئیمپراتۆرییەوە بۆ دەوڵەت-نەتەوە دەستی پێ کرد**، بەڵام ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ، ناوچەکە **بە تۆندی دەگەڕێنرێتەوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک**، چوارگۆشەی سیستەمی ئیمپراتۆری، واتە قۆناغی بەر لە دەوڵەت-نەتەوە!

هەڵبەتە کاتێک، هەر لە پێشەکیی پرسیارەکەتدا، باسی دوو "شاخەی" (بەش یا پێکهاتەی) دەسەڵاتی ئێران لە شێوازی "**ڕیفۆرمخواز**" و "**نەریتخواز**"دا دەکەی، گرنگە ئەوە بڵێین کە ئەم شێوازە لە تیگەیشتنی **ئەنەتۆمیی سیستەمی سیاسیی ئێران**دا شتێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئەوها بووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەم ئەنەتۆمییە ڕۆ چووە و قووڵ و فراوانتر بووە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە ئێستادا ئەنەتۆمییەکە پەردەی لەسەر لاچووە و دۆخەکەش بۆ زۆربەمان دیار و ئاشکرایە! هەڵبەتە حاڵەتی ئەو "دووشاخەبوونە"، لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسی و سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا وەک **دەوڵەتی**

هاوتەریب ناوزەد کراوە: لە ڕاستیدا بوونی دوو دانە دەوڵەتی هاوتەریب، **دەوڵەتی شۆڕشگێڕ** (revolutionary state) لە لایەک و **دەوڵەتی نەریتی** (traditional state) لە لایەکی ترەوە، هەر یەکەیان بە دامەزراوەی خۆیان، بە ئابووریی تایبەت بە خۆیان و تەنانەت هەر یەکەیان دیپلۆماسی و هێڵی سیاسیی تایبەت بە خۆیان... بەهەرحاڵ، ئەوەی زۆر گرنگە بیزانین، ئەوەیە کە هەردوو "دەوڵەتە هاوتەریبەکە" هەتا ئێستاش لە چوارچێوەی ڕژێمدا بوونیان هەیە: ئەم دوو شاخەیە (یا ڕاستتر بڵێین، ئەم دوو دەوڵەتە لە یەک دەوڵەتی هاوتەریبدا) وەک داشی دامە وان، بە ڕۆژ یەکتر دەخۆن و یەکتر قووت دەدەن، بەڵام بە شەویش لە ناو هەمان قوتوودا کۆ دەبنەوە و "کۆک دەبنەوە"! بەڵام ئەم گەمەیە نەهاتووە بۆ ئەوەی بە ئەزەلی بمێنێتەوە: دەکرێ ئەم گەمەیە لە حاڵەتی قەیرانێکی زۆر جددیدا کۆتایی پێ بێت و ململانێکە بچێتە ئاستی "بوون یا نەبوون"ی هەر یەک لەو دوو "دەوڵەتە" لەو دەوڵەتە هاوتەریبەدا و چیتریش داشەکانی دامە توانای کۆکبوون و کۆبوونەوەیان لە ناو هەمان قوتوودا نەمێنێت! کۆتاییەکێ ئەوها دەکرێ ببێ بە هۆی کۆتایی تەواوی سیستەم.

پرسیاری دووەم

ئاخۆ کورد بەشداری لە خۆپێشاندان دژی ڕژێمی ئایەتوڵڵاکان بکات یا نا؟ ئاخۆ ئێمە لە بەردەم چ بژاردە و سیناریۆگەلێکداین؟

وەلام

لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە و دەکرێ لە هەر حاڵەت و دۆخێکی تایبەتدا بڕیار و ئاڕاستەی گونجاو بە هەر حاڵەت و دۆخێکی تایبەت بدرێت و بگیرێتە بەر.

ئەوەی گرنگ و پێویستە، ئەوەیە کە دەبێ خۆپیشاندان لە حاڵەتێکی "ڕووتی" هەڵچوونی هەست و نەست و دەربڕینی تووڕەییەکی "ناعەقڵانی"یەوە ببڕێتە ئاستی باسوخواسە تاکتیکی و ستراتیجییەکان... لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبێ خۆپیشاندان نەبێت بە گەمەی **سەد لە سەد یا سفر!** لە نێوان ئەوەی من پێم گوتووە حاڵەت و هاوکێشەی ("ماتماتیکی سیاسەت") لە نێوان سەد لە سەد لە لایەک و سفر لە لایەکی دیکەوە، زۆر ژمارە هەن و هەڵبژاردنی سیاسییانەی هەر ژمارەیەک لە نێوان سەد و سفردا، وەک بژاردەی تاکتیکی یا ستراتیجی، وابەستەی حەز و هەست و نەست نییە، بەڵکو دەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی ورد و هەمەلایەنەی "هاوسەنگیی هێزە": لە زمانی فەلسەفەی سیاسیدا ڕەوایەتی (شەرعییەت) و حەقانییەت بەبێ پاڵپشتیی "هێز"، دەشێ کارەساتی لێ بکەوێتەوە. ئەوە بەس نییە کە تۆ لەسەر حەق بیت، بەڵکو دەبێ بپرسیت ئاخۆ من خاوەنی چەند هێز و توانستم بۆ ئەوەی ئەم "حەقانییەتە" بسەلمێنم و بەرگریی لێ بکەم: ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان لە ٢٠١٧دا وەک نموونەیەکی زۆر ڕوون: ئەوەندەی مەسعوود بارزانی بەنجکراوی هەست و نەست و "بڵقی سەر ئاوی گەرم"ی هەڵچوون بوو، ئەوەندە خەمی هەڵسەنگاندنێکی

وردەکـــارانەی هێـــز و توانســـت لە لایەک و ســـیناریۆ و ئەگەرەکانی لە لایەکی دیکە نەبوو!

زۆریـــش گـــرنگە کـــورد خـــۆی **نەکـــات بە سەرمەشـــقی** خۆپیشاندانێک و دواتر "غەزەبی تۆڵەسەندنەوە" بەر کورد خۆی بکەوێ، بەڵام لەوڵاشـەوە، لە تەهران، خەڵکانێکی دیکە بەرهەمی ئەم خۆپیشـاندانانە بچنـەوە و کەسـانێک لە تەهـران بێنـە سـەر حـــوکم و ڕۆژی دواتـــریش هەر ئەو کەســـانە دەســـت بە چەوساندنەوە و بێدەنگکردنی کورد بکەنەوە... **دواجار ڕژێم لە ناوەندەوە دەگۆڕێ، نەک لە ڕۆخەوە.**

لە بەشـــێکی دیـــکە لە پرســـیارەکەتدا باســـی ســـێ ئەڵتـــەرناتیڤ، یـــا ســـیناریۆ، دەکەی: ١) بە چەک؛ ٢) پارچەپارچەکردنی ئێران؛ یا ٣) کورد دەوڵەتی "هاوتەریب" لە دەرەوەی سـنووورەکانی ئێـران دروسـت بکـات و دوایـی "بیپەڕێنێتەوە" ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی ئێران.

لێـرەدا هەوڵ دەدەم ئەم سـێ خـاڵە، هەنـدێک فراوانتـر، شەنوکەو بکەم:

١) بە چەک:

بـــا زۆر ڕاشـــکاو بـــم لەگەڵتـــدا: کـــورد لە ١٩٧٩وە لە ڕۆژهەڵاتـــی وڵات چەکـــی بە شـــانەوەیە، بەڵام لەو هەمـــوو مـــاوەیەدا کە کەم یـــا زۆر چـــل و دوو ســـاڵ دەکـــات، کـــورد نەیتوانی "بە زەبری هێز" دەروازەیەک لە دیواری "ئاسـنین"ی دەوڵەتـــی ئێرانـــدا بکـــاتەوە. بـــا ڕاشـــکاوتر بیڵـــێم: ئەو زەربە جەرگبڕەی کە ڕژێمی ئێران، کەم یـا زۆر، بەر لە دوو ســاڵ، **لە ماوەی چەند خولەکێکدا** لە هێزە سیاسییە کوردییەکانی

ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی دا، بە تـایبەتی لە دیمـۆکرات لە ناوچەی کۆیە، لەو هەموو چل و دوو ساڵەدا "جوواڵانەوەی چەکداری"ی ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە زەربەیەکی بەم قەوارەیە لە ڕژێمـی ئێرانـی بـدات! واتە ئەو زیـانەی ڕژێـم لە مـاوەی چەند خولەکێکدا بە جەستەی سیاسـی و چەکداریی کوردی گەیاند، کورد خۆی لە ماوەی ئەو هەمـوو ساڵانەدا نەیتوانی زیـانێکی ئەوهـای پێ بگەیەنێت، ئەمە دەبێ ئەو سـەرکردانە ڕاچڵەکێنـێ کە ئێستـاش، لە زەمەنێکـی دیـکە و شـەرایەتێکی دیکەدا، هێشتان هەر باوەڕیان بە زەبری چەکە.

ئەوە بە واتـای ئەوە نیـیە کە لە "چرکەسـاتێکدا" چەک لە داهـاتوودا و لە بـارودۆخێکی زۆر تایبەتیـدا، وەک ئەوەی لە باشـــوور دوای ۱۹۹۱ ڕووی دا، بە کەڵـــک نەیەت. بەڵام دیسـانیش هێـزی چەک بە مەرجێـک بە کەڵـک دێـت کـە ئەو هێزە چەکداریـیە لە **چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتمانیدا** ڕێک خرابێـت، ئەگەر نـا، هەر ئەو چەکە و ئەو هێـزی چەکداریـیە، هەر وەک لە باشـــووری کوردســـتان ڕووی دا، دەبێـت بە کێشـە و کـورد گـوتەنی، دەبـێ بە بەڵا بـۆ خەڵـک: ئـاخر لە باشـوور ئەو هێـزە چەکداریـیەی لە شـاخدا خـۆی بە هێـزی ڕزگاری و ئازادیخوازیی لە قەڵەم دەدا، ئەوەتا ئێستا بووەتە میلیشیا، پاسەوانیی سیستەمێکی گەندەڵ دەکات و هەر ئەو هێـزە ئـازادیخوازەش جـورئەت دەکـات گـوللە بنـێ بە ناوچەوانی ئەو گەنجە خوێنگەرمانەی لە سلێمانی، هەڵەبجە، هەولێـر و بادینـان دێـنە سـەر شـەقام و **داوای هەمـان ئەو ئـازادییە دەکەن کە دوێنـێ هەمـــان ئەو "هێـــزە بە نـــاو ئازادیخوازە" خەباتی بۆ دەکرد!**

دەرەنجام: بە ڕاشکاوی دەڵێم من خۆشبین نیم کە سبەینێ هێزە چەکبەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەو و ڕۆژێکدا ببن بە لەشکری نیشتمانیی کوردستان. ئاخر هەر ڕۆژهەڵاتییەک بۆی هەیە بپرسێ ئاخۆ بە ڕاستی ئەوە چییە وای کردووە کە ئەم هێزە چەکدارانە لە ماوەی ئەو چل و دوو ساڵەدا لەشکرێکی ئازادیخوازی نیشتمانی دروست نەکەن؟ ئەوە سی ساڵە لە باشوور هێزەکان نەک هەر یەک نەخراون، بەڵکو تەنانەت چەند مانگێک بەر لە ئێستا (لە ساڵی ٢٠٢٠دا) لەسەر چەند بستێکی خاک لە "زینی وەرتێ" هێزەکانی پارتی و یەکێتی خەریک بوو جارێکی دیکە دەرگای جەهەنەمی براکوژی، کوردکوژی و خۆکوژی بکەنەوە! ئاخۆ بۆ ناکرێ ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان ڕوو دەدات، سەبەینێش لە ڕۆژهەڵاتێکی ئازاددا ڕوو بدات و دووبارە ببێتەوە؟

پێویستە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستاوە مشووری ئەوە بخوات کە لە داهاتوودا، ئەگەر دەرفەتێکی هاوشێوەی باشوور هاتە پێشێ، ئەوا حزبە سیاسییەکان دەسەڵاتی ڕەهایان نەبێت، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان **پارسەنگێکی بەهێز** لە کۆمەڵگەی مەدەنیی دەرەوەی حزبەکان و کەسە ئازاد و سەربەخۆکان دروست بکات بۆ ئەوەی بە هێزە سیاسییەکان بڵێن نا، بوەستن، وا نابێت و دواتریش بڵێن تا ئێرە و بەس، لە حاڵێکدا ئەگەر هێزە سیاسییەکان گوێڕایەڵی خواست و داواکارییەکانی خەڵک نەبوون. جگە لەوەش، دەکرێ هەر زوو خەڵکە نیشتمانپەروەر و سەربەخۆکان و کۆمەڵگەی مەدەنی پرۆژەی جێگرەوە (بەدیل)یان هەبێت و...

٢) سیناریۆی پارچەپارچەکردنی یا پارچەپارچەبوونی ئێران:

من باوەڕم وایە بەبێ ئەوەی کورد زۆر خۆی ماندوو کردبێ، لە حاڵەتی کەوتنی ڕژێمی ئێراندا سیناریۆی پەرتبوون و دابەشبوونی وڵاتەکە زۆر ئەگەرێکی بەهێزە، تەنانەت دەکرێ بڵێین بەهێزترین ئەگەر و سیناریۆیە. من زۆر جار کە باسی ئێران و حاڵەتی فرەنەتەوەیی لەو وڵاتە دێتە گۆڕێ، پێشبینی و تێگەیشتنم، لە دۆخی ئەو وڵاتە، وەک **یۆگسلافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** دەخەمە ڕوو.

لە سەد سااڵی ڕابووردوودا ئێران دوو دانە پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی تاقی کردووەتەوە و ئەزموونی کردوون (ئاریانیزمی پەهلەوییەکان و شیعیزمی ئایەتوڵاکان)، هیچیشیان سەرکەوتوو نەبوون لە بەرهەمهێنانی ئێرانێکی یەکبوو و تۆکمە، کە تێیدا شوناسێکی تۆکمەی یەکبوو بەرهەم بێت کە جێگرەوەی فرەیی نەتەوەیی بێت: هەردوو پرۆژەکە نەیانتوانی شتێکی وا بکەن کە بنەماکانی سیاسەت و کۆمەڵگەی ئیمپراتۆری بەبێ گرفت لەگەڵ سیاسەت و بنەما کۆمەاڵیەتییەکانی دەوڵەت-نەتەوەدا بسازێنن...!

بیهێنە پێش چاوی خۆت، چۆن دوای جەنگی دووەمی جیهان ئازەری و کورد، لە شێوازی دوو کۆماردا، هەوڵی "سەربەخۆییان" دا. لە ئێستاشدا عەرەب و بەلووچەکان پۆتانسیاڵی جیابوونەوەیان تێدا بەهێزە، لە ڕاستیدا تەنانەت دەتوانم بڵێم خواستی جیابوونەوە لە ناو بەلووچ و عەرەبدا بەهێزترێشە بە بەراورد بە ئەو خواستی جیابوونەوەیەی کە لە ناو کورددا، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، بەدی دەکرێ...

بەهەرحاڵ، ئەوەی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە بیرۆکەی جیابوونەوە و پارچەپارچەکردنی ئێران، نابێ تەنها ڕەنگدانەوەی هەندێک هەست و نەست و ڕقی "نەتەوەیی" و تۆڵەسەندنەوە بێت، بەڵکو دەبێ ڕەنگدانەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی فرەلایەن و قووڵ و عەقڵانی بێت... دەمەوێ لەم بارەیەشەوە بە ڕاشکاوی بڵێم کە من، یەکسەر دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام و دارمانی دەوڵەتی عیراق، لایەنگری ئەوە بووم کە کورد وا بە ئاسانی **نەچێتە ژێر باری دروستکردنەوەی عیراقەوە!**

بۆ ئەو مەبەستەش، هەر ڕۆژی دوای کەوتنی سەدام و ڕۆژی دواتر، لە دوو نامەدا بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی ئەو ئاگادارییەم بە ڕوونی پێ داون کە "**کورد نابێت دەوڵەتێک دروست بکاتەوە کە دواجار بچێ لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات**" (بۆ بینینی نامەکان، تکایە تەماشای بەشی بەڵگەنامەکان لە ماڵپەڕی کەسیم بکە: www.burhanyassin.com). یەکێکیش لە بەهانە بەهێزەکانی ئەو بۆچوونەم ئەوە بوو کە لە داهاتوودا دەکرێ "عیراقی نوێ" و "عیراقی دیمۆکراتی" ببێ بە "عیراقی زۆرینەی دیکتاتۆریی نەتەوەی سەردەست". هەر ئەو ئەزموونەشە وا دەکات کە دەبێ خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن. بە واتایەکی دیکە، **لەبری ئەوەی "دیمۆکراسی" ببێتە ئامرازی چارەسەری کێشەی کورد، ببێ بە ئامرازی بەرهەمهێنانی "دیکتاتۆرییەتی زۆرینە"، واتە دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست (فارس و بەفارسکراو)!** ئاخر تەماشا بکە، ئەوە چەند جارە پەرلەمانی عیراق یاسای

مەترسیدار و دژ بە کورد دەردەکات یا بودجە تێ دەپەڕێنێ، بەبێ گوێدان بە ئیرادە و بەرژەوەندییەکانی کورد. دواترینیشیان ئەو یاسایە بوو کە دەربارەی بە قەرز پڕکردنەوەی کورتهێنان بوو کە پەرلەمانی عیراق بە زۆرینەی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ڕابوردوودا دەری کرد، هەڵبەتە بەبێ گوێدان بە ناڕەزاییەتەکانی کورد.

٣) بڕگەی سێیەم و سیناریۆی ئەوەی کە کورد دەوڵەتی "هاوتەریب" لە دەرەوەی سنووری ئێران دروست بکات و دوایی "بیپەڕێنێتەوە" ناوەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لەسەر وەستانی زۆری پێویستە. بەهەرحاڵ، بەو شێوەیەی تۆ بیرت لێ کردووەتەوە، واتە سەرەتا لە دەرەوە دەوڵەتی هاوتەریب بێتە بەرهەم و دواتر لە سنووری ئەو ئەزموونە ببڕێتە ناوەوەی وڵات، واتە بۆ ناو ڕۆژهەلاتی کوردستان، کارێکی زۆر پڕ لە کێشەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە تۆ دەکرێ، بەر لەوەی بووبیت بە دەوڵەت، بە زەینییەتی دەوڵەت و دەوڵەتداری بیر بکەیتەوە، هەنگاوە کردارییەکان ئەوها بن وەک ئەوەی دەرفەتی دەوڵەتبوون و دەوڵەتداری لە بەر دەرگاتە: سبەینێ لە خەو هەڵدەستی و دەرفەتی بوون بە دەوڵەت لە بەر دەرگاتە، ڕێک وەک ئەزموونی جوولەکە لە فەلەستین. ئەوان ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوویان لە "دەوڵەتی هاوتەریب" یا بە زمانی عیبری "ییشوڤ" هەیە و بەرهەمی ئەو ئەزموونەش ئەوە بوو، هەر وەک جەیمس بیل و ڕۆبەرت سپرینگبۆرگ لە کتێبی *Politics in the Middle*

*East*دا دەڵێن، کاتێ لە فەلەستین دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨دا ڕاگەیەنرا، پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی "جوولەکە" هەر زوو پێشتر کامڵ کرابوو و کۆتایی هاتبوو، تەنها ڕاگەیاندن و پێزانینی نێودەوڵەتی مابوو.

لە بەرامبەردا، کاتێک مرۆڤ بەردەوام ئەسیری بیری خودموختاری بوو، ناتوانێ لەپڕ، بە شەو و ڕۆژێک، ببێ بە **دەوڵەتمەدار** و **دەوڵەتساز**، ڕێک ئەمە یەکێک بووە لە کێشەکانی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان لە دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام! ئاخر ڕێک ئەم حاڵەتە ڕووی دا: کاتێک لە ٢٠٠٣دا ئەو دەرفەتە بۆ کورد لە باشوور ڕێک کەوت سەرانی کورد، بە تایبەتی ئەندازیارانی نووسینەوەی دەستووری عیراق (مام جەلال، مەسعوود بارزانی، نەوشیروان مستەفا و...)، ئەوها چوون بۆ بەغدا "**وەک ئەوەی بچن بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**". هەر لەبەر ئەوەشە کورد لە دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام نەیتوانی شتێکی زیاتر لە "ڕێککەوتنی" ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە دەست بهێنێت: ئاخر وەک چۆن لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا ڕژێمی ئەو کاتەی عیراق سەرکەوتوو بوو لە دواخستنی یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکوک (بە گشتییش ناوچە دابڕێنراوەکان) و پرسی سنوور و زۆر پرسی ستراتیجیی دیکە، ڕێک هەر ئەوهاش لایەنی عەرەبی لە "عیراقی نوێ" و "عیراقی دیمۆکراتیدا" سەرکەوتوو بوون لە دواخستنی چارەسەری هەمان ئەو پرسانە! لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە پارادۆکسە (موفارەقە) هەرە گەورەکانی مێژووی مۆدێرنی بزاڤی سیاسی لە

باشووری کوردستان و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. ئاخر چۆن دەکرێ چارەسەری کێشەی کورد سی و پێنج ساڵ دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، واتە چارەسەرە نوێکە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عیراق (٢٠٠٥)، هەر هەمان چارەسەری سی و پێنج ساڵ پێشتر بێت لە کێشەی کورددا؟ لەوەش گەرێ ئەویان ناوی چارەسەری ئۆتۆنۆمییە، بەڵام ئەمەیان ناوی چارەسەری فیدراڵییە! من پێم وایە ئەم بابەتە لە میتۆدێکی بەراوردکاریدا پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بێگومان تۆڕینەوەیەکی ئەوهاش زۆر بەسوود دەبێت!

ئاخر کاتێک کورد چووە بەغدا، ساڵانێک بوو بەنج بووبوو بە "سیحری" دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیمۆکراتی بۆ عیراق، بەڵام بێئاگا لەوەی "عیراقی دیمۆکراتی" دەکرێ ببێت بە "دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست"؛ واتە بە جوانی دەرکەوت کە ئەو شتەی کورد لە ماوەی، کەم یا زۆر، شەست ساڵی پێشوودا (واتە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام) شەڕی بۆ دەکرد، واتە دیمۆکراسی بۆ عیراق، هەمان "دیمۆکراسی" بوو بە چەکێک لە دەستی نەتەوەی سەردەستدا بۆ ئەوەی نەتەوەی سەردەست بە هەمان ئامراز (واتە بە میکانیزمی دیمۆکراسی) ئیرادەی خۆی بەسەر کورددا بسەپێنێ... ئاخر هەموومان بیرمانە کاتێک حەوت ساڵ بەر لە ئێستا حکومەتی عەبادی لە چرکەساتی دروستبووندا بوو، عەبادی بە گرووپی پەرلەمانیی کوردی لە پەرلەمانی عیراقی گوت ئێوە تەنها بیست خولەکتان لە بەردەمدایە: دێنە ژوورەوە

باشـه، ئەگەر نـا، ئـێمە (ئـێمەی عەرەبـی سـوننە و شـیعە) دەتوانین بەبێ کوردیش حکومەت پێک بهێنین و بەو پێیەش دەبـێ ئێـوەی کـورد ئەوە قبـووڵ بـکەن کە لە دەرەوەی حکومەت بمێننەوە...

ئـــاخر هەر ئەم ئەزمـــوونە ناســـەرکەوتووە (واتە بەشداریکردن لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا) بوو کە ساڵی ٢٠١٧ لە کاتی کەمپینی ڕیفراندۆمدا مەسعوود بارزانی لە دوو بۆنەی جیادا گوتی "ئێمە هەڵە بووین کاتێک بەر لە سـیانزە سـاڵ چـوویندە بەغـدا..." ئەم سـەربوردەیە زۆر گرنگە وەک ئەزموون کەڵکی لێ وەربگیرێ و وانەی گرنگی لـێ هەڵێنجـرێ. ئێـرەش دەرفەتە بڵـێم کە مـن هەر زوو لە وتارێکمـــدا کە بە دوو بەش لە **ڕۆژنـــامەی هـــاوڵاتی** (ژمارەکـانی ١٣٧ و ١٣٨ سـاڵی ٢٠٠٣)دا بە ناونیشـانی "لە ڕیفراندۆمـدا کوردسـتانێکی سـەربەخۆ"، بە ڕوونـی و بە وردی باسی مەترسیی ئەوەم کرد کە دەکرێ **زۆرینەیەکی دیمـۆکراتی**، بە تـایبەتی لە ژینگەی کولتـووریی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستدا، ببێت بە "**زۆرینەی دیکتاتۆری**"، زۆر بە تـایبەتی کاتێـک ململانێکـان لە بـابەتی بەرژەوەنـدیی گـرووپ و تـوێژە کـۆمەڵایەتییە جیاجیاکـان هەڵدەکشـێن بـۆ ئاسـتی "**ململانێـی نەتەوەیی**". بۆ خوێندنەوەی وتارەکە، تکایە بڕوانە:

http://burhanyassin.com/Le%20rifrandemda..PDF

لەو هەمـوو سـاڵانەدا، واتە لە ٢٠٠٥ەوە سـەرکردە کوردەکـان بەردەوام باسـی ئەوەیـان کـردووە کە لە سـەرەتاوە پرەنسـیپی سـازان (تەوافـوق – consensus) بەپێـی دەسـتوور ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە و هەر ئەو پرەنسـیپی سـازانەش لە **زۆرینـەی**

زۆرەملێیی سەتەمی نەتەوەی سەردەست دەمانپارێزێ. لە ڕاستیدا ئەمە ناڕاستگۆییەکی گەورە بووە کە سەرکردەکان بەرامبەر بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردوویانە: ڕاستییەکەی، پرەنسیپی تەوافوق بە یەک دانە وشەش نەکراوە بە پرەنسیپ لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا و تەنانەت لە دەرەوەی دەستووریش ڕێککەوتنێکی سیاسیی نووسراویش لەو بارەیەوە نییە، کە ڕێککەوتنێکی ئەوهای نووسراویش هەر لە سەرەتادا پێویست بوو (بۆ نموونە، وەک ئەزموونی لوبنان کە لە ساڵی ١٩٤٣وە بە دوو دانە بەڵگەنامە بە ڕێوە دەبرێت: دەستوور و پەیماننامەی نیشتمانی - المیثاق الوطنی).

ئەوەی کە هەبووە، ئەوە بووە کە لە سەرەتادا بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی لایەنی کوردی، لایەنی عەرەبی، بە تایبەت شیعە، تەنها "**بە زارەکی**" باسیان لە پرەنسیپی تەوافوق کردووە و زیاتر نا. ڕاستی و دروستیی ئەو مێژووە ئەوەیە کە لایەنی عەرەبی، زۆر بە تایبەتی لایەنی شیعی، هەرگیز ڕازی نەبوون سێ پرەنسیپ بە هیچ شێوەیەک (ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) لە دەستووردا جێگەیان بکرێتەوە کە ئەوانیش **تەوافوق؛ مافی چارەی خۆنووسین** و **مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم** بوون: واتە دەرەنجام، بە چڕی و بە کورتی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوەی عیراقدا، نەتەوەی سەردەستی زۆرینە توانیی، لە ڕێگەی قبوولنەکردنی ئەو سێ پرەنسیپە و هێشتنەوەی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان (بە تایبەتی کەرکوک) بەبێ چارەسەر، **کورد بە بارمتە بگرێت**! لە ڕاستیدا ئەمانە وانە و ئەزموونی مێژوویی زۆر گرنگن بۆ

کوردانی رۆژهەلات، بە تایبەتی بۆ حاڵەتی ئەو چرکەساتەی کە تێیدا ئێران دووچاری داڕمانێکی هاوشێوەی عیراق دەبێتەوە.

هەڵبەتە دیوێکی دیکەی ئەم قسانەم ئەمەیە: **تا ئەو ڕۆژەی تۆ لەژێر هەژموون و کاریگەریی 'خودموختاری بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران'دا بیر بکەیتەوە و بەنج بووبیت و 'مەستی' 'سیحری' ئەو دروشمە بیت، ناتوانیت ببیت بە خاوەنی زەینییەت و جیهانبینیی دەوڵەتسازی و بەدەوڵەتبوون**... ئاخر گرنگە ئێمە ئەو پێداگرییە بکەین کە کەسێکی هەڵگری باوەڕی **ئۆتۆنۆمی** کەسایەتییەکە لە ڕەهەندەکانی سایکۆلۆژی، کولتووری و فەلسەفەی سیاسییەوە تەواو جیاوازە لەو کەسایەتییەی کە هەڵگری بیر و باوەڕی سەربەخۆییە، واتە **سەربەخۆخوازە**، وەک چارەسەر بۆ کێشەی نەتەوەیی لە هەموو ئەو ڕەهەندانەوە (سایکۆلۆژی، کولتووری و فەلسەفەی سیاسییەوە) جیاوازترە لە **هیی ئۆتۆنۆمیخواز**... بەڵام، دەکرێ لە هەمان کاتدا پرسیاری ئەوەش بکەین ئاخۆ ناکرێ کەسایەتییەک لە هەمان کاتدا و لە پێکهاتەیەکی دیالەکتیکیدا، لە کورتمەودادا، هەڵگری جیهانبینی و فەلسەفەی سیاسیی ئۆتۆنۆمی بێت، بەڵام لە دوورمەودا هەڵگری جیهانبینیی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و پێویستی بە دەرفەتی زیاترە بۆ قسە لەسەرکردن، کە بە داخەوە لێرەدا بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، ئەو کاتە پێویستەم لە بەردەستدا نییە.

پرسیاری سێیەم

ئاخۆ پارچەگەرایی (واتە پەیوەستبوون بەو سنوورانەی کوردستان دابەش دەکەن) بۆ هەر کام لە حزب و خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ڕوونتر بڵێین، ئاخۆ خەڵکی هەر پارچەیەکی کوردستان تەنها دەبێ بیر و هزر و توانا و کاری خۆی بۆ تاقە پارچەی خۆی دابنێ و کات و توانا و هێزی خۆی بۆ شرۆڤە و ڕاوێژی بابەتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە بەکار نەهێنێت؟ ئاخۆ ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی کولتوورین یا تەنانەت نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە لە نەتەوەبوون بە واتا سیاسییەکەی؟

وەڵام

جێگەی سەرنجە ئەوەی ڕووی داوە، ئەوەیە کە تا ئێستا زیاتر پارچەپارچەبوون بە خەباتی هێزە سیاسییە کوردستانییەکانەوە دیار بووە، نەک هەر لە مەسەلەی دابەشبوونی کوردستان بۆ "چوار" پارچە، بەڵکو تەنانەت لە ناو هەر پارچەیەکی کوردستانیشدا، پارچەبوون، پەرتبوون و تەنانەت ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان حاڵەتێکی هەرە باو و باڵادەستە. لە ڕاستیدا هەندێک جار ململانێی زۆر خوێناوییش لە ناو هەمان پارچەی کوردستاندا هەبووە. لەم بارەیەشەوە دەمەوێ بە جەختکردنەوە بڵێم کە مەترسیدارترین و زیانبەخشترین پارچەبوون، پارچەبوونی جوگرافی نییە، بەڵکو پارچەبوونی **زەینییە؛ پارچەبوون لە ئاستی فیکری و جیهانبینی و فەلسەفەی سیاسیدا**. ئەمڕۆ لە

باشووری کوردستان به ڕوونی دەردەکەوێ که هەردوو شێواز له دابەشبوون یەکانگیر بوون: دابەشبوونەکە به ڕوونی جوگرافی و ئیداری له لایەک و سیاسی و زەینییە له نێوان دوو ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتی و یەکێتیدا!

له ڕووی پارچەبوون له ئاستی بەشەکانی کوردستاندا، له هەندێک کاتدا، بۆ ئەوەی جوولانەوەی چەکداری له بەشێکی دیاریکراوی کوردستاندا بتوانێ لەسەر پێ بوەستێ و ئیدامە پەیدا بکات، تەنانەت خیانەتی له پارچەکانی دیکەش کردووە، ئەمەش له ڕێگەی دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ داگیرکارێکی دیکەدا، یا له هەمان کاتدا دوو داگیرکاری دیکە (وەک چۆن بۆ نموونە له ١٩٨٠کاندا بزاڤی چەکداری له باشووری کوردستان له هەمان کاتدا پشتی به دوو ڕژێمی داگیرکار، واتە ئێران و سوریا، بەستبوو). به سادەیی، بنەما و بەهانەی ئەم شێوازە له دەستتێکەڵاوکردن له ئەو "کولتووره سیاسی"یەوە پێ هەڵدەگرێت که دەخوازێ بڵێ: له جوگرافیای سیاسیی ناهەمواری کوردستاندا (وەک وڵاتێکی داخراو)، تۆ ناتوانیت خەباتی چەکداری بکەیت بەبێ یارمەتیی دەرەکی، واتە یارمەتیی وڵاتێکی دیکەی داگیرکار! ئەم کولتووره سیاسییە به ڕادەی یەکەم له "داهێنانی" جوولانەوەی چەکداریيە له باشووری کوردستان، کاتێک له سەرەتای ١٩٦٠ەکانی سەدەی ڕابوردوو ڕابەرایەتیی ئەم بزاڤە، زۆر به تایبەتی مەلا مستەفا بارزانی، شای ئێرانی کرد به فریادڕەس و تەنانەت دواتر "کۆد"ی تەواوی بزاڤەکەی تەسلیم به ئەو کرد؛ ئاکامەکەشی شکستی پشتشکێنی جوولانەوەی چەکداری بوو له ئاداری ١٩٧٥دا.

ئەم حاڵەتە، واتە پشتبەستن بە داگیرکار، لەوە دەرچووە کە چیتر وەک ڕووداوی یەک جار و یەک مەقتەعی زەمەنیی کورت ببینرێ، بەڵکو **وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکەوە** بۆ "گوایە" ڕزگاربوون لە داگیرکارێک، بووە **بە دیاردە**، بووە بە شێوەیەک لە کولتووری سیاسی و زەینییەت و تەنانەت لە ئێستاشدا، بەبێ پچڕان، بەردەوامیی هەیە.

بە واتایەکی دیکە، **وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکەوە** لە دوێنێی شاخدا بەشێک بوو لە "پێداویستییەکان"ی خەباتی چەکداری، بەڵام ئاخۆ دوای دابەزین لەو شاخە و گرتنەدەستی دەسەڵات لە باشووری کوردستان لە ١٩٩٢ەوە، کۆتایی بەو وابەستەییە هاتووە؟ بێگومان نەخێر: **دوێنێ بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی چەکداری و زامنکردنی پێداویستییەکانی ئەو خەباتە هەر لە پێداویستیی لۆجیستی** و... هتد، بەڵام دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی کورد، ئەو "وابەستەییە" بە شێوازێکی دیکە، هەر بە ئامانجی مانەوە و خۆپارێزی، بەردەوام بووە.

لە ڕاستیدا دەتوانین باس لە دوو دانە وابەستەیی بکەین: هیی یەکێتیی نیشتمانی بە ئێرانەوە و هیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە تورکیاوە، کە دواجار هەر ئەم دوو دانە وابەستەییەش ئامرازێکی دیکەی دابەشبوونی باشووری کوردستانە بۆ دوو زۆن: زۆنی یەکێتی - ئێران و زۆنی پارتی - تورکیا..

زۆر بە تایبەتی، وابەستەیی پارتی لە ڕێگەی دۆسیەی مەترسیداری نەوتەوە بەرجەستە بووە، دۆسیەیەک کە ئێستا و ڕوو لە داهاتوو بووە بە هەڕەشەی هەرە گەورە

لەسەر قەوارەی سیاسی لە باشووری کوردستان: وەک چۆن کاتی خۆی ڕژێمی تەهران جوولانەوەی چەکداریی بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بە بارمتە گرتبوو، هەر ئەوهاش لە ئێستادا ڕژێمی ئەنقەرە هەڕێمی کوردستانی بە بارمتە گرتووە. پێشتریش گوتوومە، لە ڕێگەی دۆسیەی نەوتەوە بنەماڵەیەکی دیاریکراو لە کوردستان **کۆدەکانی دەسەڵاتی کوردییان** لە باشوور ڕادەستی ئەنقەرە کردووە: ئەمڕۆ دەتوانین بە ئاسانی بڵێین وەک چۆن لە ١٩٦٠ەکانی سەدەی ڕابوردووەوە تا ١٩٧٥ کۆدەکانی بزاڤی چەکداریی کوردستان لە باشوور لە ڕێگەی مەلا مستەفای بارزانییەوە ڕادەستی شای ئێران کرابوون، هەر ئەوهاش لە سااڵنی دواییدا کوڕ و نەوەکانی بارزانی کۆدی دەسەڵاتی کوردی و چارەنووسی ئەو دەسەڵاتەیان ڕادەستی ئەنقەرە کردووە: وەک چۆن ئەو کاتە تەهران ڕێگر بوو لە هاتنەکایەی ئاشتی لە نێوان کورد و بەغدادا، ئێستاش ئەنقەرە ڕێک ئەو ڕێگرییە دەکات لە نێوان بەغدا و هەولێردا: ئەمڕۆ کێشەی هەولێر و بەغدا لەسەر چەند و چۆنی ناردنەدەرەوەی نەوت و ژمارەی بەرمیلە بەرهەمهێنراوەکان و نرخی هەر بەرمیلێک نییە، بەڵکو کێشەکە زۆر لەوە زیاتر، قوواڵتر و مەترسیدارترە. ڕێک وەک چۆن ئەو کاتە لە تەهرانەوە بڕیار دەدرا ئاڕاستە و بژاردە سیاسییەکانی کورد بەرامبەر بەغدا چی و چۆن بن، هەر ئەوهاش ئەمڕۆ هەولێر بە ئاسانی ناتوانێ لەگەڵ بەغدادا ڕێبک بکەوێ، چونکە کۆد و سەرەداوی بڕیاری کۆتایی لە ئەنقەرەیە، نەک لە هەولێر!

هەر گرێدراو بەم مەسەلەیەوە، ئەمڕۆ کاریگەریی تورکیا لەسەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ڕوو لە ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری کوردستان، بە تایبەتی پەکەکە، ئاشکرایە: تورکیا و پارتی لەم دوو دۆسیەیەدا لە هەمان "**خەندەقدان**". بەم واتایەش، تورکیا بۆ پارتی، نەک هەر لە بابەتی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا گرنگە، بەڵکو بۆ بابەتی پیادەکردنی چ جۆرە سیاسەتێکیش بەرامبەر بە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش گرنگە، هەڵبەتە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. کاتێکیش ئەمە سیاسەتی لایەنێکی سیاسی بێت، ئەو لایەنە بە ئاسانی ناتوانێت بەشێک بێت لە کۆ و یەکبوونێکی کوردستانیی فراوان: لە ڕاستیدا نەک هەر "کۆی کوردستانی گەورە"، بەڵکو لە کۆیەکیشدا کە تەواوی پانتایی سیاسی و ئیداریی باشووری کوردستانیشی گرتبێتە خۆ. لەم هەڵسوکەوتەدا نەک هەر بەشێک (واتە باشووری کوردستان)، بەڵکو لەو بەشەش زۆر کەمتر، بەرژەوەندییەکانی هێزێکی سیاسی و مالّباتێکی دەستڕۆیشتوو، **گرنگ و گەورەیترە**.

***

پرسیارەکەی تۆ گرنگە، چونکە دەست دەخاتە سەر مەسەلەیەکی گەورەری، ئەویش **پەیوەندیی هەر بەشێکە بە گشتێکی فراوانتر و گەورەترەوە**، واتە پەیوەندیی بەشێکی کوردستانە بە بەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورەوە.

مـن پـێم وایه ئەم مەسـەلەیه یەکـێکه له مەسـەلەکانی ڕێکخسـتنی، یـا تەنـانەت یەککردنـی، دژایەتییەکـان له نـاو ناسـیۆنالیزمی کوردیـدا. ناسـیۆنالیزمی کـوردی (تـۆ بڵـێ کوردایەتی)، وەک زۆرێک له ناسیۆنالیزمەکانی ئەم جیهانه، له ناواخنی خۆیدا پڕه له ناکۆکی و دژایەتی. ئەم دژایەتییانه دەتـوانن کـۆمەڵایەتی، ئـۆلی، ئایـدیۆلۆژی، لەسـەر بنەمـای ڕەگەز، فرەئـاینزایی، فرەزاراوەیـی، لادێ و شـار، ململانێـی نەوەکان، فرە ئەندێشەی سیاسی، بەرژەوەندییه چینایەتییه دژبەیەکەکـان، دابەشـبوون لەسـەر بنەمـای جێنـدەر و... هتد بن. بەڵام ئەوەی زۆر تـایبەته به دۆخـی **کوردایەتی**، جیـاواز له زۆرێـک له ناسـیۆنالیزمەکانی دیـکه، ئەو دابەشـبوونەی کوردسـتانی گەورەیه که جـووڵانەوه سیاسـییەکان له بەشـه جیاجیاکـانی کوردسـتان دەخـاته سـێ حـاڵەتی جیـاوازی پەیوەنـدی به یەکتـرەوه: ١) یـا ئەوەتـا بزاڤەکـان له پـارچه جیاوازەکـانی کوردسـتان **پشـتگیری یەکتـرن**؛ ٢) یـا ئەوەتـا **بێڵایەنن له بەرامـبەر یەکتـردا**؛ ٣) یـا ئەوەتـا **زیـان به یەکتـر دەگەیەنـن**، به تـایبەتی له ئاکـامی وابەسـتەیی به داگیرکـارێکی دیـکەوه... مـن پـێم وایه تـا ئێسـتا پەیوەنـدیی ئەو جـووڵانەوه سیاسـییانه له پـارچه جیاجیاکـانی کوردسـتان لەگەڵ یەکتـردا هەرسـێ شـێوازی به خـۆوه بینیـوه، بەپێـی کـات، شـوێن و خەسـڵەتی هەر هێزێکـی سیاسـی، بەڵام پەیوەنـدی و هەڵوێستەکان زیاتر له شێوازی **سێیەمدا** بەرجەستە بوون. ئەم پەیوەنـدییانه زۆر به دەگـمەن توانیویـانه شـێوازی یەکەم وەربگرن... زۆر جـاریش ڕووی داوه هێزێکی سیاسی تـا سـەر ئێسـقان وابەسـتەی داگیرکـارانه، ئێسـتاش هەر وایه، بەڵام به

ڕواڵەت ڕۆژانە دروشمی یەکێتیی نەتەوەیی دەدا بە گوێی خەڵکدا!

هەڵبەتە ئاشکراشە ئەگەر کورد چاوی لەوە بێ خەباتەکەی لەسەر ئاڕاستەی یەکەم (لە سەرەوە) جۆش بدات و ڕێکی بخات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەر لە هەموو شت پێویست دەکات **کۆتایی بە وابەستەیی بە داگیرکار بهێنێ**: تۆ ناکرێ لە لایەکەوە وابەستەییەکەت تا سەر ئێسقان لە بەرژەوەندیی داگیرکاراندا بێت؛ بەڵام لەولاشەوە داوای یەکێتیی نەتەوەیی بکەیت و باسی ڕزگاریی نەتەوەیی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا بکەیت؟ ئاخر زۆر سەیرە تەسەور بکرێت کە ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان بە ئامراز و وێستگەی **وابەستەیی بە داگیرکاردا** تێ بپەڕێت! کاتێکیش ئێمە وشەی "**وابەستەیی**" بەکار دەهێنین، ئەوا دەبێ دڵنیا بین کە وابەستەیی زۆر جار گەیشتووەتە ئاستی **خیانەتی نیشتمانی** تەنها لەپێناو مانەوەی "خۆی"دا، واتە مانەوەی جوولانەوە چەکدارییە بە ناو "ڕزگاریخوازەکە"، یا حزبەکە خۆی. تەنانەت ئێمە دەبێ دوورتریش بڕۆین بۆ ئەوەی باشتر لە مەترسیی ئەو "وابەستەییە" کوشندەیە بگەین: کاتێک وابەستەیی دەبێ بە خیانەت، بەڵام لایەنە کوردییە خیانەتکارەکە نەک هەر نایسەلمێنێ کە خیانەتی کردووە، بەڵکو تەنانەت شانازییش بە خیانەتەکەی خۆیەوە دەکات و لە سااڵوەگەڕی خیانەتیشدا پیرۆزبایی لە خۆی و لایەنگرانی دەکات! ئەمە ڕێک لە حاڵەتی هێنانی لەشکری ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا ڕووی دا: پارتی بە شانازییەوە ئەم ڕووداوەی کرد بە خاڵێکی پرشنگدار، نەک هەر لە میژووی خۆیدا، بەڵکو دەخوازێ ئەمە شانازی بێت بۆ هەموو کورد، نەک

خاڵێکی ڕەش کە دواجار هەوڵی جددی بدات بۆ سڕینەوەی ئەو پەڵەیە لە لاپەڕەکانی میژوودا.

لە ڕاستیدا، هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەر کاتێک بەرپرسانی پارتی باسی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەکەن، زیاتر وەک شانازی باسی دەکەن، تا هەر شتێکی دیکە!

***

لایەنێکی پرسیارەکەت دەربارەی ئامرازە بەکارهێنراوەکانە لە سازدانی نەتەوەدا: نەک هەر نەتەوەی سیاسی، بەڵکو تەنانەت نەتەوە بە واتا کولتوورییەکەش.

بۆ وەڵامێکی گونجاوی ئەم بەشەی پرسیارەکەت، پێویستە ئەو جەدەلە ئەکادیمییە ساغ بکەینەوە لە نێوان دوو بۆچوونی جیاوازدا: ١) نەتەوە حاڵەتێکی مێژوویی کە لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بەرجەستە دەبێت: واتە نەتەوە دۆخ و پێدراوێکی بەڵگەنەویستە... ٢) لە بەرامبەردا، بۆچوونێک هەیە دەخوازێ بڵێ نەخێر، نەتەوە پڕۆسەیەکی کۆسازی و کۆمەڵگەسازییە و شێوازێکە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی (social engineering)، یا ڕاستر بڵێین، بونیادسازیی کۆمەڵایەتی (social construction).

دیارە لە ئەو ئەزموونانەی لە بواری بونیادسازیی نەتەوەدا (بە واتا سیاسییەکەی و هەروەها دەوڵەت-نەتەوە) هەن، جەختێکی زۆر لەسەر گرنگیی زمان و میژوو کراوەتەوە، لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نیشتمانییشدا، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکاندا، جەخت لەسەر

"پەروەردە و فێرکردن"، لەوێشدا بە تایبەتی بابەتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان کراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە لە نەتەوەسازی، وەک پرۆسە، بڕوانین، وا هەست دەکەم و تەنانەت لەو باوەڕەشدام، کە باشترین، تەندروستترین و دیمۆکراتیترین شێوازی نەتەوەسازی ئەوەیە کە ئەو نەتەوەسازییە لەسەر بنەمای "**یەکبوون**"ی دژایەتییەکان بونیاد نرابێ، نەوەک **سڕینەوەیان**. مەبەستیش لە **دژایەتییەکان**، هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەو ناکۆکی و بەرییەککەوتنانەن کە لە نێوان لادێ و شار؛ زمان و زاراوە؛ پێگەی پارێزراویی نێر و مێ (واتە لەسەر بنەمای جێندەر)؛ دارا و نەدار؛ ئۆلی و دونیایی؛ گرنگیی بوونی تاک و تاککەرایی لە لایەک و کۆمەڵ و کۆگەرایی لە لایەکی دیکەوە (واتە تا بکرێ وردکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی تاک، بەڵام لەولاشەوە کۆیەکی نیشتمانی-نەتەوەیی تۆکمە)؛ نەوەی کۆن و نەوەی نوێ؛ چینە کۆمەڵایەتییەکان کە هەڵگری بەرژەوەندیی دژبەیەکن؛ هاوسەنگی لە نێوان میژوو و داهاتوو؛ دینی و عەلمانی و... هتد هەن.

لە ئەزموونەکانی پێشوودا، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێک ئەزموون هەن کە هەوڵیان داوە دژایەتییەکانی ناو نەتەوە بە زۆری زۆرداری **بسڕنەوە**، یا سەرسەختانە **ئینکاری** بوونی ئەو دژایەتییانە بکەن، لە ئاکامدا بەرهەمەکەی بووە بە **نەتەوەسازییەکی فاشیستانە**. دوو نموونەی دیار لە میژووی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتدا، ئەزموونی حزبی بەعس لە جیهانی عەرەبی و ئەزموونی

کەمالیزمە لە تورکیا. لە ڕاستیدا تەنانەت لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانیشدا ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە، هەر نەبێ، یەکێک لە سەرچاوەکانی ئیلهامی ئایدیۆلۆژیی ئەو دوو ئەزموونە (بەعس و کەمالیزم) فاشیزم بووە، بەڵام ئەگەر وردتریش لێی بڕوانین، ئیتر دەبینین کە کەمالیزمیش سەرچاوەیەکی ئیلهامی زۆر گرنگ بووە بۆ حزبی بەعس و هەندێک ئاڕاستەی دیکەی **نەتەوەپەرستی** لە جیهانی عەرەبیدا... دیارە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کورد لە هەردوو ئەزموونەکەدا (هیی بەعس لە سووریا و عیراق و کەمالیزمیش لە تورکیا) قوربانیی ژمارە یەکی ئەو دوو ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەی بەعس و کەمالیزم بووە: ئەندازیارییەک کە دەخوازێ لەسەر بنەمایەکی فیکری فاشیستی دەوڵەت-نەتەوە ساز بدات: واتە دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای یەک خاک، یەک نەتەوە، یەک کولتوور و یەک زمان.

لە بەرامبەردا، ئەو شێوازەی کە من مەبەستمە لە باشترین و تەندروستترین شێوازی نەتەوەسازی، تەواو بە پێچەوانەی دوو ئەزموونەکەی بەعس و کەمالیزم، جەختکردنەوەیە لەسەر پێزانینی بوونی دژایەتییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەپێناو بەرهەمهێنانی کۆیەک لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەها و ئاکار کە گرنگترینیان هاوواڵاتیبوون و دیمۆکراسین: واتە نەتەوەسازی لە ڕێگەی لەقاڵبدانەوەیەکی زەینی کۆمەڵگە لە ڕێگەی **پاراستنی نیشتمانییانە و دیمۆکراتییانەی دژایەتییەکان**، نەک هەوڵی ئینکارکردن، سڕینەوە و بێدەنگکردنی ئەو دژایەتییانە. واتە

دەرەنجام: نەتەوەسازی و نیشتمانسازی لەسەر بنەمای بوونی یەکبوون و یەکانگیربوونێکی تەندروست **لە ڕێگەی مانەوەوە و بوونێکی دیمۆکراتییانەی دژایەتییەکان: ئاوتەبوونێکی سروشتیی دژایەتییەکان لە یەکبوونێکی پڕ لە هارمۆنیدا**. بەم واتایەش دەتوانین باس لە پارادایمێک بکەین کە پارادایمی "**لیبرال-ناسیۆنالیزمە**"!

***

دەربارەی بەشی دوایی پرسیارەکەت: نەتەوە بە واتا کولتووری و سیاسییەکەی، دەکرێ وەڵامی ئەم بەشەی پرسیار زۆر ئاسان نەبێت. وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئاخۆ کورد نەتەوەیەکی کولتوورییە یا کولتووری و سیاسییە، زۆر جەدەل هەڵدەگرێ.

زۆر جار لە گفتوگۆ ئەکادیمی و سیاسییەکاندا **گومان** دەخرێتە سەر ئەوەی کە ئاخۆ کورد لە ڕووی سیاسییەوە نەتەوە بێت یان نا. لە ڕاستیدا تەنانەت لە ڕووی کولتوورییشەوە دەکرێ ئەو گومانە بخرێتە ڕوو. بۆ نموونە، زۆرێک لە شارەزایانی ڕۆژئاوایی باس لە "**چەند دانەیەک**" زمانی کوردی دەکەن، **نەک یەک** زمان، واتە باس لە "زمانە کوردییەکان"، لەبری زاراوە کوردییەکان، دەکەن. بۆ ئەو بۆچوونەش زۆر بەڵگە و بەهانە دەخەنە ڕوو. تەنانەت لە کێشەی فرە-زاراوەییدا شارەزایەکی کوردیش (میهرداد ئیزەدی) لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا لە کتێبێکی گرنگدا بە ناوی *The Kurds*، باس لە کێشەی زاراوەکان لە باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت

کێشەی جووت-زاراوەیی لەو بەشەی کوردستاندا زۆر جددییە، تەنانەت ئیزەدی پێشبینی دەکات، یا ڕاستتر بڵێین، مەترسیی ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەگەر کێشەی دوو زاراوەیی ("سۆرانی و بادینی") لە باشوور چارەسەر نەکرێ، ئەوا ئەو بەشەی کوردستان بەرەو حاڵەتی "**بوون بە دوو گەل**" هەنگاو دەنێت...

ڕاستییەکەی، ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان لەبری خەبات بۆ یەککردنی زمانی کوردی و گرنگیدان بە پشتگیریکردنی ئاڕاستەی "**یەک زمانی ستاندارد**"، ئەوا دەبینین دوو دانە "شۆڤینیزمی لۆکاڵی، لە جۆری دەمارگیریی زاراوەگەری" بە تۆندی بوونی هەیە: یەکێکیان شۆڤینیزمی "بااڵدەستکردنی زاراوەی سۆرانی" و ئەوی دیکەشیان بااڵدەستکردنی کورمانجی ژوورو (یا، کەم یا زۆر، بادینی). تەنانەت هەندێ بۆچوونی سەیروسەمەرەش لەو جەدەلەدا سەری هەڵداوە وەک ئەوەی بیەوێت بانگەشەی ئەوە بکات کە پیتی لاتینی داهێنانی ئەتاتورک و ڕژێمەکەیەتی و ئەو پیتانە هێمای داگیرکارێکی دڵڕەقن (واتە داگیرکاریی تورکیا) و لەبەر ئەوەش نابێ لە نووسینی کوردیدا بەکار بهێنرێن و لەبری پیتی لاتینی، دەبێ پیتی "ناسراو بە عەرەبی" بەکار بهێنرێن: وەک ئەوەی پیتی عەرەبی هێمای داگیرکار نەبێ! لەم بارەیەوە دەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم: بۆ ئەوەی لەم جەدەلە وێرانکارە ڕزگارمان بێت، دەبێت بە دوو شێوازی دیکە لە کێشەکە نزیک ببینەوە: یا ئەوەتا ١) پێویستە لە هەمان کاتدا و بەبێ جیاوازی هەردوو ئەلفابێی لاتین و عەرەبی بە هیی داگیرکار بزانین،

بونیادنراو لەسەر ئەوەش بۆ شێوازێکی تەواو نوێ لە ئەلفابێ بگەڕێین یا دای بهێنین! لە ڕاستیدا بەپێی هەندێک بۆچوون، ئەلفابێی عەرەبی نەک جارێک، بەڵکو دوو جار هیی داگیرکارە: یەکێکیان عەرەبی و ئەوەی دیکەشیان "ئیسلامی"؛ یا ٢) هەردوو ئەلفابێمان قبووڵ بێ و لەم قبووڵکردنەشدا ئەلفابێ ڕزگار بکەین و دەری بهێنین لە "**ژێر سێبەری قورسی میژووی خوێناوی و بەرجەستەبوونی دوژمناکارانەی هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەکان**"، کە تێیاندا ئەلفابێ ئامراز و هێمابوونە. بە واتایەکی دیکە، هەوڵدان بۆ قبووڵکردنی ئەلفابێ وەک گەشەسەندنێکی کولتووری و شارستانی، دوور لە سێبەری قورسی ئایدیۆلۆژیا و میژووە خوێناوییەکە! (هەڵبەتە بە تەوازوعیشەوە ئەوەم گوت، چونکە بە زەروورەت زمان تایبەتمەندیی ئەکادیمیی من نییە: من دەکرێ لە زۆر ڕەهەندی دیکەوە باس لە **ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی نەتەوەسازی** و **نیشتمانسازی** بکەم، بەڵام کە باس دێتە سەر زمان، حەز دەکەم بە ڕێزەوە ئەم بواڕە بۆ ئەو کەسانە جێ بهێڵم کە بە ڕاستی لە بەستێنێکی زانستی و تەیبەتمەندیی ئەکادیمیدا زمانەوان و زمانناسن).

بەهەرحاڵ، کاتێک ئێمە بەرەو ڕووی پرسیارگەلێکی ئەوها (واتە دەربارەی نەتەوەی کولتووری یا نەتەوەی سیاسی) دەبینەوە، دەبێ پێش هەر شتێک مشووری پێناسەی کولتوور بخۆین، واتە ئەم چەمکی کولتووڕە، بەر لە هەر شتێک، چی لە خۆ دەگرێت و چی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری چەمکەکە... بە هەمان پێوەریش، دەبێ ئەوە جوان ڕوون ببێتەوە ئاخۆ کاتێک دەڵێین "نەتەوەی

سیاسی، مەبەستمان لەو چەمکە ئاڵۆزە چییە و لە پێناسەی چەمکی "نەتەوەی سیاسی"دا کام قوتابخانە زاڵە: واتە لێرەدا کێشەی میتۆدۆلۆژییشمان دێتە پێشێ... بۆ نموونە، زۆرێک پێیان وایە ئێمە ئەو کاتە دەتوانین باس لە نەتەوەیەک وەک "**نەتەوەی سیاسی**" بکەین کاتێک ئەو نەتەوەیە بە ئاشکرا دروشمی سەربەخۆیی بە تەواوەتی و بەدەوڵەتبوونی هەڵگرتووە و بەبێ سێ و دوو خەبات بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە دەکات.

بابەتی حەوتەم

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، یا هەولێر و ئەنقەرە؟

٢٠١٩/١١/٢٨

پێشەکی

لە چەند هەفتەی ڕابوردوودا هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن لە نێوان بەغدا و هەولێر چڕ بوونەتەوە. لە هەمان کاتدا بەرپرسانی هەرێم ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا زۆر نزیکە و بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمییەکان، بە ئەگەری زۆرەوە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا هەولێر و بەغدا لەسەر شێوازێکی تێگەیشتنی هاوبەش لەمەڕ بودجەی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ڕێک دەکەون بۆ ئەوەی ئەم بودجەیە بنێررێ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق.

گریمانەی ئەم وتارە سەرپێییەی بەردەست ئەوەیە کە بەبێ تێگەیشتن لە قوولایی و مەترسیداریی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە، ناتوانین بە باشی لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و ئەگەری ڕێککەوتن یا ڕێکنەکەوتن لە نێوان هەولێر و بەغدا بگەین. بە دیوێکی دیکەدا، هەولێر ناتوانێ لەگەڵ بەغدادا پێک بێت ئەگەر لە پێشڕا "مۆڵەتی" لە ئەنقەرە وەرنەگرتبێت؛ واتە ئەو ئاکامەی کە هەرێم لەگەڵ ئەنقەرەدا پێی دەگات، لە سەردانی مەسروور بارزانیدا، دەبێت بە بنەما بۆ هەردوو ئەگەری گەیشتن یا نەگەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا.

سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا و بەردەوامیی "کولتووری وابەستەیی"

چوونی شاندی هەرێمی کوردستان، کە پێک هاتبوون لە دوو وەزیری یەکێتی و گۆڕان (خالید شوانی و ئاوات شێخ جەناب) لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا بۆ بەغدا، لە ئاڕاستەی فەراهەمکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا بوو. سەردانی ئەم دوو وەزیرەی یەکێتی و گۆڕان هیچ گرنگییەکی نییە کاتێک هەنگاوی شاندەکە بخەینە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزتری پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لە لایەک و هەولێر و ئەنقەرە لە لایەکی دیکەوە، چونکە سێ ڕۆژ دوای چوونی ئەم شاندە بۆ بەغدا، ئەمڕۆ (٢٠١٩/١١/٢٨) مەسروور بارزانی بە یاوەریی شاندێکی سەد لە سەد پارتی سەردانی

ئەنقەرە دەکات.[1] واتە هەر زوو پێشتر دەبێ ئەوە بڵێین کە چوونی دوو وەزیرەکەی یەکێتی و گۆڕان بۆ بەغدا، تەنها بۆ هێنانی ئەو زانیارییانەیە کە دواتر (واتە لە سەردانەکەی ئەمڕۆیدا) مەسروور بارزانی پێویستی پێیانە بۆ گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا. بەم واتایەش، بڕیاری ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ بەغدادا لە هەولێرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە ئەنقەرە دەست پێ دەکات، کەچی بە هەولێردا تێ دەپەڕێ.

ئەم شێوازی کارکردنەی سەرۆکوەزیران لە کابینەی نوێدا سەد لە سەد بەردەوامیدانە بە شێوازی کارکردنە کۆنەکەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەکانی پێشتردا. پێشتر جاری وا هەبوو نێچیرڤان، نەک چەند ڕۆژێک دوای سەردانی بۆ بەغدا سەردانی ئەنقەرەی دەکرد، بەڵکو هەر هەمان ڕۆژ کە لە بەغدا گەڕاوەتەوە، سەردانی ئەنقەرەی کردووە.

ئێرە دەرفەتە بڵێین سەردانی دوو ڕۆژ لەمەوبەری نێچیرڤان بارزانی، بە بیانووی هەوڵێک بۆ ڕەخساندنی یەکڕیزیی کورد لە بەغدا، ئامادەکارییەکە بۆ تێپەڕاندنی بۆچوونی خۆی (هەڵبەتە بە سازان لەگەڵ ئەنقەرەدا) لە گفتوگۆکان دەربارەی بودجە لەگەڵ بەغدادا. بەڵام بە بڕوای خۆم، هەر یەکڕیزییەک ئەمڕۆ لە بەغدا کۆدەکەی دەکەوێتە دەست پارتی دیموکراتی کوردستان و دەخزێتە خزمەتی ئەو شێوازە لە پەیوەندی کە پارتی، هەر لە زەمانی مەلا

[1] https://www.awene.com/detail?article=15398

مســـتەفاوە، هەڵگریەتـــی: لەگەڵ بەغـــدا لە پەیوەنـــدییەکی فەرمیدا، بەڵام لە هەمـان کاتـدا لە پەیوەندییەکی شـاراوە و گومانـاوی لەگەڵ پـایتەختی وڵاتێکـی داگیرکـاردا (ئەو کـات لەگەڵ تەهراندا و ئێستاش لەگەڵ ئەنقەرەدا).[1]

---

[1] بە بۆچوونی خۆم، هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی، تەنانەت بە یەکێتییشـەوە، نـابێ بە ئاسـانی بچـنە ژێـر بـاری داواکـاریی پـارتی دیمـۆکراتی کوردستان لە دروستکردنی هاوپەیمـانییەک بـۆ فراکسـیۆنە کوردســـتانییەکان. هەرچەنـــدە هەر زوو نەوەی نـــوێ بۆچـــوونی ڕاشـکاوانەی خـۆی لەم بـارەیەوە ڕاگەیانـدووە و فراکسـیۆنەکانی دیـکەش بەو ڕادەیە خواسـتی ئەوەیـان دەرنەبڕیـوە کە بچـنە نـاو هاوپەیمانییەکی ئەوها، بەڵام گرنگە هەموو هێزەکان لەوە ئاگادار بن کە هەر هاوپەیمانییەک لەسەر بنچینەیەکی پڕ لە ڕوونی و شەفافییەت نەبـێ و مـافی ڤیتـۆ و سـەرکردایەتیکردنی بـۆ هەمـوو هێزەکـان تێدا پـارێزراو نەبێـت، هاوپەیمـانییەکی ئەوهـا نەک هەر بـۆ ئەو هێـزانە خۆیـان، بـۆ کـوردیش لە باشـووری کوردسـتان گەمەیەکـی پـڕ لە مەترسـی دەبێـت. جـگە لەوەش پێویسـتە هاوپەیمـانیی فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکان لە بەغـدا لەسـەر بنچینـەی پـرۆژە و پرۆگرامێکـی ڕوون و ئاشـکرا بێـت و یەکەم خـاڵی هەر پـرۆژە و پرۆگرامێکـی هاوپەیمـانییش ئەوە بێت کە هـیچ لایەنێک بـۆی نییە تـاکڕەوانە **هـیچ شـتێک بکـات** بەبـێ ئاگـاداریی فراکسـیۆنەکانی دیکە: **ئـاخر، هەر بـۆ نموونە، چۆن دەکرێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بەرگری لە سیاسەتێک بکەن کە بنەمـا و هێڵە هەرە هەستیارەکانی لە ئەنقەرە دارێـژرابن**. لە کاتێکـدا لە کوردسـتان هاوسـەنگیی هێـز لە خزمەتـی هەژمـوونیی پارتیـدا تەواو بـووە، پێویسـتە سـەربەخۆیی فراکسـیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، وەک پارسـەنگێک بێت بـۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری ئەو هاوسەنگییە (یا ڕاستتر بڵێین، ئەو ناهاوسەنگییە)ی کە لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە. دەتـوانین بە کـورتی و بە چـڕی ئەوهـا بڵێـین: **نە هەمـوو جـۆرە یەکێتیـیەک و یەکگرتنێـک بە زەروورەت**

واتە ئەوانەی پێیان وابوو کە لە کابینەکەی مەسروور بارزانیدا گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەی "هەولێر - بەغدا - ئەنقەرە"دا دێت، هەڵە بوون. بە واتایەکی دیکە، ئەم شێوازە لە ڕەفتاری مەسروور ڕێک بەردەوامیدانە بە شێوازی هەڵسوکەوتی نێچیرڤان بارزانی لەسەر بنەمای ئەوەی کە ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێچیرڤان (تۆ بڵێ پارتی) لەگەڵ ئەنقەرەدا بنەمای هەموو پەیوەندییەکانە، جا سەرۆکوەزیران هەر کێ دەبێ با ببێ. دۆسیەی نەوت ڕۆحی ئەم پەیوەندییانەیە و کۆدەکەشی لە دەست ئەنقەرەدایە، نەک هەولێر. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی، لە کاتێکدا هەرێم لە ڕێگەی دەستوورێکەوە بە بەغداوە گرێ دراوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە هەرێم لە ڕێگەی بەڵگەنامەیەک کە لەسەر بنەمایەکی **نیمچە-کۆلۆنیال** (semi-colonial) داڕێژراوە، بە ئەنقەرەوە گرێ دراوە. ڕەهەندێکی هەرە گرنگی ئەم شێوازە لە جووت-پەیوەندی، یا پەیوەندیی هاوتەریب، ئەوەیە کە لە کاتێکدا دەکرێ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە تایبەت بودجە، خزمەت بە هەموو خەڵکی بکات لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم چارەسەرە، بە زەروورەت، بە قازانجی چاوبرسییەکانی دەسەڵات تەواو نابێ. لە بەرامبەردا پێکهاتن لەگەڵ ئەنقەرەدا و لەسەر ئەم بنچینەیەش تێپەڕاندنی

بەسوودە، نە هەموو جۆرە "بە جیاوازی بیرکردنەوەیەکیش" بە زەروورەت زیانبەخشە!

ڕێککەوتنێکی ناڕوون و نیوەناچڵ لەگەڵ بەغدادا، خزمەت بە چاوبرسییانی دەسەلات دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندازیاری ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکە بوون لەگەڵ ئەنقەرەدا، یا ڕاستتر بڵێین لەگەڵ ئەردۆغاندا، بەڵام ڕێککەوتنێکی لەم جۆرە لە زیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەبێت!

هەر ئێرەش دەرفەتە بڵێم بۆچوونی خۆم، لە سەروبەندی دامەزراندنی ئەم کابینەیەدا، ئەوە بوو کە نێچیرڤان بارزانی دۆسیەی نەوت بۆ ئامۆزاکەی جێ ناهێڵێ، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم. ئەم سەردانەی مەسروور بارزانی بۆ ئەنقەرە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا، واتە تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا، پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەیە: ئێستاش، هەر وەک دوێنێ، بەر لەوەی هەولێر لەگەڵ بەغدادا ڕێک بکەوێ، **پێویستە، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی تا سەر ئێستقان وابەستەیی و شاراوەدا**، لەگەڵ ئەنقەرەدا ڕێک بکەوێ.

پێویستە هەر لێرەدا ئەوە بیر خوێنەر بهێنمەوە کە چل و پێنج ساڵ پێش ئێستا (واتە لە ساڵی ١٩٧٤دا، یا ڕاستتر بڵێین، لە بەهاری ئەو ساڵەدا، بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی ئەو کاتەی بەغدادا) ڕێک ئەم شێوازە لە پەیوەندی (بەڵام ئەو کاتە لەبری ئەنقەرە، تاران: واتە ناوپردان لە نێوان بژاردەی بەغدا یا تەهران) شێوازی هەرە بالادەست بوو.

واتە لە لایەکەوە کورد (هەڵبەتە لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی و پارتی) لەگەڵ بەغدا لە ڕێککەوتنێکی ئاشتیدا بوون لەسەر بنەمای بەیانی ١١ی ئادار، بەڵام لەولاشەوە لە پەیوەندییەکی ژێربەژێری وابەستەییدا بوون لەگەڵ تەهراندا، کە بنەماکانی ئەو پەیوەندییە هەر لە بەهاری ١٩٧٢دا (لەسەر بنچینەی لەیەککەیشتنێکی ئێران و واشنتۆن بۆ یارمەتیدانی کورد لە باشووری کوردستان) دامەزرابوو. هەر ئەم شێوازەش بوو لە پەیوەندی کە وای کرد لە ڕۆژ و هەفتەکانی بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ئاداری ١٩٧٤دا نوێنەرانی بارزانی، جاری وا هەبوو هەمان لە ڕۆژدا، لە بەغدا بوون و لە هەمان ڕۆژیش لە تەهران. ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە کوردی بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بەرەو شەڕێکی خوێناوی و یەکلاکەرەوە برد، کە دواجار شەڕەکەش بە نسکۆ میژوویەکەی بەهاری ١٩٧٥ تەواو بوو.

هەر لەسەر بنەمای ئەم لەیەکچواندنەشە کە لە وتارێکی پێشووترمدا نووسیومە "ئەمڕۆ مەلا مستەفا بارزانی، کە بەر لە چل ساڵ مردووە، **لە هەولێر فەرمانڕەوایی دەکات.**"[١٠] واتە هەر ئەو کولتوورە سیاسییەی کە لە ١٩٦٠ەکان تا ناوەڕاستی ١٩٧٠کان باشووری کوردستانی خستبووە پەیوەندییەکی نیمچە-کۆلۆنیاڵییەوە لەگەڵ تەهراندا، هەر ئەم کولتوورە

[1] http://burhanyassin.com/Oslo%204.pdf

سیاسییەیە کە بووە بە بنەمای ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکە لەگەڵ ئەردۆغاندا. کەواتە ئەمڕۆش کورد لە باشووری کوردستان وەک ١٩٦٠ەکان تا ناوەڕاستی ١٩٧٠کان، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی وابەستەیی پشتشکێنداە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەوە **بە بارمتە گیراوە.**[1]

دەرەنجام

کورد لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا، بە شێوەیەکی مەترسیدار کەوتووەتە نێوان دوو بەرداش (بەغدا و ئەنقەرە). لەگەڵ یەکێکیاندا لە ڕێگەی بەڵگەنامەیەکی ڕەسمییەوە (واتە دەستوور) پەیوەندیدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دیکەیاندا، واتە لەگەڵ ئەنقەرەدا، بە پەیوەندییەکی گومانماوی (لەسەر بنچینەی پەیوەندییە نیمچەکۆلۆنیالییەکان) پەیوەندیدارە. ئەم شێوازە لە جووت-پەیوەندی، هەر وەک لە وتارێکمدا کە دە ساڵ بەر لە ئێستا نووسیومە، وا دەکات کە باس لە دوو شێوازی دەسەڵات بکەین: **دەسەڵاتی بینراو و ڕەسمی لە لایەک، بەڵام**

[1] هەر چەندە لەم وتارەدا بواری باسکردنی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، بەڵام بە باوەڕی خۆم، جێگەی خۆیەتی کە فەرمانڕەواکانی ڕۆژئاڤا لە جوولەکانی دەسەڵاتدارانی پارتی لە چەند هەفتە و ڕۆژی دواییدا، بە تایبەتی لە سەردانەکەی مەسرور بارزانی، نیگەران بن!

دەسەلاتی شاراوە لە لایەکی دیکەوە.[1] هەر لەو وتارەشدا گوتوومە کە دەسەلاتی شاراوە بالادەستە و دەسەلاتی ڕەسمییش زیاتر دەسەلاتێکی ڕووکەشە. هەر بەپێی ئەم بۆچوونەش، سەردانی مەسروور بارزانی بۆ ئەنقەرە زیاتر هیی دەسەلاتی شاراوەیە و دەشکرێ هەر لە ئەنقەرە بنەماکانی گەیشتن بە ڕێککەوتن یا ڕێککنەکەوتن لەگەڵ بەغدادا بڕیاریان لێ بدرێ. هەر لە چوارچێوەی ئەم شێوازەدا لە پەیوەندییەکان، حکومەتی مەسروور بارزانی سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا پیادە دەکات: گۆڕان و یەکێتی سەرقاڵی بەغدا دەکات، بەڵام خۆی و شاندێکی پارتی، بەبێ هیچ بەشداریپەکی ئەم دوو هێزە، دەچن بۆ ئەنقەرە بۆ بڕیاردان لە دۆسیە هەرە هەستیارەکە (واتە نەوت) کە ئەم دۆسیەیە شادەمار و یەکلاکەرەوەیە بۆ هەر ڕێککەوتن یا ڕێکنەکەوتنێک لەگەڵ بەغدادا!

ئەو هێزە سیاسییانەی کە بەشدارن لە حکومەتدا (واتە گۆڕان و یەکێتی)، دەسەلاتیان بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و ئەنقەرەدا (ڕاستتر، پەیوەندییەکانی مالباتی بارزانی و ئەردۆغان) ناشکێ، بەڵام، لەوەش ئەولاتر، ئەم هێزانە بەرپرسن لە بەردەوامیی پەیوەندییە نیمچەکۆلۆنیالییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش **بەرپرسن**

---

[1] بورهان أ. یاسین، باشووری کوردستان دوای ۲۰۰۹/۷/۲۵: ئەرزهەڕی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا. ئۆکتۆبەری ۲۰۰۹:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

له هەر لێکەوتەیەکی نێگەتیڤی ئەو پەیوەندییانە! دەکرێ زۆر بە سادەیی بپرسین ئاخۆ دەکرێ گۆڕان و یەکێتی لە بەغدا بەرگری لە سیاسەتێک بکەن کە هێڵە هەرە چارەنووسسازەکانی لە ژووری تاریکەکانی دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەدا کێشرابن و بڕیاریان لەسەر درابێت؟

بابەتی هەشتەم

رێککەوتنی پارتی و گۆڕان لەژێر هەڕەشەی جددیدایە! یەکڕیزیی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لە بەردەم ئالنگارییەکی گەورەدایە[1]

٢٠١٩-٦-٢١

کاتی زێڕین بۆ هەندێک بڕیار بەسەر چووە، بۆ هەندێکیشیان زۆر درەنگە

پێشەکی

دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی سێپتەمبەری پاردا، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥، ٢٠٠٩ و ٢٠١٣، جیاوازتر دەرکەوتن. ئەم جیاوازییەش نەک لەبەر ئەوەی کە پارتی، بە بەراورد

[1] بەشێکی زۆر لەم بابەتەی بەردەست، پێشتر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٦دا وەک نامەیەکی تایبەتی نووسراوە. بابەتەکە پێشتر لە مالپەڕی کەسیی نووسەردا، لەم بەستەرەدا لە ٢٠١٩/٦/٢١دا بڵاو بووەتەوە:
https://burhanyassin.com/Rekewtini%20Parti%20u%20Gorran%203.pdf

لەگەڵ هێزەکانی دیکە، ژمارەیەکی زۆری کورسیی بە دەست هێنا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار دوای ڕێککەوتنی ستراتیجی (لە نێوان پارتی و یەکێتی لە ٢٠٠٤دا)، ڕێکار و ڕێسای سیاسەتکردن، بە تایبەتی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. بەشێک لە گۆڕانکارییەکانیش پەیوەندییان بە دید و هەڵسوکەوتی ئەو دوو حزبەوە هەیە ڕوو لە سێ دانە دۆسیە: ١) دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هاوسەنگییە سیاسییەکان تێیدا و جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی هەر هێزێکی سیاسی لەو دەسەڵاتەدا؛ ٢) دۆسیەی کەرکوک و ڕەهەندە ئاڵۆزە عیراقی و کوردستانییەکانی؛ ٣) ڕۆڵی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی لە بەغدا، بە تایبەتی بەرکەوتە و پێگەی هەر یەک لەو دوو هێزە، زۆر بە تایبەتییش پێگەی سەرۆککۆماری عیراق... بەشێکی تری کێشەکەش لە نێوان "باڵ" و دیدە جیاوازەکانی ناو خودی یەکێتیی نیشتمانیدایە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ هەبووە و هەیە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هەیە. لەم بارەیەشەوە پێویستە هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر شێوازی مامەڵەکردنی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا، لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا، تەنها بە دوودڵیی یەکێتی، ململانێی نێوەندە جیاجیاکانی (واتە باڵبااڵینی) ناو یەکێتی یا "شەڕ" لەسەر پۆستەکان لێک بدرێتەوە. تەنانەت هەندێک جار بۆچوونێک هەیە دەخوازێ بڵێ کە ئەو پێداگرییەی یەکێتی دەیکات بەرامبەر بە پارتی، تەنها و تەنها

جێبەجێکردنی ئەجێندای هێزێکی ئیقلیمییە (تۆ بڵێ ئێران) و هیچی تر. لە لایەکی دیکەوە، بە بۆچوونی من، ڕەهەندێکی گرنگ لە هەڵوێستی یەکێتیدا، کە لە ڕاڤەکردنەکاندا کەمتر بیستراو و بینراوە، ئەوەیە کە هەر نەبێ دەستەبژێر (نوخبە)یەک لە ناو یەکێتیدا بە ئاڕاستەی، یا ڕاستتر بڵێین لەژێر دروشمی، **ئیتر چۆکدادان بۆ ئیرادەی پارتی "بەسە"دا** کار دەکات.[1] ئامانجی ئەم ئاڕاستەیە "**هەڵسانەوە**"ی یەکێتیی نیشتمانییە[2] و ئامرازی ئەم هەڵسانەوەیەش لە تاکتیکی سیاسیدا ئەوەیە کە یەکێتی بتوانێ پارتی بهێنێتە ژێر باری ئەوەی کە پارتی لە چوارچێوەی سێگۆشەیەکی هاوسەنگیی هێز (کەرکوک، هەولێر، بەغدا) لەگەڵ یەکێتیدا "سیاسەت بکات". بەڵام پارتی ئەوە قبووڵ ناکات: پارتی لە هەولێر بەهێزە و لە کەرکوک بێهێز و لە بەغداش کەمهێز، بەم پێیەش، دەخوازێ یەکێتی بهێنێتە ژێر باری ئەوەی کە

---

[1] لەم بارەیەوە بڕوانە، یا گوێ بگرە لە، قسەکانی مەحمود سەنگاوی کە تێیدا ڕاشکاوانە (بەڵام زۆر بە تۆندی) گوزارش لەو حاڵەتە دەروونییە دەکات کە سالانێکە، هەر نەبێ بەشێک لە یەکێتی، بە تایبەتی کادیرانی و جەماوەرەکەی، تێیدا دەژین: واتە ئەو "هەست و حاڵەتە دەروونییەی" کە دەخوازێ بڵێ: یەکێتی لە حزبێکی گەورە و کاریگەرەوە بووە بە ئەسیر و بارمتەی دەستی پارتی! سەنگاوی دەڵێ "لەبەر یەکپارچەیی گەلی کورد زۆر شتمان قبووڵ کردووە، بەڵام ئیتر پێیان دەڵێین بەسە، ئیتر خۆمان و خەباتمان لە پارتی بە گەورەتر دەزانین."
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147972
دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/١٨.

[2] لە چەند بۆنەیەکدا بافڵ تاڵەبانی (کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی) ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئاڕاستەی ئێستا و داهاتووی یەکێتیی نیشتمانی "**هەڵسانەوەیە**". بۆ نموونە، بڕوانە دیمانەیەک لەگەڵ ناوبراو لە نێت تیڤی:
https://nguoihuongdan.com/video/6c6255775341375a575749.html

قبوولّی بکات که هەولێر لە بەغدا و کەرکوک دابڕاوە و بەم پێیەش پێکهێنانی حکومەت پەیوەندیی بە هەردوو دۆسیەی بەغدا و کەرکوکەوە نییە. بەهەرحاڵ، ئەوەی پەیوەندیی بە ئاڕاستەی "**بەسە**"کەی ناو یەکێتییەوە هەیە، دەکرێ بگوترێ کە لە ناو یەکێتیدا، بە تایبەتی لە ناو بەشێک لە سەرکردایەتیی ئەو حزبەدا، هەڵوێستی کادیرە مامناوەندییەکان و بەشێکی زۆر لە جەماوەری ئەم حزبە ئەوەیە کە چۆن بە بەردەوامی **گوتنی بەڵێ** بە ئەجێندای پارتی هۆی "کەوتن"ی یەکێتی بووە، لە لایەکی دیکەوە لە ئیستا و لە داهاتووشدا پێچەوانەکەی (واتە، گوتنی **نەخێر** و **بەسە** بە پارتی) فاکتەری یەکلاکەرەوە و "کۆد"ی هەرە گرنگی "**هەڵسانەوە**"ی یەکێتی دەبێت!

***

دەکرێ بڵێین ڕەهەندێکی هەرە گرنگی هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ، ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و پارتییە. ئەم ڕێککەوتنە ڕووداوێکی فرەڕەهەندە. ئەم وتارە دەخوازێ ئەوە جەخت بکاتەوە کە دواڕۆژی ئەم ڕێککەوتنە هەر لە سەرەتاوە لەژێر هەڕەشەی جددیی شکستهێناندا بووە. گرینگانەیەکی ئەم وتارەش ئەوەیە کە هەڕەشەکانی سەر ئەم ڕێککەوتنە لە داهاتوویەکی نزیکدا، یا لە باشترین حاڵەت مامناوەنددا، چڕ دەبنەوە و باشتر دەردەکەون. هەر لە ڕۆشنایی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر ڕێککەوتنەکە هەن، کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی گۆڕان (واتە یەکڕیزیی ناو بزووتنەوەکە)، بە تایبەتی لە داهاتوودا، ڕەهەندێکی زۆر گرنگی ڕێککەوتنەکەیە.

ئەم وتـارەی بەردەسـت هەوڵ دەدات تیشـکێکی زیـاتر بخـاتە سـەر ڕێککەوتنـی نێـوان پـارتی و گـۆڕان، لە چوارچێوەی دیدێکی جاوازتر و هەروەها هەڕەشەکانی سەر ئەم ڕێککەوتـنە و ئەگەر و ئاڵنگارییەکـانی بەردەم بـزووتنەوەی گـۆڕان (ڕوو لە نـاوخۆی بـزووتنەوەکە) بە پەیوەنـدی لەگەڵ: ١) ئیـدارەدانی مەسـەلەی دەسـەلات؛ ٢) سیاسـەتی کـورد لە بەغـدا؛ ٣) پەیوەنـدییەکانی ئەم هێـزە لەگەڵ پارتیـدا؛ ٤) کاریگەرییەکـانی ڕێککەوتـنەکەی پـارتی و گۆڕان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان **یەکێتی و گۆڕان**.

دەربـارەی خـاڵی دوو (واتە سیاسـەتی کـورد لە بەغـدا)، دەکرێ هەر ئێستا پێشبینیی ئەوە بکرێ کە لە داهـاتوویەکی نزیکدا **دوو دیدی جیاواز**، تەنـانەت زۆر دژ بە یەکتریش، لە نێوان پـارتی و گۆڕاندا سـەرهەڵبدات: واتە ***سیاسـەتکردن لە هەولێـر بە دابـڕاوی لە بەغـدا یـا دژەکەی، واتە بەیەکەوەگرێدانی هەولێر و بەغدا***، ئـەوەش کـە ئـاخۆ ئەم بەیەکەوەگرێدانە (ئەگەر ڕێککەوتنی لەسەر کرا) بەپێی **دیدی کام لەو دوو هێزە دەبێت، گۆڕان یا پارتی!** لە ڕاستیدا، لەم بـارەیەوە هەر زوو (هەر وەک لە بەردەوامیـی ئەم وتـارەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە) هێماکانی تەنگەژە لە نێوان پـارتی و گۆڕاندا لەسەر پرسی "ڕادەی سەربەخۆیی ئاڕاستەی کار و چالاکییەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا" دەرکەوتوون.

پرسـیاری سـەرەکیی ئەم وتـارە ئەمەیە: ئەو هەڕەشـانە چـین کە لەسـەر ڕێککەوتنـی نێـوان پـارتی و گـۆڕان هەن و ئـاخۆ چـۆن دەکرێـت ئەم ڕێککەوتـنە کـاریگەری لەسـەر یەکڕیزیی خودی بزووتنەوەی گۆڕان دابنێ؟

له ڕووی میتۆدۆلـۆژییەوە، لەم وتـارەدا هەوڵ نـادەم کە لە ڕێگـەی ڕاڤەکردنـی دەقـەوە لە پەیوەندییەکانی گـۆڕان و پارتی نزیک ببمەوە، بەڵکو پەنا دەبەم بۆ ڕاڤەکردنی پێدراوە میژوویـی و سیاسـییەکان بـۆ ئەوەی وەڵامـی پرسـیاری سـەرەکیی ئەم وتـارە بـدەمەوە. بەهەرحـاڵ، بەپێی پێویست ڕاڤەی دەق لە نـاواخنی وتـاردا جێگـەی دەکرێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار.

چرکەساتێکی هەستیار

لە چەنـد ڕۆژی دواییـدا چەنـد ڕووداو و ڕاگەیـەنراوێک بـــوون بە جێگـــەی ســـەرنج، چـــونکە ئەم ڕووداو و ڕاگەیـــەنراوانە هێمـــا و زەنگـــن و وا دەکەن کە بە تـــرس و دڵەڕاوکێـــوە بڕوانـــرێتە ڕێککەوتـــنەکەی پـــارتی و گـــۆڕان و دواڕۆژی بـــزووتنەوەی گـــۆڕان لە حکـــومەتی داهـــاتوودا. هەروەها ئەگەری ئەوەی کە ناوخۆی گۆڕانیش بکەوێتە ژێر کاریگەریی نەرێنیی ڕووداوەکان لەو ئاڕاستەیەدا:

١) لە هـــۆڵی ســـەعد عەبـــدوڵڵادا بێڕێزییەکـــی زۆر بە پەرلەمـان کـرا و هەنـدێ هێمـای مەترسـیدار، بە ئاڕاسـتەی کردنی مەسعوود بارزانی بە لوتکەی هەرە بەرزی هەرەمی دەسەڵات و "مەرجەع" لە باشووری کوردستان، دەرکەوتن.[١]

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/١٥.

[١] بەشـێک لە نووسـەران و ڕۆژنامەنووسـان و ڕۆشـنبیران ئەم تێبینییەیـان کـردووە. بـۆ نمـوونە، سـەلاح ڕەشـید لە وتارێکیـدا بە نـاوی "ئاینـدەیەکی تاریک" دەڵێ: "وتـاری یەکەم، کە مەسعوود بارزانی بە کورتی پێشکەشـی کرد، ئەو ڕاسـتییەی [چەسـپاند] کە ئەو وەک سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ئەو وتـارەی نەخوێنـدەوە و هەر بەو نـاوەش پێشـکەش نەکـرا،

سەیرە کە هیچ دەنگێک لە فراکسیۆنی گۆڕان و بزووتنەوەی گۆڕان بە گشتی نابیستریت، ئاخۆ بۆ وتاری مەسعوود بارزانی یەکەم وتار بوو و بۆ وتارەکە ئەو هەموو گرنگییەی وەرگرت، لە کاتێکدا مەسعوود بارزانی **هیچ پێگەیەکی فەرمیی نییە**، بە پێچەوانەی زۆرێک لە ئەوانەی کە وتاریان هەبوو. بارزانی زیاتر لە یەک جار لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە وەک "**سەرۆک**" ناو براا! لە لایەکی دیکەوە لە وتارەکەی نێچیرڤان بارزانییشدا[1] هەموو ئەو ڕەمزانەی دیکە لە کاروانی کوردایەتی لە باشووری کوردستان و بە تایبەتی لە ئەزموونی فەرمانڕەوایی لەو بەشەی کوردستاندا، وەک جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا (جگە لە ڕۆڵی مەسعوود بارزانی)، لە مێژوودا سڕرانەوە و کار و خەباتیان بە نادیدە گیرا. تەنانەت ئەم شتە دواتر قوباد تاڵەبانیشی هێنایە دەنگ و بە ڕاشکاوی سەرکۆنەی ئەو هەڵوێستەی نێچیرڤانی کرد، کەچی قوباد فیگەرێکی هەرە "نەرم"ی ناو یەکێتییە لە مەسەلەی

بەڵکو وەک 'سەرۆک'ی کوردستان وتاری خوێندەوە و وەک 'مەرجەعێک' بۆ هەموو گەلی کورد.' بۆ خوێندنەوەی وتارەکە، کە نووسەر تێیدا تیشکی خستووەتە سەر بەشێک لەو بابەتانەی کە لە وتاری بەردەستدا باس کراون، بڕوانە:

https://www.milletpress.com/BirwraDetail.aspx?Jimare=2986&T =ئایندەیەکی%٢٠تاریک

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/٢٠.

[1] وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، تەنانەت بردنەدەرەوەی مەراسیمی سوێندخواردنەکەی هۆڵی سەعد عەبدوللا، قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەم دەرفەتە لەبار نییە بۆ ئەو قسە و باسە.

پەیوەندییەکانی ئەو حزبە لەگەڵ پارتیدا و بە نزیکی لە نێچیرڤانەوە ناسراوە.

ئامادەبوونی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان (عومەر سەید عەلی) لە هۆڵی سەعد عەبدوللا، ئەگەرچی لە دیدی بزووتنەوەی گۆڕانەوە پیشاندانی نییەتپاکی و جەختکردنەوە بوو لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی بزووتنەوەکە لەگەڵ پارتیدا، بەڵام بەشداریپەکەی ڕێکخەری گشتی بە شایستەییەکی تەواوەوە لە لایەن پارتییەوە مامەڵە نەکرا.[1] بەشداری لە ئاستی خانەی ڕاپەڕاندن بەشی ئەوەی دەکرد کە نییەتپاکیی گۆڕان پیشان بدات!

٢) لە ڕاستیدا بیست و چوار کاتژمێر بەسەر سوێندخواردنەکەی نێچیرڤاندا تێ نەپەڕیبوو کاتێک "هێرش کرایە سەر گردی زەرگەتە"، یا هەر نەبێ، نییەتێک بەو ئاڕاستەیە لە ناو یەکێتیدا هەبوو[2]، بەڵام هەنگاوەکە بە سیناریۆیەکی دیکە کۆتایی هات! بەهەرحاڵ، لێکەوتەی

---

[1] دەرفەتێک هەبوو کە ڕێکخەری گشتی لە بازگەی پردێوە گەڕابایەوە سلێمانی. پەیامەکەش ڕوونە: دوێنێ ئێمەتان بە زۆری چەک لە پردێ گەڕاندەوە، بەڵام ئەمڕۆ بە ئیرادەی خۆمان لە هەمان پردێ دەگەڕێینەوە و "کێشەکەش هەر یەکە و نابێ بە دوو".

[2] تا ئێستاش ناتوانین بە تەواوەتی و بەبێ هیچ پێچوپەنایک بزانین کە ئەو شەوە (لە گردی زەرگەتە یا لە دەوروبەری ئەو گردە) چی ڕووی دا، بەڵام ئەوەی یەکلا بووەتەوە، ئەوەیە کە جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە دروست بووە و لە ئەنجامدا گۆڕانخوازێک کوژراوە... تەنانەت ئەو زانیارییانەشی لە میدیاکانی گۆڕانەوە دەربارەی ڕووداوەکە بڵاو بوونەتەوە، بە تەواوەتی پەردە لەسەر ڕووداوەکە لانادەن!

ڕووداوەکە کوژرانی گۆڕانخوازێک و تەشەنەکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بوو.

تێگەیشتنی من لەم ڕووداوە ئەوەیە کە ئەم هێرش و تەقە و دەستدرێژییە جگە لەوەی کە بۆ سەر هێزێکی سیاسی (واتە بزووتنەوەی گۆڕان) بوو، بەڵام لە ڕاستیدا "تەقەکردنیش" بوو لە خودی سەرۆکە نوێکەی هەرێم، کە بیست و چوار کاتژمێر بەسەر سوێندخواردنیدا تێ نەپەڕیبوو کاتێک ئەو "تەقەیە" (تۆ بڵێ ئەو دەستدرێژییە) کرا: دەکرێ بپرسین ئاخۆ ئەم ڕووداوە "شێوازێکی نوێ و جیاواز" بوو لە پیرۆزباییکردن لە سەرۆکی نوێی هەرێم؟ پرسیار ئەوە نییە ئاخۆ "هێزێکی سەر بە یەکێتی" بۆچی ئەوەی کرد، تەنانەت من تێگەیشتنم هەیە کە ئەمڕۆ یەکێتی خۆی وەک بوونەوەرێکی بریندارکراو ببینێ و هەر نەبێ، بەپێی تێگەیشتنی یەکێتی (جا ئەو تێگەیشتنە ڕاست بێ یا هەڵە)، **گۆڕان بەشدار بووە لەم بریندارکردنەدا**، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئەو هێزەوە لەگەڵ پارتیدا و هەنگاوەکانی دیکەی بە ئاڕاستەی پێکهێنانی حکومەت بەبێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ ئەم هەنگاوانە لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا چەندە کاریگەرییان لەسەر لاوازکردنی پێگە و دەرفەتەکانی یەکێتی دەبێ! بە کورتی و بە چڕی، جێگەی خۆیەتی کە هەست بە نیگەرانییەکی جددی بکرێ لە بێدەنگیی پارتی و سەرۆکی نوێی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش (واتە دواتر سەرۆکوەزیرانی کابینەی نوێ)، لە ئاست ئەوەی لە گردی زەرگەتە ڕووی دا! ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێرشە مووشەکییەکەی میلیشیا حوسییەکانی

سەر بە ئێران بۆ سەر فڕۆکەخانەی ئەبهای سعودییە "بە تۆندی" سەرکۆنە دەکات[1]، ئەمەش جێگەی سەرسوورمانیکی زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا، بزووتنەوەی گۆڕان نە لە ڕێگەی قسەکەرەکەی و نە لە ڕێگەی میدیاکانیەوە باس لەم ڕەهەندە (واتە ڕەهەندی **بێدەنگی و بەرپرسیارێتیی دەسەلاتی پارتی لەوەی کە لەودیوی دێگەڵە ڕووی دا**) ناکات. ئەگەرچی تەقەکە (یا تۆ بڵێ ڕووداوەکە) سیگنالێک بوو بۆ خودی نێچیرڤان بارزانی (دوای مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا): پەیامەکە دەخوازێ بڵێ "نامانەوێت تۆی سەرۆکی نوێی هەرێم بە هەڵەدا بچیت: دەسەلاتی تۆ لە سنووری دێگەڵە تێ ناپەڕێت، ئەوەتا ئێمە (لەودیوی سنووری دێگەڵەوە) بە هەوەسی خۆمان هێرش دەکەینە سەر "گۆڕان"ی هاوپەیمانتان، **جا با بزانین ئێوە چیتان پێ دەکرێ!**"

جێگەی سەرنج و تێڕامانە (تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم) بزووتنەوەی گۆڕان گرنگیی بەو ڕەهەندەی "هێرشەکەی سەر گردی زەرگەتە"، واتە ڕەهەندی بێدەنگیی ڕەهای پارتی

---

[1] لە ڕاگەیەنراوێکیدا لەبارەی هێرشە موشەکییەکەی سەر فڕۆکەخانەی ئەبها لە سعودییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "بە تۆندی ئیدانەی ئەو هێرشە موشەکییە دەکەین کە دوێنێ چوارشەممە ٢٠١٩/٦/١٢ کرایە سەر فڕۆکەخانەی ئەبها لە شانشینی سعودییە و لە ئەنجامدا بیست و شەش کەسی سڤیل بریندار بوون و زیانی گەورەش بەر فڕۆکەخانەکە کەوت." ئەمە لە کاتێکدایە کە دەکرێ ئەم ڕاگەیەنراوە کێشە و ئاڵنگاریی بۆ حکومەتی هەرێم، بە تایبەتی لە هاوکێشەی ئیقلیمی و جیهانی و تەنانەت عێراقییشدا لێ بکەوێتەوە. بۆ بینینی هەواڵێک دەربارەی ڕاگەیەنراوەکە بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147708

و دەسەڵاتەکەی بەرامبەر ڕووداوەکە، نەداوە. بەم واتایەش، گۆڕان ئەو پرسیارە جددییەی نەکردووە کە ئاخۆ بۆ سەرۆکی نوێی هەرێم و پارتی و وەزیرە ناوخۆکەی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش (واتە دواتر سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان) تا ئێستا لەمەڕ ئەو دەستدرێژییەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر گردی زەرگەتە بیدەنگن، لە کاتێکدا تەواوی فۆکەسی گۆڕان لەم ڕووداوەدا لەسەر یەکێتییە؟ ئەوە ماوە کە لە داهاتوودا ببینین ئاخۆ ئەم "نەرمینواندن"ـەی بزووتنەوەی گۆڕان لەم مەسەلەیە و هەندێ مەسەلەی تردا بەرامبەر بە پارتی، بەرهەمدار دەبێت یا پێچەوانەکەی؟

٣) لە چەند ڕۆژی دواییدا هەواڵێکمان خوێندەوە کە تێیدا ئاراس حەسۆ میرخان (ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی) دەڵێ "حکومەتی داهاتوو **دووڕوویی** لە هیچ کەس و لایەنێک قبووڵ ناکات." جگە لەوەی کە ئەم زمانە "هەڕەشەئامێزە"، دەخوازم لێرەدا لەسەر ئەم ڕاگەیەنراوەی میرخان چەند تێبینییەک تۆمار بکەم:

أ- بە بۆچوونی خۆم، قسەی ئاراس حەسۆ میرخان قسەی مەسعوود بارزانی و مامۆستای بارزانییە، جگە لەوەی کە هەڵبەتە قسەی پارتییە، چونکە ئاراس کوڕی حەسۆ میرخانە، کە زۆر نزیک و متمانەپێکراوی مەلا مستەفای بارزانی بووە. بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین کە قسەی ئاراس حەسۆ میرخان قسەی بازنەی هەرە ناوەوەی پارتی و نزیک لە مەسعوود بارزانییە و بەم پێیەش، ناکرێ وەک

ڕاگەیەنراوێکی ئاسایی بخوێنرێتەوە، تەنانەت پێویستە واش بخوێنرێتەوە وەک ئەوەی کە ئەمە قسەی کەسێکە کە زۆر زیاترە لە ئەندامێکی ئاسایی سەرکردایەتیی پارتی!

ب- ئەم قسانەی ئاراس حەسۆ میرخان دەبێ وەک سەرەتایەکی مەترسیدار بخوێنرێنەوە بە ئاڕاستەی جارێکی دیکە دەرکردنەوەی گۆران لە حکومەت لە داهاتوودا، لە هەر کاتێکدا کە **پارتی 'بۆ خۆی' بە گونجاوی بزانێ**! بە ئەگەری زۆریش ئەم هەنگاوە یەکسەر دوای تەواوکردنی دوایین بازنە لە زنجیرەی داگیرکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات (لە لایەن پارتییەوە)، کە ئەویش دامەزراندنی حکومەتە، دەست پێ دەکات. دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە پێشبینی بکرێ کە دوای دامەزراندنی کابینەی نوێ، واتە دوای وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمان، وتار و هەڵسوکەوتی پارتی بەرامبەر بە گۆران دەچێتە ئاستێکی تر‌ەوە: ئەو کاتە پارتی، ڕوو لە گۆران **زۆر لووتبەرزتر، زۆر بێمنەتتر** و **زۆر هەڕەشەئامێزتر** دەدوێت و هەڵسوکەوت دەکات...!

ج- پێویست بوو قسەکانی میرخان هەر وا بە ئاسانی (بەبێ وەڵامی پڕ بە پێست، بە زمانێکی زۆر ڕاشکاو و لە ئاستی پڕ بە پێستدا) بەسەر بزووتنەوەی گۆڕاندا تێ نەپەڕن.[1] بەهەرحاڵ، ئەو ڕاگەیەنراوەی کە بزووتنەوەی

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/٢٠.

[1] هەڵبەتە جگە لە وەڵامەکەی عەلی حەمەسالح کە دەڵێ 'بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتدا، بۆ چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی نییە'، پێویست بوو بزووتنەوەی گۆڕان لە ئاستێکی سیاسیی شایستەدا وەڵامی پڕ بە پێستی هەبێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەری پەیوەندیی گۆڕان بە پارتییەوە، دەربارەی ڕاگەیەنراوەکەی میرخان، لە **ئاستی نەبیراو و نەبیستراو**، هەیە، واتە

ئاراس حەسۆ میرخان بڵێت: "هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا لەبارەی بودجە و نەوت رێک دەکەون و ئەو **پەرلەمانتارە بەکرێگیراوانەی** ڕۆژانە لە بەغدا خەریکی پلانگێڕانن، جگە لە **شەرمەزاری و ڕووڕەشی**، هیچیان بۆ نامێنێت." هەروەها دەشڵێت، "بەشێک لەو پەرلەمانتارانە دەزانین بۆ وا دەکەن، **بەڵام گۆڕان کە بریارە لە حکومەتی داهاتووی هەرێمدا بەشدار بێت، دەبێت بە ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی لەبارەی هۆشیار عەبدوڵای پەرلەمانتاریان بۆ پارتی، حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە.**"[1] دیسانەوە ئەم زمانەی ئاراس حەسۆ میرخان زۆر "نزم" و هەڕەشەئامێزە، پڕاوپڕە لە بێمنەتی لە گۆڕان و لووتبەرزی بەرامبەر ئەم هێزە. جگە لەوە، ئەم ڕاگەیەنراوە زەنگێکی بێ سێ و دووە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و جێگەی سەرسووڕمان دەبێت ئەگەر ئەم ڕاگەیەنراوە **گۆڕان نیگەران نەکات**! زەنگێکی دیکەی هەڕەشەئامێز بەرامبەر بە گۆڕان لە لایەن هێمن هەورامیەوە لێ درا. هەورامی لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی‌دا (لە ٢٠١٩/٦/١٧دا) دەڵێ "ئیمە حساب بۆ چەند ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان ناکەین." جگە لەمەش، هەورامی دەڵێ "لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆش [٢٠١٩/٦/١٧] پێیان ڕاگەیاندووین ئەوان [واتە چەند پەرلەمانتارێکی گۆڕان لە بەغدا] تەعبیر لە ڕاوبۆچوونی گۆڕان ناکەن."[2] جگە لە پێگە ڕەسمییەکەی

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/٢٠.

[1] بۆ نموونە بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147663

[2] بۆ بینینی تەواوی دیمانەکە بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147920

هەورامـی، نزیکیـی ئەو فـیگەرە لە مەسـعوود و مەسـروور بـارزانی، گرنگییەکـی زیـاتر دەدات بە قسـەکانی نـاوبراو؛ قسـەگەلێک کە پـڕن لە لـووتبەرزی و هەسـتکردن بە ڕەهـایەتیی دەسـەلاتی پـارتی: پـارتی ئەجێنـدا و نەخشـەڕێگە و پێـوەر بـۆ ئەوانی دیکە دادەنێ! لەمە گرنگتر ئەوەیە کە گۆڕان لە ئاست ئەم قسانەی هەورامیدا بێدەنگە، لەوەش ئەولاتر، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە تیمی دانوستاندنی گۆڕان لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ تیمی پـارتی (لە ٢٠١٩/٦/١٧دا) خۆیـان، وەک هەورامی دەڵێ، "**بێبەری کردبـێ**" لە ژمـارەیەک لە پەرلەمانتـارانی گـۆڕان لە بەغـدا، ئەوا کێشە و نیگەرانییەکان دەچنە ئاستی دیکەی مەترسیدارترەوە.[1]

بەهەرحـاڵ، گرنـگ ئەوەیە کە گـۆڕان بە نیگەرانبـوونەوە نەوەستێت، بەڵکو زۆر گرنگە ئەم نیگەرانییە بکات بە هەوێن و بنەما بۆ نزیکبوونەوەیەکی (approach) نوێی پڕ بە پێست، ئەگەرچـی لە ئێسـتادا "میلـی کـاتژمێر" بە هـیچ هێزێـک ناگەڕێنرێتە دواوە، **دواوەیەک** کە تێیدا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێـم "بە دڵـی پـارتی" تـێ پەڕی، دواوەیەک کە تێیـدا سەرۆکی هەرێم هەر بە دڵی پارتی هەڵبژێررا، دواوەیەک کە تێیـدا... بە کـورتی و بە چـڕی: دواوەیەک کە تێیـدا پـارتی، لەسـەر بنەمـا و بە یـارمەتیی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ گۆڕاندا،

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/١٨.

[1] دواتـر ئەمە لە هەواڵێکدا پشتڕاست کراوەتەوە کە گـۆڕان خـۆی بێبەری کردووە لە کـار و چالاکییەکـانی چەند پەرلەمانتـارێکی خـۆی کە لە بەغـدا لەسەر مەلەفی نەوت هەڵوێستێکی جیاوازیان لە هەڵوێستی پـارتی، تەنانەت لە هیی بزووتنەوەکەشیان، هەیە. لە سـەردێری هەواڵێکدا (لە ٢٠١٩/٦/٢٠دا) هاتووە "بزووتنەوەی گۆڕان بەڵێنی بێدەنگکردنی پەرلەمانتارەکانی بە پارتی دەدات." بڕوانە:

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=148155

کۆمەڵێک دەستکەوتی بە دەست هێناوە، بەڵام گۆڕان **تا ئێستا هیچ**: گۆڕان چاوەڕێیە لە داهاتوودا بەری ئەم ڕێککەوتنە بچنێتەوە!

لە ئێستادا، کە گۆڕان ناتوانێ "میلی کاتژمێر" بگەڕێنێتەوە دواوە بۆ پێش ٢٠١٩/٢/١٨، بۆیە پێویستە لە لایەکی ترەوە **لە خەمی داهاتوودا بێت**. بەڵام چۆن لە ڕابوردوودا کرۆکی کێشەکە لەوەدا بووە کە پارتی لە هەر مامەڵەیەکی سیاسیدا **"هەمووی" بۆ خۆی ویستووە، بەڵام بۆ بەرامبەرەکانی، تەنانەت ئەگەر ئەم بەرامبەرە هاوپەیمانیشی بووبێت، هیچ،** لە ئێستاشدا هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەم زەینییەتەی پارتی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت، یا تەنانەت لە داهاتوویەکی نزیکیشدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت! نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە ئێستادا و ڕوو لە داهاتوو، پشتئەستوور بە چل و پێنج کورسیی پەرلەمان و یانزە کورسیی کۆتاکان، چاوی لەوەیە کە لەم خولەی پەرلەماندا دوو ئامانجی سەرەکی بە دەست بهێنێت کە سەڵانێکە هەوڵیان بۆ دەدات: ١) مەسعوود بارزانی بکرێ بە مەرجەع بۆ هەموو باشووری کوردستان؛ ٢) دەستوورێک بە دڵی پارتی بنووسرێتەوە!

بەغدا و هەولێر: دژبوون و دابڕان یان یەکانگیربوون

هەر زوو، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی سێپتەمبەری پاردا، من باوەڕم وابوو کە ئەگەر دوای هەڵبژاردن بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتیدا ڕێک بکەوێت و بەم واتایەش لەگەڵ ئەم حزبەدا بچێتە ناو حکومەتەوە، ئەوا پێویستە ئەم بزووتنەوەیە پێداگری لەسەر ڕێککەوتنێکی

گشتگیر بکات که تێیدا هەولێر و بەغدا و پەیوەندییە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکان، لە یەک پاکێجدا، ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ... بەڵام ئەمڕۆ، دوای ڕێککەوتنەکەی ٢٠١٩/٢/١٨ و لە ماوەی دواییشدا لێکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتنە، ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر پێشوەچوونەکان بەم شێوەیە بڕۆن، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و گۆڕان **توانای لەسەرپێ وەستانی نابێ**. بەشێکیش لەم پێشوەچوونە ئەو هەوڵانەیە کە بەشێک لە پەرلەمانتارانی گۆڕان لە بەغدا (هەڵبەتە شان بە شانی هەندێک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی دیکەی کوردستانی لە بەغدا)، بۆ چارەسەری کێشەی نەوت و گاز لە لایەک و مووچەی فەرمانبەران لە لایەکی دیکەوە، دەیدەن.[1] دیارە ئەم پێشوەچوونانە پارتییان زۆر نیگەران کردووە و ئەم نیگەرانییەش ئەو پەیامە ڕاشکاوە مەترسیدارەی ئاراس حەسۆ میرخانی لێ کەوتووەتەوە کە کرۆکی پەیامەکەش زۆر ڕوونە: **یا دەبێ فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بێدەنگ بێت، یا گۆڕان خۆی ئامادە بکات بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ پارتیدا، تەنانەت دەرکردنێکی دیکەش لە حکومەت!** ئەوەی پارتی دەیەوێت، ئەوەیە کە فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بێدەنگ بێت لەوەی کە لە کوردستان ڕوو دەدات و

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/٢٠.

[1] هەڵبەتە لەم بارەیەوە هەوڵ و خەباتی ئەحمەدی حاجی ڕەشیدی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی زۆر جیاواز و بەرچاو دەردەکەوێت، کە لە دوو خولی پەرلەمانی عێراقدا بەبێ کۆڵدان و بە ئاگادارییەکی زۆرەوە کاری بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، بە ئاڕاستەی دژەگەندەڵیدا، کردووە.

تەنانەت گۆران ئەوە قبووڵ بکات کە فراکسیۆنەکەی **لە بەغدا چالاکییەکانی لە سێبەری قورس و بالادەستیی پارتیدا بکات و ئەجێندای ئەو حزبە جێبەجێ بکات!**

دامەزراو لەسەر ئەوەی کە لە سەرەوە گوترا، ئێمە ئێستا بەرەو ڕووی دوو سیناریۆین کە لە هەردووکیشیاندا دیدی پارتی و گۆران **نەک هەر یەکانگیر نابن، بەڵکو دوو دیدن کە بە تەواوەتی دژ بە یەکتر دەوەستنەوە:**

١) سیناریۆی یەکانگیربوون، واتە یەکانگیربوونی سیاسەتی گۆران و پارتی لە بەغدا: لێرەدا، بە کورتی و بە چڕی، بۆچوونی پارتی (یا مەرجی پارتی بۆ ئەم یەکانگیربوونە) ئەوەیە کە ئەو ناشەفافی و ناڕوونی و گەندەڵییەی کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا لە نێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، بە تایبەتی لە هەرێم، بەردەوام بێت؛ لە بەرامبەردا دیدی گۆران (بەهەرحاڵ تا ئێستا) تەواو پێچەوانە بووە: شەفافبوون لە فایلی نەوت و گازدا دوو دەرهاویشتەی باشی دەبێت کە یەکێکیان چارەسەربوونی کێشەیەکی گەورەیە لە نێوان بەغدا و هەولێر و ئەوی دیکەشیان نەک هەر چارەسەربوونی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانە، تەنانەت چارەسەربوونی زۆرێک لە کێشە ئابووریپەکانیشە (لە بوارەکانی گەشەپێدان و وەبەرهێنان و...) لە کوردستان. هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە چارەسەربوونی کێشەی نەوت و گاز، جگە لەم دوو دەرهاویشتە پۆزەتیڤانە، لێکەوتەی گرنگی دیکەشی دەبێت کە ئەویش **دروستبوونی متمانەیە لە نێوان بەغدا و هەولێر** و ئەوەی کە ئەم **متمانەیە** دەکرێ وەک بنەمایەکی گرنگ

بخـرێته خـزمەت چارەسـەرکردنی کێشـەکانی دیـکە لەگەڵ بەغدادا، لە پێش هەموشیانەوە و بە گرنگییەکی تایبەتییەوە، **کێشـــەی خـــاک**. جـــگە لەوەش، لە ڕووی کـــات و وزەی کارکردنەوە، لایەنی کوردی لە بەغدا (لە شێوەی فراکسیۆنە کوردســتانییەکان و پێگەکـانی دیـکەدا) و ســەرکردایەتیی سیاسی لە کوردستان **زیاتر بەهەرژێتە** سەر کێشـەی خاک و کێشەکانی دیکە لەگەڵ بەغدادا...

دەرەنجـام: ئەگەر گـۆڕان دەخـوازێ متمـانەی خەڵـک (بە تـایبەتی دەنگـدەرانی خـۆی) لە دەســت نەدات، پەراوێزێکـی گرنگیش بۆ سیاسـەتکردن لە دەست نەدات و کارتێکی فشاری گرنگیشی بەرامبەر پارتی بە دەستەوە بێت و ئامرازێکیش بۆ چاکسـازی لە فـایلێکی هەرە گرنـگ و سـتراتیجیدا (واتە فـایلی نەوت و گـاز) لە دەسـت نەدات، ئەوا دەبـێ هەرگیز نەچێتە ژێر بـــاری بوچـــوونی پـــارتی لە ســـێناریۆی ســـەرەوەدا، واتە بێدەنگکردنی فراکسیۆنەکەی لە بەغدا!

٢) سیناریۆی دژبوون و دابڕان: لەم حاڵەتەدا سیاسـەتی ئەم دوو حـزبە بە دوو هێڵـی هاوتەریـب، تەنـانەت دژ بە یەکتردا لە نێوان بەغدا و هەولێردا دەڕوات: **لە هەولێر پارتی و گۆڕان دەتوانن لە ڕێککەوتندا بن و بەشداری بکەن لە هەمـان حکومەتـدا، بەڵام لە بەغـدا دەکـرێ ئەم دوو حـزبە سیاسەتەکانیان یەکانگیر نەبێ و تەنانەت تا ڕادەیەک دژ بە یەکتریش بن**. هەر وەک سیناریۆی سەرەوە (واتە سیناریۆی یەکەم) پـارتی و گـۆڕان دوو بۆچـوونی جیاوازیـان هەیە لە ســێناریۆی **دوو هێڵـی هاوتەریبـدا**: گـۆڕان (یـا هەر نەبـێ بەشـێک لە گـۆڕان) پێـی وایە لە ڕێککەوتنـی ٢٠١٩/٢/١٨دا

باس لە چوارچێوەی ڕێکخستنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا نەکراوە و بەم پێیەش فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا **تەواو ئازادە لە کار و چالاکییەکانیدا**؛ بەڵام بە پێچەوانەوە، پارتی پێی وایە لەبەر ئەوەی گۆڕان لە ڕێککەوتندایە لەگەڵ ئەم حزبەدا و بەشدارە لە حکومەتدا، ئەوا کار و چالاکی و ئاڕاستەی سیاسیی فراکسیۆنەکەی (واتە فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا) دەبێ لە هەوڵێرەوە ئاڕاستە بکرێ و چالاکییەکانی ئەو فراکسیۆنە لە دژایەتیدا نەبن لەگەڵ ئەو هاوئاهەنگییەی کە لە کوردستان لە نێوان ئەو دوو حزبەدا هەیە. دەکرێ یەکێک بڵێ ئاخر ئەم پەیوەندییە پڕ لە ئیشکالییەتەی نێوان پارتی و گۆڕان لە بەغدا بەپێی خاڵی یەکەم لە ڕێککەوتنی ئەو دوو حزبە (لە ٢٠١٩/٢/١٨دا) چارەسەر کراوە، بەو پێیەی کە لەو خاڵەدا هاتووە: "حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکان و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ هەریەک لە پرسەکانی ماددەی ١٤٠، نەوت و غاز، بودجە، پێشمەرگە، دەرکردنی یاسای ئەنجوومەنی فیدراڵی و دادگای فیدراڵیی عیراق."[١] کێشەکانی ئەم خاڵە لە ڕێککەوتنەکەدا ئەوانەن کە ئەم خاڵە ١) دەقێکی لاستیکییە؛ ٢) بە درێژایی چوارده ساڵ هەرێم بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بەغدا بەندەکانی دەستووری عیراقی شکاندووە، بەڵام هەرێم پێیانەوە پابەند بووە؛ ٣) لە هەمووشی گرنگتر ئەم خاڵە بە هیچ شێوەیەک، دوور یا نزیک، ئیشکالییەتی پەیوەندییەکانی

[١] بۆ بینینی دەقی ڕێککەوتننامەکەی گۆڕان و پارتی بڕوانە:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=13959

گۆران و پارتیی له بەغدا (به تایبەتی له پەیوەندییەکانی دوو فراکسیۆنی ئەم دوو حزبە لەگەڵ یەکتردا) چارەسەر نەکردووە. ئەم ڕەهەندە، لە باشترین حاڵەتدا، بۆ شەڕی داهاتووی تەفسیر و تەفسیرکاری دوا خراوە. هەر لێرەدا دەبێ بگوترێ کە لە داهاتوودا ئەم "شەڕی تەفسیر و تەفسیرکارییە" نەک هەر کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان گۆران و پارتی دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ناوخۆی گۆرانیش دەبێت، بە تایبەتی لە نێوان فراکسیۆنی گۆران لە بەغدا لە لایەک و سەرکردایەتیی گۆران لە لایەکی دیکەوە؛ لەوەش ئەوڵاتر، ئەگەر ئەم کێشەیە هەر ئێستا و بە زووترین کات چارەسەر نەکرێت، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە ئەم ململانێیە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تۆکمەیی و کاری پێکەوەیی خودی فراکسیۆنی گۆران لە بەغدا دەبێت! چونکە دەکرێت لە ناو هەمان فراکسیۆندا دوو جۆر تەفسیر بۆ ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆران و پارتی سەرهەڵبدات.

دەرەنجام: ئەگەرچی وەستانەوەی بزووتنەوەی گۆران بەرامبەر بە دیدی پارتی لەم سیناریۆیەدا زۆر ئەستەمە، گۆران، لە لایەکی ترەوە، هیچ بژاردەیەکی لە بەردەستدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێ **پێداگری لەسەر سەربەخۆیی فراکسیۆنەکەی لە بەغدا بکات** و پارتییش بێتە ژێر باری ئەوەی کە ئەو دوو حزبە **دەکرێ لە هەولێر کۆک بن، بەڵام لە بەغدا پەراوێزی جیاوازی لە نێوان دوو حزبەکەدا پارێزراو بێت:** گۆران دەبێ ئامادە بێت کە پارتی، دوای دامەزرانی حکومەت، واتە دوای متمانەوەرگرتنی کابینەی

نـــوێ لە پەرلەمـــان، بە پێـــداگرییەکی تونـــدەوە هەوڵـــی بێدەنگکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بدات، ئەگەر نـا، دەبێ گۆڕان بۆ "**دەرکردنی دووەم**" لە حکومەت ئامادە بێت! هەڵبەتە ئەم بەشەی سیناریۆ (واتە بێمنەتیی پارتی لە بوونی گۆڕان لە حکومەتدا یان نا) دەوەستێتە سەر ئەوەی **ئاخۆ تـا ئەو کاتە کێشەی پارێزگاری کەرکوک چارەسەر کرابێ یان نـا و بەو پێیەش یەکێتـی چـووبێتە نـاو حکومەت یـان نـا!** بەهەرحاڵ لەوە ناچێت کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی وا بە ئاسانی چارەسـەر بکرێن، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو حـزبە درزێکی جددییان تێ کەوتـووە و متمـانە لە نێوانیانـدا (لە بیسـت و یـەک سـاڵی ڕابـوردووەوە، واتە لە ڕێککەوتنی ئاشتیی ١٩٩٨ەوە) بۆ نزمترین ئاست دابەزیـوە. بە تـایبەتی دەستشـکانەوەکەی هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆمار، دوای هەڵبژاردنەکـانی عیـراق، کـاریگەرییەکی کەمەرشـکێنی لەسـەر متمـانەی نێوان ئەم دوو حـزبە هەبـوو: هەر وەک لە بـابەتێکی پێشـووتردا نووسـیومە، لەو ململانێیەدا نەک هەر دەسـتی پـارتی شـکایەوە، بەڵکـو **دەسـتی خـودی مەسـعوود بـارزانی شـکایەوە**؛ چونکە فوئـاد حوسـێن کاندیـدی بـارزانی بوو بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، بەر لەوەی هیی پارتی بێت.

لە ڕاستیدا ئەم دەستشکانەوەیەی نێوان پـارتی و یەکێتی بوو کە پەراوێزێکی زۆری بۆ گۆڕان ڕەخساند و دواتر هەر ئەم پەراوێزە فاکتەرێک بوو لە ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتیدا. دەکرێ لە داهاتووشدا ئەم حاڵەتە پەراوێز بدات بە گۆڕان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا، بەڵام هەر ئێستا ئاسان نییە تەسـکی یـا فراوانیـی ئەم پەراوێـزە بـزانین! بەهەرحـاڵ،

پرسیارێکی گرنگ لەم پەیوەستەدا ئەوەیە ئەگەر گۆڕان و یەکێتی لە داهاتوودا پەیوەندییەکانیان سروشتی بکەنەوە و تەنانەت ڕێککەوتنەکانی نێوانیشیان کارا بکەنەوە، ئەو کاتە پارتی هەڵوێستی چی دەبێت.

دەرەنجامی سیناریۆی یەک و دوو:

لە هەردوو حاڵەتی سەرەوەدا، جگە لەوەی کە پارتی هەموو هەوڵێک دەدات کە گۆڕان ملکەچی خواست و ئەجێندای خۆی (واتە پارتی) بکات، هەوڵیش دەدات کە دژایەتییەکە تەنها لە نێوان پارتی و **گۆڕانێکی یەکگرتوودا نەمێنێتەوە**، بەڵکو ئەو دژایەتییە بکات بە دژایەتیی **دوو ئاڕاستە لە ناو خودی بزووتنەوەی گۆڕاندا**: ئاڕاستەیەکیان ڕازی بێت بە چۆکدادان و قبوولکردنی دیدی پارتی (بە بەهانەی، بۆ نموونە، یەکڕیزیی نیشتمانی و نەتەوەیی و...) بەڵام ئاڕاستەیەکیشیان پێداگری بکات لە بوونی دژایەتی لە دید و جیهانبینیی نێوان پارتی و گۆڕاندا، وەک ئەوەی کە ئەم دژایەتییە (یا تۆ بڵێ یەکانگیرنەبوونە) نەک هەر ئاساییە، بەڵکو ڕێک ئەم یەکانگیرنەبوونە خزمەت بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و تەندروستبوونی "ئەزموونی دیمۆکراتی" لە کوردستان دەکات!

بە بۆچوونی زۆرێک لە گۆڕانخوازان، نابێت **بزووتنەوەی گۆڕان** لێ بگەڕێت خواستی پارتی بچێتە سەر و پێویستە بزووتنەوەکەیان **پێداگری بکات لەسەر ئازادی و پەراوێزی سەربەخۆیی کارکردنی فراکسیۆنی ئەم هێزە لە بەغدا**. کارکردن بەم شێوازەی ئێستا، یا ڕاستتر بڵێین تا کاتی دەرچوونی

ڕاگەیەنراوەکەی گۆڕان لە ٢٠١٩/٦/١٩ (واتە سەربەخۆیی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا لە بڕیار و کارەکانیدا) سەرچاوەی هێزە بۆ گۆڕان، نەک پێچەوانەکەی. ئەم شێوازە لە کارکردن هاوسەنگییەکی فرەڕەهەند لە ئاستی جەماوەری و هەرێم و عیراقدا زامن دەکات، کە دواجار ئەم **هاوسەنگییە هێزە بۆ گۆڕان**.

لەگەڵ ئەوەشدا، مانەوەی دژایەتی لە نیو خودی گۆڕاندا، دەربارەی ئاڕاستەی کارکردنی فراکسینەکەی لە بەغدا، دەکرێ ببێ بە هەڕەشەیەکی جددی و گەورە لەسەر یەکگرتوویی و تۆکمەیی و یەکڕیزیی ناوخۆی گۆڕان!

دیالەکتیکی کێشەی کورد لە عیراق: دوو کێشە، نەک یەک دانە!

لە سەد ساڵی ڕابوردوودا، ڕاستییەک بەردەوام خەسڵەتی بزاڤی سیاسیی باشووری کوردستان بووە، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە پێی دەبێژین "قەزیەی کورد" لە ڕووی **کەرەسە کۆمەڵایەتییەکەی**، بە **ئاڕاستە سیاسییەکانی** و لە **سروشتی دەستەبژێر** (تۆ بڵێ سەرکردایەتی)یەکەشیدان **یەک قەزیە نەبووە**.

دیارە ڕاڤەکردنی ئەم سێ ڕەهەندە (واتە کەرەسەی کۆمەڵایەتی، ئاڕاستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان و سروشتی دەستەبژێر) پێویستی بە قسە و باسێکی زۆر زیاترە، بەڵام لێرەدا بەپێی مەبەست جەخت لەسەر گرنگیی ئەو دوانێتی (ئێزدواجییەت) و دژایەتییە دەکەمەوە کە لە ڕووی دەستەبژێری سیاسییەوە سروشتی قەزیەی کورد بووە.

ڕاپۆرتێکی دووروودرێژ لە ساڵی ١٩٤٣ کە بۆ حکومەتی ئەو کاتەی عیراق دەربارەی قەزیەی کورد نووسراوە، بە

دەرەنجامێکی یەکجار سەرنجڕاکێش کۆتایی هاتووە: لە دەرەنجامەکەدا جەخت کراوەتەوە کە قەزیەی کورد لە عیراق یەک قەزیە نیە، بەڵکو دوو دانە قەزیەیە، یەکێکیان قەزیەی ڕەوای میللەتی کوردە و داواکارییەکانی ئەم میللەتەش ڕەوان، بەڵام "قەزیەیەکی" تریش هەیە کە ئەویش "قەزیەی دەستەبژێرێکە" کە بەرژەوەندیخوازن، خۆیان لە پشت قەزیە ڕەواکە حەشار داوە و دەخوازن **لەسەر ئەو قەزیە ڕەوایە بژین**... دواتر لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە کۆنگرەی "قوتری"ی حزبی بەعسدا ڕاپۆرتیکی دووروودرێژ (کە دواتر لە گۆڤاری ناوخۆی بەعسدا بڵاو کراوەتەوە) گفتوگۆی لەسەر کراوە. ڕاپۆرتەکە بە ڕوونی جەخت لەسەر ئەو خەسڵەتی دوانێتییەی کێشەی کورد دەکاتەوە: کێشەی کورد لە عیراق لە لایەکەوە قەزیەیەکی پێشکەوتنخوازە، دژ بە سیستەمی فیۆدالییە، دژ بە ئیمپریالییە، دیمۆکراتی و ڕەوایە، بەم پێیەش پێویستی بە چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەیە، لە لایەکی دیکەوە، ئەم قەزیە ڕەوایە لە لایەن دەستەبژێرێکی بەرژەوەندیخوازەوە کۆنترۆڵ کراوە، بە بارمتە گیراوە و لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت.

دواتر لە ماوەی ئیدارەی خۆجێی کوردییدا، کە لە ١٩٩٢ەوە دەست پێ دەکات، بە تایبەتییش دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەم دژایەتییە بە ڕوونی زەق بووەوە و بە بەردەوامیش ئەم دژایەتییە وەک هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان ماوەتەوە، بە تایبەتی ڕوو لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. ئەم دژایەتییە لە ناوخۆی هەرێمیشدا ڕەنگی داوەتەوە لە باڵادەستیی توێژێکی تەماحکار

و گەندەڵ لە لایەک و بەرەیەکی دژ لە لایەکی دیکەوە، کە دژ بەو تـوێژە تەماحکـار و گەنـدەڵە دەوەسـتێتەوە و پێـداگری لەسـەر شـەفافییەت و فەرمـانڕەوایی بـاش (good governance) دەکاتەوە.

دەرەنجام: نە لە زەمـانی شـاکانی عیراق (فەیسـەڵ، غـازی و فەیســـەڵی دووەم) و نەش لە زەمـــانی عیراقـــی کۆماریـــدا (لە حوکمی عەبدولکەریم قاسمەوە لـە ١٩٥٨ تـا کەوتنی ڕژێمـی بەعس لە ٢٠٠٣دا) هـیچ حکومەت یـا سـەرکردەیەکی عیراقی نەیتوانیـوە سـەرکەوتوو بێـت لەوەی کە مـامەڵەیەکی ئەوتـۆ لەگەڵ ئەم دوانێتییەدا بکات بە شێوەیەک کە پاداشتی خەڵکی کوردسـتان بـداتەوە لە شـێوازی چارەسـەرکردنی قەزیـیە ڕەواکەی، بەڵام سـزای دەسـتەبژێرە بەرژەوەنـدیخوازەکە بـدات: واتە بتـوانێ قەزیە ڕەواکە لە حـاڵەتی کـۆنترۆڵ و بارمتەیی لە دەستێ بژاردەی بەرژەوەندیخواز **ڕزگار بکات و چارەسەری بکات**...

لە هەوڵی هەرە دواییدا نـوری مـالیکی (لە فەرمـانڕەواییە هەشـــت ســـاڵییەکەیدا) ویســـتی جیـــاوازییەک لە نێـــوان قەزیەیەکـــــی ڕەوا لە لایەک و قەزیەی دەســـــتەبژێرێکی چاوبرسی و گەندەڵ و بەرژەوەندیخوازی کوردی نەک هەر ببینـــێ، بەڵکـــو تەنـــانەت بە کـــرداریش هەوڵ بـــدات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمـدا بەم شـێوەیە ڕەفتـار بکـات. مـــالیکی لە میـدیاکانەوە زۆر بە ڕووڕوونـــی و زۆر بە تونـدی هێرشـی کـردە سـەر دەسـتەبژێرێکی گەندەڵی فەرمـانڕەوا لە هەرێـم، بە تـایبەتی گەنـدەڵی لە فـایلی نەوت و گـازدا... بەڵام مـالکییش، هەر وەک فەرمانڕەواکـانی پێش خـۆی (لە عیراقی

مەلەکی و عیراقی کۆماریدا)، سەرکەوتوو نەبوو لە سزادانی دەسبژێرە کوردییە گەندەڵەکە لە لایەک و چارەسەرکردنی قەزیە ڕەواکە لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەستەبژێرە بەرژەوەندیخوازە بە ئاسانی توانیویەتی خۆی نەک هەر لە **پشت هێڵی قەزیە ڕەواکەی خەڵکی کوردستانەوە حەشار بدات، بەڵکو ڕێک ئەو قەزیە ڕەوایە بەکار بهێنێت وەک هێڵێکی بەرگریکردن لە خۆ** دژ بە بەغدا. دەرەنجامەکەش، بە هەمان شێوەی دوێنێیەکی دوور، ئەوە بووە کە خەڵکی کوردستان باجێکی گرانی (تەنانەت هەندێک جار باجێکی زۆر گران و خوێناوییشی) داوە لە خزمەت ئەو دەستەبژێرە چاوبرسی و گەندەڵ و تەماحکارەدا...

لە بازنە هەرە دواییەکانیشدا دەستبردن بۆ ڕیفراندۆم و هەوڵی جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە عیراق، ڕێک هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی ئەو دەستەبژێرە پاوانخواز و گەندەڵە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی قەزیە ڕەواکە و ناسیۆنالیزمی کوردی و هەست و نەستی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، **ململانێکانی خۆی لەگەڵ بەغدادا** یەکلا بکاتەوە. مەبەستی ڕاستەقینەش دەستگرتن بوو بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندیی کوردستاندا، **دوور لە چاودێریی بەغدا:** واتە جیابوونەوە وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێرە تەماحکارەکە، نەک گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی دێرینی خۆی کە سەربەخۆییە: لە ئەزموونی ڕیفراندۆمدا بە باشی دەرکەوت کە کێشەکە خواستی نەتەوەیەک نییە لە سەربەخۆییدا، بەڵکو

کێشە ڕاستەقینەکە دەستەبژێرێکی سەقەتە و دەستبردنەکەی بۆ سەربەخۆیی و ئامرازەکەشی (ڕیفراندۆم) سەقەتە، دەرەنجامەکەشی شکستخواردنە. واتە کێشە لە خودی ناسیۆنالیزم (وەک شێوازێک لە جیهانبینی) و هەست و نەستی خەڵکی کوردستاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی کە کێشە خراپبەکارهێنانی ئایدیا و ڕێڕەوی ناسیۆنالیزم و هەست و نەستی خەڵکی کوردستانە بۆ کۆمەڵێک ئامانجی ناڕەوا. هەر وەک لە کتێبی هەرە دواییماندا لەگەڵ هاوڕێم د. سەردار عەزیز، لەبارەی خراپبەکارهێنانی ناسیۆنالیزم، بە زمانێکی زۆر سادە نووسیومانە: "نابێت خەتای ئۆتۆمبیل بگرین ئەگەر شۆفێر خراپ لێ بخورێت."[1] دەرەنجام، لە ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧دا لە باشووری کوردستان، بە زەروورەت ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی شکستی نەهێنا، بەڵکو بە ڕادەی یەکەم ئەوانەی بەکاریان هێنا، شکستیان هێنا.

شتێکی شاراوە نییە ئەگەر بڵێین ڕیفراندۆم ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوەش بوو لە نوری مالکی و حەیدەر عەبادی، چونکە ئەم دوو سەرکردەیە بە دەنگی بەرز و بەبێ پێچوپەنا لە ڕێگەی میدیاکانەوە بە خەڵکی کوردستانیان

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٢/١٩.

[1] یاسین، بورهان أ. و عەزیز، د. سەردار، *دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان*، سلێمانی، چاپخانەی کاروخ، ٢٠١٧. ئەم کتێبە وەک خۆی بە شێوازی پی دی ئێف لە مالپەڕی کەسیی نووسەری ئەم وتارە بەرچاو دەکەوێ:
http://www.burhanyassin.com/Dewleti%20serbexoy%20Kurdstan%206-8-2017.pdf

دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/٢٠.

گـــوت "قـــوتی ئێـــوه له لایەن دەســـتەبژێرێکی خۆمـــاڵیی کوردی"یـــەوە دەســـتی بەســـەردا گیـــراوە، نەک بەغـــدا، ئەم دەســـتەبژێرە بەرپرســـە لە نەهـــامەتیی مرۆیـــی خەڵکـــی کوردستان، نەک بەغدا!

ئێستا: ئەوەی لە هەنـووکەدا ڕوو دەدات، بە تـایبەتی لەو چەنـد ڕۆژەی دواییـدا، ڕێـک ئەو ململانـێ مێـژووییەیە کە لە ســـەد ســـاڵی ڕابـــوردوودا لە مـــاهییەتی قەزیەی کـــورددا هەبـــووە، بەڵام بە جیـاوازییەکەوە لەگەڵ دوێنێـدا: لە دوێنێـدا تـوێژێکی کـوردیی دڵسـۆز بـۆی ئاسـان نەبـوو هاوکـار بێـت لەگەڵ بەغـدا لەپێنـاوی دەستگەیشـتن بە تـوێژی گەنـدەڵ لە کوردستان بە مەبەستی سزادانی و لە ئاکامدا خزمەتکردن و پاراســـــتنی قەزیە ڕەواکەی خەڵکـــــی کوردســـــتان و دەستەبەرکردنی مافەکانیـان. بەڵام ئەمـڕۆ نەوەیەکی بـوێر و لەخۆبـوردوو لە سیاسـی و نـوێنەرە کوردەکـان سـەریان هەڵـداوە کە کـارکردن لە چوارچێـوەی پەراوێـزە سیاسـی و دامەزراوەییەکانی عیراقدا، بە تایبەتی پەرلەمانی عیراق، نەک هەر بە "عەیبە"یەکی سیاسی نـازانن، بـەڵکو لەپینـاو ڕامـاڵینی پەردەی ناڕاسـتگۆیی و "درۆ" لەسـەر ئەو تـوێژە گەنـدەڵ و بەرژەوەندیخوازەی کە **قەزیە ڕەواکەی کوردیان بە بـارمتە گرتووە**، ئەم کەسە بوێرانە بە دەنگی بەرز هـاوار دەکەن کە مەبەســـتیان لە سیاســـەتکردن لە بەغـــدا، بینینـــی ئەو جیـاوازییەیە کە لە موفـارەقە (پـارادۆکس)ی کێشـەی کورددا هەیە و بـۆ یەکەم جـاریش بە ئاشـکرا کـار بـۆ سـزادانی ئەو دەستەبژێرە کوردییە بەرژەوەندیخوازە دەکەن، بەبـێ ئەوەی کە ئەم دەستەبژێرە بەرژەوەندیخوازە چیتر دەرفەتی ئەوەی

هەبێ خۆی **لە پشت هێڵی دۆزە رەواکەی خەڵکی کوردستانەوە** حەشار بدات و لە خزمەتی خۆیدا بە شێوەیەکی خراپ بەکاری بهێنێت.

لە ڕاستیدا لە وتارێکمدا، کە دە ساڵ پێش ئێستا بڵاو بووەتەوە، ئەم دوانێتییەی ناو قەزیەی کوردم هەر لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا نەهێشتووەتەوە، بەڵکو لە وتارەکەدا ئەوەشم خستووەتە ڕوو کە ئەم دوانێتییەی ناو ئەم قەزیەیە و دیاردەی گەندەڵی لە چوار ئاستدا بۆ قەزیەکە پشتشکێن و چارەنووسساز بووە: ١) لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمدا؛ ٢) لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا؛ ٣) لە ئاستی پەیوەندییە ئیقلیمییەکاندا؛ ٤) لە ئاستی نێودەوڵەتیی قەزیەکەدا.[١] لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش، هەر لە وتارەکەدا، ئەوەم جەخت کردووەتەوە کە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتندا دیاردەی **گەندەڵی** تەنها لە ئاستی ناوخۆی هەرێمدا بهێڵرێتەوە، بەڵکو گرنگە کێشەی گەندەڵی ببرێتە کۆمەڵێک ئاستی ستراتیجی و پشتشکێن بۆ قەزیەی کورد، واتە هەر چوار ئاستی سەرەوە... هەر وەک نموونە، فایلی نەوت سیستەمی هەرێمی کوردستانی تا سەر ئێسقان گەندەڵ کردووە؛ پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدای گەندەڵ و کێشەدار کردووە؛ لە ئاستی ئیقلیمییشدا (وەک نموونە،

---

[١] بڕوانە: یاسین، د. بورهان "هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا"، لە ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە پێگەی کەسیی نووسەر بڵاو بووەتەوە:
http://www.burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf
دەستگەیشتن: ٢٠١٩/٦/١٩.

ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکە لەگەڵ تورکیادا) ئەم فایلی نەوتە قەزیەی کوردی گەندەڵ کردووە و خەڵکی کوردستان و تەواوی ئەزموونە سیاسییەکەی کردووە بە **بارمتەیەک** بە دەست تورکیای داگیرکارەوە؛ لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هەرێمی کوردستانی کردووە بە **بارمتە** بە دەست کۆمەڵێک کۆمپانیای جیهانی و هەندیک کۆنە دیپلۆماتکاری "عەراب"ی نەوتەوە کە **وەک مشەخۆر لەسەر کەلاوەی "قەزیە ڕەواکە"ی خەڵکی کوردستان دەژین**... (هەر بۆ نموونە، ئەم عەرابانەی نەوت ڕۆڵێکی خراپیان لە ڕیفراندۆمدا بینی لە ڕێگەی بەلاڕێدابردنی مەسعوود بارزانییەوە، کەچی دواجار **هەڵە مێژوویەکە هەر هیی مەسعوود بارزانی خۆیەتی، نەک هیی عەراب و کۆمپانیاکانی نەوت**).

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر ڕاستی و دروستیی ئەم شێوە بۆچوون و نزیکبوونەوەیە لە تێگەشتن (واتە گەندەڵی لە هەر چوار ئاستەکەدا، نەک هەر یەکێکیان) لە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان دەرکەوتووە. دەکرێ بە ئاسانی تێبینیی ئەوە بکرێ کە ئەوە هیچ ڕێکەوت نییە کە نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٩/٦/٢٠دا سەردانی بەغدا دەکات و کرۆکی ئەجێندای سەردانەکەشی مەلەفی نەوتە، بەڵام یەکسەر -ڕۆژی دواتر- سەردانی ئەنقەرە دەکات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەردۆغاندا: ئەمە ڕێک ئەو پشتڕاستکردنەوەیەیە کە گەندەڵی لە پرسی نەوت و گازدا لە کۆمەڵێک ئاستدا بوونی هەیە. لەم بارەشەوە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین: **شەفافبوونی دۆسیەی نەوت لەگەڵ بەغدادا نەک هەر یەکانگیر نییە، تەنانەت لە**

دژایەتییشدایە، لەگەڵ گرێبەستە پەنجا ساڵییەکەی نێوان نێچیرڤان و ئەردۆغاندا...

دواجار ئەم چوار ئاستەش وەک خۆێن و گۆشت بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی یەکترن، بە شێوەیەک کە جیاکردنەوەی ئاستەکان لە یەکتر و چارەسەری یەکێکیان بەبێ چارەسەر لە ئاستەکانی دیکەدا، ئەستەمە. ئەوەی گرنگە، لە ڕووی سیاسەتی کرداریییەوە، ئەو دەرەنجامەیە کە تۆ ناتوانیت کێشەی گەندەڵی لە فایلی نەوتدا لە ئاستی لۆکاڵی (واتە لە ئاستی هەرێم)دا چارەسەر بکەیت، لە کاتێکدا ئاستی عیراقی و ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا گەندەڵییەکەت نادیدە گرتبێت و چارەسەرت نەکردبێت! هەر بۆ نموونە، مانەوەی دەستەبژێرێکی دیاریکراو لە دەسەڵاتدا و باڵادەستبوونی ئەو دەستەبژێرە (کە کۆد و کلیل و نهێنییە شاراوەکانی فایلی نەوتیان لە دەستدایە) **زەمانەتێکە بۆ بەرژەوەندییە نەوتییەکانی هەندێک وڵاتی ئیقلیمی و کۆمپانیا جیهانییەکان و ئەو وڵاتانەی کە لە پشت ئەو کۆمپانیانەوە دەوەستن**. لە نامەیەکی تایبەتیدا، لەم ڕووەوە، بۆ کەسایەتییەکی سیاسی (لە ٢٠١٨/١/٢٨دا)، نووسیومە: "پارتی، بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەتوانێ بە ئاسانی، بەڵام بە ئامانج، لایەنە پەیوەندیدارەکان (هێزی ئیقلیمی، کۆمپانیا نەوتییەکان و هێزە جیهانییەکان) بترسێنێ بەوەی **ئەگەر پارتی و بە تایبەتی شەخسی خۆی**، دەسەڵات لە دەست بدات، ئەوا بەرژەوەندییەکانیان، بە تایبەتی بەرژەوەندییە نەوتی و گازییەکانییان، دەکەونە مەترسیی جددییەوە و هیچ زەمانەتێکیش نییە بۆ ئەوەی لە کاتی

گۆرانکاری له دەسەلاتدا ئەم بەرژەوەندییانە پارێزراو بن. پارتی، زۆر بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەمێکە ئەم قسەیەی ڕوو بە تورکیا کردووە، ئێستاش هەر ئەم قسەیە دەکات![1] (دەکرێ ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بۆنەی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا هێمایەکی پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە بێت!)

هەر لەم پەیوەستەدا، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە کێشەی کەرکوکیش، نەک هەر لە نێوان بەغدا و هەولێردا، بەڵکو لە نێوان دوو دەسەلاتە پاوانخوازەکەی کوردستانیشدا (واتە پارتی و یەکێتی)، **هەر کێشەی نەوتە**: لە هەردوو ئاستیشدا قەزیەی کەرکوک لە قەزیەی ڕەوای میللەتێکەوە، تا سەر ئێسقان گەندەڵ کراوە لە ڕێگەی گەندەڵبوونی هەستیارترین دۆسیەوە، واتە نەوت.

دەرەنجامێکی گرنگ: چیتر ئەوە بۆچوونی داگیرکار و ڕژێمی ناوەند نییە کە کێشەی کورد وەک دوو کێشە ببینێ، بەڵکو لە ئێستادا نەوەیەکی "دوای قۆناغی شەڕی چەکداری یا شەڕی شاخ" سەری هەڵداوە، بە ئاشکرا و بەبێ هیچ پێچوپەنایەک و بە بۆڕییەکی زۆرەوە ئەو دوانێتییەی ناو قەزیەی کورد دەبینێ. ئەم نەوەیە لەوەش ئاگاداڕە کە ئەم دوو ڕەهەندەی قەزیەکە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی یەکترن، هەر ئەوەشە کاری ئەم نەوەیەی یەکجار ئەستەم کردووە: ئەم نەوەیە شەڕێکی زۆر ناهاوتا دەکات. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو نەوەیە گەیشتووەتە

[1] ئەم نامە تایبەتە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٨دا بۆ کەسایەتییەکی سیاسی نێڕراوە؛ بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی لەباردا نامەکە و هەندێک نامەی دیکەی تایبەتی وەک خۆیان بڵاو بکەمەوە.

ئەو باوەڕەی کە چیتر نابێ ئەم دیدە (واتە دوانیتی لە کێشەی کورددا) لە ئاستی دید و خوێندنەوەیەکی تیۆرییانەدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ ئەم دیدە ببێت بە نەخشەڕێگە بۆ کارکردن لەگەڵ فایلی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا: مەبەستیش لەم دیدە، لە کاتی پراکتیزەکردنیدا، **سزادانی تیۆڕە تەماحکار و پاوانخواز و گەندەڵەکەی کوردستانە، لە لایەکی دیکەشەوە، پاراستنی ماف و قەزیە ڕەواکەی خەڵکی کوردستانە**. هەڵبەتە ئامانجێکیش لەم کارە، بێبەشکردنی دەستەبژێرە تەماحکار و گەندەڵەکەی کوردستانە بۆ ئەوەی **چیتر نەتوانێ قەزیە ڕەواکەی خەڵکی کوردستان لە خزمەت خۆیدا بەکار بهێنێت**. فراوانبوونی ئاستێی ئەم نەوەیە و لە ڕووی سیاسییشەوە بەهێزبوونی، زەمانەتێکە بۆ هێشتنەوەی قەزیە ڕەواکە بە شێوەیەکی تەندروست، پارێزراو لە ڤایرۆسی گەندەڵی و پاراستنی لە هەر بەکارهێنانێکی خراپ لە خزمەتی تیۆرێکدا کە وەک مشەخۆر لەسەر ئەم قەزیە ڕەوایە دەژی و هەڕەشەی هەرە جددییشە لەسەر دواڕۆژی ئەو قەزیەیە: ئەم تیۆڕە مشەخۆرە ژەهرێکە لە جەستە و خوێنی قەزیە ڕەواکەی خەڵکی کوردستاندا.

دەرەنجام

هەر زوو دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی پار، نیشانەی نیگەرانئامێز دەرکەوتن، بە واتای ئەوەی ئەو دەنگە زۆرەی کە پارتی بە دەستی هێنا، وا لەو حزبە بکات کە بە کردار ڕەهایبوونی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بە شێوەیەکی نوێ بسەپێنێ. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دیسان پێویستی بە هەندێک هێزی دیکە بوو کە یارمەتیدەری بن

لەم ئاڕاستەیەدا. هەروەها لە ماوەی دواییدا، بەر لە دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ، ئاماژەی نیگەرانیامێزی دیکەش دەرکەوتوون، بەو واتایەی کە کاری گۆڕان لە حکومەتی نوێدا ئاسان نابێ، تەنانەت هۆکاری ئەوەشمان هەیە کە بڵێین هاوئاهەنگیی گۆڕان و پارتی لە حکومەتی نوێدا دەکرێ ئەستەمیش بێت...

بونیادنراو لەسەر ئەم دەرەنجامە، لە ئێستادا زۆر گرنگە و هەرچی زووە، یەکێتی و گۆڕان پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە، ئەگەرچی ئەم هەنگاوە زۆریش دوا کەوت و لەوەش ناچێت ئاسان بێت! هەنگاوێکی ئەوها پێگەی هەردوو حزبەکە بەهێزتر دەکات و بۆ گۆڕانیش دەبێت بە یەدەک (ئیحتیات)یک بۆ کاتی تەنگەژە و پاشەکشە لە حکومەتدا. لەم بارەیەوە هەنگاوی یەکێتی دوا کەوت کە تێیدا بە ڕاشکاوی داوای بوردن لە گۆڕان بکات لەوەی کە لە شەوی هەڵبژاردندا ڕووی دا، کە تێیدا هێرشێکی چەکداری کرایە سەر گردی زەرگەتە.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بەرەو ڕووی کۆمەڵێک کێشەی زۆر گەورە بووەتەوە، کە بە یەک یا دوو حزب چارەسەر ناکرێن: بارودۆخەکە پێویستی بە هەندێک هەنگاو و بڕیاری بوێرانەیە، لەوانەش، پێداویستیی هەنگاوی بوێرانە و یەکلاکەرەوە لە لایەن یەکێتی و گۆڕانەوە بە ئاڕاستەی سروشتیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بنەمایەکیش بۆ ئەم پێشوەچوونە ئەوەیە کە گۆڕان بە تەواوەتی و بەبێ هیچ دوودڵییەک بگاتە ئەو باوەڕەی کە ململانێکەی (واتە ململانێی گۆڕان) لەگەڵ یەکێتیدا زیاتر لە **ئاستێکی**

تاکتیکیدایە و زیاتر لەسەر دەنگدەر و هەژموونە بەسەر زۆنی سەوز - نیلیدا، کەچی لە لایەکی دیکەوە، ململانێکەی لەگەڵ پارتیدا لە ئاستی ستراتیجی (واتە سیستەمی)دایە... ململانێی گۆڕان لەگەڵ پارتیدا بە پلەی یەکەم لە ئاستی تەواوی دەسەڵاتی سیاسیدایە لە هەرێم (کێشەی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی) و بە پلەی دووەم کێشەی مامەڵەکردنە لەگەڵ مەسەلەی دەسەلاتی لۆکاڵیدا. بەڵام ململانێی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیدا کەمتر لە ئاستی ستراتیجی (واتە حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی)دایە و زیاتر دەربارەی شێوازی مامەڵەیە لەتەک دەسەڵاتی لۆکاڵیدا (واتە لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان). ئەم ئاستەش دواجار پێویستی بە دانوستاندن و کەشوهەوای ئاسایی لە پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتیدا هەیە: دواجار بە تایبەتی سلێمانی، لە ڕووی جەماوەرەوە کە زیاتر دەنگدەری گۆڕان و یەکێتییە، وەک دڵێکە بۆ دوو جەستە (واتە یەکێتی و گۆڕان)، ئەم دوو هێزە ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە **سەلامەتیی ئەم دڵە**: ئەگەر ئەم دڵە هەر ئەزیەت و ئێشێکی بەر بکەوێ، ئەوا هەردووک (جەماوەری گۆڕان و جەماوەری یەکێتی، دواجار هەردوو هێزە سیاسییەکەش) ئەزیەت و زیانیان بەردەکەوێ!

لە ڕابوردوودا گۆڕان دوو شێوازی ململانێی لە باشووری کوردستان تاقی کردووەتەوە: ١) لە چوارچێوەی ئەوەی من پێی دەبێژم "**هاوسەنگیی سیاسیی نەرێنی**"، واتە لە هەمان کاتدا ململانێ لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا. ئەم شێوازە لە پەیوەندی بۆ گۆڕان ئاسان نەبووە، بەڵام لە فەترەیەکی کورتدا زۆر بەرهەمداریش بووە. ئەم شێوازە لە ململانێ،

واته دژایەتیکردنی پارتی و یەکێتی لە هەمان کاتدا، لە شێوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارادا، خەسڵەتی قۆناغی ٢٠٠٩ تا هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ بوو.

٢) قۆناغی تاقیکردنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنێکیان و بە حوکم کەوتنەبەرەی دژەوە بەرامبەر بە لایەنەکەی دیکە: ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا بەڵام لە هەمان کاتدا (بە هۆی ئەم ڕێککەوتنەوە) تەنگەژە لەگەڵ یەکێتیدا؛ دواتر ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیدا (دەباشان؛ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم؛ ڕێککەوتنێکی ٢٥ خاڵی) بوو بە هۆی تەنگەژە لەگەڵ پارتیدا.

کاتی ئەوە هاتووە کە گۆڕان بە جددی بیر لە شێوازێکی دیکە (تۆ بڵێ شێوازی سێیەم) لە پەیوەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا بکاتەوە، کە من ئەم شێوازە بە "**هاوسەنگیی سیاسی و ئاوێتەبوونی ئەرێنی**" ناوزەد دەکەم: دەکرێ، تەنانەت گرنگیشە، کە گۆڕان هەوڵ بدات **لە هەمان کاتدا** تێگەیشتن و ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی و پارتییشدا هەبێت؛ جگە لەمەش، لە بازنەیەکی فراوانتردا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی دیکەشدا تا بکرێ لەسەر بنەمای "هاوسەنگیی سیاسی و ئاوێتەبوونی ئەرێنی" بخەملێنێ. لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتیدا، هاوکاری و هاوهەڵوێستی لە نێوان گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و هەیە. ڕاستە فەراهەمکردنی ئەم شێوازە لە پەیوەندی و سیاسەتکردن ئاسان نییە، تەنانەت دەشێ زۆر قورسیش بێت، بەڵام ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن

باشترین خزمەت بە خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سیاسی و خودی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەکات.

نابێ لەو تێگەیشتنە دوودڵ بین کە پارتی نەک هەر سوود لە ململانێکانی یەکێتی و گۆڕان دەبینێ، بەڵکو ڕێک کاریش بە ئاڕاستەی بەردەوامیی ئەو ململانێیانەدا دەکات: بە دیوێکی دیکەدا، پارتی بە هەر پێشوەچوونێکی ئەرێنی (پۆزەتیف) لە پەیوەندییەکانی یەکێتی و گۆڕاندا نیگەران دەبێت!

ئەو دیدەی کە دەخوازێ کێشە و دیاردەی گەندەڵی لە ئاستێکی لۆکاڵیی تەسکدا (واتە هەرێمی کوردستان وەک جوگرافیا و وەک سیستەمی سیاسی) بهێڵێتەوە و پێشی وابێت کە دەشێ گەندەڵی لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵیدا ببینرێ و هەر لەو چوارچێوەیەشدا چارەسەر بکرێ، ئەوا دوو هەڵەی گەورە دەکات: یەکێکیان لە ئاستی دەستنیشانکردنی کێشەی گەندەڵی و ئەوەی دیکەشیان لە ڕووی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەوە. گەندەڵی بە شێوەیەکی قوول و فراوان، بەڵام زۆر مەترسیدار، لە هەر چوار ئاستی لۆکاڵی، عیراقی (واتە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا)، ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا ڕۆ چووە و ئەم گەندەڵییە ئەم چوار ئاستەی بە تۆندی وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکتر کردووە. کەواتە: کورتهێنانێکی سیاسیی مەترسیدار ئەوەیە کە هێزێکی سیاسی (بە بەهانەی یەکڕیزیی نەتەوەیی؛ یا بە دوژمنان بە کێشەکانمان دڵخۆش نەبن و...) ئەوەی قبوول کردبێ کە دیاردەی گەندەڵی تەنها دیاردەیەکی لۆکاڵییە و بەم شێوەیەش دەست بۆ هەرسێ ئاستەکەی دیکە نەبات.

سروشت و ماهییەتی کێشە و ئیشکالییەت لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕاندا، دژایەتییە لە نێوان ئەم دوو دیدەی سەرەوە (واتە ئاخۆ دیاردەی گەندەڵی تەنها لۆکاڵییە یا دیاردەکە چوار ئاستی هەیە).

لەوە دەچێت لە ڕۆژانی داهاتووشدا ئەم دژایەتییە زەقتر و کاریگەرتر ببێت: ئاسان نییە ئەندامێکی پەرلەمان لە بەغدا شەو بخاتە سەر ڕۆژ و بەبێ وچان کار بۆ زامنکردنی شایستە داراییەکان و مافی هەرێم بکات لەوەی کە بتوانێت نەوتی خۆی بفرۆشێت، بەڵام کاتێک کە ئەم شایستە داراییانە دەگەنە هەرێم، لە لایەن تۆڕێکی بەرژەوەندیخوازەوە بێسەروشوێن بکرێن و نەوتەکەشی لە تاریکیدا هەرزانفرۆش بکرێ و بە تاڵان ببرێ: **ناکرێ لە هەوڵێر دژی گەندەڵی و ناشەفافییەت بیت، بەڵام لە بەغدا بەرگری لە ناڕوونی و ناشەفافبوونی دەسەڵاتی کوردی بکەیت!**

لە کۆردایەتیی کلاسیکیدا (بە بەهانەی پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانی)، ڕێگە بەوە نەدراوە گوزارش لە دژایەتییەکانی ناو کێشەی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی بکرێت[1]، بەڵام دوای سااڵنێکی زۆر لەم حاڵەتە، کاتی ئەوە

---

[1] ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوە لە مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە دوو ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا (کەم یا زۆر لە سەد ساڵی ڕابوردوودا) بە جوانی خۆی نواندووە: هەردوو ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای حزبی بەعس و کەمالیزم، لە چوارچێوەی دۆکترینی پۆپیولیزم و ئاراستەیەکی فاشیستیدا، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە نەتەوە یەکەیەکی تۆکمەیە و هیچ دژایەتییەک (چینایەتی، جێندەری، فیکری و...) لە ناو خۆیدا قبوڵ ناکات و بوار نادات لە گفتوگۆ فیکری و

هـاتووە لە چوارچێـوەی ئەوەی مـن پێـی دەبێـژم پـرۆژەی "نوێبـوونەوەی کـوردایەتی"، تێگەیشـتنێکی تەواو جیاوازمـان هەبێـت: لە پـرۆژەی نوێبـوونەوەی کوردایەتیـدا بە بـاش دەگـوترێ بـاش و بە خـراپیش دەگـوترێ خـراپ، نەتەوەش وەک یەکەیەکـی کـۆمەڵایەتی، سیاسـی و کولتـووریی ئـاڵۆز زیـاتر یەکەیەکە کە لە "یەکبـوونی دژایەتییەکـان" پێـک دێـت، نەوەک یەکەیەکـــی خـــاڵی لە دژایەتـــی! لەم پـــرۆژەیەدا سـەرکردەیەک نـاکرێ ئەمـرۆ نیشـتمانپەروەر بـێ، سـبەینێ خیـانەت بکـات و ڕۆژی سـێیەم جـارێکی تـر نیشـتمانپەروەر بـێ و بشـبێ بە سـەرۆکی نەتەوەیـی؛ نـاکرێ سـەرکردەیەک خـــاکفرۆش و تاڵانکـــاری خێروبێـــری وڵات بێـــت، بەڵام لە هەمـان کاتـدا نـوێنەری ڕاستەقینە و دەموچـاوی قەزیەیەکـی ڕەوا بێـت ڕوو بە دەرەوە... بە واتـایەکی دیـکە، کـوردایەتیی کلاسیکی لە شەڕی بەها و پێوەرە نیشتمانی و مۆرالییەکاندا شکســـتی هێنـــاوە: لە ڕاســـتیدا شکســـتە ســـەربازی و سیاسییەکانیشی بەرهەمی ڕاستەوخۆی شکستە لە "شـەڕ"ی بەهاکاندا. کاتی ئەوە هـاتووە شتەکان بە نـاوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ناو بنرێن و پێناسە بکرێن: نـاکرێ سـەرکردەیەک، لە دیـدی خەڵکـدا، نـوێنەرایەتی و بەرجەسـتەی گەنـدەڵی لە کوردستان بکات، بەڵام هەمان سەرکردە لە بەغدا، بەبێ هیچ کێشەیەک، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی قەزیەیەکی ڕەوا بکات؛ نـــاکرێ ناســـیۆنالیزمێک بە دەســـت گەنـــدەڵییەوە (وەک شـێرپەنجە) بنـاڵێنێ، بەڵام هەمـان ئەم ناسـیۆنالیزمە کڵـۆڵە

ڕۆشنبیرییەکانیشدا گوزارش لە هەر شێوازێکی "دژایەتی" لە ناو جەستە و بوونی نەتەوەدا بکرێ.

بەرەو ڕووی بەغدا و هێزە ئیقلیمییەکان و جیهان بە هێز و تۆکمەییەوە بوەستێتەوە: کەوتنی جەلەولا (گوڵاڵە)، کەوتنی شنگال، لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان و شکستی ڕێفراندۆمە کارەساتئامێزەکەی سێپتەمبەری ٢٠١٧، چەند نموونەیەکن کە ئەم حاڵەتی کڵۆڵی و کرمیبوونەی ناو ناسیۆنالیزمی کوردی (نەک بە زەروورەت ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی) پشتڕاست دەکەنەوە.

بابەتی نۆیەم

باشووری کوردستان لە بەردەم دووڕێیاندا

٢٠١٦/١٢/٤

١- پێشەکییەکی گشتی

ئەم وتارەی بەردەست نزیکەی دوو مانگ بەر لە ئیستا بە مەبەستێکی تر و بە شێوازێکی سنووردار بڵاو بووەوە. ئەم دەقەی بەردەست پەرەپێدانێکی ئەو نووسراوەیە بەبێ دەستکاریکردنی بیروبۆچوونەکانی ناو نووسراوەکەی پێشووتر. سەرەڕای ئەوە، سروشتی ئەم وتارەی بەردەست جگە لەوەی کە هەندێک خوێندنەوە لەمەر بارودۆخی باشووری کوردستان لە خۆ دەگرێ، بەڵام هەڵوێستی نووسەریش دەخاتە ڕوو بەرامبەر ئەوەی کە ڕوو دەدات و لەو جێگەیانەی کە پێویستە، هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی نووسەریش بە ڕاشکاوانە دێتە دەنگ. کەواتە وتارەکە لە پرسیارێک یا چەند پرسیارێکی زانستی و ئەکادیمییەوە پێ هەڵناگرێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وێناکردنی پانۆرامایەکی

گشتگیر له کۆمەڵێک پرسی هەنووکەییدا، کە پرسی زۆربەی زۆری خەڵکی باشووری کوردستانن.

دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، بەدەر لە هەموو یاسا و ڕێسایەک، ناردنەماڵەوەی (تۆ بڵێ دەرکردنی) وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و شان بە شانی ئەمەش بەردەوامیی مەسعوود بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم بە زۆرەملێیی، هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر مەرسیدارترەوە. لە لایەکی ترەوە، هەرچەند بۆچوونی جیاواز بۆ ئەم پێشوەچوونە خرابێتە ڕوو و هەبێ، ئەوا دواجار بۆچوونی دروست ئەوەیە کە: ١) کێشەکە زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە کە تەنها لە کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمدا سنووردار بکرێ، لە ڕاستیدا ئەم سنووردارکردنە هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیە و لە بەردەوامییشیدا زیان بە تەواوی ئەزموونی باشووری کوردستان دەگەیەنێت؛ ٢) پێشوەچوونەکە زیاتر بەردەوامیی حاڵەتێکی کۆن و پێشووترە تا حاڵەتێکی نوێ. ئەمە حاڵەتێکە لە ناهاوسەنگیی هێز کە زەینییەتێکی سیاسی سەرچاوەکەیەتی، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ٣١ی ئابەوە بەرهەم هاتووە، نەک لە پرۆسەیەکی دیمۆکراتیدا کە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە تێیدا یەکلاکەرەوە بووبێت.

ئەوە ڕاستە کە کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٣ی حوزەیرانی پار (٢٠١٥) و دواتریش کۆبوونەوەکەی ١٩ی ئاب گرنگ بوون بۆ تەقاندنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام تەواوی پێشوەچوونەکە زیاتر بەردەوامی حاڵەتێکی

ناسروشتی بوو کە سالانێکە لە کەڵەبوونێکی ئاڵۆزی کۆمەڵێک توخمدایە، کە گرنگترینیان تاکڕەوی و بااڵدەستیی پارتی بووە، ئەو تاکڕەوییەی کە کەم یا زۆر بووە بە ئەمری واقع. ئەوەی کەمتریش باس دەکرێ، ئەو ڕاستییەیە کە یەکێتیی نیشتمانی (بە ناوی ڕێگری لە شەڕی براکوژی و...) یارمەتیدەرێکی سەرەکی بووە لە سەرکەوتنی پارتی لە فەراهەمکردنی تاکڕەوی و بنەمایەک لە دەسەاڵت کە تێیدا ئەو حزبە، واتە پارتی، بااڵدەستییەکی ڕەهای هەیە.

ناکرێ ئێمە تەنها لە ڕێگەی ژمارە و فاکتەوە لەو بااڵدەستییەی پارتی تێ بگەین، بەڵکو گرنگە نزیکبوونەوەمان هەبێ بۆ لایەنی کولتووری - دەروونی - سیاسیی حاڵەتەکە، مەبەستیش ئەوەیە کە نەک هەر پارتی خۆی بە **وەهمی** زۆرینە مومارەسەی بااڵدەستیی خۆی دەکات، بەڵکو ئەم **وەهمە** بووەتە جێگیر وەک حاڵەتێک و ئەوانی تریش قبووڵیان کردووە. هەڵبەتە گوناهی گەورەی جێگیرکردن و قبووڵکردن و بەقبووڵدانی ئەم وەهمەی پارتی، لە دەرەوەی پارتیدا، هیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. ئەم قبووڵکردنەش نەک وەک یەکێتی خۆی بەردەوام بانگەشەی بۆ کردووە، کە گوایە بۆ ڕێگری بووبێ لە شەڕی براکوژی، بەڵکو زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی توێژێکی دەسەاڵتدارانی یەکێتی بووە، توێژێک کە قۆڵێکی لە ناو سیاسەتدایە و قۆڵەکەی تریشی لە ناو قوواڵیی ئابووریی ڕەش و کۆمپانیای وەهمی و چاالکییە ئابوورییە مافیائاساکاندایە.

دوای پێکهێنانی "حکومەتی بنکەفراوان"، بزووتنەوەی گۆڕان بۆ یەکەم جار هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ئەوەی ئەم

حاڵەتە بگۆڕێ، بە بڕیاری ئەوەی کە جارێ دەبێ ئەم وەهمە لە دەرەوەڕا ئاشکرا و والا بکرێ و "تەلیسمەکەی" بکرێتەوە. لەم ئاڕاستەیەشدا پێویست بوو لە ڕووی سیاسی و یاسایی و کاری پەرلەمانییشەوە بە ئاڕاستەی تێکشکاندنی ئەم وەهمەدا کار بکرێ. سەرکەوتنی هەوڵەکان، تا ڕادەیەک، بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی لە خوێندنەوەی یەکەمدا (٢٣ی حوزەیران ٢٠١٥)، لە دیدی پارتییەوە پەرەسەندنێکی مەترسیدار و قبووڵنەکراو بوو، چونکە لە دیدی پارتییەوە نەک هەر وەهم و باڵادەستیی ئەو حزبە لەو ڕۆژەدا بە ئامانج گیرا، بەڵکو ئەو وەهمە لە ناخیدا هەژێنرا. تا ڕادەیەکی زۆر سروشتی بوو، هەر نەبێ لە دیدی ئەم حزبەوە، کە لە تەواوی ئەم پێشوەچوونەدا سەرۆکی پەرلەمان و بزووتنەوەی گۆڕان بە بەرپرس ببینرێن. ئەگەر نا، دەکرێ هەر لێرەدا بپرسین، ئەی ئەگەر وانییە، بۆ تەنها سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان ڕێگرییان لێ دەکرێ یا دەنێررێنە ماڵەوە، ئەگەرچی پرۆژەیاسای سەرۆکایەتی هیی چوار - پێنج فراکسیۆن بوو، نەک تەنها هیی فراکسیۆنی گۆڕان؟

دوای زیاتر لە ساڵێک لە کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەر، بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە هۆکارێکی هەیە کە هەوڵ بدات پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بە تەواوی سیاسەتەکانیدا بکات. ئەگەرچی ئەم پێداچوونەوەیە چەند ڕەگەزێک دەگرێتە خۆی، بەڵام گرنگە ئەم ڕەگەزانە بە شێوەیەکی یەکبوو و بەیەکەوەگرێدراو شەنوکەو بکرێن و دەرەنجامیان لێ هەڵێنجرێ:

١) کاراکردنەوەی پەرمان، چۆن و ئەگەر فەرەزەن ئەو کاراکردنەوەیە بە ئەنجامیش گەیشت، ئاخۆ بە گەڕانەوە بۆ چ واقع و چ هاوسەنگییەکی هێز (یا ڕاستتر بڵێین) چ **ناهاوسەنگییەکی** هێز؟

٢) کشانەوە لە حکومەت یا مانەوە؟

٣) ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی.

٤) بەدیل و بژاردەی دیکە چین لە پێش بزووتنەوەی گۆڕاندا، ئەگەر گریمان بڕیاری کشانەوەی لە حکومەت دا؟

٥) حاڵەتێکی نوێی هاوسەنگی هێز هاتووەتە ئاراوە، ئەمەش نەک بە کاریگەریی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی، بەڵکو بە هۆی کۆمەڵێک تەوازوناتی عیراقی و ئیقلیمی کە تێدا **خەریکە لاوازییەکانی پارتی بە جددی دەردەکەون و گرنگترینیان ئەمانەن:**

أ- پارتی خەریکە ئەنقەرە لە دەست دەدات، یا هەر نەبێ لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریدا بە ڕوونی دەرکەوت کە پارتی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ ئەنقەرەدا ناتوانێ قەڵەمڕەوی و هەژموونییەکەی تا سەر بپارێزێ.

ب- پارتی ناتوانێ بەغدا وەک جاران بە ئاسانی بە دەست بهێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە، پارتی ناتوانێ پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەبێ بەبێ ئەوەی نەوتەکەی لەگەڵدا بەش بکات، یا بە تاڵان پێی بفرۆشێ، لە لایەکی ترەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغداشدا باش بن. کاتی یەکلابوونەوە خەریکە زۆر نزیک دەبێتەوە، یا دەتوانین بڵێین کە یەکلابوونەوە لەم پەیوەندییە

دووسەرە پڕ لە دژایەتییەدا (پارتی لە نێوان/لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرەدا)، لە پرۆسەی پێشوەچوونێکی ئاڵۆزدایە و زووتر دەستی پێ کردووە.

چ- سەربەخۆیی ئابووری، چ جای سەربەخۆیی سیاسی، نەک هەر بە دەست نەهات، بەڵکو ئەم بژاردەیە خەریکە، هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی باش، دوور کەوتووەتەوە و بگرە بووەتە بارگرانییش بەسەر سیاسەتەکانی پارتییەوە. گرنگە هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین کە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەمێکە ئەم باجە دەدەن، بە تایبەتی لە شێوازی ئەو قەیرانە دارایییەی کە هەرێمی تەنیوەتەوە. هەر نەبێ لە پەیوەندیی ئەو حزبە لەگەڵ بەغدادا، هەوڵی "سەربەخۆیی ئابووری"[1]،

---

[1] بانگەشەی "سەربەخۆیی ئابووری" لە سەرەتادا ئاراستەیەکی گومانلێکراو بوو، چونکە مەبەست لەم هەنگاوە نەک سەربەخۆکردنی ئابوورییانەی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵکو بۆ **سەربەخۆکردن** (تۆ بڵێ بۆخۆبردن) بوو، واتە بە کردنی فایلی ئابووری، بە تایبەتی فایلی نەوت، بە فایلێک کە بە تەواوەتی **لە دەستی خۆی**، واتە پارتیدا بێت. لە باشترین حالەتیشدا، هەر لەپێناو ئەم مەبەستەدا، پارتی بژاردەی دەستتێکەڵاوکردنی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەڵبژارد، کە لە ڕاستیدا هەر ئەم دەستتێکەڵاوکردنە هەرێمی کوردستانی بە شێوەیەکی مەترسیدار خستە ناو هاوکێشەیەکی **وابەستەیی زۆر مەترسیدارەوە ڕوو لە تورکیا**. لەم بارەیەوە دەبێ بگوترێ کە نزیکەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا حزبە سیاسییەکان و بگرە پەرلەمانیش کەوتنە هەڵەوە کاتێک پشتگیرییان لە هەنگاوی **بە ناو سەربەخۆکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان** کرد. ئەو کاتە ئاسان بوو بۆ حزبەکان و پەرلەمان بڵێن بەرامبەر ئەم پشتگیرییە، پێویستە تەواوی فایلی نەوت، بە تایبەتی ئەو ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەی کە نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ تورکیادا کردوویەتی و ئەو هەموو کۆنتراکتە نەوتییانەی کە کراون، ئاشکرا بکرێن، واتە **بەنیشتیمانیکردنی** ئەو فایلە ستراتیجی و هەستیارە بەرامبەر بە پشتگیرییەکی ئەوها.

بەڵام بە تـایبەتی پەیوەنـدییەکی گومانـاوی لەگەڵ ئەنـقەرەدا، بژاردەی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەغدادا تـا ڕادەیەک لە دەست پـارتی دەرکردووە، بەهەرحـاڵ، تـا ئەو کـاتەی پـارتی دەســـتبەرداری ئەنـــقەرە نەبووبێـــت. جـــگە لەوەش، ئەو ئاکامـــانەی کە لە شـــەڕی موســـڵ دەکەونەوە، بە ئەگەری زۆرەوە، دەشێ بە شێوەیەکی دراماتیکی بژاردەکانی پـارتی کەم بکەنەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەگەر عیراق پارێزگای موسڵی بە ئاسـانتر بـۆ ڕزگـار کـرا، دوور نـیـە هەڕەشـەی شـیعە و حەشـدی شـەعبی بە شـێوەیەکی جـددی بەرۆکـی پـارتی و نـاوچەی قەڵەمـڕەوی پـارتی بگـرن. هەتـا ئەگەر ئەم بەرەوڕووبوونەوەیەش ڕوو نەدات، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە بەها و سەنگی پـارتی لە چـاوی بەغداوە، بە ڕادەیەکی زۆر، کەم دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم حزبە هەر لە ئێستاوە لە هەوڵـــــی ئەوەدایە لە ڕێگـــــەی ئاســـــاییکردنەوەی بـارودۆخەکەوە، لەو سـیناریۆیەدا بە تەنیـا نەبـێ و هەمـوان (واتە هەمـوو هێزە سیاسـییەکان) سـواری ئەو کەشتییە ببن کە خـــۆی کاپتـــەکەیەتی و بەمەش لە ئەگەرەکـــانی دوای موسڵدا بە تەنیا نەمێنێتەوە.

د- لە پەیوەندیـــدا لەگەڵ ئەو کێشـــەیەی کە بەرۆکـــی تورکیای (هاوپەیمانەکەی پارتی) لە عیراق و سوریا گرتووە و ئەو بارگرژییەی ئەو وڵاتە لە "مافی خۆیدا" تێی کەوتووە، دوور نـیـە لە داهـاتوودا مەسـەلەی تێـوەگلانی تورکیـا لە عیـراق زیـاتر و زیـاتر لەسـەر پـارتی و مەسـعوود بـارزانی سـاغ ببێتـەوە (بە هەردوو ڕووە عیراقـی و تـورکییەکەی) و ئەو حـزبە زیـاتر گۆشـەگیر بکـات. نـابێ ئەو ئەگەرەش بە

دوور بگیرێ که تورکیا و پارتی له دوای شەڕی موسڵ بەیەکەوە تێکەڵاوی هەندێ مامەڵەی گومانـاوی بـبن که ئامانج تێیاندا پێکانی هەندێک ئامانج بێت که تورکیا هەیەتی.

ت- زێـدەبوونی ڕۆڵ و کـاریگەری پەکەکە و هێـزە هاوسۆزەکانی، بە تایبەتی لە ناوچەی شەنگال، واتە لە ناو دڵـی زۆنـی پارتیـدا، دەبێـت بە فـاکتەرێکی گرنـگ لە کەمکردنەوەی هەژموونی ئەو حزبەدا.

س- لاوازیی پێگەی پارتی لە ڕۆژئاڤای کوردستان، بووە بە یەکێک لە هۆکارەکانی نیگەرانی لای پارتی لە لاوازبوونی هەژموونییەکەی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا، کە هەڵبەتە ئەمە کـاریگەری لەسـەر پـێگەی ئەو حـزبە لە باشـووریش دادەنێ.

ئەم توخمـانە پێویسـتە بە یەکەوە و بـە بەیەکەوەگرێـدانێکی ئۆرگانیکی ببینرێن، ڕاڤە بکرێن و هەڵوێستەیان لەمەڕ بکرێ. بە واتـایەکی تـر، کـارکردن لەگەڵ تـوخمە عیراقـی و ئیقلیمییەکـانی هاوسـەنگیی هێـز دەتـوانێ زیـاتر پـارتی وا لـێ بکـات کە لاوازییەکانی دەربکەون و لە ئاکامدا بێتە ئەو ئاستە لە لاوازی کە وای لـێ بکـات سـازش لەسـەر هەنـدێ شـت لە نـاوخۆی هەرێمدا بکات.

٦) بەر لە مـاوەیەکی کەم (لە ٢٠١٦/١١/٢٠دا)، مەسـعوود بـارزانی لە ڕاگەیەنراوێکـدا هەنـدێک شـتی وروژانـد کە لە ڕاستیدا هیچیان نوێ نەبوون، بەڵام کاردانەوەکان بە شێوازێک بـوون کە ئێتـر وەک ئەوەی ئەم ڕاگەیانـدنە ئەو دەروازەیە بووبێـت بـۆ چارەسـەری کێشـەکان کە خەڵکـی باشـووری کوردستان زیاتر لە ساڵێکە چاوەڕوانیەتی.

٢- چەند خاڵێکی لێوەدەرچوون

١) لەوە دەچێ ئێتر کاتی بڕیار و هەڵوێستەی چارەنووسساز هاتبێ لەمەڕ مانەوە یا نەمانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا؛ لە ڕاستیدا نەک هەر ئەم هێزە، بەڵکو کۆمەڵ و یەکگرتووش، گەرچی واقیعبینیی سیاسیی دوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥ ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێتر لە کوردستان یەکگرتوو ناتوانێ چیتر لەو مەسەلانەی کە یەکلاکەرەوەن و ئەو حزبە دەخەنە خەندەقی بەرامبەر پارتی، ئەو حزبە، واتە **یەکگرتوو**، یەکەهەڵوێست بێت: یەکگرتوو چیتر "یەکدەست" نییە! مانەوەی گۆڕان لە حکومەتدا، بەو هەموو قەیرانەوە کە هەرێم تێیان کەوتووە، دوور نییە ببێت بە هۆی لەکەداربوونی گۆڕان و "نەنگییەکی سیاسی" بکەوێتە سەر ئەم بزووتنەوەیە کە دواجار باجە سیاسییەکەشی قورس بێت بۆ بزووتنەوەکە. دەشێ ئەم نەنگییە سیاسییە بە ڕادەیەک گران بکەوێ کە بۆ ئەو بزووتنەوەیە نەک ئیتر ئاسان نەبێ لە دواڕۆژدا جوانیی تر بە دەست بهێنێ، بەڵکو ببێت بە هۆی ئەوەی کە جوانییەکانی دوێنێشی لە دەست بدات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە، واتە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت، زۆر گرنگە و دەرهاویشتەی جیاجیای بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ خودی گۆڕان دەبێ، پێویستە فۆرمی ئەم کشانەوەیە و لێکەوتەکانی بە وردی گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێ: بە کەمترین زیان بۆ خەڵکی و بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو هێزانەی لەگەڵیدا دەکشێنەوە، تەواو ببێ و پارتییش هەر نەبێ باجێکی ئەو کشانەوەیە بدات.

٢) دوای نزیکەی حەوت مانگ لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەڵسەنگاندنێکی ئەوپەڕی شەفاف و ڕاشکاو بۆ ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی بکرێ. دەرفەتێکیش هەیە بۆ ئەوەی ئەو بژاردەی کشانەوەیە یا نەکشانەوەیە بکرێت بە **ئامراز و پێوەر بۆ تاقیکردنەوەی** ئەو ڕێککەوتنە.

٣) خەریکە بۆ یەکەم جار دەرفەتێکی گرنگ و کاریگەر لە بەغدا دروست دەبێ بۆ "سیاسەتکردن" بە ئاڕاستەی ڕاستکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییەی هێز کە لە کوردستاندا هەیە. بۆ یەکەم جار خەریکە هەست و نەستی بە ناو "یەکڕیزیی نەتەوەیی لە بەغدا" جێگە چۆڵ دەکات بۆ سیاسەتکردن لەسەر بنەمای ئەوەی کە، هەر وەک لە ساڵی ٢٠١٠دا گوتوومە، "نابێ بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان نانبڕاو بکرێ، بەڵام لە بەغدا داوای برایەتیی لێ بکرێ." لە شێوازێکی فراوانتر و بەربڵاوتردا، ناکرێ هێزەکانی تر لە لایەن پارتییەوە هەرچییەکیان لە کوردستاندا بەرامبەر بکرێ، تەنگیان پێ هەڵچنرێ و هەژموونی ناشەرعیی پارتی لە کوردستان قبووڵ بکەن، بتۆقێنرێن و بترسێنرێن، بەڵام لە بەغداش ئەسیر و دەستەپاچەی گوتاری ختووکەدانێکی ناڕاستگۆیانەی هەست و نەستی "نەتەوەیی و نیشتمانی" بن. بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێک هێزی تر بەشێک لەو پێگەیەی کە لە کوردستان لە دەستیان داوە، خەریکە لە بەغدا بە دەستی دەهێننەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە باشی وەبەرهێنانی سیاسییانەش لەو پێگەیەدا دەکەن، کە بە ڕادەی یەکەم مەبەست تێیدا دەستکەوتی

حزبی نییە، بەڵکو گەرانەوەی قوت و مافی خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی تویژی موچەخۆران.[1] ڕێک ئەمەیە هاوسەنگیی هێزی گۆڕیوە و تا ڕادەیەک پارتیی تەنگەتاو کردووە و ڕێک ئەمەیە، هەڵبەتە بە خوێندنەوەی خۆم، یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکان کە وای لە پارتی کردووە بیر لە هەنگاوێک بۆ "ئاساییکردنەوە"ی بارودۆخەکە لە هەرێم بکاتەوە، هەڵبەتە ئاساییکردنەوەیەک کە بە ڕادەی یەکەم بە دڵی پارتی خۆی بێت، واتە بااڵدەستی بۆ پارتی لە بەغدا بگەڕێنێتەوە، بەاڵم لە هەمان کاتیشدا ئەم ئاساییکردنەوەیە بەشی ئەوە نەکات کە کێشەکانی

---

[1] لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا ڕوو دەدات لە مەسەلەی بودجە و شێوازی چارەسەرکردنی کێشە ئابووریيەکانی هەرێم، بۆ نووسەری ئەم وتارە شتێکی پێشبینیکراو بوو. ئەمڕۆ فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان هەوڵ دەدات مافی هەرێم لە بودجەدا دەستەبەر بکرێ لە ڕێگەی جێگەکردنەوەی هەندێک بڕگە لە یاسای بودجەدا، کە ئەمانەش بە ڕادەی یەکەم فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان، بەاڵم لە الیەکی ترەوە فراکسیۆنی پارتییە، کە شەڕ لەسەر بە ناشەفافی مانەوەی فایلی نەوت دەکات. بەر لە حەوت ساڵ نووسیومە: "ئەمڕۆ گومان نییە کە لە باشووری کوردستان کێشەی ڕەوای گەلێک هەیە، بەاڵم لە پشت هێڵی ئەم کێشە عادیلەوە تویژێکی خۆپەرست و چاوچنۆک و تەماحکار هەیە کە نەک هەر لەسەر حسێبی ئەو مەسەلە عادیلە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزن، بەڵکو ئامادەشن ئەو مەسەلەیە بکەن بە قوربانیی بەرژەوەندییە تایبەتی و تەسکەکانیان." هەروەها لە بەردەوامیدا نووسیومە: "کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا، دوو ڕووی هەیە: لە الیەک مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بەاڵم لە الیەکی ترەوە مەسەلەی دەسەاڵتی کۆمپانیا نایاساییەکانی پارتی و یەکێتی و قاچاغچێکردنە بە کاالیەکی ستراتیجی و هەرە هەستیار لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە." بڕوانە الپەڕە ٤ لە:

http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

کوردستانی پێ چارەسەر بکرێ و تێری ئەوەش نەکات کە بەشداربیەکی ڕاستەقینە بۆ هێزەکانی دەرەوەی پارتی دەستەبەر بکات!

٤) لە ماوەی دواییدا وا هەست دەکرێ کە هاوتەریب لەگەڵ قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، سیاسەتە ناسەرکەوتووەکەی بە ناو "سەربەخۆیی ئابووری"، خەریکە ئەو "هاوپەیمانییە تاریک"ەی ئاکەپە - پارتی یا مەسعوود بارزانی - ئەردۆغان بە تەواوەتی شکست دەهێنێ. بەهەرحاڵ، ئەم هاوپەیمانییە لە زۆر ڕووەوە کەلێنی تێ کەوتووە و بۆ یەکەم جار کەوتووەتە ژێر هەڕەشەیەکی جددیی هەڵوەشانەوە. ئەم هاوپەیمانییە هیی کورد - تورکیا نەبووە و پێویستیش ناکات، لە کاتێکدا ئەگەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی کەوتە سەر، هێزەکانی دیکە خۆیان بکەن بە خاوەنی، یا هەوڵی ئەوە بدەن کە هەڵنەوەشێتەوە. بە واتایەکی دیکە، پێویست ناکات، بە بەهانەی ئەوەی ئەو هەڵوەشانەوەیە مەترسییە بۆ سەر هەموو هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی ئابووری، خۆیان بخەنە خەندەقی بەرگریکردن لێی. پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەم هەڵوەشانەوەیە دەبێت بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ سەرلەنوێ هەوڵی دڵسۆزانە بۆ شەفافکردنی فایلی نەوت و سەربەخۆیی ئابووریی ڕاستەقینە!

٣- کرۆکی باس

لەم بەشەی نووسراوی بەردەستدا هەوڵ دەدەم ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە لە پێشەکیی گشتیدا هاتوون (واتە

خاڵەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ لە پێشەکیی ئەم نووسراوەدا)، لە بەشی داهاتووی وتاری بەردەستدا شەنوکەویان بکەم بۆ ئەوەی دواتر هەندێ دەرەنجامیان لێ هەڵێنجم.

٣-١ کاراکردنەوەی پەرلەمان

دوای تێپەڕینی زیاتر لە سااڵێک بەسەر پەکخستنی پەرلەمان، لەوە ناچێ دەرچەیەکی بە کردار سەرکەوتوو هەبێت بۆ ئەم کاراکردنەوەیە. جگە لەوەش، گریمان لە باشترین حاڵەتدا پەرلەمان کارا کرایەوە، ئاخۆ ئەم کاراکردنەوەیە لە چوارچێوە و سێبەری چ نەخشەیەکی نوێی هاوسەنگیی هێزدا ڕوو دەدات. بە واتایەکی دیکە، گەر هەوڵێر هەر "داگیرکراو" بێت و پارتی هەر باڵادەست بێت و چوار هێزەکەش بە بەراورد لەگەڵ ماوەی پێش کودەتاکە لاوازتر و پەرتەوازەتر بووبن، نەک پێچەوانەکەی، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆر ئەم کاراکردنەوەیە دواجار بزووتنەوەی گۆڕان و هێزە هاوشانەکانی لەکەدار دەکات، نەک پێچەوانەکەی (ئەو کاتەی پەرلەمان پەک خرا، دوو مانگ مووچە دوا دەکەوت، ئێستا چارەکەمووچەش نادرێ!)

باوەڕی ئەوەی کە ئەو هێزانەی تا ١٩ی ئاب هاوشان بوون و پرۆژەی هاوبەشیان هەبوو، ئیتر ئەمڕۆ پەرتەوازە و لاوازن، پێ لەوە هەڵدەگرێ کە ئیتر دابەشبوونی یەکگرتوو، هەر نەبێ لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ دوو گرووپی پەرلەمانتار، بە تایبەتی لە مەقتەعە هەستیارەکاندا، کەم یا زۆر بووە بە ئەمری واقع. یەکێتیی نیشتمانی بە

قەیرانێکـی قـوولّ و فراوانـدا تـێ دەپەڕێ، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەیە کە یەکێتـی لە غیـابی مـام جەلالـدا ئەوەی بەسـەر دێـت، بەڵکـو ئەوە ڕێـک ئیرسـی مـام جەلالە و سـێبەری قورسـی ئەوە... بەهەرحـاڵ، مـن پێشـبینیی ئەوە نـاکەم جـارێکی دیـکە فراکسـیۆنی یەکێتـی بەو شـێوەیە ١٠٠٪ دەنـگ بە هـیچ هەنگـاو و بڕیـار و یاسـایەکی چارەنووسسـاز بـدەن، بە تـایبەتی ئەو جـۆرە بڕیـار و یاسایانەی کە بە دڵی پارتی نین! ئەو فراکسیۆنەی کە تا ئێستا دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ، هەر وەک پێشووتر، تا ڕادەیەکی زۆر تەنها فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە.

لە مـاوەی پێشـوودا، دەنگوباسـەکان و هەروەهـا وتـاری سەرۆکی پەرلەمـانیش، ئەوەیـان دەرخسـت کە هەوڵێک هەیە لە لایەن پەرلەمانتـاران و ژمـارەیەک فراکسـیۆنەوە بـۆ: أ) کـــاراکردنەوەی پەرلەمـــان لە ڕێگـــەی ئەوەی کە لەگەڵ ســـەرۆکی پەرلەمانـــدا بچـــنەوە هەوڵێـــر و هەر لەوێ کۆبوونەوەی پەرلەمـان بکەن؛ ب) ئەگەر ئەو چوونەوەیەش بـۆ هەوڵێر و پەرلەمـان سـەری نـەگرت، ئەوا کۆبـوونەوەی پەرلەمان لە کەرکوک، هەڵەبجە، ڕاپەڕین یا هەر جێگەیەکی تر لە دەرەوەی ناوچەی نفوزی پارتی بکرێ.

مـن زووتـر لایەنگـری ئەم بیـرۆکەیە (واتە بیـرۆکەی کـاراکردنەوەی پەرلەمـان لە ڕێگـەی هەوڵێکـی ئەنـدامان و فراکسـیۆنەکان) بـووم، لەگەڵ ئەوەشـدا گومـانم بەهێـز بـوو لەوەی ئـاخۆ لە ڕووی کـــردەییەوە ئەســـڵەن ئەم جـــۆرە کاراکردنەوەیە مومکینە و بە ئاکام دەگات... ئێستا پێم وایە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئیتـر ئەگەری سـەرنەکەوتن و شکسـتهێنانی

هەوڵێکـی لەم جـۆرە بەهێزتـر بـووە و لەبەر ئەوەش لە هەنـووکەدا لەوە دەچـێ ئەم هەوڵە هەر زوو شکسـتی بـۆ نووسـرابێ، نەک سـەرکەوتن. گریمـان هەوڵەکە تـا ئەو جێگـەیەش سـەرکەوتوو بـوو کە ژمـارەیەکی پێویسـتی پەرلەمانتـار لەگەڵ سـەرۆکی پەرلەمانـدا بـکەونە ڕێ بـۆ هەولێـر، بەڵام دوور نیـیە پـارتی ڕێگـە بـۆ هەمـوو پەرلەمانتاران بکاتەوە، بە شێخ فەخرەدینیشـەوە، بۆ ئەوەی بچـن بـۆ هەولێر، بەڵام تەنهـا ڕێگـە لە سـەرۆکی پەرلەمـان بگرێ. لە ڕاستیدا سیناریۆی تر زۆرن کە دواجار پارتی لە ڕێگەیانەوە هەوڵ بدات تەنها سەرۆکی پەرلەمان وەک کێشە پیشـان بـدات و بە ئامـانج بیگـرێ و بەمەش مەبەسـتەکەی بپێکـێ و هەوڵـی کـاراکردنەوەش بە تەواوەتـی بە مەبەسـتی خـۆی نەگـات. تـا ئەو جێگەیەشـی مەسـەلەکە پەیوەنـدیی بە "پلانـی بـێ"یەوە هەیە، واتە گەر فراکسـیۆنەکان و سـەرۆکی پەرلەمـان سـەرکەوتوو نەبـوون کە بچـنەوە هەولێـر و بچـنە باڵەخانەی پەرلەمانەوە، ئەوا کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی هەولێر بکـرێ، بەنـدە گومـانم هەیە لە حـیکمەت و سـەرکەوتوویی ئەم بـــژاردەیە. لە ڕاســـتیدا هەر زوو دوای کودەتـــاکەی ١٢ی ئۆکتـۆبەر، کاتێک بـاس لەم بـژاردەیە کـرا، مـن پێم وابـوو ئەم بژاردەیە کۆڕپەلەیەکی بە مردوویی لەدایکبووە و هیچی دیکە. لێدانی مـۆری دووئیـدارەیی لە هەولێکی ئەوهـا و قبـوولکردنی ئەم بۆچوونە لە لایەن ڕای گشتییەوە، ئەگەرێکی بەهێز بوو، لە ئێستاشـدا هەر بەهێـزە. ڕاسـتە کاتێک کە لە دەرەوەی هەولێـر کۆبـــوونەوەی پەرلەمـــان دەکەیـــت، دەتەوێ بە نـــاوخۆی کوردسـتان و بە جیهـان بڵێـی فەرمـوو چـونکە هەولێـر داگیـر

کـراوه، ئەوا ئـێمە لە بێچارەبیـدا لە دەرەوەی ئەو شـارە کـۆ دەبینـەوە. بەڵام ئەگەر لـۆجیکێکی ڕاسـتیش لەم ئامـاژەیەدا هەبێـت، ئەوا لە لایەکـی دیـکەوە ئەم کۆبـوونەوەیە ئەو داگیرکـاری و بااڵدەسـتەییەی پـارتی لە هەولێـر بەرجەسـتە دەکـات، لەبـری ئەوەی لاوازی بکـات یـا کەلێنـی تـێ بخـات. لە سیاسەتدا زۆر شت هەن وەک بەهانە کە لە گوتاری سیاسی و ئایـدیۆلۆژی و پڕۆپاگەندەبیـدا کـاریگەرن، بەڵام لە سیاسـەتی عەمەلیدا ئەو کاریگەرییەیان نییە، ئەو توانایەیان نییە کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز دابنێن، ئەمەش ڕۆحی کێشەکەیە. (هەر مـاوەیەکی کـورتیش دوای پەکخسـتنەکەی پەرلەمـان لە ١٢ی ئۆکتـۆبەری پـاردا، بەنـدە ڕام وابـوو کە باشـترە هەوڵ نەدرێ کۆبوونەوە لە دەرەوەی هەولێر بە ڕەغمی پارتی بکرێ، کەچی ئەو کاتە هێشتان دۆخی سیاسیی چوار هێزەکە لەمڕۆ باشتر و لەبارتر بوو، بە تایبەتی دۆخی یەکێتی). کەواتە ئەمڕۆ دوای زیاتر لە ساڵێک لە پەکخستنی پەرلەمان، ئەگەری سەرکەوتنی ئەم بژاردەیە زۆر لاوازتر بووە تا پێچەوانەکەی.

٣-٢ کشانەوە لە حکومەت

لە سـەروبەندی گفتوگـۆ لەسـەر بـابەتی بەشـداریکردنی بـزووتنەوەی گـۆڕان لە حکومەتـدا یـا نـا، باسوخواسـێکی زۆر، شاقوولّی و ئاسـۆیی، لە نـاو بـزووتنەوەکەدا کرا: ١) بژاردەکـان لە بەردەم بـزووتنەوەی گـۆڕانـدا زۆر نەبـوون؛ ٢) بژاردەکـان ***باش بەرامبەر خراپ نەبوون***، بەڵکو ***خراپ بەرامبەر خراپتر بوون***. خۆشـم ئەو کـاتە وتـارێکی دوورودرێـژم لەم بـارەیەوە نووسـی و ئەو کـاتەش، کەم یـا زۆر، بۆچـوونم وابـوو کە

بژاردەکان لە نێوان خراپ و خراپتر بوون و هیچی دیکە.[1] بە تایبەتییش هەر ئەو کاتە لەو باوەڕەدا بووم کە کوردستان بەرەو ڕووی ڕۆژانێکی سەختتر پێ دەنێ و لە داهاتوودا قەیرانی دارایی و شەڕی تێرۆر دەبن بە دوو بارگرانیی مەترسیدار بۆ ئەو حکومەتەی کە دروست دەکرێ (تۆ بڵێ دواتر کابینەی هەشتەم).

لە ڕاستیدا لە ئەمڕۆدا هۆیەکی جددی و هەرە گرنگ بۆ بڕیاردان لەسەر کشانەوە لە حکومەت، نەک هەر ڕادەیەکی مەعقوڵی **بێهیوابوونە** لە کارابوونەوەی پەرلەمان، بەڵکو پرسیارێکی گرنگ هەیە، پرسیارەکەش ئەمەیە: ئاخۆ گەڕانەوە بۆ چ هەوڵێرێک، بۆ چ پەرلەمانێک، بۆ چ وەزارەتێک و لە هەمووی گرنگتر، بۆ چ جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز، باشتر یا خراپتر؟ ئەگەر خراپتر، ئاخۆ ئەسڵەن گەڕانەوە بۆچی، یا بە ڕاستی حیکمەتی ئەم گەڕانەوەیە لە پای چی؟ دیوێکی دیکەی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە هەر زوو، چەند ڕۆژێک دوای کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەر، باوەڕم وابوو کە دروست نییە باس لە گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی بکرێ وەک ئەوەی بەر لە کودەتاکە باری هەوڵێر و کوردستان ئاسایی بووبێ. بە واتایەکی دیکە، باری هەوڵێر **ئەگەر بەر لە ڕووداتی کودەتاکە ئاسایی بوایە، ئەوا ئاسان نەدەبوو کودەتا ڕوو بدات**. کەواتە هەڕێمی کوردستان بەر لە کودەتاش لە قووڵایی ناهاوسەنگییەکی هێزدا بوو کە ناسروشتی بوو و لە

---

[1] هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣/٩/٢١ و دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو... ئەم وتارە دواتر لە کتێبێکی نووسەردا بە ناوی ***لە قووڵایی سیاسەتدا***، ٢٠١٦، لاپەڕە ٤٩١-٥١٧، بڵاو بووەتەوە.

دەرەوەی چوارچێوە پەرلەمانی و یاساییەکان جێگیر بووبوو. واتە **تـــا ئەو ناهاوســـەنگییە چارەســـەر نەکرابێـــت، ئەوا کوردستان هەر ئەو ژینگەیە دەمێنێتەوە کە پارتی هەر کاتێ حەز بکات، کودەتا دەکات و بۆشی دەچێتە سەر!**

ئەوەی لەم بـارەیەوە گـرنگە، تەوقیتـی کشـانەوەکەیە لە حکـومەت، شـێوەی پەیوەندیـدارکردنی لایەنەکـانی دیـکە (کـۆمەڵ و یەکگرتـوو و یەکێتـی) و بە تـایبەتی شـێوەی پەیوەندیدارکردنی یەکێتیی نیشتمانی و هەروەها پێشوەخت ئاگـادارکردنی وڵاتـانی ڕۆژئاوایـە لەو هەنگـاوە. پێویسـتە ئەمـانە هەمـووی لە حسـێبدا بـن و پەیوەندیـدار بکـرێن و ئەم هەنگاوە کاریگەربیان لەسەر دابنێ. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئاست و شێوازی کاردانەوەکان چی و چۆن دەبن ئەگەر بزووتنەوەی گـۆڕان یـا ئەم بزووتنەوەیـە و هەنـدێک هێـزی دیـکە بڕیـاری کشـانەوەیان لە حکـومەت دا. پرسـیارێکی بە تـایبەتی گرنـگ ئەوەیە ئـاخۆ بـزووتنەوەی گـۆڕان لەو هەمـوو ئاسـتانەدا و لە ئاستی ڕای گشتیی کوردستانیدا، دەتوانێ چی بکات بۆ ئەوەی هەنگـاوێکی ئەوهـا ئەوپەڕی کـاریگەری دروسـت بکـات و بـۆ ئەوەشـی لە ئاکامـدا ببێت بە هـۆی ئەوەی کە دواجـار گوناهبـار (پارتی دیمۆکراتی کوردستان) باجێکی سیاسـییانەی هەنگاوێکی ئەوها بدات: یەکسـەر لە دوای هەنگاوەکە، یـا دواتـر بـۆ نمـوونە لە کاتی دەنگدانی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا؟

بـۆ ئەوەشـی ئەم ئامـانجە بە باشـی بپێکـرێ، زۆر گـرنگە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت کتوپڕ نەبێت، بەو واتایەی ئەو ڕۆژەی کە بڕیـاری کشـانەوەی تێـدا دەدرێ، ئیتـر هەر ئەو ڕۆژە بە کـردار بکشـێتەوە، بەڵکـو کاتێـک دیـاری بکـرێ (بـۆ

نموونە دوو یا سێ هەفتە)، بۆ ئەوەی دوای ئەم ماوەیە یەکسەر کشانەوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە... بەهانەیەکی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە دەکرێ ئەو کاتە (دوو یا سێ هەفتەیە) بە **هەڵپەساردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا** ناو ببەین. بەو واتایەی کشانەوە بە دوو قۆناغ: قۆناغی یەکەم ڕاگەیاندنی بڕیارەکەیە و بڕیارەکەش دوو بەشە، یەکێکیان خودی بڕیاری کشانەوەیە، ئەوی تریان **نەخشەڕێگەیە** بۆ چارەسەری بنەڕەتی لە فەترەی هەڵپەساردندا. بە واتایەکی دیکە، بڕیارەکە دەرفەت بە لایەنەکان (نێودەوڵەتی و ناوخۆیی) دەدات بۆ ئەوەی هەرچییەکیان پێ دەکرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەڕێگەیەی **فەترەی هەڵپەساردن**، بیکەن. بەم واتایەش ئەگەر نەخشەڕێگەکە لە ماوەی ئەو دوو یا سێ هەفتەیەدا (واتە لە ماوەی هەڵپەساردنەکەدا) جێبەجێ کرا، ئەوا ئەو کاتە بزووتنەوەی گۆڕان بە بڕیاری خۆیدا دەچێتەوە، واتە بە بڕیاری کشانەوەدا دەچێتەوە و ناکشێتەوە.

بەڵام گرنگە ئەم نەخشەڕێگەیە ئەوپەڕی ڕوون بێت و تا کورتیش بێت باشە و تا بشکرێ تەفسیری جیا و دژبەیەک هەڵنەگرێ، دەقێکی ئەوپەڕی پوخت بێت. بۆ نموونە، گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان لە ماوەی یەک یا دوو هەفتەدا، دەشێ خاڵی یەکەمی نەخشەڕێگەکە بێت. هەر وەک گوترا، ئەو ماوەی دوو یا سێ هەفتەیەی هەڵپەساردن وەک ماوە دەدرێ بە لایەنەکانی دیکە (یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی) بۆ ئەوەی خۆیان یەکلایی بکەنەوە و دواتر "**گلەیی نەکەن**"! دەکرێ ئەم

حزبه سیاسییانه دواتر بڵێن "گۆڕان خۆی کێشایەوە بەبێ ئەوەی دەرفەت بە ئێمە بدات"! هەڵبەتە چەند هێز و لایەن سواری شەمەندەفەری کشانەوە بن ئەوا باشتر، چونکە دواجار دەبێ **یەکێک لە بژاردەکان خستنی ئەم حکومەتە بێت**، جا هەرێمی کوردستان و خودی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە بێت بۆ هەڵبژاردنی کتوپڕ یا نا، ئەمە شتێکی دیکەیە. بەڵام خستنی حکومەت، ئەگەرچی سیناریۆکانی دوای ئەم خستنە دیار نین، دەبێت بە ئەرزەهژێکی سیاسی و گۆڕان دەکات بە ژمارەیەکی دیکەی گەورەتر لەوەی کە هەیە. بەهەرحاڵ، لە ئێستادا ئەم بژاردەیە بە واقعییانەتر دەبینم تا، بۆ نموونە، خۆپیشاندان.

لە لایەکی ترەوە، بە دووری نازانم، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵ و یەکگرتووش بکشێنەوە، بە ئەگەری یەکجار زۆر یەکێتی لە ناو حکومەتدا بمێنێتەوە بە بەهانەی هەستیاریی دۆخەکە، بوونی هەڕەشە و ڕێگرتن لە شەڕی براکوژی و... بەڵام لە ڕاستیدا هەر سیناریۆیەکی لەم جۆرە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی هەندێ کەس و گرووپی بەرژەوەندیخوازی ناو ئەو حزبەن و هیچی تر.

٣-٢ ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی

بە ڕاشکاوی گوتوومە و دەیڵێم، هەر لە سەرەتادا گومانێکی بەهێزم لە حیکمەتی ئەم ڕێککەوتنە هەبوو. هەر زوو بەندە سێ شتی سادەم گوتووە بۆ گوزارشکردن لە نیگەرانیی خۆم: ١) ئەم ڕێککەوتنە **جوان ناشیرین دەکا و ناشیرینیش جوان دەکا**، هەردووکیشی هەر لە زیانی

بزووتنەوەی گۆڕانە؛ ٢) گوتوومە ئەم ڕێککەوتنە بە ئەگەری زۆرەوە دەبێت بە "ئەفغانستانی گۆڕان"، بەم واتایەش، چۆن کاتی خۆی یەکێتیی سۆڤییەت لە ئەفغانستان گیری خوارد، ئەوهاش ئەم ڕێککەوتنە دەبێت بە دەردەسەری بۆ گۆڕان؛ ٣) ئەگەر بە ڕاست بزووتنەوەی گۆڕان کێشە سەرەکییەکەی و هەروەها کێشەی سەرەکیی هەرێمی کوردستانیش، ناشەرعیبوونی کورسییەکەی مەسعوود بارزانییە، ئەی خێرە کورسییەکەی کۆسرەت ڕەسوول بێکێشە و شەرعییشە؟ من گومانم هەیە لە حیکمەتی ئەوەی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان (بەڕێز نەوشیروان مستەفا) ئیمزاکەی بخاتە پاڵ ئیمزای کۆسرەت ڕەسوول. بە ڕاشکاوی دەڵێم، بەندە پێم وایە ئەگەر کورسییەکەی مەسعوود بارزانی یەک جار ناشەرعییە، ئەوا کورسییەکەی کۆسرەت ڕەسوول، بەبێ سێ و دوو، دوو جار ناشەرعییە. ئەگەر ئەم ئیمزایە هەر دەکرا، لە پاڵ ئیمزاکەی کۆسرەت ڕەسوولدا، ئەوا شتێکی باش دەبوو، تەنانەت زۆر پێویستیش بوو و کرانەوە و تەکانێکی باشیش دەبوو بە کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم و نییەتپاکییەکی باشیش دەبوو بەر لە ئیمزاکردن، ئەگەر کۆسرەت کشانەوەی خۆی لە جێگری "سەرۆکی هەرێم" ڕابگەیاندایە! لە ڕاستیدا ئەمە دەبوایە مەرج و چاوەڕوانیی لایەنی کەمیی بزووتنەوەی گۆڕان بوایە و یەکەم تاقیکردنەوە بوایە ڕوو لە ڕاستگۆیی یەکێتی یا پێچەوانەکەی. کە کۆسرەت ڕەسوول ئەوەشی دەکرد، کە هەڵبەتە نەیکرد، بێگوتایە کە ئەم دەستلەکارکێشانەوەیەم دژی هیچ کەس و حزبێک نییە،

بەڵکو بۆ ئەوەیە تەکانێک بە دۆخەکە بدەم و **دەرچەیەک بەرەو چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکەمەوە!** کە ئەمەش نەکرا، هەر زوو ئەمە گران کەوت لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان! دواجار زۆر بە ڕاشکاوی دەیڵێم بەندە خنکانێکی مشەرەف و شەرەفمەندانەم لا باشترە لەوەی لە ترسی خنکان دەست بە مارەوە بگرێت! ئەم بۆچوونە دەکرێ بە تایبەتی ڕاست بێت بۆ ئەو هێز و کارەکتەرانەی کە بە لایانەوە گرنگە لە سیاسەتدا بەهاکان بەرز ڕابگرن و سازشیان لەسەر نەکەن. جگە لەوەش، پێویست بوو ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە بزووتنەوەکە نەک هەر بە هۆی ڕێککەوتنەکەوە جوانییەکانی ڕابوردووی لە دەست نەدا، بەڵکو ڕێگە لە بەردەمیدا والا بێت بۆ بەدەستهێنانی جوانیی زیاتر لە داهاتوودا.

پرسیارێکی زۆر گرنگ ئەوەیە ئاخۆ تۆ دەتوانی بەرەو ڕووی ناشەرعییەت ببیتەوە لە ڕێگەی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ناشەرعییەتێکی دیکەدا؟ ئاخۆ چڵکن بە چڵکن پاک دەکرێتەوە؟ گومان دەکەم! زۆر جار لە سیاسەتدا کەسەکان بە ئاسانی ئەوە لە بیر دەکەن کە هێزە سیاسییەکان تەنها لە ژمارەی چەکدارانیان و ژمارەی ئەندامانیان و سەرمایەی مادی و دەوڵەمەندییانەوە هێز وەرناگرن، بەڵکو دەکرێ بەهاکان بە هەمان ڕادە و هەندێک جار زیاتریش، ببن بە سەرچاوەی هێز و توانست بۆ هێزێکی سیاسی (بزووتنەوەی گۆڕانیش خۆی تا ئێستا نموونەیەکی زیندوو بووە، چونکە ئەم بزووتنەوەیە بەر لە هەر شتێک پشتئەستوور بە بەهاکانی ئەرزەژی (بوومەلەرزە)ی

٢٠٠٩/٧/٢٥ی دڕوست کرد: بەو واتایەی کە ئەم بزووتنەوەیە لە یەکەم هەڵبژاردنیدا توانیی بیست و پێنج کورسیی پەرلەمان بە دەست بهێنێت!). ناکرێ لەپێناوی بەدەستهێنانی هێزێکی چەندێتیدا ئامادە بیت سازش لەسەر هێزی بەهاکان و هێزی مۆرالْ بکەیت، چ جای ئەوەی ئەم هێزە چەندێتییە تەنانەت هێزێکی "ناشیرین"یش بێت: ئەوەتا دەرهاویشتەکەی، هەر وەک لە سەرەوە گوترا، ئەوە بوو کە ناشیرین جوان کرا، جوانیش ناشیرین کرا! ٤) زۆر گرنگ بوو کە بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتادا ئەوەی بزانیایە کە ململانێی (تۆ بڵێ شەڕی) ئەو هێزە بە تەواوەتی دوو جۆرە: أ) ململانێی گۆڕان لەگەڵ پارتیدا لەسەر سیستەمی سیاسییە؛ بەڵام ب) ململانێی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ یەکێتیدا زیاتر لەسەر دەنگدەرە. لە ڕووی دەنگدەرەوە، نەک هەر سنووردێکی دیاریکراو و زۆر جیاکەرەوە لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیدا نییە، بەڵکو دەنگدەرەکانیان زۆر جار هاوبەشن و بەم واتایەش زۆرێک لە دەنگدەرانی گۆڕان دەکرێ لە جاری داهاتوودا دەنگ بە یەکێتییەکەی جارانی "خۆیان" بدەنەوە. بەم واتایەش، لە کاتی ڕێککەوتندا لەگەڵ یەکێتیدا هێزت کۆ کردەوە بەرامبەر بە پارتی، بەڵام لەولاشەوە هەر بە هۆی ڕێککەوتنەکەوە هێزت لە دەست دا لە ململانێتدا لەسەر دەنگدەر؛ ٥) پێم وانییە یەکێتی حزبی بنەماڵە نەبێت. بەم واتایەش گومان دەکەوێتە سەر شەرعییەتی ئەو حیکمەتەی کە دەخوازێ بڵێ "من بە بنەماڵەیەک دەسەڵات و هەژموونی بنەماڵەیەکی دیکە لەناو دەبەم." هێرۆ خان دوو جار

بنەماڵەیە، جارێکیان کچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە و جارێکیشیان خێزانی مام جەلالە؛ قوباد تاڵەبانی دوو جار بنەماڵەیە، نەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە و کوڕی مام جەلالە... پارادۆکس لەوەدایە کە خودی پارتی و خانەوادەی بارزانی لە بەرژەوەندییاندایە بنەماڵە لە ناو یەکێتیدا بەهێز ببێ: چونکە یەکەم، ئەو شەرعییەتە لە یەکێتی دەسەنێتەوە کە سالانێکی زۆر شانازیی یەکێتی بووە و بەمەش گوایە زۆر جیاواز بووە لە پارتی، چونکە حزبی بنەماڵە نییە؛ دووەمیشیان، هەر ئەو بەهێزبوونەی دەسەڵاتی بنەماڵەیە لە ناو یەکێتیدا کە شەرعییەتی بنەماڵە لە ناو خودی پارتیدا بەهێزتر دەکات؛ ٦) لەبری ئەوەی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی وەک **موئامەرە** لەسەر پارتی ببینرێ، کە ئەمەش حاڵەتەکە بووە، هەر نەبێ لە سەرەتادا، لە دیدی پارتییەوە، دەکرێ ئەم ڕێککەوتنە وەک "**پێلانگێڕی**" لەسەر خودی گۆڕان تەماشا بکرێ: ئەم ڕێککەوتنە دەخوازێ دەست و پێی گۆڕان ببەستێ و بێبەشی بکات لە بژاردە و "بڕیاری سەربەخۆ". بە واتایەکی دیکە، ئەوەی پارتی بە زۆرەملێ و زۆربۆهێنانی بەرامبەر بە گۆڕان بۆی نەچووە سەر، ئەوا بەم ڕێککەوتنە بۆی دەچێتە سەر، بە واتای **دەستبەستنەوە** و **بێهیمەتکردنی** گۆڕان لە ناوەندی خۆیدا، واتە لە سلێمانی و گەرمیان و جێگەکانی تری دەوروبەر...

ئاخۆ تا کوێ و چۆن یەکێتی، لەو حاڵەتەشدا کام "باڵی یەکێتی"، لەگەڵ کشانەوەی گۆڕان یان مانەوەیدان، ئەگەر لەگەڵ مانەوەی گۆڕانیشدان، چۆن و چییان پێ دەکرێ بۆ ئەوەی شتەکان وەک پێویست چارەسەر بکرێن؛ ئەگەر

ئەوەشیان پێ ناکرێ، بۆ دژی کشانەوەی گۆڕانن لە حکومەت؟ ئەی ئەگەر گۆڕان کشایەوە، بژاردەی ئەوان چییە و ئەوان چ شتێکیان پێ دەکرێ بۆ پشتگیریکردنی گۆڕان؟ ئاخۆ گۆڕان بەوە ڕازی دەبێت کە یەکێتی بەبێ گۆڕان لە حکومەتدا بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێککەوتنەکەی نێوانیان خەوش نەبووبێ و هەر وەک خۆی مابێتەوە؟ ئاخۆ گۆڕان بەوە ئیکتیفا دەکات کە یەکێتی بڵێ "**ئێمە پەیمان دەدەین شوێنەکانتان لە حکومەت پڕ نەکەینەوە و پۆستی پەرلەمانیش وەرناگرین**"، ئاخۆ گەر یەکێتی پەیمانێکی ئەوهاشی دا، ئەو کاتە دەبێ بپرسین ئاخۆ ئەم پەیمانە یا ئەم هەڵوێستەیە بە کەڵکی چی دێت؟ مانەوە یا نەمانەوەی یەکێتیی نیشتمانی لە حکومەتدا زیاتر گرێدراوی ئەو بەرژەوەندییە ماددییانەیە کە ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارانی ئەو حزبە لەگەڵ پارتی و خانەوادەی بارزانیدا هەیانە، نە دیمۆکراتی و نە بەرژەوەندیی نیشتمانی و خێروخۆشیی نەتەوە و نە ئاشتەوایی نیشتمانی![1] هەڵبەتە لەم بۆچوونەمدا

[1] هەر بۆ بیرخستنەوە، بەندە لە سەرەتای مانگی یەکی ٢٠٠٤دا لە هۆڵی گەلاوێژ لە سلێمانی، لە کۆڕێکدا باسی ئەوەم کرد کە لە داهاتوویەکی نزیکدا مەترسیی هەرە گەورە لەسەر ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستان، ئەو توێژە لە دەسەڵاتدار دەبێ، کە دەستێکی لە ناو سیاسەتدایە و دەستێکیشی لە ناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا. مەلا بەختیار کە یەکێک بوو لە ئامادەبوان، بە بێزارییەکەوە، بەڵام بە ڕێزەوە، هەڵسایەوە و گوتی هەموو میللەتانی دونیا پێویستیان بە گەشەکردنی بۆرژوازیی نیشتمانی هەیە و ئێمەی کوردیش پێویستیمان بەو بۆرژوازییە هەیە! سەیرە، کەم یا زۆر دە ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە، هەر مەلا بەختیار دەرک بە هەمان مەترسی دەکات و بە بێزارییەکەوە دەڵێ ژێرزەمینیش نەما پڕی بکەن... ئەمڕۆ ساڵانێک دوای

کادره مامناوەندییەکان و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە جیا دەکەمەوە، کە پڕن لە لەشکرێک کەسانی دڵسۆز، بەڵام ئەم لەشـــکرە لە بەرامـــبەر "جەبەرووت و بێبـــاکی"ی سەرکردەکانیاندا بێدەسەڵاتن!

تـا ئێسـتا ڕێککەوتنـی یەکێتـی و گـۆڕان بە چەنـد تاقیکردنەوەیەکدا تێ پەڕیوە، لە هەمووشیان گرنگتر، هیی پارێزگـاری سلێمانی و بەشداریکردنی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە شاندی مەسعوود بارزانیدا بۆ بەغدا. بە بۆچـوونی خـۆم، کێشـەی پارێزگـار، لە باشـترین حاڵەتـدا، نیوەچارەســـەر یـــا چارەکەچارەســـەری بـــۆ کـــراوە، نەک چارەسەری تەواوەتی. جارێکی تریش دەپرسم ئاخۆ شـەڕ لەسەر پارێزگاری سلێمانی ئەوەندەی دەهێنا، کاتێک دەزانین کە کۆمەڵێـک ڕەهەنـدی یاسـایی و ئیـداری هەیە کە پـارتی تێیانـــدا کـــاریگەر و باڵادەســـتە تـــا یەکێتـــی یـــا گـــۆڕان: سـەرۆکایەتیی هەرێـم داگیـر کـراوە، ئەنجـوومەنی وەزیـران داگیـر کـراوە، وەزارەتـی نـاوخۆ داگیـر کـراوە و... ئـاخر پارێزگـاریش ڕێگـە و کـاری دەکەوێـتە لای هەمـوو ئەمـانە! مەسـەلەکەی تریشـیان بەشـداریی یەکێتـی بـوو لە وەفـدی مەســـعوود بارزانیـــدا بـــۆ بەغـــدا. بەنـــدە پـــێم وایە ئەمە ڕووداوێکـی هەر وا هـاکەزایی و بێگوناهـ نەبـوو. مەکتەبـی سیاســـی، بە هەردوو بـــاڵەکەیەوە، بـــاش دەزانـــێ کێشـــەی شـــەرعییەت هەیە، بـــاش دەزانـــێ یەکێتـــی لە ڕێککەوتنـــدایە لەگەڵ گۆڕانـــدا و باشـــیش دەزانـــێ کە ڕێککەوتـــنەکە وا

جێگیربوونی ئەم دیاردەیە وەک شێرپەنجە لە جەستەی حزب و دەسەڵاتدا، ئیتر زۆر درەنگە!

دەخوازێ هیچ لایەکیان نابێ کارێکی تاکلایەنەی ئەوها بکات کە لەگەڵ ڕۆح و پرەنسیپەکانی ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتیدا نەگونجێت.

لایەنێکی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە گۆڕان لە دۆخێکی ناچاریدا، یا تۆ بڵێ نزیک لە ناچاریدا، بوو کاتێک، هەر بەم هۆیەوە، ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتیدا ئیمزا کرد. مەبەستێکی سەرەکییش، هەر وەک سیاسەتی ڕەسمیی ئەم هێزە گوزارشی لێ داوە، **ڕاستکردنەوەی تای تەرازووی هێز بوو** لە هەرێمی کوردستان. دیارە هەر لەو سەروبەندەدا و هەر بە هۆی ئەو "ناچارییە" بوو کە باسوخواسی ئەوە هاتە گۆڕێ کە "دەبێ گۆڕان خۆی پڕچەک بکات." هەر زوو بەندە لە کۆڕێکمدا (لە گردی زەرگەتە - هۆڵی کۆنفرانسەکان) لە ٢١ی مانگی دیسەمبەری پار (٢٠١٥)دا گوتم: بە یەکێک لە چوار شێوە گۆڕان دەتوانێ خۆی چەکدار بکات، کە **هیچ کامیشیان قبوڵکراو نین و ناشبێ بکرێن**: ١) پاڵدانە هێزێکی ئیقلیمی؛ ٢) پاڵدانە بەغدا؛ ٣) بە قاچاغ فرۆشتنی نەوت و چالاکیی ئابووریی ڕەش و مافیائاسا؛ یا ٤) "پاڵدانە" یەکێتیی نیشتمانی. کە هەر چوار بژاردەشیان دروست نین و نابێ دەستیان بۆ ببرێ.[١] بەهەرحاڵ، ماوەیەکی کەم دوای داواکاری و بانگەشە بۆ خۆپرچەککردن، کەم یا زۆر، ئەم بانگەشەیە بێدەنگیی لێ کرا. لە لایەکی ترەوە، دیسانەوە بژاردەی چوارەم، ئەم جارەیان وەک **بژاردەیەکی سیاسی**، نەک سەربازی و

[١] بۆ بینینی ڤیدیۆی کۆڕەکە بڕوانە:
http://burhanyassin.com/Kor-Silemany%2012.2015.mp4

خۆپرچەککردن، یا هەر نەبێ ڕووە سەربازییەکەی وەک ڕوویەکی شاراوە و باسنەکراو لە ڕێککەوتنەکەدا، خۆی بەرجەستە کرد.

ئێستا دوای نزیکەی حەوت مانگ لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیدا، ئیتر کەم یا زۆر دەبێ باس لە دوو یەکێتی بکەین. جا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشێ: ئاخۆ ڕێککەوتنەکەی گۆڕان لەگەڵ هەردوو باڵەکەدا دەمێنێتەوە یا لەگەڵ یەکێکیاندا، لەم حاڵەتەدا کام لە باڵەکان؟ بە بۆچوونی خۆم، هیچ کام لە باڵەکان هیی ئەوە نین کە بزووتنەوەی گۆڕان بە هۆیانەوە موغامەرەی سیاسی بکات. کاتی ئەوە هاتووە گۆڕان لەبری ئەم دوو باڵە، ڕوو لە کادر و ئەندامەکانی هەردوو باڵەکەی یەکێتی بکات، هەر ئەو کاتەش دەتوانێ باشتر فشار بخاتە سەر خودی بژاردەی هەردوو باڵەکە!

٤-٢ بژاردەکانی دوای کشانەوە

بەر لە هەر شتێک، نابێ ئەوە بکرێ بە ڕێسایەکی سیاسی کە **ئەگەر هێزێکی سیاسی دەستی لە بژاردەیەک هەڵگرت، ئەوا بە زەروورەت دەبێ یەکسەر بژاردەیەکی دیکە ئامادە بێت**، ئەگەر نا، ئەو "بێبژاردەییە" دەبێت بە مەترسی بۆ سەر هێزە سیاسییەکە. لە ڕاستیدا زۆر جار **دەستهەڵگرتن لە بژاردەیەکی خراپ خۆی لە خۆیدا بژاردەیەکی باشە**! دەستهەڵگرتنێکی ئەوها دەبێت بە هۆی دەستوالابوونی ئەو هێزە سیاسییە و ئازادبوونی وزە و توانستەکانی بۆ خەملاندنی بژاردەیەکی دیکەی باش، یا هەر

نەبێ ڕۆیشتن بەرەو بژاردەیەکی باشتر. جگە لەمەش، زۆر جار دەستهەڵگرتن و کشانەوە لە بژاردەیەکی خراپ جارێ وەک سەرەتا، دانانی سنووردێکە بۆ ئەو زیانانەی کە لە ئاکامی وابەستەبوون بەو **بژاردە خراپەوە** بەر هێزەکە دەکەون؛ ئەم سنووردانانەش بۆ بژاردەی خراپ خۆی لە خۆیدا لە مەودایەکی مامناوەندی یا تەنانەت دوورمەوداشدا دەبێت بە دەسکەوت و بە قازانج بۆ هێزەکە دەشکێتەوە.

زۆر جار لە گفتوگۆکاندا باسی ئەوە دەکرێ کە دوای وازهێنان دەکرێ گۆڕان دەست بۆ شەقام ببات، بەو مانایەی کە پەنا بۆ هێزی جەماوەر لە بایکۆت و خۆپێشاندان و چەندین جۆر چالاکیی مەدەنی ببات. بەندە پێم وایە ئەمە قسەیەکی ئاسانە و بگرە لە ڕووی مۆرالی سیاسی و پرەنسیپیشەوە **دروستە**، بەو واتایەی کە ناکرێ خەڵکی خۆپێشاندان بکات و هێزە سیاسییەکانیش دەستەوەستان بن و خۆیان نەکەن بە خاوەنی خۆپێشاندانەکان. لە لایەکی ترەوە، زۆر جار وا دەبێت کە لە هەڵوێست و بۆچوونی دوو لایەنی دژ بە یەکتردا مەرج نییە بە زەروورەت لایەکیان ڕاست بکات و لایەکی تریان تەواو هەڵە. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە کە ئەوانەی دەخوازن بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا بچێتە ناو خەڵکەوە و ئەندامان و لایەنگرانی بچنە ناو خۆپێشاندانەکانەوە، ئەوانە ڕاست دەکەن، بەڵام ئەوانەشی دەڵێن ئەو ئاسانە نییە گۆڕان ببێ بە بەشێک لە خۆپێشاندانەکان، لەبەر زۆر هۆ، ئەوانەش هەر ڕاست دەکەن.

لەم بارەیەوە وا بزانم کوردستان حاڵەتێکی تایبەتە و لەم حاڵەتە تایبەتەشدا بنەماکانی دوو ئیدارەیی تا ئێستاش

کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەبووە لەسەر شێوازی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان: ناڕەزایەتییەکان زیاتر بەرامبەر بە پارتی و سیاسەتەکانی ئەو کراون، بەڵام لەبەر دەرگای (یا تۆ بڵێ لە "ناو ماڵی") یەکێتی و گۆڕاندا کراون. ڕێک ئەوە بوو هەر زوو مەترسییەکەی من لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا. لە کاتێکدا پێویست بوو ئەم خۆپیشاندانانە کاریگەرییان لەسەر پارتی هەبێ، کەچی دواجار، کەم یا زۆر، ئەم خۆپیشاندانە بە قازانج بۆ خودی پارتی گەڕانەوە. بەم واتایەش، تا ناڕەزاییەکان قوواڵایی زۆنی قەڵەمڕەوی پارتی دیمۆکراتی کوردستان نەگرنەوە، ئەوا هەرگیز کاریگەریی سیاسییانەیان نابێت و تەنانەت، هەر نەبێ لە ڕووی سیاسییەوە، نەکردنی لە کردنی باشترە! لە لایەکی دیکەوە، ئەمە واتای وا نییە کە هەتاهەتایە ئەم بژاردەیە هیی ئەوە نییە دەستی بۆ ببرێ، بەڵکو ئەوە دەبێ وەک ئەگەرێکی کراوە بێت و دوور نییە بە کاریگەریی هەندێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و لە ئاکامی کەڵەکەبوونێکی زیاتری بێزاریی خەڵکدا ناڕەزاییەکان بپەڕنەوە زۆنی پارتی!

٥-٣ هاوسەنگیی هێز

دیارە بە گشتی ئەستەمە باس لە سیاسەتکردن بکەیت بەبێ باسکردن لە **هاوسەنگیی هێز**. تێگەیشتن لە هاوسەنگیی هێز، لە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی، کارتێکردن و کاریگەرییەکان و یەکلاکردنەوەی هەڵوێست و بڕیارەکان، هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستن بە هاوسەنگیی هێزەوە. لە باشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە هاوسەنگیی هێز لە

بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە، نەک لەبەر ئەوەی بالادەستبوونی ئەو حزبە دەرهاویشتەی پرۆسە دیموکراتییەکانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم بالادەستییە بە هۆی لاوازی و غیابی پرۆسە دیموکراتییە ڕاستەقینەکانە. ئەو واقیعەی کە پارتی لە دوای ٣١ی ئاب بەرجەستەی کرد و هاوکاربوونی یەکێتی لەو بەرجەستەکردنەدا، بە تایبەتی بە هۆی خولیا و مەراقی مام جەلال بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار، هەروەها بەکارهێنانی "ترس و تەماح" لە لایەن پارتییەوە وەک دوو ئامرازی زۆر گرنگ بۆ سەرپێدانەواندن و کڕینی "خەڵک"، یارمەتیدەر بوون لە بەرهەمهاتنی ئەم حاڵەتی ناهاوسەنگییەدا. کرۆکی ئەو ناهاوسەنگییەش خۆی لەو ڕاستییەدا دەبێنێتەوە کە پارتی کەمینەیە لە پەرلەمان، بەڵام کەم یا زۆر ٨٠٪ی دەسەڵاتی جێبەجێکاری بە دەستەوەیە، هەر بەم هێزەشەوە دەتوانێ پەرلەمان پەک بخات و بە دەسەڵاتی ئەمری واقع هەرێمی کوردستان، زۆر یا کەم، تاکلایەنانە بە ڕێوە ببات!

بە بۆچوونی خۆم، ئێستا لە باسکردنی پێگەی پارتی، لە هاوکێشەی سیاسیدا، خەریکە سێ ڕەگەز گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرن: ١) پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی پارتی لەگەڵ تورکیادا؛ ٢) پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ بەغدادا؛ ٣) سەربەخۆیی ئابووری و مەسەلەی سەربەخۆیی سیاسی و جیاکردنەوەی کوردستان لە عیراق. جگە لەوەش، لە ئاستی کوردستانی مەزندا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئیتر هەژموونی پارتی لە کوردستانی مەزندا بوو بە بەشێک لە میژوو، چونکە ئەمڕۆ لەم ڕووەوە ئیتر پ.ک.ک هێزی

بالادەستە. لە تێرامانێکی گشتیی ئەم ڕەگەزانەدا، دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جارە، لە ماوەیەکی دووردرێژدا، هەست دەکرێ پارتی بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە خەریکە **دەکەوێتە ژێر فشاری گۆڕانکارییە عیراقی و ئیقلیمییەکانەوە.**

لەبارەی دوو ڕەگەز (عیراق و تورکیا) وا هەست دەکرێ کە پارتی لە نێوان هێزی مەد و جەزری بەغدا و ئەنقەرەدا خەریکە هەردووکیان لە دەست دەدات، یا هەر نەبێ، ئەم مەترسییە جددییە. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، ئەو هێزی مەد و جەزرە بیر دەخاتەوە کە بارزانیی باوک لە نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ (لە نێوان بەغدا و تەهراندا) تێی کەوت، بەڵام دواجار لە ١٩٧٥دا هەردووکیانی لە دەست دا: بە چڕی و بە کورتی، لە ئاداری ١٩٧٠دا حکومەتی عیراق (تۆ بڵێ سەدام حوسێن) کوردی لە شای ئێران سەندەوە، بەڵام لە ئاداری ١٩٧٤دا ئێران کوردی لە عیراق سەندەوە بۆ بەکارهێنانیان لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا لەسەر شەتولعەرەب، بەڵام لە ئاداری ١٩٧٥دا ئەم جارەیان عیراق ئێرانی لە کورد سەندەوە و بەم جۆرەش تەواوی بزاڤەکە بە سەرکردایەتیی بارزانی دووچاری شکست و هەرەسێکی مێژوویی بووەوە. ئەوەی لە سالانی دواییدا ڕووی داوە و ئێستاش بەردەوامە، ئەوە بووە کە ئەنقەرە کاری بۆ ئەوە کردووە کە کورد لە بەغدا بسەنێتەوە و مەبەستێکی سەرەکییشی بۆ بەتاڵانبردنی نەوت و غازەکەی بووە، لەم پێناوەشدا ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەردۆغان و نێچیرڤان بارزانیدا (تۆ بڵێ مالباتی بارزانی) مۆر کراوە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، کە ئەم ڕێککەوتنەش بوو بە هۆی ئەوەی

بارزانی کەم یا زۆر لە بەغدا بێمنەت بێت و هەر لەژێر ئەم کاریگەرییەشدا باس لە سەربەخۆیی ئابووری و بگرە سەربەخۆیی سیاسیی باشووری کوردستانیش بکات! لە لایەکی تر‌ەوە، بۆ سەندنەوەی کورد (تۆ بڵێ پارتی و بارزانی) لە ئەنقەرە، بەغدا دواجار شێوازی ناچارکردنی بەکار هێناوە لە ڕێگەی بڕینی بەشەبودجەی هەرێم لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابوردوودا. دوای ئەم دوو ساڵە و قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و بە کاریگەریی لاوازبوونی، یا هەر نەبێ پرکێشەبوونی، پێگەی تورکیا، ئەوا ئەم جارەیان بارزانی بەر لە شەڕی موسڵ دەچێتەوە بەغدا. بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆم، بارزانی نەیتوانی ئەوەی دەیخواست، لە ڕێگەی ئەنقەرەوە بە دەستی بهێنێت، بەڵام کەم یا زۆر بەغداشی لە دەست داوە. ئێستا هاوکێشەکە ئاسانە: پارتی ناتوانێ، بەم شێوەیەی کە هەیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرەدا لە یەک کاتدا باش بێت. لە لایەکی تر‌ەوە، پارتی **نە دەتوانێ بەو ئاسانییە دەستبەرداری ئەنقەرە بێت و نە بەو ئاسانییە بەغدا بە دەست بهێنێتەوە**. لەم سۆنگەیەوە و ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی باش بەردەوام بێ، ئەوا دەکرێ هێزە نەیارەکانی پارتی لە باشووری کوردستان لەسەر ئەم هاوسەنگییە نوێیە، کە لە بەرژەوەندیی پارتیدا نییە، "سیاسەت بکەن." بە تەقدیری خۆم، سەرکەوتنێکی گەورەی عیراق لە موسڵ، ئەنجامدراو لە کاتێکی کورتدا یا تەنانەت مامناوەندیشدا، دەتوانێ ئەم هاوسەنگییە تەنانەت زیاتریش لە زیانی پارتیدا بشکێنێتەوە. بەو واتایەی ئەم جۆرە سەرکەوتنەی عیراق لە

موسڵ به ئەگەری زۆرەوە پێگەی تورکیا وەها لاوازتر بکات، هەڵوێستی عیراق لە وەدەرنانی تورکیا لە عیراق ڕۆدتر و تونددتر بکات و بێمنەتبوونی بەغدا لە پارتی و بارزانی ببات ئاستێکی ترەوە. کەواتە لە چرکەساتێکی ئەوهادا، کاتێک پارتی ئەنقەرە و بەغدا لە دەست دەدات، ئەوا پێگەی پارتی دەکەوێتە مەترسیی جددییەوە. ئەگەرێکی دیکەی دوای موسڵ ئەوەیە کە پارتی و ناوچەی قەڵەمڕەوی ئەو حزبە لە لایەن هێزە شیعییەکانەوە بە ئامانج بگیرێن.

شتێکی یا ڕەگەزێکی هەرە گرنگ کە سێ ئاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە، نەوتە: ۱) مەلەفی نەوت لە ناوخۆی هەرێمدا ناشەفافە؛ ۲) لەگەڵ تورکیا بە مامەڵەیەکی ناشەفاف ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەی لەسەر کراوە و بازرگانیی پێوە دەکرێ (یا ڕاستتر، بە تاڵان دەبرێت)؛ ۳) لە ئاستی عیراقیشدا ناشەفافیی مەلەفی نەوت کۆمەڵێک کێشەی بۆ کوردستان و عیراق لێ کەوتووەتەوە. دیوی دیکەی ئەم سێ خاڵە ئەوەیە کە لە سێبەری ناشەفافبوونی نەوتدا پارتی 'ئیمپراتۆرییەت'ی خۆی بە ڕێوە دەبات کە بە ئەگەری زۆرەوە لە کاتی شەفافبوونی ئەم مەلەفەدا ئەم ئیمپراتۆرییەتە، ئەگەر بە تەواوەتیش نەهەرفێ وێ دانەڕمێ، ئەوا بێگومان زۆر لاواز دەبێ، لە ئاکامدا هاوسەنگیی هێز دەگۆڕێ. کەواتە هەندێک شت ڕێگرن لە شەفافبوونی مەلەفی نەوت کە دوانیان ڕاستەوخۆ زۆر گرنگن: یەکێکیان بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەو مەلەفەدا و دووەمیان ئیمپراتۆرییەتی ئابووریی پارتی و بەرژەوەندییە ئابووریيەکانی ئەم حزبە و بنەماڵە باڵادەستەکەی، کە لەسەر

ئەو مەلەفە ناشەفافە دەژین. کەواتە پارتی بە زۆر هۆ نە دەرفەتی شەفافکردنی ئەم مەلەفەی هەیە و نەش لە بەرژەوەندییەتی، لەبەر ئەوەشە هەرگیز ناخوازێ ئەم شتە ڕوو بدات. بەڵام وا هەست دەکەم بۆ یەکەم جارە خەریکە پارتی دەکەوێتە نێوان دوو بژاردەی یەک لە یەکتر خراپتر: بەردەوام بێت لە موغامەرەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا و ڕووبانی شکستێکی تری لە جۆری ١٩٧٥، یا ڕووکردنە بەغدا و بەمەش لەدەستدانی "خێروبێری" نەوت؟ هاوکێشەکە بۆ پارتی کێشەدار و قورسە. جگە لەوەش، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابووردوودا دەرکەوت کە ئەو پارەیەی کە پارتی لە مامەڵەی نەوتدا لەگەڵ تورکیادا دەستی دەکەوێ، دەکرێ بەشی پارتی بکات، بەڵام هەرگیز بەشی هەموو هەرێمی کوردستان ناکات، ئەمەش بارگرانی و کێشەیەکی تر بۆ پارتی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا.

ئەوەیشی کە زۆر نوێیە لە پەیوەست بە لاوازبوونی پێگەی پارتی و بارزانی لە بەغدا، ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار هەست دەکرێ ئیتر دوور لە ئیرادەی پارتی لە بەغدا، خەریکە شێوە پەیوەندییەکی دیکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا دروست دەبێ کە نەک هەر بە دڵی پارتی نییە، بەڵکو ڕێک ئەم پەیوەندییە نوێیە لە هەیمەنەی پارتی دەدات لە هەرێمی کوردستان، ئەم جارەیان لە ڕێگەی بەغداوە. ئەوەتا متمانەسەندنەوە لە هۆشیار زێباری و پێکهێنانی لیژنەیەک لە پەرلەمانی عیراق بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران، هێمای زیاتر لە گۆڕانکارییەکن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم ئەم

پێشـوەچوونە لە درێژبوونەوەیـدا دەتـوانێ زۆر شـتی تـر و هەنگاوی تر بەدوای خۆیدا بهێنێ کە دواجـار ببێت بە هـۆی لاوازبـوونی پـێگەی پـارتی لە هەرێمـی کوردسـتان. لەم بارەیەوە فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵام کۆمەڵ و یەکگرتووش، لە بەغدا لە ماوەی دواییدا جوولە و چالاکییەکی زۆر جیاواز و بەرچاویـان هەبـوو کە بە ڕادەی یەکەم بـوێرییەکی زۆری تێـدایە، بەو واتـایەی کە پێشـتر بەردەوام مەترسـیی ئەوە هەبووە کە هاوکاریکردن لەگەڵ بەغدادا، یـا سـوودوەرگرتن لە هێـز و توانـا دەسـتووری و دامەزراوەییەکـانی عیـراق لەپێناو گۆڕانکاری لە هەرێمدا، وەک دەرچوون لە یەکڕیزیی نیشتمانی و بگرە "خیانەتی نیشتمانی" لە قەڵەم بدرێت. من وا دەزانم بە تایبەتی چالاکییەکانی ئەم دواییەی فراکسیۆنی گـۆڕان لە بەغـدا نەک هەر بە شـێوەیەکی جـددی تەحەددای ئەو ترسـەی کـرد، بەڵکـو لەگەڵ سـەندنەوەی متمـانە لە زێبـاری و لەگەڵ دەسـتبەکاربوونی لیـژنەی پەرلەمـانی عیراقـی، لێکـۆڵینەوە لە مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردستان، **ئەم ترسـە تـا ڕادەیەکی زۆر تەجاوز کرا**: بـۆ یەکەم جار چەواشـەکاری و یاریکردن بە هەست و نەستی نەتەوەیـی و نیشـتمانی جێگـەی لەق دەبێـت، ڕێگـە بـۆ **سیاسەتی هاوتەریب**، واتە سیاسەتکردنی لایەنە کوردییەکان لە بەغـدا لە دەرەوەی هەیـمەنەی پـارتی دەکـرێتەوە. سـەرکەوتنی ئەم لیژنەیە لە کارەکانیدا دەتـوانێ یارمەتیدەر بێـت بـۆ کـرانەوەی کەنـاڵێکی زۆر گرنـگ بـۆ کاریگەریخستنەسەر هاوسەنگیی هێز لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەغداوە.

وا بـزانم، دوای کـاری ئەم لیـژنە پەرلەمـانییەی بەغـدا، ئەوەیە کە دەکرێ لە بەغدا هەوڵی پێکهێنانی لیژنەیەک بدرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبەتە ئەگەر ئەو لیژنەیەی پێشتر (واتە هیی لێکۆڵینەوە لە مووچە) گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە قەیرانـی سـەرۆکی هەرێـم و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان دوو هۆکاری سـەرەکی و دانەبـڕاون لە کێشـەی مـووچەی فەرمـانبەران. دەکـرێ، بـۆ نموونە، بە ئاسانی بڵێین کە نەبوونی چاودێریی پەرلەمانی ئاسانکارییەکە بۆ ئەوەی حکومەت بە هەوەسی خۆی مامەڵە بە مەسـەلەی مـووچەی فەرمـانبەرانەوە بکـات. لە ڕاسـتیدا نەبوونی چاودێریی پەرلەمانی دایکی زۆرێک لە کێشەکانە لە هەرێمـــی کوردســـتان، لەوانەش، کێشـــەی مـــووچەی فەرمـانبەران، هەر ئەم بەهـانەیەش دەکرێ زۆر بەهێـز بێت بۆ خستنەڕووی کێشەکە بەم شێوەیە لە بەغدا!

٦-٣ ڕاگەیەنراوەکەی مەسعوود بارزانی

جێگـــەی سەرســـووڕمان و تێڕامـــانێکی زۆرە کە ڕاگەیەنراوەکەی مەسعوود بارزانی دوو هەفتە بەر لە ئێستا، ئەگەرچـی لە ڕاسـتیدا لە ڕووی نـاوەڕۆکەوە هـیچ شـتێکی نوێی تێدا نەبوو، بەڵام دیسان بوو بە جێگەی کاردانەوە و بگـرە پێداهەڵـدان و بە پۆزەتیـف خوێنـدنەوە. هەر زوو بەر لەوەی خـــودی پـــارتی هەڵوێســتێکی ڕوونـــی دەربـــارەی ڕاگەیاندنەکە پیشان دابێت، هێزەکانی دیکە کەوتنە دەرکردنی بەیاننـامە و ڕاگەیانـدن وەک ئەوەی شـتێکی گرنـگ ڕووی دابێـت: لە جـۆری ئەوەی ئێتـر فەرمـوو ئەوەتـا پـارتی و

بارزانی دەستپێشخەرن و ئەوەی ماوەتەوە، تەنها وەڵام و کاردانەی پۆزەتیڤانەی لایەنەکانی تره؛ ئەگەر ئەمەش ڕووی دا، ئەوا کێشەکان چارەسەر دەبن! هەرچەندە ئەم وتارەی بەردەست ناخوازێ زۆر لەسەر ئەم ڕووداوە بوەستێ، بەڵام بە بۆچوونی خۆم، بەیاننامەکان، بە هیی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە "وەهم"ی بالادەستبوونی پارتی وەهم نیە، بەڵکو ڕاستییەکە کە هێزەکانی دیکە قبووڵیانە و جار دوای جار ئەو وەهمە پشتڕاست دەکەنەوە. لەم دەرفەتەدا دەتوانم ئەوە بە دڵنیاییەوە بڵێم کە ڕاگەیەنراوەکەی بارزانی نەک هەر نوێ نەبوو، بەڵکو زۆرێک لە یاری و شتە کۆنەکانی پشتڕاست کردەوە، کە زۆرێکیان تەنها چەواشەکارین، تەنها بە کەڵکی بەلارێدابردن دێن! سادەییەکی زۆرە گەر هەندێک لایەن هەبن وا تێ بگەن کە ئیتر ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا دەشێ چارەسەر بێت بۆ قەیرانی ئابووری، بە تایبەتی کێشەی مووچەی فەرمانبەران. لە لایەکی تردەوە، ئەم بۆچوونە لە باشترین حاڵەتدا بێبنەمایە، تەنانەت پێشتریش کە هەموو لایەنەکان لە حکومەتی "بنکەفراوان"دا بەشدار بوون، دیسانەوە قوتی خەڵک هەر لە دەستی پارتیدا بوو، ژمارە و دەرامەدەکان لە دەستی وەزیری دارایی دا نەبوون. بەم واتایەش، گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بەم شێوەیەی کە دوای ڕاگەیاندنەکە دەستی پێ کردووە، تەنها دەبێت بە هۆی بەرجەستەکردنی دەسەڵات و بالادەستیی پارتی بەسەر ئەوەی ببێت بە فاکتەری چارەسەرکردنی کێشەکان. تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی ئێستا، دوای ڕاگەیەنراوەکەی

بـارزانی، ڕوو دەدات، پشتڕاسـتکردنەوەی **تراژۆکـۆمی** (لە هەمـان کاتـدا تراژیـدیا و کۆمیـدیا)ی هەرێمـی کوردسـتانە: "مەسـعوود بـارزانی دەستپێشـخەریی هەیە، بەڵام حـزبەکەی بە دەستی بەتاڵەوە هاتووە سەردانی حزبەکان دەکات": وەک ئەوەی پـارتی بەم شـێوەیە بە لایەنەکـان بڵێـت "کێشـە لای ئێـوەیە، هەر ئێـوەش دەبـێ پێشـنیازی چارەسـەر بـۆ ئەم بارودۆخە بکەن." ئەمەش بەشێکی گرنگی کۆمیدیاکەیە.

٤- دەرەنجام

بەستنی کۆبوونەوەی پەرلەمـان لە دەرەوەی هەولێر، بەبـێ پـارتی (یـا ڕاسـتتر، تـۆ بڵـێ بە ڕەغمـی پـارتی) هەوڵێکـی سـەرنەکەوتووە. لە حـاڵەتی بە "ڕواڵەت" سەرکەوتنیشیدا، ئەوا لە هاوکێشەی سیاسیدا (تۆ بڵێ لە هاوسـەنگیی سیاسـیدا) زۆر شـت نـاگۆڕێ و بە ئەگەری زۆرەوە دواجـار دەبـێ بگەڕێیـتەوە و لە چوارگۆشـەی ژمارە یەکەوە دەست پێ بکەیتەوە، ئەو چوارگۆشـەیەی کە پارتی لەسەری وەستاوە و دەیەوێ هەموان پەلکێشی ئەوێ بکات، چوارگۆشەی گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕاندا بەر لە کاراکردنەوەی پەرلەمان!

هەوڵـی سـازکردنی کۆبـوونەوەی پەرلەمـان لە دەرەوەی هەولێر، بە ڕەغمی پارتی، زیاتر لەم مەسەلەیە دەچێ تا هەر شـتێکی تـر: ئەوەی بە تـووڕەیی هەڵسـێ، بە دۆڕاوی دادەنیشێ! بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان و بزووتنەوەی گۆڕان و بەڕێزانـی دیکە لە فراکسـیۆنە جیاجیاکـان پێویستیان بەم "تووڕەبوونە" نییە.

بەندە پێم وایە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت پێویستە، جگە لە ڕەهەندی کێشەکانی هەرێم، چەند ڕەهەندێکی دیکەش لە خۆ بگرێ: ١) هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئەم هەنگاوە بۆ ئەوەی گۆڕان لەگەڵ خۆیدا ئاشت ببێتەوە، بەو واتایەی کە دەنگێکی ناڕازی لە ناو بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتادا هەبوو لە بەشداریکردنی بزووتنەوەکە لە حکومەت و لە کاتی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت، هەر نەبێ دوای ئەم هەموو ماوەیە، ئەو دەنگ و کەسانەی کە هەر لە سەرەتادا گومانیان لە حیکمەتی بەشداریکردن لە حکومەتدا هەبوو، ئەوەیان بۆ پشتڕاست بکرێتەوە کە هەر لە سەرەتاشدا حسێب بۆ ڕای ئەوان کرا، بەڵام بە تایبەتی ئێستا ڕاستی و دروستیی ئەو ڕایەی ئەوان پشتڕاست بووەوە! ٢) هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە بە بڕیاری کشانەوە یا نەکشانەوە، ڕێککەوتنەکەی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیدا بە جددی **تاقی بکرێتەوە**؛ ٣) لە کاتی بڕیاردان لەسەر کشانەوە، دەبێ هەوڵ بدرێ کە کشانەوەی کرداریی گۆڕان لە حکومەت، لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە، **لەسەر پارتی گران بکەوێ**! بۆ ئەوەش، وا باشە کشانەوەکە کتوپڕ نەبێت، بەڵکو لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان بخرێنە بەردەم بژاردەی کشانەوە یا نەکشانەوە و لە حاڵەتی ئەوەی یەکگرتوو و کۆمەڵیش بڕیاری کشانەوەیان دا و گۆڕانیان بە تەنیا جێ نەهێشت، ئەوا ئەسەری کشانەوە قورستر دەبێت. بۆ ئەوەش پێ دەچێ وا باش بێ کە گۆڕان لە ڕۆژی بڕیاری کشانەوەدا دوو یا سێ هەفتە وەک مۆڵەت دابنێ بۆ لایەنەکان: یا ئەوەتا بەبێ دواکەوتن (بەبێ هیچ مەرجێک) و بەپێی نەخشەڕێگەیەک پەرلەمان کارا دەبێتەوە و وەزیرەکان دەچنەوە سەر کاری

خۆیان و... یا ئەوەتا لە حاڵەتی تردا دوای ئەم مۆڵەتە، بەبێ سێ و دوو، گۆڕان لە حکومەت دەکشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشی پێشبینی دەکەم کە هەر نەبێ کۆمەڵ ئەم بژاردەیە، واتە بژاردەی کشانەوە، بە جددی وەربگرێ و لە ناو خۆیدا گفتوگۆی لەسەر بکا و بەڵکو بڕیاری کشانەوەش بدا، بەڵام وا دەزانم بە هەر بیانوویەک بێت، بژاردەی یەکێتی مانەوە دەبێت لە حکومەتدا: یەکێتی (یا هەر نەبێ سەرکردایەتییەکەی) ڕێک وەک پارتی بووە بە حزبێکی بەرژەوەندیخواز و خودی حزبەکە بەبێ داهاتێکی زەبەلاح (تۆ بڵێ ئابووریی ڕەش) ناتوانێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بژی. ئەم دوو حزبە هێزی ئابووریی خۆیان بە ڕێگەی "بوون لە دەسەڵاتدا و بەکارهێنانی خراپی ئەو دەسەڵاتە دەستەبەر دەکەن". هەر لەبەر ئەوەش، بەبێ ئەوە ژیانی ئەو دوو حزبە و دەزگا زەبەلاحەکانیان ناتوانن بەردەوام بن، لەگەڵ شەفافبوونێکی بە تەواوەتیدا ناژین!

پێم وایە لەبری کاتکوشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەبژێری (واتە سەرکردایەتیی) یەکێتی (کە لە ڕاستیدا کێشەی یەکێتی هەر خودی ئەو دەستەبژێرەیە)، کاتی ئەوە هاتووە ئیتر گۆڕان بیر لە بژاردەی ڕووکردنە کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی بکاتەوە، کە خۆشیان (واتە کادر و ئەندامانی ئەو حزبە) بە دەست ناکارامەیی و پڕکێشەیی ئەو دەستەبژێرەوە دەنااڵێنن. یا هەر نەبێ، لە قۆناغی یەکەمدا گۆڕان بە ڕوونی ئەو پەیامەی بە یەکێتی گەیاندبێ کە ئەگەر گۆڕان لە دەستەبژێر بێهیوا بوو، ئەوا

بـۆی هەیە ستراتیجیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیدا بە تەواوەتی بگۆڕێ: **پشت بکاتە دەستەبژێر و ڕوو بکاتە کادر و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبە!**

نابێ ئەوە قبووڵ بکرێ کە یەکێتی لە هەمان کاتدا لەگەڵ ناشەرعییەتدا بێت و لەگەڵ شەرعییەتیشدا بێت، ڕاگەیاندن و هەڵوێستێکیان لەگەڵ شەرعییەت و ڕاگەیاندن و هەڵسوکەوتێکی تریشیان لەگەڵ ناشەرعییەتدا بێت. هەندێک لە سەرکردەکانی پێیان وابێ قسەکانی مەسعوود بارزانی "پیرۆزن وەک ئایەتی قورئان"، بەڵام لەگەڵ گۆڕانیشدا کۆک بن لەسەر هەندێ پرەنسیپ و **بەهای جوان**. گۆڕان هەم لە ناشیرینبوونی خۆی، بە هۆی ئەم ڕێککەوتنەوە، زەرەر دەکات و هەمیش لە جوانبوونی ناشیرینەکان (ناشیرینەکانی دەستەبژێری ناو یەکێتی)! جگە لەوەش، نەوەی نوێ لەم جۆرە شۆڕشگێڕانەی دوێنێ (کە قسەکانی کەسێک، کە بە زۆر خۆی وەک سەرۆکی هەرێم سەپاندووە، بە پیرۆز ناو دەبەن) ماندوو بووە. کەمترین ڕادەی متمانەی بەم جۆرە "شۆڕشگێڕانە" نیە، کە پێش نیوەڕۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپی **جوان** ڕێک دەکەون، بەڵام هەر دوای نیوەڕۆکەی دەست لە ناو دەست لەگەڵ ناشەرعییەتدا، بە ڕەمزی ناشەرعییەت دەڵێ قسەکانی پیرۆزن و ئایەتی قورئانن! ئەگەر گۆڕان دەخوازێ دواڕۆژی هەبێ، نابێ نەوەی نوێ بگۆڕێتەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم جۆرە "شۆڕشگێڕە" ناڕاستگۆیانەدا.

پاشکۆکان

پاشکۆی یەکەم
ڕاگەیەنراو:
پشتگیریم لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس[1]
۲۰۲۰/۱/۲

دوای ماوەیەکی زۆر لە دوودڵی و چاوەڕوانی، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا و چوونە ناو حکومەت، بڕیاری کۆتایی خۆم دا کە چیتر لە دوور و نزیکەوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان نەکەم.

هەر بۆ بیرهێنانەوە، کۆتا پشتگیریم لەو بزووتنەوەیە، لە پەیوەندیدا لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی پەرلەمانی کوردستاندا بوو، کە لە وتارێکمدا لە ڕێکەوتی ۲۰۱۸/۹/۱۹دا بە ناوی *هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕییانێکی چارەنووسساز: تونێلێکی تاریکتر یا*

---

[1] ئەم ڕاگەیەنراوە بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۱/۲ لە مالپەڕی کەسیم بڵاو کراوەتەوە:
https://burhanyassin.com/Rageyendrawek%2022.pdf

تروسکاییەکی هیوابەخش، بڵاوم کردەوە. بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئەم ڕاگەیەنراوە بە ڕوونی بگات و باشتر ئامانج بپێکێ، دەخوازم ڕاگەیەنراوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەمەوە:

یەکەم

ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، خواستێک هەبوو لە لایەن بەشێک لە گۆڕانخوازان کە سەردانی گردی زەرگەتە و بە تایبەتی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بکەم. بەڵام کاردانەوەی بەندە لەمەڕ ئەم خواستە، ئەوە بوو کە خۆم هەر زوو بڕیارم داوە و بە تەواوی هۆشیاریی خۆم سەردانی نەشیروان مستەفا بکەم و دەستی ماندووبوونی بگوشم، پیرۆزبایی ڕاگەیاندنی لیستەکەی لێ بکەم و **تەنانەت پشتگیریی خۆمی پێ ڕابگەیەنم**. ئەم هەڵوێستەی بەندە، هەر لە سەرەتاوە، متمانەیەکی قووڵ و جێگیر و بەهێزی، لە نێوان نەوشیروان مستەفا و زۆرێک لە گۆڕانخوازان لە لایەک و بەندە لە لایەکی دیکەوە، بەرجەستە کرد.

بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی لە ١٩٩٢دا، بەردەوام دەنگێکی ڕەخنەگر بووم و بۆچوونی خۆمم لەمەڕ چارەسەرەکان هەبووە. بەهەرحاڵ، وا دەزانم ئەم چیرۆکە دەربارەی هەڵوێستەکانی بەندە بەر لە ٢٠٠٩ بۆ زۆرێک لە خوێنەرانی ئەم ڕاگەیەنراوە زانراوە. لەبەر ئەوە، دەتوانم بە ئاسانی و

بە وێژدانێکی زیندووەوە بڵێم کە بەندە هەر لە سەرەتاوە، واتە هەر لە ١٩٩٢ەوە تێبینیی جددیم لەسەر ئەم دەسەڵاتە هەبوو و هەر لە سەرەتاشەوە دەنگێکی ئۆپۆزیسیۆن بووم. لە ڕاستیدا هەر لە ڕۆژی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا، لە سیمینارێکدا کە لەسەر بانگهێشتی بەندە ڕێک خرابوو لە شاری لوند لە سوید، وتم "نە ئاشتی و هاوپەیمانییەکانی یەکێتی و پارتی لەگەڵ یەکتر و نە شەڕەکانیان بەرامبەر یەکتر، بە کەڵکی کورد نایەن." واتە هەر لە سەرەتاوە لەو کەسانە نەبووم کە خۆشبین بوون بە دامەزرانی ئەم دەسەڵاتە، بەڵکو تەنانەت زۆریش ڕەشبین بووم... هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش، دوودڵ نەبووم لە داخستنی هەر دەرگایەک کە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە ڕوو بە بەندەدا کردبێتیانەوە.

زۆر بە کورتی و بە چڕی، ئەو کێشانەی دەسەڵاتی کوردی کە نەوشیروان مستەفا لە ناو یەکێتییەوە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی کوردییەوە دەیبینین و دەیخواست هەر لە ناوەوەدا (واتە لە ناوخۆی حزب و بە ڕێگەی حزب) چارەسەریان بکات، بەندە شان بە شانی زۆرێک لە نووسەران، ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد لە دەرەوەی چوارچێوە حزبییەکاندا باسمان دەکرد و بەپێی تواناش کارمان (لە ڕێگەی هەوڵ و پێشنیازی جۆراوجۆر) بۆ چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەم کێشانە دەکرد. هاتنەدەرەوەی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتیی نیشتمانی، دوو بێهیوابوونی ئاشکرا و والا کرد، هەر زووش

هەردووکیانی یەکانگیر کرد: بێهیوابوونێک لە ناو حزب (واتە لە ناو یەکێتیی نیشتمانییەوە) و یەکێکیش لە دەرەوەی حزب. بە واتایەکی دیکە، دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان جۆرە "**هاوپەیمانییەک**" بوو لە نێوان دوو ڕەگەزی گرنگدا: لە لایەک بێهیوابووەکان لە دەسەڵاتی کوردی کە لە قووڵایی منداڵدانی حزب، واتە لە یەکێتی، دەرچوون، لە لایەکی ترەوە بێهیوابووەکانی دەرەوەی حزب. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی کێشە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەم هاوپەیمانییە لە بەر چاو بوون و خۆشم هەر زوو لە وتارێکمدا بە ناونیشانی "*باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزەڕەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا*" ئاماژەم بۆ کۆمەڵێک ئاڵنگاریی بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان کردبوو، کە یەکێکیان پەیوەندیی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە سەرەکییە بوو کە گۆڕانیان پێک دەهێنا، واتە ئەوانەی کە لە یەکێتی جیا بووبوونەوە و ئەوانەی کە لە دەرەوەی حزب بوون و هیچ وابەستەییەکی حزبییان نەبوو.[1] تا ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە ژیاندا مابوو، کێشەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە، ئەگەر بە تەواوەتی چارەسەریش نەکرابن، ئەوا بێگومان بە کاریگەری و لێهاتوویی خۆی توانیبووی کۆنترۆڵی ئەم پەیوەندییە پڕ لە کێشە و ململانێیە بکات، ئەگەرچی تەنانەت لە کاتی ئەویشدا ئەو کۆنترۆڵە سەد لە سەد نەبوو. بەهەرحاڵ، دوایی دەرکەوت کە کێشە نەک هەر لە نێوان ئەوانەدا بوو کە لە لایەک لە حزب دەرچووبوون و

[1] بڕوانە د. بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزەڕەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا"، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩.
http://burhanyassin.com/Helbijardinckan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

ئەوانەی لە لایەکی دیکەوە لە دەرەوەی حزب بوون، بەڵکو لە ناو ڕەگەزی حزبی و لە ناو ڕەگەزی ناحزبییشدا کێشە و ململانێ سەریان هەڵدا، بە تایبەتی دوای نەمانی ڕۆڵ و کاریگەریی نەوشیروان مستەفا.

دووەم

لای هەندێک لە گۆڕانخوازان و لە ئاستی بەرپرسیاریی جیاجیادا، تەنانەت بەر لە کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفاش، هەست و نیگەرانییەک هەبوو کە یەکێک لە کێشەکان، کە دوای کۆچی دوایی ئەو سەرهەڵدەدات، خاوەنێتیی ئەو سەروەت و سامان و مواڵکە جێماوانە دەبێت، بە تایبەتی خاوەنێتیی گردی زەرگەتە... لە ڕاستیدا زۆری نەبرد و هەر زوو، دوای سەفەری بێگەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، ئەم کێشەیە و ڕۆڵ و کاریگەریی کوڕەکانی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا سەریان هەڵدا و بوون بە ڕەهەندێکی گرنگ لە ململانێکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕاندا. بەهەرحاڵ، هەر زوو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم کێشەیە بوون بە ڕاستییەک و لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی زۆرێک لە گۆڕانخوازاندا ڕەنگی دایەوە، تا ئێستاش ئەم حاڵەتە نەک هەر بەردەوامە، بەڵکو تەنانەت لە تەشەنەکردندایە. لەگەڵ ئەوەشی کە ئەم کێشانە و ڕەهەندە مەترسیدارەکانی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژ دوای ڕۆژ قوواڵ دەبوونەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەنگاوی جددی نەنراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و ڕێگرتن لە ئەگەری

ئەوەی ئەم کێشـــــانە بزووتنـــــەوەکە بەرەو هەڵـــــدێرێکی کارەساتئامێز ببەن!

لەم بـارەیەوە دەکـرێ بە ئاسـانی بڵـێم کە بێـویژدانییەکی زۆرە ئەگەر هەر زوو بگـوترێ بـزووتنەوەی گـۆڕانیش بە دەردی پـارتی و یەکێتـی چـوو، بەو واتـایەی گـۆڕانیش وەک ئەو دوو حـــزبە بە بنەمـــاڵە کـــراوە. لە بەرامـــبەردا بەهەندوەرنەگرتنی نیگەرانییەکانی گۆڕانخوازان لەم بـابەتەدا دەکـرێ ببێـت بە هـۆی پووکـانەوەیەکی لەســەرخۆی ئەو بزووتنەوەیە... جێگەی گومان نییە کە هەردوو حزبەکە (پارتی و یەکێتـی) پێیـان خۆشـە و تەنـانەت دەکـرێ یەکەمیـان (واتە پـارتی) کـاریش بکـات، ڕاستەوخۆ یـا ناڕاستەوخۆ، بـۆ ئەوەی گۆڕان ببێ بە حزبی بنەمـاڵە... بە ڕاشکاوی لەبـارەی ئەمـەوە دەڵێم کە دەکـرێ ئەم کێشـانە (واتە کێشـەی خـاوەنێتی و ڕۆڵ و کاریگەریی کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا، لە دوای کۆچی دوایـــی باوکیـــان)، لە شـــێوازی سێگۆشـــەیەکدا ببینـــرێ و تێگەیشتنی بۆ بخرێتە ڕوو:

أ- پێویست بوو نەوشیروان مستەفا بەر لە کۆچی دوایی خـــۆی نەخشـــەڕێگەیەکی ڕوون و بـــێ پێچوپەنـــای جـــێ بهێشـتایە بـۆ بـزووتنەوەکە و کوڕەکـانی، بـۆ ئەوەی دوای خـــۆی بەپێـــی ئەو نەخشـــەڕێگەیە مـــامەڵە لەتەک کێشـــە پەیوەندیدارەکانـــدا بکـــرێ، بە تـــایبەتی خـــاوەنێتیی گـــردی زەرگەتە. دەکرێ لێرەدا، زۆر بە ڕاشکاوی، بپرسین ئـاخۆ لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا لە نـاو سـەرکردە کوردەکانـدا، تەنـانەت لە تەواوی سـەد سـاڵی ڕابوردوودا، هەرە وردبین،

خوێندەوار و خاوەن ئەزموون بوو، بۆ نەخشەڕێگەیەکی ئەوهای بەجێ نەهێشت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە بێ سێ و دوو نەخشەڕێگەیەکی لەم جۆرە دەیتوانی باشترین خزمەت **بە پێگە و مێژووی خۆی**، بە **کوردەکانی** و بە **بزووتنەوەی گۆرانیش** بکات؛ بەو واتایەی کە ئەم نەخشەڕێگەیە دەبوو بە زامنێکی هەرە بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ئەو کێشانەی کە دوای کۆچی دوایی ئەو لەم بارەیەوە سەریان هەڵداوە. لە کاتێکدا من زانیاریی وردم لە بەردەستدا نییە بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە زیاتر بڵێم، بەڵام بێگومان ئەو دۆخەی کە لەمەڕ ئەم کێشانە لە گۆڕێیە و نەبوونی ئیرادە و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەرکردنیان، هۆکارێکی گرنگە بۆ هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆم؛ واتە بڕیاری "پشتگیری لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس".

ب- پێویست بوو کوردەکانی نەوشیروان مستەفا لە ماوەی ڕابوردوودا جددیتر لە مەسەلەی خاوەنێتی و ڕۆڵی سیاسییانەی خۆیان لە بزووتنەوەی گۆڕان نزیک بوونایەتەوە و ئەم مەسەلانەیان بۆ گۆڕانخوازان ڕوون بکردایەتەوە؛ بێگومان هەنگاوێکی ئەوها خزمەتی بە پێگەی باوکیان و خۆیان دەکرد، جگە لەوەش، هەنگاوێکی لەم جۆرە هاوکار دەبوو بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو مەسافە پڕ لە کێشەیەی کە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا لە نێوان زۆرێک لە گۆڕانخوازان لە لایەک و بزووتنەوەی گۆڕاندا دروست بووە... شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە هەڵسوکەوتێکی ئەوها، بە گشتی، خزمەتێکی گەورەی بە بزووتنەوەی گۆڕان دەکرد.

ج- پێویست بوو بەرپرسانی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان ئەم کێشەیەیان بە جددیتر ببینیایە و بوێرانەتر و بە بڕیاری یەکلاکەرەوە چارەسەرێکیان پێشنیاز بکردایە کە بتوانێت لایەنەکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە و ببێت بە سەرەتایەکیش بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان. بێهەڵوێستیی بەرپرسانی گۆڕان بەرامبەر ئەم مەسەلە گەرم و گرنگە، نەک یاریدەدەر نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵکو بووە بە فاکتەرێک لە قووڵبوونەوەی کێشەکاندا و دواجار پووکانەوەی بزووتنەوەکە بەم هۆیەوە.

سێیەم

هەر لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕاندا (سەرەتا وەک لیستێک و دواتریش وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی)، هەموو دەروازەیەک کراوە بوو بۆ من بۆ وەرگرتنی پۆست و بینینی ڕۆڵی کاریگەر لە ئەرکە سیاسییەکانی بزووتنەوەکەدا، ئەمەش لەسەر بنچینەی متمانەیەکی زۆر بە بەندە، بە تایبەتی لە لایەن ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکەوە... لەم بارەیەوە هەر نەبێ، ئاماژە بە سێ ئەزموون دەکەم لەسەر بنچینەی متمانە لە لایەن بزووتنەکەوە و لە بەرامبەریشدا خواستی خۆم بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەکە: یەکەمیان کاندیدبوونم لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا لە بەهاری ٢٠١٠دا؛ دووەمیان وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری سەنتەری تۆڕینەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٥دا و سێیەمیان بوون بە

ئەندامی کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان هەر لە ٢٠١٥دا.

لێرەدا بە شێوەی خاڵبەندی ئەم سێ ئەزموونە بە کورتی دەخەمە ڕوو:

أ- ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی ناوی کاندیدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق (٢٠١٠)، پێشنیازم بۆ کرا کە خۆم (وەک کەسێکی سەربەخۆ) کاندید بکەم لەسەر لیستی گۆڕان لەسەر پارێزگای دهۆک؛ هەرچەندە ئێستاش نازانم بۆ لەسەر پارێزگای دهۆک، نەک لەسەر پارێزگای هەولێر. ئەم مەسەلەیە لە باشترین حاڵەتدا تا ئێستاش **وەک مەتەڵ** ماوەتەوە! چونکە ڕاستییەکەی من خۆم پێم باش بوو لەسەر پارێزگای هەولێر، بە تایبەتی ناوچەی سۆران، خۆم کاندید بکردایە، چونکە کاتی خۆی زیاتر لە بیست ساڵ (لە کۆتایی ١٩٥٠کان تا سەرەتای ١٩٨٠کان) لەم ناوچەیە ژیاوم. بەهەرحاڵ، چونکە بە لای منەوە مەبەست لە کاندیدبووم زیاتر بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان و تەحەداکردنی دەسەڵات بوو، زۆر پێداگریم لەسەر ئەوە نەکردووە کە **یا کاندیدبوون لەسەر پارێزگای هەولێر یا خۆکاندیدنەکردن!** جێگەی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە پێشنیازی کاندیدبوونم سەرەتا لە هەندێک لە ئەنجوومەنەکانی گۆڕان لە تاراوگەوە، بە تایبەتی ئەنجوومەنی گۆڕان لە شاری یۆتۆبۆری - سوید، سەری هەڵدا... بەهەرحاڵ لەگەڵ دوودڵی و کەمیی کاتیشدا بۆ بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی بڕیاری قبوولکردنم بۆ

کاندیدبوونم، بەڵام دواجار پێشنیازەکەم بۆ کاندیدبوون قبوول کرد!

وەک پێشتر گوترا، ئەم کاندیدبوونە دوو دیوی هەبوو، لە لایەکەوە دەربڕی متمانەیەکی زۆر بوو بە بەندە لە لایەن نەوشیروان مستەفا و زۆرێک لە گۆڕانخوازان، بەڵام بە دیوەکەی دیکەیدا قبوولکردنی کاندیدبوون دەربڕی متمانەم بوو بە بزووتنەوەکە، بە تایبەتی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە.

کاندیدبوونم بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق، وەک سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک، لە تۆماری سیاسیی خۆمدا زۆر پڕکێشە بوو، چونکە هەر لە ڕۆژانی هەوەڵی کەوتنی ڕژێمی سەدامەوە، لە بەهاری ٢٠٠٣دا، بەندە یەکێک بووم لەوانەی دژی ئەوە بووم کە کورد بە ئاسانی بچێتە ژێر باری زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عیراق و هەر لەم ئاڕاستەیەشدا لەو کاتەدا زۆر بابەتم نووسیوە و جگە لەوەش، بە کرداری یەکێک بووم لە چالاکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کە هەر زوو دوای ڕووخانی ڕژێم سەری هەڵدا. دەتوانم بە ئاسانی ئەو هەڵوێستەم بە ڕستەیەک کورت بکەمەوە کە هەر لە ڕۆژی هەوەڵی کەوتنی ڕژێمەوە گوتوومە: "نابێ کورد بەشداری بکات لە دروستبوونەوەی دەوڵەتێکدا کە دواجار بچێ مافەکانی لە هەمان دەوڵەت داوا بکات." واتە کاندیدبوونم دژیەکییەکی جددیی سیاسییانەی تێدا بوو: لە لایەک دژایەتیی زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عیراق و لە لایەکی دیکەشەوە کاندیدبوون سالانێک دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەمان دەوڵی عیراقدا کە من لەگەڵ زیندووکردنەوەیدا نەبووم. هەرچەندە لە کاتی خۆیدا

هەڵوێستی خۆمم لەبارەی دژایەتی لە ناو مەسەلەی کاندیدبوونم ڕوون کردووەتەوە[1] و بە ڕادەی یەکەم گوتوومە کە کاندیدبوونم **بەو ڕادەیەی کە گوزارش بوو لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە هەمان ڕادە دەربڕی خواستێکی ئەسڵیم نەبوو بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان** عیراق، بەڵام دیسان هەست دەکەم ئەم دژایەتییە لە هەڵوێستی منداڵ بووەتە بارگرانییەکی سیاسی بۆم...

گرنگە ئەوە بڵێم کە یەکێک لەو شتانەی کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە (واتە کاندیدبوونم بە ڕادەی یەکەم بۆ پشتگیریکردن لە گۆڕان بوو تا حەز و هەڵپەی بوون بە ئەندام لە پەرلەمانی عیراق) پشتڕاست دەکاتەوە، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، ئەوەیە کە کاندیدبوونم لەسەر پارێزگای دهۆک ڕەت نەکردەوە، هەرچەندە دەمزانی دەرفەتی دەرچوونم لەوێ زۆر کەمە، یا تەنانەت هیچ ڕادەیەکیش لە دەرفەت بۆ دەرچوون بوونی نییە![2] هەڵبەتە ئێرە دەرفەت نییە بۆ ئەوەی زیاتر و وردتر لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام هەر ئێرەش دەرفەتە بۆ ئەوەی: هەر نەبێ، داوای بوردن لەو کوردستانییانە بکەم کە ئەو کاتە لەو

---

[1] بۆ باسێک لەم بارەیەوە، بۆ نموونە، بڕوانە: د. بورهان یاسین، "هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕێیانێکی چارەنووسساز: تونێلێکی تاریک یا تروسکایییەکی هیوابەخش"،
http://diplomaticmagazine.net/opinion/1172

[2] لە ڕاستیدا لەبارەی ئەگەری سەرنەکەوتنم لە هەڵبژاردنەکاندا، زۆرێک لە هاوڕێیانی خۆم ئاگاداریان کردمەوە، بەڵام دیسان دەرچوون یا دەرنەچوون بە لامەوە گرنگ نەبوو، بەڵکو کاندیدبوون وەک شێوازێکی ئامادەبوونی بەکردار بوو لە مەیداندا بۆ پشتگیریکردن لە بزووتنەوەی گۆڕان، نەک تەنها پشتگیریکردن لە ئاستێکی تیۆرییەوە.

باوەڕەدا بوون، یا تەنانەت تا ئێستاش لەو باوەڕەدان، کە کاندیدبوونم هەڵەیەکی سیاسییانە بوو و نەدەبوو ڕووی بدایە. لە لایەکی دیکەوە، سەرنەکەوتنم لە هەڵبژاردنەکاندا (هەرچەندە لەو هەڵبژاردنانەدا، بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، دەنگەکانی گۆڕان لە دەڤەری بادینان سەد لە سەد زیادی کرد) و لەگەڵ بوونی تێبینی و دوودڵییەکانی خۆشم لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا، بەڵام ئەو هەموو متمانەیە، هەر لە ئاستی نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی لە سەرەوە تا خوارترین ئاستی بەرپرسیارێتی و گۆڕانخوازی سادە لە بزووتنەوەی گۆڕانـدا، بەرز دەنرخێنم و ئەو متمانەیە بەردەوام ئەمانەتێکی پارێزراو بووە لای بەندە.[1]

---

[1] هەر بۆ بیرهێنانەوە، نەک بۆ "موزایەدە و خۆهەڵکێشان"، تێچووی بەشداریی من لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠١٠دا، زیاتر لە چوارسەد هەزار کڕۆنی سویدی بوو، کە تەنانەت **یەک دانە دیناریش لەو تێچووە لە بزووتنەوەی گۆڕان وەرنەگیراوە**. بەشێک لەم تێچووە **شەش مانگ مۆڵەتی بێمووچە بوو** لە کارەکەم لە سوید... گرنگە ئەوەش بڵێم کە لە ڕابوردوودا داوای هیچ قەرەبوویەکم لە گۆڕان کردووە، نە ئێستا و نە لە داهاتووشدا ئەو داوایە دەکەم؛ هەر لە ئێستاشەوە هەموو دەرگایەک داخراوە بە ڕووی گۆڕانـدا کە لەم بارەیەوە باسێک لەگەڵمدا بکاتەوە. لە کاتێک ئەم سەربوردەیە دەگێڕمەوە کە من بە ڕاستگۆیی پێم وایە هەموو ئەو تێچووەی بەشداریکردنم لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠دا، هێشتان کەمترە لەو دە هەزار دینارەی کە کرێکارێک، لە کۆی ئەو پانزەهەزار دینارەی لە ڕۆژێکدا دەستی کەوتووە، دوای کارەکەی هاتووەتە گردی زەرگەتە و پێشکەشی کردووە بە گۆڕان، وەک بەشداریێک لە هەمان هەڵمەتی هەڵبژاردندا... ئەم تێچووەی من، بە تەوازوع و باوەڕی تەواوەوە دەڵێم، هیچ نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەو باجەی کە نانبڕاوێکی گۆڕانخواز (تۆ بڵێ لە جۆری هێمن

ب- دووەم ئەزموون وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو لە سەرەتای ٢٠١٥دا بە پلەی ڕاوێژکار.

جارێ بەر لە هەر شتێک، ئەم پۆستە کە بە من درا، بە ڕادەی یەکەم دەرەنجامی قبوول و متمانەی نەوشیروان مستەفا و سەرۆکی پەرلەمان، د. یوسف محەمەد بوو. لە لایەکی دیکەوە لە سەرەتاوە لەگەڵ د. یوسف محەمەددا لەسەر ئەوە کۆک بووین کە ئەم پۆستە ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو پۆستەکە تەنها پێگە و ئێستگەیەکی کاتییە بۆ قۆناغێکی دواتر کە ئەویش دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نیشتمانی بوو بە ناوی **سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجیی کوردستان**[1] بە پاڵپشتیی پەرلەمانی کوردستان و لە ڕێگەی یاسایەکەوە، بۆ ئەوەی دواتر تەنها بە یاسا و بە هێزی پەرلەمان ئەو سەنتەرە هەڵوەشێتەوە یا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، نەک بە هەوەسی ئەم یا ئەو لە دەسەڵاتداران. بە واتایەکی دیکە، دامەزراندنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، پشتئەستوور بە یاسا و هێزی پەرلەمان، دەیتوانی ئەم دامەزراوەیە بکات بە دەزگایەکی نیشتمانیی

بنەسڵاوەیی) داویەتی، تەنها لەبەر ئەوەی دەنگی بە گۆڕان داوە یا بە ڕەخنەیەک باسی لە نەهامەتییەکانی خەڵک کردووە!

[1] هەر بۆ بیرهێنانەوە، بیرۆکەی دامەزراندنی سەنتەرێک ئەوها وەک پێداویستییەکی گرنگ لە بەدامەزراوەکردنی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سیاسەتکردن بە گشتی لە چەرخی دەولەتی مۆدێرندا، لای خۆم هەر نەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، کە ئەو کاتە لە بابەتێکمدا بە ناوی "کوردستان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا" باسی ئەم بیرۆکەیەم کردووە و دواتریش بەردەوام کارم بۆ کردووە.

ڕاســـتەقینە و لە دەرەوەی کـــاریگەرییە نێگەتیڤەکـــانی دەسـەڵاتی جێبەجێکار و ململانێ نێگەتیڤەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان بێت... بەهەرحاڵ، چیرۆکی من لەم سەنتەرە لە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٥وە دەســت پــێ دەکـات و لە ١٢ی ئۆکتـــۆبەری هەمـــان ســـاڵدا (واتە لە پەیوەندیـــدا لەگەڵ کودەتاکەی ئەو مێژووە) کۆتایی هات.

لێرەدا مەبەست نییە باسی ئەو ماوەیەم لە سەنتەر بکەم و دەستکەوتەکانی ئەم ماوەیە بۆ پەرلەمـان چـی بـووە، بەو هیـوایەی خەڵکـانی تـر بتـوانن بە نووسـین ئەم کەلێنە پـڕ بکەنەوە! لە لایەکی دیکەوە، زۆر گرنگە ئەوە بیر خـۆیەری ئەم ڕاگەیـەنراوە بهێنمەوە کە لە قبـوولکردنی ئەم پۆسـتەدا مـــن ســـێ مەرجـــم هەبـــوو، بە تـــایبەتی ئەمە لە ڕێگـــەی گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـانی ئەو کاتە د. یوسف محەمەد ساغ کراوەتەوە و جەختی لەسـەر کراوەتەوە: ١) ئەگەر هەر بەڕێزێکی دیکە چـاوی لەسـەر ئەم پۆسـتەیە، ئەوا بـەبێ سـێ و دوو پۆسـتەکە بـۆ ئەو بەڕێـزە جێ دەڵێم و مـن هەر لە سـەرەتاوە وەری نـاگرم؛ ٢) کە ئەم پۆستە وەردەگرم، لەبەر ئەوە نییە بێکارم و بـە دوای کاردا دەگەڕێـــم، بەڵکـــو مـــن لە یەکێـــک لە زانکـــۆ هەرە پێشکەوتووەکانی سوید مامۆستام و **پێویستم بەوە نییە بـە دوای کـــارێکی دیـــکەدا بگەڕێـــم**؛ ٣) ئەم پۆســـتە تەنهـــا وێستگەیەکی کاتی دەبێ بۆ مەبەست و ئامانجێکی گەورەتر، کە ئەویـــش دامەزرانـــدنی دەزگـــایەکی نیشـــتمانییە بـــۆ

لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، پشتئەستوور بە یاسا و هێز و دەسەڵاتی پەرلەمان.

بەهەرحاڵ، دوای کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ و گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی، هەر زوو یەکێک لە بڕیارەکانی دیوانی پەرلەمانە "داگیرکراوەکە"، فەسڵکردنی من بوو و دوای ماوەیەکی کەمیش بڕیاری دووەمی فەسڵکردنم دەرچوو، بەڵام ئەم جارەیان بە ئیمزای جەعفەر ئیمینکی: واتە دوو بڕیاری فەسڵ لە ماوەیەکی کەمدا! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دواتر هەمان ئەو دەسەڵاتەی پارتی داوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕانی قبوڵ نەکرد!

لەبەر ئەوەی من دژی ئەوە بووم گۆڕان بچێتە ناو حکومەت و لەم بارەیەشەوە بە نامەی تایبەتی و بە وتار هەڵوێستی خۆم ڕوون و ئاشکرا خستووەتە ڕوو، بە لامەوە نەنگی بووە کە پێداگری بکەم لە گەڕانەوەی ئەو پۆستە بۆم. ڕاشکاوانەش دەڵێم: لە نامەیەکی پێشترمدا بۆ د. یوسف محەمەد، داوام کردووە کە لەبەر ئەوەی سەنتەری توێژینەوە جێگەیەکی گرنگە لە پەرلەماندا و مافی گۆڕانە کە بەڕێوەبەرایەتیی ئەم شوێنە وەربگرێتەوە، گرنگە گۆڕان مشووری ئەوە بخوا کەسێکی گونجاو لەو شوێنە دابنێ، ئەگەرچی بە مافی خۆمی دەزانم داوای ئەو جێگەیە بکەم و بڕیاری بێبەشکردنم لەو پۆستە سزادانێکی سیاسییە و هیچی تر. لەبەر ئەوەش، لە لایەکی دیکەوە، تەنانەت

هەوڵنەدانی من بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە لە ڕێگەی یاساوە، لەبەر دووداڵییەکی سیاسی بووە، بە واتای ئەوەی نەوەک هەر هەوڵێک لە منەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە بە هەڵپەکردن بۆ پۆست و پایە هەژمار بکرێ! لە کۆتایی ئەم چیرۆکەشدا، واتە لە ئەزموونی دووەمدا، دیسان سوپاس بۆ ئەو متمانە جوانە!

ج- سێیەم ئەزموون، دیسان هەر لە ساڵی ٢٠١٥دا، پێشنیازی بزووتنەوەی گۆڕان بوو، بە تایبەتی بە جەختکردنەوەی خواستی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەندە ببێ بە ئەندامی کۆمیتەی "نووسینەوە"ی دەستووری کوردستان. بەڵام هەر زوو، لە ماوەی کەمتر لە دوانزە کاتژمێر دوای بڵاوبوونەوەی ناوی ئەندامانی کۆمیتەکە، هەستم کرد هەڵەم کردووە لە وەرگرتنی ئەم ئەرکە، لەبەر دوو هۆ: ١) من بەڕێوەبەری سەنتەری تۆێژینەوەی پەرلەمان بووم و بەشداریکردنم بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووردا دەکەوتە دژایەتییەوە لەگەڵ پێگەم وەک بەڕێوەبەری سەنتەری تۆێژینەوە: سەنتەری تۆێژینەوە هیی هەموو فراکسیۆن و هێزە بەشداربووەکانی پەرلەمان بوو و پێویست بوو ئەم ڕۆڵ و پێگەیەی "هەموان" بپارێزم و نەیخەمە ژێر کاریگەریی هیچ ڕۆڵ و هەڵوێستێکی دیکەم؛ ٢) بە لامەوە باشتر بوو گۆڕان کەسێکی تایبەتمەند بە یاسا (بە تایبەتی تایبەتمەند بە یاسای دەستووری) بۆ ئەو جێگەیە،

واتە بۆ جێگەی من لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور، پێشنیاز بکات... لەبەر ئەم دوو هۆیە، هەر لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا دەستم لە کۆمیتەکە کێشایەوە، ئەگەرچی ئەو کاتە بە باش نەزانرا نە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی بکرێ و نە ڕاگەیەنراوێکیش لەبارەی خۆکێشانەوەم لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور بڵاو بکرێتەوە! بەهەرحاڵ، دیسان سوپاس بۆ ئەو متمانە جوانەی کە لە پشت پێشنیازکردنم بوو بۆ کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور.

لە دەرەنجامی ئەو سێ ئەزموونەی سەرەوە (أ، ب، ج) دەڵێم: دواجار لە ژیانی هەر سیاسییەکدا متمانەی خەڵک پڕبەهاترین شتە مرۆڤی سیاسی بە دەستی بهێنێ، چ جای ئەم متمانەیە هیی خەڵکانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بێت. جوانترین ئاکاری سیاسییش، بە هەمان پێوەر، ئەوەیە کە مرۆڤی سیاسی و بەرپرس ڕێزی ئەم متمانەیە بگرێ، وەک ئەوەی ئەم متمانەیە ئەمانەتێکی هەرە گەورەیە لە ملیدا... لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، بە لای منەوە بەرزڕاگرتنی متمانەی خەڵک یەکێکە لە مەرجە هەرە سەرەتایی و گرنگەکانی **مۆرالی سیاسی**. مرۆڤی سیاسی باشترە هەوڵ نەدات متمانەی ئەوانی دیکە بە دەست بهێنێ، ئەگەر بزانێ دواتر، بە هەر هۆکارێک بێت، ناتوانێ ئەم متمانەیە وەک ئەمانەتێکی پڕبەها بپارێزێ! ئێستا دە ساڵ بەسەر هەڵبژاردنەکانی عیراقی ٢٠١٠دا تێ پەڕیوە و پێنج ساڵیش بەسەر دوو ئەزموونەکەی دیکەمدا تێ پەڕیوە، تا ئێستا ئەو متمانەیە وەک ئەمانەت لای من پارێزراوە و بەم ڕاگەیەنراوە

ئەو ئەمانەتە دەدەمەوە خاوەنەکانیان، ئەوەشی لە متمانەکە دەمێنێتەوە (کە هەر نەبێ لایەنە مەعنەوی و مۆرالّییەکەیەتی) دیسانەوە ئەمانەتە لە ملمدا، بە هیچ شێوەیەک تەراتێنی پێ ناکرێ و تا مردنیش ڕاستگۆیانە دەیپارێزم.

چوارەم

بڕیاری کۆتایی بزووتنەوەی گۆڕان لەمەر ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧، کە بە ئاسانی دەکرێ پێی بێژین ڕیفراندۆمەکەی پارتی و مەسعوود بارزانی، ناکارامە و پڕکێشە بوو؛ لە ڕاستیدا یەکێک بوو لەو هەنگاو و هەڵوێستانەی کە دواتر بە شێوازێکی کەمەرشکێن کاریگەریی لەسەر گۆڕان هەبوو. هەرچەندە ئەمە دەرفەتێکی هەرە لەبار نییە کە بە دوورودرێژی لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام من لە کاتی بڕیاردانی بزووتنەوەی گۆڕانیشدا (لە دواین خولەکدا و بە پەلەپرووزکێ، لە سەرپشککردنی گۆڕانخوازان چی دەکەن و چۆن دەنگ دەدەن) باوەڕم وابوو کە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا پێویست بوو بڕیاری ئەوەش بدرێ کە سەرکردەکانی گۆڕان (بە تایبەتی هەردوو جڤاتەکە و خانەی ڕاپەراندن، زۆر بە تایبەتییش ڕێکخەری گشتی) بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە دەنگدانی ڕیفراندۆمدا نەکەن. بەشدارینەکردنێکی ئەوهای سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بە هۆی دوو بەهانەی گرنگەوە دەبوو، کە: ١) ئەم دەنگنەدانەی سەرکردەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگی و بڕیاری سەربەخۆیانەی گۆڕانخوازانە؛ ٢) بۆ پاراستنی بۆچوونە

سیاسییەکەی گۆران دەبوو، کە بەڵێ لەبەر ئەوەی ئەم ڕیفراندۆمە **یاسایی نییە** و لە ڕووی **سیاسییشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە دەرهاویشتەی کارەساتامێزی لێ بکەوێتەوە،** ئەوا باشترین شێوە بۆ پاراستنی **ئەم هەڵوێستەی بزووتنەوەکە،** دەنگنەدانی سەرکردەکانیەتی، زۆر بە تایبەتییش دەنگنەدانی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە![1]

پێنجەم

لە کاتێکدا کۆتایی پشتگیریم لە بزووتنەوەی گۆران ڕادەگەیەنم، ئەوە بە هیچ جۆرێک بە واتای ئەوە نایەت کە لە ئێستادا، یا تەنانەت لە داهاتووشدا، پشتگیری بکەم لە هەر هەوڵ و پرۆژەیەک، چ لە چوارچێوەی **کۆمەڵگەی مەدەنی** یا **کۆمەڵگەی سیاسیدا**. لە ئێستادا مەیدانی سیاسیی باشووری کوردستان ئەوپەڕی شێواوە: خەڵک ماندوو و بێزارە لە حزبە سیاسییەکان و بە تایبەتی لە سەرکردەکانیان، لە سیاسەتکردن بە شێوازە حزبییە کلاسیکییەکەی و بێهیوابوونێکی کوشندەش بااڵی بەسەر ئەو مەیدانەدا کێشاوە. ئەمە نەک تەنها کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵک، ڕوو لە سیاسەتکردن، کردووە، بەڵکو

---

[1] هەر بۆ بیرهێنانەوە، من و هاوڕێم د. سەردار عەزیز چەند مانگێک بەر لە ڕیفراندۆم کتێبێکمان بە ناوی *دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان* بڵاو کردەوە، کە بە گرنگییەوە لە پێشەکی و کۆتایی کتێبەکەدا بە وردی ئاماژەمان بۆ کێشە و "ئیشکالیاتی" ڕیفراندۆم کردووە.

تەنانەت بۆ ماوەکی باشیش لە پێشمانەوە ئەم دۆخە نێگەتیڤە بەردەوام دەبێت. بە دیدی خۆم، بە تایبەتی لە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانەوە، دەستبردن بۆ دامەزراندنی هەر هێزێکی سیاسیی نوێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هێزە سیاسییە نوێیە بخوازرێ لە هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان تێ بپەڕێت، ئەوا پێویستە سێ "سندووق"، یا سێ "کۆگا" لەبەرچاو بگیرێ وەک مەرجی دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی نوێ: ١) یەکێکیان کۆگای جەماوەرە، کەواتە کەرەسەی کۆمەڵایەتی؛ ٢) ئەوی دیکەیان کۆگای دەستەبژێرە (نوخبە)؛ ٣) سێیەمیان کۆگای بیر و پرۆژە سیاسییەکانە... بە کورتی و بە چڕی: لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا، هەر نەبێ سێ جار، بە جددی دەست بۆ ئەم سێ کۆگایانە براوە، دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠٠٩دا؛ دواتریش دامەزراندنی نەوەی نوێ و دامەزراندنی هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح. ئەم سێ دەستبردنە بۆ ئەو سێ کۆگایە کۆمەڵێک دەرهاویشتە و لێکەوتەی نەرێنیی لەسەر باری دەروونیی خەڵک، لە ڕووی حزبایەتی، متمانەبوون بە سیاسییەکان و سیاستکردن، هەبووە. جگە لەوەش، ئەو باوەڕەی کە دەستەبژێرێک نەماوە تاقی نەکرابێتەوە و بیر و جیهانبینییەکی سیاسییش نەماوەتەوە ئەزموون نەکرابێ، دوو فاکتەری نەرێنیی دیکەن لە سەر ڕێگەی هەر هەوڵێکی نوێ بۆ دەستبردن بۆ پرۆژەی دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی نوێ لە باشووری کوردستان! لە ئاکامدا ئێمە لە باشووری کوردستان لە بەرامبەر ڕاستییەکی تاڵداین: لە

لایەکەوە بوونی دەنگێکی ناڕازی و بێهیوابوونێکی زۆر، نەک هەر لەسەر ئاستی شەقام و لە فەزای گشتیدا، بەڵکو تەنانەت لە ناو حزبەکانیشدا، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ ڕێکخستنی هێزێکی سیاسیی نوێ. ئەمە ئیشکالییەتێکی جددییە و چارەسەرکردنیشی بە ئاڕاستەی بەرهەمهێنانی هێزێکی سیاسی نوێ، کە لە هەموو ئەوانی دیکە (بە پارتی و یەکێتییشەوە) تێ بپەڕێت، نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو زۆریش ئەستەمە. بینا لەسەر ئەم بۆچوونە و زۆر هۆی تایبەتی، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنەم، لە هەموو شێوەیەکی کاری سیاسیی ڕێکخراو دوور دەکەومەوە و ئەو کاتەی هەیە، بۆ ژیانی ئەکادیمیی تەرخان دەکەم، ئەمەش لە ئێستادا باشترین ڕێگەی خزمەتکردنی خەڵک و وڵاتەکەمە. لە لایەکی دیکەوە، گەرچی دەزانم ئەمە بڕیار و بژاردەیەکی بێکێشە و هەرە باش نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بژاردەی باشترم نییە، ئەوا ئەمەیان، هەر نەبێ لە ئێستادا، باشترینە.

شەشەم

دەشێ هەندێک بەڕێز بڵێن بۆچی ئەم ڕاگەیەنراوە **لە ئێستادا**، هەندێکیشیان بپرسن بۆ **زووتر نا**، بەڵام هەندێکی دیکەشیان پێیان وابێ هێشتان زوو بوو بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوێستی دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پشتگیریم لە بزووتنەوەی گۆڕان.

بەهەرحاڵ، کێشەکە لەوەدایە کە دەکرێ هەرسێ بۆچوونەکە یا پرسیارەکە ڕەوا و ڕاست بن، بەو واتایەش

هەڵبژاردنی کاتی ئەم ڕاگەیاندنە هەموان ڕازی نەکات. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە ئەم ڕاگەیەنراوە دەبوو لە ١٨ی فیبریوەریی ساڵی پار (٢٠١٩) دەربچێ، واتە لە ڕێکەوتی مۆرکردنی ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان و بڕیاری کۆتایی گۆڕان کە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ پارتیدا بچێتە ناو حکومەتەوە. من بە هەموو پێوەرێک دژی ئەو ڕێککەوتن و چوونەناو حکومەتەوە بووم.[1] بەڵام دواخستنی ڕاگەیاندنی ئەم هەڵوێستەم دانی دەرفەتێکی دیکە بوو بە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی "دوو مانگ" لە حکومەتدا تەواو بکات بۆ زانینی نییەتی ڕاستەقینەی پارتی، یا شەش مانگ دەرفەت بە پارتی بدات بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، یا

---

[1] بۆ بینینی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە هەڵوێستی خۆم لەمەڕ ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی و بوونی گۆڕان بە بەشێک لە حکومەت، بە تایبەتی بڕوانە ئەم پێنج بابەتە:

١) هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕێبانێکی چارەنووسساز: تونێلێکی تاریکتر یا تڕووسکاییەکی هیوابەخش، ٢٠١٨/٩/١٨.
http://burhanyassin.com/Helbijardini%20Perleman%2030.9.2018.pdf

٢) د. بورهان یاسین، "تونێلێکی تاریک یا تڕووسکاییەکی هیوابەخش"، لە (*دیپلۆماتیک مەگەزین*)دا
http://diplomaticmagazine.net/opinion/1172

٣) دواچار هەڵبژاردن کرا: ئەی ئێستا چی؟ ٢٠١٨/١٢/٢٧.
http://burhanyassin.com/Dwacar%20helbijardin%20kira%202%2012.2018.pdf

٤) "٣٠ی حوزەیرانێکی دیکە بە ڕێوەیە!" ئەم وتارەم لە چەند سایتێکدا بڵاو بووەوە. بۆ نموونە، بڕوانە سپی میدیا، ٢٠١٩/٣/٢٥:
http://www.speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=404&Jmare=4554

٥) ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لەژێر هەڕەشەی جددیدایە! یەکڕیزیی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لە بەردەم ئالنگارییەکی گەورەدایە، ٢٠١٩/٥/٢١.
http://burhanyassin.com/Rekewtini%20Parti%20u%20Gorran%203.pdf

تەنانەت شەش مانگی تریش دەرفەت لە هەمان ئاراستەدا... بەڵام ئێستا دەرکەوت کە ئەم هەموو چاوەڕوانییە (دوو مانگ، شەش مانگ و دیسان شەش مانگ) بێئاکام بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی بەندە بەردەوام دروشمی "نەفەسدرێژیی سیاسی" بە تایبەتی لە خەباتی مەدەنیدا دەڵێمەوە، پێویست بوو ئەم ساڵەش، لە میژووی مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەوە، چاوەڕێ بکەم.

پارتی ناڕاستگۆ بوو کاتێک، لە سەرەتای گفتوگۆکانی نێوان و خۆی و گۆڕاندا، شاندەکەی بە سەرکردایەتیی نێچیرڤان بارزانی بە شاندی گۆڕانی گوت "ئێمە و یەکێتی چاکسازیمان پێ ناکرێ، پێویستمان بە ئێوەی گۆڕانە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن ئەم چاکسازییە بکەین." پێویست بوو خەڵکانێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا، کە بە تایبەتی ئەزموونی تاڵیان لەگەڵ ناڕاستگۆییەکانی پارتیدا هەبوو، هەرگیز باوەڕیان بەم قسەیەی نێچیرڤان بارزانی نەکردایە: ئەگەر بە ڕاستی پارتی ئیرادەی چاکسازیی هەیە، ئەوا هەرگیز پێویستی بە ئەوانی دیکە نییە بەجێهێنانی ئەو چاکسازییە، کەسیش دەستی نەگرتوون. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو حزبە خۆی ڕێگری سەرەکییە لە بەردەم چاکسازیدا، ئەوەی دەشمێنێتەوە، تەنها و تەنها **موجامەلەیەکی سیاسییانەی** بێبنەمای پارتییە و لە دیوی دیکەشدا **وەهمێکی سیاسییانەی** گۆڕانە، کە ئەویش دیسان هەر بێبنەمایە. دواجار ئاسانیشە مرۆڤ بڵێت هەر سیاسەتێک لەسەر بنەمای **موجامەلە** و **وەهم** بونیاد نرابێت، چارەنووسی هەر شکستە!

دەرەنجام: بە هەموو پێوەرێک، لە پشتگیریم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، گەیشتم بە خاڵی "بنبەست، کۆتایی و نەگەڕانەوە." واتە پشتگیریێ لە بزووتنەوەی گۆڕان، **تا ئێرە و بەس**.

پاشکۆی دووەم

خەمێک لە زامەکانی نیشتمان:
وێستگەیەکی دیکە لە هەوڵی ساڕێژکردنی زامەکان[1]

ڕاپۆرتی کۆتایی
٢٠٢٣/٢/٢٧

"کردەی پەشیمان باشترە لە نەکردەی پەشیمان"
پەندێکی کوردی

پێشەکییەکی پێویست

سەرەتا، لە ڕۆشنایی ئەو پەندە کوردییەی سەرەوەدا، دەبێ ئەوە بڵێم کە هەر زوو، بەر لە دەستپێکردنی هەوڵێکی دیکە بۆ هەستانەوە، بووژانەوە و ڕێکخستنەوە لە پانتایی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازی و

[1] ئەم ڕاگەیەنراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٧ لە مالپەڕی کەسیمدا بڵاو بووەتەوە:
https://burhanyassin.com/Rageyendraw%2027.2.2023.pdf

دادپەروەریخوازیدا، کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئێستادا **تەنها بەشێکی سنووردارى ڕێکخراوەیی ئەو پانتاییەیە**، بەڵگا بووین لەوەی کە هەوڵێکی ئەوها **کارێکی یەکجار قورسە، بەڵکو تەنانەت دەشێ ئەستەمیش بێت.**[1]

لەگەڵ ئەم ئەستەمبوونەشدا، بەندە بۆ جاری دووەم هەوڵێکی ترم لەم ئاڕاستەیەدا، هەر لە چوارچێوەی "ساڕێژکردنی زامەکان"، لە مانگی تشرینی دووەمی پار (٢٠٢٢) دەست پێ کردەوە[2]، بەو باوەڕەی کە: ١) ڕەواندنەوەی ئەم هەموو بێهیوابوونە و پێویستیی داگیرسانی چرای هیوایەک لەو تونێلە تاریکەی کە باشووری کوردستان پێیدا گوزەر دەکات؛ ٢) لە

---

[1] هەڵبەتە سروشتییە ئەو پرسیارەش بکرێ کە ئاخۆ ئەگەر سەرخستنی پرۆژەکە ئەوەندە ئەستەمە، ئەی هێز و تواناکانی بەندە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن بۆ ئەوەی شان بداتە بەر پرۆژەیەکی ئەوها ئەستەم؟ بە ڕاشکاوی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەایە: هێزی بەندە لە ئەو **متمانەیەوە** سەرچاوە دەگرێ کە سالانێکە، لە کەڵەکەبوونێکی بەردەوامدا، **خەڵک بە بەندەی ڕەوا بینیوە و پێی بەخشیوە**... جگە لەمەش، **متمانەی ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە پرۆژەکەوە** بە بەندە و قبوولکردنیان بەوەی من ئەو ڕۆڵە ببینم، هێز و باوەڕێکی بێهاوتای بە بەندە بەخشی. لە هەردوو حاڵەتیشدا **پاراستنی هەردوو جۆر لە متمانە**، وەک ئەمانەتێکی پیرۆز و گرانبەها، لە گەردنی بەندەدایە.

[2] پێویستە لێرەدا بە تایبەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە برا و هاوڕێی بەڕێزم **کاک ئیدریس سابیر** بە درێژایی ئەو کاتەی کە پرۆژەکە بوونی هەبووە، زۆر بە تایبەتی لەم هەوڵەی هەرە دواییدا، یاریدەدەرێکی دڵسۆز و خەمخۆرێکی بێوێنە بووە، هێم لە ڕووی باری سەرنجیان لەسەر پرۆژەکە لە ڕووی تیۆرییەوە و هەمیش بە کردار لە ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا. سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ئەم برا و هاوڕێیە هێژا و قەدرگرانە.

چوارچێـوەی ئەو بـاوەڕەی کە لە نێـوان أ- سەرپێخسـتنی هێزێکـی سیاسـیی نـوێ و ب- هەوڵێـک بـۆ هەسـتانەوە و بووژانـدنەوە لەو پانتـاییە هەرە فـراوانەدا، باوەڕمـان وابـوو بـــــژاردەی دووەم (واتە بـــــژاردەی ب) باشـــــترین و بەرهەمدارترینیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە واتای ئەوە نییە بەندە تا ئەبەد لەسەر ئەو باوەڕەی خاڵی دووەمی سەرەوە دەبێت، بەڵکو هەر زوو بۆچـــوونی خـــۆم بە بەڕێـــزان بەرپرســـانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاندووە کە دروشمی "جێگرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان هەر گۆڕانە" زوو یا درەنگ کۆتایی دێت، ئەگەر گـۆڕان بە جیددی و بە شـێوەیەکی ڕیشـەیی دەست بۆ ڕاستکردنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکەی نەبات و ئەو هەنگاوانە نەنێت کە دەبن بە زامنی ئەوەی جـارێکی دیـــکە گـــۆڕان بکەوێـــتەوە ســـەر ڕێچـــکە و "هـــێڵە" ڕاستەقینەکەی جارانی خۆی و ببێتەوە بە ئەو هێزەی کە **زۆر جیاواز** بوو لە هێزە سیاسییەکانی دەسەڵات، واتە لە پارتی و یەکێتی. لەم بارەیەشەوە، پێویستە هەر زوو ئەو ڕاسـتییە جەخـت بکەیـنەوە کە هۆکـاری هەرە سـەرەکیی پاشەکشەی گۆڕان، جگە لە لەدەستدانی ڕێکخەری گشتی (ڕەوانشـــاد نەوشـــیروان مســـتەفا)، ئەوە بـــوو کە لە پرۆسەیەکی لەسـەرخۆ، نەک لە ڕووداوێکی کتوپڕدا، ئەو **جیاوازبوونەی** خۆی لەگەڵ ئەو دوو حزبەی دەسەڵاتدا **لە دەسـت دا**. دەبـێ بە جەختکـردنەوە ئەوەش بڵێـین کە ئەم **جیاوازبوونەی بزووتنەوەکە** بنەما و **کۆڵەکەی سەرەکیی شوناسـی** ئەو بـزووتنەوەیە بـوو، کە ئەم شوناسـەش بـۆ

خۆی بنەمای هەرە سەرەکیی ستراتیجیی سیاسیی ئەو بزووتنەوەیە بوو. واتە ئەو هەنگاوە هەرە هەنووکەیی و گەوهەرییانەی کە گۆڕان پێویستە بیانێت، ئەو **هەنگاوانەن** کە دواجار ئەم **شوناسی جیاوازبوونەی**، کە لە هەمان کاتدا **کۆدی سەرەکیی هەستانەوە و ئامانجێکی هەرە گرنگی** ئاشتەوایی گشتییشە[1]، بۆ بزووتنەوەکە دەگەڕێننەوە.

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، بزووتنەوەی گۆڕان بانگەوازێکی بڵاو کردەوە کە ئامانج لێی فەراهەمکردنی پرۆسەیەک بوو کە دواجار ببێت بە هەنگاو و وێستگەیەکی گرنگی هەستانەوەی بزووتنەوەکە. مەبەست لەم نووسراوەم ئەوە نییە بە وردەکارییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی بانگەوازەکە بکەم، بەڵام لەوڵاشەوە ناکرێ بێدەنگ بم لە ئاست بانگەوازەکەدا، یا ڕاستتر بڵێین، بابەتی بانگەوازەکەدا.[2]

بەهەرحاڵ، مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسراوەی بەردەست ئەوەیە کە لە هێڵە هەرە گشتییەکانیدا، قسەیەک لەسەر پرۆژە و هەوڵی هەرە دواییم، لەپێناو

---

[1] بە درێژایی هەوڵەکانمان، بە تایبەتی لەم نووسراوەدا، بەردەوام جەختمان لەسەر چەمکی "**ئاشتەوایی گشتی**" کردووەتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ پرۆژەی ئاشتەوایی و هەستانەوە. مەبەستیش لەم جەختکردنەوەیە، بە تایبەتی لە وشەی **گشتی**، ئەوە بووە کە پرۆژەکە **گشتگیر** بێت: ١) هیچ **کەس و کاراکتەرێک** و ٢) هیچ **بابەتێک**، ڤیتۆ و هێڵی سووریان لەسەر نەبێت!

[2] لە جێگەی گونجاو، لەم نووسراوەدا، دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی بانگەوازەکە.

وەبەرخستنەوەی ڕۆح و وزەیەکی نوێ بە بەر پانتایی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازیدا، بکەم. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەم قسەیە دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی زیاتر و ڕوونتر لە تەواوی ئەو قسە و باسانە نزیک ببینەوە کە دەربارەی "بەرەی" هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازی، لە ناویشیدا بزووتنەوەی گۆڕان، دەکرێ.

لە نامەیەکی دووڕودرێژمدا کە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢ ئاڕاستەی بزووتنەوەی گۆڕان کراوە، بەم ڕستەیە دەستم بە نامەکە کردووە: "کاتژمێر چارەکی دەوێ بۆ دوانزە، خەریکە کات تەواو دەبێت." بەم ڕستەیە مەبەستم بوو بڵێم، ئێتر خەریکە کات تەواو دەبێت... لە ئێستاشدا، دوای زیاتر لە دوو مانگ لە ئەو نامەیە و دوای هەوڵێکی زۆر و دوای شانزە مانگ لە شکستە کەمەرشکێنەکەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ی عیراقدا، ئێتر ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی بە باشی سوود لە ئەو هەموو کاتە زێڕینە وەربگرێ بۆ ئەوەی سەرکەوتوانە پڕۆژەی هەستانەوەی گۆڕان و ڕێکخستنەوەی بەرەی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی، گۆڕانخوازی و دادپەروەریخوازی، بگەیەنێتە کەناری ئارامی.

***

پێویستە هەر زوو ئەوەش بڵێم کە خەمی بەندە، لە هەوڵ و پڕۆژەکەمدا، تەنها هەستانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نەبووە، بەڵکو پڕۆژەکە، هەر نەبێ لە چوار ئاستدا، لەو ئامانجە زۆر فراوانتر بووە: ١) ڕێکخستنەوە لە پانتایی هەرە فراوانی

گۆڕانخـوازی و چاکسـازیخوازیدا؛ ٢) گۆڕانکـاریی ڕیشـەیی له هاوسـەنگیی سیاسـیدا له بەرژەوەندیی بەرەی ئۆپۆزیسـیۆن و نـاڕازی له دەسـەلاتی سیاسـی له هەرێمـی کوردسـتان؛ ٣) به گشتی، پێشکەشکردنی خزمەتێک به تەواوی پانتـایی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی باشووری کوردستان، به هیوای **گێڕانەوەی شکۆ بۆ بواری هەرە فراوانی سیاسەت و چالاکیی سیاسی**، چونکە، وەک چـۆن سـەرهەڵدانی بـزووتنەوەی گـۆڕان بەر له نـزیکەی چوارده ساڵ گێڕانەوەی هیوا بوو بۆ پانتـایی سیاسـەتکردن و چالاکیی سیاسی، هەر ئەوهاش، بەڵام له پێشـوەچوونێکی تەواو پێچەوانەدا، پاشەکشه و شکستی ئەو بـزووتنەوەیه یەکێک بوو لەو فاکتەرە زۆر گرنگانەی که کاریگەرییەکی زۆری نەرێنی و نێگەتیڤـی کـردە سـەر متمـانەکردن به کـاری سیاسـی و سیاسـەتکردن به شـێوەیەکی گشـتی؛ ٤) له ڕووی "فەلسـەفە" و حیکمەتـی پـرۆژەکەوە، پـرۆژەکە هەوڵێـک بـووە له ئەزمـوونکردنی "**سـارێژکردنی زامەکـان**". بەم واتـایەش، پەرۆشـیی پـرۆژەکە به زەروورەت کێشـە و **ئامـانجێکی "ژمـارەیی" نەبـووە**، به واتـای ئەوەی که مەبەسـت لێـی زێدەکردنی ژمارەی دەنگدەری بزووتنەوەی گۆڕان یـا ژمـارەی کورسـییەکانی بـزووتنەوەکه بێت له پەرلەمـان، بەڵکو پـرۆژەکه نزیکبوونەوەیەکی جیـاوازتر بـوو له مـامەڵەکردن لەگەڵ دیـاردە "دزێو" و نێگەتیڤەکـانی کولتـووری سیاسـی و سیاسـەتکردن له کۆمەڵگەی کوردستانیدا: دیـاردەی کەوتـنەوە و خسـتنەوەی زام دوای زام و دوای زام و... لەو کـــۆمەڵگەیەدا: مەبەســـت فەراهەمکردنـی **پچڕانێـک بـوو له پرۆسـەی وێرانکـاری خستنەوەی ئەم هەموو زامە**.

ماوە ئەوە بڵێم کە مەبەست لەم نووسراوە، هیچ جۆرە دادوەرییەک نییە، بە واتای پەنجەدرێژکردن بۆ ئەو لایەنەی کە زیاتر یا کەمتر بەرپرسە لەوەی کە تا ئێستا کەشتیی ئاشتەوایی گشتی نەگەیشتووەتە کەناری ئارامی. **ئەوە چاوەڕوانییەکی زۆرە لە خوێنەری ئەم ڕاپۆرتەوە ئەگەر پێی وابێ دەکرێ هەروا بە ئاسانی بگەین بە دەرەنجامی ئەوەی کە کام لایەن و کێ بەرپرسە لەوەی، تا ئێستا، هەوڵەکان نەگەیشتوون بە ئاکام: ئێمە هەر چەند زانیارییشمان لەبارەی ئامادەیی یا نائامادەیی لایەنەکان بۆ دایەلۆگ هەبێ و هەر 'چەندیش پشتڕاست بین' لە ڕاشکاوی یا ناڕاشکاوی، تۆ بڵێ جیددییەت یا ناجیددییەتی لایەنەکان، بەڵام دیسان لە توانامانداا نییە، هەر نەبێ لە ئێستادا، قسەی کۆتایی بکەین.** هەڵسەنگاندن و دادوەرییەکی ئەوها دەکرێ ئەرکی کۆمیسیۆنێک بێت، کە بۆ سەرکەوتنی ئەرکی ئەم کۆمیسیۆنەش هەموو سەرچاوەی زانیاری بەردەست بن و ئەم کۆمیسیۆنەش بۆی هەبێت پرسیار ئاڕاستەی هەر کەس و لایەنێک بکات بۆ دەرخستنی زانیاریی پێویست.[1]

---

[1] پێشتر لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٢دا نووسراوێکم بە ناوی 'پرۆژەیەک بۆ ساڕێژکردنی زامەکان: لە پەراوێزی بانگەوازەکەی بزووتنەوەی گۆڕانداا' لە مالپەڕی کەسیمدا بڵاو کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسراوەکە کەمێک خۆی لە مەسەلەی دادوەری نزیک کردبووەوە، نووسراوەکە بووە جێگەی کەمێک ناڕازیبوون. هەر لەبەر ئەوەش لە هەمان ڕۆژدا نووسراوەکەم کشاندەوە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی هەوا و کەشی پرۆسەی ئاشتەوایی گشتی و زۆر بە تایبەتییش بۆ پاراستنی متمانەی لایەنەکان بە بەندە لە پرۆسەکەدا.

پاشخانی مێژوویی پرۆژەی سارێژکردنی زامەکان

لێرەدا، وەک پاشخانی مێژوویی پرۆژە و هەوڵی هەرە دواییم بۆ فەراهەمکردنی ئاشتەواییەکی گشتی لە پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا، کە لە سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠٢٢دا دەستی پێ کرد، چەند وێستگەیەک تۆمار دەکەم:

١- لە ٢٠٢٠/٥/١٩دا، بە بۆنەی سێ ساڵەی کۆچی دوایی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، هەر لەپێناوی ئەو ئامانجانەی سەرەوە، **بیرۆکەیەکم** لە پۆستێکی فەیسبووکدا ڕاگەیاند بۆ سازدانی دایەلۆگێکی بەرهەمدار لە چوارچێوەی مۆدێلی سێگۆشەیەکدا: أ) ئەوانەی گۆڕانیان جێ هێشتووە و زیاتر بە "ناڕازییەکان" ناسراون؛ ب) بزووتنەوەی گۆڕان؛ ج) کوڕەکانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا.

٢- لە ٢٠٢٠/١٠/٧دا پرۆژەیەکم پێشکەش بەو سێ لایەنە کرد، بە هیوای ئەوەی هەرچی زووە دایەلۆگێکی بونیادنەر و بەرهەمهێن لە نێوانیاندا دەست پێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەندە و بەڕێز کاک ئاکۆ وەهبی کەوتینە پەیوەندیکردن بە لایەنەکان لە ئاڕاستەی فەراهەمکردنی دایەلۆگەکەدا. هەر لەم قۆناغەدا ژمارەیەک دڵسۆز، بە ژمارە زۆر کەم، بەڵام بە خەمخۆرییەکی زۆرەوە، بوون بە هاوڕێمان لە کاروانی پرۆژەکەدا. لەم قۆناغەدا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩، بواری سەفەرکردنم بۆ کوردستان نەبوو. بەم واتایەش، دەرفەت بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆژەکەدا نەڕەخسا.

٣- لە ٢٠٢٠/١١/١٥دا هاوپێچ بە پاگەیەنراوێک "بۆ ڕای گشتیی کوردستانی" **جارێکی دیکە پرۆژەکەمان بڵاو کردەوە**[1]، بە هیوای ئەوەی پشتگیرییەکی پێویستی جەماوەری بێتە پاڵ پرۆژەکە بۆ فشارخستنە سەر لایەنەکان، بۆ ئەوەی هەرچی خێراتر ئەو دایەلۆگە بکەوێتە سەر پێ. شایەنی ئاماژەیە کە لەم قۆناغەدا ئەم هەوڵە، لە ڕووی گوتاری جۆشوخرۆشدانی پانتایی کۆمەڵایەتیی بەرەی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی بۆ پشتگیری و بەتەنگەوەهاتنی پرۆژەکە، زیاتر سیمای گوتاری **ئاشتەوایی گشتی**، "**ساڕێژکردنی زامەکان**" و "کاک نەوشیروان چەتری هەموان"ی وەرگرت...

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لە تەواوی پرۆژە و پرۆسەی ئاشتەواییدا، چەمکی "زام" زیاتر وەک **بەکارهێنانێکی مەجازی** (metaphorical)ی وشەکە بوو بۆ ئەو حاڵەتەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی، بە تایبەتی کۆمەڵگەی سیاسی، بە درێژایی مێژووییەکی دوورودرێژ خۆی تێدا بینیوەتەوە: ئەم هەموو ململانێ و حاڵەتە ناجۆرانەی کە لەو کۆمەڵگە سیاسییەدا هەبوونە و لە ئێستاشدا هەن. بە تایبەتی لەوێدا "کولتووری سیاسی" بە هەموو دیاردە نێگەتیڤەکانیەوە (وەک بۆ نموونە، براکوژی، خۆخۆری، قبووڵنەکردنی یەکتر، هەوڵی سڕینەوەی یەکتر، دووبەرەکییەکی وێرانکار و بێکۆتایی، نەسازان،

---

[1] بۆ دەقی ڕاگەیەنراو و پرۆژەکە، بڕوانە ئەم بەستەرە:
http://burhanyassin.com/Rageyendraw%20u%20Proje%204.pdf
دەستگەیشتن: ١٨-٢-٢٠٢٣.

پەرتەوازەیی و...) ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەردەوامیی حاڵەتی خستنەوەی زام دوای زام و دوای زام و...

ئەم پڕۆژەیە هەوڵێک بووە بۆ ئێستکردنێکی جیددی لەسەر ئەم هەموو زامە، بە تایبەتییش هەوڵێک بوو بۆ پیادەکردنی ئەزموونێک **لە ساڕێژکردنی زامەکان**. بەم واتایەش، پڕۆژەکە زیاتر پێداگری بوو لەسەر **ڕەهەندی بەهاکان**: لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر **بەها جوانەکان**، لە ڕەهەندە کولتووری، مرۆیی و سیاسییەکاندا و **بەکارهێنانی ئەم بەها جوانانە**، وەک **ئامرازێکی کاریگەر لە ساڕێژکردنی زامەکاندا**، هەر نەبێ، هەندێک لە زامەکانمان ساڕێژ کردبن. بە واتایەکی تر، هەندێک لەو **خوێنلێبەربوون** (نزیف)ەمان لە جەستەی کورد، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، ڕاگرتبێ!

٤- بە داخێکی زۆرەوە، دوای هەوڵێکی زۆر، پڕۆژەکە لە کۆتایی مانگی ژەنیوەریی ٢٠٢١دا بە بنبەست گەیشت، بە تایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بژاردەی هاوپەیمانیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی پاشەکشەی بزووتنەوەکە و وەک ئامادەکارییەکیش بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق (٢٠٢١)، کرد بە ستراتیجیی قۆناغەکە. بەم واتایەش، گۆڕان میتۆدێکی تری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ڕێکخراوەیی خۆی، لەبری ئەم پڕۆژەی هەستانەوە، هەڵبژارد. ئەگەرچی، بەر لە مۆرکردنی هاوپەیمانییەکە، بزووتنەوەی گۆڕانم ئاگادار کردبووەوە کە **ئەم هاوپەیمانییە خۆکوژییە** و پێویستە لە نێوان "**خۆکوژی**" و پڕۆژەی **هەستانەوە**دا

یەکێکیان هەڵبژێرێ، چونکە ئەم دوو بژاردەیە بە یەکەوە ناسازێن و یەکانگیر نین![1]

دەرەنجام لە ٢٠٢١/١/٢٠دا ڕام گەیاند کە پرۆژەکە بە بنبەست گەیشت و ئەوەشی پەیوەندیی بە بەندەوە هەبوو، بە ڕاشکاوی گوتم کە من چیتر ناتوانم لە پرۆژەکەدا بەردەوام بم.[2]

زیندووکردنەوەی ئەم جارەی پرۆژەکە

بەر لە سەفەرم بۆ کوردستان، سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی پار، هەندێک خەڵکی خەمخۆر و دڵسۆز لەپێناو سەرلەنوێ بووژاندنەوە و دەستپێکردنەوەی هەوڵەکانی ئاشتەوایی گشتی لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیدا، خواست و پێشنیازیان خستە بەردەم بەندە.

بونیادنراو لەسەر ئەم پێشنیازە و بە لەبەرچاوگرتنی باری نالەبار و بێئومێدی لە هەرێمی کوردستاندا، بەندە لە ٢٠٢٢/٩/٢٧دا نامەیەکم ئاڕاستەی هەرسێ لایەنی پەیوەندیدار، گۆڕان، کۆڕانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و ژمارەیەک لە

---

[1] هەڵبەتە ئەگەر هاوپەیمانییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان نەک تەنها لەگەڵ یەکێتیدا، بەڵکو لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەی دەسەڵاتدا (ئاشکراتر بڵێین لەگەڵ پارتییشدا) بوایە، ئەوا هەر هەمان هەڵوێستم دەبوو.

[2] بۆ بینینی ڕاگەیەنراوێک دەربارەی گەیشتنی هەوڵەکە بە بنبەست، بڕوانە: "کاتێک زامدارەکان ناخوازن زامەکانیان ساڕێژ بکرێن"، لەم لینکەدا:
https://burhanyassin.com/Azadixwazani%20Badinan%206.pdf
دەستگەیشتن: ١٢-٢-٢٠٢٣.

کاراکتەری "ناڕازی"[1] کرد بۆ ئەوەی بزانم: ئاخۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە دایەلۆگێکی بەرهەمهێن و داهێن سەر پێ بخەن لەپێناو فەراهەمکردنی ئاشتەواییەکی گشتی؟ لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەشی کە لە ڕادەی پەرۆشی لە وەڵامەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەبوو، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا بێوەڵاممانەوەی پێشنیازنامەکەم، بەڵام دەرەنجام لە کۆی گشتیدا دۆخەکە ئەوەی دەهێنا هەوڵێکی تر بۆ ئاشتەوایی سەر پێ بخەین و بەم واتایەش **پرۆژەکەی بەر لە دوو ساڵمان زیندوو بکەینەوە** و هەر لە ڕۆشنایی بیرۆکە سەرەکییەکانی پرۆژەکەشدا جووڵەیەکی تر دەست پێ بکەین.

ئەم جووڵە و هەوڵە بە سەردانی گڵکۆی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە بەیانییەکی زووی ٥ی تشرینی دووەمی پار دەستی پێ کرد. لە هەمان ڕۆژدا لە پۆستێکی فەیسبووکدا، لە پەیوەندی لەگەڵ سەردانەکەدا، کۆمەڵێک بیرۆکەم ورووژاند کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار بوون بە ژیاندنەوەی پرۆژەی ئاشتەوایی گشتی.[2] لە پۆستەکەدا نووسیومە:

---

[1] لە هەوڵەکانمدا، بە تایبەتی لە سەفەری هەرە دواییم بۆ کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کاراکتەری "ناڕازیم" بینی، هەر لەبەر ئەوەش ئاسان نییە ناوی هەموویان بهێنرێ. ئەگەر ناوی ژمارەیەکی دیاریکراویش بهێنین، ئەوا دەکرێ ببێت بە جێگەی سەرنج و دڵتەنگیی هەندێک بەڕێزی دیکە. هەر لەبەر ئەوەش، بە دڕێژایی نووسراوەکە خۆم لە ناوهێنانی کاراکتەرەکان دەپارێزم. بە هیوای ئەوەی ئەم تێبینییەم جێگەی ڕەزامەندیی هەموان بێت.

[2] بۆ بینینی پۆستەکە، بڕوانە ئەم بەستەرە:
https://www.facebook.com/burhan.yassin.5/posts/pfbid02JiDfS9X6zb3VtSeMpxV12FUkvLPsdFBiCrd9Gog3N41Sc8V5TG9dfSqQyaNSGjYSl
دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/١٣.

بەر لە دوو ساڵ، دۆخی بزووتنەوەی گۆڕان خراپ بوو، بەڵام لە ئێستادا زۆر خراپترە و بەم دۆخەش ئەستەمە بتوانێ هەنگاوی جیددی و ڕاستەقینە بە ئاڕاستەی هەستانەوە دا بنێی... بەر لە دوو ساڵ، کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت مەتڵەبێکی سەرەکی بوو، بەڵام ئەمڕۆ دوای دوو ساڵ، بە دیاریکراوی دوای بڕیاری گۆڕان بە بەشداربوون لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، مەتڵەبێکی تریشی هاتووەتە سەر، ئەویش پاشگەزبوونەوەیەکی بڕاوبڕ و بۆڕانەیە لەو بڕیارە کەمەرشکێنەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.

لە ئێستادا، ئەگەر گۆڕان بخوازێ ١) گەورەیی نەوشیروان مستەفا و پڕۆژەکەی بپارێزێت، ٢) ئەو سەرکردەیە بە زیندوویی لە مێژوودا (لەسەر پانتاییە ڕاستەقینەکەی) بمێنێتەوە، ٣) ئاشتەواییەکی گشتی بەر لە بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی بە دەست بهێنێ، ئەوا بەبێ سێ و دوو بڕیاری ئەو دوو کشانەوەیەی پێویستە: کشانەوە لە حکومەت و کشانەوە لە بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان. من دەزانم ئەم دوو بڕیارە زۆر قورسن، وەک نۆشینی پەرداخێک ژەهر وان، بەڵام بەبێ ئەم دوو بڕیارە، ناتوانرێ ئەم جەستەیە لە پووکانەوە ڕزگار بکرێ و ڕۆح بکرێتەوە بەر پڕۆژە گۆڕانخوازییەکەی نەوشیروان مستەفادا و مەساحەی ئەم سەرکردەیە لە مێژوودا پارێزراو بێت.

ئەمە دووڕێیانی بڕیارە گەورەکەیە؛ گۆڕان چارەی تری نییە!

بەهەرحـاڵ، لە وێنەیەکـی فراوانتـر و لە چوارچێـوەی پـرۆژەی ئاشتەوایی گشتیدا، بڕیار و هەنگاوی کرداریی لە پێکهاتەیەکی **دوو ئەستوونیدا** پێویستن: **یەکەمیان**، هەڵوێست لە ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان، کە هەنگاوی هەرە گرنگیش بڕیاری کشانەوەیە لە حکومەت و پاشـگەزبوونەوە لە بڕیـاری درێژکـردنەوەی تەمەنـی پەرلەمـان؛ **دووەمیشیان**، چارەسـەرکردنی کێشـەی جێمـاوە ماددییەکـان (گـردی زەرگەتە و... هتـد) و دواڕۆژی ڕۆڵـی سیاسـییانەی واریسـانی ڕەوانشـاد نەوشـیروان مسـتەفا و شـــێوازی پەیوەنـــدیی ئەوان و کۆمپانیـــای وشـــە بە بـزووتنەوەی گـۆڕانەوە. ئەم پێکهـاتە دوو ئەسـتوونییەش مۆدێلە "سێگۆشـەییەکە"[1] پشتڕاسـت دەکـاتەوە و پێویستیشـە بە بنەمـا بگیـرێ، ئەگەر دەخـوازرێ ئاشـتەواییەکی گشـتگیر، "کامڵ" و ڕاستەقینە بەرهەم بێت!

ڕوونتـر بڵێـین، هەنگاوەکـان پەیوەسـتن بـە دایەڵـۆگ و هەڵوێستی کرداریی بزووتنەوەی گۆڕان، کوڕانی ڕەوانشـاد نەوشیروان مستەفا و "بەرە"ی نـاڕازی. واتە زۆر گرنگە ئەم دایەڵـۆگە گشـتگیر و لەخـۆگر (inclusive) بێـت و هەرسـێ سـەری سێگۆشـەکە بگـرێتە خـۆی، بەبـێ هـیچ جۆرێـک لـە هەڵاوێردن، ڤیتۆ و هێڵی سوور، لەسەر **کەسـانی بەشـداڕ لە دایەڵـۆگ**، یـا ئەو **بابەتـانەی کە لە دایەڵـۆگ و دانوسـتاندندا بـاس دەکـرێن و پێویسـتیان بە چارەسـەرە**. جـگە لەوەش، تەنانەت لە هەر یەکێک لە سەرەکانی سێگۆشـەدا، بە تـایبەتی

---

[1] بۆ وردەکاریی زیـاتر لەمـەڕ مۆدێلە سیگۆشـەییەکە، بڕوانە پێشـتر لەم ڕاپۆرتەدا.

گۆران و ناڕازییەکان، پێویستە یەکدەستی و یەکدیدگایی هەبێت بۆ ئەوەی ئاشتەواییەکە کامڵ و گشتگیر بێت. لێرەدا، بە گرنگییەوە ئاماژە بۆ ناوەڕۆک و وردەکاریی زیاتری ئەو دوو ئەستوونە بنچینەییە دەکەین، کە پێویستە ڕەگەزی سەرەکی بن لە هەر نەخشەڕێگەیەکی ئاشتەوایی گشتیدا:

ئەستوونی یەکەمیان لە پرۆژەی ئاشتەوایی گشتیدا، ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕانە. بەم واتایەش، بووونەوەی بزووتنەوەکەیە بە **هێزە سیاسییە جیاوازەکەی** جاران، دەرەنجامیش بوونەوە بە بەشێک لە **بەرەی شەقام و گەل**. ئەم ڕاستکردنەوەیە بە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت و پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەست پێ دەکات و بە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەکەدا تێ دەپەڕێت.

بوونی گۆڕان بە بەشێک لە کابینەکەی مەسرووور بارزانی، نەک هەر کێشە و پرسێکی نوێ نییە، بەڵکو تەنانەت بەر لە بڕیاردانیش لە چوونە ناو حکومەت، ئەم مەسەلەیە پرسێکی جیددی بوو. هەر لە سەرەتاوە، نەک هەر دەنگی دژ بەرامبەر بە بەشداربوون لە حکومەت هەبوو، بەڵکو تەنانەت هەر لە هەنگاوی یەکەمدا، وەک کاردانەوە، ژمارەیەک هەڵسووڕاوی گۆڕان، لە ئاستی بەرپرسیارییشدا، دەستیان لە کار کێشایەوە و وازیان لە گۆڕان هێنا. دواتر ئەم کێشەیە بوو بە یەکێک لەو هۆیە سەرەکییانەی کە وایان کرد فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عیراق لە بزووتنەوەی گۆڕان دابڕێ، هەروەها دوو

ئاڕاستەیش لە ناو فراکسیۆنی گۆڕاندا لە پەرلەمانی کوردستان دروست ببێ.

ئەم کێشەیە، واتە بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا، بوو بە ئەو فاکتەرەی کە زیاتر لە هەموو فاکتەرەکانی تر، بوو بە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی بچێت و پاشەکشە بکات. دوای زانینی ئەم هەموو ڕاستییە، لەگەڵ ئەوەشی دوای شکستە کارەساتبارەکەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی عیراق، لە شانزە مانگی ڕابوردوودا جار دوای جار و لە ئاست و ئاڕاستەی جیاجیادا ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا لە هەموو فاکتەرێکی تر زیاتر ڕۆڵی هەبووە لە شکستهێنانی گۆڕاندا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەتا گۆڕان هێشتان **دوودڵە لە وەرگرتنی بڕیارێکی بڕاوبڕ بە کشانەوە لە حکومەت.**[1]

---

[1] بەش بە حاڵی خۆم، هەر زوو بەر لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی گۆڕان لەگەڵ پارتیدا، کە مەبەستی سەرەکی لێی بەشداریکردنی گۆڕان بوو لە حکومەتدا، بە نامەیەک بزووتنەوەی گۆڕانم لە هەڵوێستی خۆم لە مەسەلەی چوونەناو حکومەت ڕوون کردەوە. هەڵبەتە، بەبێ دوودڵی و زۆر بە ڕاشکاوانە، لەگەڵ ئەم بەشداریپەدا نەبووم. دواتریش بە وتارێک (لە ٢٠١٩/٥/٢١دا) بە ناوی "**ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لەژێر هەڕەشەی جیددیدایە! یەکڕیزیی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لە بەردەم ئالنگارییەکی گەورەدایە**" ئەم هەڵوێستەی خۆمم، بە فراوانی و ئاشکرا، دووپات کردەوە. بڕوانە:
https://burhanyassin.com/Rekewtini%20Parti%20u%20Gorran%203.pdf
دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/٢٢.
دواتر هەر بەم هۆیە و هەندێ هۆکاری تریشەوە، بە ڕاگەیەنراوێک لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢دا کۆتاییهاتنی بڕاوبڕی پشتگیریی خۆمم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند. بڕوانە: "پشتگیری لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس":

لێرەدا پێویستە ئەوە جەخت بکەینەوە کە کشانەوە لە حکومەت شتێکی **تاکڕەهەند** نییە: کشانەوە لە حکومەت نابێت ئەوها تەماشا بکرێ وەک ئەوەی گۆڕان چەند پۆست لە دەست دەدات یا لە ڕووی دارایییەوە چەند زیانی بەردەکەوێ و... بەڵکو ئەم هەنگاوە دەبێ، وەک دەربڕی خواستێکی ڕاستگۆیانە و وەک بەشێکی هەرە گرنگ لە **ڕاستکردنەوەی ئاڕاستە و دەربڕینی ئیرادەش بێت**، بەرامبەر بە هۆکارێکی یەکجار گەوهەری لە شکستهێنانی گۆڕان. بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتدا بوو بە هەڵە و خەوشێکی سیاسیی کەمەرشکێن کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، بە تایبەتییش لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عیراقدا (تشرینی یەکەمی ٢٠٢١)، ئاکامە کارەساتئامێزەکانی ئەم بەشداربوونە بە جوانی دەرکەوتن.

بڕیار و هەنگاوی کشانەوە لە حکومەت دەبێت بە ئەو تەکان و "شۆکە" لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا، تەنانەت لە پانتایی سیاسیدا لە باشووری کوردستانیش بە گشتی، کە گۆڕان پێویستی پێیەتی و هەر زووش ئاکامە پۆزەتیڤەکانی دەردەکەون. یەکێکیش لە ئاکامە هەرە گرنگەکانی بڕیارێکی ئەوها، گەڕانەوەی **متمانەی خەڵکە** بە گۆڕان، بە واتای ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە، لەگەڵ پاشەکشە و لاوازبوونیشیدا، **هێشتان توانای بڕیاری گەوهەری و چارەنووسسازی هەیە!**

---

https://burhanyassin.com/Rageyendrawek%2022.pdf

دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/٢٢.

بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی مەسروور بارزانیدا یەکێک بوو لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەی کە بوون بە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان "**ڕەنگ**"**ی ڕەسەن** و **جیاوازیی خۆی لەگەڵ حزبەکانی دەسەلاتدا** لە دەست بدات، واتە کەم یا زۆر، لە چاو و دیدگای خەڵکەوە ڕەنگ و سیمای سیاسییانەی ئەو بزووتنەوەیە وەک هیی حزبەکانی دەسەلاتی لێ بێت.

دەرەنجام، کشانەوە لە حکومەت دەبێت بە ئەو هۆکارەی کە، هەڵبەتە شان بە شانی گۆڕانکاری لە **گوتاری سیاسیی** بزووتنەوەکەدا، بزووتنەوەی گۆڕان ببێتەوە بە هێزە سیاسییە "جیاوازەکەی" جاران و بکەوێتەوە سەر **ڕێچکە ڕەسەنەکەی** خۆی... جگە لەمەش، بەپێی زۆر بۆچوون، هەنگاوێکی ئەوها دەتوانێ ببێ بە سەرمەشقی پڕۆسەی "ڕاستکردنەوەی ئاڕاستە" لە سیاسەتی گشتیی گۆڕاندا و گەڕانەوەی متمانەی گشتیی ئەو خەڵکانەی کە پێشتر پاڵپشت و لایەنگری بزووتنەوەکە بوون.

ئەوەی ئێمە لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ناڕازییەکاندا تێبینیمان کردووە، ئەوە بووە کە بۆچوونی باڵادەست لە ناویاندا ئەوە بووە کە وەک چۆن گۆڕان **پێشتر لە ڕێگەی هەڵوێستێکی جڤاتی نیشتمانییەوە بڕیاری چوونە ناو حکومەتی داوە، هەر ئەوهاش هەمان جڤات دەتوانێ بڕیاری کشانەوەش بدات**. لە بەرامبەردا، دیدگای گۆڕان لەم بارەیەوە ئەوە بووە کە "**با ناڕازییەکان بفەرموون بێنەوە و بەیەکەوە شان بدەینە بەر بەرپرسیارێتی لە پرسە**

گرنگەکاندا، لەمانەش مەسەلەی کشانەوە لە حکومەت." تەنانەت ئەو هەڵوێستەش لە گۆڕان زانراوە کە دەبێ ئەم پرسە لە کۆنفرانسی نیشتمانیدا یەکلا بکرێتەوە، هەر وەک سەفین مەلا قەرە، هەڵسووڕاوی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ "**دەبێت کۆنفرانس ببەستین، بە هەموو لایەکمانەوە بڕیار بدەین و بەرپرسیارێتی هەڵبگرین، لە حکومەت بکشێینەوە یان بمێنینەوە.**"[1]

لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوە دەزانن کە یەکێک لە گرێکوێرە و پرسە گرنگەکان مەسەلەی کشانەوەیە لە حکومەت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو بزووتنەوەیە دەرفەتێکی زێڕینی هەبوو کە لە بانگەوازەکەیدا وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ئەو بزووتنەوەیە بۆ "ئاشتەوایی" لە ٨ی ئەم مانگەدا بڵاوی کردەوە، بە ڕوونی و بەبێ پێچوپەنا باسی ئەم مەسەلە گرنگە بکات و تەنانەت ئاماژە بۆ شێوازی یەکلانەکردنەوەی بکات[2]، بەڵام ئەمەیان نەکرد. لە باشترین حاڵەتدا بانگەوازەکە بە شێوەیەکی "ناڕوون" ئاماژە بۆ ئەم پرسە چارەنووسسازە دەکات و دەڵێت "هەر هەنگاو و بڕیارێکیش بۆ ئەو مەبەستە پێویست بکا، با بەیەکەوە بەرپرسیارێتی و دەرهاویشتەکانی داهاتووی

---

[1] https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=62513
دەستگەیشتن: ٢٠٢٢/١٢/١٨.

[2] لە ڕاستیدا نەبوونی ئاماژەیەکی ڕوون دەربارەی ئەم دۆسیە گرنگە لە بانگەوازەکەدا، یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە بەرەی ناڕازی ئەم بانگەوازە بە هەند وەرنەگرێ، یا هەر نەبێ، بانگەوازەکە نەتوانێ ببێ بە هۆکار و فاکتەرێکی گرنگ لە تواندنەوەی بەستەڵەک لە نێوان گۆڕان و ناڕازییەکاندا.

بـزووتنەوەکە بگـرینە ئەسـتۆ.[1] لە ڕاسـتیدا هەڵە نییە ئەگەر بڵێین ئەم جۆرە دەربڕینە، بە هـیچ شـێوەیەک، بەشـی ئەوە ناکـات کە **مەودای نێـوان ناڕازییەکـان و گـۆڕان کەمتـر بکـاتەوە**، بە واتـای ئەوەی لەبـری پشتڕاسـتکردنەوەی بڕیـارێکی بـەبێ دووداڵیـی گـۆڕان لەبـارەی کشـانەوە، ئەم پرسـە هەسـتیارە **دەسـپێڕرێتە جۆرێـک لە تـاریکی**، بەڵکـو تەنانەت ئەم هەڵوێستە ئەو **مەودایە** فراوانتریش دەکات.

ئەسـتوونی دووەمیشـیان مەسـەلەی جێماوەکـانی دوای کۆچی دوایـی نەوشـیروان مسـتەفایە، بە تـایبەتی مەسـەلەی شـێوازی سـوودوەرگرتن لە موڵـک و جێماوەکـان و ئەو ڕۆڵەی بەڕێـزان کوڕەکـانی ڕەوانشـاد (نمـا و چیـا) دەیبینـن؛ واتە ڕادە و شـێوازی **دەسـەڵاتی ئەوان لە نـاو و بەسـەر بـزووتنەوەی گـۆڕانەوە: ڕۆڵ و کـاریگەریی ئەوان لەسـەر بڕیارەکانی گۆڕان**، دوو مەسـەلەی گرنگن و پێویسـتیان بە چارەسـەرە. لە کاتێکـدا ئەوان **بە ڕەسـمی** هـیچ پـێگە و بەرپرسـیارییەکی ڕەسـمیان لە نـاو دامودەزگاکـانی گۆڕانـدا نییە[2]، بەڵام **بوونی دەسـەڵاتیان بەسـەر ئەم بزووتنەوەیەوە**

---

[1] بۆ دەقی بانگەوازەکە، بۆ نموونە بڕوانە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=63434
دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/١٠.

[2] لە ڕاستیدا ئەو نامەیەی بەڕێزان نما و چیا، کە "دزەی کرد" و لە بەشێک لە ئامرازەکانی میدیای کوردیدا بڵاو بووەوە، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوان، ڕوو بە بزووتنەوەی گۆڕان، خاوەن دەسەڵاتن، ئەگەرچی ئەوان، بۆ ئەستۆپاکی لە هەر بەرپرسییەک، لە کۆتایی نامەکەدا دەڵێن "ئێمە قسەی دڵی زۆرینەی خەمخۆرانی گۆڕان و خۆمان کرد، ئێوەش ئازادن لەوەی کە چ هەنگاوێک هەڵدەگرن." بۆ نموونە بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=213777

ئیشکالییەت و کێشەیە و بەم پێیەش پێویستی بە چارەسەرێکی ریشەیی هەیە. لە ڕاستیدا ئەمە نەک هەر دیدی ناڕازییەکانی دەرەوەی گۆڕانە، بەڵکو تەنانەت بۆ بەشێک لە هەڵسووڕاوانی **بزووتنەوەکەش ئەم مەسەلەیە جێگەی گرنگییەکی زۆرە!**

بە واتایەکی تر، پێویستە ئەو کێشانە لە چوارچێوەی هەستانەوە لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا چارەسەر بکرێن، چونکە بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، هیچ پرۆژەیەکی هەستانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێ سەرکەوتوو بێت: **ناتوانێ پرۆژەیەکی کامڵ بێت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ توانای ئەوەی هەبێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ!**

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ لە پانتایی هەرە فراوانی باسوخواسە سیاسییەکاندا، تەنانەت باسوخواستە هەرە گشتییەکان، ئەو شێوەیەی کە مووڵک و ماڵ و جێماوەکانی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مامەڵەی لەتەکدا کراوە، نەک هەر بووەتە جێگەی مشتومڕ، بەڵکو ئەم مەسەلەیە بووەتە جێگەی **نیشانەی پرسیاریش!** پێویستە ئەم نیشانەی پرسیارە بە دڵسۆزی و خەمخۆری و شارەزاییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و چارەسەر بکرێ.

بەم باوەڕەوە، وەک خاڵی لێوەدەرچوون، هەر لە سەرەتاوە پێم وابوو بەبێ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ناتوانرێ ئاشتەواییەکی جێگیر و گشتگیر بە دەست بێت. بە

دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/١٤.

واتـایەکی تـر، چارەسـەرکردنی ئەم پرسـە بـۆ بـزووتنەوەی گۆڕان، بۆ پێگەی مەعنەویی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و تەنـانەت بـۆ دواڕۆژی سیاسـیی واریسـانی ڕەوانشـادیش، باشـە... لەم بارەیەشـەوە بەر لە دوو سـاڵ زیـاتر پێشـنیازی ئەوەم کـرد کە "کێشـە"ی جێماوەکـانی دوای کـۆچی دوایـی نەوشـیروان مسـتەفا دەکـرێ بە شـێواز و میتـۆدی "**وەقـف**" چارەســەر بکـرێ؛ تەنـانەت ئەم بۆچـوونە پشـتگیرییەکی زۆریشـی لە نـاوەوە و لە دەرەوەی گـۆڕان هەبـوو![1] بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت کە ئەم چارەسـەرە فەراهەم نابێت و کۆمەڵێـک کۆسـپ و تەگەرە هەن لەسـەر ئەم ڕێگـەیە، لە هەوڵی ئەم جارەماندا پێشنیازی ئەوەمـان کرد کە لە ڕێگەی "وەرەقەیەکی قـانوونی"یەوە ئەم پرسـە چارەسـەر بکرێ. لە ڕۆشـنایی ئەم باوەڕەشـەوە، لە کۆبوونەوەیەکمـدا لەگەڵ بەڕێـز چیـا نەوشـیروان مسـتەفا لە مـاڵی خۆیـان لە گـردی زەرگەتە (لـە ٢٠٢٢/١١/٢١دا)، گەیشـتین بە "**لەیەککەیشـتن**" لەســەر ئەم پرســە. لەیەککەیشـــتنەکە ئەوە بـــوو کە "وەرەقەیەکـــی قـــانوونی" بە مەبەسـتی ڕوونکـــردنەوەی شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیای وشـە لە لایەک و بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەکی تـرەوە بەرهەم بهێنرێت و لە نـاوەڕۆکی "وەرەقەکەدا" مـاف، ئەرک و بەرپرسـیاریی هەر کەس و لایەنێک دیاری بکرێت. بەو هیوایەی کە بە زووترین کـات ڕێکخسـتنی ئەم "وەرەقە"یە بە چەنـد یاساناسـێکی

[1] بەپێـی زانیارییەکـان، ئەم شـێوە چارەســەرە لەو کاتەشـدا، کە تەنـانەت ڕەوانشـاد نەوشـیروان مسـتەفا هێشـتا لە ژیانـدا بـوو، گفتوگۆی لەسەر کراوە.

خەمخۆر و دڵسۆز بسپێرێ. ئەگەرچی دەکرێ **وەرەقەیەکی یاسایی** لەو جۆرە هەموو "ناڕازییەکان" بە تەواوەتی ڕازی نەکات، بەڵام ئەمە لە ئێستادا باشترین چارەسەرە، تەنانەت لە دۆخی هەنووکەدا چارەسەری ئایدیاڵییشە.

تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم، یەکەم جارە بەڕێزان چیا و نما نەوشیروان مستەفا لە بەڵگەنامەیەکدا، واتە ئەو نامەیەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٤دا بۆ بزووتنەوەی گۆڕانیان ناردووە و لە شارپرێسدا بڵاو کرایەوە، قسە لەسەر پرسی **گردی زەرگەتە دەکەن بەبێ ناوهێنانی جێماوەکانی تر**، لەو بارەیەوە دەڵێن: "لەسەر پرسی گردەکە جارێکی تر دڵنیایی دەدەینەوە کە تاکە بژاردە و خواستی باوکمان ئەوە بوو کە گردی زەرگەتە ماڵ و قەڵای گۆڕانخوازان و گۆڕانێک دەبێت کە لە بەرەی گەلدا بمێنێتەوە، جێگەیەک بێت بۆ خزمەتی گشتی و بەرگریکردن لە چاکەی گشتی، لە پاڵ ئەوەشدا، خەونەکانی باوکمان دەهێنینە دی بە دامەزراندنی ناوەندێکی ڕۆشنبیری بۆ پێگەیاندن و خزمەتکردن بە نەوەکانی داهاتوو."[١٠]

---

[١٠] بڕوانە *شارپرێس*،
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=213777
دەستگەیشتن: ٢٠٢٣/٢/١٤.
جێگەی ئاماژەیە کە لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆ بەندە، لە چوارچێوەی هەوڵەکانم لە پرۆژەی ئاشتەوایی گشتیدا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١١دا، بەڕێزان نما و چیا نەوشیروان مستەفا، جگە لەوەی کە پەرۆشی و خەمخۆرییەکی زۆر بۆ گۆڕان و پارێزگاری لە جێگە و پێگەی میژوویی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا دەکەن، دیدی خۆشیان ڕوون دەکەنەوە دەربارەی "گردی زەرگەتە". ئەم دیدە، دەربارەی گردی زەرگەتە، زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو دیدگایەی کە لە هەمان مەسەلەدا لە نامەکەی ئەواندا

لێرەدا نامەوێ دەربارەی وردەکارییەکانی نامەکە بدوێم، بەڵام دەخوازم ئەوە جەخت بکەمەوە کە هێشتنەوەی ئەم مەسەلە هەستیارە بەبێ چارەسەرێکی یاسایی و مانەوەی لە "**حاڵەتێکی تەماویدا**"، نە لە سوودی گۆڕانە، نە لە سوودی **ناو و پێگەی مەعنەویی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفایە** و نە لە سوودی واریسانی ڕەوانشادیشە! نەک هەر ئەوە، چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە، بە شێوەیەک یان شێوەیەکی تر، زیانبەخشە بۆ هەرسێ ئەو لایەنەی ناویان هێنرا! جگە لەوە، دەبێ ڕاشکاوانە ئەوەش بڵێین کە مانەوەی ئەم دۆسیەیە وەک خۆی و بەبێ چارەسەرێکی "یاسایی"، بەو شێوەی کە لە پێنج ساڵی ڕابوردوودا هەبووە، بە ئەگەری زۆرەوە دەبێت بە تاقیکردنەوەیەکی قورس بۆ سەرکردایەتیی داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕانیش!

کەواتە، پێویستە ئەم "کێشەیە" بە زووترین کات چارەسەر بکرێ، ئەمەش نەک هەر لەپێناو بەدەنگەوەچوونی خواستی ناڕازییەکان و سەرپێخستنی دایەلۆگێکی بەرهەمهێن **لە نێوان گۆڕان و دەرەوەی خۆی**، بەڵکو تەنانەت لەپێناو **پاراستنی تۆکمەیی ناوخۆیی بزووتنەوەکە خۆیشی و ڕێگری لە سیناریۆگەلێک کە بە هۆی ئەم کێشانەوە تەنانەت هەڕەشە لە بوونی بزووتنەوەکەش دەکرێ.**

***

بۆ بزووتنەوەی گۆڕان هاتووە. دەکرێ لە داهاتوودا، لە هەلسەنگاندنێکی تێروتەسەلدا، ئاماژەی زیاتر بۆ ئەم نامە تایبەتە، کە بۆ بەندە نێررراوە، بکەین، یا تەنانەت نامەکە وەک خۆی بڵاو بکەینەوە.

بە درێژایی گفتوگۆمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەک و "ناڕازییەکان" لە لایەکی دیکەوە، دوو کێشەی تەکنیکی هەبوون کە ڕێگر بوون لەوەی **ئێمە** بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا دایەڵۆگێکی ڕاستەوخۆ و بەرهەمدار لە نێوان "ناڕازییەکان" و بزووتنەوەی گۆڕاندا سەر پێ بخەین: ١) نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو ئەستەمیشە بتوانرێ لە نێوان ناڕازییەکاندا **یەکهەڵوێستی و یەکدیدگایی** بەرهەم بهێنرێت. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە لە نێوان ناڕازییەکاندا هەمەجۆرییەکی زۆر هەیە لە ڕووی **هۆکارەکانی ناڕازیبوون و دوورکەوتنەوە لە گۆڕان**، بە شێوەیەک کە هەر **ئەم هەمەجۆرییە** بووە بە کێشەیەک بۆ فەراهەمکردنی کۆدەنگی لە ناویاندا. بۆ نموونە، لە بابەتی کشانەوە لە حکومەت لە نێوان هەڵوێستی "کشانەوەی پێشوەخت لە حکومەت" تا دەگاتە ئەو هەڵوێستەی کە دەڵێ "ئێتر کارتی کشانەوە لە حکومەت سووتاوە و کەڵکی نەماوە"، تێبینیی زۆر هەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بڵێین کە لە ناو ناڕازییەکاندا داخوازیی کشانەوە لە حکومەت، بە دڵنیاییەوە، **زاڵ و باڵادەستە**.

جێگەی بیرهێنانەوەیە کە تەنانەت بەر لە دوو ساڵیش، خواستی پێویستبوونی دروستکردنی "پلاتفۆرمی دایەڵۆگ" خرایە بەردەم، هەر نەبێ بەشێک، لە ناڕازییەکان بە مەبەستی ئەوەی کە ناڕازییەکان لە نێوان خۆیاندا پلاتفۆرمێک پێک بهێنن بۆ ئەوەی **ئەم پلاتفۆرمە** ببێ بە کەناڵی ئەوان بۆ دایەڵۆگ لەگەڵ گۆڕاندا و بۆ ئەوەی ئەم پلاتفۆرمە بتوانێ **پرۆژە و نەخشەڕێگەیەک** گەاڵە بکات، بۆ

ئەوەی دواجار نەخشەڕێگەکە ببێ بە بنەمای "ڕێککەوتن" لەگەڵ گۆڕاندا. بەڵام بە داخەوە، نە دوو ساڵ بەر لە ئێستا و نە ئەم جارەشیان، ئەوە فەراهەم نەبوو... جگە لەوەش، دەستگەیشتنی من بە هەموو ناڕازییەکان شتێکی هەرە ئەستەم بووە. لەم بارەیەوە، بە ئێستاشەوە، **هیچ میکانیزمێک** شک نابەم کە دەستگەیشتن بە "هەموو" ناڕازییەکان، بە درێژی و پانیی هەریمی کوردستان، فەراهەم بکات. جگە لەمە، تەنانەت لە ئاستی شێوازی ناوهێنانیشدا، هەموو ئەوانەی لە گۆڕان دوور کەوتوونەتەوە، ناڕازییەکان، ئەوەیان لا پەسەند نییە پێیان بگوترێ **ناڕازی**.[1] ٢) تا ئێستا دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و **ئاشکرا**، لە نێوان گۆڕان و ناڕازییەکاندا، یەکێک لەو شتانە بووە کە **نەتوانراوە فەراهەم بکرێت**.

***

لە **پرسی کۆنفرانسی نیشتمانیدا**، هەر لە سەرەتای هەوڵەکانمەوە، پرسیارێک کە بەردەوام زۆر گرنگ بووە، ئەمە بووە: **ئاخۆ کۆنفرانسی نیشتمانی بەر لە بەئەنجامگەیاندنی ئاشتەوایی ببەسترێ یا دوای ئەوە**. هەڵبەتە، لەم بارەیەوە، بۆچوونی باڵادەست، تەنانەت بڕاوبڕیش، لە ناو ناڕازییەکاندا ئەوە بوو کە ئاشتەوایی دەبێ بگات بە مەنزڵ، ئینجا کۆنفرانسی نیشتمانیی دووەم

---

[1] بەهەرحال، ئێمە بە درێژایی گفتوگۆکانمان، هەروەها لەم ڕاپۆرتەشماندا، وشەی "ناڕازیمان" بەکار هێناوە بۆ ئەوانەی لە هاوکێشەی پرۆژەکەدا دەکەونە "دەرەوەی" قالبی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی گۆڕان.

ببەستریێت. لە بەرامبەردا هەڵوێستی گۆڕان لەم پرسەدا بڕاوبڕ و بێدوودڵی نەبوو، بەڵکو لە ناو بزووتنەوەکەدا هەست بە ئاڕاستەی جیاجیا، یا هەر نەبێ دوو ئاڕاستەی سەرەکی، دەکرا. تەنانەت تا ئێستاش ئەو حاڵەتە هەر بەردەوامە... بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە سەرەتای گفتوگۆکانم لەگەڵ گۆڕاندا، هەوڵم دا ئەوە جەخت بکەمەوە کە سوود وو باشییەکانی بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی دوای بەئەنجامگەیشتنی ئاشتەوایی یەکجار زۆرن، لەبەر ئەوەش، پێویستە گۆڕان ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرێ و سیاسەتی ڕەسمیی خۆی، لەمەڕ بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی، لەسەر ئەم دیدگایە بونیاد بنێ! لە بەرامبەردا، ئەوەی پێویستە هەموو لایەک بیزانن، ئەوەیە کە دواخستنی کۆنفرانسێ نیشتمانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لۆجیک و حیکمەتی کشانەوە لە حکومەت **دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە**، چونکە هەر ڕۆژێک کە تێ دەپەڕێ، لە گرنگیی ئەم کشانەوەیە کەم دەبێتەوە، تا دواجار دەگاتە ئاستی بێواتابوون. ئەو کاتە، تەنانەت لە ناو ناڕازییەکانیشدا، دەکرێ دەنگی ئەوە بەرز ببێتەوە ئاخۆ سوودی چییە گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە لە دۆخێکدا کە کاتێکی کەم بۆ کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی ئەم حکومەتە ماوە! دەرەنجام، دواخستنی بەردەوامی کۆنفرانسی نیشتمانی، تا ئەو کاتەی کە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت بێواتا، بێناوەڕۆک و بێکاریگەری دەکرێ، **ئەگەری** ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە دەکرێ ئەمە، لە خراپترین حاڵەتدا، سیناریۆیەکی حسێبۆکراو بێت لە ناو خودی گۆڕاندا! هەر هەڵوێستێک

داوا بکات ئەم پرسە بە بڕیارێکی ناو کۆنفرانسی نیشتمانی یەکلا بکرێتەوە و لە هەمان کاتدا هەمان هەڵوێست لەمەڕ پرسی کشانەوە لە ئێستادا ناڕوون بێت، ئەوا دەکرێ گومانی ئەو سیناریۆیەی لێ بکرێت!

گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام

لە ئێستادا پانتایی کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسیی باشووری کوردستان زۆر بێزار، ماندوو و **داتەپیوی ژێر سێبەری قورسی کۆمەڵێک قەیران و بێهیوابوونە**. ڕێک ئەم دۆخە ئەوپەڕی ناڕەبارە ڕاگەیاندنی پرۆژەی **ئاشتەوایی گشتیی**، واتە ئەو پرۆژەیەی ئێمە خەریکی بووینە، کردووە بە شتێکی هەنووکەیی، گرنگ و پێویست.

لە ناواخنی پرۆژەی ئاشتەوایی گشتیی بەندەدا کۆدی "ساڕێژکردنی زامەکان" جێگیرە... پێشتریش گوتوومە، دووپاتیشی دەکەمەوە کە هەر نەبێ، پێنجسەد ساڵی دوایی مێژووی کورد، مێژووی زام و برینەکانە کە جار دوا جار ئەم زامانە لە جەستەی ماندوو و شەکەتی کورددا کەوتوونەتەوە: ئێمە لێرەدا باسی ئەو زامانە ناکەین کە داگیرکاران لێی بەرپرسن، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەو "زامە ناوخۆییە - خۆکردانە" دەکەین کە **خودی ئێمەی کورد، بە بڕیار و دەستی خۆمان، لە جەستەی بەکۆمەڵی کوردیمان خستوونەتەوە و هەر خۆشمان، وەک کورد، لە کەوتنەوەی ئەم هەموو زامە بەرپرسین، نەک کەس و لایەنی تر**... دەکرێ هەندێک جاریش بە تێکەڵاوبوونی دەستی داگیرکار

کورد زامی لە جەستەی خۆیدا خستبێتەوە، بە تایبەتی ئەم جۆرە زامە زۆر بەئازارە...

هەنگاوەکەمان بۆ فەراهەمکردنی دایەلۆگ هەوڵێک بوو بۆ ساڕێژکردنی بەشێک لە زامەکان. بە داخەوە دەیڵێم، ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتم، لە دوای کاروانی ئەم هەوڵە، ئەوەیە کە کورد تا ئێستاش زۆر "کارامەتر بووە" لە **خستنەوەی زام دوای زام لە جەستەی پڕ لە زامی خۆیدا؛ لە بەرامبەریشدا زۆر کەمتر کارامە بووە، تەنانەت تا ڕادەی نەبوونی کارامەیی، لە چارەسەرکردنی زامەکانی جەستەی خۆی**! ئەم حاڵەتە دەبێ هەموان پەیوەندیدار بکات، هەر لە ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و سیاسییە "بێ غەل و غەشەکان"، کە بە داخەوە ئەم جۆرە لە سیاسی لە ئەمڕۆی پانتایی کوردستاندا دەکرێ کەمینەیەکی زۆر کەم بن...

پڕۆژەی ئاشتەوایی گشتی، لە ڕۆشنایی "فەلسەفەی ساڕێژکردنی زامەکان"دا، مەبەستی بووە ئیستێکی دڵسۆزانە بکات و لەبری بازدان بەسەر زامەکاندا، بوێرانە و بە بڕیارەوە دەست بۆ ساڕێژکردنی ئەو زامانە ببات. بەم واتایەش، دیدگای ئەم پڕۆژەیە زۆر تایبەتە، چونکە هێزی خۆی لە بەها جوانەکان وەردەگرێ و پڕۆژەکە مەبەستیبیەتی کۆمەڵێک ئامانجی جوان بپێکێ، لە پێش هەموشیانەوە ساڕێژکردنی زامەکان و ڕاگرتنی ئەو خوێنەی کە بە تایبەتی لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی و دادپەروەریخوازی، بە گشتییش لە جەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەرێمی کوردستان، دەچۆڕێ... پڕۆژەکە مەبەستی بووە، پچڕانێک لە زنجیرە و ڕێرەوی زامەکاندا فەراهەم بکات و بۆ نەوەکانی داهاتووش

ئەزمـــوونێکی ســـەرکەوتوو لە ســـارێژکردنیاندا جـــێ بهێڵـــێ... ئەگەرچـی ئەم هەوڵەمـان لە ئێستادا پـڕە لە کێشـە و ئاڵنگـاری، بەڵام پرۆژەکە شایستەی ئەوەیە هەمـوو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆژەکە و هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی، بە گـرنگییەوە، هەوڵ بـۆ سـەرکەوتنی بـدەن. بەهەرحـــاڵ گـــرنگە، لە خراپتـــرین حاڵەتـــدا، واتە لە ئەگەری شکســـتهێنانی پـــرۆژەکەدا، دیـــدگا فیکـــری و "فەلســـەفییەکەی" پرۆژەکە بە زیندوویی بمێنێتەوە و زوو یـا درەنـگ لە ڕۆشـنایی **فەلسـەفەی سـارێژکردنی زامەکـان**دا ئەزمـوون بکرێ و "لەبـری جێهێشـــتنی زامەکـــان و بـــازدان بەســـەریاندا"، دڵســـۆزانە و خەمخۆرانە، دەست بۆ سارێژکردنیان ببرێت.

لە حـاڵەتی سـەرنەکەوتنی پـرۆژەکەدا، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە پانتـــایی گۆڕانخـــوازی و چاکســـازیخوازیدا چـــاوەڕوانی کەوتنەوەی زامی زێتر بکەین. ڕاستگۆیانە دەڵێم، لە ئێستادا، لە شکســـتێکی ئەوهـــادا، جەســـتەی **ئەم پانتـــاییە بەرەو پەرتەوازەبـــوونی زیـــاتر و کەوتـــنەوەی زام و بریـنـی زیـــاتر دەڕوات**. بـۆ ئەوەشـــی ئەمە ڕوو نەدات، نـــابێ سەرپێخســـتنی پرۆژەی سیاسـیی نـوێ وەک "ڕاکردن بـۆ پێشـەوە" بێت، یـا بە واتایەکی تر، جێهێشتن و بازدان بێت بەسـەر زامەکانی **مێژوو** و **ئەمڕۆدا**: لە ڕابوردوودا بەردەوام زامەکان جێ هێڵـراون و بەبـێ چارەسەری پێویست **بازیان بەسـەردا دراوە**، هەر لەبەر ئەوەش زنجیـرەی دووڕودرێـژی زامەکـان لە مێـژووی کـۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەبـێ پچڕان، بەردەوامیی هەبووە و لە ئێستاشدا بەردەوامیی هەیە.

***

ئەوەی لە ئێستادا گرنگە، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بانگەوازەکەی بزووتنەوەی گۆڕاندا، ئەوەیە کە گۆڕان دەبێ خۆی لە نەفەستەنگی بپارێزێ و غەم و ئامانجی خۆی لە بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیدا سنووردار نەکات. واتە ئامانج ئەوە نەبێت کە بە "**هەر نرخێک بێت**"، کۆنفرانسی نیشتمانی ببەستێ. لە بەرامبەردا، پێویستە ئامانج کۆنفرانسێکی نیشتمانی بێت کە لە ئاکامی سەرکەوتنی پرۆسەی **ئاشتەواییەکی لەخۆگر و گشتگیرەوە هاتبێتە دی**: واتە ئاشتەوایی گشتی و کۆنفرانسێکی نیشتمانیی سەرکەوتوو ببێ بەو مزگێنییە گەورەیە کە پانتایی سیاسی لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی، پێویستی پێیەتی.

لە بەرامبەردا، مەترسیی جیددی هەیە کۆنفرانسێکی نیشتمانی ببەسترێ کە نەک هەر لە ئاکامی سەرکەوتنی ئاشتەواییەوە نەبەسترابێ، بەڵکو تەنانەت ئەو کۆنفرانسە بووبێت بە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی ئاشتەواییەکی **گشتگیر و فراوان**! نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا، **نیوەچارەسەر** یا **چارەکەچارەسەر** و **ئەجێندای سنووردار**، یا تۆ بڵێ **نیوەئاشتەوایی** یا **چارەکەئاشتەوایی**، بە کەڵکی بزووتنەوەی گۆڕان نایەن: ڕاشکاوتر بڵێم، هەوڵی گۆڕان لە بچووککردنەوەی سازدانی **گفتوگۆی سنووردار**، لەگەڵ ژمارەیەکی سنووردار لە "ناڕازییەکان"، بەبێ ئەوەی هەوڵەکە توانیبێتی **گشتگیر و فراوان بێت، ئاکامی باشی نابێت**، بەڵکو میکانیزمێکی ئەوها تەنانەت دەشێ، بۆ دواڕۆژی گۆڕان، مەترسیداریش بێت: هەنگاوێکی ئەوها

دەشێ پرۆژە ئاشتەواییە گشتگیر و ڕاستەقینەکە لەبار ببات. بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوو نەدات، دەبێ کەسە پەیوەندیدارەکان خۆیان لە میتۆدە تەقلیدییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان، کە زۆر جار پەنابردنە بۆ چارەسەری کێشە بەرهەمهێنانی کێشەی تر، یا چارەسەرکردنی هەڵە بە هەڵەی تر، دوور بگرن. بە واتایەکی تر، پرۆژەکەی بەندە **نیوەچارەسەر و چارەکەچارەسەری قبوول نییە و بە تەواوەتی لە دەرەوەی ئەو جۆرە چارەسەرانەیە و تا بتوانێ، خۆی دوور دەگرێت لێیان.**

دەبێ لە ئێستادا دوو مەترسی لەبەرچاو بگیرێن: ١) دەکرێ دواجار فرەپرۆژەیی، فرەهەوڵی و فرەئاراستەیی لە پرۆسەی ئاشتەواییدا زیانبەخش بێت؛ هەر لەبەر ئەوەش، پێویستە خەمێکی جیددی لە **بەیەککردنی هەموو هەوڵ و پرۆژەکان** بخورێ: مزگێنییەکی گەورە و شایستە لە پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا پێویستی بە خەم و پرۆژەی گەورە هەیە. ٢) دەبێ مەترسیی کاردانەوەی دوو حیزبی دەسەڵات، پارتی و یەکێتی، بەرامبەر بە هەستانەوەی گۆڕان بە هەند و جیددی وەربگیرێ: ئەم دوو حیزبە خاوەنی ئامرازی جیاجیان بۆ فشار و خراپەکاری، دەکرێ یەکێکیش لەو ئامرازانە، ڕێگەی خۆنزیککردنەوە و دەستێکەڵاوکردن بێت لە هەر هەوڵ و پرۆژەیەکدا!

دواجار بەش بە حاڵی خۆم، ئەوەندەی لە توانامدا بوو، هەڵبەتە بە تەوازوعێکی زۆرەوە، لە ڕووی بیرۆکە و کردارییەوە بۆ سەرپێخستنی دایەلۆگەکە، پێشکەشم کردووە. بەڵام لێرەوە ڕای دەگەیەنم کە لە ئەمڕۆ بە

دواوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە **هەوڵی ناوەندگیری**، ئەوا پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان **پەرۆشی دەربڕین بۆ بەردەوامبوونی بەندە بە هەوڵ و پرۆژەکەیەوە**.

ئەگەر بێت و کۆی ئەزموونی خۆم لە هەوڵەکانی ئاشتەوایی گشتیدا، لە هەردوو قۆناغەکەدا، چڕ بکەمەوە، دەتوانم بەم ڕستەیە ئەم چڕکردنەوەیە بخەمە ڕوو: لە پرۆسەی **ئاشتەوایی گشتیدا** پێویست بوو **سێ شت ڕوو بدەن**، بەڵام هەڵبەتە ڕوویان نەدا: ئەو شتەی کە **گۆڕان و واریسانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا** پێویست بوو لەپێناو سەرکەوتنی ئاشتەواییەکەدا پێشکەشی بکەن یان بیبەخشن، هەرگیز پێشکەشیان نەکرد؛ لەولاشەوە ئەو یەکدەنگی، یەکهەڵوێستی و یەکستراتیجییەی کە پێویست بوو "ناڕازییەکان"، هەر لەپێناو سەرخستنی ئاشتەواییەکەدا، کار و جووڵەی پێوە بکەن، بەدی نەکرا. دیوی دیکەی قسەکە ئەمەیە: ئێستاش کە زۆر درەنگە، **ئەمە ئەگەر ئەسڵەن هیچ کاتێکیش مابێت**، پێویستە ئەو سێ شتە ڕوو بدات بۆ ئەوەی ئاشتەوایی گشتی لە پانتایی گۆڕانخوازی، عەداڵەتخوازی و چاکسازیخوازیدا بێتە دی؛ ئەگەر نا، کات و **دەرفەتی ئاشتەوایی گشتی "بە تەواوەتی" کۆتاییان هاتووە!**[1]

---

[1] تەواوی ئەم پەرەگرافە کە بە وشەی "ئەگەر" دەست پێ دەکات و بە وشەی "کۆتایی هاتووە" کۆتایی دێت، لە نامەیەکی تایبەتی بەندە کە بۆ بەڕێزیک نێرراوە، وەرگیراوە.

له کۆتاییدا پڕ به دڵ سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە گەرمی بەدەم پڕۆژە و هەوڵەکانمەوە هاتوون، پشتگیری پڕۆژەکە بوون یا بە کردار هەوڵیان بۆ سەرخستنی داوە، بە تایبەتی ژمارەیەک لەو بەڕێزانەی بە دڵسۆزییەوە هەرچییان لە دەست هات، **کردیان** بۆ پشتگیریکردن لە ڕۆح و ئاڕاستەی پڕۆژەکە.

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٤

	ناوی کتێب	نووسین	وەرگێڕان
١١٧٨	مانگی نیوەڕۆ	شەهریار مەندەنیپوور	هیوا عەزیزی
١١٧٩	کەسێتیی مێژوویی	گزنگ حەسەن ڕەسوڵ	
١١٨٠	مێژووی شانۆ	وێل دۆرانت	پێشڕەو حسێن
١١٨١	کەمەندکێشییەکانی خوێندنەوە	عەلی حوسێن	سەباح ئیسماعیل
١١٨٢	کلیلدان	عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی د.عەلی تاهیر بەرزنجی	
١١٨٣	نەفرەت لە دەستەبێژسکی	عەتیق ڕەحیمی	ئازاد بەرزنجی
١١٨٤	دکتۆر گلاس	یالمار سوێدەربێری	خەبات عارف
١١٨٥	پاشای باران هەندەرسن	سۆل بێلۆ	دیلان قادر
١١٨٦	١٠١ ڕێگەی پێکەوەبوون	دکتۆر لاورێنس ئی شاپیرۆ	شاهۆ عارف
١١٨٧	تاریا فیگێن	هێنریک ئیبسن	هاودەم سالح جاف
١١٨٨	با فەلسەفییانە بیر بکەینەوە	عەلی حوسەین	ئازاد بەرزنجی
١١٨٩	بوون و کات	مارتن هایدیگەر	د.محەمەد کەمال
١١٩٠	توێژینەوەی ئۆنڵاین	د. جەلال محەمەدی	
١١٩١	ئەگەر ماسییەکان بیانتوانییا هاواریکەن	پیتەر سینگەر	دڵشاد حامید دەروێش
١١٩٢	پرسیتی	کنووت هامسوون	هاودەم سالح جاف
١١٩٣	کۆڕانی کابرای کتێبفرۆش	سەعد محەمەد ڕەحیم	سەباح ئیسماعیل
١١٩٤	بوون لە دیوانی "گەرانەوەی زەردەشت"دا	محەمەد نەبی	
١١٩٥	بیرۆکەی دەرهێنانی سینەمایی	کین دانسیگەر	ئازاد کەرکووکی
١١٩٦	بیردۆزی کوانتەم و ڕێژەیی	مارکوس چاون	د.بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا
١١٩٧	شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ	یۆن فۆسە	هاودەم سالح جاف

بابەتەکانی کۆبەرهەمی بەردەست هەمەڕەنگییەکی زۆریان پێوە دیارە، بەڵام هەمووشیان لە نێوان میژوو و سیاسەتدا، وەک دوو بابەتی زانستی و کایەی چالاکیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، خۆیان دەبینەوە. لە ڕاستیدا دەشێ بابەتێک، لە هەمان کاتدا، وەک دەقێکی میژوویی یا سیاسی بخوێنرێتەوە. بابەتەکان، بە گشتی، بە تایبەتی هیی یەکەمیان، واتە "کورد و کیسنجەر..."، ڕەنگدانەوەی فرەتایبەتمەندی یا فرەپسپۆڕین. لە ڕاستیدا دەشێ بابەتی کورد و کیسنجەر لە هەمان کاتدا، لە ڕووی ئەو گۆشەنیگا تیۆری و چەمکە زانستییانەی بەکار هێنراون، باسێک بێت لە زانستی میژوو، زانستی سیاسەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و میژووی دیپلۆماسی...

9 789922 743929

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House

2024